هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 58

سالی/ 2010 – بەرگی پەنجاو هەشت

---

چاپی یەکەم/ سالی 2010

له بلاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆلەكانی ساڵی(2010)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 58
چاپی یەكەم: 2010
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/5/11 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/5/12 ل 89

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/5/17 ل 123

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/5/18 ل 151

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (12) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2010/5/19 ل 187

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (13) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2010/5/24 ل 213

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (14) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – شەممە 2010/5/29 ل 255

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10) ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2010/6/8 ل 263

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (15) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2010/6/20 ل 323

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (16) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2010/6/21 ل 407



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (8)**

**سێ شەممە رێکەوتی 11\5\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (8)

## سێ شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2010/5/11

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوه‌ڕۆی ڕۆژی سـێ شـه‌ممه ڕێكـه‌وتی 2010/5/11 په‌رلـه‌مانی كوردسـتان - عێراق به سه‌رۆكایه‌تی به‌ڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـه‌ركووكی) سـه‌رۆكی په‌رلـه‌مان و, بـه ئامـاده‌بوونی به‌ڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سه‌رۆك و, بـه‌ڕێز فرست أحمـد عبـدالله سكرتێری په‌رلـه‌مان, دانیشتنی ژماره (8)ی خولی سێیه‌م, ساڵی (2010) ی خۆی به‌ست.

**به‌رنامه‌ی كار:**

به‌پێی حوكمه‌كانی بڕگـه (1)ی مـادده (20) لـه پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـه‌مواركراوی ساڵی 1992ی په‌رلـه‌مانی كوردسـتان - عێـراق, ده‌سـته‌ی سـه‌رۆكایه‌تی په‌رلـه‌مان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـاره‌ی (8) خـولی سێیه‌می هه‌ڵبژاردن له كات (11)ی پێش نیوه‌ڕۆی ڕۆژی سێ شه‌ممه ڕێكه‌وتی 2010/5/11 دا به‌م شێوه‌یه بێت:

1-خستنه ڕووی ڕفاندن و تیرۆر كردنی ڕۆژنامه نووس (سه‌رده‌شت عوسمان).

2-خستنه ڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژه یاسای ده‌سته‌ی پاراستن و چاككردنی ژینگه له هه‌رێمی كوردستان كه له لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانی هه‌رێمی كوردستانه‌وه پێشكه‌ش كراوه.

**به‌ڕێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان:**

**به‌ناوی خوای گه‌وره‌و میهره‌بان.**

بـه‌ناوی گـه‌لی كوردسـتان، دانیشـتنه‌كه‌مان ئه‌كه‌ینـه‌وه، خـولی سـێیه‌می هه‌ڵبـژاردن، سـاڵی یه‌كـه‌م، خـولی گرێدانی دووه‌م، ژماره‌ی دانیشتن 8، ڕۆژی دانیشتن 2010/5/11

به‌رنامه‌ی كار:

به پێی حوكمه‌كانی بڕگه یه‌كی مادده 20 له په‌یڕه‌وی ناوه‌خۆی ژماره (1)ی هه‌مواركراوی ساڵی 1992 ی په‌رله‌مانی كوردستان- عیراق، ده‌سته‌ی سه‌رۆكایه‌تی په‌رلـه‌مان بڕیـاری دا به‌رنامـه‌ی كـاری دانیشـتنی ژمـاره 8ی خولی سێیه‌می هه‌ڵبژاردن، له كات 11ی پێش نیوه‌ڕۆی ڕۆژی سێشه‌ممه لـه ڕێككـه‌وتی 2010/5/11 به‌م شێوه‌یه بێت:

1-خستنه ڕووی ڕفاندن و تیرۆر كردنی ڕۆژنامه نووس (سه‌رده‌شت عوسمان).

2-خستنه ڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژه یاسای ده‌سته‌ی پاراستن و چاككردنی ژینگه له هه‌رێمی كوردستان كه له لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانی هه‌رێمی كوردستانه‌وه پێشكه‌ش كراوه.

بـه‌ڕێزان به‌داخـه‌وه كارێـك، تـاوانێكی دڵتـه‌زێن و خـه‌مناك بـه ڕفانـدنی قوتـابی سه‌ردشـت ڕۆژی 5/4 ئه‌نجامدرا و له ڕۆژی 5/6 ته‌رمه پیرۆژه‌كه‌ی دۆزرایـه‌وه، ئـه‌م كـاره ناڕه‌وایـه ته‌ئسـیرێكی یـه‌كجار زۆری لـه ویـژدانی هـه‌موو مرۆڤێـك و هـه‌موو كه‌سێكی ئـه‌م هـه‌رێمی كوردسـتانه كـرد، سـوپاس بـۆ ئێـوه‌ی بـه‌ڕێز و

سوپاس بۆ خەڵکی کوردستان کە زۆر بە دڵسۆزانە بەدواداچوونی ئەم کارەیان کرد و خۆپیشاندان ئەنجامدرا، و سوپاس بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە هەر لە گەیشتنی هەواڵەکە بە بەڕێزیان ئەمری بە حکومەت و وەزارەتی ناوەخۆ کرد کە بەو پەڕی تواناوە بە دواداچوونی ئەم کارە ئەنجام بدەن، هەروەها سەرۆکی پەرلەمان بەناوی پەرلەمانی کوردستان و ئێوەی بەڕێزەوە ئیدانەی کارەکەی کرد، ئێستاش بۆتان ئەخوێنینەوە جارێکی تر، هەروەها سەرۆکایەتی حکومەت بە دەوری خۆی هەڵسا و بەدواداچوونی ئەم کارانە ئەکەن و لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان بە نووسراوی رەسمی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار کرانەوە کە موتابەعەی ئەم کارە بکەن زۆر بە وردی و زۆر بە جیدی و، هەروەها لیژنەکانی تەحقیقی و قەزائی و ئەوانەش بە ئەرك و کاری خۆیان هەڵئەستن، بێ شك ئێمە تەدەخول لە کاری تەحقیق ناکەین، بەڵام مافمانە موتابەعەی بکەین و بزانین کارەکانمان بە کوێ گەیشتووە و ئومێدیشمان ئەوەیە کە بە هەموومان لەگەڵ هەموو دەزگاکان و لەگەڵ هەموو هاووڵاتیان هاوکاری یەك بین بۆ دۆزینەوەی ئەم کارە گەورەیە کە لەناو ئەم هەرێمە پیرۆزەی کوردستان کراوە و، سوپاسی ئەم دەزگایانەش دەکەین کە هەندێ تاوانی تر کە لەناو هەرێم ئەنجامدرا لەم رۆژانە دەستنیشانیان کرد، بەتایبەت ئەو تاوانەی کە لە سلێمانی ئەنجامدرا دەستنیشان کرا و بکوژەکان دەستگیر کران و کارێکی تر لەتاوان ئەچوو، بەڵام حەقیقەتەکەی بۆ هاووڵاتیانی بەڕێز دەرکەوت و ئەوانەش هەموو ئەوە ئەگەیێنێ کە ئەم هەرێمە، هەرێمێکی موستەقرە، بەڵام کەم و کورتیەکانی ئەبێ، مەعنای ئەوە نیە دایبپۆشین، ئێمە ئەبێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین و بەدواداچوونی بۆ بکەین و هاوکار بین لەگەڵ ئەو ئینسانە دڵسۆزانەی چی لە دەزگاکانن یان لەناو خەڵکن، یان لە لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رێکخراوەکان و بزووتنەوەکانن کە پێکەوە ئەم هێمنییەی هەیە بیپارێزین و باشتری بکەین، کەم و کورتیەکانی کەمتر بکەین، بەناوی ئێوەی بەڕێز و بەناوی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمان ئەم یاداشتنامەی دەرکرد، زۆر بە توندی ئیدانەی ئەم کارەی تیرۆر کردن و رفاندنی رۆژنامەنووس، قوتابی (سەردەشت عوسمان) دەکەین، زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو کردەوە تیرۆرستییەی رفاندن و تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس و قوتابی بەشی ئینگلیزی کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین رێزدار (سەردەشت عوسمان) دەکەین، لێرە پێشکەشکردنی پرسە و سەرەخۆشی خۆمان بە خانەوادە و بنەماڵە و تەواوی هاوڕێ و دۆستانی سەردەشتی جوانە مەرگ، دەخوازین حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش وەزارەتی ناوەخۆ و دەزگا پەیوەندیدارەکان هەموو هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی لە نزیکترین کاتدا بکوژان ئاشکرا بکرێن و بدرێنە دادگا، بۆ ئەوەی بە سزای عادیلانەی خۆیان بگەن، لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانی کوردستانیش چالاکانە بەردەوام دەبن تاوەکو راستیەکان دەردەکەون و بە جەماوەری سەربەرزی کوردستان رادەگەیندرێن، وەك هەموو لایەك ئاگادارن هەرێمی کوردستانی عیراق لە سایەی ئەو سیاسەتە حەکیمانەی لە پێناو دەستبەرکردنی ئازادییەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ و زامن کردنی ژیانێکی ئاسوودە و چەسپاندنی ژیانێکی دیموکراسی و یەکتر قبوڵکردن و دامەزراوی بوون و دابین کردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ هەمووانی فەراهەم کردووە، بۆتە جێگای سەرەنج بۆ

ناوەوە و دەرەوە و ئەزموونەکەی مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، بۆیە ناحەزان و توندڕەوان و تاکپەرستان ئەوانەی چاویان بە ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێمی کوردستان هەڵنایی لە بۆ سەدان بۆ ئەوەی هەر جۆرە هەلێك جا بەهەر شێوازێك بێت بقۆزنەوە و مەرامەکانیان بێننە دی، بەڵام تاوان و تاوانباران هەر چۆنێك بن ئاشکرا دەکرێن و بە سزای خۆیان دەگەن، شەهیدان هەمیشە سەرفرازیان بۆ دەمێنێتەوە و تاوانبارانیش ڕیسوا بوون و شەرمەزاریان بۆ دەمێنێ، بەڕێزان، ئەم کارەی ئەنجامدراوە بە بێ شك پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە، پێویستی بە زانیاری زۆر هەیە، پێویستی بە تەبایی هەموومان هەیە، لە هەر ئاستێك بین، لە هەر بەرپرسیاریەتییەك بین، حەقیقەتەکە دەربکەوێ ئینجا ئەو کەسە هەر کەسێك بێت یان هەر لایەنێك بێت، ئیرهابی بێت یان شێوازێکی تر بێت، ئەگەر حەقیقەتەکەی دەربچێت بە بێ شك ئاسار و ئێش و ئازاری ئەم کارەساتە خەمناکە لەسەر کەس و کاریشی کەم ئەکاتەوە، هەموومان بە دڵ و گیانێکی بەهێزتر کار دەکەین بۆ ئەوەی پێکەوە یەکسانی لەناو گشت پێکهاتەکان بێ جودایی و ڕێزگرتن لە گشت ئایینەکان و لە گشت بیر و بۆچوونەکان و گشت لایەنە سیاسیەکان بگرین و بە ئازادی پێکەوە بەرەو پێش بچین، ئێستاش ڕێگا ئەدەین بەو خوشك و برا بەڕێزانە کە ئەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن و هەڵوێستی خۆیان دەرببڕن و، داوا ئەکەین لەو بەڕێزانەی کە یەك یەك ئەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتانە قسە بکەن، بەناوی فراکسیۆنەکانیانەوە ناویان ئەنووسین، بەڕێزان ئەوانەی ئەیانەوێ قسە بکەن ناویان ئەخوێنمەوە، ئەگەر یەکێك ناویان ماوە پێمان بڵێن، دڵشاد شەهاب، کوێستان محمد، بلال، سمیر، عبدالقادر بازرگان، سالم، د.ئەحمەد، عبداللە مەحمود، فازڵ حەسەن، هاژە سلێمان، ئەمیر، ڕێزدار دڵشاد شەهاب کەرەم بکە.

**بەڕێز دڵشاد شەهاب حاجی محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من دەمەوێ بەوە دەست پێبکەم کە یەکێك لە شانازی و سەروەریەکانی ئەم هەرێمە، ئەو سەقامگیری و هێمنی و ئارامییەی کە وڵاتەکەمان لە چاو هەموو دەورووبەری خۆی و تەنانەت لەچاو هەموو وڵاتەکانی دراوسێ و بێگومان لە چاو ئەو گشت ناوچەکانی تری عیراقیش بە هەموو هاووڵاتیان لە کوردستاندا بەو ئارامییەی چ لە ئاستی تاك و بەو ئازادییەی چ لە ئاستی ڕا دەربڕین و هەموو ئاستەکانی تر کە ڕووداوەکانی ئەم دواییەش ئەوەی سەلماند کە هەر یەکێ بیر و بۆچوون و بە ئازادی ڕای خۆی دەربڕی دەربارەی هەر ڕووداوێك کە لە کوردستاندا دێتە پێش، بێگومان ئەو بەرەو پێشچوونە و ئەو سەقامگیریە کە خاڵی بەهێزی هەرێمی کوردستانە و کە جێگای شانازی هەموو تاکەکانی هەرێمی ئەم کوردستانەیە، گومان لەوەدا نیە ئەمە دەبێتە هۆکارێك کە ناحەزانی ئێمە بە هەموو شێوازێك پەنا بۆ ئەوە ببن کەوا ئەو ئارامییە و ئەو سەقامگیریە کە لەهەرێمدا هەیە بشێوێنن و دەستی بخەنە ناو، جا بەهەر شێوازێك بێت، چ لە تیرۆری سیاسی بێت، چ لە کاری دژ بە مرۆڤایەتی و کاری شەخصی بێت، ئەمەیان کارێکی گشتیە و پەیوەندار نیە بە تیرۆر کردنی قوتابی جوانە مەرگ سەردەشتی خوا لێ خۆش

بـوو، بـەڵكو ئەمـە یەكێكـە لـەو وەزعانـەی كـەوا ئێسـتا هـەمووومان هەسـتی پێدەكـەین كـە لـە هـەرێمی كوردستاندا ئێمە پێی تێپەردەبین، ئێمە بەناوی فراكسیۆنی كوردستانییەوە هەر دوێنێ لەدوای ئـەوەی كـە خۆپێشاندەرانە هاتنە بەر دەرگای پەرلەمانی كوردستان وەكو رێزگـرتن بـۆ، ئـیرادەی خۆپێشـاندەران وەكو دەربـرین و دووپاتكردنـەوەی ڕای خۆمـان و هاوهەڵوێسـتی لەگـەڵ گشت چـین و توێـژەكانی هەرێمەكـەمان بەتایبەتی قوتابیان و لاوان و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان كە بە لە دەستدانی كەسێكی چالاك و كەسـێكی دیار لە بواری كاركردنی كاری رۆژنامەگەری و چالاكوانێك لـەناو قوتابیـان و لـەناو كـاری قوتابیانـدا، ئێمـە جارێكی تریش دووپـاتی خـەمباری خۆمـان و ئیدانـە كـردن و ڕیسواكردنی ئـەم تاوانـە دژ بـە مرۆڤایەتیـە دەكەین، لێرەدا بە دەرفەتی دەزانین كەوا ئەوە دووپات بكەینەوە كە ئەمە نە یەكەمین رووداوە لە هەرێمی كوردستان رووبدات و نە دوا رووداویش دەبێت بێگومان، چونكە هـەرێمێك لـەم هـەموو وەزعـە تێپـەربكات بێگومان هەمیشە وەكو ئارمانجێكی دوژمنان و ناحەزان دەبێت بۆ تێكدانی باری ئەمنی، ئەمە لە حاڵەتێكدا ئەگەر ئەمە لە دوا ئەنجامەكان یان لە دەرئەنجامەكانیدا دەربكەوێت كە ئـەوە كـارێكی تیرۆرسـتی و كـارێكی پلان بۆ دارِێژراوە، خۆ ئەگەر تەنانەت كارێكی تاوانكاریش بێ لە چوارچێوەی ئەو تاوانە ئیجرامیانەی كەوا هەر كۆمەڵگایەك ناو بەناو بەهۆی هەر كێشەیەك و بە هۆی هەر شێوازێك كە بەرەو رووی دەبێتەوە، هـەم دیسان ئەمەش مەسئولیەتی دەكەوێتە سەر ئەستۆی هەمووومان و بەتایبەتی دەزگاكانی ئاساییشـی هـەرێمی كوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەكان كە بەرپرسن لەسەر پاراستنی سەر و سامانی هاووڵاتیان، بۆیە لێـرەوە دووپاتی ئەوە دەكەینەوە كە دەبێ هەرچی لـە توانادایـە، توانـا بخرێتـە گـڕ، دەزگاكـانی ئاساییشـی هـەرێمی كوردستان توانای خۆیان بخەنـە كـار بـۆ ئـەوەی هـەتا زووە وەكو چـەندین پلانـی تـریش كە چ لـە ئاسـتی شەخصیدا و چ لە كاری پلانگیری سیاسی، ئینجا لـە تاوانـەكانی 1ی شوباتی 2004ی بارەگاكـانی حیزبـە كوردستانیەكان و لایەنە سیاسیەكان بگرە تا وەكو هـەموو ئـەو زنجیرە تاوانانـەی كـە دژ بـە میللەتەكـەمان ئەنجامدراوە، داوا دەكەین كەوا، ئومێدیشمان زۆرە، چۆن لایەنە پەیوەندیدارەكانی ئێمـە و دام و دەزگاكـانی ئاساییشی ئێمە توانیویانە كۆنترۆلی ئـەم جـۆرە رووداوانـە بكـەن و تاوانبـاران دەستنیشـان بكـەن و بدرێنـە دادگا، ئـەوهاش ئومێدمان زۆرە كـەوا لـەم كارەساتە دڵتەزێنەشـدا دام و دەزگاكـانی ئێمـە بـە هـەمان شـێوە سەركەوتن بە دەست دێنن و ئەوەی كەوا داواشمانە لێرەوە، داوا دەكەین كـەوا تەقـدیری هەڵوێسـتی هـەموو جـوامێران و دڵسـۆزانی پاراسـتنی ئـەمنی و ئاساییشـی هـەرێمی كوردسـتان دەكـەین كـە هەڵوێسـتی خۆیـان دەربڕی بە شێوازی جیا جیا بە تایبەتی هاوڕێ و هەڤاڵانی جوانە مەرگ، بەڵام لە هەمان كاتدا داوایـان لـێ دەكـەین كـەوا پاراسـتنی سـەقامگیری هـەرێمی كوردسـتان و ئـارامی شـار و وڵات كـە بێگومـان یـەكێك لـە هۆكارەكان دەبێت بۆ ئەوەی دەزگاكانی ئاساییشی خۆمان بتوانن كاری خۆیان بە جیدی بكـەن لـەو بـوارەدا، بۆیـە داوا دەكـەین هـەتا زووە هـەمووومان كـار بكـەین بـۆ كـاركردن لـە پێنـاوی ئاسـانكاری دام و دەزگاكـانی خۆمان و هێمنی و باری ئارامی هەرێم بپارێزین و هەروەها داوا لـە گشت لایەنـەكانیش دەكـەین كـەوا ئـەم مەسـئەلەیە لـە چوارچـێوەی تاوانێكـدا سـەیر بكـرێ و نەخرێتـە بـوارێكی سیاسـی وا كـە هـەر یـەكێك بـۆ

مەبەستێك لە راگەیاندنەكان یاخود بە شێوازێكی تر باسی لێوە بكات تـاوەكو ئاراسـتەی لێكۆڵینـەوەكان بـە ئاراستەیەكی دروستدا بڕوات، بە ئاراستەیەكی راستەقینەدا بڕوات و داواش لەدەزگاكانی ڕاگەیاندن دەكەین كەوا هاوكار بن بۆ ڕێ نیشاندان، بۆ ڕێگای خـۆش كـردن بـۆ سـەركەوتنی لێكۆڵینـەوەكان، ئـەو تـرس و دڵـە ڕاوكێیەی بڕەوێننەوە كەوا لەو چەند ڕۆژەدا كەبەراستی بووەتە جێگای نیگـەرانی هاووڵاتیـان، لێـرەوە داوا لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن دەكەین كەوا ئەمبارە هێـور بكەنـەوە، لـە حـەجمی خـۆی زیـاتر گـەورە نـەكرێت و تاوانێكەو ڕووی داوە بەهەموو ئیحتیمالاتیەوە چ، ئەگەر تاوانی تیرۆرستی بێت چ، ئەگەر تاوانێكی شەخصی بێـت، دامودەزگاكـانی پەیوەندیـدار دەسـتیان بـەكارەكانیان كـردووەو ئێمـەش موتابەعـەمان كـردوون و بەڵێنیشیان داوە هەروەك چۆن بەهەموو خەڵكی كوردستانیان داوە ئاواش بەڵێنیان بەئێمەش داوە، كەوا لە ئایندەیـەكی نزیكـدا بەپشـتیوانی خـوای گـەورە ئـەم كارانـە بەدەرئـەنجام دەگـەن، وێـڕای سەرەخۆشـی و هاوخەمی و هاودەردی خۆمان بۆ كەسوكارو هەڤاڵ ودۆستانی جوانەمەرگ، دووپاتی ئیدانە كـردن و ڕیسوا كردنی ئەو كارە دژ بە مرۆڤایەتیە دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕۆژی 2010/5/4 خوێنـدكاری دوا قۆنـاغی زانكـۆ و ڕۆژنامـەنووس( سەردەشـت عوسمـان)، لەبـەردەم كۆلێژەكەی دەرفێندرێت و پاشان بەكوژراوی دەدۆزرێتەوە، ئەم تاوانـە دڕندانەیـە ویـژدانی هـەموو خـەڵكی كوردستانی هەژاند، هەموو مرۆڤێكی ئازاد هەست بە تـوڕەیی و بێزارییـەكی زۆر دەكـات لەئاست ئـەم كـارە نامرۆڤانەیەدا، كاریگەرییەكی سلبی كردۆتە سەر ئاسایشی هاووڵاتیان، ڕۆژانە بـەدەیان و سـەدان ڕۆشـنبیر و ڕۆژنامــەنووس و كەســی ئــازادیخواز نــاڕەزایی خۆیــان بەرامبــەر بــە شــەهید كردنــی ( سەردەشــت عوسمان)دەردەبڕن و نیگەرانن بەم بارودۆخە نالەبارەی هەرێمی كوردسـتانی گرتۆتـەوە، بـەڕێزان ئێمـە لـە فراكسیۆنی گۆڕان زۆر بە پێویستی دەزانین پەرلەمانی كوردستان وەك گەورەترین دەسەڵات لەم هەرێمـەدا، بەئەرك و ڕۆڵـی خـۆی هەسـتێت و بێـدەنگ نـەبێت لـە ئاسـتی كوشـتنی هاووڵاتیانـدا، خـەڵكی كوردسـتان و كەسـوكار و هاوپیشـەكانی ( سەردەشـت عوسمـان)بەچـاوی هیـواوە دەڕواننـە پەرلـەمان، كەبـەدەنگی ئـەوان هەڵبژێردراوە، داوا دەكەن لەئاست ئەم تاوان و جینایەتە بەدەنگی بەرز بێتـە مەیـدان و چیـتر بـوار نـەدات لەژێر هـیچ بیانوویەكدا خـوێنی مرۆڤـەكان حـەڵاڵ بكرێـت و بانـدەكانی ئینسـان كوژی ئازادانـە بۆسـە بـۆ ئـازادی و رۆحـە لاوەكـان بنێنـەوە، بـەڕێزان شـەهید كردنـی كاكـە سەردەشـت هاوكاتـە لەگـەڵ زیـاد كردنـی هەڕەشەو توندو تیژی دژ بەڕۆژنامەنووسانی كوردستان كەبەداخەوە تا دێت بـەعاقارێكی خراپـدا دەڕوات، بــەگوێرەی ڕاپــۆرتی دەزگــا پەیوەندیــدارەكان لــەماوەی چــەند مــانگی ڕابــردوودا، گەیشــتۆتە ئاســتێكی مەترسیدار، كـە دیـارە ئـەوەش ڕەنگدانـەوەی زۆر خراپـی دەبێـت، لەسـەر ئـازادی ڕا دەربـڕین و بنیادنـانی

ديموكراسی و ناوبانگی هەرێمەکەمان، ئەمە سەرباری ئەوەی کە دژ بە یاسای ڕۆژنامەنووسیە، کە پەرلەمانی کوردستان دەریکردوەو دژ بەهەموو یاساو دەستوورێکە کە هەرێم پێوەی پابەندە، لەم ساتەوەختەدا ئێمە بەگرنگی دەزانین پەرلەمانی کوردستان لەم دانیشتنەیدا بەم هەنگاوانەی خوارەوە هەستێت، یەکەم: ئیدانە کردنی توندی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە بەشێوەیەك پیشانی هەموو لایەکی بدات، کە هێڵی سوور لەم وڵاتەدا خوێنی هاووڵاتیانە، دووەم: پێکهێنانی لیژنەیەکی پەرلەمانی تایبەتمەند بۆ بەدواداچوونی وردەکارییەکانی ئەم تاوانەو هەماهەنگی کردن، لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکان بۆ پەلە کردن لە لێکۆڵینەوەکان و ئاگادار کردنی پەرلەمان و ڕای گشتی لە ئاکامەکانی لێکۆڵینەوەکان و دیاریکردنی کەمتەرخەمییەکان و کەمتەرخەمکاران، لێ سەندنەوەی متمانە لە کەمتەرخەمکاران دوای لێکۆڵینەوە، سێیەم: پێویستە پەرلەمانی کوردستان سەرجەم دامودەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕابسپێرێت بەئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی وردو خێرا لەو بارەوە، ئاگادارکردنەوەی پەرلەمان لە ئاکامەکانی، چوارەم: داوا لەبەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێزان وەزیرانی ناوخۆ و خوێندنی باڵا بکرێت، لەچەند ڕۆژی داهاتوودا بێنە پەرلەمان بۆ خستنەڕووی هەموو دیوەکانی ئەم مەسەلەیەو وەڵامدانەوەی پەرلەمانتاران لەو بارەیەوە، پێنجەم: سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەماوەیەکی نزیکدا کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ ساز بدات، بەئامادەبوونی وەزیر و بەرپرسەکانی وەزارەتی ناوخۆ و ڕۆشنبیری و ئاسایش، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر هۆکارەکانی زیاد بوونی کردەوەی توندوتیژی دژ بەرۆژنامەنووسان، شەشەم: پەرلەمانی کوردستان هەموو لایەنە بەرپرسەکانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان ئاگادار بکاتەوە، کەبەهیچ شێوەیەك ڕێگا نەدرێت کاری نایاسایی دژ بە ڕۆژنامەنووسان بکرێت، پێویستە هەموو لایەنێك پابەند بێت بەیاسای ڕۆژنامەگەرییەوە، سەرپێچی کارانیش دەست بەجێ ڕادەستی دادگا بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

(من قتل نفس بغیر نفس او فساد في الارض فكانما قتل الناس جمیعاً ومن احیا فكانما احیا الناس جمیعاً)من بیلال سلێمان بەناوی لیستی کۆمەڵی ئیسلامی، بەهەموو شێوەیەك ئیدانەی ئەو حاڵەتانەی ڕفاندن و تیرۆرکردنی هەردوو خوێندکارو ڕۆژنامەنووس ( سەردەشت عوسمان)و قوتابی مێرمنداڵ (محمد شیخ تاهیر چوێسە) دەکەین، لەخوای گەورە داواکارین سەبوری کەسوکاریان بدات، داواکاریشین لەهەموو دەزگا بەرپرسەکان لێکۆڵینەوەو موراجەعەی جدی بکەن، بۆ هۆکارو مولابەساتی ئەم ڕووداوە ترسناکە، بۆ

ڕێگرتن لەدووبارە بوونەوەو گەیاندنی تاوانباران بەسزای یاسا، هەروەها لێپرسینەوە لەگەڵ کەمتەرخەمان و هەموو ئەو لایەنانە بکرێت کە وەك پێویست هەڵنەستاون بەئەرکی سەرشانی خۆیان، کە بریتیە لەپاراستنی گیان و سەروماڵی هاووڵاتیان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەم ڕووداوانە زەنگێکی مەترسیدارە کە پێویستە هەرهەموومان وریا بکاتەوە، بۆ خەم خواردن لەباری ئەمنیەت و ئاسایشی گەلی کوردستان، لەهەمان کاتدا تەئکید دەکەینەوە لەسەر ڕێزگرتن لەوشەو قەڵەمی ئازاد و سەروەری یاسا، بۆیە داوا دەکەین لەپەرلەمانی کوردستان، بەئەرکی سەرشانی خۆی هەڵبستێت بۆ دەرکردنی بڕیارێك سەبارەت بەموتابەعەو لێپێچینەوەی ئەم حاڵەتانە، بانگهێشتی هەردوو بەڕێز وەزیری ناوخۆ و خوێندنی باڵا بکرێت بۆ پەرلەمان، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی پێویست و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان، لەگەڵ ڕێزمدا، لسیتی کۆمەڵی ئیسلامی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك سەمیر، فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەمیر سەلیم لە فراکسیۆنی یەکگرتوو، سەرەتا دەستخۆشی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بۆ دەمج کردنی ئەم بڕگەیە لە کارنامەی ئەمڕۆدا لەسەر داوای فراکسیۆنەکان، هەروەها پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەی کاکە سەردەشت و کاکە محمد تاهیر دەکەین، بۆ ئەو ڕووداوانەی کەڕوویانداوە ئومێدەواریشین کە ئەمە دواین ڕووداو بێت لەکوردستان ڕووبدات، دیارە لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەی کە دەستکەوتی گەورەیەو بناغەی هەموو دەستکەوتەکانە لە ڕاستیدا ئاسایش بووە، لەقۆناغی ڕابردوودا لەبواری ئاوەدانکردنەوەو خزمەتگوزاریش کە گەشەکردنێك بەهەرێمەکەی ئێمەوە دیارە پەیوەست بووە بە ئاسایش و ئەو ئارامیەی کە لە هەرێمەکەماندا بەرهەم هاتووە، هەرسەرەتایەك، هەر دەرکەوتەیەك ئەم بناغەیە، ئەم ئەساسە بخاتە حاڵەتێکەوە دیارە ئێمە، ئەگەر بچووکیش بێت و ئەگەر تاکیش بێت، ئەبێ پەرلەمان و دامودەزگاکان بە ئەهەمێتەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەوەی نەهێڵین دۆخی هەرێمەکەمان چ لەڕووی خزمەتگوزاری و ئاوەدانیەوە چ لەڕووی ئاسایشەوە بێت بە ئاراستەیەکی سلبیدا بڕوات، هەر ئەمەش دیاریکەری قورسایی ڕووداوەکانە، مەسەلەن تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسێك یان تیرۆر کردنی گەنجێك ڕاستە کەسایەتیەکە یان فەردێکە لە پشتیەوە کەسێکی تر لەوانەیە ئامادە نەبێ، بەڵام ئەمە دەلالەت و واتاو ئاماژەیەك دەبەخشێت بەڕووداوەکە، کە ئەمنیەتی ئەم وڵاتە جێگای قسەیە، هەرچەندە لەخوا بەزیاد بێت تا ئێستا بێجگە لەم بەشەی کۆتایی تا ئێستا بە باشی هاتووە، پرسینەوە لە دەزگا پەیوەندیدارەکان بەمانا تۆمەتبارکردن نیە، حوکمی پێش وەختیش نیە، بەڵام وازحە دەزگای ئەمنی لەهەرێمی کوردستاندا بەرپرسە لەدابین کردنی ئاسایش و ئارامی هاووڵاتیان و دابین کردنی نەك تەنها ئەوە دڵنیایش بۆ هاووڵاتیان، کە ڕوبەرووی هیچ حاڵەتێك لەو حاڵەتانە نابنەوە، ئێمە لەپەرلەماندا و لە موازەنەی بودجەو ئەوانەدا کارئاسانی زۆر کرا بۆ

دەزگـای ئاسـایش کـە بتـوانێ بـەکارەکانی خـۆی هەڵبسـتێت، بۆیـە مـن داوا دەکـەم لـە پەرلـەمانی بـەڕێز، بەرپرسانی پەیوەندیدار لەوەزارەتی ناوخۆ و لەدەزگا ئاسایشییەکان بانگهێشتی پەرلەمان بکات، بـۆ ئـەوەی لێکۆڵینەوەیەکی ورد وڕوون و ئاشکرا و عەلـەنیش ئاشـکرا بکرێـت بـۆ هاووڵاتیـان تـاوەکو دڵنیـایی خۆیـان وەربگرن و ئەو ئارامییە کە لەهەرێمدا هەیە، بە ئاراستەیەکی سلبیدا نـەڕوات، ڕووداوەکـانیش نەبنـە ئـەو کارتێکـەرە سـلبیانەی کـە هەرێمەکـەمان بەئاراسـتەیەکی تـردا ببـات، دیـارە کارتێکـەری مەسـەلەی تـیرۆر ئـەمجارە لەسـەر توێـژەکانی کۆمـەڵگا کاریگـەری زۆری هـەبوو، جووڵانـەوەو بـزاوتنی باشـی خوڵقانـد، ئێمـە پێویسـتە ئـەم حاڵەتـە ئیسـتیفادەی لـێ بکـەین، بتـوانین مەسـەلە ئەمنیـەکان کـە ڕێـك خـەری هـەموو گۆڕەپانەکەو هەموو توێژەکانـە، پەرلـەمان بتـوانێ دڵنیاییـەك لـەڕێگای لیژنەکانـەوە و لـەڕێگای موتابەعـە کردنی وەزعەکەوە بدات بەهاووڵاتیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالقادر بازرگان، فەرموو.

**بەڕێز عبدالقادر اکرم جمیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەروەکو فراکسیۆنە تورکمانیەکانی پەرلەمانی کوردستان تـیرۆر کردنـی ڕۆژنامـەنووس ( سەردەشـت عوسمـان) کەلەبـەرواری 2010/5/4 ڕوویـدا، مـەحکوم دەکـەین، هـەمووومان دەزانـین کـە تـیرۆر دژی مـافی مرۆڤـە و دژی میسـاقی عالـەمی مـافی مرۆڤـە، لەوانەیـە مەسـەلەی تـیرۆر تێکـدانی بـاری ئـەمنی هـەرێمی کوردسـتان و هـەروەها تێکـدانی ئـەزموونی کوردسـتانیش بێـت، کـە بـەم دوادواییانـەدا هـەرێمی کوردسـتان وەسف دەکرا، بەئارامترین شوێن لەهەموو عێراقدا، ئێمە هەروەکو تورکمان و فراکسیۆنە تورکمانیەکانی ناو پەرلـەمانی کوردسـتان دژی بکـوژانی ( سەردەشـت عوسمـان)یـن و داواش دەکـەین لەحکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان و وەزارەتـی نـاوخۆ و ئاسایشـی هـەرێم کـە لێکۆڵینـەوەی جـدی بـۆ بکـەن، بـۆ ئاشـکرا کردنـی تاوانباران و بەسزای خۆیان بگەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سالم تۆما، فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهێزترین خاڵ کە کوردستان لەناوچەکانی تری عێراق جیا دەکاتەوە بەرقەراربوونی ئاشـتیە و بەرقـەرار بوونی ئاسایشە لەکوردسـتان، لـەم دواییـەدا چـەند ڕووداوێـك ڕوویـدا لەکوردسـتان، مومکینـە لەناوچـەکانی سلیمانی و هەولێر و دهۆك، کەمومکینە هەندێ لایەن بن یاخود شەخص بن یاخود ڕێکخـراو بـن بەتـەمای شێواندنی باری ئەمنی بێت، بەتـەمای شـێواندنی ئـەزموون بێـت، بـەس ئـەو کارەسـاتەو ئـەو ڕووداوەی کـە تیرۆر کردن و شەهید کردنی قوتابی ڕۆژنامەنووس ( سەردەشت عوسمان)لەوانی تر جیا دەکاتـەوە، شـێوەی

ئەنجامدانی تاوانەکەیە، کە لەپێش زانکۆ بڕفێندرێت و لەبازگاکان دەر بچێت و لەموصڵ شەهید بکرێت و فرێبدرێت، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی خەڵکی کوردستان و مومکینە کاربکاتە سەر باری ئاسایش لەکوردستان بەهەموو شێوەکانیەوە، ئەگەر هاتو دەزگا ئەمنیەکان بەواجبی خۆیان هەڵنەستن بەزووترین کات، بۆیە ئێمە وەکو لیستی ڕافیدەین داوا دەکەین لە پەرلەمانی کوردستان کە زەخت بکرێتە سەر دەزگا ئەمنیەکان بەهەموو ئاستەکانیانەوە بە وەزارەتی ناوخۆو ئاسایش و پۆلیس و گشت دەزگاکانیەوە، کە کاری تەواو بەزووترین کات ئەنجام بدرێ، بۆ لێکۆڵینەوەو ئاشکرا کردنی بکوژانی ( سەردەشت عوسمان)و ئەوانی تر کە بوونە قوربانی بۆ ئەو جۆرە کارانە، ئەگەر نا مومکینە بزانین کە ئەمە ڕاستە یەکەم ڕووداو نیە، و یەکەم کارەسات نیە، یەکەم کردەوە نیە، بەس هیوادارین کە دوا کردەوە بێت، یاخود دوا کاری تیرۆرستی بێت، بەڕاستی لەم پەرلەمانە دووبارە داوا دەکەین کەپەرلەمانیش مەحکومی ئەم کردەوەیە بکات، ئیدانەی بکات، خۆشمان ئیدانەی دەکەین، نەبێتە ئاشکرا نەکردنی ئەنجامەکانی ئەم کارە، ئەم کردەوەیە، نەبێتە هۆی تێکدانی ئەزموون و باری ئاسایش لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ئەحمەد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

ئێمە بەناوی لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی ڕفاندن و تیرۆر کردنی هەردوو قوتابی (سەردەشت عوسمان و محمد شیخ تاهیر) مەحکوم دەکەین، بەتایبەتی(سەردەشت عوسمان) کە لەهەولێر لە ڕۆژی 2010/5/4 ڕفێندراو لەڕۆژی 2010/5/6 لەشاری موصڵ تەرمەکەی دۆزرایەوە، بێگومان ئاسایش نیعمەتێکی زۆر گەورەیە کە لەگەڵ ژیان و گوزەرانی خەڵك باشترین نیعمەتە کە خوای گەورە بە مرۆڤی داوە، وەکو خوای گەورە دەفەرموویت( الذي اطعمهم من جوع وامنهم من خوف)لەگەڵ ژیان و بژێوی خەڵکدا ئاسایش گەورەترین نیعمەتە، هەڕەشەی ئاسایش لەسەر هەر تاکێك، بێگومان هەڕەشەیە بۆسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەوەی کە جێگای خۆشحاڵیە و سوپاس بۆ خوای گەورە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی ئارامە تا ئێستا، ئەمنیەت و ئیستقرار لەهەرێمی کوردستاندا بوونی هەبووە، ئەمەش دیارە بەهەوڵ و هیمەتی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش کە جێگای دەستخۆشیە، بەڵام ئەم دوو ڕووداوەی کە بەم دواییە ڕوویاندا، ڕفاندن و تیرۆر کردنی (محمد شیخ تاهیر چوێسە) لە سلێمانی وهەروەها قوتابی و ڕۆژنامەنووس (سەردەشت عوسمان) لە هەولێر، نیگەرانی لەلای هەموومان دروست کرد بەتایبەتی ڕووداوی ڕفاندن و تیرۆر کردنی قوتابی (سەردەشت عوسمان)کە بەڕۆژی ڕووناك و بە بەرچاوی هاوڕێکانیەوە وبە بەرچاوی پۆلیسی پاسەوانی کولێژەکەی لە بەردەم کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین، ڕفێندراو پاشان تەرمەکەی لەشاری موصڵ دۆزرایەوە، بەڕاستی ئەم ڕووداوە پرسیاری زۆر دروست دەکات، کەچۆن ئەم

قوتابیە برا بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان و چۆن بە بازگەکاندا تێپەڕ بوو، چۆنیش تەرمەکەی لەشارێکی تری دەرەوەی هەرێم دۆزرایەوە؟، دیارە قسە کردن لەم ڕووداوەو هەر ڕووداوێکی تر کە پەیوەندی بە ئاسایشەوە هەیە، لەهەست کردن بە بەرپرسیارێتی کە گیانی هەر مرۆڤێك و هەر هاووڵاتیەك بەتایبەت کە بێتاوان بوو پیرۆزەو خوای گەورە ڕێزی لەمرۆڤ ناوە و ڕشتنی خوێنی هیچ کەسێکی بەناحەق قبوڵ نیە، خوای گەورەش بەتاوانێکی گەورەی داناوە، وەکو دەفەرموویێت(من قتل نفس بغير نفس او الفساد في الارض فكانما قتل الناس جميعاً) ڕشتنی خوێنی هەر مرۆڤێك بەبێ تاوان وەکو ئەوە وایە هەموو مرۆڤەکانی کوشتبێ، بۆیە حکومەت بەرپرسیارە لەپاراستنی گیان و ئەمنیەتی خەڵك، لەهەموو تاکێکیش چ هاووڵاتی بێت چ بەرپرس بێت، چ خوێندکار بێت، یان ڕۆژنامەنووس بێت، لێکۆڵینەوەی بەپەلە و جدی پێویستە لەو کارە ئەنجام بدرێت، ڕاگەیاندنیش مافی خۆیەتی کە قسەی لەسەر بکات، بەڵام تەصعید بەئاراستەی سلبی کارێکی باش نیە، بۆیە ئەبێت وەزعەکە هێور بکرێتەوە و ڕاگەیاندنیش لەو ڕووەوە دەوری ئیجابی ببینێت، بەڵام من لێرەدا پێم وایە پێویست بوو وەزیری ناوخۆ ڕوونکردنەوە بدات لەسەر ئەو ڕووداوەی کە ڕوویدا، تا ئێستا ڕوونکردنەوەیەکمان لەلایەن وەزیری ناوخۆوە گوێ لێنەبووە، پێویستە لێکۆڵینەوەی بەپەلەو جدی بکرێت لە تیرۆر کردنی قوتابی (سەردەشت عوسمان)و هەروەها ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان وڕاستیەکان بۆ پەرلەمان و بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکرێت و بەر لەوەش پەرلەمانی کوردستان لە هەنگاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوانە ئاگادار بکرێتەوە، هەروەها ئەو کەسانەش کە کەمتەرخەم بوونە لە هەر ئاستێکدا بن پێویستە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، ئێمە جارێکی دیکە ئەو تیرۆرە مەحکوم دەکەین و سەرەخۆشی خۆشمان ئاراستەی کەس و کاری بنەماڵەی هەردوو قوتابی دەکەین، هیواداریین ڕووداوی لەو جۆرە روونەداتەوە، ئەو ئەمن و ئاساییشەی کە هەموومان لە ژێریا حەساینەتەوە و سوودمان لێ بینیوە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی و سوپاس بۆ ئێوەش بۆ پەرلەمانی کوردستان کە قسەی لەسەر ئەو مەسەلەیە کرد و بەهەندی هەڵگرتووە و پێویستە لێکۆڵینەوەکان بە زوویی و ئەنجامەکانی و راستیەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵکی و ڕای گشتی ئاشکرا بکرێ و رابگەیندرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالله محمود.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەو ڕووداوە هەموو کەسێك لای ناخۆش بوو، ئەو جۆرە ڕووداوە دەبێتە مایەی نیگەرانی هاووڵاتیان، بۆیە ڕووداوەکە نەخوازراوە لە لایەن هەموو خەڵکی کوردستان، بەڵام دەبێت ئێمە بە تایبەتی ئەندامانی پەرلەمان لە خەمی ئەو جۆرە ڕووداوانە بین، ئێمە لە فراکسیۆنی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بۆ ئەم مەسەلەیە سێ خاڵمان هەیە، خاڵی یەکەم: دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕ بکەن بۆ دەرخستنی راستی و دروستی ئەم مەسەلەیە، دەبێ ئەم مەسەلەیە بە جێ بهێڵین بۆ

ئەوان، دوو: لێژنەی پەیوەندیدار لە پەرلەمان لەگەڵ حکومەت و وەزارەتی ناوەخۆ سات بە سات چاودێری ئەم مەسەلەیە بکەن، سێ هەمووان بەرپرسین لەباری ئاسایشی ئەم هەرێمە، دەبێ پارێزگاری لێ بکەین، سەبر بکەین تا راستیەکان دەردەکەون، بەتایبەتی راگەیاندنەکان باس لە تەواو تێکچوونی باری ئاسایشی هەرێم دەکەن، دەبێت خەڵکی نا ئومێد نەکرێ، ئەم مەسەلەیە با چاوەڕوان بکرێ تا وەکو ئەو تاوانەی شاری سلێمانی کە خۆش بەختانە ئەنجامەکەی روون بووەوە لای هاووڵاتیان، سەبرمان هەبێ و ئەویش هەر نەتیجەی دەردەکەوێ و روون دەبێتەوە بۆ هاوڵاتیان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار فازڵ حەسەن.

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە لیستی زەحمەتکێشان، سەرەتا زۆر بە توندی ئیدانەی ڕفاندن و تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان دەکەین، دیارە دروست بوونی ترس و دڵەراوکێیەکی زۆر لەناو خەڵك، یەکەم بە هۆی ئەو کارە تیرۆرستیانە، دووەم: بەهۆی ئەو کێشەیەی کە زیاتر لە نێوان دەسەڵات لە لایەکی و راگەیاندن و رۆژنامەنووسەکان لە لایەك، حاڵەتێکی وای دروست کردیە، بۆیە ئێمە تا لێکۆڵینەوەکان ئەنجامەکانی بەدەر دەکەوێ، داوا دەکەین، یەکەم: روونکردنەوەیەك لە لایەن بەرپرسانی ئاسایش بە تایبەتی ئەو دەستە و گروپانەی کە ئاسایشی ئەو شوێنانە وەکو زانکۆ و ئەوانە بەتایبەتی شوێنی حادیسەکە روونکردنەوەیەك بدەن، چونکە تا ئێستا ئەو ئیتیهامە بەرامبەر ئەوانە کە وەکو ئەوانەی شاهید حاڵ لەوێ بووینە و لەبەر چاوی ئەوان ئەو کارە ئەنجام دراوە، ئەوان بێن روونکردنەوەك بدەن بۆ ئەوەی لە حاڵەتی ئیتیهام کردنیش دەربچن، دووەمیش: ئەو حاڵەتەی کە ئێستا دوای دەرکردنی ئەو هەموو بەیاننامە و روونکردنەوە و ئیدانە کردنانە، هەست دەکەین کە ئەمەش جۆرە حاڵەتێکی وا دروست بووە کە لە نێوان راگەیاندنەکان و رۆژنامە نووسەکان لە لایەك و دەسەڵاتیش کە ئەو وەڵام و وەڵام کاریەی کە لە ئێستادا دەستی پێکردووە، ئەمەش حاڵەتێکی دووبارە ترسی زیاد کردووە، بۆیە پێمان باشە کە ئەمەش وەکو کێشەیەك کە هەیە نەك هەر تەنها بۆ ئەو حاڵەتە، بەڵکو بۆ داهاتووش بەراستی هەوڵ بدرێ کە ئەوە نەمێنی، هەوڵ بدرێ یان ئەوەی هەستی پێدەکرێ وردە وردە لە گلەیی و گازاندەکی زۆری دەسەڵات کە لە رۆژنامە نووسەکان هەیە، ئەویش زیاتر کە بۆ چارەسەرکردن هەندێك بیر و بۆچوونیان یان هەندێك قسە لەو لا و لەولا دەکرێ کە بۆ کەم کردنەوەی ئەو ئازادیە کەمەی کە هەیە بکرێتن، بەراستی ئەمە کێشەکە چارەسەر بکرێت، لە کۆتاییدا پرسە و سەرەخۆشیمان هەیە بۆ کەس و کار و هاوڕییانی سەردەشت عوسمان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار هاژە سلێمان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی لیستی ئازادی و عەدالەتی كۆمەلآیەتی، ئێمە ئەم تاوانە ریسوا و مەحكوم دەكەین، بێگومان كە ئەم تاوانە تاوانێكە دژ بە كۆمەلگا و دژ بە حكومەت كراوە، ئینجا دژ بە تاكێكی ناو ئەو كۆمەلگایە كراوە، پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی خوا لێ خۆش بوو و شەهیدی رۆژنامە نووس سەردەشت عوسمان دەكەین، بێگومان ئەوەی لێرەدا خەڵكی زۆر نیگەران كردووە ئەوەیە كە تیرۆر كردن و ڕفاندنی شەهید سەردەشت عوسمان ئەوە بووە كە لەبەر چاوی خەڵك بووە، لەبەردەم حەرەمی جامیعی بووە كە خەڵك زۆر نیگەرانە لەوە بەراستی، بەخاڵی پشكنینیش تێپەڕكراوە بۆ شاری مووسڵ و تەرمەكەی لەوێ دۆزراوەتەوە، كە خەڵك لەوە نیگەرانە كە چۆن تاكو ئێستا دەزگاكانی ئاساییش و ئەمنی لە هەرێمی كوردستان نەیانتوانیوە ئەمە روونبكەنەوە و ئەمە ئاشكرا بكەن، بۆیە ئێمە لێرەدا بە پێویستی دەزانین كە دەزگا ئەمنیەكان و بە وەزارەتی ناوەخۆ بە جیددی لێكۆڵینەوە بكات لەسەر ئەم كەیسە و كار بۆ ئەوە بكات كە تاوانباران دەستگیر بكرێن و بە سزای عادیلانەی خۆیان بگەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار ئەمیر فەرمووو.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناڤی لیستا ئەنجومەنی كلدانی سریانی ئاشووری، ئیدانە و مەحكومی ئەو كارە تیرۆریانە دەكەین، هەروەسا سەرەخۆشیەی بنەماڵە قوتابی سەردەشت دەكەین، هەمیٚ هەڤالیٚ و ئاشتی خوازانی یی ناوبری دكەین، هەروەسا پەسەندا ناڤەرۆكا یادداشتنامە یی سەرۆكاتیا پەرلەمان هەنوەكیٚ بۆمان خوێندیە پەسەندا دكەین، هەروەسا لە ڤێریٚ كو كوردستان ببیٚ جیهەكیٚ ئارامی هەروەسا ئەڤ جیهە ئارامیە هێڤی دارین ببێتە پاراستن و هەروەسا هێڤی دارین ئەڤ ئارامیە بمێنیٚ، چونكە گەلێك خەڵكی مەی مەسیحی ژبەر ڤیٚ ئارامیا كوردستانیٚ هەزاران خێزان و هەزاران قوتابی و هەزاران خەڵكیٚ مە مەسیحی جیهە خۆژ بەغدا و موسڵ ڤان شوێنانە ئەوانە پاشیٚ مالێت خۆ جێهێلای قەصدا كوردستانیٚ كرن ژ بەر ئارامیا و ئەڤ وەزعەكە دەژین، هێڤیدارین ژ جیهەتی پەیوەندیدار، هیڤی دارین ژ ئاساییش بە زیترین وەخت بێتە دیاركرن داڤ ئارامیە كوردستانیٚ ئەبێتە هەروەسا ئەڤ چاوا بەرقەرار بین و ئەڤ قەرار بینا ئارامیا كوردستانا بمێنێت و دەها خەڵكیٚ مە دڤ یەكو جیهەتیٚ هاتیە و هەروەسا ڤیٚ قەراری شاد بێت، هیڤیدارین زیترین وەخت ئەنجامیٚ ڤی لێكولینەوە دەركەڤن و بۆ هەمیٚ خەڵكی كوردستانیٚ ئاشكرا بن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ هەموو ئێوەی بەڕێز یەکە یەکە بۆ ئەو هەموو بیر و بۆچوونەی کە دەرتان بڕی، یەك داخوازیمان هەیە لە ئێوەی بەڕێز، وریا بن لەوانەی کە لە ڕۆژنامەکان کە هەندێ جار بڵاودەبێتەوە، هەوڵ ئەدەن گۆڕانکاری لەسەر هەندێ شت بکەن، مەسەلەن دوێنێ لە ڕۆژنامەی خەندان یەکێك بەناوی هێمن مامەند، وتارێکی لەسەر قسەکانی من کە لەگەڵ ئەو شاندە دانیشتووینە، بڵاو کردۆتەوە، لە ئاخیرەکەی ئەڵێت: سەرۆکی پەرلەمان بە خۆ پێشاندەرانی وت ئێوە بە وشەی جوان لەگەڵ بەرامبەردا مامەڵە دەکەن، بەڵام هەندێ کەس ناتوانن وەریبگرن، بۆیە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ئەبەدەن من وام نەوتووە، ئەمە تەحریفی قسەکانی ئێمەیە، کە من لەگەڵ ئەو بەڕێزانە باسم کردووە، من وتم: ئەوەی دژی وشە تاوان بکات، هەر کەسێك بێت، هەر لایەك بێت، دژی وشە تاوان بکات، تاوانبارە و نەخۆشە، ئەمە فەرقە لەگەڵ ئەوەی من بڵێم، بۆیە وا مامەڵەتان لەگەڵ دەکەن، محاوەلە ئەکات ئێوە بخزێننەوە نا تەرەفێکی موحەدەد تاوانبار بکەین، مەحکەمەیە، قەزایە لە کوردستاندا، ئەوە کە بتوانێ ئەو کەسە تاوانبار بکاتن یان ئەوەی تر بەریئ بکات، لە لایەکی تریش هەندێ ڕۆژنامە نووسیانە ئێمە لە ژێر فشار لەگەڵ ئەوانە دانیشتووین، ئەوەش دوورە لە حەقیقەت، دوورە لە راستی، چونکە من دوێنێ ئیلتیزامێکم هەبوو لە پەرلەمان دەرئەچووم، وەختێ جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی تووشم بوو و وتی ئەوە جەماعەتێك، لە خوارەوەش بووین، لەلای سەیارەکان بووین، کە زانیمان خەڵکێك هاتووتە پێش پەرلەمان بۆ ئەو مەوزوعە، ئیحتیرامەن بۆ ئەو خەڵکە گەراینەوە، ئەوە لە ناخی خۆشماندا هەیە، ئێمە دیفاع لە حەق بکەین، دژی تاوان بوەستین، دژی زوڵم بوەستین، دوایی هەم نوێنەرەکانیانمان بینی و هەمان پاشان دابەزین و چووینە خزمەتیان و قسەمان بۆیان کرد، بۆیە ئەو مجەلە هەدەفی هەیە یان عەفەویە، ئینسان ناتوانێ ئەو لایەنەش تاوانبار بکات، بەڵام حەقیقەتەکان بەو شێوەیەیە، ئومێدەوارم ئێوەش وریا بن و ئەو شتانەی کە بەناوتانەوە ئەنووسرێت و بڵاو ئەکرێتەوە لە حەقیقەتی قسەکانی خۆتان دڵنیا بن بۆ ئەوەی تەشویهی راستیەکان نەکرێ و دووبارە سوپاس بۆ گشت ئێوەی بەڕێز و ئیدانەی ئێوەی بەڕێز و پێشتریش وەکو سەرۆکی پەرلەمان بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە ئیدانەی توندمان کرد، لایەنە پەیوەندیدارەکان سەرۆکی هەرێم، حکومەت، و خەڵکی کوردستان و ڕۆژنامە نووسەکان هەموو ئیدانەی ئەمەی کردووە، چونکە زوڵمەکە زۆر گەورەیە و ئومێدەوارین بە زووترین کات دەربچێ و ئینشائەللا دەردەچێ، ئێستا دەرووینە خاڵی دووی بەرنامەی کارمان، خستنە روو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشکەش کراوە، داوا لە لێژنەی یاسایی دەکەین کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆتان، لێژنەی تەندروستی بفەرموون بۆ شوێنی خۆیان، کەرەم بکە.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە و چەند لیستێکی تریش داوامان هەبوو لەناو ئیدانەکەدا، جوابی ئەوە وەرناگرینەوە، ئێمە کە ئایا ئەوە قبووڵە لەلایەن پەرلەمانەوە یان قبول نیە؟ مەسەلەن ئێمە داوامان کرد کە هەردوو وەزیری ناوەخۆ و وەزیری خوێندنی باڵا بانگ بکرێن بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی ئێمە پرسیارمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێوە ئەو شتانەی خوێندووتان و دێتە بەردەستمان دیراسەی ئەکەین لەگەڵ لێژنەی پەیوەندیدار و ئێوەی بەڕێزیش لێی ئاگادار دەکەینەوە، هیچ شتێك کە لێرە وترابێت، بێ وەڵام نابێت، لەسەری کار دەکەین، زۆر سوپاس، لێژنەی یاسایی کەرەم بکەن. بەڵێ، یەکێ لە ئەندامەکان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە نوقتەی نیزامی دەمەوێ شتێك بڵێم، لە لێژنەی یاساییم پرسی ئایا پرۆژەیەك پێشکەش دەکرێ بەناوی موستەشارێك کە بێتن و 10 کەسیش ئەندام لەسەری ئیمزا بکات؟، وتیان ئەوە شتێکی نا یاساییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی وەڵام بدەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن پرۆژە یاسا ئەگەر دە ئەندام ئیمزای کرد بێ، یان موستەشارێك لەگەڵیان ئیمزای کردبێ، تەبعەن ئەمەیان نایاساییە، بەڵام دیارە مەسەلەکە بەو شێوەیە، ئەم دە ئەندامە من نازانم ئیستیشارەیان بەو موستەشارە کردووە بۆیان دارێشتووە؟، ئەمە بەراستی لای خۆیانە و من نازانم، بەڵام بەنیسبەت ئەصڵی پرۆژەکە ئەگەر ئیجازەمان بدەنێ ئێمە روونکردنەوەکمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکەن فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان.

هەروەکو هەموو لایەکمان ئاگادارین، بەنیسبەت پێکهێنانی دەستەی ژینگە لە هەرێمی کوردستان دوو پرۆژە تەقدیم کراوە، پرۆژەیەکیان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە 2009/12/29، پرۆژەیەکی دیکەش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە 2010/5/5، بۆیە ئێمە لەگەڵ لێژنەی تەندروستی و ژینگە دوو کۆبوونەوەی هاوبەشمان ئەنجامدا، هەموو لایەکمان بە ئیجماع رێککەوتین لەسەر ئەوەی کە خاڵی یەکەم پرۆژەی حکومەت ببێتە ئەساس بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکە، لەبە ئەوەی هەیکەلیەتی ئەم دەزگایە

زیاتر پەیوەستە بە حکومەت، ئەمە خاڵێکیان و ئەمە ئیجماعێکی لەسەر بوو بە نیسبەت هەردوو لیژنەوە، خاڵی دووەمیش ئەوە بوو، ئێمە هەندێ لە خاڵەکانی ئەو پرۆژەیە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەمەش هەندێ خاڵ لە گفتوگۆکاندا و لە راپۆرتەکاندا بە نەززەری ئیعتیبار وەرگیرا، بەڵام هەندێ خاڵیش بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرا، بەڵام رەئیەکان لەناو راپۆرتەکان دەستنیشان کراوە، بۆیە من دەڵێم ئەو راپۆرتانەی پێشتر پێشکەش کراوە لە لایەن لیجانی تایبەتمەندەوە، بە نیسبەت پرۆژەی یەکەم بە نەزەر ئیعتیبار وەرناگیرێ، ئێستا ئەو ڕاپۆرتەی کە بە نەزەر ئیعتیبار وەردەگیرێ، ئەو ڕاپۆرتە موشتەرەکەیە کە ئێستا ئێمە دەیخوێنینەوە، ئەگەر مەجالمان پێ بدەی، کاك د. حسن، ڕاپۆرتی هاوبەش بە زمانی کوردی دەخوێنێتەوە، پاشان بە عەرەبی دەیخوێنێتەوە، پاشانیش دەچینە سەر موناقەشەی بڕگە بڕگەی ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەو پرۆژەی کە بە کۆی دەنگ وەرگیرا، لەسەر ئەوە بەردەوام بن، کەرەمکە.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی تر، بەس بۆ ڕوونکردنەوەمە، دوو پرۆژە پێشکەش کراوە، بۆ هەمان بابەت، ئێمە تەقریبەن سێ مانگە ئیشی تێدا دەکەین، بەڵام ئەندامەکمان هەیە لە دوو پرۆژە بەشداری کردووە، ئیشی کردووە، ئایا ئەوە شتێکی یاساییە، من بە شتێکی .......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موشکیلەی ناوخۆ لە جێگایەکی تر باس دەکرێ، خوشکی من ئێستا جەلسەی پەرلەمانە، پرۆژەیەك بە کۆی دەنگ بڕیارتان داوە بخرێتە بەر موناقەشە، ماددە بە ماددە بڕۆن، کەرەمکە.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ڕاپۆرتەکە لەسەر کلێشەی لیژنەی کاروباری یاسایی چاپ کراوە، ئەوە هی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگەیە، دوێنێ (10)ی مانگ ڕاپۆرتەکە ئامادە کراوە بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی هەر دوو لیژنە، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە و ئاراستەی هەر دوو لیژنە کراوە، لە پاش خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژە یاسایە، لە دانیشتنی پەرلەمانی ژمارە (7)ی ڕۆژی (2010/5/5)دا، لەدواگفتوگۆکردن و ئاڵوگۆڕکردنی بیرو ڕاکان، هەر دوو لیژنە ڕێککەوتن کە پێشنیارەکانیان بەو شێوەیەی لای خوارەوە دابڕێژن:

یەکەم: هەردوو لیژنە بە کۆی دەنگ ڕێککەوتن کە پرۆژەی پێشنیارکراو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بکرێتە بنەما و بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاساکە و پرۆژەی پێشنیار کراو لەلایەن ژمارەی یاسایی

ئەنـدامانی پەرلـەمان لەبـەر چـاو بگیرێـت و ناوەرۆکەکـەی زیـاد بکرێـت بـۆ پـرۆژە یاسـاکەی ئەنجومـەنی وەزیران.

دووەم:

ماددەی یەکەم:

هەر دوو لێژنە بە کۆی دەنگ پشتگیری لە ماددەی یەکەمی پرۆژەکە دەکەن، لەگەڵ دووبـارە دارِشـتنەوەی پێشەکی ماددەکە، بەو شێوەی لای خوارەوە:

1-مەبەست لەو زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەو یاسایە.

2-برِگەی دووەم لە ماددەکە لابرێت لەبەر ئەوەی ئەو زاراوەیە لە ناو پرۆژە یاساکەدا نەهاتووە و مەبەستی سەرەکی لـە مـاددەی پێناسـە لـەناو پـرۆژە یاسـاکاندا ئاماژەکردنـە بـە ناسـاندنی ئـەو زاراوانـەی کـە لـە نـاو یاساکەدا هاتووە.

3-هەموارکردنەوەی رِێزبەندی برِگەکان.

4-ئەو پێناسانەی کە لـە مـاددەی یەکـەمی پـرۆژە یاسـای پێشـنیارکراو لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە هـاتوون، لـە هـەمان کاتـدا لـە یاسـای ژمـارە (8)ی سـاڵی 2008، یاسـای پاراسـتنی ژینگـە لـە هەرێمی کوردستانی عیراقـدا ئاماژەیـان پێـدراوە، بـە مەبەسـتی رِێگـەگرتن لـە دووبارەکردنـەوەی پێناسـە و زاراوەکان، هەر دوو لێژنە بە کۆی دەنگ رِێککەوتن لەسەر زیاد نەکردنی ئەو ماددەیە.

سێیەم:

ماددەی دووەم:

هەر دوو لێژنە رِێککەوتن لەسەر پشتگیری دەقی ماددەکە، هەر وەك چۆن لە پرۆژەی پێشنیار کراو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە.

چوارەم:

ماددەی سێیەم:

هەر دوو لێژنە بە کۆی دەنگ رِێککەوتن لەسەر دووبارە دارِشتنەوەی ماددەکە بەو شێوەی لای خوارەوە:

1-پاراسـتن و چـاککردنی ژینگـە و پەرەپێـدان و رِێگـەگرتن لـە پـیس بـوون و پارێزگـاری کـردن لـە پـاك و خاوێنی و جوانیان لە هەرێم.

پێنجەم:

ماددەی چوارەم:

هەردوو لێژنە پشتگیری دەقی ماددەی پێشنیار کراو لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران دەکات لەگەڵ سەر لە نوێ دارِشتنەوەی برِگەکانی (1) و (4) بەم شێوەی خوارەوە:

1-پێشـنیارکردنی سیاسـەتی گشـتی بـۆ پاراسـتنی ژینگـە لـە پـیس بـوون و کـارکردن لـە پێنـاو چـاککردنی جۆرەکەی و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی پەسندکردنی.

**4-ئەنجامـدانی ڕووپێوەکـان و پشـکنینەکانی پەیوەسـت بـە پـیس بـوونی ژینگـە و ئـەو هۆکارانـەی کـە کاریگەریان هەیـە لەسـەر سـەلامەتی ژینگـە و ئامـادەکردنی نەخشـە ژینگەییـەکان بـە هەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دا.**

**هەندێك لە بەڕێزانی ئەندامانی هەر دوو لێژنە، (کەمینە) پێشنیاریان کرد کـە بڕگەیـەك زیـاد بکرێـت بـۆ ماددەی چوارەم بەو شێوەیە:**

**تۆمارکردنی شوێنە سروشتیەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی بە پێی ئەو پێوەرانەی کە دەستە دەریان دەکات.**

**شەشەم:**

**ماددەی پێنجەم:**

**هـەردوو لێژنـە پشـتگیری دەقـی ماددەکـە دەکـەن وەك ئـەوەی لـە پـرۆژە یاسـاکەی ئەنجومـەنی وەزیـران دا هاتووە، لەگەڵ داڕشتنەوەی بڕگەی (1) و (3) لە دووەم بەو شێوەیە:**

**1-دەبێ هاووڵاتی هەرێم یاخود لە دانیشتوانی هەرێم بێت.**

**3-دەبێ خوو و ڕەوشتی باش بێت و بە تاوانی جینایەت یاخود کەتنی لەکەدار بەشەرەف حوکم نەدرابێ.**

**حەوتەم:**

**ماددەی شەشەم:**

**هەردوو لێژنە تێبینیەکان لەسەر دەقی ماددەکە بەو شێوە پێشنیار دەکات:**

**1-زیادکردنی دەسـتەواژەی پلـەی بەڕێوەبـەر بـۆ پـاش وشـەی فەرمانبـەر کـە لـە بڕگـەی یەکـەمی ماددەکـە هاتووە.**

**2-لێکدانی هەردوو بڕگەی (1) و (2) لە بڕگەی یەکەمی ماددەکە.**

**3-لابردنی دەستەواژەی خۆپاراستن لە تیشکدانەوە، کە لە خاڵی (5)ی بڕگەی یەکەمی ماددەکەدا هاتووە.**

**4-زیادکردنی دەستەواژەی فەرمانگەکانی ژینگە لە پارێزگاکانی هەرێم بە زنجیرەی پێنج بۆ بڕگەی یەکەم.**

**5-گۆڕینی دەستەواژەی سەرۆکی دەستە بۆی هەیە، کە لە بڕگەی دووەمی ماددەکەدا هاتووە بە دەستەواژەی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە.**

**6-گـۆڕینی دەسـتەواژەی بەڕێوەبەرایەتیـەکان کـە لـە بڕگـەی دووەمـی ماددەکـە هـاتووە بـە دەسـتەواژەی فەرمانگەکان، هەروەها هەر دوو لێژنـە بـە کـۆی دەنـگ پێشـنیار دەکـەن کـە مـاددەی شەشـەم بـەو شـێوەیە دابڕژرێتەوە:**

**1-دەستە لەو فەرمانگانەی خـوارەوە پێـك دێـت و، هـەر فەرمانگەیـەکیش لەلایـەن فەرمانبـەرێك بـە پلـەی بەڕێوەبەر کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆیی هەبێت لە بواری پسپۆڕی فەرمانگەکەی بەڕێوە دەچێت و چـەند فەرمانبەرێك یارمەتی دەدەن:**

**1-فەرمانگەی کارگێڕی و دارایی و یاسایی.**

**2-فەرمانگەی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی و ڕاگەیاندن.**

3-فەرمانگەی کاروباری هونەری.

4-فەرمانگەی ژینگە لە پارێزگاکانی هەرێم.

دووەم:

ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە هەر بەڕێوەبەرایەتیەك لە ناو پێکهاتەی دەستە بـە پێـی پێویسـتی کارەکـان لە نوێ دامەزرێنێت، یان لێکیان بدات، یان هەڵیان بوەشێنێتەوە.

هەشتەم:

ماددەی حەوتەم:

هەر دوو لێژنە پێشنیار دەکەن کە:

1-زیادکردنی وەزارەتی پەروەردە بۆ بڕگەی یەکەمی ماددەکە بە زنجیرەی (11).

2-زیادکردنی بڕگەیەك بە زنجیرەی (13) بەو شێوەیە:

سەرۆکی دەستە بۆی هەیە نوێنەرانی هەر یەك لە وەزارەتەکانی تر و ئەو لایەنانەی کە پەیوەسـت نـین بـە وەزارەتەکان بانگهێشتیان بکات لە کاتی پێویستدا بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دەسـتە، بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێ.

3-گۆڕینی زنجیرەی بڕگەکان.

4-گۆڕینی دەستەواژەی نوێنەری هەر پارێزگایەك کـە لـە خـاڵی (12)ی بڕگـە (1)ی ماددەکـەدا هـاتووە بـە دەسـتەواژەی نوێنـەری لێژنـەی پاراسـتنی ژینگـە و، داڕشـتنەوەی بڕگەکـە بـەو شـێوەیە: نوێنـەری لێژنـەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە پارێزگاکانی هەرێم.

5-زیادکردنی ئەو دەستەواژەی خوارەوە بۆ کۆتایی بڕگەی دووەم لە ماددەکە بەو شێوەیە: پێویسـتە لەسـەر ئەنجومەنی دەستە ڕاپۆرتی ساڵانە سەبارەت بە بارودۆخی ژینگە بەرز بکاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

نۆیەم:

ماددەی هەشتەم:

هەردوو لێژنە بە کۆی دەنگ دەقی ماددەکە پەسند دەکەن.

دەیەم:

ماددەی نۆیەم:

هەردوو لێژنە بە کۆی دەنگ دەقی ماددەکە پەسند دەکەن.

یازدەم:

ماددەی دەیەم:

بە کۆی دەنگ دەقی ماددەکە پەسند دەکەن.

دوازدەهەم:

ماددەی یازدەهەم:

هەردوو لێژنە بە کۆی دەنگ پێشنیار دەکەن کە ماددەکە بەو شێوەی خوارەوە دابڕژرێتەوە:
حوکمەکانی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ژمارە (8)ی ساڵی (2008) بە پەیڕەوکراو دەمێنێتەوە بە مەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەو یاسایەدا، دەستەواژەکانی سەرۆکی دەستە جێگەی وەزیر، دەستە جێگەی وەزارەت دەگرێتەوە لە هەر جێیەکی یاساکەدا هاتبێت.

سێزدەهەم:

ماددەی دوازدەهەم:

هەردوو لێژنە بە کۆی دەنگ دەقی ماددەکە پەسند دەکات.

چواردەیەم:

ماددەی سێزدەیەم:

هەردوو لێژنە بەکۆی دەنگ دەقی ماددەکە پەسند دەکەن.

پازدەیەم:

ماددەی چواردەیەم:

هۆکارەکانی دەرچوونی یاسا، بە کۆی دەنگ پێشنیار کرا بە زیادکردنی ئەو دەستەواژەیە بۆ پاش کە دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە و لە پێناو بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی و ڕۆشنبیری ژینگەیی لە هەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکەن فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**إلى رئاسة برلمان كوردستان**

**(تقرير مشترك)**

إجتمعت لجنة الشؤون القانونية و لجنة شؤون الصحة و البيئة في يومي (19) و (20) گوڵان 2710 كوردي، المصادف ليومي (9) و (10) لشهر آيار 2010 الميلادية، لدراسة مشروعي قانون الأول: مشروع قانون هيئة تحسين البيئة في إقليم كوردستان المقدم من قبل مجلس الوزراء و المحال إلى اللجنتين بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الإعتيادية المرقمة (13) و المؤرخة في (2009/12/29) و المشروع الثاني بإسم مشروع قانون هيئة شؤون البيئة في إقليم كوردستان المقدم من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان و المحال إلى اللجنتين بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الإعتيادية المرقمة (7) في يوم (2010/5/5)، و بعد المناقشة و المداولة تقدم اللجنة المشتركة ملاحظاتها بالشكل الآتي:

1-الإتفاق بالإجماع على إعتبار المشروع المقدم من قبل مجلس الوزراء هو الأساس للمناقشة مع الأخذ بنظر الإعتبار ماتم الإتفاق عليه في المشروع المقدم من قبل العدد القانوني لأعضاء البرلمان و إضافته إلى المشروع الأول.

2-المادة الأولى: تؤيد اللجنتين بالإجماع أصل المشروع مع ملاحظة إعادة صياغة مقدمة المادة كالآتي:

1-يقصد بالمصطلحات و التعابير الآتية المعاني المبينة إزاءها لأغراض هذا القانون.

2-حذف الفقرة ثانياً من المادة الأولى لعدم تكرار المصطلح لمرات عديدة ضمن مواد القانون لأن المقصود من المادة الأولى الخاصة بتعريف المصطلحات هو الإشارة إلى المصطلح ضمن مواد القانون فقط تحاشياً للتكرار.

3-تعديل تسلسل الفقرات تبعاً لذلك.

4-بالنسبة للتعاريف الواردة في المادة الأولى من المشروع المقدم من قبل أعضاء البرلمان هي وردت في القانون رقم (8) لسنة (2008)، قانون حماية البيئة في إقليم كوردستان العراق الصادر من برلمان كوردستان، لعدم التكرار إتفقنا على عدم إضافتها إلى هذه المادة.

ثالثاً:

المادة الثانية:

تم الإتفاق بالإجماع على تأييد أصل المادة كما وردت في المشروع المقدم من قبل مجلس الوزراء.

رابعاً:

المادة الثالثة:

1-تقترح اللجنتين إعادة و صياغة الفقرة (1) منها و بالشكل الآتي:

1-حماية و تحسين البيئة و تطويرها و منع تلويثها للمحافظة على نظافة و جمالية الإقليم.

خامساً:

المادة الرابعة:

تؤيد اللجنتين أصل المادة الواردة في المشروع المقدم من قبل مجلس الوزراء مع إعادة صياغة الفقرتين (1) و (4) منها بالشكل الآتي:

1-إقتراح السياسة العامة لحماية البيئة من التلوث و العمل على تحسين نوعيتها و رفعها إلى مجلس الوزراء للمصادقة عليها.

4-إجراء المسوحات و الفحوصات المتعلقة بالملوثات البيئية و العوامل المؤثرة على سلامة البيئة و إعداد الخرائط البيئية بالتنسيق مع الوزارات و الجهات المعنية.

هناك إقتراح من قبل بعض الأعضاء (الأقلية) بإضافة فقرة إلى المادة الرابعة بالشكل الآتي:

تسجيل المواقع الطبيعية على المستوى الوطني وفق معايير تصدرها الهيئة.

سادساً:

المادة الخامسة:

تؤيد اللجنتين أصل المادة كما وردت في مشروع مجلس الوزراء مع إعادة صياغة الفقرتين (1) و (3)، من ثانياً و بالشكل الآتي:

1-أن يكون من مواطني الإقليم أو ساكناً فيه.

3-أن يكون حسن السيرة و السلوك و غير محكوم بجناية أو جنحة مخلة بالشرف.

سابعاً:

المادة السادسة:

تقدم اللجنتين ملاحظاتها على أصل المادة بالشكل الآتي:

1-إضافة عبارة بدرجة مدير إلى ما بعد كلمة موظف الواردة في الفقرة أولاً من هذه المادة.

2-دمج الفقرتين (1) و (2) من الفقرة أولاً من هذه المادة.

3-حذف الوقاية من الإشعاع الواردة في الفقرة (4) من (أولاً) من المادة.

4-إضافة دوائر الهيئة في محافظات الإقليم بتسلسل (5) إلى الفقرة.

5-إستبدال لرئيس الهيئة الواردة في (ثانياً) من المادة لمجلس الوزراء.

6-إستبدال المديريات الواردة في ثانياً من المادة بالدوائر.

و تقترح اللجنتين بالإجماع إعادة صياغة المادة السادسة بالشكل الآتي:

أولاً: تتألف الهيئة من الدوائر التالية و تدار كل دائرة منه من قبل موظف بدرجة مدير، حاصل على شهادة جامعية أولية في مجال إختصاص الدائرة و يعاونه عدد من الموظفين:

1-الدائرة الإدارة و المالية و القانونية.

2-دارة التوعية البيئية و الإعلام.

3-دائرة الشؤون الفنية.

4-دوائر البيئة في محافظات الإقليم.

ثانياً: لمجلس الوزراء إستحداث أو دمج أو إلغاء أي من الدوائر ضمن تشكيلات الهيئة وفقاً لمتطلبات عملها.

ثامناً:

المادة السابعة:

تقترح اللجنتين ما يلي:

1-إضافة وزارة التربية إلى أولاً من المادة بتسلسل (11).

2-إضافة فقرة بتسلسل (13) بالشكل الآتي:

لرئيس الهيئة دعوة أي من ممثلي بقية الوزارات و الجهات الغير مرتبطة بوزارة عند الإقتضاء للإشتراك في المناقشة دون أن يكون لهم حق التصويت.

3-تغير تسلسل الفقرات.

4-إستبدال ممثل عن كل محافظة الواردة في الفقرة (12) من (أولاً) من المادة بممثل عن لجنة حماية البيئة، و إعادة صياغة الفقرة (12) بالشكل الآتي:

ممثل عن لجنة حماية و تحسين البيئة في محافظات الإقليم.

5-إضافة فقرة إلى نهاية الفقرة الثانية من المادة و بالشكل الآتي:

و على المجلس رفع تقرير سنوي حول الوضع البيئي إلى رئاسة مجلس الوزراء.

تاسعاً:

المادة الثامنة:

تؤيد اللجنتين بالإجماع أصل المادة.

عاشراً:

المادة التاسعة:

تؤيد اللجنتين بالإجماع أصل المادة.

الحادية عشر:

بالنسبة للمادة العاشرة أيضاً تؤيد اللجنتين بالإجماع أصل المادة.

الثانية عشر:

بالنسبة للمادة (الحادية عشر) تقترح اللجنتين بالإجماع إعادة صياغة المادة بالشكل الآتي:

تبقى أحكام قانون حماية و تحسين البيئة في إقليم كوردستان رقم (8) لسنة 2008 نافذ المفعول و بما لا يتعارض مع أحكام هذا القانون و يحل رئيس الهيئة محل الوزير و الهيئة محل الوزارة أينما وردت في القانون المذكور.

الثالثة عشر:

المادة الثانية عشر:

تؤيد اللجنتين بالإجماع أصل المادة.

الرابعة عشر:

بالنسبة للمادة (الثالثة عشر) تؤيد اللجنتين بالإجماع أصل المادة.

خامسة عشر:

**الأسباب الموجبة**

تم الإتفاق بالإجماع على إضافة عبارة إلى ما بعد عبارة (المسببة للتلوث البيئي)، و هذه العبارة هي لغرض نشر الوعي البيئي و الثقافة البيئية في إقليم كوردستان، راجين التفضل بالإطلاع و عرض التقرير على المجلس مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەم بكەن بۆ خوێندنەوەی قانونەكە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پێرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

ئەم وشە و زاراوانەی خوارەوە لە هەرشوێنێکی ئەم یاسایەدا بێن ماناکانیان بەرامبەریانە:

1-هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.

2-پەرلەمان:پەرلەمانی هەرێم.

3-دەستە:دەستەی پاراستن و چاککردنی ژیگە لە هەرێمدا.

4-ئەنجومەن: ئەنجومەنی دەستە.

5-سەرۆك:سەرۆکی دەستە.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مشروع قانون هيئة و حماية البيئة في اقليم كوردستان-العراق

المادة الاولى: تكون للكلمات و التعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها ادناه اينما وردت في هذا القانون:

1-الاقليم:اقليم كوردستان-العراق.

2-البرلمان:برلمان الاقليم.

3-الهيئة:هيئة حماية و تحسين البيئة في الاقليم.

4-المجلس: مجلس الهيئة.

5-الرئيس:رئيس الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی یەکەم ئێمە وەکو هەردوو لێژنە و بە تێکرای دەنگ پشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکەین، بە ڕەچاوگرتنی ئەم تێبینیانەی کە بۆتانی روون دەکەمەوە،

یەکەم:دووبارە دارشتنەوەی پێشەکی ماددەی یەکەم.

دوو: لابردنی بڕگە دوو لە ماددەکە، ئەویش بە تەئکید لەبەر دوو هۆی سەرەکیە، یەکەمیان ئەوەیە کە وشەی پەرلەمان ئەصڵەن لە یاساکەدا هەر نەهاتووە، دووەم، پەرلەمان لە زۆر یاسا تەعریف کراوە و بەتایبەتیش یاسای ژمارە یەکی ساڵی 1992، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەو بڕگەیەدا نەبووینە.

سێیەم:زۆر لەو تەعریفانەی کە پێشنیار کراوە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، ئەو تەعریفانە بە نەزەری ئیعتبیار وەرنەگیراوە، سەبەبەکەشی ئەوەیە، لەبەر ئەوە ئەوتەعریفانە لە یاسای

ژمارە 8ی ساڵی 2008 کە ئەویش پڕۆژە یاسای پاراستنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان دا هاتووە، ئەو یاسایەش کاری پێ دەکرێ بە رادەیەك کە تەعاروز نەکات لەگەڵ ئەو یاسایە، بۆیە ئەمە بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگیرایە، بۆیە ئەمە رەئی هەردوو لیژنەیە بە تێکڕای دەنگ و لەگەڵ رەچاو کردنی ئەو تێبینیانە و لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەو بەڕێزانەی کە ئێستا ئەیانەوێ قسەی لەسەر بکەن دەستیان بەرز بکەن بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە، وا دیارە لیژنەی یاساییش، ئەگەر سەیری مەشروعەکە بکەی کە لە حکومەتەوە هاتووە و فەقەرەیەکی بە ئیلغای قانونی ژمارە 8 ی 2008 هاتووە، بەڵام لیژنەی یاسایی و لیژنە موشتەرەکەکە بەوا چوونەتەوە، ئەو مەسەلەیان کردووە کە ئەو نەفازی هەبێت، بە بۆچوونی من کە ئەوقانونە بمێنێت، ئیقتیراح دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئێمە ماددەی یەك موناقەشە دەکەین لەسەر ئەم ماددەیە شتێکت هەیە بیڵێ.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

محل شؤون البيئة، و رئيس الهيئة محل وزير البيئة، و الوكيل الفني للهيئة محل وكيل الوزارة في هذا القانون او اي قانون اخر، لەگەڵ موراعاتکردنی ئەو تەعدیلاتانەی کە لە وەزارەتەکانەوە بووە، مەسەلە تیجارە و صیناعە یەکی گرتووە، زراعە و مەواریدی مائی و نەقل و مواصەلات، واتا ئەم تەعدیلە بەس لێرە لە قانونەکە بکەین، ئیتر ئەم قانونە هەمووی کۆتایی پێ دێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر وەکو جەنابت ئیشارەتت پێدا، ئێمە بە نیسبەت ئەو یاسایە جارێ لە موئەخیرەی پرۆژەکە ماددەیەکمان دانایە، هەم بۆ موعالەجە کردنی یاسای ژمارە 8ی ساڵی 2008، هەم بۆ موعالەجە کردنی ئەم یاسایە بە شێوەیەك کە هەر تەعاروزێك هەبێ لەم یاسایە دەخوا لە یاسای تر ناخوا، ئەمە یەك، دوو: وەزارەتی ژینگە بە بڕیارێکی ئەم پەرلەمانە هەڵوەشاوەتەوە، ئەم وەزارەتە ئەصڵەن وجودی نەمایە ئێستا حاڵی حازری، باشە ئێمە چۆن وەزارەتێك هەڵوەشاوەتەوە ئێستا بێم ناوی بێنم حالی حازری لێرە، بۆیە

ئێمە ئێستا بەرامبەر پرۆژەیەكین كە دەمانەوێ دەزگایەك دروست بكەین بەناوی دەزگای ژینگە، جێگای ئەم وەزارەتە بگرێتەوە، ئەم دەزگای ژینگەیە كە ئێستا هاتووە، ئەصڵەن وەكیلی تێدا نیە، هەتا ئێمە بڵێین ئەم وەكیلە جێگای وەكیلی وەزیرەكەی دەگرێتەوە، ئەم پرۆژەیە هەیكەلیەتەكە لەسەر ئەساسی مەبدەئی تەرشیق هاتووە، كەم كردنەوەی دەزگاكانە بەراستی نەك تەوەسوع كردن بە دەزگاكانە، بۆیە ئێمە زۆر ئەو نوقتەمان لەگەڵ هەردوو لێژنە و لەگەڵ بەڕێزان ئەندامانی لێژنەی تەندروستیش موناقەشەمان كرد، هاتینە ئەو قەناعەتە كە ئێمە موعالەجاتی باشمان بۆ دۆزیوەتەوە و دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمانە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان چونكە یەك موناقەشە لەسەری هەبوو وتەسنیە نەبوو لەسەری، لێژنەی یاساییش وەرینەگرت، ئێستا ماددەی یەك بە تەعدیلەوە و بەوەی كە لێژنەی یاسایی ئیزافەیان كردووە، ئەیخەینە دەنگدانەوە وەكو خۆی، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرزكاتەوە؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنگ پەسند كرا بۆ ماددەی دوو كەرەم بكە.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

تؤسس بموجب هذا القانون هيئة باسم هيئة حماية و تحسين البيئة في اقليم كوردستان- العراق، تتمتع بالشخصية المعنوية و الاستقلال المالي و الاداري و ترتبط ادارياً برئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش كەرەم بكەن.

**بەڕێز كاردۆ محمد پێرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

لە هەرێمی كوردستان و عیراق كەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی و دارایی و كارگێری خۆی هەیە لە رووی كارگێڕیەوە بە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەلكێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنە یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو هەردوو لێژنە، بە تێكرای دەنگ لەگەڵ ئەو ماددەین و هیچ و تێبینیمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کەس مولاحەزە  و تێبینی هەیە؟ ئەیەوێ لەسەری قسە بکات، نیە، ئێستا ماددەکە وەکو خۆی کە هیچ موناقەشەی لەسەر نیە، لێژنەی یاسایی و تەندروستی تەئیدی دەکەن، ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز کاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی سێ تکایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

**تهدف الهيئة الى ما يلي:**

1-حماية و تحسين البيئة و تطويرها و منع تلويثها .

2-حماية البيئة و الصحة العامة من اخطار الانشطة و الافعال المضرة بالبيئة و الانسان.

3-ازالة و معالجة اثار الاسلحة الكيمياوية و المنفلقة بالتعاون مع الجهات ذات العلاقة لتنظيف حقول الالغام و المخلفات من الاسلحة و الاعتدة المسببة للتلوث البيئي.

4-رفع مستوى الوعي البيئي و ترسيخ الشعور بالمسؤولية الفردية و الجماعية لحماية البيئة و تحسينها و تفعيل دور منظمات المجتمع المدني و تشجيع الجهود التطوعية في هذا المجال.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم:**

**ئامانجی دەستە ئەمانەی خوارەوەیە:**

1-پاراستن و چاککردنی ژینگە بە پەرەپێدانی و ڕێگەگرتن لە پیسبوونی.

2-پاراستنی ژینگە و تەندروستی گشتی لە مەترسیەکانی چالاکی و کاری زیانبەخش بە ژینگە و مرۆڤ.

3-نەهێشتنی و چارەسەرکردنی ئاسەوارەکانی چەکی کیمیاوی و تەقیوەکان، بەهاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین و پاشماوەی چەك و تەقەمەنی کە دەبنە مایەی پیس بوونی ژینگە.

4-بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری ژینگەیی و پتەو کردنی هەست کردن بە بەرپرسیارەتی تاك و کۆمەڵ بۆ پاراستنی ژینگە و باشکردنی و کاراکردنی دەوری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و هاندانی ئەرکی خۆبەخشین لەو بوارەدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لێژنەی یاسایی و لێژنەی تەندروستی، بە زۆرینـەی دەنـگ لەگـەڵ ماددەکـەین، هـیچ تێبینیـەکی وامان نیە، تەنها یەك مولاحەزە ئەویش ئەوەیە: دووبارە داڕشتنەوەی بڕگە یەك لە ماددەکە بەو شێوە کـە بۆتان دەخوێنمەوە:

1-حماية و تحسين البيئة و تطويرها و منع تلويثها للمحافظة على نظافة و جمالية الاقليم.

تەنها ئەوەندە مولاحەزەمان هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان، کێ ئەیەوێت قسە بکات؟، ناوتان بڵێن تکایە، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسیوە: یاووز ارسلان، رفیـق صابر، عیماد محمد، شۆرش مەجید، سەرگوڵ ، حەمە سەعید، بەفرین ، کەسی تر هەیە؟ نیە، رێـزدار کـاك یاووز کەرەم بکە.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نەزەری من لەو ماددەیەدا، خاڵەکانی هەندێك دووبارە بوونەوەی تێدایە و دەکرێ هەنـدێ لـە خاڵـەکانی دەمج بکرێنەوە، من پێم باشە بەم شێوەیە دابڕێژرێ، بە عەرەبیەکەی دەخوێنمەوە:

1-حماية و تحسين البيئة و تطويرها، تەواو، و منع تلويثها ئەوە زیادەیە، چونکە بیدایەت دەڵێ حیمایەت و تەحسین، مەنعەکە لێرە بە نەزەری من پێی ناوێ

لە دووەم و سێیەم دەکرێ هەردوو خاڵ لە یەك خاڵ کۆ بکرێتەوە و بەم شێوەی لێ بکرێ:

2-حماية البيئة و الصحة العامة من اخطار الانشطة و ذلـك عـن ازالـة و معالجـة اثـار الاسـلحة الكيمياويـة و المنفلقة، ئەوانی تر ئەوە شتێکی تەحصیل حاصلە، دوایی دەستە بە خۆی دەزانی، ئەوەش زیـادە پـێم، خـاڵ چوارەمیش هەر وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار رفیق صابر فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشکرایە کە پاراستنی ژینگە و پیشخستنی ژینگە تەنیا ئەرکی حکومەت نیە، بەڵکو ئەو لایەنانەی کە بەشداری لە تێکدانی ژینگە و پیسکردنی ژینگە دەکەن، کە بەشێك لە کۆمپانیاکان و مەسئولیەتی پاراستنی ژینگە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانیش و پێویستە ئەوان ناچار بکرێن کە ژینگە پیس نەکەن و تێکی نەدەن، هەر ئەگەر وەك نموونەیەکی بچووك بیننەوە، ئەو کۆمپانیانەی کە ئاو بەرهەم دەهێنن یان ئاو، ئاوی مەعدەنی بەرهەم دەهێنن، ئەمانە حەفتە یان رۆژانە بە سەدان هەزار و بە ملیۆن شووشەی نایلۆن یان بوتڵی نایلۆن دەخەنە بازاڕەوە و زیاتر ئەم بوتڵانە، ئیتر وەکو ئەوان لە مەسئولیەتیەوە دەردەچن کە هیچ بەرپرسیاریەتیەك بەرامبەر ئەوە هەڵبگرن، لە کاتێکدا یەك بوتڵی ئاوی بچووك بەلای کەمەوە چوار سەد تا پێنج سەد ساڵی دەوێ تا بە شێوەیەکی سروشتی لە ژینگەدا حەل ببێت و بتوێتەوە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم کە بڕگەیەك لێرەدا زیاد بکرێ، باجێك دابنرێ لەسەر ئەو کۆمپانیانەی کە بەشداری لە مەسەلەی بەرهەم هێنان، بەتایبەتی کە دەبێتە هۆی تێکدانی ژینگە و لەهەمان کاتدا ئەو کۆمپانیانە ناچار بکەن کە بەشدار کە ئەم کەرستانەی خۆیان بە شێوەیەك لە شێوەکان بەرپرسیارەتی کۆکردنەوەیان یان فەوتاندنیان لە ئەستۆ بێت، سێیەم: ئێمە لە هەرێم بەشێکین لە دونیا و تا ئێستا لە دونیا کۆمەڵێکی زۆری رێککەوتن نامە هەیە سەبارەت بە پاراستنی ژینگە و بەرپرسیاریەتی دەوڵەتان و حکومەتەکانی کۆمەڵگاکانی دیاری کردووە بۆ مەسەلەی پاراستنی ژینگە، لێرەوە پێشنیار دەکەم بڕگەیەك زیاد بکرێ بەناوی: الالتزام بالاتفاقیات و المعاهدات الدولیه المتعلقه بحمایه البیئه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار عیماد محمد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم، پێشنیار دەکەم برگەی دوو لە ماددەی سێ بەم رەنگی خوارەوە بێت:

حمایة و تحسین البیئة و الصحة العامة و الموارد الطبیعیة و التنوع الاحیائي و التراث الثقافي و الطبیعي من اخطار الانشطة و الافعال المضرة بالبیئة و الانسان، چونکە مەوارید تەبیعیە و تەنەوعی ئەحیائی و توراسی سەقافی و تەبیعیشی ئەڤ بینیتە تێدا پاراستن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار شۆرش مەجید فەرموو.

**بەڕێز شۆرش مجید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئامانجەکانی ئەم دەستەیە، من پێشنیاز دەکەم شتێکی تری بۆ زیاد بکرێ، جا یان لەگەڵ برگەی سێ تێکەڵکێش بکرێ، ئەویش ئەوەیە: سیاسەتەکانی کاوەلکاری بەعس لە کوردستان یاخود هەموو رژێمە یەك لە دوای یەکەکان، تەنها کارەساتی مرۆیی بەدوادا نەهاتووە، بەڵکو کارەساتی ژینگەییشی

بەدواداهاتووە، یەکێك لە ئامانجەکان و ئەرکەکانی ئەم دەستەیە رووپێو کردن و ئامارکردنێکی وردی هەموو زیانە ژینگەییەکان بێ، چونکە خۆمان ئەزانین لە نەتیجەی ئەو سیاسەتە کاوەلکارییەی کە لە کوردستان پەیرەو کراوە، جگە لەوەی کە چەند هەزاردێیەك کاوەلکراوە، کە ئەوەش یەکێکە لە تێکدانی ژینگەی ژیانی ئەو وڵاتە، بەدەیان کانی و سەرچاوە ئاوییەکان کوێر کراوەنەتەوە، بە هەزاران رەز و باغ و پاوەن و دارستانی سروشتی سووتێنراون، ئەوانە هەمووی ئەرکی ئەو دەستەیە بێ بۆ رووپێو کردن و ئامادەکردنی بۆ ئەوەی هەر وەکو چۆن سیاسەتە مرۆییەکانی بەعس لە کوردستان بە جینوساید ناسێندراو و لە پەرلەمانی عیراقیشدا بە یاسای قەربووکردنەوەی زیانەکانی سیاسەتەکانی بەعس دەرچووە، بۆ ئەوەی لە دادگایەکی تایبەت بە ژینگە و قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ژینگە، ئەوە وەکو دیکیۆمێنت لەبەر دەست بێ و ئیشی لەسەر بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەرێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی سێی پرۆژەکەوە، خاڵی سێیەم کە باس لە پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین دەکات، من پێم باشە ئەو خاڵە لێرە لابرێت، چونکە ئێمە دەزگایەکمان هەیە لە کوردستان، دەزگای مین کە ئەرکی پاککردنەوەی ژینگەی کوردستانە لە مین، لە هەموو شوێنەکانی تریش نەمانبیستووە کە دەزگای ژینگە ئەو کارەی هەبێت، لەبەر ئەوەی پێم باشە ئەو خاڵە لێرە نەبێت، بە نیسبەت خاڵی دووەمیشەوە، پاراستنی ژینگە و تەندروستی گشتی، تەندروستی گشتی ئەوە ئەرکێکی وەزارەتی تەندروستیە کە لە یاسای وەزارەتی تەندروستیشدا هەیە کە پاراستنی تەندروستی گشتی ئەرکی ئەوانە، من پێمباشە ئەمەش نەکرێ بە ئامانجێکی ئەم دەستەیە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار محمد سەعید فەرموو.

**بەرێز حمە سعید حمە علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئامانجەکانی بیئە بۆ ئەوەی شێوازێکی عیلمی و زانستی وەربگرێت، پێم باشە دوو ئامانجی تری بۆ زیاد بکرێ، لەگەڵ ئەوەم کە ئەو ئەلغامە لابرێت وەکو ئەوەی سەرگوڵ خان باسی کرد، ئامانجێکیان(اجراء الرقابة و التفتيش على مصادر تلوث البيئة و اجراء الفحوصات المختبرية اللازمة لذلك) ئەمە شێوازی عیلمی دەگرێت، دوو: (اجراء الدراسات و البحوث اللازمة لمعرفة اسباب المشكلات البيئية و تلوثها و ايجاد الحلول المناسبة لها و اعداد التقارير العلمية لغرض ذلك) پێم باشە هەدەفەکانی بە شێوەی عیلمی وەربگرێ و ئەو دوو ئەهدافە زیادبکرێ بۆ ئەهدافەکانی دەستەکە و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم بڕگە چوار، باس لە هەست كردن بەبەرپرسیاریەتی تاك و كۆمەڵگا دەكات، پێم وایە ئەركی پاراستنی ژینگە تەنها لە ئەستۆی حكومەت نیە، بەڵكو هاوڕێیە لەگەڵ هاوڵاتیانیش، ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئاستی هوشیاری لە كۆمەڵگا بەرز بكەینەوە لەبارەی چۆنیەتی گرینگیدان بە كۆمەڵگا، ئەبێ ئێمە بگەڕێینەوە بۆ باخچەی ساوایان و قوتابخانەكان و لەوێوە دەست پێبكەین بە دروست كردنی ئەو هەستی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە ژینگە، ئێمە كە باس لە پاراستن و پاك راگرتنی ژینگە ئەكەین، تەنها پاكراگرتنی نیە لە مین و تەقەمەنی و پاشماوەی كیمیاویمان، تا ئێستاش ئاستی هوشیاری لە كۆمەڵگای ئێمەدا بە جۆرێكە كە كاتێك بە سەیارەكەی لە شەقامێك تێئەپەرێ لەسەر جاددە تێئەپەرێ ساردیەكە ئەخوات و بیبسی قووتوویەكەی لە جامەكەی فرێئەداتە خوارەوە، ئەمەش هۆكارێكە بۆ ناشرین كردنی ژینگەی مرۆڤ و كەڵەكە بوونی ناشرینی و پیسی بۆ ژینگە، جا بۆیە من پێشنیار دەكەم كە رۆڵی بدرێ بە قوتابخانەكان لەو دەورە و بە هاوڕی لەگەڵ رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بۆ دروست كردنی ئەو هەستی بەرپرسیاریەتیە لە كۆمەڵگادا بۆ خاوین راگرتنی ژینگە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی هاوبەش رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من رەنگە هەندێ مولاحەزاتم هەبێ و رەنگە كاك د.حەسەنیش هەندێ مولاحەزاتی هەبێ، بە نیسبەت ئێمە، ئەو مولاحەزاتانەی ئێمە بەراستی جانیبە یاساییەكەیە، هەندێ برادەران داوا دەكەن كە فەقەراتەكان دەمج بكرێن، راستە ئێمە لە هەندێ حاڵەت فەقەراتمان دەمج كردووە، بەڵام بوونی فەقەراتەكان بەو شێوەیە هیچ زەرەرێكی نیە، لە عەملیەی تەشریعی چەند وزوحی تێدابی، چەند شەفافیەتی تێدا بی ئەوەندە باشە بۆ تێگەیشتنی هاوڵاتیان لەو مەسەلەیە، سەبارەت بە قسەكانی برای بەڕێزم كاك د.رەفیق كە دەڵێ كۆمپانیاكان سزا بدرێن، بە نیسبەت باج لێرە باوەڕ ناكەم ئەو شتە موعالەجە بكرێ، بەڵام هەندێك ئەحكامی عیقابی و هەندێك مەسائیلی عوقوبات لە قانونی ژمارە هەشتی ساڵی 2008 هاتووە بە نیسبەت كۆمپانیاكان، هەتا دەگاتە رادەی ئەوەی كە وەزیر بۆی هەیە ئیشەكە رابگرێ، یان سەحبی بكات یان

موافەقەی بۆ نەكات، ئەنواعی عوقوباتی هەیە بۆ ئەو كەسانەی كە بە پێچەوانەی تەعلیمات و ئەوامر كاردەكەن، بە نیسبەت ئەسلیحەی كیمیاوی، من حەز دەكەم لێرەوە ئیشارەت بەوە بدەم كە كاری ئەوە هەیە، ئەو هەیئەتە ئەوە نیە بچێت بەراستی ئەو كارانە بكات كە دەزگاكانی مین پێی هەڵدەستن، بەڵكو هاوكار دەبێ لەگەڵ ئەو دەزگایانە بۆ ئیزالەی ئاساری مەسەلەی ئەسلیحەی كیمیاوی، نەك بۆ وەكو بڵێی خۆی هەڵدەستێ و ئەو كارە بە خۆی بیكات، بە نیسبەت ریقابە و تەفتیش، ئەوە برای بەڕێزم كاك محمەد سەعید ئیشارەتی پێدا، ئەویش بە هەمان شێوە لە قانونی ژمارە هەشت بە تەفصیل هاتیە چۆنیەتی ریقابە و تەفتیش بەسەر دەزگاكان بە شكلێكی گشتی و ئەو عوقوباتە و ئەو غەرامانەشی بۆ داناوە كە ئەوەی بە پێچەوانەی ئەو قانونە دەجولێتەوە یاخود ئەو تەعلیماتەی كە لەسەر ئەساسی ئەم قانونە دەرچووە، نازانم من هەر ئەوەندە لام تەسجیل كراوە، ئەوەی دیكە برای بەڕێزم كاك د.حسن لە ناحیە عیلمیەكەیەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كەرەم بكە كاكە.

**بەڕێز د.حسن محمد سوورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەراستیدا منیش هاورام لەگەڵ برای بەڕێزم كاك شێروان، ئێمە كە ئەمڕۆ موناقەشەی پرۆژە یاسای دەستەی ژینگە دەكەین، بەڵام لە هەمان كاتدا ئێمە پرۆژە یاسایەكمان هەیە بەناوی پرۆژە یاسای پاراستن و چاككردنی ژینگە ژمارە 8 ساڵی 2008، ئامانجەكانی یاخود ئەم كارە فەنییانەی كە لە یاسای ژمارە 8 هاتووە، هەموو ئەركەكان ناخاتە سەر دەستەی چاككردنی ژینگە كە ئێستا ئێمە پرۆژەكەی بۆ هەموار دەكەین، بەڵكو ئەركەكەی ئەركی یاسایەكی گشتیە، بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە، مەسئولیەتەكە تەوزیع دەكات لە نێوان ئەو دەستە و وەزارەتەكانی پەیوەندیدار هەر یەك، حەتا رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی و بۆ ئەم مەبەستەش ئیشارەتی پێكراوە لەناو خودی یاساكە، هەندێ پێشنیار دەكرێ لەسەر مەسائیلی پرۆتۆكۆلات و لەسەر مەسائیلی ئیتیفاقیات، هەمووی لەوەدا هاتووە، هەر چەندە لەوانەیە بەشێكیش كە لێرەوە هاتووە ئەركی حكومەتی ناوەندییە، واتا ئەركی دەوڵەتە، بە پێی ئەو پرۆتۆكولاتانەی كە هاتووە چ ئەوانەی یونسكۆ و چ ئەوانەی كە لە جەزای دەولی و زیراعەی دەولی و لە ئەورووپی هاتوون، هەمووی ئەوانە ئەركی دەوڵەتن و تەعامولیشیان لەگەڵ ئەوە دەبێ، دەربارەی دارشتنەوەی هەندێ صیغە، یاخود داخیلكردنی هەندێ وشەی عیلمی یان فەنی بۆ ئەم یاسایە، دیسان وەكو باسمان كرد، لەناو یاسا گشتیەكە هاتووە و ئەركەكەی سپاردووە بە یەكێك لە وەزارەتەكان، بۆیە ئەگەر لەوێ بیگوازینەوە و بیهێنینە ناو ئەو یاسایە، ئەم ئەركە دەخاتە سەر ئەو دەستەیە كە لە ئەساسدا كاری ئەو نیە، هەروەكو برای بەڕێزم ئیشارەتی پێدا مەسەلەی مین هەڵگرتنەوە كاری ئەم دەستەیە نیە، بەڵام ئەم دەستەیە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار كار دەكات بۆ لابردنی ئاساری مین، یاخود مەسەلەی ئاستی پیسی ژینگە، ئاستی پیسی ژینگە

مستەوایەك هەیە، تۆ ناتوانی بڵێی ژینگە تا نیسبەتێك پیس نابێ، ئەوە لە دەستی تۆدا نیە، بەڵام تۆ لەو ئاستە بەرەو سەر کە چوو تۆ دەبێ بکەویتە چاککردنی، بۆیە عەملیەی تەحسینی بیئە دوو بەشە، بەشێکی ئەو بەشەی کە رێی پێنەدراوە، کەنابێت ژینگە تا حەدیك پیسە لەوە پیستر بێ، بەشەکەی تری، تۆ دەبێ لە خوار ئەو ئاستەش ئیش بکەی کە چاکی بکەی، بۆیە صیغەکەی کە لێرە هاتووە، صیغەیەکی تەواوە و من تەئیدی دەکەم وەکو لێژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیار هەبوو لێژنەی یاسایی کە ئەوە لابچێ (و منع تلویثها).

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە لە لایەن یەك ئەندام پەرلەمانەوە پێشکەش کرا، کەس پشتگیری لێ نەکرد، بۆیە ئێمە ئیشارەتمان پێ نەدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزێك داوای کرد کە بەرەئی ئەو زیادە پاراستنی ژینگە و تەندروستی تێدا بێ، چونکە من ئەوەی بە هەڵە دەزانم، تەندروستی بەشێکە لە ژینگە، ئێمە خۆمان وەزارەتێکمان هەیە بەناوی وەزارەتی کاروباری تەندروستی و ژینگە، خۆمان دەنگمان لەسەر داوە و خۆمان ئەو ناوەمان دایە و بەشی ژینگەشمان کردووتەوە بەشێکە لە تەندروستی، ئێمە چۆن دەتوانین تەندروستی لابەین لێرە، بۆیە ئەوە مومکین نیە، سوپاس.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو بەڕێز باسیان لەوە کرد کە مەسەلەی مین هەرچەندە لێرە بەتەعاون هاتیە، بەس لە هەموو جیهاندا کە ئەم قسەیە دەڵێن بەراستی لە یاسای هیچ وڵاتێك نیە مین لەسەر ژینگە بێتن هەتا لە عیراقیش تەنها بۆ سەرپەرشتی هاتووە بەراستی، من وەکو سێیەم کەس لەگەڵ ئەوەم، ئێمە کاتێك باس لەو دەستەیە دەکەین، دەڵێین ئەمە با زۆر ئەرکی لەسەر نەبێ ئەمە موجەرەد دەستەیەکە، بۆچی ئەرکی خاوێن کردنەوەی ئەم حوقولە مینانە بە تەعاون بخەینە سەر ژینگەوە؟، من پێم وایە ئەوە بەراستی جێگای ئەوێ نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تكایە لێژنەی هاوبەش موشاوەراتی خۆتان ئەكەن، ڕەئیسی لێژنە موشاوەراتەكان تەرح ئەكەن، یان یەكێك بەناوی هەمووتانەوە نەك هەر یەك ڕەئیەكی بدات تكایە، ئێستا ماددەكە فەقەرە فەقەرە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، بەناوی هەمووتانەوە، نەك هەر یەكی ڕەئیەك بدات.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موناقەشەكان بەو شێوە بەڕێوەدەچێ، تەبیعی ئێمە لێرە تەمسیلی لێژنەی یاسایی دەكەین، بەڕێزانیش تەمسیلی لێژنەی صیحەی دەكەن، بەڵام ئێمە كە دانیشتین بە زۆرینەی دەنگ ئەو پێشنیارەمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز كردووە، هەندێك مولاحەزاتان هات لەكاتی موناقەشەكردنی ئەم دوو پرۆژەیە لە ڕۆژانی رابوردوو ئەم موناقەشەیە بە تەفصیل كراوە، ئێمە ئێستا دیسان تەئكیدی ڕەئیەكەی خۆمان دەكەینەوە، بەڵام دیسان پێمان وایە، ئەو دزگایە موختەص نیە بە پاكژكردنەوەی زەوی لە مین، بەڵكو ئەو دەزگایە تەنها ئیزالە و موعالەجەی ئاساری ئەو مەسەلەیە دەكات، فەقەت لەگەڵ كێ دەكاتن، لەگەڵ ئەو جیهەتانەی كە هەڵدەستێ بە هەڵگرتنەوەی مین، یەعنی ئەو دەزگایە موختەص نیە بە هەڵگرتنەوەی مین، حەز دەكەم ئەوەی بڵێم بە ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە ئێمە لەكاتی موناقەشە كردن، ئەو موقتەرەحەی هەمان بوو بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرت و بۆ پەرلەمانمان بەجێهێشت كە چۆن ڕەئی لەسەر بدات ئەوە پەرلەمان ئازادە، بەڵام زۆرینەی هەردوو لێژنە بەم شێوەیەی كە دامانڕێشتووە ئاراستەی بەڕێزتان دەكەین كە بدرێتە تەصویت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەم بكەن ماددەی سێ بخوێننەوە لەگەڵ ئیزافەكە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تهدف الهيئة الى ما يلي:

1-حماية و تحسين البيئة و تطويرها و منع تلويثها للمحافظة على نظافة و جمالية الاقليم.

2-حماية البيئة و الصحة العامة من اخطار الانشطة و الافعال المضرة بالبيئة و الانسان.

3-ازالة و معالجة اثار الاسلحة الكيمياوية و المنفلقة بالتعاون مع الجهات ذات العلاقة لتنظيف حقول الالغام و المخلفات من الاسلحة و الاعتدة المسببة للتلوث البيئي.

4-رفع مستوى الوعي البيئي و ترسيخ الشعور بالمسؤولية الفردية و الجماعية لحماية البيئة و تحسينها و تفعيل دور منظمات المجتمع المدني و تشجيع الجهود التطوعية في هذا المجال.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا، نوقتەی نیزامی فەرمو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منع تلويثها نابێ، الحد من تلويثها، منع ناکرێ، چونکە تلوثي بيئە شتێك نيە بەس عايدی هەرێمی کوردستان بێت، ئێمە تەلەوس دروست بکەين، زۆر جار هەيە تەلەوەس لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دێنە ئێرە، لەبەر ئەوە لە کۆنترۆلی تۆ دەردەچێت، الحد من التلويث، يەعنی تۆ بە هەموو شێوەيەك موحاوەلە دەکەی ئەو تەلەوەسە کەم کەيتەوە و نەگاتە ئێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکايە موداخەلە خەلاص، وام زانی نيزاميە نەم زانی شەرحە، رەجائەن کێ لەگەڵە وەك ئاخير صياغەی کە سەرۆکی لێژنەی ياسايی خوێنديەوە دەست بەرز بکاتەوە تکايە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نيە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی چوارەم فەرموون.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

تتولى الهيئة المهام الآتية لتحقيق أهدافها:

1- إقتراح السياسة العامة لحماية البيئة من التلوث و العمل على تحسين نوعيتها و رفعها إلى مجلس الوزراء للمصادقة عليها و تكون ملزمة الاتباع في الاقليم.

2- وضع الخطط السنوية و المتوسطة و بعيدة المدى لحماية البيئة و تحسينها.

3- إصدار التعليمات الخاصة بالمحددات و الضوابط و المعلومات البيئية المطلوبة و مراقبة الملائة البيئية للمشاريع، و سلامة و صحة تنفيذ هذه التعليمات مع الأخذ بنظر الإعتبار العهود و المواثيق الدولية لحماية البيئة و القوانين النافذة.

4- إجراء المسوحات البيئية و الفحوصات المتعلقة بالملوثات البيئية و العوامل المؤثرة في سلامة البيئة بالتنسيق مع الوزارات و الجهات المعنية.

**بەڕێز کاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

دەستە ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ بۆ بەديهێنانی ئامانجەکانی:

1- پێشنیازکردنی سیاسەتی گشتی بۆ پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و کارکردن لە پێناو چاککردنی جۆرەکەی و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی پەسندکردنی و دەبێ پەیرەو بکرێ لە هەرێم.

2- دانانی پلانی ساڵانە و ناوەندیی و درێژخایەن بۆ پاراستنی ژینگە و چاککردنی.

3- دەرچوواندنی ڕێنمایی تایبەت بۆ دەستنیشان کردن و بەرزەفتیەکان و زانیاری پێویستی ژینگەیی و چاودێری کردنی گونجانی ژینگە بۆ پرۆژەکان و سەلامەتی و دروستی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییانە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەڵێن و پەیمانە نێو دەولەتیەکان بۆ پاراستنی ژینگە و یاسا کار پێکراوەکان.

4-ئەنجامدانی ڕێپێوکردنی ژینگەیی و پشکنینەکان کە پەیوەندیدارن بە پیسکەرەکانی ژینگە و هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر سەلامەتی ژینگە بە هەماهەنگ کردن لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو زۆرینەی هەردوو لێژنەی یاسایی و لێژنەی تەندروستی و ژینگە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها دوو تێبینیمان هەیە، یەکەمیان ئەوەیە: دووبارە داڕشتنەوەی بڕگە (1)ی ماددەکە کە بەو شێوەیە دەبێت:

(إقتراح السياسة العامة لحماية البيئة من التلوث و العمل على تحسين نوعيتها و رفعها إلى مجلس الوزراء للمصادقة عليها)

دووەم: دووبارە داڕشتنەوەی بڕگە (4)ی ماددەکە کە بەو شێوەیە دەبێ:

(إجراء المسوحات و الفحوصات المتعلقة بالملوثات البيئية و العوامل المؤثرة على سلامة البيئة و إعداد الخرائط البيئية بالتنسيق مع الوزارات و الجهات ذات العلاقة)

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکات، تکایە ناوتان بڵێن، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسیوە، ئەو بەڕێزانەن: لانا أحمد، عمر نورەدینی، ناسك توفیق، زکیە سەید صالح، د. بشیر خلیل، پەروین عبدالرحمن، تارا تحسین، عمر عبدالعزیز، د.أحمد وەرتێ، کەس ماوە؟ نیە، ڕێزدار لانا خان کەرەمکە.

**بەڕێز لانا أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەس ئیقتیراحێکم هەیە بە نیسبەت ماددەی (4)، فەقەرەی یەکەم ئەو جوملەی بۆ ئیزافە بکرێ (إقتراح السياسة العامة لحماية البيئة من التلوث و العمل على تحسين نوعيتها و المحافظة على مكونات البيئة و عناصرها و الإرتقاء بها و رفعها إلى مجلس الوزراء للمصادقة عليها)، فەقەرەی (4)یش وەك خۆی بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عمر نورەدینی، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر حمد أمین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی کە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەودەستەیە، بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیارکردنەوەی ژینگەییە، هەروەها پتەوکردنی هەست کردنی بەرپرسیارێتی تاك و کۆمەڵگایە، هەروەها بەو پێیەی کە بۆ هێنانە دی هەر ئامانجێك ئێمە پێویستمان بە دیاری کردنی ئەرکێك و دیاری کردنی میکانیزم و ئالیەتی تایبەتیە، بۆیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری من پێشنیار دەکەم کە لەو ماددەیەدا ئەرکێکی تر زیاد بکرێ، ئەویش ئەنجامدانی باس و لێکۆڵینەوەی زانستی، هەروەها گرێدانی کۆنگرە و کۆنفرانس و سیمیناری تایبەت بە بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری، هەروەها دەستنیشان کردنی گیر و گرفتەکان و پێشنیار کردن بۆ چارەسەریان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ناسك خان، کەرەمکە.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە خاڵی یەکەمی منیش کە حەز دەکەم زیاد بکرێ هەر ئەو قسەی کاك دکتۆرە، بەڵام من بە شێوەیەکی تر دەڵێم: کاتێ تۆ ئامانجت هۆشیارکردنەوەیە بەڵام لە ئەرکەکانـدا ئـەرکێ دیـاری نـەکراوە، ئەگەر خاڵێك زیاد بکەین، بڵێین: بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بە تایبەتی لە نێوان توێژە جیاجیاکان، بە تایبەتی لە ناوەندەکانی خوێندن، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر: ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی ساڵانە لەسەر بارودۆخی ژینگەی کوردستان و پێشکەش کردنی بە ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی بەرچاو ڕۆشن بێ لەسەر ئاستی ئەوە، خاڵی چوارەمی ماددەکەش، دیارە کە دەڵێ بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەوە بنووسرێ لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم و عیراق، چونکە ژینگە دابڕاو نیە لە عیراق، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار زکیة صالح، کەرەمکە.

**بەڕێز زکیە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالا یەکێ دا هاتی پێشنیازکردن، بە ڕەئیا من ژ بڕی پێشنیاز کردن، ئەڤە ببێت و نەبێت دەزگایەکی جێبەجێکارە ژی، ژ بەر هەندێ پێشنیازکردن و جێبەجێ کردن ژی بێتە زێدە کرن، و ئەوی دیکەژی خالا ئێکێ و دووێ بکەینە خالەك، یەعنی دەمج بکەین لەگەڵ یەك بێتە صیاغە کردن، پێشنیازکردن و جێبەجێ کردنی سیاسات و ستراتیجیات و پلانی تایبەت بە پاراستنی ژینگە بە پێکهاتە جۆراو جۆرەکانی و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی پەسندکردن، بە ڕەئی من ئەگەر خالاکادی ژی بێتە زێدەکرن باشە، ئەو ژی ئەو حالەتێکی تارئ پێش سەبارەت ژینگەهێ، خاڵەك ژی ڤی ڕەنگی بێتە دارێتن، دانانی پلانی ناکاوی نیشتمانی بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو ڕووداوە سروشتیانە و پیسبوونی بە هەموو شێوازێك، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار بشیر خلیل، کەرەمکە.

**بەڕێز بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (4) خاڵی (3)، مولاحەزەکم هەیە لە نەصە عەرەبیەکەی، (إصدار التعليمات الخاصة بالمحددات و الروابط و المعلومات البيئية المطلوبة و مراقبة الملائة البيئية)، ئەگەر مەلائەیە ئەوە وشەکە مەعنای گونجان نادا لە زمانی کوردیدا، ئەگەریش لە تەبعەکەی غەلەت بووە، پێیان بڵێن: مولائەمەیە یان مەلائەیە؟ مەلائە مەعنای گونجان نادا، یان ببێتە (الملائمة البيئية) یان ببێتە (السلامة البيئية للمشاريع)، واتا (سلامة)ەکەی پاشان کە دەڵێ: (و سلامة و صحة تنفيذ هذه المشاريع)، ئەو سەلامەی دووەم زیادە لەوێ، بێتە جێی مەلائەکە، ببێتە (ومراقبة السلامة البيئية للمشاريع)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پەروین خان، کەرەمکە.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە خاڵێك بۆ ئەوە زیاد بکرێ، سەرەتا پشتگیری هەردوو لێژنەکە دەکەم، کە سەرپەرشتی کاری گواستنەوە و چارەسەرکردنی پاشماوە خراپەکان بکات، دووەم: پێدانی ڕەزامەندی بۆ هێنانی غازات و کەل و پەلی ساردکەرەوە (ئەجهیزەی تەبرید)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار تارا خان، کەرەمکە.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر ئەوەندە پێشنیاز دەکەم، ئەگەر بکرێت لە فەقەرەی دووەم کە باس دەکات بۆ پلانی ساڵانە و ناوەندی کە دیار دەکرێت، لێرەدا پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران دەکرێ بۆ پەسندکردنی، بۆ ئەوەی دواتر سەرجەم حکومەت و هەڵبەتە وەزارەت و دام و دەزگاکان ئاگاداری یەکتر بن لە دانانی ئەو پلانە و ئەو پرۆژانەی کە بۆ ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدان دادەنرێت، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمایەکی ژینگەیی بن، زاراوەی پەرەپێدانی بەردەوام، تەنمیەی موستەدامە ڕەچاو بکرێ لە داڕشتنی پلانەکان، بۆی زیاد بکرێت، من وای دەبینم، دووەم خاڵیش: ئەوەی دەیبینم ئەرکێکی تر ئەگەر بکرێت لە ڕووی یاساییەوە بۆ ئەو دەستەیە زیاد بکرێت بە دواداچوون هەبێت، یاسایی بەسەر ئەو کەسانەی سەرپێچکارانی بنەمای زانستیەکانی ژینگەیی بن، واتا ماف شکایەت کردنیان هەبێ لەو دەزگایە بتوانن، ئەگەر لە ڕووی یاساییەوە دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عمر عبدالعزیز، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی چوارەوە من دوو، سێ تێبینیم هەیە، یەکەمیان: پشتگیری تەعدیلاتی هەر دوو بەڕێزان لێژنەی یاسایی و تەندروستی و ژینگە دەکەم، (ما عدا) ئەوەی کە تەعدیلیان کردووە لە خاڵی (3) کە دێمە سەری، من وادەزانم تێکەڵیەك لە بەینی ئەو مەهام و ئەهدافە دروست بووە، یەعنی بەشێك لە ئەهداف، لەوێ مەهامە ئەوەی نووسراوە، بۆ نموونە: (إزالة و معالجة آثار الأسلحة)، ئەوە نابێتە هەدەف بەڕاستی، فەرقی چیە لەگەڵ خاڵی (3) کە نووسیومانە (إصدار التعليمات الخاصة)، یان شتێکی میکانیزمە زیاتر لەوەی ئامانج بێ، بە بۆچوونی خۆم تێکەڵیەك لە بەینی ئامانجەکان و ئەرکەکان دروست بووە، بە نیسبەت خاڵی (3) مولاحەزەیەکی لوغەوی و قەواعیدی هەیە کە ئەگەر ڕێزدارانی لێژنە مولاحەزەی بکەن، لێژنەی یاسایی، (إصدار التعليمات الخاصة بالمحددات و الثوابت و المعلومات البيئية المطلوبة و مراقبة الملائمة البيئية للمشاريع، و سلامة و صحة تنفيذ هذه التعليمات مع الأخذ بنظر الإعتبار)، ئەوە بەو شێوەیە نابێ لە عەرەبی، دەبێت بوترێ: (مع أخذ العهود و المواثيق بنظر الإعتبار)، یەعنی (أخذ بنظر الإعتبار) بچێتە ئاخیری ڕستەکەوە، بە نیسبەت خاڵی (3): ئیقتیراحی بڕگەیەك دەکەم ئیزافە بکرێ، لەگەڵ ئەوەی کە هەردوو لێژنەی بەڕێز قسەی زۆریان لەسەر کردووە، بە تایبەتی لێژنەی تەندروستی و ژینگە کە مەعنیە بەمە، بەڵام با مەجالێك بهێڵینەوە، ئەگەر ئێمە شتێکمان لە دەست دەرچووبێ، بۆی نەچووبین، نەهاتبێت بە خەیاڵ و زهنماندا، ماددەیەك ئیزافە بکەین کە دانی صەلاحیات بێ بەو هەیئە بەڕێزە، بەو شێوەیە: (إقتراح مشروع قوانين)، یەعنی لە زمنی مەهامدا ئەوە دادەنێین، (إقتراح مشروع القوانين و الأنظمة المتعلقة بتحسين البيئة و رفعها إلى مجلس الوزراء لغرض المصادقة عليها)، کە ئەوە ڕەنگە

بڵێم تەحصیل حاصلە، بەس وەکو کاك شێروان لـە فەقەرەیـەکی تـردا ڕوونـی کـردەوە، ئەگـەر تـەوزیحێکی باشتری بۆ بدەین زیاتر خزمەت دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د. أحمد وەرتێ، کەرەمکە.

**بەڕێز د. أحمد إبراهیم علی احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانم کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، لێژنەی یاسایی وەڵامتان بۆ ئەو موداخەلانە تکایە؟

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، هەندێکیان باسـیان لـە دەمـج کردنـی خاڵـەکان کرد، خاڵەکان یەك بگرنەوە، یان بە کورتر باس بکرێ، بەو شێوەیەی کـە هـاتووە لـە پـرۆژەکـەی حکومـەت، وابزانم خاڵەکان لەوە کورتر بکرێتەوە ئەو موعنایە نادا کە پێویستە ئـەو دەسـتەیە بـەو ئەرکانـە هەسـتێ، سەبارەت بە بحوس و دیراسات، کە پێشنیار کرا (إجراء البحوث و الدراسات)، ئەوە شتێکی زۆرباشە پشتگیری لێدەکەین، بەڵام لە یاسای ژمـارە (8)ی (2008)، لـەو یاسـایەدا هـاتووە، لـە مـاددە (3)ی یاسـاکە بـاس لـەو خاڵـە کـراوە، هـەروەها بـاس لـە پـرۆگرامـی خوێنـدن کـرا لـە وەزارەتـی پـەروەردە، ئـەوەش لـە یاسـاکە ئـەو خاڵانەی هەموو تێدایە، لە مـاددە (3) بـڕگـە (3) هـاتووە: (علـى المؤسسـات التربويـة و الأكاديميـة في الإقلـيم العامة و الخاصة أن تدخل في مناهجها برامج تربوية بيئية بالتنسيق مع الوزارة)، ئەو خاڵەش لەوێ هاتووە، سەبارەت بەو پێشنیارەی کە لەلایەن د. بشیر کرا، (الرقابە البیئیە)، (السلامة البيئية)، ئێمەش پێمان باشـە (مراقبة الملائمة البيئية للمشاريع) بکرێتـە (السـلامة البيئيـة للمشـاريع)، پشـتگیری لـەو پێشـنیارەی دکتـۆر دەکەین، سەبارەت بە پێشـنیاری بەدواداچـوون بکـرێ بـۆ ئـەوەی تـا چـەند بـزانین کارگـەکان ڕەچـاوی ئـەو پێوەرە نێودەوڵەتیانە دەکەن، بۆ چاککردنی ژینگە، یاخود پیسبوونی ژینگە کەم بکرێتەوە، ئەوە لـە مـاددە (16)ی یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2008 هەیئەی ڕەقابە و تەفتیشمان هەیە، کە بە دواداچوون دەکات دوای ئەوە کارگەکان ڕەزامەندی وەردەگرن، کەوا پێوەرەکـانی چاککردنی ژینگـە لەبەرچـاو بگـرن و ئیشـەکانیان، کارەکانیان، یاخود کارگەکانیان نەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە، ئـەوە دوای دامەزرانـدنیش، سـەرۆکی دەسـتە بۆی هەیە ئەو کارگانە رابگرێ و دایبخات، ئەگەر لە دوای کارکردنیان ڕەچاوی ئەو شـتانەیان نـەکرد، ئـەوە کاری هەیئەی تەفتیش و ڕەقابەی بیئیە، کە لە ماددە (16) باس کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی كەرەمكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیزافەتەن لەسەر ئەوەی دكتۆرە ڕۆژان ئیشارەتی پێدا، ئێمەش پێمان وایە (الملائمة البیئیة)، زۆر زۆر گونجاو نیە، ئەگەر ببێتە (السلامة البیئیة) یان (الملائمة البیئیة) ڕەنگە باشتر بێ، وەك بلێی خەلك بە سەهلی تێی دەگا، ئەوە خالێ یەكەم، بەس بە نیسبەت ئەو خالەی تر كە برای بەڕێزم كاك عمر عبدالعزیز ئیشارەتی پێدا، بە نیسبەت ئیقتیراحی مەشاریعی قەوانین، ئێمە بلێین ئەو هەیئاتە، ئێمە دەبێ یان بدەینە هەموو هەیئاتێك، یان نابێ بدەینە هەیئەتێك، نەدەنە هەیئەتێكی تر، كەواتە ئەوە جێگای نیە لێرە ئێمە دەسەڵاتیان بدەینێ كە حەقیان هەبێ ئیقتیراحی مەشاریعی قەوانین بكەین، بەڵام ئەگەر ئێمە هاتینە ئەو قەناعەتەی كە ئیقتیراحی مەشاریعی قەوانین بدەینە ئەو هەیئاتانەی كە (غیر مرتبطة) بە وەزارەت، ئێمە دەتوانین بە شكلێكی عام لە یاسایەكدا، یان لە تەعدیلێكدا، یان لە نیزام داخلی خۆمان دا، (علی كل حال) دەبێ ئیشارەت بەو مەسەلانە بدەین، عەجەبە (الهیئات الغیر المرتبطة بالوزارة) حەقی ئەوەی هەیە مەشاریعی تەقدیم بكات؟ یان تەقدیم نەكات، نەك تەنها موعالەجەی ئەو خاڵە بكەین، ئەوەی تر: بە ڕەئی ئێمە من نازانم مەسەلەی كەواریسی تەبیعی تێدا هاتیە، ئەگەر بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئیجازەم پێ بدا، من تەنها عینوانی فەصلەكانم لە قانون ژمارە (18)م خوێندەوە، هەتا بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر فەصلەكانیان بۆ بخوێنمەوە، ڕەنگە ئەو سوئالانەی كە دەیكەن، نەیكەن، چونكە هەموو لە فەصل و بابەتەكان هەیە، ئەگەر جەنابی سەرۆكی پەرلەمان ڕێگەم پێ بدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەمكە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەو فەصلانەی كە لە قانونی ژمارە (8)ی ساڵی (2008) هاتووە، حەز دەكەم ئیتیلاعتان لەسەر هەبێ و باش بیخوێننەوە، یەك لەو فەصلانە:

1- صندوق حماية و تحسين البيئة في الإقليم.

2- التخطيط البيئي.

3- تقدير الأثر البيئي و الموافقات البيئية.

4- التفتيش و الرقابة البيئية.

5- التدابير التحفيزية.

6- المسؤولية و التعويض عن الأضرار.

7- حماية و تحسين المياه.

8- حماية و تحسين الهواء.

9- حماية و تحسين التربة.

10- المحافظة على التنوع الأحيائي.

11- إدارة النفايات و المواد الخطرة.

12- المبيدات و المركبات الكيميائية.

13- مواجهة الكوارث الطبيعية.

14- الأحكام الختامية.

15- الأحكام العقابية.

ئەوە بە تەفصیل هاتووە لەو یاسایە، بۆیە ئێمە دوای گفتوگۆ کردن هاتینە ئەو قەناعەتە کە ئەو یاسایە (نافذ المفعول) بێ بەو قەدەرەی کە تەعارووز نەکات لەگەڵ ئەو یاسایەی کە ئەورۆ ئێمە پەسندی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر جەنابت ڕێگە بدەی، من بەشی دووەمی یاسای ژمارە (8)ی ساڵی (2008) دەخوێنمەوە، پرینسیپە بنەڕەتیەکان و حوکمە گشتیەکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

1-هەموو مرۆڤێك مافی ئەوەی هەیە لە ژینگەیەکی هێمن و پاك دا بژی، ئەرکی هەموو کەسێکە کار لە پێناو پاراستنی ژینگە و پاکییەکەیدا بکات.

2-مەسەلەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە کرداری پلاندانانندا لەسەر ئاستی یاساکاری و بەرنامە و نەخشە و پەرەپێدان بۆ هەموو کەرتە جیاوازەکان لە هەرێمدا ڕەچاو دەکرێ.

3-پێویستە هەموو دەزگاکانی پەروەردە و ئەکادیمی لە هەرێم، چ گشتی و چ تایبەتی، بەرنامەی پەروەردەیی ژینگەیی بخەنە نێو پرۆگرامەکانیان، ئەوەش بە هەماهەنگی دەبێت لەگەڵ وەزارەتدا.

4-پێویسته لەسەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگا گشتیەکان و تایبەتیەکان کە لە مەیدانی پەروەردە و فێرکردن و مەشق و لێکۆڵینەوە و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و ئەوقاف و ئەوانی تر کار دەکەن، هەوڵ لە پێناو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری ژینگەیی لە هەرێمدا بدەن.
5-پێویسته لەسەر هەموو لایەنە کارگێڕییەکان، هەر یەکەو بە پێی تایبەتمەندی خۆیان کار لە پێناوی کەمکردنەوەی بە کارهێنانی داهاتە سروشتیەکان بۆ هێنانی گەشەپێدانی بەردەوام بکەن.
6-پێویسته لەسەر دەزگا تەندروستیەکان و دەزگای پێوان و کۆنترۆلی جۆری پرینسیپەکانی تەندروستی ژینگەیی لە پرۆگرامی کارەکانیان دا ڕەچاو بکەن.
7-وەزارەت بۆی هەیە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتیە ناحکومیەکان لە بواری پاراستن و چاکردنی ژینگە دا بکات.
8-پێویسته وەزارەت هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراقدا لە هەر چیەك پەیوەندی بە ڕێككەوتننامە نێودەوڵەتیەکانەوە هەیە بکات.
کەواتە هەموو ئەو خاڵانەی کە پەیوەندی هەیە بە کاری ژینگەیی ناکەوێتە ئەستۆی ئەو هەیئەتە، ئێمە باسی هەیئەتێکی بچووك دەکەین، لەگەڵ هەیئەتەکە مەجلیسێك هەیە بەشێك لە کارەکان ئەو مەجلیسە دەیکات، کە لە هەموو دەزگا پەیوەندیدرەکانی حکومەت پێك هاتووە، ئەرکێکی زۆریش دەکەوێتە سەر ئەو مەجلیسە کە بەشێکیان هەموو ئەو وەزارەتانەی تێدایە لە پەروەردە، لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەر وەکو بینیشتان ئەرك دەخاتە سەر هەموو لایەك، هەتا وەزارەتی ئەوقاف و کۆمەڵەی ئەو وەزارەتانەی تر لە مەسەلەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی، بە نیسبەت ئیتیفاقاتی نێودەوڵەتیش، بەڕاستی ئیتیفاقات، ئیتیفاقاتێکی چۆن دەڵێی کاری حکومەتی عێراقە، کاری دەولیە، لەوانە ئیتیفاقی حیمایەی توراسی عالەمی هەیە کە یونسکۆ دەیکات، ئەوەش لەگەڵ عێراق دەیکات، عێراق تەسجیلی خاڵەکان دەکات، تەرشیحی شوێنەکان دەکات، دووەم: قانونی دەولی هەیە بۆ ئیدارەی مەوادی کیمیاوی، مونەزەمەی ئەغزییە و زراعەی عالەمی دەیکات، ئیتیفاقی (سلامة) هەیە لە مەوادی کیمیاوی، ئەویش مونەزەمەی عەمەلی دەولی دەیکات، لائیحەی ئیتیحادی ئیقتیصادی ئەورووپی عەینەن شت لە ساڵەکانی (84)، (85)، (98)، ئەو لائیحەی داناوە، ئیتیفاقی بازل هەیە لە ساڵی (1989) ئەوەش بۆ نەقلی نەفایات لە بەینی دەوڵەت، یەعنی هەموو ئەو کارانەی کە ئێستا باسی دەکەین، چ بیئەی تەبیعی، چ بیئەی تەسویقی، هەموو شموولی ئێمە ناکات وەکو هەرێم، هەموو شموولی ئەو هەیئەیە ناکات وەکو هەیئە، بەڵکو کارەکە تەوزیح دەبێ لە بەینی دەوڵەتان، عیراق، هەرێم، لە هەرێمیشدا لە بەینی دەستە و ئەنجومەنی ژینگە، لە بەینی هەموو دەزگاکانی پەیوەندیداریش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئاخیر صیاغە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، کەرەمکە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

المادة الرابعة:

تتولى الهيئة المهام الآتية لتحقيق أهدافها:

1- إقتراح السياسة العامة لحماية البيئة من التلوث و العمل على تحسين نوعيتها و رفعها إلى مجلس الوزراء للمصادقة عليها.

2- وضع الخطط السنوية و المتوسطة و بعيدة المدى لحماية البيئة و تحسينها.

3- إصدار التعليمات الخاصة بالمحددات و الضوابط و المعلومات البيئية المطلوبة و مراقبة السلامة البيئية للمشاريع، و سلامة و صحة تنفيذ هذه التعليمات مع الأخذ بنظر الإعتبار العهود و المواثيق الدولية لحماية البيئة و القوانين النافذة.

4- إجراء المسوحات و الفحوصات المتعلقة بالملوثات البيئية و العوامل المؤثرة على سلامة البيئة و إعداد الخرائط البيئية بالتنسيق مع الوزارات و الجهات المعنية.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

ماددەی چوارەم:

دەستە ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی:

1- پێشنیازکردنی سیاسەتی گشتی بۆ پاراستنی ژینگە لە پیسبوون و کارکردن لە پێناو چاککردنی جۆرەکەی و بەرزکردنەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بە مەبەستی پەسندکردنی.

2- دانانی پلانی ساڵانە و ناوەندیی و درێژخایەن بۆ پاراستنی ژینگە و چاککردنی.

3- دەرچوواندنی ڕێنمایی تایبەت بۆ دەستنیشان کردن و بەرزەفتیەکان و زانیاری پێویستی ژینگەیی و چاودێری کردنی گونجانی ژینگە بۆ پرۆژەکان و سەلامەتی و دروستی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییانە، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەڵێن و پەیمانە نێو دەولەتیەکان بۆ پاراستنی ژینگە و یاسا کار پێکراوەکان.

4- ئەنجامدانی ڕووپێوەکان و پشکنینەکانی پەیوەست بە پیسبوونی ژینگە و ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر سەلامەتی ژینگە و ئامادەکردنی نەخشە ژینگەییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ لەگەڵە بەو صیاغەیەی کە بە عەرەبی و کوردی خوێندرایەوە، دەستی بەرز بکات تکایە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی پێنجەم، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

اولاً: يكون للهيئة رئيس بدرجة خاصة وهو الرئيس الأعلى لها و المسؤول عن اعمالها وتوجيه سياساتها، والاشراف والرقابة عليها، وتصدر عنه وتنفذ بإشرافه جميع القرارات والأوامر والتعليمات في كل ما له علاقة

بمهام الهيئة وصلاحياتها و سائر شؤونها الفنية والمالية والإدارية وفق أحكام القانون، وهو المسؤول أمام مجلس الوزراء.

ثانياً: يشترط فيمن يعين رئيساً للهيئة مايلي:

1- أن يكون من مواطني الاقليم و مقيماً فيه إقامة دائمة.

2- أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية على الأقل، ومتمتعاً بالكفاءة والخبرة في مجال الإختصاص.

3- أن يكون حسن السيرة والسلوك وغير محكوم بجريمة مخلة بالشرف.

4- لم يشارك في الجرائم التي إرتكبتها السلطة القمعية.

ثالثاً: يعين الرئيس بمرسوم اقليمي وبناءاً على ترشيح من مجلس الوزراء.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: دەستە سەرۆکێکی دەبێ بەپلەی تایبەت و خۆی سەرۆکی باڵایەتی و بەرپرسە لەکارەکانی و ئاراستە کردنــی سیاســەتەکانی و سەرپەرشــتی و چــاودێری کردنــی و هــەموو بڕیــار و فــەرمان ورێنماییــەکانی پەیوەندییان هەبێ بەئەرکەکانی دەستە و دەسەڵاتەکانی و هەموو کاروبــارێکی هونــەریی و دارایــی بــە پێــی حوکمەکانی یاسا لەوەوە دەردەچــن و بــە سەرپەرشــتی ئــەو جێبــەجێ دەکــرێن و خــۆی بەرپرســە لەبــەردەم ئەنجومەنی وەزیرانــدا.

دووەم: ئەوەی بە سەرۆکی دەستە دادەمەزرێ دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی لێ بێتە دی:

1- دەبێ لە هاووڵاتی هەرێم بێ وبەردەوام لێی نیشتەجێ بێت.

2- دەبــێ بڕوانامــەی بــەرایی زانکــۆی بەلایــەنی کــەم هــەبێ و لــەبواری پســپۆڕییەکەی خــۆی لێهــاتوویی و شارەزایی هەبێت.

3- خوو و ڕەوشتی باش بێ و بە تاوانی ئابڕوو بەر حوکم نەدرابێ.

4- بەشداری لەو تاوانانە نەکردبێ کە دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر ئەنجامی دابن.

سێیەم: سەرۆك بە مەرسوومێکی هەرێمی و لەسەر پاڵاوتنی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و ژینگە لەگەڵ دەقی ماددەکــەین، تــەنها و تــەنها دوو مولاحــەزەمان هەیــە، مولاحــەزەی یەکــەمیان ئەوەیــە: دووبــارە داڕشــتنەوەی بڕگــە (1)ی لــە (أولاً)، لــە ماددەکە کە بەو شێوەیە دەبێ: (أن يكون من مواطني الإقليم أو ساكناً فيه)، مولاحەزەی دووەمیش: دووبارە

دارشتنەوەی بڕگە (3) (أولاً)، لە ماددەکە کە بەو شێوەیە دەبێ: ان یکون حسن السیرة والسلوك وغیر محکوم بجنایة او جنحة مخلة بالشرف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ دەیەوێ قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکات؟ بەڕێزان ئەو بەڕێزانە دەیانەوێ قسە بکەن، دانا سعید صوفی، د. بشیر خلیل، ڕزگار محمد أمین، عمر هەورامی، عمر عبدالعزیز، کەرەمکە، ڕێزدار دانا سعید.

**بەڕێز دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنیا تێبینیم لەسەر خاڵی سێیەم لە بڕگەی دووەم هەیە بە نیسبەت مەرجەکان، کە دەڵێ: دەبێ خوو و ڕەوشتی باش بێ و تاوانی ئابڕوو بەری نەبێ، ئێمە چۆن دەتوانین خوو و ڕەوشتی باش بێ؟ یەعنی چ قیاسێك هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بیپێوین، ڕاستیەکەی ئەوە لە ڕووی یاساییەوە ئەوە کافیە تاوانی ئابڕوو بەری نەبێ، پێموایە ئەوە کافیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د. بشیر، کەرەمکە.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دیسان لە نەصە عەرەبیەکەی دوو مولاحەزەم هەیە، لە خوێندنەوەکەی تەواو بوو، بەڵام لە نووسینەکەی (ال) زیادە، ئەویش لە (أولاً: یکون للهیئة رئیس بدرجة خاصة وهو الرئیس الاعلی لها)، لە سەتری ئەخیر (وهو المسؤول امام المجلس الوزراء)، (ال) مەجلیس زیادە، ئەگەر ئەوە هەیە، دەبێ لابچێ، لە خاڵی چوارەمی (ثانیاً) لە نەصە عەرەبیەکە (لم یشارك في الجرائم التي إرتکبتها السلطة القمعیة)، ئەوە ڕەکیکە لە زمانی عەرەبیدا، من وای بە چاك دەزانم کە بوترێ: (لم یکن قد شارك في الجرائم)، نەك (لم یشارك)، (لم یکن قد شارك) ئەوەی بەشداری نەکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ڕزگار محمد أمین، کەرەمکە.

**بەڕێز ڕزگار محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەم دووبارە لەسەر مەسەلەی (مواطن) هەیە، ئێمە ئەگەر ئاوا سەیری بکەین، بە زاهیری (مواطن)، تێدەگەین یەعنی خەڵکی کوردستان، بەڵام مەسەلەی (مواطن) وەکو تەعبیرێکی قانونی ورد کە مەعنا بدات، یان دەبێ تەعریف بکرێت، لە تەعریفەکاندا، ئەگەر بڵێین نایەوێ، ئەی ئیقلیم بۆ چیەتی؟ کە ئێمە ئیقلیمی کوردستانی عیراق تەعریف دەکەین، (المواطن) چۆن تەعریف نەکەین؟ ئەگەر نایەوێ، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ (مواطن)، من لە یەك لە قانونەکان دیتوومە، قانونی عقوبات، تەعریفی (مواطن)مان بۆ دەکات دەڵێ: (هو أحد رعايا جمهورية العراق و يعتبر في حكم المواطن من لا جنسية له إذا كان مقيماً في الجمهورية)، ما مەعنا (مواطن) کەسێکیش دەگرێتەوە کە جنسیەشی نیە، ئێمە ئەگەر یەکێك تەڵەبی تەقدیم کرد بڵێ: من (مواطن)ی کوردستانم، معیارەکان چیە؟ کەلیمەی (مواطن) کە ئێمە لێرە بە جنسیە وەرمان گرتووە، عیراق بە نیزامی جنسیەی وەرگرتووە، حەز دەکەم ئەوە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عمر هەورامی، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر صديق محمد هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها لەسەر سەرۆکی دەستە بە پلەی تایبەت، بە باوەڕی من ئەو پلەیە دەستنیشان بکرێ باشترە، چونکە دواتر ئەو سەرۆکی دەستەیە، هەم حقوق و هەم واجیباتی دەبێ، هەم مامەڵە دەکات لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومی و دامەزراوەی مەدەنی، بۆ ئەوەی حقوقەکانی و واجیبەکانی دیار بێت بە ڕوونی، باشتر وایە پلە تایبەتەکە دەستنیشان بکرێ، چ پلەیەکە؟ خاڵی چوارەم: (بەشداری لەو تاوانانە نەکردبێ کە دەسەڵاتی داپڵۆسێنەر ئەنجامی دابن)، تەصەور دەکەم ئەو بڕگەیەش هەندێ وزووحی دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالعزیز، کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی پێنج سێ تێبینیم هەیە، یەکیان: بە نیسبەت بڕگەی یەکەوە بەڕاستی زۆر درێژە، نازانم ئەو هەمموو عەتفەی بۆ چیە؟ ئەوە تەحصیل حاصلە، ڕەئیس کە موشریف بوو، کە مەسئول بوو، لەبەر ئەوە پێم باشە بکرێتە یەك دێر بەو شێوەیە: (يكون للهيئة رئيس بدرجة خاصة و هو المسؤول عن أعمالها و هو المسؤول أمام مجلس الوزراء)، چونکە ئەوانە هەمموو مەهامن نووسراون، بە تەبیعەتی حاڵ ڕەئیسی یەکەم ئەو ئیشانەی هەیە، چوار دێر زۆرە بۆ ئەوە، بە نیسبەت بڕگەی دوو، لە بەندی (2)، بڕگەی (2)، پێم باشە کە ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ: (أن يكون حاصلاً على شهادة جامعية أولية)، چونکە لە ئاخیری وتراوە (في مجال الإختصاص) شتێك دیاری نەکراوە، لە دوای (على الأقل)، ئەو عیبارەتە ئیزافە بکەین: (في

إحدى الفروع العلمية ذات العلاقة بالبيئة)، ئەگەر دەمانەوێ فیعلەن لە مەجالی ئیختیصاصی خۆی بێ، یان دەبێ شتێکی وا بڵێین، یان (فی مجال الإختصاص) وا بە عمومی بمێنێتەوە وازح نیە، کام مەجالی ئیختیصاص؟ ئەگەر باس لە بیئەشە، نامانەوێ تەحدیدەن بڵێین: بیئە بێ، با بڵێین: (ذات العلاقة)، یان (قریب من)، شتێك بڵێین، کە ئەو عیبارەتەم پێ باشە: (فی إحدی الفروع العلمیة ذات العلاقة بالبیئة)، بە نیسبەت خاڵی سێ، یەعنی بەندی (3) لە خاڵی (2)، (أن یکون حسن السیرة والسلوك وغیر محکوم علیە)، کەلیمەی (علیە) دەیەوێ، چونکە کەلیمەی محکوم دائیمەن دەبێ تەعەدی هەبێ بۆ حەرفێك، دەبێ بڵێی: (غیر محکوم علیة بجریمة مخلة بالشرف)، بەو نیسبەت خاڵی (4)، ئێمە لە هەموویان دا دەڵێین: (أن یکون کذا)، (أن یکون من مواطني)، (أن یکون حاصلاً)، (أن یکون حسن السیرة)، لێرەش بڵێین: (أن یکون غیر مشترك في الجرائم)، بەو کەلیمەی دەست پێنەکەین (لم یشارك)، چونکە سیاقی سێ خاڵەکەی تر ناخوا، وا باشترە وای لێ بکەین، بڵێین: (أن یکون غیر مشترك في الجرائم التي إرتکبتها السلطة القمعیة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تێبینی خاڵی (1) سەر بە خاڵی سێیەم، کاك دانا سەبارەت بە خوو و ڕەوشت، خوو و ڕەوشتی باش بێت، پێوەرەکە لای ئێمە پێوەری یاساییە، ئەگەر مەحکوم نەبێ ئەو کاتە خوو و ڕەوشتی باشە، بۆ تێبینیەکەی تر کە پەیوەندی بە (لم یکن قد شارك في الجرائم)، پێمانوایە تێبینیەکی ڕاستە، تەئکید کردنەوەیە بۆ فیعلەکە، دایدەنێین بەو شێوەیە، بۆ پێشنیاری تێبینی درێژی بڕگەکەی یەکەم، کە زیاتر پەیوەندیدارە بە ڕوونی و سادەیی، بۆ ئەوەی تەفسیری جیا جیا بۆ ئەو یاساکە ئێمە زیاتر تەئکید دەکەینەوە کە ئەمە هەموو داڕێژەرانی یاسایی دەبێت لەبەرچاوی بگرن، هەر یاسایەك دادەنێین چەند سادەتر بێت و هاووڵاتی باشتر لێی تێبگات ئیجابی ترە لەوەی کە تەفسیری جیا جیای بۆ بکرێت، بۆ تێبینی ئیختیصاص، دیارە کارەکەی چیە؟، ئیختیصاصەکە پەیوەندیدارە بە مەسەلەی ژینگەییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی حاکم رزگار وتی تەبعەن لەزۆر لە یاساکانی تریشدا هاتووە، (ان یکون من مواطني الاقلیم او ساکناً فیە) لە کۆبوونەوەی پێشتیریش ئەمەی ئیسارە کرد بەقەناعەتی ئێمە مواتەنە بەندە بە جنسیەکەوە بەڕاستی، کە جنسیەت هەبوو سیفەتی مواتەنەت دەدرێتێ، ئەگەر بمانەوێت یان نەمانەوێ ئێستا جنسیەی عێراقیمان هەیە، بۆیە حاڵی حازر ئەوەی هەیە، جنسیەی ئیتیحادی، مەسەلەی ئیتیحادیە، بەڵام مواتنی

کوردستانین ئێمە، حەتا ئەگەر جنسیەی عێراقیشمان هەبێت، بۆیە ئێمە ئەو صیاغەمان کە دۆزییەوە لەکاتی خۆشی برای بەڕێزم کاك فرسەت باش دەزانێت، کە لە زۆربەی زۆری یاساکان ئەو صیاغەمان دۆزییەوە، کە لەگەڵ وەزعی ئێمە بگونجێت، چ پێش ئازاد کردنی عێراق، چ دوای ئازاد کردنی عێراق، بۆیە ئێمە صیاغەیەکی وامان نیە بەنیسبەت مواتەنە لە هەرێمی کوردستان، یان یاسایەك یان شتێکی وا، حاڵی حازر ئەو بابەتە مەسەلەیەکی ئیتیحادییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەسەن، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەوەی کە سەرۆکی دەستە پلەی تایبەتی هەبێت، لەبەر ئەوەیە کە سەرۆکی دەستە تەنها سەرۆکی ئەو دەستەیە نابێت، لەهەمان کاتدا سەرۆکی ئەنجومەنی دەستەش دەبێت، کە دوایی دێینە سەری، مودیر عامی زۆربەی وەزارەتەکان تێیدا بەشدارن، بۆیە پێویستە بەڕاستی پلەکەی تایبەت بێت، بەنیسبەت پسپۆڕییەکەی، لێرەدا ئێمە دیارە بڕوانامەی زانکۆمان کردووە بە ئەساس بۆ پسپۆڕییەکەی، چونکە ئەم دەستەیە، یەکەم: دەستەیەکی ئیدارییە، دووەم: فەنییە، پێك دێت لەکۆمەڵێك دامودەزگای تر کە دامودەزگاکانیش هەم ئیدارین و هەم فەنیشن، کە لەوێ ئیختیصاصات تەبعەن جیا دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئاخر صیاغە بخوێننەوە، لەگەڵ ئەو تەعدیلاتانەی کە ئیشارەتیان پێکرا، تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

اولاً: يكون للهيئة رئيس بدرجة خاصة وهو الرئيس الاعلى لها و المسؤول عن اعمالها وتوجيه سياساتها، والاشراف والرقابة عليها، وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الهيئة وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية وفق احكام القانون، وهو المسؤول امام مجلس الوزراء.

ثانياً: يشترط فيمن يعين رئيساً للهيئة مايلي:

1 - ان يكون من مواطني الاقليم او ساكناً فيه.

2 - ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية على الأقل، ومتمتعاً بالكفاءة والخبرة في مجال الاختصاص.

3 - ان يكون حسن السيرة والسلوك وغير محكوم بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

4 - لم يكن قد شارك في الجرائم التي ارتكبتها السلطة القمعية.

ثالثاً: يعين الرئيس بمرسوم اقليمي وبناء على ترشيح من مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە بەكوردی بیخوێننەوە، باشە كاك عونی نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەوزیحم ئەوەیە كە نوقتەی نیزامیشە، لەبەر ئەوەی كاك شێروان مەوزوعێكی ئیسارە كرد، كە دەڵێت مواتەنە باس كراوە، لە دەستووری عێراقی ماددەی 110 ئەو قسەیە ڕاستە، ئێمە بەشێكین لە عێراق، مواتنی كوردستان مواتنە لە مواتنەكانی عێراق، بەڵام ئەگەر ئێمە تێبینی بكەین قانونی پەرلەمان و قانونی ئەنجومەنی وەزیران، ئەو كەسانەی كە تەرشیح دەكرێن بۆ هەر مەنسەبێك ئەحكامی عامەمان داناوە، ئیتیفاقمان لەسەر كردووە، لێرە بڵێین (او ساكناً) ئەوە بابەتەكە جیاوازە، دەبێ ببێت بە (وساكناً)ئەوە لەیاسای پەرلەمانی كوردستانیش بەو شێوەیە هاتووە، ئەگەر ئیجازەم دەدەنێ بیخوێنمەوە بۆتان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (وساكناً) نەك (او ساكناً) سوپاس بۆ نوقتە نیزامیەكەت، تكایە دووبارە بە عەرەبی بیخوێننەوە پاشان بەكوردی.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة:

اولاً: يكون للهيئة رئيس بدرجة خاصة وهو الرئيس الاعلى لها و المسؤول عن اعمالها وتوجيه سياساتها، والاشراف والرقابة عليها، وتصدر عنه وتنفذ باشرافه جميع القرارات والاوامر والتعليمات في كل ماله علاقة بمهام الهيئة وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والمالية والادارية وفق احكام القانون، وهو المسؤول امام مجلس الوزراء.

ثانياً: يشترط فيمن يعين رئيساً للهيئة مايلي:

1 - ان يكون من مواطني الاقليم و ساكناً فيه.

2 - ان يكون حاصلاً على شهادة جامعية اولية على الأقل، ومتمتعاً بالكفاءة والخبرة في مجال الاختصاص.

3 - ان يكون حسن السيرة والسلوك وغير محكوم بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

4 - لم يكن قد شارك في الجرائم التي ارتكبتها السلطة القمعية.

ثالثاً: يعين الرئيس بمرسوم اقليمي وبناء على ترشيح من مجلس الوزراء.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

یەكەم: دەستە سەرۆكێكی دەبێ بەپلەی تایبەت و خۆی سەرۆكی بالآیەتی و بەرپرسە لەكارەكانی و ئاراستە كردنـی سیاسـەتەكانی و سەرپەرشـتی و چـاودێری كردنـی و هـەموو بڕیـار و فـەرمان وڕێنماییـەكی پەیوەندییان هەبێ بەئەركەكانی دەستەو دەستەلآتەكانی و هەموو كاروبارێكی هونـەریی دارایـی بـە پێـی حوكمەكانی یاسا لەوەوە دەردەچن و بـە سەرپەرشـتی ئـەو جێبـەجێ دەكـرێن و خـۆی بەرپرسـە لەبـەردەم ئەنجومەنی وەزیراندا.

دووەم: ئەوەی بە سەرۆكی دەستە دادەمەزرێ دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی لێ بێتە دی:

1 - دەبێ هاوولآتی هەرێم ودانیشتووی بێت.

2 - دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانكۆی بـەلانی كـەم هـەبێ و لـەبواری پسـپۆڕییەكەی خـۆی لێهـاتوویی و شارەزایی هەبێت.

3 - دەبێ خوو و ڕەوشتی باش بێ و بە تاوانی جینایەت یان كەتنی لەكەدار بەشەرەف حوكم نەدرابێ.

4 - بەشداری لەو تاوانانە نەكردبێ كەدەسەلآتی داپلۆسێنەر ئەنجامی دابن.

سێیەم: سەرۆك بە مەرسوومێكی هەرێمی و لەسەر پالآوتنی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دادەمەزرێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بەو شێوەی كە خوێندرایـەوە دەیخەینـە دەنگـەوە كێـی لەگەڵدایـە بادەسـتی بڵنـد بكـات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی شەشەم فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

اولاً: تتألف الهيئة من الدوائر التالية، وتدار كل دائرة منها من قبل موظف حاصل على شهادة جامعية أوليـة في مجال اختصاص الدائرة، ويعاونه عدد من الموظفين:

1 - الدائرة الادارية والمالية.

2 - الدائرة القانونية.

3 - دائرة التوعية البيئية والاعلام.

4 - دائرة الشؤون الفنية والوقاية من الاشعاع.

ثانياً: لرئيس الهيئة استحداث أو دمج أو إلغاء أي من المديريات ضمن تشكيلات الهيئة وفقاً لمتطلبات عملها.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی شەشەم:**

**یەكەم: دەستە لەم فەرمانگانەی خوارەوە پێكدێ و هەر فەرمانگەیەكیش لەوانە لەلایەن فەرمانبەرێكی كە بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێ لەبواری پسپۆڕی فەرمانگەكەی بەڕێوە دەچێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن.**

1 - **فەرمانگەی كارگێڕیی و دارایی.**

2 - **فەرمانگەی یاسایی.**

3 - **فەرمانگەی هۆشیاركردنەوەی ژینگەیی و ڕاگەیاندن.**

4 - **فەرمانگەی كاروباری هونەری و خۆپاراستن لە تیشكدانەوە.**

**دووەم: سەرۆكی دەستە بۆی هەیە هەر بەڕێوەبەرایەتیەك لەناو پێكهاتەی دەستە بە پێیی پێویستی كارەكان لەنوێ دامەزرێنێ یان لێكیان بدات یان هەڵیان وەشێنێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی تكایە ڕەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە وەكو هەردوو لیژنی یاسایی و تەندروستی و ژینگە، تەئیدی ماددەكە دەكەین، بەڵام بەرەچاوكردنی ئەو مولاحەزاتانەی كەبۆتان ڕوون دەكەمەوە، یەكەم: ئیزافەكردنی وشەی (بدرجة الوزیر)دوای وشەی موظف كەلە بڕگەی یەكەمدا هاتووە، دووەم: دەمج كردنی بڕگەی یەك و دووی ماددەكە، سێیەم: لابردنی وشەی (والوقایة من الاشعاع) كە لە بڕگەی چواردا هاتووە، پاشان ئیزافە كردنی بڕگەیەك بەناوی (دوائر الهیئة في محافظات الاقلیم) كە دەبێتە بڕگەی پێنجی ماددەكە، لە دووەم دووبارە صیاغە كردنەوەی دووەم كە بەم شێوەیە دەبێت: (ثانیاً: لمجلس الوزراء استحداث أو دمج أو إلغاء أي من الدوائر ضمن تشكیلات الهیئة وفقاً لمتطلبات عملها) كەواتە بەئیزافە كردنی ئەم تەعدیلاتەو ئەم دەمج كردنەو ئەم گۆڕانكارییە حەز دەكەم تەشكیلاتەكەتان بۆ بخوێنمەوە، كە بەم شێوەیە دەبێت: اولاً: تتألف الهیئة من الدوائر التالیة، وتدار كل دائرة منه من قبل موظف حاصل على شهادة جامعیة أولیة في مجال اختصاص الدائرة، ویعاونه عدد من الموظفین:**

1 - **الدائرة الاداریة والمالیة والقانونیة.**

2 - **دائرة التوعیة البیئیة والاعلام.**

3 - **دائرة الشؤون الفنیة.**

4 - **دوائر البیئة في محافظات الاقلیم.**

**ثانیاً: لمجلس الوزراء استحداث أو دمج أو إلغاء أي من الدوائر ضمن تشكیلات الهیئة وفقاً لمتطلبات عملها.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەوەی دەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکات دەستی بڵند بکات تا ناویان بنووسین، سیوەیل عوسمان، شلێر محمد، دکتۆر بەشیر، ئەڤین عومەر، تارا ئەسعەدی، ئەحمەد وەرتی، سمیرە عبداللە، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی شەشەم، فەقەرەی دووەم،( ثانياً: لمجلس الوزراء استحداث أو دمج أو إلغاء أي من الدوائر) پێم باشە بنووسرێت(لمجلس الوزراء بالتنسيق مع الهيئة، استحداث أو دمج أو إلغاء أي من الدوائر) لەبەر ئەوەی دەستە دائیمەن مەعنی دەبێ بە ئیش و کارەکان، ئەگەر تەنها ئەنجومەنی وەزیران ئەو ئیشەی کرد، دەوری دەستەکە چی دەبێت لێرەدا، بە تەنسیق لەگەڵ دەستەدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من بەنیسبەت ماددەی شەشەم بڕگەی چوار، زۆر ڕێزم هەیە بۆ هەردوو لیژنەی یاسایی و تەندورستی و ژینگە، بەڵام بەڕاستی ئەو بڕگەی چوارە هەموو میحوەری ئیشەکە لەو بڕگەیەدا دەکرێت، چۆن ئەبێ ویقایە من الاشعاع بەبێ موبەڕیر لابرێت، بە عەکسەوە دائیرەی کاروباری فەنی و ویقایة من الاشعاع والمختبر البيئي المركزي کە زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر بەڕاستی تەتبیقی قانون بکەین، دەبێ ئەو شوێنانە زۆر گرنگی پێ بدرێت، لەبەر ئەوەی تۆ ئەگەر ئێستا ئەوەی بۆ دابنێیت سبەینێ لە میزانیەدا کەخۆمان دەزانین کە ئەو موختەبەری بیئیە چەند پارەی دەوێت، ئێمە موختەبەری (دی، ئێن، ئێن) و ئەوانە زۆر بەهەند وەردەگرین، لێرەش دەبێ وابێت، چونکە بەڕاستی ئەگەر ئێمە سەیری یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2008 بکەین، زۆر شتی باشی تێدایە، کە خزمەتی هەموو ژینگە دەکات، یەکێ لەوانە لە بابی سێیەم، لە فەصڵی یەکەم دەڵێت( تحدد الهيئة مقايس مستويات التلوث المسموح بها في المياه المستخدمة للشرب)، ماددەی (27) دەڵێت( تحدد الوزارة التلوث المسموح بها لانبعاثات كافة الانشطة الملوثة للهواء يبين فيها) لە بڕگەی سێیەکەی دەڵێت( المستويات المسموح بها لمستويات الاشعاع). ئایا تۆ شوێنێکت نەبێ ئەوانە بکات بەڕاستی زۆر خەتەرە، ئێمە ئێستا هەستی پێ ناکەین، بەڵام باوەڕ بکەن لە موختەبەر ئەو فوتابیانەی کە لە فیزیای نەوەوی دەخوێنن، یان ئەو کارمەندانەی کە لە نەخۆشخانەی نەوەویدا کار

دەکەن، ئێمە ئەصڵەن یاسایەکمان نیە بۆ ئیشعاع، کە ئەوانە هەموویان ژیانیان لە خەتەردایە، هەر کەسێك بەوێدا بڕوات بەتایبەتی گەنج، زۆرنەخۆشی تووش دەبێت و دوای چەند ساڵ دەر دەکەوێت، کە خۆتان دەزانن ئەو نەخۆشیانەش سەروماڵیە، با ئیتر خەڵك زەریبەی نەدات، لەبەر ئەوە ئەو دائیرەی کاروبارییە هیواداریشم لیژنەی تەندورستی زۆر باش چاودێریان بکات و خاوەن اختیصاص دابندرێت، نەك خەڵکێك هەبێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی، یەعنی ئەوانە دەبێ خەڵکی زۆر شارەزاو لێهاتوو بن کە تەعین دەکرێن لەوێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆرجار وا بووە لە داڕشتنەوەی یاساکان باسی مەسەلەی زمانمان کردووە، زۆر ئەندام پەرلەمانیش باسی لەوە کردووە، تەئکیدیشی لەمانە کردۆتەوە، هەموو جار دەبینین ئەو هەڵانە دووبارە دەبێتەوە، حەتا لە وەقائیعی کوردستانیشدا، یەعنی مولاحەزە دەکەین لە نەفسی قانونەکانیشدا لەوێدا دیسان غەڵەتی ئیملائی زۆر تێدایە، غەڵەتی نەحوی زۆری تێدایە، بەزمانی عەرەبی، یان نەنووسرێت بەزمانی عەرەبی کە دەشنووسرێت هەڵە چنێکی زمانەوانی لە پەرلەمان هەمانبێت، ئەگەر نا لەوانەیە خۆمان لەناو ئەندام پەرلەمانەکاندا شتی وامان هەبێت، لیژنەی ئەوقاف ئێمە ئامادەین کەوا پرۆژە یاساکانمان بۆ بێت تا لەلایەنی زمانەوانیەوە چاکی بکەینەوە، لە یەکەم دەڵێت(اولاً: تتألف الهیئة من الدوائر التالیة) دائیمەن وشەی تالیە مانای ئەوانەی خوارەوە نادات، بەڵکو دەبێت بڵێین الاتیە، دوو شوێنی تریش لێرەدا با الاتیە هاتووە، بەڵام ئەو تالیە لێرەدا دەبێ ببێت بە الاتیە، منیش ڕام لەگەڵ ڕای شلێر خانە، کەوا ویقایە من الاشعاع زۆر گرنگە کە بمێنێتەوە، بەتایبەتی ئێمە ئێستا کە لەکوردستاندا لەپاش کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەوانەوە، زۆر نەخۆشی وامان ماوە کەوا ئێستاش لە ئاسەواری ئیشعاع و تیشکەکان دەناڵێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە منیش هاوڕام لەگەڵ شلێر خان، کەوا نابێ دائیرەی کاروباری فەنی و ویقایە من الاشعاع هەڵبگیرێت، بەڵکو بمێنێتەوە، تەنها ئیزافەی تەرەدووداتی بۆ بکرێت، چونکە ئێمە هەموومان دەزانین کە ئێستا وای لێهاتووە، لەزۆر شوێنەکان لەزۆر ئەبنیەو ماڵەکانیش وایان لێهاتووە ئەو ئەبراجانەی کە بۆ تەرەدووداتی بەسی مۆبایل و ئەو شتانە دائەندرێت، بەپارەیەکی کەم دائەندرێت لەسەربانەکان و کەچی بە

نزیکەی 100 مەتر چوارگۆشە تەئسیراتی دەبێت، بەتایبەتی لەسەر منداڵ و خەڵکانێك کە بونیەیان کەمیك ناسك و زەعیفە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی هاوبەش، خۆتان لە ڕاپۆرتی لیژنەدا لە ڕۆژی 1/4/ ئاماژەتان بە ماددەی یەکەم کردووە، کەوا بۆ کۆتایی هێنانی دەسەڵاتی سەرۆکی ئەو دەستەیە، چونکە ئەگەر دەستە سەرۆکەکەی کە دانرا بەو مەرجانە، بەڵام نازانم لێرە ئەو ماددەیە بۆ لابرا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: من وای دەبینم فەرمانگەی پلانی ژینگەیی بۆ زیاد بکرێت، چونکە چەند ئەرکێکی ئەم دەستەیە کە لەسەرەوە هاتووەو باسکراوە، پەیوەندی بە پلانی ژینگەییەوە هەیە دووەم: هاوکارەکانم لەپیش من باسیان کرد، ئەوە خاڵە گرنگەکەم لەلام سەبارەت بە فەرمانگەی هونەری وخۆ پاراستن لە تیشك، جیا بکرێتەوە، بکرێت بە دوو فەرمانگەی جیاواز، چونکە وەکو دەزانین ئێستا لەعێراق بەگشتی و لەهەرێمی کوردستانیش لەبەر ئەوەی پیس بوون بەمەوادی تیشکەوەر گەیشتۆتە ڕادەیەك وا بزانم هەموو ڕاگەیاندنەکان و سایتی ئەنتەرنێت هەموو، ئیش کردنێکی زۆریان هەیە لەسەر ئەو بوارە، بەڕاستی ئیشعاع دەورێکی زۆر گەورەی دیوە بۆ پیس بوونی ژینگە بەتایبەتی لە عێراق و لەکوردستان لەبەر ئەوە هاوڕام لەگەڵ دکتۆر بەشیر و ئەڤین خان و شلێر خانیش، لەبەر ئەوەی بایەخ بەم لایەنە بدرێت بەتایبەتی لەو دوو فەرمانگەیە پێویستە سەرپەرشتیکارەکانیشیان بە پلەی دکتۆرا کەمتر نەبێت، تاکو ئەو کارەی کە دەیکەن و ئەو پرسیارانەشی کە لێیان دەکرێت لە دەستەکە، بەڕاستی شتیان پێ بێت بتوانن خزمەتی ئەو بوارە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئەحمەد وەرتی، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لەو تەعدیلاتانە دەکەم کە هەردوو لیژنەکە پێشنیاریان کردووە، بەڵام من پێم باشە ئەوەی کە لە ئەصڵی پڕۆژەکەدا هاتووە دائیرەی قانونی بە سەربەخۆیی بمێنێتەوە، نەك لەگەڵ دائیرەی ئیداری و مالیەدا بێت، چونکە ئەرکی یاسایی پێم وابێ زۆر گرنگە لەو بارەیەوە، ئەگەر بشکرێت تەختیتی بۆ زیاد بکرێت، دائیرەی تەختیت و قانون بێت، ئەکرێ کاروباری فەنی لەگەڵ دائیرەی ئیداری و مالی و فەنی بێت، یەعنی وای لێ بێت، بەڵام دائیرەی قانونی وەکو خۆی بەسەربەخۆیی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەمیره خان، فەرموو.

**بەڕێز سمیره عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی شەشەم بڕگەی چوارەم، دائرة الشؤون الفنية و الوقاية من الاشعاع، من پێم باشە کە ویقایە من الاشعاع بمێنێ، چونکە زۆر لەبرادەرانیش باسیان کرد من حەز ناکەم باسی بکەم، بەنیسبەت خاڵی دووەم: ثانياً: لرئيس الهيئة استحداث أو دمج أو إلغاء أي من المديريات او الاقسام والشعب ئەوەش ئیزافە بکرێت، ضمن تشكيلات الهيئة، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز د. حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ڕایەی کە دەستە بۆی هەیە هەر بەڕێوەبەرایەتیەك لەناو پێکهاتەی دەستە بەپێی پێویستی کارەکان یان لەنوێ دابمەزرێنێ یان لێکیان بدات، منیش لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە بەتەنسیق لەگەڵ دەستە بێت ئەمە شتێکی باشە، بەنیسبەت ئەو خاڵەی کە دەڵێت، فەرمانگەی کاروباری هونەری و خۆپاراستن لە تیشك، لابردنی خۆپاراستن لە تیشك بەو مانایە نیە کە ئێمە ئەو ئەرکە گرنگەی لە ئەستۆی دەستە لابەرین، بەڵکو مەبەستمان لەوەیە کە فەرمانگەی کاروباری هونەری هەروەکو خۆتان باستان کرد، لە قانونی ژمارە (8)ی ساڵی 2008 کۆمەڵێك کاری گرنگە، یەکێك لەوانە (التفتيش الصناعي، التلوث البيئي، الرصد البيئي، تقيم الاثر البيئي، قسم المواد الكيمياوية، قسم الوقاية الاشعائية والمختبر) یەعنی تۆ تەنها ناوی یەك قسم بلکێنی بە فەرمانگەی کاروباری هونەری وەك ئەوە وایە تۆ ئەم فەرمانگەیەت حەسر کردبێ تەنها بەو ئیشە، بەڵام ئەم فەرمانگەیە وەکو لە هەموو دەوائیرێکدا هاتووە، دائیمەن فەرمانگە پێك هاتووە لە کۆمەڵێك قسم، ئەم فەرمانگەیەش پێك دێت لە حەوت قسم هەر وەك باسم کرد، دوو قسم کە ئێوە باستان کرد، قسم الوقايه الاشعائية ، و قسم المختبر، لە زمنی ئەو فەرمانگەیە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ مولاحەزات هات سەبارەت بە هەیکەلەکە کە کاروباری یاسایی بەجیا بمێنێتەوە، یان بە جیا نەمێنێتەوە، ئێمەش موناقەشەی ئەوەمان کرد، ئێمە ئەگەر لەسەر ئەساسی سیاسەتی تەرشیق بڕۆین، حەز دەکەین دەزگاکان کەم بکەینەوە، لەوێش زۆر موناقەشە کرا، هەردوو لیژنە پێیان باش بوو کە کاروباری یاسایش دەمج بکرێت، لەگەڵ کاروباری ئیداری و مالی، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە تەنها ئەو

مودیریەتانەی کە ناویان هاتووە ئەوانی تر حەقی شوعبەیان هەیە، یان حەقی قسمیان هەیە، ئەوانیش حەقیان هەیە شوعبەو قسم بکەنەوە، ئیحتیمالە شوعبەکان کە جیا دەکەنەوە بەگوێرەی ئیختیصاصی دائیرەکە دابەشی دەکەن و ناوی لێ دەنێن، بۆیە ئێمە ڕەئیماندا کە دەمج بکرێت، لەبەر تەرشیق بوو، بەنیسبەت ئەوەی ئیشعاع کاك دکتۆر حەسەن وەڵامی دایەوە، ئەوەی تر من نازانم ڕاستە کاك دکتۆر حەسەن ئیشارەتی پێدا لە بەینی دەستەو ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە ئەو دەستەیە سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، مافی ئەوەشی نیە مودیریات بۆ خۆی دەستکاری بکات، تەنها بە ڕێگای ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، کەواتە نازانم تەنسیق لێرەدا بە قەناعەتی من هیچ مانایەك ناگەیەنێ، یەعنی ئەگەر تەنسیق نەبێ چی دەبێ؟، من مەخصەدم ئەو خاڵەیە، بۆیە ئەگەر دائیرەیەك ڕەبتی لەگەڵ دائیرەیەکی لەخۆی باڵاتر بوو، دەستەڵاتەکەش درا بە دائیرە باڵاکە ئەوە دەستەڵاتەکە ئەو بەکاری دێنێ، سەبارەت بە پرسیاری ئەڤین خان، کە دەڵێت شروتی فوقدانیان دانابوو، من لەسەرەتای دەست پێکردنی گفتوگۆکان ئیشارەتم بەوە دا، کە ئەو دوو ڕاپۆرتەی پێشوو وەکو ئەوە وایە کە نەبووبێتن، کە ڕاپۆرتی تازەشمان موناقەشە کرد، هەموو ڕەئیمان وابوو کە ئەم فەقەرەیە لابرێت، بەزۆرینەی دەنگیش لابرا، نەهاتە ناو یاساکە، ئیمکانە ئەوانەی کە پلەی تایبەت وەردەگرن بۆ ئەم دەزگایە، وەك ئەوانی تر کە چۆن پلە وەردەگرن هەمان مامەڵە دەبێت، لەگەڵ ئەم دەزگایە کە پلەی تایبەتی هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تەندروستی تکایە دەربارەی تیشك دووبارە ڕەئی خۆتان ڕوون بکەنەوە، ئەگەر بەڕێزان قەناعەتیان هات کە پێشنیارەکەیان سەحب بکەن، ئەگینا مەجبور دەبین بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمە فەرمانگەی کاروباری هونەرییە، فەرمانگەش لە کۆمەڵێك قسم پێك دێت، قسمیش لەکۆمەڵێك وەحدات، کەواتە ئەگەر ناوێك نەهاتبێ لەناوە رەئیسیەکە یاخود لەگەڵ ناوی فەرمانگەکە، بەو مانایە نیە کە ئێمە کارەکەمان هەڵگرتووە، بەڵکو بەو مانایە دێت کە ئەم فەرمانگەیە کارەکەی لە (ویقایە من الاشعاع) زیاترە، بۆیە ئەگەر ناو بهێنین ئەبێ ناوی هەموو قسمەکان بهێنین، وتمان فەرمانگەی کاروباری هونەری کە ئیشەکانیان(التفتیش الصناعي، التلوث البیئي، الرصد البیئي، تقیم الاثر البیئي، قسم المواد الکیمیاویة، قسم الوقایة الاشعائیة والمختبر) یەعنی ئەمە کۆمەڵێك قسمی ئەو فەرمانگەیەن، کە دەبێت هەموو ناوەکان بهێنین، بۆیە نابێت فەرمانگەی کاروباری هونەری تەنها حەسم بکەین بە ئیشعاع، بەڵکو هەموو کارەکان دەکات خۆشی لە قانونەکەدا واهاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا شلێر خان، ئەگەر ڕوونە پێشنیارەکەت سەحب دەکەیت یان بیخەینە دەنگەوە؟، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تەنها تێبینیەکەم لەسەر ئەوەیە کە خۆی لە حکومەتەوە هاتووە، ئاوا هاتووە، یەعنی ئێوە لەگەڵ حکومەت قسەتان کردووە کە گۆڕی، چونکە لەلایەن حکومەتەوە ئەم پڕۆژە یاسایە هاتووە، باشە مادام بەو ڕیز بەندیە هاتووە، ئاساییە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئێستا پێشنیارەکەی سەحب کرد، لیژنەی یاسایی ئێستا ماددەکە بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاک شێروان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یەك خاڵی شلێر خانمان جواب نەدایەوە، باسی موختەبەراتی کرد، ئێستا حاڵی حازر موختەبەراتی ژینگە هەیە، بەڵام کە لەناو پڕۆژەکەدا نەهاتووە، مانای وانیە کە ئەو دەزگایە موختەبەراتی تێدا نیە، لەژێر ناوی مودیریاتەکان بە تەئکید موختەبەراتیش هەیە، ئێستاش قائیمەو کاری خۆیان دەکەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە ماددەکە بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، فەرموون.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**اولاً: تتألف الهيئة من الدوائر الآتية: وتدار كل دائرة منها من قبل موظف حاصل على شهادة جامعية أولية في مجال اختصاص الدائرة، ويعاونه عدد من الموظفين:**

1 - **الدائرة الادارية والمالية والقانونية.**

2 - **دائرة التوعية البيئية والاعلام.**

3 - **دائرة الشؤون الفنية.**

4 - **دوائر البيئة في المحافظات الاقليم.**

**ثانياً: لمجلس الوزراء بالتنسيق مع رئيس الهيئة استحداث أو دمج أو إلغاء أي من الدوائر ضمن تشكيلات الهيئة وفقاً لمتطلبات عملها.**

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم: دەستە لەم فەرمانگانەی خوارەوە پێکدێ و هەر فەرمانگەیەکیش لەوانە لەلایەن فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێ لەبواری پسپۆڕی فەرمانگەکەی بەڕێوە دەچێت و چەند فەرمانبەرێك یارمەتی دەدەن.**

1 - فەرمانگەی کارگێڕیی و دارایی و یاسایی.

2 - فەرمانگەی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی و ڕاگەیاندن.

3 - فەرمانگەی کاروباری هونەری.

4 - فەرمانگەی ژینگە لە پارێزگاکانی هەرێم.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی دەستە بۆی هەیە هەر بەڕێوەبەرایەتیەك لەناو پێکهاتەی دەستە بە پێیی پێویستی کارەکان لەنوێ دامەزرێنێ یان لێکیان بدات یان هەڵیان وەشێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بەو شێوەیە کە بەعەرەبی و کوردی خوێندرایەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، کێیی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێیی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی حەوتەم تکایە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

اولاً: يكون للهيئة مجلس برئاسة رئيس الهيئة وممثلي الوزرات الاتية بدرجة لاتقل عن مدير عام:

1 - وزارة الداخلية.

2 - وزارة البلديات والسياحة.

3 - وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.

4 - وزارة التخطيط.

5 - وزارة الزراعة والموارد المائية.

6 - وزارة الصحة.

7 - وزارة التجارة والصناعة.

8 - وزارة الثروات الطبيعية.

9 - وزارة الكهرباء.

10 -وزارة النقل والمواصلات.

11 -عضوين من الخبراء المختصين في حماية البيئة بقرار من رئيس الهيئة.

12 -ممثل عن كل محافظة من محافظات الاقليم.

ثانياً: يجتمع المجلس شهرياً، وللرئيس عند الضرورة دعوته لاجتماع طارئ وتتخذ القرارات فيه بأغلبية عدد الحاضرين، وفي حالة التساوي في الاصوات يرجح الجانب الذي يصوت معه الرئيس.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: دەستە ئەنجومەنێکی دەبێ بەسەرۆکایەتی دەستەو نوێنەرانی ئەم وەزارەتانەی خوارەوە و بە پلەیەك لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

1 - وەزارەتی ناوخۆ.

2 - وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.

3 - وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

4 - وەزارەتی پلاندانان.

5 - وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان.

6 - وەزارەتی تەندروستی.

7 - وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی.

8 - وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

9 - وەزارەتی کارەبا.

10 -وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.

11 -دوو ئەندام لە شارەزای پسپۆڕ لە پاراستنی ژینگە بە بڕیاری سەرۆکی دەستە.

12 -نوێنەرێك لە هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێم.

دووەم: ئەنجومەن مانگانە کۆ دەبێتەوەو سەرۆك بۆی هەیە لەکاتی پێویست بانگهێشت بۆ کۆبوونەوەی کتوپڕ بکات و بڕیارەکان بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان دەردەچن و لە بارێکدا گەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەو لایەنە پەسەند دەکرێ کە سەرۆك دەنگی بۆ داوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەو ماددەیەداین بە ئیزافە کردنی ( یەکەم: وەزارەتی پەروەردە بۆ ناو وەزارەتەکان)ن دووەم: ئیزافە کردنی فەقەرەی 13 بەم شێوەیە( لرئیس الهیئة دعوة اي من ممثلي بقیة الوزارات والجهات غیر المرتبطة بوزارة عند الاقتضاء في مناقشة اجتماعات المجلس دون ان یکون لهم حق التصویت).

ئەم دوو خاڵە لەسەر ئەساسی ئەوە زیاد کراوە کە لە بەشی دووەم پرەنسیپە بنەڕەتیەکان و حوکمە گشتیەکان لە قانونی ژمارە (8)ی ساڵی 2008 ئەرکەکە تەوزیع دەکات لە نێوان ئەم بەشانەدا، دووەمیشیان: وەزارەتی پەروەردەیە، هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنین، لەم مەجلیسەدا نەهاتبوو بۆیە پێمان باش بوو جێگای ئەوانیش بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەو تەوزیحەی کە برای بەڕێزم کاك حەسەن دای تەبیعی دوو گۆڕانکاریش هات بەسەریدا، یەکەمیان: گۆڕینی نوێنەری هەر پارێزگایەك بە نوێنەری لیژنەی پاراستنی ژینگە لە پارێزگاکان، کە بەم شێوەیە دەبێت( ممثل عن حماية وتحسين البيئة في محافظات الاقليم، لەجیاتی ممثل عن كل المحافظات) ئەمە مولاحەزەی سێیەمە، مولاحەزەی چوارەمیش، ئیزافە کردنی ( وعلى المجلس رفع تقرير سنوي حول الوضع البيئي في الاقليم الى رئاسة مجلس الوزراء) کە لە دووەمدا هاتووە، بۆ کۆتایی فەقەرەکە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرسەت موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موداخەلەی من شکلیە ناحیەی صیاغەیە، لەسەر ئەوەی کە دەڵێت( ويكون للمجلس برئاسة رئيس الهيئة و ممثلي الوزارات الاتية، 11 و 12، ممثلی وزارات نین، خەبیرەکان و نوێنەری پارێزگاکانن، لەبەر ئەوە بەڕەئی من دەبێتە اولاً بەس وەزارەتەکان بن، 11 و 12 ش ببنە ثانياً و ثالثاً، چونکە هیچ پەیوەندی بە یەکەمەوە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی هەر بەو شێوەش بێت مانع نیە، بەڵام (عضوين من الخبراء المختصين) ئەوە ناکاتە نوێنەری وەزارەت کە سیفەتی مودیر عام وەربگرێت، بەهەمان شێوە ( ممثل عن كل محافظة)ئەوەش مەرج نیە مودیر عام بێت، بۆیە بەقەناعەتی من ئەگەر داخڵیش بێت. هەر عەینی مەعنایە داخلیش نەکرێت، عەینەن شت دەدات، (عضو من الخبيرين)، چونکە شەرت نیە مدیری عام بێت، بەڵام مومەسلی وەزارەتەکان شەرتە مدیر عام بێت، ......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامیە؟ فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك دەیخەیتە ناو ئەو تەسەلسولەوە، ئەو خەبیرەینە لە دەنگداندان نین، بەڵام ئەوان ئەو (ممثلی الوزارات) دەنگ دەدەن لە وەرگرتنی بڕیارەکاندا، بۆیە عەینەن شت دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە تەئکیدمان کردووەتەوە کە ئەوان بۆ ئیستیشارە بانگ دەکرێن، نەك بۆ دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان؟، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی سۆزان خان گوتی بەڕاستی عزوی خەبیر عزوی ئەسڵی ئیعتبار دەکرێت و حەقی دەنگیشی هەیە، نوێنەری پارێزگاکان یاخود لیژنەی ژینگە لە پارێزگاکان ئەویش حەقی تەسویتی هەیە، بەڵام ئەوەی حەقی تەسویتی نیە ئەو کەسانەن کە سەرۆکی دەستە دەعوەتیان دەکات بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی مەجلس ئامادەبن، حەقی موناقەشاتیان هەیە و بەس حەقی تەسویتیان نیە، ئەمما ئەو دوو فەقەرەیەی کە هاتووە ئەوانە بە تەئکید حەقی تەسویتیان هەیە و حەقی موناقەشەشیان هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە تەسنیەی پێشنیارەکەی کاك فرست دەکەین، مادام مومەسلی وەزارات نین و خەبیرن لە دەرەوە دێن با ئیعادەی سیاغەکەی بکرێتن و جیا بێتەوە. داوای لێ بوردن دەکەین ئەوە زۆر دروستە، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکەن، ئێستا ناویان دەنووسین، عمر عبدالعزیز، د.احمد، سۆزان شهاب، د.بشیر خلیل، کوێستان محمد، جمال طاهر، حمە سعید، خورشید احمد، سەرگوڵ رضا، شلێر محمد، رزگار محمد، د.صباح، عونی بەزاز، کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 7 ەوە وادیارە ئەم دەستەی ژینگەیە هەموو وەزارەتەکانی ئەوێ نوێنەریان هەبێ، بەڕای من ئەگەر قەرار بێت ئەم وەزارەتانەی تێدا بێت کە 10 وەزارەتمان لێرە نووسیوە، سێ وەزارەت ماوە بە ڕەئی من زۆرێك لەمانە گرنگترن ئەندامیان هەبێت، بۆ نموونە وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئایا وەزارەتی ڕۆشنبیری دەوری نیە لە مەسەلەی ژینگە؟ لەڕووی تەوعیە کردنی هاووڵاتیان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ نموونە، ئایا وەزارەتی ئەوقاف لە ڕێگەی زانایانی ئایینیەوە ناتوانێت دەورێك ببینێ بۆ ژینگە لەوەعدەی تەوعیەکە، وە هەروەها وەزارەتی پەروەردەش، جا ئەگەر باسی زۆری بێت، دەبێت باسی ئیعادە نەزەر بکرێت لەوە، ئایا ئەم سێ وەزارەتە وەزارەتی ئەوقاف و ڕۆشنبیری و پەروەردە پێویست ناکات ببن؟ ئێستا زۆر گلەیی هەیە لە سیستەمی خوێندن کە ئاماژە بە ژینگە و ژینگەپارێزی زۆر کەم تێیدا کراوە، پێویست

ناكات لەو دەستەیە بین؟ ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەمم وەزارەتی سحە مەفروز وایە وەزارەتەکان وەکو خۆیان ناویان ببرێت، وەزارەتی سحە و بیئەمان هەیە و وەزارەتی تەندروستی و ژینگە، ئەوە دەبێت چاك بکرێت لەناو خاڵی 6، نوقتەی دووەم کە جەنابی کاك فرست باسی کرد منیش تەسنیەی دەکەم و نووسی بووم لەوێ کە دەڵێیت (ممثلی الوزارات الاتیة) ئیتر دەبێت ئەو خاڵەی جیا بێت، چونکە بەڕاستی باسی نوێنەری وەزارەتەکان دەکرێت، بە نیسبەت خاڵی سێیەمەوە یان بەندی (ثانیا) یەعنی لێرە کە هاتووە، دووبارە مەسەلەکە لوغەویە، ئەو مولاحەزە لوغەویانە بە هەند وەربگیردرێن، (یجتمع المجلس شهریا وللرئیس عند الضرورة الدعوة لاجتماع طارئ) یەعنی (دعوتە لاجتماع طارئ) چ پێویست دەکات، (الدعوة لاجتماع طارئ)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د. احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش تەقریبەن هەمان رام هەیە، ئەوەی کە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان گوتی (ممثلی الوزارات) مادام (ممثلی الوزارات)ە، ئەوە لە خاڵی 11هەم هاتووە، ئەمە مومەسلی وەزارات نیە، (اولا) و (ثانیا) بکرێتە (عضوان من الخبراء المختصین لحمایە البیئە بقرار رئیس الهیئە) بە نیسبەت وەزارەتەکانیشەوە من پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا عمر دەکەم، فعلەن پێویستە وەزارەتەکانی تریشی تێدا بێت، ئەگەر مەبەست لێرە موساهەمە کردنی ئەو وەزارەتانەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە پاراستنی ژینگە، پێم وایە وەزارەتەکانی دیکەش بە تایبەتی وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی ئەوقاف، ئەمانەش ڕۆڵیان هەیە بە تایبەتی وتاربێژی مزگەوتەکان کە زۆر جار وەزارەتی سحە و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کۆبوونەوەیان هەیە لەسەر مەسەلەی ژینگە، کە پێویستە نوێنەری ئەو وەزارەتانەش زیاد بکرێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، تەبعەن ئەم مەجلسە کە کۆ دەبێتەوە کۆمەڵێك بڕیار دەدات، ئەوەی کە من مولاحەزەم کردووە، بۆ نموونە ئێمە لە هێزی پێشمەرگەدا هێزی پاراستنی ژینگە و هێزی پاراستنی دارستان، بۆ نموونە بۆ مومەسلیان نەخراوەتە ناو ئەم هینەوە؟ ئایا ئەوانیش ژینگەپارێز نین کە موحافەزەی دارستان دەکەن؟ ئایا ئەگەر بڕیارێك دەربچێت لەسەر زیادکردن و موحافەزە کردن لەسەر دارستانەکان نابێت ئەوانیش ئاگاداربن؟ ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم جارێکی تریش باسی دەکەمەوە، بەڕێزان ئێمە مەوزوعی خەبیر و موستەشار هەتا ئێستا یەکلامان نەکردوەتەوە، ئەو خەبیر و موستەشارانەی کە ئێمە دەیانهێنین و لەناو

دامودوزگاكانى خۆمان دايان دەنێين ئايا بۆ ئەوەيە خيبرەيان لێ وەربگرين و سووديان لێ وەربگرين يان بۆ ئەوەيە بيانهێنين دەنگيان لەگەڵ دا بدەين، ئەگەر بۆ ئەوەيە خيبرەمان بدەنێ و باشترين فكرە بخەنە بەردەستمان پێويست ناكات دەنگمان لەگەڵ دا بدەن و بۆ دەنگدان بەكاربهێندرێن، تەنها بۆ وەرگرتنى خيبرەيە، پێويست ناكات ئەوان دەنگ بدەن، ئەگەر بيرتان بێت لە هەموو ياساكانى خولى پێشووشدا كە باسى موستەشار و خەبير كراوە لەهەر چ مەجلسێك دا ئەو موستەشار و خەبيرانە حەقى دەنگدانيان نەبووە، خاڵى 12 (ممثل عن لجنة حماية وتحسين البيئة فى كل محافظة من محافظات الاقليم) دەست خۆش، ئەى باشە ئێمە هەر لە هينى پێشوو دا لە ماددەى 6 گوتومانە فەرمانگەى ژينگە هەبێت لە هەموو پارێزگاكانى هەرێمى كوردستاندا، سەيرى ئەم ئەلقانە، هەيئەكە، فەرمانگەى ژينگەكە، ليژنە، ليژنەى پاراستن لە موحافەزەكاندا، باشە بۆچى نوێنەرى فەرمانگەى ژينگە لە پارێزگاكانى هەرێم لەناو ئەو مەجلسە مەوجود نەبێت؟، بەڵام ئێمە هاتووين لە دەرەوەى ئەوانەوە ليژنەيەكى پاراستنى تەحسينى بيئە هێناومانە لە دەرەوەى ئەو فەرمانگانە و لە دەرەوەى ئەو هەيئەيە دەيكەين بە عزو لەم هەيئەيە دا، يەعنى ئەوە خەلەلە بەڕاستى، زيادكردنى ئەڵقەكانە بە بێ ئەوەى بزانين سوودەكەى چيە، لەبەرئەوە داوا دەكەم يەعنى ئێمە بزانين لێرەدا فەرمانگەى ژينگە لە پارێزگاكانى هەرێمى كوردستان چى دەبێت ڕۆڵيان كە ئەوان لەو مەجلسەدا ئامادە نەبن؟ ئەى بۆ هەبن؟ يەعنى بۆ نموونە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ڕێزدار د.بشير فەرموو.

**بەڕێز د.بشير خليل تۆفيق:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لە خاڵى (أولا) ماددەى (سابعا) پێم باشە وشەيەك زيادبكرێت، (يكون للهيئة مجلس برئاسة رئيس الهيئة وعضوية ممثلين عن دوائر) لەبەرئەوەى ئەوانى ديكە عزونە و رەئيسيش رەئيسە، بەڵام ئەگەر عزويەكە نەبێت، ماناى جوملەكە وا دێت كە مومەسلينيش رەئيسە، (برئاسة رئيس وممثلى) نا، (وعضوية ممثلين عن الوزارات الاتية)، جا ئەو ئيقتيراحەكەى كاك فرست كە دەڵێت بەڵێ وەزارەتەكان لەگەڵ خاڵى 11 و 12 جياوازە يان فەقەرەيەكى زياديان بۆ بكرێتەوە يان فەقەرەكە بە يەك كەليمە عيلاجى دەكرێت كە لەوێ دەڵێن (وعضوية ممثلى عن الوزارات والجهات الاتية) وەزارات و جيهات، جيهاتەكە ئەوانيش دەگرێتەوە، پێويست بەو فەقەرە نوێيە ناكات، خاڵێكى ديكە وەزارەتەكان زۆرن، بەڵێ ئەگەر سێ وەزارەتى ترى بێتە سەر، يەعنى دەبێتە مەجلس وزەرايەكى موسەغەر ئەمە، بۆيە من پێم باشە بەعزێك لە وەزارتەكان ئەوانەى كەوا تەئسيريان نيە و ئيش و ئيختساسيان زۆر هامشيە وەكو وەزارەتى كارەبا و وەزارەتى نەقل بەڕاى من وەزارەتى كارەبا و وەزارەتى نەقل، بەڕاى من ئەمانە كارەكانيان لەوانەى تر هامشى ترن، بۆيە ئەمانە لابچن ئەم سێ وەزارەتەى ديكە بێتە جێى كە وەزارەتى پەروەردە و وەزارەتى ئەوقاف كە زۆر گرنگە تێيدا بێت، ڕۆڵيشى بووە لەم بوارەدا، هەروەها وەزارەتى ڕۆشنبيريش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕەئیەکەی کاك فرست دەکەم کە ئەوانە وەزارەتن و پێویستە جیابکرێنەوە، ئەوەی دوو ئەندام لە شارەزایی پسپۆڕ بێت بکرێت بە دووەم و نوێنەرێ لەهەر پارێزگایەك سێیەم و ئەوەی کە لیژنەی هاوبەشیش پێشنیاری کردووە سەرۆکی دەستە ببێتە خاڵی چوارەمی بڕگەی 1، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم ئەو ماددەیە بەم شێوەیە بێتە خاندن، (أولا: یکون للهیئة مجلس برئاسة رئیسها وعضویة ممثلی الوزارات الاتیة مما لاتقل درجتهم عن مدیر عام، وعضوین من الخبراء المختصین فی حمایة البیئة وممثل عن دائرة حمایة وتحسین البیئة فی کل محافظة)، چونکە ئەوە خاڵی 11 و 12 بەم شێوەیە چارەسەر دەکرێت و داعی نیە بیکەینە دوو ماددە ئەم بیکەین بە دوو فەقەرە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم سەیرە مەجلسی هەیئە ببێت و بەس، مەجلسی دەوائیرەکانی تیا نەبێت، کەواتە بۆ ئەوەی قسەکەی کاك فرست و قسەی هەموو ئەو بەڕێزانە تەحقیق ببێت بەم شێوەیەی لێ بێت: (یکون للهیئة مجلس برئاستها ویتکون من: (أ) مسؤولی الدوائر التابعة للهیئة، (ب) ممثلی الوزارات الاتیة بدرجة لاتقل عن مدیر عام) ئەو وەزارەتانە پێم باشە ڕۆشنبیری و ئەوقافیشی تیا بێت، (ج) عضوین من الخبراء المختصین فی حمایة البیئة بقرار من رئیس الهیئة، (د) مسؤول دائرة البیئة، مەعقول نیە لیژنەکە، منیش لەگەڵ

ئەوەم (مسؤول دائرة البيئة فى كل محافظة من المحافظات) ئەگەر بوو بە (أ و ب و ج و د)، ئەوكاتە (ب)ەكە دەبێتە مومەسیلی وەزارەتەكان و شكڵەكەی مونەزەم تر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم یونس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریێ ل بۆچوونا سۆزان خانێ دكەم كو نوێنەرێ وەزارەتا پێشمەرگەی دگەل هەبیت، چونكو ئەوە دەزگەیایەكی تەنفیزی بۆ پاراستنا ژینگەهێ لكوردستانێ، ئەڤە یەك، یا دوویێ: خاڵا 11 عضوین من الخبراء المختصين فى حماية البيئة بقرار رئيس الهيئة) رەئیسی هەیئە دامەزراندنا خەبیرا بە ئیختساسێ (مجلس الهيئە)، چونكو ئەڤێ تەنێ دوو فەرمانبەر، دوو مرۆڤێن دێنە تەعین كرن دەرەجەیت وان دەرەجەیت باشن، دبێت ئەو كەسێت دێنە دامەزراندن نە برەئیا كەسەكی بتەنێ بیتن، بەڵكو ئەنجومەن ئیتیفاقێت لسەر بكات و ئەڤێ تەنێ ببنە ئەندامێ لڤێركە، خەبیر بوێ شكلێ بیت، (عضوین من الخبراء المختصين في حماية البيئة بقرار من مجلس الهيئة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن قەرەداغی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە بە نیسبەت خاڵی 12 كە ئەو نوێنەرە نوێنەری ئەو لیژنەیە نەبێت كە پێشتر پێشنیار كراوە، چونكە ئەو لیژنەیە لە ماددەی 8 دا باسكراوە و تا ئێستا دەنگی لەسەر نەدراوە و نەبووە بە ماددەیەك، لەبەرئەوە منیش پێم باشە نوێنەری فەرمانگەی ژینگە بێت لە پارێزگاكانی هەرێم، وە پشتگیری ئەو ڕایەش دەكەم كە لیژنەی هاوبەش باسیان كردووە كە بڕگەیەك زیاد بكرێت بۆ ئەو ماددەیە كە ئەم ئەنجومەنە ڕاپۆرتی ساڵانەی بەرز بكاتەوە لەسەر بارودۆخی ژینگە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستی هەموو وەزارەتێك مەعنیە بەم بابەتەوە، چونكە ئەگەر بێتو ئێمە ئەو هەیئەیە دەسەڵاتێكی وا زۆری نەبێت لەوانەیە زۆر كەس حیسابی بۆ نەكات و ئەم مەوزوعی ژینگەیە ئاوا بەو شێوەیە بەرەو خراپی بڕوات، لەبەرئەوە ئەگەر ئێمە ئەوەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی بە نیسبەت وەزارەتی

تەربیە كە دەبێت داخڵ بكرێت، بێجگە لەوەش هەرچەندە ئەو قانونەی رەقەم 8ی 2008 ئەگەر بكرێت بە شێوەیەك كە بەس باسی هەموو شتە باشەكانی ژینگە بكات بكرێت بە كتێبێك و لە سانەویش دا وەكو چۆن كتێبێكی تر هەیە لەسەر دیموكراسیەت كەلە پەرلەمان دەرچووە كە تەلەبەی زۆر پێ هێن كراوە، ئەوە زۆر شتێكی باش دەبێت ئەگەر ئەوە، بەڵام بە نیسبەت وەزارەتەكانی تر من دەزگای ئیستسمار بەڕاستی، چونكە ئیتر بەرەو ئەوە دەڕوات كە لەگەڵ زۆر مەشاریعی سناعی دا ئەو عەقد دەكات، دەبێت ئەو موستەسمرانە بزانن و ئەو كەسەش بتوانێ لەو هەیئەیەوە ئەگەر ئەوی تیا بێت لە دەزگای ئیستسمار لەم 12 یەدایە، یەعنی مەسەلەن ژمارەی بدرێتێ، چونكە ئەوان كە ئێستا بۆ نموونە مەعمەلێكی نوێ كراوە لە چەمچەماڵ ئایا ئەگەر ئەو دەزگای ئیستسماری تیا نەبێت، ئەمان دەتوانن ئەو هەیئەیە بچنە ناو بزانن چەند تەئسیری بۆ بیئە هەیە؟، یان بەڕێوەیە، ئێستا مەعمەلی تاسلوجە لە عەقدەكەدا هەبوو كە لەگەڵ حكومەتدا ئەو فیلتەرە دابنێ، مولاحەزەتان كرد چەند ساڵ سلێمانی بە دەست ئەوەوە ناڵاندی هەتاوەكو ئاخرین جار بە پێی عەقدەكە توانیان ئەو فلتەرەی پێ دابنێن، لەبەرئەوە ئەو كێشانە زۆر ڕووبەڕووی جیهەی تەنفیزی دەبێتەوە، تكام وایە دەستەی وەبەرهێنان بخرێتەوە، چونكە تۆ نازانی لە ئایندە دا چەند عەقدی پیشەسازی تر دەكرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش هاریكاری دەستە هەیئە بۆ ژینگەكە بكەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەشكالم لەسەر سەڵاحیەتی مەجلسەكە هەیە، ئەگەر بچینەوە بۆ ماددەی پێشووتر ماددەی 4 هەیئە ئەو مەهامانەی كە هەیەتی لە ماددەی 4 دا دیاری كراوە، دواتر هەیئە رەئیسێكی هەیە باس لە سەڵاحیەتەكانی رەئیسیش دەكات، هەمووی تەحدید كردووەو دەڵێت بە ئیشرافی ئەوەو لەویشەوە تەعلیمات و قەرارات و ئەوامر هەمووی لەوەوە دەردەچێت، هەموو سەڵاحیەتەكانی تر (الشؤون الفنية والمالية والادارية)، باشە ئەگەر باس لەوە دەكرێت هەیئە لەم دەوائیرانە پێك دێت، ئەگەر بە نیزام یەعنی باسی ئیختساساتی تەشكیلاتی هەیئە بكرێت، ئایا مەجلس لە زمنی تەشكیلاتی هەیئەیە؟ یان نا؟ كە فەرقی كردووە لێرە، دەڵێت تەشكیلاتی هەیئە (تتألف الهيئة من الدوائر التالية)، بەڵام لە ماددەی 7 دەڵێت (يكون للهيئة مجلس برئاسة)، ئەگەر نەزانین ئەم ئیشی چیە؟ یەعنی بە شێوەیەكی وازح دوایی كە ئەشكال دروست دەبێت لە دوای ئەوەوە ئێمە لیژنەی موحافەزەمان هەیە، (لجنة حماية وتحسين)، ئەگەر ئەمە ئەو قەراراتانەی كە ئەو دەری دەكات، ئەگەر لەدوای ئەوەوە لەو بڕیارە تەناقوز دروست بوو لە بەینیان و مەهامەكان تێكەڵاویان تیا بوو فەیسەڵ چیە لە بەینی جیاكردنەوەیان، قانونەكە زۆر بە غامزی هاتووە، ئەگەر ڕوون نەكرێتەوە سەڵاحیاتی مەجلسەكە چیە، بەشەرتێك لەگەڵ ئەو ماددەی 4 و لەگەڵ ماددەی 5 دا یەك بگرێتەوە و تێك نەكاتەوە، ئەو كاتە ئێمە مەجلسێك دادەنێین، بەڵام بۆچی مەجلسمان دانا

قەرارات دەردەکەن، دەربارەی چی؟ لەکاتێك دا قەرارات و سەڵاحیەتی قەرارات دراوە بـە رەئیسی هەیئەکە بۆ ئەوەی ئەو شتانە وازح بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێ گومان پاراستنی ژینگە گرنگیەکی زۆری هەیە لە وڵاتاندا، ئەو ئەهمیەتەی کە دەدرێت بە ژینگە کـەمتر نیە لەو ئەهمیەتەی کە بە باقی کەرتەکان و باقی وەزارەتەکان دەدرێت، ئـەو ماددەیـەی کـە لێـرە پێشـنیاز کراوە، بەڕاستی دیارە ئیسپاتی ئەوە دەکات کە ژینگە چەند گرنگی پێ دراوە لە پرۆژەکە کە هـاتووە، بـەڵام من کە سەیر دەکەم ئەمـە هـەموو وەزارەتـەکانی تیایـە و یـەك دووانێـك نـەبێت، یـەعنی ئـەو وەزارەتانـەی تریش کە باس نەکراون هـەر کامێکیـان گرنگـی خۆیانیـان هەیـە بـۆ پاراسـتنی ژینگـە و بـۆ بڵاوکردنـەوەی هۆشـیاری و بـۆ بایەخـدان بـە ئـەم بـوارە گرنگـە، بۆیـە مـن پـێم وایـە، یـەعنی ئەوەنـدە ئیستسـنای هـیچ وەزارەتێك نەکەین، چونکە ئەو وەزارەتانەی کە لابراون زۆر کەمترن لەو وەزارەتانەی کـە نـاو هێنـراون، لـە حاڵێك دا وەزارەتی پەروەدە زۆر گرنگە، وەزارەتـی ئـەوقاف و کاروبـاری ئـایینی بەهـەمان شـێوە گرنگـە بـۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری، چونکە ئەگەر لەبەرچاومان بێت، مەسەلەن ئێمە لـە کوردسـتاندا حیسـاب بکـەین کەمترین رەقـەم کـە دابنـدرێ نزیکـەی 500 هـەزار کـەس هـەموو جمعەیـەك دەچـێت بـۆ نوێـژی جمعـە و بەشداری دەکات لـە نوێـژی هـەینی، یـەعنی ئەمـە هۆشـیاریەکی زۆر گرنگـی هەیـە مەوزوعەکـە، وەزارەتـی پێشمەرگەش بەڕاستی زلعێکی باشی هەیە لەمەسەلەی ژینگە، بۆیە پێم وایـە سـیاغەی ماددەکـە وا بکرێـت کە هیچ وەزارەتێك ئیستسنا نەکرێت، یەعنی نوێنەری هەموو وەزارەتەکان وەکو زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە مەجلسی ئەعلای بیئە دادەندرێت نوێنەری هەموو وەزارەتـەکان تەنانـەت هـەموو دەزگـا تەنفیزیـەکانی تیایە، مانعیش نیە نوێنەری ڕێکخـراوە ناحکومیەکانیشی تێدا بێت، منـەزەماتی موجتەمـەعی مـەدەنی و ئەوانەشـی تێـدابێت، مـەوزوعێکی تـر کـە مولاحـەزەم لەسـەری هەیـە، ئـەم ئەنجومەنـە دەڵێـت مانگانـە کۆدەبێتەوە، لەڕاستی دا ئەنجومەنێك بەو فراوانیە و بەو گرنگیە ئەگەر مانگانە کۆببێتەوە هیچ ڕۆڵێك بۆ خودی وەزارەتەکە و ئەو دەستەیەی کە دیارە پێك هاتووە لە مەجموعەیەك مدیر عام و ئەوانە، بۆیـە ئـەم ماوەیە تۆزێك زیاتر بکرێت ، سێ مانگ جارێك یان مەسەلەن بەو شێوەیە مولاحەزەیەکی ئەوە بکرێت، من ئیقتراح دەکەم ئەگەر مەجالی تیا بێت ئەم سیاغەیە بەو شێوەیە بێت (یکون للهیئـة مجلس برئاسـة رئـیس الهیئة و عضویة ممثلی الوزارات والهیئات وعدد من الخبراء والمستشارین وممثلین عـن لجـان حمایـة وتحسـین البیئة في محافظات الاقلیم)، یەعنی هەم ماددەکە کورت تـر دەبێـت و هـەم دەلالـەت و مـەجالی تەفسیریشـی باشتر دەبێت لە کاتی جێ بەجێ کردنی دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکانی لیژنەی هاوبەش دەکەم سەبارەت بە ماددەی 7، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەم کە وەزارەتی نەقل و مواسەلات بە هەڵە هاتووە، نەقڵ و مواسەڵات نیە بە پێی قەراری پەرلەمان ناوەکەی (نقل والاتصالات)ە، ئەوە چاك بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان بەرامبەر موداخەلەی ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، کاك د.حسن فەرموو.

**بەڕێز د.حسن محمد سوورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی پێشنیارەکەی کاك فرست، سکرتێری پەرلەمان دیارە ئێمە لە راپۆررتی تایبەتی لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە ئێمە هەمان ئەو سیاغەی کە کاك فرست باسی کرد بەو سیاغەوە هات بوو لە کۆبوونەوەش تەرحمان کرد، بەڵام دوایی لەسەر ئەو سیاغەیە ئیتیفاقمان کرد کە ئێستا دەکرێت ئەو سیاغەیەی کە سکرتێری پەرلەمان کاك فرست باسی کرد تەئیدی بکەین، دەربارەی ژینگە مەهامی چیە، بە پێی بەشی دووەم لە قانونی ژمارە 8ی ساڵی 2008 ئەم ئەرکەی داوە بە هەموو لایەك، منیش لەگەڵ ئەوەم کە هەموو لایەك بەرپرسن لە کاری ژینگە، بەڵام لە قانونەکەدا هاتووە چەند وەزارەتێك هاتووەو چەند وەزارەتێك نەهاتووە، خۆتان دەزانن قانون سیفەتی ئیلزامی هەیە، وەختێك تۆ مومەسلێك ناوی دەهێنی ئەم سیفەتە ئیلزامیەی دەدەیە کە سەرۆکی هەیئە بە ئیلزام ئەم کەسە بانگ دەکات بۆ ئەو مەجلسە، هەندێکی دەتوانین بڵێین سیفەتی تەوعی هەیە، ئەو سیفەی تەوعی دیسان ئەوشە حەقمان داوەتێ بە ئیزافە کردنی فەقەرەی 13 هەم کە ئێستا دەگۆڕێت، ئەم فەقەرەیە کە دەڵێت: سەرۆکی دەستە بۆی هەیە نوێنەرانی هەریەك لە وەزارەتەکانی تر (واتە ئەو وەزارەتانەی ناویشیان نەهاتووە) ئەو لایەنانە واتە رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە پەیوەست نین بە وەزارەتەوە بانگهێشت بکات لە کاتی پێویست دا بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دەستە، کەواتە لێرە سیفەتێکی ئیلزامی داوەتە و هەندێك وەزارەت، وە سیفەتی تەوعیش دەدات بە هەندێك وەزارەت کە بێن موشارەکە بکەن، دەربارەی ئەوەی کە نوێنەری موحافەزە بێت، نوێنەری فەرمانگە بێت یان نوێنەری دەستەی موحافەزە بێت یان لیژنەی موحافەزە بێت، ئەم دەستەیە لەگەڵ هەیئە جودایە، مەجلس لەگەڵ هەیئە دوو شتی جیاوازن، کەواتە ئێمە سێ شتمان هەیە، دەستە، مەجلس، مەجلسی بیئە، لیژنەی موحافەزەش، دەستە خۆی پێك هاتووە لە مدیریەتی گشتیەکە لەگەڵ فەرمانگەی موحافەزە، کە وەختێك سەرۆکی دەستە بەشدار دەبێت یان سەرۆکی مەجلسەکە بەشدار دەبێت، کەواتە تەمسیلی خۆشی و تەمسیلی هەموو فەرمانگەکانی دەکات، هەروەکو هەر وەزارەتێك کە لە وەزارەتێکیش نوێنەرێك دێت، نوێنەری وەزارەتەکەیە بە خودی ناو

وەزارەت و هەتا فەرمانگەکانیشەوە، لە هەمان کاتدا لیژنەی موحافەزە پێك دێت لە ریئاسەی محافز یان جێگری موحافز لەگەڵ نوێنەری وەزارەتەکان بە عەینەن شێوە هاتووە لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگەکانی ژینگە لە موحافەزە، بەڕێزان وەختێك دەستە کۆدەبێتەوە لەبارەی مەوزوعێکی بیئی، بێ گومان شتێکی ئیختساسی باس دەکات، ئەم شتە ئیختساسیە کە پەیوەندە بەباری موحافەزەیەك لە موحافەزەکان، موحافەزەی سلێمانی، مەسەلەی ئاو، لیژنەی موحافەزە یەکێك دەنێرێت لە موحافەزەی سلێمانی کەوا ئیختساسی ئەو ئیشەیە، نەك مدیریەی فەرمانگەی بیئە لەوێ بنێرێ کە تایبەت نیە بەم کارە و ئیختساسی نیە، بۆیە مەجالێکی فراوانترە و مەجلسی موحافەزە دووبارە مەجلسێکی ترە، دەربارەی ئەوە پرسیار کرا ئایا ئەم ئەنجومەنە بەشێکە لە دەستە یان نا؟ دەکرێت ئەم ئەنجومەنە بەشێك بێت لە دەستە و دەشکرێت لەوەش گەورەتر بێت، چونکە بەڕاستی لە هەندێك وڵات ئەنجومەن دروست دەکرێت لە نائیبی سەرۆکی وەزیران لەگەڵ هەموو وەزیرەکان کەواتە وەکو لیژنەیەکی باڵای وەتەنی بە نیسبەت بیئە دروست دەکرێت، بەڵام لێرە وەکو لیژنەیەکی عام دروست کراوە، بەڵام تابعی هەیئە دەبێت، بەسەرۆکایەتی سەرۆکی دەستە دەبێت، بەڵێ ئەنجومەن جیایە لەگەڵ هەیئە، هەیئە شتێکە و ئەنجومەن فراوانترە و گەورەترەو سەلاحیاتیشی زیاترە، دیسان لیژنەی موحافەزەش لە فەرمانگەکە گەورەترە و جیاوازە لەگەڵ ئەو لە کارەکانیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئیعادەی سیاغەی ئەو موقتەرەحەی کاك فرست کردی وەرگیرا بەو شێوەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادە 7**

**اولاً/ یکون للهیئة مجلس برئاسة رئیس الهیئة ویتکون من:**

**1- ممثل عن الوزارات الاتیة بدرجة لاتقل عن مدیر عام:**

**أ- وزارة الداخلیة.**

**ب- وزارة البلدیات والسیاحة.**

**ج- وزارة التعلیم العالي والبحث العلمي.**

**د- وزارة التخطیط.**

**هـ- وزارة الزراعة والموارد المائیة.**

**و- وزارة الصحة.**

**ز- وزارة التجارة والصناعة.**

**ح- وزارة الثروات الطبیعیة.**

**ط- وزارة الکهرباء.**

ك- وزارة النقل والاتصالات.

ل- وزارة التربية.

2- أ- عضوين من الخبراء المختصين في حماية البيئة بقرار من رئيس الهيئة.

ب- ممثل عن كل محافظة من محافظات الاقليم.

ثانياً/ لرئيس الهيئة دعوة اي من ممثلي بقية الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة عند الاقتضاء للاشتراك في اجتماعات المجلس دون ان يكون لهم حق التصويت.

ثالثاً/ يجتمع المجلس شهرياً، وللرئيس عند الضرورة دعوته لاجتماع طارئ وتتخذ القرارات فيه بأغلبية عدد الحاضرين، وفي حالة التساوي في الاصوات يرجح الجانب الذي يصوت معه الرئيس، وعلى المجلس رفع تقرير سنوي حول الوضع البيئي الى رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیاری تر هەبوو بە زیادەی وەزارەتی رۆشنبیری و ئەوقاف و پەروەردە، رەئیتان بەرامبەر ئەوە چی بوو كە چەند ئەندامی پەرلەمان تەسنیەیان لەسەری كرد؟.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر زۆری ژمارەی وەزارەتەكان رەزامەندیمان لەسەر زیادكردنی وەزارەتی پەروەردە كرد، بەڵام ڕێگر نیە لەبەردەم وەزارەتەكانی دیكە، بەڵام بڕگەیەكی تێدایە، (لرئيس الهيئة دعوة اي من ممثلي بقية الوزارات) واتە ئەو وەزارەتانەی كە ناویان لە لیستەكە نەهاتووە واتە لە بڕگەی 1 نەهاتووە دەتوانێ سەرۆكی دەستە بانگەشەیان بۆ بكات و ئامادە بن لە كاتی كۆبوونەوە، هەر لایەنێكی تر كەوا پێویست بكات لە حاڵەتی هەر ڕوودانێك یان هەر بابەتێك كە گفتوگۆی لەسەر بكات هیچ ڕێگرێك نیە لەبەردەم زیادكردنی كە لەلایەن سەرۆكی دەستە دەعوەت دەكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر لە خوێندنەوەكەدا پشتگیریان لە نەسی ڕاپۆرتەكەی خۆیان نەكرد ئێستا لە جیاتی نوێنەری هەر پارێزگایەك بە هەمان شێوە خوێندرایەوە، لەبری ئەوە بخوێندرێتەوە بە نوێنەری لیژنەی پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەر پارێزگایەك بە هەمان شێوە خوێندرایەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم على احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو پێشنیارەی کە بۆ زیادکردنی وەزارەتەکان کرا، پێویستە بخرێتەوە دەنگدانەوە، نەك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت بەوەی کە لە ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی هاتووە کە نوێنەری هەر وەزارەتێك بۆی هەیە، یەعنی بە (بۆی هەیە) نابێت، چونکە پێشنیار کراوە زیاد لەدوو کەس پێشنیاری کردووە، پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا بۆ زیادکردنی وەزارەتی پێشمەرگە و ڕۆشنبیری و ئەوقاف کە چەند بەڕێزێك پێشنیاریان کرد، دەیخەینە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە کە وەزارەی پێشمەرگە و ڕۆشنبیری و ئەوقاف زیاد بکرێت؟ 49 کەس لەگەڵە، کێ لەگەڵ دانیە؟ (13) کەس لەگەڵدا نییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئێستا گشت ماددەکە بخوێننەوە بە ئیزافەی ئەو سێ وەزارەتە دەیخەینە دەنگدانەوە، تکایە، نوقتەی نیزامی کەرەم بکە.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو وەزارەتی صحەو بیئە چاك نەبۆتەوە، وەکو نەقلەکە چاك کراوەتەوە، ئەو چاك نەکرا، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**وەزارەتەکان بەپێی ئەوەی لە ئەسڵدا بڕیارمان لەسەردا، ئەوە هەمووی بەو شێوەیە دادەڕێژرێتەوە، هەمووی بەو شێوەیە چاك دەکرێت، کەرەم بکە، فەرموو وەڵام بدەوە.**

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەربارەی وەزارەتی تەندروستی بکرێت بە وەزارەتی تەندروستی و ژینگە، دیارە ئێستا وەزارەت وەزارەتی تەندروستیە، ئێمە ئێستا باسی دروست کردنی دەستەی ژینگە دەکەین، لیژنە موشتەرەکە، بەس وەزارەت هەر وەزارەتی تەندروستییە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا لیژنەی هاوبەش تکایە ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی ماددەکە بخەینە دەنگدانەوە، تکایە.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة السابعة:**

**اولاً/ یکون للهیئة مجلس برئاسة رئیس الهیئة ویتکون من:**

**1- ممثل عن الوزارات الاتیة بدرجة لاتقل عن مدیر عام:**

**أ- وزارة الداخلیة.**

ب- وزارة البلديات والسياحة.

ج- وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.

د- وزارة التخطيط.

هـ- وزارة الزراعة والموارد المائية.

و- وزارة الصحة.

ز- وزارة التجارة والصناعة.

ح- وزارة الثروات الطبيعية.

ط- وزارة الكهرباء.

ك- وزارة النقل والاتصالات.

ل- وزارة التربية.

م- وزارة البيشمركة.

ن- وزارة الثقافة.

ي- وزارة الاوقاف.

2- أ- عضوين من الخبراء المختصين في حماية البيئة بقرار من رئيس الهيئة.

ب- ممثل عن لجنة حماية وتحسين البيئة في محافظات الاقليم.

ثانياً/ لرئيس الهيئة دعوة اي من ممثلي بقية الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة عند الاقتضاء للاشتراك في اجتماعات المجلس دون ان يكون لهم حق التصويت.

ثالثاً/ يجتمع المجلس شهرياً، وللرئيس عند الضرورة دعوته لاجتماع طارئ وتتخذ القرارات فيه بأغلبية عدد الحاضرين، وفي حالة التساوي في الاصوات يرجح الجانب الذي يصوت معه الرئيس، وعلى المجلس رفع تقرير سنوي حول الوضع البيئي الى رئاسة مجلس الوزراء.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش كەرەم بكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

یەكەم/ دەستە ئەنجومەنێكی دەبێ بە سەرۆكایەتی سەرۆكی دەستە:

1- نوێنەرانی ئەم وەزارەتانەی خوارەوە بە پلەیەك لە بەڕێوەبەری گشتی كەمتر نەبێ بەشداری دەكەن:

أ- وەزارەتی ناوخۆ.

ب- وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار.

ج- وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

د- وەزارەتی پلاندانان.

هـ- وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان.

و- وەزارەتی تەندروستی.

ز- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی.

ح- وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

ط- وەزارەتی کارەبا.

ك- وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن.

ل- وەزارەتی پەروەردە.

م- وەزارەتی پێشمەرگە.

ن- وەزارەتی رۆشنبیری.

ی- وەزارەتی ئەوقاف.

2- أ- دوو ئەندام لە شارەزای پسپۆر لە پاراستنی ژینگە بە بڕیاری سەرۆکی دەستە.

ب- نوێنەری هەر لیژنەیەك لە پاراستنی ژینگە لە پارێزگاکان بەشداری دەکات.

دووەم/ سەرۆکی دەستە بۆی هەیە نوێنەرانی هەر یەك لە وەزارەتەکان و ئەو لایەنەی کە پەیوەست نین بە وەزارەتەوە بانگهێشت بکات لەکاتی پێویستدا بۆ بەشداری کردن لەگفتوگۆ بێ ئەوەی ماف دەنگدانیان هەبێت.

سێیەم/ ئەنجومەن مانگانە کۆ دەبێتەوەو سەرۆك بۆی هەیە لە کاتی پێویست بانگهێشت بۆ کۆبوونەوەی کتوپڕ بکات و بڕیارەکان بە زۆرینەی ژمارەی ئامادە بووان دەردەچن و لە بارێکدا گەر دەنگەکان یەکسان بوون، ئەو لایەنە پەسند دەکرێ کە سەرۆك دەنگی بۆ داوە، هەروەها پێویستە لەسەر ئەنجومەن راپۆرتی سالأنە سەبارەت بە بارودۆخی ژینگە بەرز بکاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، گوێتان لێ بوو، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە بەو شێوەیەی بەکوردی و عەرەبی خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەی هەشتەم.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

اولاً: تشكل في كل محافظة لجنة تسمى لجنة حماية وتحسين البيئة في المحافظة برئاسة المحافظ او من ينوب عنه، وعضوية ممثلي الوزارات المبينة في الفقرة اولاً من المادة الثامنة.

ثانياً: يطبق على اجتماعات لجنة المحافظة الاحكام الواردة في المادة السابعة من هذا القانون الواردة بشأن اجتماعات مجلس الهيئة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەش تكایە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

یەكەم/ لە هەر پارێزگایەك لیژنەیەك پێك دەهێنرێت و پێی دەگوترێ (لیژنەی پاراستن و چاككردنی ژینگە لە پارێزگا) بە سەرۆكایەتی پارێزگار، یان ئەوەی جێی دەگرێتەوە دەبێ و بە ئەندامیەتی نوێنەرەكانی وەزارەتە ناوبراوەكان لە بڕگەی (1)ی ماددەی هەشتەمدا.

دووەم/ حوكمەكان كە لە ماددەی حەوتەم لەم یاسایەدا هاتوون لەبارەی كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنی دەستە، لەسەر كۆبوونەوەكانی لیژنەكانی پارێزگاكانیش پیادە دەكرێن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تكایە رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی هاوبەش بەكۆی دەنگ تەئیدی ماددەكە دەكەین، تەنها لە جیاتی ماددەی هەشت دەبێتە ماددەی حەوت، فەقەرە دوو لەماددەی حەوت لەسەرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟ رێزدار كاك فرسەت موداخەلەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەفروزە لە لیژنەی موحافەزە بەڕێوەبەری دائیرەی ژینگە لە نەفسی موحافەزە ئەندامی لیژنە بێت، چونكە لیژنەكە نوێنەری هەموو وەزارەتەكانی تێدایە، عەدا نوێنەری دەزگای ژینگەی تێدا نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو رێزدارانەی كە دەیانەوێت قسە بكەن ناویان دەنووسین، رێزدار سیوەیل خان، سەرگوڵ خان، هاژە سلێمان، ئەو سێ كەسە دەیانەوێت قسە بكەن، كەسی تر هەیە؟ نییە، سیوەیل خان كەرەم بكە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت لایەنە زمانەونیەکەیەوە، بە زمانی عەرەبیەکەی نووسراوە (المادة الثامنة/ اولاً/ تشكل في كل محافظة لجنة تسمى لجنة حماية وتحسين البيئة في المحافظة برئاسة المحافظ او من ينوب عنه، وعضوية ممثلي الوزارات المبينة في الفقرة اولاً) نابێ، دەبێت بلێیین (في الفقرة الاولى من المادة الثامنة)، یەعنی (اولاً) بكرێتە (الاولى).

(ثانياً: يطبق على اجتماعات لجنة المحافظة الاحكام الواردة في المادة السابعة من هذا القانون الواردة) نابێ، دەبێت تائەكە رەش بكەینەوە بلێیین (من هذا القانون الوارد بشأن اجتماعات مجلس الهيئة)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سەرگوڵ فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە پێكهێنانی لیژنەیەكە، ئێمە لە هەموو پارێزگا فەرمانگەی لیژنەمان هەبێت، ئەو فەرمانگەیە ئەرك و دەسەڵاتەكانی دیاری دەكرێت، ئەو پێكهاتەیە بۆ لیژنەكە دانراوە، من پێم باشە لەو فەرمانگەیە هەبێت، نەك لیژنەیەكی جیایی بۆ دروست بكرێت، هەر ئەو فەرمانگەیەی خۆی تایبەتمەند بێت بەوەی كە كاروبارەكانی ژینگە بەڕێوە بەرێت، نەك ئێمە بچین لیژنەیەكی تر دروست بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە رەئی خۆم پێموایە ئەو ماددەی هەشتەم زیادە، چونكە لێرە لە ماددەی شەشەم فەرمانگەیەكمان دانا بەناوی فەرمانگەی ژینگە لە پارێزگاكانی هەرێم، واتا ئەو فەرمانگەیە هەموو ئیش و كارەكانی ژینگە بەڕێوە دەبات لە پارێزگاكان، ئیتر پێویست بەو لیژنەیە ناكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان دەربارەی ئەو موداخەلانەی كە كران.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە یاسای ژمارە (8)ی ساڵی 2008دا هاتووە، كە لە هەر پارێزگایەك ئەنجومەنێك دروست دەكرێت بەناوی (ئەنجومەنی پاراستن و چاككردنی ژینگە)، بۆیە لێرەش دیسان بڕیار درا تەئیدی ئەم خاڵە بكەین كە هاتووە، چونكە لەگەڵ یاسای ژمارە (8) دەگونجێت.

بەنیسبەت ئەوەی کە ئایا زیادە؟ یەعنی ئیشەکەی زیادە؟ یان زیاد نییە؟ دیسان وەکو دەستەو ئەنجومەنی گشتی لە موحافەزەش فەرمانگە، فەرمانگەیەکی ئیدارییە، کارێکی تایبەت دەکات، دەبێت جیهاتی موختەس لەگەڵی بن، بۆ دروست کردنی ئەنجومەنێکی لەخۆی گەورەتر، لە خۆی فراوانتر، کە ئەویش نوێنەری وەزارەتەکانە لە موحافەزە، چونکە موشکیلەی بیئە تەنها موشکیلەیەکی خاص، یان تایبەت نییە بە دەستە، یان بە فەرمانگەیەك، بەڵکو موشکیلەیەکی گشتییە تایبەتە بە هەموو وەزارات.

دەربارەی ئیقتیراحی سکرتێری پەرلەمان، دیارە بە ئیزافە کردنی مودیر، ئێمەش لەگەڵین، دیارە مودیری فەرمانگەی موحافەزات کە زیادمان کرد، دەبێت لێرەش ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر صیاغە بەو موقتەرەحەی کە وەرتانگرت بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

اولاً: تشكل في كل محافظة لجنة تسمى لجنة حماية وتحسين البيئة في المحافظة برئاسة المحافظ او من ينوب عنه، وعضوية ممثلي الوزارات المبينة في الفقرة اولاً من المادة السابعة ومدير دائرة البيئة في المحافظة.

ثانياً: يطبق على اجتماعات لجنة المحافظة الاحكام الواردة في المادة السابعة من هذا القانون الواردة بشأن اجتماعات مجلس الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ئەوەڵەن کە اولی پێشنیار کرا، (الواردة) (الوارد) وەرتان نەگرت بەنەزەری ئیعتیبار، تکایە لە جێی خۆتان قسە مەکەن رجائەن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانياً: يطبق على اجتماعات لجنة المحافظة الاحكام الواردة في المادة السابعة من هذا القانون بشأن اجتماعات مجلس الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەڵەن بخوێنەوە سەر لەنوێ لە خەتی دوو ئەوەڵەن بکرێتە (اولى)، لە ئەخیر فەقەرەش (الواردة) بکرێتە (الوارد).

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

اولاً: تشكل في كل محافظة لجنة تسمى لجنة حماية وتحسين البيئة في المحافظة برئاسة المحافظ او من ينوب عنه، وعضوية ممثلي الوزارات المبينة في الفقرة الاولى من المادة السابعة ومدير دائرة البيئة في المحافظة.

ثانياً: يطبق على اجتماعات لجنة المحافظة الاحكام الواردة في المادة السابعة من هذا القانون بشأن اجتماعات مجلس الهيئة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بە کوردیش بخوێننەوە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

یەکەم/ لە هەر پارێزگایەك لیژنەیەك پێك دەهێنرێت و پێی دەگوترێ لیژنەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە پارێزگا بە سەرۆکایەتی پارێزگار، یان ئەوەی جێی دەگرێتەوە دەبێ و بە ئەندامیەتی نوێنەرەکانی وەزارەتە ناوبراوەکان لە بڕگەی (1)ی ماددەی حەوتەمداو بەڕێوەبەری فەرمانگەی پارێزگاکان.

دووەم/ حوکمەکان کە لە ماددەی حەوتەم لەم یاسایەدا هاتوون لەبارەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دەستە، لەسەر کۆبوونەوەکانی لیژنەکانی پارێزگاکانیش پیادە دەکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الهيئة.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

ئەرك و تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکانی دەستە بە پێڕەو دەستنیشان دەکرێن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئی لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی ماددەکە دەکەین بە ئیجماع.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس دەیەوێت قسە بکات؟ قسەی لەسەر نییە؟ بەڕێزان دەیخەمـە دەنگدانـەوە، کـێ لەگەڵدایـە کـە وەکو خۆی هاتووە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سـوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەریی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

لرئيس الهيئة اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەش کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

سـەرۆکی دەسـتە بـۆی هەیـە ڕێنمـایی پێویسـت بـۆ ئاسـانکاریی جێبـەجێ کردنـی حوکمـەکانی ئـەم یاسـایە دەربچوێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی ماددەکە دەکەین بە ئیجماع.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کەس مولاحەزەی نییە؟ دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایـە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟ زۆر سـوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەکەی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەریی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادي عشرة:

اولاً: يلغى قانون حماية وتحسين البيئة في اقليم كوردستان رقم (8) لسنة 2008.

ثانياً: لايعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یازدەم:**

**یەکــەم: یاســای پاراســتن و چــاککردنی ژینگــە لــە هــەرێمی کوردســتان ژمــارە (8)ی ســاڵی 2008 هەڵدەوەشێتەوە.**

**دووەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی، یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمـە بـە ئیجمـاع لەگـەڵ ئـەوەدا نـین، کـە قـانونی ژمـارە (8) ئیلغـا بکرێـت، بـەڵکو بـە ئیجمـاع ئیعـادەی صیاغەمان کردۆتەوە بەنیسبەت ئەو ماددەیەوە بەم شێوەیە دەبێت:**

**(تبقى احكام قانون حماية وتحسين البيئـة في اقلـيم كوردسـتان رقـم (8) لسـنة 2008 نافـذة المفعـول وبمـا لايتعارض مع احكام هذا القانون ويحل رئيس الهيئة محل الوزير، والهيئة محل الوزارة اينما وردت في القـانون المذكور).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، کەس مولاحەزەی هەیە؟ یەك کەس دەیەوێت قسە بکات، کاك ئەحمەد وەرتێ، کەرەم بکە.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەوەی پێشتر نوقتەی نیزامیمان هەبوو، بەڵام ڕێگەتان نەدا پێمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە باسی ئەمە بکە، ڕجائەن، باسی پێشتر مەکە، دوایێ وەرە لام، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرسیارێك لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی، حوکمەکانی یاسای پاراسـتن و چاککردنی ژینگـە لـە هـەرێمی کوردسـتان ژمارە (8)ی ساڵی 2008 بە پێڕەو کراو دەمێنێتـەوە، بـە مـەرجێك نـاکۆك نـەبێت لەگـەڵ حوکمـەکانی ئـەم یاسـایەدا، لەوێـدا هاتووە دەستەواژەکانی سـەرۆکی دەسـتە جێگـەی وەزیـرو دەسـتە جێگـەی وەزارەت دەگرنـەوە، بـەڵام لـە عەرەبییەکـەی دەڵێـت (ویحل رئيس الهيئة)، یەعنی من پێموایە دەبێت لە پێش ڕەئیسی هەیئە (كلمة رئيس الهيئة محل الوزير، والهيئة محل الـوزارة اينما وردت)، (وردت) بۆ کەلیمەکە دەڕواتەوە، نەك بۆ ڕەئیسی هەیئـە، لـەوێش دەسـتەواژە هـاتووە، مـادام وایـە دەبێـت لێـرە ئەمەی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نازانم چی بۆ زیاد بكرێت؟ كاك دكتۆر ئەحمەد، نازانم.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە كوردیەكە گوتووتانە دەستەواژەكانی، بە دەستەواژە جێی دەگرێتەوە، بەڵام لە عەرەبیەكە یەكسەر دەڵێی (یحل رئیس الهیئة)، نەك (ویحل كلمة رئیس الهیئة محل....).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ئاخیر صیاغەتان، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الحادي عشرة:

تبقى احكام قانون حماية وتحسين البيئة في اقليم كوردستان رقم (8) لسنة 2008 نافذة المفعول وبما لایتعارض مع احكام هذا القانون ویحل عبارة رئیس الهیئة محل الوزیر، وعبارة الهیئة محل الوزارة اینما وردت في القانون المذكور.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش كەرەم بكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم:

حوكمەكانی یاسای پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان ژمارە (8)ی ساڵی 2008 بە پێڕەو كراو دەمێنێتەوە، بە مەرجێك ناكۆك نەبێت لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەداو دەستەواژەكانی سەرۆكی دەستە جێگەی وەزیرو دەستە جێگەی وەزارەت دەگرنەوە لە هەر جێگەیەكی یاسای ناوبراو هاتبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، تكایە ماددەكەی تر.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادةالثانية عشرة:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەکوردیەکەش کەرەم بکە.**

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دوانزدەهەم:**

**پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش رەئیتان.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەگەڵ دەقی ماددەکەین هیچ مولاحەزەمان نییە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ماددەکەی تر.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة عشرة:**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەکوردیەکەش کەرەم بکە.**

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێزدەم:**

**ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا جێ بەجێ دەکرێ.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، تکایە ئێستا ئەسبابی موجیبە بخوێننەوە.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

بهدف حماية البيئة والحفاظ على الصحة العامة والموارد الطبيعية والتنوع الاحيائي، ومتابعة العوامل المؤثرة في سلامة البيئة، وإزالة ومعالجة اثار الاسلحة الكيميائية والمواد المسببة للتلوث البيئي، اقتضت استحداث هيئة تتولى هذه المهام، لذلك شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە كوردیەكەش.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**هۆیە پێویستیەكانی دەرچوواندنی**

بەمەبەستی پاراستنی ژینگەو پارێزگاری كردن لە تەندروستی گشتی و سەرچاوە سروشتیەكان و هەمە جۆری زیندەوەریی و بە دواداچوونی ئەو هۆكارانەی كار دەكەنە سەلامەتی گشتی و لابردن و چارەسەر كردنی ئاسەوارەكانی چەكی كیمیایی و ئەو ماددانەی كە دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە، پێویستی كرد دەستەیەك دابمەزرێ تاكو ئەو ئەركە بگرێتە ئەستۆ، بۆیە ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەرەم بكە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنە پێشنیاری زیاد كردنی ئەو رستەیە كرایە، پاش (المسببة للتلوث البيئي ولغرض نشر الوعي البيئي والثقافة البيئية في اقليم كوردستان) ئەوجا (اقتضت استحداث هيئة تتولى هذه المهام).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بەو شێوەیەی خوێندرایەوە گشت یاسایەكە بەگشت ماددەكان لەگەڵ ئەسبابی موجیبە دەخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، پیرۆزبایی دەكەین لە ئێوەی بەڕێزو حكومەتی هەرێمی كوردستان و خەڵكی كوردستان، ئومێدەوارین ئەو دەستەیە دەوری خۆی ببینێت، سبەی سەعات (11) دانیشتنمان دەبێت لەسەر دەستەی مافی مرۆڤ، ئێستا كۆتایی بە دانیشتنەكە دەهێنین خواتان ئاگادارتان بێت.

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) | ارسلان بايز اسماعيل | فرست احمد عبدالله
سەرۆكى پەرلەمانى | جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى | سكرتێرى پەرلەمانى
كوردستان - عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق

فرست احمد عبدالله
سكرتێرى پەرلەمانى
كوردستان – عێراق

ارسلان بايز اسماعيل
جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى)
سەرۆكى پەرلەمانى
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانى كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلى دانيشتنى ژمارە (9)**

**چوارشەممە رێكەوتى 12\5\2010**

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (9)

## چوارشەممە ڕێكەوتی 2010/5/12

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێكـەوتی 2010/5/12 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (9)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی كوردسـتان - عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (9) خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی 2010/5/12 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسـای دەسـتەی سـەربەخۆی مـافی مـرۆڤ لـە هـەرێمی كوردسـتان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنەكەمان دەكەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی یەكـەم، خـولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (9)، ڕۆژی دانیشتن 2010/5/12، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمـەكانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار كـراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی كوردسـتان – عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی كـاری

دانیشتنی ژماره (9)ی خولی سێیەمی هەڵبـژاردن لـە کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆ، ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکەوتی 2010/5/12دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پـرۆژە یاسـای دەسـتەی سـەربەخۆی مـافی مـرۆڤ لـە هـەرێمی کوردسـتان – عێراق.

داوای لێبـووردن دەکـەین، کـە (45) دەقیقـە دواکـەوت، دواکەوتنەکەشـی سـەبەبەکەی ئـەوە بـوو، لیژنـەی هاوبەش، لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ ڕاپۆرتی هاوبەشیان دواکەوت بوو لە ئامـادە کردنـی، پاشـان ویسـتمان کۆپی بکرێت تاکو لەبەر دەستی ئێوەی بەڕێز بێت، ئینجا هەموو ڕاپۆرتەکە کە کۆپی کراو ئـەمڕۆ گەیشـتە بەردەسـتتان وەخـتی ویسـت، بۆیـە چـاوەڕێمان کـرد نەچـینە نـاو گفتوگـۆ پـێش ئـەوەی ڕاپۆرتەکـە لەبـەر دەسـتتان بێـت، ئێسـتا داوا لـە لیژنـەی یاسـایی و مـافی مـرۆڤ دەکـەین کـەرەم بکـەن بـۆ شـوێنی خۆیـان، بـۆ بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆی ماددەکان، کەرەم بکەن، دەست بەکار بن لە کارەکانتان.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێسـتا پـرۆژەی یاسـای دەسـتەی مافـەکانی مـرۆڤ لـە هـەرێمی کوردسـتان – عێـراق بـەزمانی عـەرەبی دەخوێنینەوە، ئەم پرۆژەیە لە حکومەتەوە هاتووە، لـە 2009/12/29 خوێندنـەوەی یەکـەمی بـۆ کـراوە، ئێستاش بە زمانی عەرەبی پێشکەشتان دەکەین:

مشروع قانون الهيئة المستقلة لحقوق الانسان في اقليم كوردستان – العراق

المادة الاولى:

تكون للكلمات والتعابير الاتية المعاني المبينة ازاءها ادناه اينما وردت في هذا القانون:

اولاً/ الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

ثانياً/ البرلمان: برلمان الاقليم.

ثالثاً/ الهيئة: الهيئة المستقلة لحقوق الانسان في الاقليم.

رابعاً/ المجلس: مجلس الهيئة.

خامساً/ الرئيس: رئيس الهيئة.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم:

ئـەم وشـەو دەسـتەواژانەی خـوارەوە، لـە هـەر جێگەیـەکی ئـەم یاسـایەدا هـاتبن، ماناکـانی بەرامبـەریان دەبەخشن:

یەکەم/ هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.

دووەم/ پەرلەمان: پەرلەمانی هەرێم.

سێیەم/ دەستە: دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا.

چوارەم/ ئەنجومەن: ئەنجومەنی دەستە.

پێنجەم/ سەرۆك: سەرۆكی دەستە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان تكایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان. ئێمە ئەمڕۆ بەیانی هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ كۆبووینەوە، تاوەكو ڕاپۆرتەكانمان یەك بخەین و ڕاو و بۆچوونە جیاوازەكان هەوڵ بدەین گفتوگۆی لەسەر بكەین و بگەینە ڕەئیەكی نیهائی، ئینجا بێینە هۆڵی پەرلەمان، بەو شێوەیە ڕاپۆرتەكە پێشكەش بە بەڕێزتان دەكەین:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان - العراق**

**م/ تقرير مشترك**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية ولجنة حقوق الانسان في يوم 22/ گولان/2710 كوردي 2010/5/12 الميلادية لدراسة مشروع قانون الهيئة المستقلة لحقوق الانسان المقدم من قبل مجلس وزراء والمحال الى اللجنتين بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (13) والمؤرخة في 2009/12/29 وبعد المناقشة والمداولة تقدم اللجنة المشتركة ملاحظاتها بالشكل الآتي:

**المادة الأولى:**

اعادة صياغة مقدمة المادة الاولى بالشكل الآتي:

(يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة ازائها لاغراض هذا القانون)، هەردوو لیژنە پشتگری لە ئەسڵی ماددەكە دەكەن، وەكو خۆی هاتووە بەو شێوەیە، كە لەلایەن حكومەت پێشكەش بە پەرلەمان كراوە، تەنها پێشەكی ماددەی یەكەم، كە نووسراوە (تكون للكلمات والتعابير)، ئەوە بكرێتە (يقصد بالمصطلحات والتعابير)، تەنها ڕێكەوتین لەسەر ئەوەی پێشەكی ماددەی یەكەم بەو شێوەیە هەموار بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بكەن لەسەر ئەو ماددەیە ناویان دەنووسین، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسراوە، ڕێزدار دكتۆر زانا ڕەئوف، جەمال طاهر، عدنان عثمان، سیوەیل عثمان، حاكم ڕزگار، دكتۆر صباح بەرزنجی، ڤیان عبدالرحیم، شێروان حەیدەری، پەروین عبدالرحمن، ڕێزدار كاك دكتۆر زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای دەستخۆشیم لە هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنـەی مـافی مـرۆڤ تایبـەت بـەم پرۆژەیـە، بـەڵام مـن پێشنیازێك دەكەم پێش ئەوەی داخیل بین بە ناوەڕۆكی ئەم ماددەیە، ئەگەر سەیری نـاوەڕۆكی ئـەم پـرۆژە یاسایە بکەین، چەند کەموکورتیەکی تیایە، هیوادارم کە بەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، ئـەو پرۆژەیـە بخاتـەوە دەنگدان، ئایا ئەو پرۆژەیە بە تەواوەتی دەبێتـە پرۆژەیـەك بـۆ پاراسـتنی دەسـتەی مـافی مـرۆڤ لـە هـەرێمی کوردستان؟ یاخود نا؟ لەبەر چەند هۆکارێك:

یەك/ ئەم پرۆژەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کراوە، پاشان کـە سـەیری نـاوەڕۆکی پرۆژەکە دەکەین، ئەم پرۆژەیە وا باس لەم دەستەیە دەکات، کە سەر بە پەرلـەمانی کوردسـتانەو بەرپرسـی یەکەمە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا، باشە چ عەجەب ئەگەر پرۆژەیەك تایبەت بێت بە پەیوەندییەك لەنێوان پەرلەمان و دەستەیەکی هەڵبژێردراوە، بۆ حکومەت ئەو پرۆژەیە پێشکەش دەکات؟ یەعنی مـەعنی بـوونی حکومـەت خـۆی لـە خۆیـدا جێگەیـەکی تەندروسـت نییـە، دەکرێـت ئـەم پرۆژەیـەی کـە حکومـەت پێشـنیازی کـردووە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانـەوە لەسـەرجەم فراکسـیۆنەکانەوە بـێین صیاغەی بکەینـەوەو، بـۆ ئـەوەی جارێکی تـر بتـوانین تـاوتوێی وردەکارییـەکانی ئـەم پرۆژەیـە بکـەین، تـا چەندێکی تەندروستە؟ چەندێکی تەندروست نییە.

خاڵی دووەمیان/ ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی پرۆژە یاسایەکە بکـەین، دەقـاودەق لـە بەشـی زۆریـدا لـە هـەمان پرۆژە یاسای (قانون المفوضـية العليـا لحقـوق الانسـان العـراق)ـە، ئـەم پرۆژەیـە یاسایەکەی عێراقـە، لەبـەر ئـەوەی کـە لـە بەغـداوە دەرچـووە، بـەڵام هەنـدێك برگـەو مـاددەی دەسـتکاری کـراوە، کـە بـەبڕوای مـن داڕێـژەرانی ئـەم پرۆژەیـە سـەرکەوتوو نـەبوون لـە دەسـت نیشـان کردنـی مـەواقیعی خەلـەل و، مـەواقیعی ئیجابیەکەی لەوێدا، بەشێکی زۆری لەو یاسایە کە لە بەغداوە جێ بـەجێ دەکرێـت ئیجابیـاتی زۆر تێدایـە، بەڵام ئەم یاسایە سەرکەوتوو نەبووە لەنێوان دوو، سێ شتدا، یەك/ ئـەوەی کـە ئایـا ئـەم دەسـتەیە سـەر بـە پەرلەمانە؟ سەر بە حکومەتە؟ هەماهەنگی لەنێوان وەزارەت و فەرمانگەکاندا بە چ شێوەیەك دەکرێت؟ کە ئەمە بۆتە نوقتەیەکی خەلەل، لە دوایشدا لە ناوەڕۆکەکەی دێینە سەر باس کردنـی، ڕەنگـە بەشـێکی زۆری لەو خەلەلانە تێدا دیار بکەوێت.

سێیەمیان/ کە کێشەی ئێمەیە، کێشەی کلێشەمان هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەك صیغە کلێشەی هەیە، من پێشتر قەناعەتم وا بوو ئەو پرۆژانەی لـە لایـەن حکومەتـەوە دێـن بـۆ پەرلـەمان زۆر بـەهێزترن لەو پرۆژانەی کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش دەکرێت، بە حوکمی ئەوەی کـە کۆمـەڵێك ئیجرائـات، لـە لیژنـەی یاسـایی، یـاخود لـە بەشـی یاسـایی وەزارەتەکانـەوە، دوایـێ دەچـێتەوە ئەنجومەنی وەزیران، دوایێ مەفروزە بچێتە مەجلیسی شـووراى هـەرێم و، یـەعنی فلتـەرێکی تێـدا هـەبێت، بەڵام ئەم کلێشەیەی کە هەیـە، هـەمان کلێشـەی وەزارەتەکانـە، کـە دووبـارە دەبێتـەوە لـە تـەعامول کردنـی لەگەڵ ڕەئیس لە دەوائیرەکان، خۆ دەبێت جۆرە خوسوسـیەك و جـۆرە تایبەتمەندییـەکی هـەبێت، کـە بـاس

لەو دەزگایانە دەکەین، بەتایبەتیش بۆ دەستەیەکی گرنگی وەکو دەستەی باڵای مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا، پاشان مەبەستی سەرەکی لە لابردنی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە وەرە سەر ماددەکە، رجائەن، ئێستا پێشنیارەکەی جەنابت مەعلوم بوو، دەڵێت ئەمە بخرێتە بەردەنگدان، ئەگەر بەڕێزان پشتگیری بکەن، دەیکەین، بەلاّم ئێستا لێرە شەرح بکەین، ئەوە ماددەیەکە لەبەر موناقەشەیە، ماددەی یەکە دەچینە سەر ماددەکە، کەرەم بکە.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی کاتی خۆی باسی مافی مرۆڤ کرا وتیان با نەبێتە دەستەیەکی جێ بەجێکار، چونکە مەفروزە مافی مرۆڤ دەستەیەکی چاودێریکار بێت بەسەر ئەدای حکومەتەوە، نابێت بەشێك بێت لە جیهازی تەنفیزی، بەلاّم کێشەکە لەم پرۆژە یاسایە ئەم دەزگایە نابێتە جیهەتێکی جێ بەجێکار، دەبێتە جیهازێکی راوێژکار، یەعنی لە پەیامەکەی پێشوو پتریش کەمتر دەبێتەوە، کەواتە ئەمە لەگەڵ ناوەڕۆکی یاساکە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت بەم پرۆژە یاسایە پشتگیری لە مافی مرۆڤ بکەین، ئەمە چەند هەنگاوێکی لە مافی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، واتا لە بری ئەوەی کە چاودێریکار بێت، جێ بەجێکاریش نییە، لە هەمان کاتدا تەنها دەبێتە جیهەتێکی راوێژکارو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئێستا ئەو پێشنیارەی کە کرا ئەمە بخرێتە بەر دەنگدانەوە، ئەگەر کەسێك هەیە تەئیدی (تەسنیە) بکات، دەیخەینە دەنگدانەوە، یەك، دوو، سێ، بەڕێزان، ئێستا پێشنیارێك کرا، کە ئەم پرۆژە یاسایە گفتوگۆی لەسەر نەکرێت، رەفز بکرێت، چوار کەسیش تەسنیەی کرد، کێ لەگەڵە ئەم پرۆژە یاسایە گفتوگۆی لەسەر نەکەین، رەفز بکرێت، بگەڕێندرێتەوە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ (22) کەس لەگەڵە کە رەفز بکرێت، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵە کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت وبەردەوام بین دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، واتا بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ کردن، ئێستا رێزدار کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، بەنیسبەت ماددەی ئەوەلی من خۆم چ مولاحەزەم لەسەر نینەو تەحصیل حاصلە، بەلاّم ئەگەر بێن سەیری عینوانی مەشروع بکەین، باشتر دەبێتن ئەگەر بکرێتن (مشروع قانون الهیئة المستقلة لحمایة حقوق الانسان في اقلیم کوردستان – العراق)، چونکە ئینسان پێش بوونی، پاش بوونی حەقی هەیە، نا ئێمە

ئێستا حەقی بدەینێ، ئەڤە پێویستە لێرە بکرێت بە (لحمایە حقوق الانسان)، پێم باشە چاکتر دەبێت، ئەگەر بێینە ماددەی دووەم/ خاڵی سێیەم بخوێنین....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ماددەی یەکەم، مەڕۆ بۆ ماددەی دووەم، تکایە لە ماددەی یەك دەرنەچی، بەڵێ، باسی ماددەی یەکمان بۆ بکە، ئیحتیرامم بۆ جەنابت هەیە، کە لە ماددەی یەك تەواو بووی، چووینە ماددەی تر ئینجا، کەرەم بکە، رێزدار عەدنان عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من قسەم لەسەر ناوەکەیە، عینوانی رێکخراوەکەیە، پێموایە ئەو عینوانە زۆر گرنگە قسەی لەسەر بکەین، چونکە تەعبیر لەناوەڕۆك و، لە مەهام و ئەرکەکانی خودی ئەو دەستەیە دەکات، کە دەمانەوێت دایمەزرێنین، کە بۆ خۆی دەستەیەکی گرنگ و خاوەن ئەهمیەتێکی زۆرە، لەڕاستیدا من ئیشکالیەتم لەگەڵ وشەی سەربەخۆیەکە هەیە، یەعنی ئەو وشەی سەربەخۆیە لێرە چ مەدلولێکی هەیە؟ کە ئەم رێکخراوە بەگوێرەی بەندەکانی تر کە دوایی دەچینە سەری، دواتر سەر بە پەرلەمانە، ئەنجومەنی وەزیرانیش دیارە با بڵێین کەسەکە دەست نیشان دەکات و تەرشیحی دەکات بۆ پەرلەمان، یەعنی بۆیە ئەم وشەی سەربەخۆیە لێرە مانایەکەی چیە؟ مەوقیعی چیە لێرە، من پێموایە بۆ دەزگایەکی لەم چەشنە، کە خاوەن ئەهمیەتێکی گرنگە، ئەوە مەسەلەیەکی حەساسە، ئەوە دیارە تەعبیر لە زۆر مەسائیلی ناو کۆمەڵگایەکە دەکاتەوە، وەك کێشەی ژنان، کێشەی مافی مرۆڤ، هەموو لایەنەکانی تر، ئەم رێکخراوە ناوێکی تری هەبوایە، کە پڕاو پڕ تەعبیر لە ئەهمیەتی ئەمە بکاتەوە، پێموا بوو باشتر دەبوو لەوەی کە ناوی دەستەیەك بێنین وەکو دەستەکانی تر، من پێشنیاری ئەوە دەکەم بەناوی کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە کوردستانداو، پرۆژەیەکیش هەیە من ویستم ئەم بەیانیە پرسیار لە دەستەی سەرۆکایەتی بکەم، کات نەبوو، ئایا ئەم پرۆژەیان پێ گەیشتووە؟ یان نا؟ پرۆژەی یاسای کۆمسیۆنی باڵای لێرەش هەر سەربەخۆیان نووسیووە، کە من لەگەڵی نیم، مافی مرۆڤ لە کوردستاندا، بۆیە ئەم کۆمسیۆنە بۆ خۆی جۆرێك لە سەربەخۆیی ئەهمیەتێکی زیاتری دەبێت، با بڵێین عینوانێکی گەورەیە، جۆرێکی لە ئیستیقراریەتی زیاتر بەم رێکخراوە، بەم دەستەیە دەدات، با بڵێین ئەرکەکان و مەهامەکانی زیاتر دەکاتەوە لە دەستەکانی تر، لە گروپەکانی تر، کە لەوانەیە سەر بە پەرلەمانە یان ئەنجومەنی وەزیران بن، بۆیە من لێرە پێشنیار دەکەم ناوەکەی بکرێت بە کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆربەی کاك عەدنان کردی، بەنیسبەت ناونیشانی پرۆژەکە بوو، منیش پێم باش بوو (المفوضية العليا لحماية حقوق الانسان في اقليم كوردستان – العراق)، ئەگەر موستەقیلەی تێدا بێت، دەبێت سەربەخۆ بێتن، سەر بە هیچ لایەنێك نەبێت، ئەگەر موستەقیلەی تێدا نەنووسین، ئەوە شتێکی ترە، پێم باش بوو بەنیسبەت ناونیشانی پرۆژەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار رزگار محمد امین فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، من شکلیەن زیاتر، (للكلمات والتعابير) یەکێکیان کافیە، (يقصد بالعبارات الاتية)، ئەوە وابزانم مانای دەدات، چونکە موستەڵەحات و تەعابیرەکە تیکرار کردنەوەکەی پێموایە، یەعنی دەبێت دوو مانای جیاوازیان هەبێت، مەبەست چیە لەو دوو بەکارهێنانە؟ لە صیاغە تا کورتتر بێت و پڕ ماناتر بێت، صیاغە جوانتر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بەرزنجی فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە لە ماددەی یەکەم پێویست ناکات بڵێین (تكون للكلمات والتعابير)، چونکە ئەوەی لە ماددەکە هاتووە مەجموعەی موستەڵەحاتە تەعابیرمان نییە لە هینەکە، کەواتە بڵێیت (يقصد بالمصطلحات الاتية المعاني المبينة ازاءها)، ئێمە مەجموعەیەك موستەڵەحاتمان هەیە، نا غەیر، تەعابیرمان نییە، چونکە تەعابیر مەجموعەیەك موستەڵەح بێت، یان عیبارەتێك بێت لەدوو وشە زیاتر پێك هاتبێت، ئێمە هەر موجەڕەد پێنج وشەمان هەیە، بکرێت بە موستەڵەحات (يقصد بالمصطلحات الاتية) وەکو ئەوەی کە لەراپۆرتی لیژنەی هاوبەشدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ڤیان خان فەرموو، نوقتەی نیزامی کەرەم بکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دڵنیام نوقتەکەم نیزامییە، مەسەلەی صیاغەو لوغەو ئەوانە، ئێمە پێشتریش بڕیارمانداوە هەر کەسێك موشکیلەی صیاغەی هەیە، دەتوانێت بیداتەوە بە لیژنەی یاسایی لە دوا جاردا صیاغەی بکەنەوە، چونکە ئەگەر وا بێت، ئەمە دەبێت بە کێشەی زمان و ئیتر لەمەسەلە ئەساسیەکە دەردەچین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، زۆر دروستە، رێزدار ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك عەدنان کردی، بەهەمان شێوە پشتگیری لە بۆچوونەکە دەکەم، کە عینوانەکەی پرۆژە یاساکە بگۆڕێت بە کۆمسیۆنی بالأی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من پەیوەندی بە تەصویتەکەوە هەبوو، تەصویتەکەش کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ باشتر کردنی راپەڕاندنی کارو مەهامەکانی ئەم یاسایە، پێویستە دەستە نەبێت، بەڵکو کۆمسیۆن بێت بۆ مافی مرۆڤ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی رەئیتان دەربارەی ئەو موداخەلاتانەی کە ئەندامە بەڕێزەکان کردیان، کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ئەو پێشنیارانەی کە کران، ئایا یاسایەکە لە لایەن حکومەتەوە هاتووە؟ دەستەکە سەر بە پەرلەمانە؟ راستە، بەلأم ئەو پرۆژە یاسایە لە حکومەت هاتووە، ئێمە لە لیژنەکان دانیشتووین و راپۆرتی خۆمان ئەنجامدا چەندین پێشنیاری تر هاتە کایەوە، کە لەسەر دەق و برگەی ماددەکانمان زیاد کردووەو چاوەڕێی پەسند کردنی پەرلەمان دەکات، کەموکوڕی، راستە کەموکوڕی لە هەموو پرۆژەکاندا هەیە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێت، ئەو گلەییمان لە مێژە کردووەو هەوڵ دەدەین لە رێگای لیژنەکان، لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندیدار بەو بابەتەی کەوا ناوەڕۆکی پرۆژەکە دەیگرێتەوە، هەوڵ بدەین ئەو کەموکوڕییانە بە هەموو لایەك کەم بکرێتەوە، ناوی هەیئەکە سێ ئەندام پێشنیاری ئەوەیان کرد، پشتگیریان لەو پێشنیارە کرد، کە ناوی دەستەکە بگۆڕدرێت بۆ دەستەی بالأ، دەستەی سەربەخۆ، وشەی سەربەخۆ نەمێنێت بکرێتە دەستەی بالأ، بکرێتە کۆمسیۆن، پرۆژەکە کە

لەلایەن حکومەتەوە هاتووە دەستەیە، دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، ئەوەی لە عێراقە کۆمسیۆنە، ئەگەر بکرێتە کۆمسیۆن، ئەوە شتێکی ترە لە بابەتەکە دەردەچین، چونکە ناوەڕۆك و دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمسیۆنەکە، ئەوە هەمووی پێویستی بە نیزام داخیلی هەیە، یەعنی پرۆژەکە هەر هەمووی پێویستی بە گۆڕانکاری هەیەو دەکرێت، ئەو پرۆژەی کە هاتیەو هەردوو لیژنە پشتگیری لێ دەکەن، ئەوە بەو شێوەیە نامێنێتەوە، کە بڵێت کۆمسیۆن، لەگەڵ ئەوە نینە بکرێتە کۆمسیۆن، هەر بە دەستە بمێنێتەوە، بەڵام ئایا وشەی سەربەخۆ بمێنێت؟ یان بکرێتە دەستەی باڵا؟ دەستەی باڵای مافەکانی مرۆڤ، یان دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، بڕیار بڕیاری کۆتایی پەرلەمانە، ئێمە لاریمان نییە لەسەر ئەوە، بەڵام هەروەکو بە دەستە دەمێنێتەوە، ئەگەر لیژنەی مافی مرۆڤیش تێبینیان هەبێت، سوپاس.

سەبارەت بە موستەڵەحات و تەعابیر، (یقصد بالمصطلحات والتعابیر)، دکتۆر صباح پێشنیاری هەبوو، دوایی گوتی پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنە هاوبەشەکە دەکەم، کە بە موستەلەحات و تەعابیر هاتووە، ئێمە چەند موستەڵەحێکە کە دووبارە دەبێتەوە لەناوڕۆکی یاسایەکە لە بڕگەو بەندەکانی ماددەکە، لە ماددە یەك روون کردنەوەیە، تەنها پێناسەی ئەو موستەڵەحە دەلالەت لەسەر چ دەکات؟ هەر ئەوەندەیە، موستەڵەحات بێت، کەلیمات بێت، تەعابیر بێت، ئێمە پشتگیری لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکە دەکەین، کە (یقصد بالمصطلحات والتعابیر الآتیة المعانی المبینة ازائها لاغراض هذا القانون)، کێشەمان نییە، ئەگەر تەنها موستەڵەح بێت، یان تەعابیر بێت، هیچ کێشە نییە، تەنها موستەڵەح هاتووە، کەوا لە ناوەڕۆکی یاساکە دووبارەو سێ بارە باسی لێوە کراوە، یەعنی کورتکراوەی ئەو وشانەیە کە بەکار هاتووە، زیاتر لە یەکجار لەناو یاسایەکەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سکرتێری پەرلەمان موداخەلەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن برادەرانی حقوقی دەزانن هەر دەوڵەتێك، هەر نیزامێکی سیاسی موتەئەسیرە بە مەدرەسەیەکی قانونی، ئێمە وەك ئەوەی پارچەیەکین لە عێراق موتەئەسیرین بە مەدرەسەی غەربی، ئەویش فەرەنسا سەرۆکایەتی دەکات و مسریش تابعی ئەوانە، لەوێ مەجموعەی موستەلەحات هەیە بۆ ئەو دەستانە بەکار دێت ئەوەی مەشمول بێت بە لامەرکەزیەتی ئیداری، دەست پێ دەکەن بە موئەسەسە، هەیئە، مەصلەحە، مونشەئە، بەنیسبەتی ئێمە وەکو موستەلەحی هەیئەمان بەکارهێناوە زیمنی ئەو بۆچوونەیە، مەوزوعی کۆمسیۆن، مەوزوعی موفەوەزیە، ئەسڵەن موفەوەزیە بەنیسبەی عێراق موستەلەحێکی تازەیە، پاش 2003 بەکار هات، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من وەك هەیئە بمێنێت لە پرۆژەی دەستووریش وا هاتووە، هیچ زەرەری تێدا نییە، موئەسەسەیەکی سەربەخۆیە، فیعلەن سەربەخۆیە، سەربەخۆیەکە تێك ناچێت، ئەگەر لە ژێر چاودێری پەرلەمان بێت، چونکە ئیش و کاریان سەربەخۆیە، وەك چۆن حاکمێك، یان قازییەك

قەراری خۆی بە ئیستیقلالیەت بدات، بەس بەخۆی زیمنی نیزامی ئیداری هەرێمە، یان زیمنی نیزامی ئیداری عێراقە، سەربەخۆیاتی کاری خۆی بە سەربەخۆیەتی دەکەن، ئیعاز لە کەس وەرناگرن بە ئیستیقلالیەت بڕیاری خۆیان دەدەن، بەس ئەو مانای ئەوە نییە مونعەزیل بێت لە هەموو دەستە، لە تەنزیمی ئیداری عێراق و هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی موداخەلەیان هەیە، کەرەم بکەن لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە عینوانی پرۆژەکە، وەکو لە راپۆرتەکەی لیژنەی هاوبەشی، لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی یاساییدا هاتووە، ئێمە تەئیدی ئەو حاڵەتە دەکەین، تەقدیری بۆچوونی ئەندامانی بەڕێزیش دەکەین، کە موداخەلەیان کرد، دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە هێشتاکە ئەم پرۆژەیە لەبەردەستی ئەندامانی بەڕێز دایە، ئەم پرۆژەیەو ئەو پرۆژانەی پێشتریش بوون بە یاساو، ئەوانەی دواتر دەخرێنە بەردەستی بەڕێزان، بێگومان بێ کەموکوڕی نییە، لەو روانگەیەوە موناقەشە دەکرێت، بۆ ئەوەی هەر کەموکوڕییەك هەبێت بەلاوە بنرێت، ئاساییشە لە هەندێك ئامانج و لە هەندێك هۆکاردا ئەم دەستەیە خاڵی هاوبەشی لەگەڵ هەر کۆمسیۆنێك هەبێت لە عێراق، یان لە جێگایەکی تریش دروست دەبێت، بۆیە ئێمە لەگەڵ تەواوی ناوەڕۆکی ماددەکەدا دەبین، ئیتر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەنیسبەت پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان بۆ گۆڕینی ناوەکە، ئەگەر پێشنیارەکە سەحب دەکەن، ئەوە بەردەوام دەبین، ئەگەرنا دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەحبی ناکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا پێشنیارێك هەیە، کە ناوی بکرێتە کۆمسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە کوردستان، ئەم پێشنیارە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (22) کەس، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵە وەکو خۆی بمێنێتن دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەی ماددەکە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الاولى:

يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعانى المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:

اولاً/ الاقليم: اقليم كوردستان – العراق.

ثانياً/ البرلمان: برلمان الاقليم.

ثالثاً/ الهيئة: الهيئة المستقلة لحقوق الانسان في الاقليم.

رابعاً/ المجلس: مجلس الهيئة.

خامساً/ الرئيس: رئيس الهيئة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش كەرەم بكەن.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم: ئەم وشەو دەستەواژانەی خوارەوە، لە هەر جێگەیەكی ئەم یاسایەدا هاتبن، ماناكانی بەرامبەریان دەبەخشن:

یەكەم/ هەرێم: هەرێمی كوردستان – عێراق.

دووەم/ پەرلەمان: پەرلەمانی هەرێم.

سێیەم/ دەستە: دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا.

چوارەم/ ئەنجومەن: ئەنجومەنی دەستە.

پێنجەم/ سەرۆك: سەرۆكی دەستە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئاخیر صیاغە خوێندرایەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (75) كەس، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟(20) كەس، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، تكایە ماددەكەی دواتر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

اولاً: تؤسس هيئة بأسم (الهيئة المستقلة لحقوق الانسان في اقليم كوردستان – العراق) تتمتع بالشخصية المعنوية والاستقلال المالي والاداري، وتكون لها ميزانية مستقلة ضمن الميزانية العامة للاقليم، وترتبط بالبرلمان وتكون مسؤولة امامه.

ثانياً: يكون مقر الهيئة الرئيس في محافظة اربيل عاصمة الاقليم، ويجوز لها فتح مكاتب في المحافظات الاخرى.

ثالثاً: يهدف هذا القانون الى حماية حقوق الانسان وتعزيزها وفقاً لمعايير حقوق الانسان الدولية في جميع المجالات، ونشر الوعي بها، والاسهام في ضمان تطبيق ذلك في ضوء احكام التشريعات الداخلية.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەش كەرەم بكە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

یەكـەم: دەسـتەیەك دادەمـەزرێت بـەناوی (دەسـتەی سـەربەخۆی مـافی مـرۆڤ لـە هـەرێمی كوردسـتان – عێراق)دا، كەسایەتیی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداریی دەبێت و، لە چوارچێوەی بودجەی گشتی هەرێمـدا بودجەیـەكی سـەربەخۆی دەبێـت و، بـە پەرلەمانـەوە واوەسـت دەبێـت و، لەبەردەمیـدا بـەرپرس دەبێت.

دووەم: بنكـەی سـەرەكی دەسـتەكە، لـە پارێزگـای هـەولێر پایتـەختی هەرێمـدا دەبێـت و، بۆیشـی هەیـە لـە پارێزگاكانی دیكەدا نووسینگە بكاتەوە.

سێیەم: ئامانجی ئەم یاسایە، پاراستن و بەهێز كردنی مافەكانی مرۆڤە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەكانی مافی مـرۆڤ لـە هـەموو بوارەكانـداو، بڵاوكردنـەوەی رۆشـنبیرییە دەربـارەی ئـەم مافانـەو، بەشـداری كردنـە لـە دەستەبەر كردنی بەكارهێنانی ئەو مافانە، لەبەر رۆشنایی حوكمەكانی یاسا ناوخۆییەكاندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش رەئیتان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بـە مـاددەی دووەمـی پـرۆژە یاسایەكە، لـە راپـۆرتی هاوبەشـی هـەردوو لیژنـە، لیژنـەی یاسـایی و لیژنەی مافی مرۆڤ، دوو تێبینیمان لەسەر دەقی ماددەكە هەیە، تێبینی یەكەم/ تایبەتە بە بڕگـەی دووەمـی ماددەكە، كە تەنها دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەكەیە بەو شێوەیە: (ثانیاً/ یكون المقر الرئیسي للهیئة في اربیـل عاصمة الاقلیم، وتفتح لها مكاتب في مراكز سائر المحافظات الاخرى).

دووەم/ تایبەتـە بـە بڕگـەی سـێیەم، بـەڕێزان، لـە راپـۆرتی هاوبەشـدا هـاتووە، بڕگـەی سـێیەم بكرێتـە ماددەیـەكی سـەربەخۆ، لەبـەر ئـەوەی مـاددەی دووەم بـاس لـە پێكهێنـانی ئـەو دەسـتەیە دەكـات، تەئسیسـی هەیئەكە، بەڵام بڕگەی سێیەم پەیوەندی بەم ماددەیە نییە، باس لە ئەهدافەكە دەكات، بۆیـە پێمـان باشـە كە بڕگەی سێیەم بكرێتە ماددەی سێیەم، ماددەیەكی سەربەخۆ، دووبارە دابڕێژرێتەوە: (یهـدف القـانون الى الحفاظ على حقوق الانسان وتعزیزها والـدفاع عنهـا في جمیـع المجـالات وفـق المعـاییر الدولیـة مـع نشـر ثقافـة حقوق الانسان)، وەكو ماددەیەكی سەربەخۆ مادده سێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بكەن، تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان بنووسین، ناوەكان( عومەر هەورامی، فازل بەشارەتی، كەیلی ئەكرم، ڤیان، بەیان كۆچەری، احمد، عظیمة ، عەدنان عوسمان، رزگار، شوان، شلێر، حمە سەعید، گولیزار، حسن محمد، پەریهان، كوێستان محمد، عومەر عبدالعزیز، فرست احمد) كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەزۆربەی پشتگیری پێشنیارەكانی هەردوو لیژنە دەكەم، بەس لە برگەی كۆتاییدا ئامانجی ئەم یاسایە، خۆی ئامانجی دەستەكەیە، كە هەوڵ دەدات، ئامانجی دەستەكەیە كە بۆ پاراستن و بەهیز كردنی مافەكانی مرۆڤ، بۆ خۆی ئێمە كۆمەڵێك یاسامان هەیە، كە لێرە دەرچوون، لە چوار چێوەی عێراقیشدا، عێراق بۆ خۆی كۆمەڵێك مەواسیق و موعاهەداتی هەیە، ئەبێ ئامانجی دەستەكە بێت هەوڵ بدات بۆ پاراستنی مافەكانی مرۆڤ، نەك ئامانجی یاساكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فازل بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری و دەستخۆشی لەهەردوو لیژنەی هاوبەشی یاسایی و مافی مرۆڤ دەكەم، كە لەماددەی دووەم، خاڵی دووەم، كە دەڵێت دەستەكە بۆشی هەیە، یەعنی خستوویەتیە شتێكی ئیختیاری بۆ دەستەكە كە نووسینگەی لە پارێزگاكانی تر هەبێت، بەڕاستی من پێشنیاری دەكەم نەك تەنها لە پارێزگاكان هەبێت، چونكە بەڕاستی ئەوەی كە ئێمەی كورد سوتاوی دەستی ئەو بێ مافیە بووین لە ڕابردوودا، كە مافی مرۆڤ نەئاوڕی لێ داوینەتەوە نە حەقی پێداوین، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەو دەستەیە نووسینگەی لە قەزاكانیشدا هەبێت نەك تەنها لە پارێزگاكان، چونكە بەڕاستی زۆر زۆر گرنگە، هەر لەهەمان ماددەدا لە خاڵی سێیەم، باسی ئامانجی ئەم یاسایە دەكات و پاراستن و بەهێزكردنی مافەكانی مرۆڤ بەپێیی پێوەرە نێودەوڵەتیەكان، من حەز دەكەم ئەو پرسیارە بكەم، پاساو چیە بۆ ئەو هەموو غەدرو زوڵمەی كە لەڕابردوو لەمافی مرۆڤی كورد كراوە، یەعنی ئایا ئەو دەستەیە مولزەم دەبن بەوەی كەوا وەكو بڵێین ڕوونكردنەوە یان موزەكەرە بدەن بەهەموو وڵاتانی دەرەوەو بەتایبەتی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو هەموو غەدرو پێشێلكارییەی كە لە مافی مرۆڤی كورد كراوە لە كوردستان، لەعێراق بەگشتی و لە كوردستان بەتایبەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کەیلی خان، فەرموو.

**بەڕێز کەیلی اکرم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی سێیەم لەماددەی دووەم، کراوە بە ماددەیەك لە ڕاپۆرتی هاوبەشی یاسایی و مافی مرۆڤ، بەڵام من پێم باشترە ئەم فەقەرەیە لە اسباب موجبە باس بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم، من قسەم لەسەر بڕگەی دووەم هەیە، کە باس لە پەیکەری ئیداری دەستەکە ئەکات، کە بەس لە سەنتەری پارێزگاکاندا بکرێتەوە، بەڕەئی من پێویست بوو لە قەزاو ناحیەکانیش نووسینگە یان لقی دامەزراوەیی بکرێتەوە بۆ ئەو شوێنانە، لەبەر ئەوەی پێشیلکارییەکی زۆر لە مافەکانی مرۆڤ لەو شوێنانەدا ڕوو دەدات، کە پێویستە ئەو دامەزراوانە یان ئەو نووسینگانە بکرێتەوە لە قەزاو ناحیەکان، واتە پەیکەری ئیداری دەستەکە بەشێوەیەکی ئاسۆیی بێت، نەك بەشێوەیەکی ستوونی کە لەقەزاو ناحیەکانیش با بڵێین ڕێنمایی و بڕیارەکان لە سەنتەری پارێزگاکانەوە وەرنەگرن، خۆیان بتوانن، بەس بتوانن ڕاپۆرت ئامادە بکەن و ئاراستەی سەنتەری پارێزگاکانی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیان خان، فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگا ئیکێ ژ ماددەیە دووێ، ئەز پێنشیار دکەم، ( تتمتع الهیئة بشخصیة معنویة ویکون لها استقلال تام في ممارسة مهماتها المنصوص علیها في هذا القانون)، بڕگا سێش هەروەسا ئەز دەبینم ڤێ شێوە بت( یهدف هذا القانون الی تعزیز حمایة حقوق الانسان وتنفیذها بالتنسیق مع الجهات والهیئات المختصة وتفعیل الالیات لحمایة الوطنیة ولحمایة حقوق الانسان) گەلەك مەمنوون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی دووەم بەهەمان شێوە منیش تێبینیم لەسەر ئەو خاڵە هەیە، کە کاك فازل و ڤیان خان تیشکیان خستە سەری، لەگەڵ ئەوەدام کە چۆن لێرە هاتووە، کە دەڵێت لە پارێزگای هەولێری پایتەختی هەرێم بێت سەرۆکی دەستەکە، بەڵام نەك بۆشی هەیە لە پارێزگاکانی تر هەبێت، بەڵکو پێویستە لە پارێزگاکانی تر نووسینگە بکاتەوە، هەروەها لە قەزاکانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەدنان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە بۆچوونەکانی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەکەم، بەڵام سێ خاڵ هەبوو ویستم قسەی لەسەر بکەم، ئەوەی کاك عومەر لە سێیەم باسی دەکات، ( یهدف هذا القانون) فیعلەن لەڕاستیدا ئەبێ باس لە دەستەکە بکات، ئەم دەستەیە مەبەستەکانی چیە، بەڕاستی من هاوڕام لەگەڵی، بۆ مەوزوعی قەزاکانیش ئێمە هەندێ ناوەندمان هەیە ناوەندی گرنگە ، لەڕاستیدا لەوانەیە نەتواندرێت لەهەموو قەزاو ناحیەیەکدا بکرێتەوە، هەرچەند پێویستە بکرێتەوە، من پشتگیری ئەوە دەکەم، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەوە ئیزافە بکەین، بڵێین ( وتفتح لها مكاتب في مراكز سائر المحافظات والاقضية حسب الضرورة)یەعنی هەندێ ناوەندی گرنگمان هەیە، گەرمیانمان هەیە، پشتدەرمان هەیە، سۆرانمان هەیە، دەکرێت لەو ناوەندە گرنگانە کە دوورن لە پارێزگاکانەوە بکرێتەوە، ئەوەی تر هی سێیەم کە هیوادارم بکرێت بە ماددەیەکی سەربەخۆ پێشنیارەکە، لە ڕاستیدا ئەوەی ئەمان شاملە، بەڵام ئەگەر نەختێك ڕۆشنتری بکەینەوە، پێم وانیە خراپ بێت، هێشتا کە ئێمە قسە لەسەر مافی مرۆڤ دەکەین لەوانەیە هەندێ وا تێبگات کە تەنها هەر تەرکیزە لەسەر توندو تیژییەك یان لەسەر هەندێ مەسائیلی تر، بەڵام کۆمەڵێك شتی تر هەیە کە پەیوەستە بە مافی مرۆڤەوە بۆ نموونە مەسەلەی ئەوانەی کە لە سجنەکاندان، مەسەلەی ئاوارەکان، مەسەلەی مەوقوفەکان، هەندێ پەناهەندەو ئەوانەش کە دێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە، پێم وایە ئەم دەستەیە دەبێت ئیش لەسەر ئەم کەیسانەش بکات و پشتگیرییان بکات، بۆ نموونە هەوڵی دابین کردنی جێگا و پشتگیری لەمافەکانیان بکات، بۆیە ئەگەر ئەوە بکرێت، ئەگەریش هەر لەگەڵ ئەم ماددەیەدا یان ئەکرێت لەماددەکانی تردا خاڵێکی تر ئیزافە بکەین کە ئەم دەستەیە بە حوکمی ئەوەی کە سەر بە پەرلەمانی کوردستانە، با بڵێین پەرلەمان سەرپەرشتی دەکات، دەبێ هەندێ دەسەڵاتی هەبێت بەسەر سوڵتەی تەنفیزیدا، بەتایبەتیش کە پەیوەست بێت بە خروقات لەسەر مافی مرۆڤ واتە جۆرێك لە ئیلزام کردنی سوڵتەی تەنفیزی تێدا بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو پێشێلیانەی کە لەناوچەکاندا دەکرێت، جا ئەکرێت لێرە لەم ماددەیەدا یان لە ماددەی سێدا جێگای بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حاکم رزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بۆچوونی من بە نیسبەت خاڵی یەکەم، ئەم دەستەیە ببەستڕێت بە مەجلسی قەزاوە، بە ئەنجومەنی دادوەرییەوە، نەك بە پەرلەمان، بە ئیعتیبار جیهەتی بێلایەن بۆ قسەکردن لەسەر مافەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو و میهەنی لایەنی قەزایە، مەجلسی قەزاش ئێستا دەسەڵاتی تەشریعی دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە، ئەکرێت ئەم دەستەیە ببەستڕێت بە دەسەڵاتی قەزائیەوە، خاڵی دووەم: بەڕاستی من جارێکی تریش وا بزانم باسمان کرد، مەسەلەی پارێزگای هەولێر، کە پایتەختی هەرێمە، وابزانم شارەکە تەحدید بکرێت باشترە، ئەوە یەکەم: دووەمیش: ئەگەر سەیری یاسای پەرلەمان بکەین، لە ماددەی 45 بە کوردیەکە هەولێر هاتووە، بە عەرەبیەکە اربیل هاتووە، ئەمە مەسەلەیەکە لە نێوان هەولێر و اربیل، کە ئەمەش ئیشکالیەتێك دروست دەکات پێم وایە، یەعنی قانونەکە خۆی وا هاتووە یەعنی قانونی پەرلەمان وا ئەڵێت، جگە لەوەش بەڕاستی ئێمە کەسمان ئیشکالمان لەوە نیە، عاصیمەی واقیعی کوردستان هەولێرە، بەڵام نەسێکی قانونیمان نیە، یان بڕیارێکمان نیە، کە تەحدیدی کردبێ ئێرە پایتەختە، لە قانونی پەرلەماندا هەمانە، دەڵێت کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لە هەولێر گرێ دەدات، بە کوردییەکەی، بەڵام ئەکرێ ئێمە بۆ ئەوەی کە بەکاری ئەهێنینەوە، ئێمە ئەربیلێکی تریشمان نیە یان هەولێرێکی تر تاوەکو بێین جیای بکەینەوە، لەوەی کە جیاوازە لە عاصیمە، یەعنی من بۆ خۆم ئیعتیزاز بەوەوە دەکەم کە هەولێر پایتەختە، مەبەستم هیچ شتێك نیە، یەعنی قسەکەم لەیەك نەدرێتەوە لەڕووی قانونی بەحتەوە قسە دەکەم، یان دەبێت ئێمە قانونێك، یان بڕیارێك یان شتێك لەو بارەیەوە دەربکەین، کە اربیل ببێت بە عاصیمە، بۆ ئەوەی لە نەصێکی قانونیدا یان مەشروعێکی قانونیدا قسەی لەسەر دەکەین ئەوە مەسەلەیەکی گرنگە، کە ئایا ئێمە بەچی ئیعتیباری دەکەین، خاڵی سێیەم: لەگەڵ ئەو بۆچوونەدام کە ئەهداف ببێت بە ماددەیەکی سەربەخۆ بە حەقیقەتەن بەم جۆرەش بێت، ( يهدف هذا القانون الى حماية حقوق الانسان و الدفاع عنها و تعزيزها و بما ينسجم مع الاعلان العالمي لحقوق الانسان والعهود والمواثيق الدولية والدساتير والتشريعات الوطنية) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەی هەردوو لیژنەی بەڕێزم، کە سێیەم جیا بکرێتەوە بە ماددەیەك، بەڵام پێشنیار دەکەم بکرێتە پێشەکی ماددەی سێیەم، کە لەدوای ئەو دێت، لەبەر ئەوەی ئامانجەکان یاخود مەهامەکانی دیاری کردووە، ئەوەش بۆ خۆی ئامانج لە داڕشتنی ئەم یاسایە دیاری دەکات، لەبەر ئەوە بکرێتە پێشەکی ماددەی سێیەم، پشتگیریش لەو برا بەڕێزانە دەکەم کە باسی ئەوەیان کرد، ئەمە ئامانج لە داڕشتنی ئەم

یاسایە دورست کردنی دەستەیەکە، نەك قانونێك بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ، لەبەر ئەوە پێشەکی ئەو ماددەیە بەڕای من ببێت بە پێشەکی ماددەی سێیەم، وای لێ بێت، ( یهدف تأسيس هذه الهيئة حماية حقوق الانسان و الى ........الخ، تا دەگاتە سەر ئەوەی (و لغرض تحقيق هذه الاهداف تتولى الهيئة المهام التالية)، ئینجا 1 و 2 و تا دوایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم هەمووی لەلایەن برادەرانمەوە ئاماژەی پێدرا، تەنها من یەك خاڵم هەیە لە ماددەی دووەم، بە عەرەبیەکەی دەڵێت( ثانیاً: يكون المقر الرئيس للهيئة في محافظة اربيل عاصمة الاقليم وتفتح لها مكاتب في مراكز سائر المحافظات)وابزانم مراكز سائر المحافظات، ئەوە شتێکی زیاد نیە، واتە هەر بڵێین في مراكز المحافظات، هەروەها ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، والاقضية والنواحي التابعة لها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان موناقەشەی ماددەکە بکە نەك ڕاپۆرتی هاوبەش، واتە هی ڕاپۆرتە ئەصڵیەکە، موناقەشەکەمان لە پڕۆژەکەدایە لەماددەی دووەم، لەسەر ئەوە موناقەشە دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە با (في المحافظات) بێت و قسەکانی تریشم لەلایەن برادەرانمەوە کران، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سەعید، فەرموو.

**بەڕێز حمه سعید حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی دووەم، من لەگەڵ ئەو پێشنیارەم بەیان خان کردی، کە کەسایەتیەکی مەعنەوی و سەربەخۆی هەبێت، بەنیسبەت دووەم، لەگەڵ ڕای لیژنەکەم کە بنکەی سەرەکی لە پایتەخت بێت و بنکەی بەحاڵەتی ئیجاب یەعنی پێویستە بڵێت لە پارێزگاکانی تر دەبێت و لەقەزاکانیش بە پێی پێویست، هەندێ قەزا گرنگە وەکو (گەرمیان و ڕانیە..) وەکو ئەوەی کاك عەدنان باسی کرد، وە لەگەڵ ئەو ڕایەی لیژنەم کە برگەی سێیەم ببێت بە ماددەیەکی سەربەخۆ، ئامانجی ئەم دەستەیەیە نەك ئەم یاسایە، وابزانم ئەوە هەر غەڵەتی چاپە، ئینجا بەخاڵ بەندی بکرێت، پاراستن و بەهێز کردنی مافەکانی مرۆڤ بەپێیی

پێوە نێودەوڵەتیەکان و بەپێی ڕێکەوتننامەکانی بۆ زیاد بکرێت، هەروەها بەندێکی تر هەوڵدان بۆ پابەند بوون و جێبەجێ کردنی بەندەکانی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ، ئەوەشی بۆ زیاد بکرێت، چونکە گرنگەو بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری خاڵی سێیەم بێت، چوارەمیش بەشداری کردن لە دەستەبەرکردندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گولیزار خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدام وەکو دەقی یاساکە کە هاتووە، هەر بەو شێوەیە بێت، کەبۆشی هەیە لەپارێزگاکانی دیکەدا نووسینگە بکاتەوە نەك ئیلزامی بکەیت، کە هەر دەبێت بیکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەسەن محمد، فەرموو.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ ناوەکەدام، بەڵام دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان: بەنیسبەت ئیرتیباتەکەیەتی کە ئایا ئیرتیباتی بە ئەنجومەن بێت یان بە پەرلەمان، لەڕاستیدا لەڕووی عەلەنیەوە دوو جۆر دەستە هەیە، دەستەی پەرلەمانی هەیەو دەستەی تەنفیزی هەیە، دەستەی پەرلەمانی پەرلەمان قانونی بۆ دادەنێت، بەجۆرێك کە لەگەڵ پەیڕەوەکەی بگونجێت و موتەعاریز نەبێت لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤ کە لەناو پەرلەمان هەیە، ئەم دەستەیەش ئیشرافی هەموو حکومەت دەکات، بەڵام دەستەی تەنفیزی حکومەت قانونی بۆ دادەنێت و ئیشراف لەسەر هەندێك لە موکەویناتی حکومەت دەکات، یەعنی لەخوار خۆی، ئەگەر سەیری ناوەڕۆکی ماددەکە بکەین بزەبت منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ناوەڕۆکەکە زیاتر بۆ ئەوە دانراوە کە ئەم دەستەیە، دەستەیەکی تەنفیزی بێت، مەشروعێکیش هەیە، مەشروعی ئەمبوس مانی پەرلەمانی، کە پێشتریش لەم پەرلەمانە باس کرا، کە جێگای ئەم دەستەیە بگرێتەوە، لەسەر پەرلەمان و پەرلەمانیش یاسای بۆ دابنێت، خاڵی دووەم: تەئیدی ئەم خاڵی گۆڕینە دەکەم کەخاڵی سێیەم بکرێت بە ماددەی سێیەم و تەصنیفیش بکرێت، چونکە ئەمە تەقریبەن بەشێوەی تەعریف هاتووە، بەڵکو ئەهدافەکان تەصنیف بکرێت و وازح تر بکرێت، کۆمەڵێك ئەسبابی فیکر وەکو کۆمەڵێ ئەسبابی تەمیز و ئەو جۆرە شتانە بچێتە ناو ئەهدافەکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەریهان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بەنیسبەت ماددەی سێیەم، پێم باشە ببێت بە ئامانجی ئەم دەستەیە، لەبەر ئەوەی دەستەكە هەمووی فراوانتر دەبێت، هەموو ئەو یاسایانەش دەگرێتەوە كە هەموو بەندەكانی مافی مرۆڤی تێدا دەبێت، ئیتر پێویست ناكات لێرە بە حەتا بە تەفصیلیش باسی بكەین، باشتر وایە ببێت بە ئامانجی ئەم دەستەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەكانم كرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا ئەوە عەرز دەكەم كە ئەم یاسایە یەكێكە لە یاسا هەرە گرنگەكان، كە دێتە پەرلەمانی كوردستان، لەناو ئەم پرۆژە یاسایەش گرنگترین ماددە، ئەم ماددەیەیە، كە ئێستا هەڵوێستەمان لەسەری هەیە، ئەوانی تر هەمووی میكانیزم و ئالیات و شتی وایە، ئەگەر هەڵەی هونەری یان ناوەڕۆكەكەی زۆر بەهێز نەبێ گرفتێكمان نیە، بۆیە داواكارم هەردوو لیژنەی بەڕێز بەهەند پێشنیار و داواكاری ئەندامان وەربگرن، چونكە باسی ئامانجی پێكهێنانە و زۆر گرنگە بەلای هەموومانەوە، تێبینیەكانی من لەسەر ئەوەن یەكەم: پشتگیری جیاكردنەوەكەی هەردوو لیژنەی بەڕێز دەكەم، دەست خۆشیان لێ دەكەم، بەڵام زۆر خۆشحاڵ دەبووم ئەگەر زیاتر هەڵوێستەیان لەسەر بكردایە، وەكو داوایان كردووە كە جیابكرێتەوە فیعلەن بە خاڵ بەندی بەعزێك ئەهدافی بەقوەت كردنی دروست كراوە، دەستەیەكیان لەكوردستان دیاری بكردایە، ئەمە وەكو هاوكارییەك بۆ بەڕێزیان من لێرە سێ، چوار خاڵم حازر كردووە، ئیحتیماله تەسنیەش بێت لەسەر پێشنیاری ئەو خوشك و برایانەی پێشتر بەس من بە تەحدیدی نووسیومە، بە ئیستقرایەكی دەقیقی زانستی بۆ دروست كردنی ئاوا دەستەیەك كە داكۆكی لەمافی مرۆڤ بكات، ئەگەر بەڕێزتان لێم وەربگرن بەو ئیعتیبارەی دوا كەسم كە قسە دەكەم، لەوانەیە باسی تەسنیە نەكردن بێتە ئاراوە، سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین، ئەگەر ئەهدافی ئەم دەستەیە زۆر گرنگ نیە، چۆن 11 مەهامی بۆ دیاریكراوە، یەعنی هاتووین لەخاڵی داهاتوودا، لەماددەی داهاتوودا 11 مەهاممان بەخاڵ نووسیوە، بەڵام لە ئەهدافدا بەشێوەی

دارِشتنێکی سەریع ئاماژەی پێکراوە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کە بەهەند ئەم تێبینیانەم وەربگیرێت، من پێشنیار دەکەم ماددەکە بەم شێوەی لێ بێت یەعنی بڕگەی سێیەم، بەم شێوەی خوارەوە بێت، ئەگەر هەردوو بەڕێزان لە لیژنە بە دیقە لێم وەربگرن، یەکەمیان:(حماية حقوق الانسان وتعزيزها) ئەمە خۆی بۆخۆی خاڵێك بێت، دووەم: (هدف مراقبة التشريعات صادرة في الاقليم والمتعلقة بحقوق الانسان) چونکە ئەمە هەدەفێکی تەواو سەربەخۆیە، سێیەم: ( حماية حرية الرأي والتعبير للمواطنين في الاقليم) چوارەم:( نشر الوعي المتعلق بحماية حقوق الانسان في الاقليم)لەوانەیە بەڕێزان بڵێن ئەمە هەندێکی لەناو دەستەواژەکاندا هاتووە، بەڵام بۆ بەهەند وەرگرتن و جیاکردنەوەی مەفصەلی ئەهدافەکان کە هەریەکەو بۆ خۆی ئالیاتی خۆی هەیە، یان ڕێگای خۆی هەیە کەلە مەهامەکاندا باس کراوە، بەم شێوە بێت ڕەنگە باشتر بێت، یەکەمیان:(حماية حقوق الانسان وتعزيزها) دووەم:( مراقبة التشريعات صادرة في الاقليم والمتعلقة بحقوق الانسان) سێیەم: ( حماية حرية الرأي والتعبير للمواطنين في الاقليم) چوارەم:( نشر الوعي المتعلق بحماية حقوق الانسان في الاقليم) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دێڕی دووەم و سێیەم هاتووە، ( وتكون لها ميزانية مستقلة ضمن الميزانية العامة للاقليم) برادەرانی دارایی و ئابووری ئەزانن ئەنواعی میزانیە، کە میزانیەی عامی هەیە هی دەوڵەت، میزانیەی مولحەقی هەیە، میزانیە موستەقلی هەیە، هی موستەقل ئەو میزانیەیە کە دەزگایەك واریداتی موستەقیلی هەبێت، یەعنی بەخۆی تەمویلی میزانیەی خۆی بکات، لەبەر ئەوە بەڕەئی من ئەگەر بڵێین( لها ميزانيه خاصه ملحقه بالميزانيه العامة للاقليم) یان بڵێین( ميزانية ملحقة بالميزانية العامة للاقليم)، ئەوە بەنیسبەت میزانیە، بەنیسبەت فەقەرەی دووەم، بەڕەئی من پڕۆژەکە موەفەق تر بوو لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش، ( ويجوز لها فتح مكاتب في المحافظات الاخرى) ئەوە ڕەئی برادەرانیش بەجێ ئەهێنێت، ئەگەر بێت و حەزیان لێ بێت لە قەزایەك یان ناحیەیەك بکرێتەوە، ئەتوانن بە موجبی فەقەرەی دوو بیکەن، بەس ئەگەر بێت و حەسر کرا لە مەرکەزی پارێزگا، ئەو وەختە ناتوانن نووسینگە لە ناحیەو قەزاکان بکەنەوە، فەقەرەی سێیەم (يهدف هذا القانون) منیش لەگەڵ برادەرانم ئەگەر گوتمان (يهدف هذا القانون) مەفروزە ئەو ماددەیە بچێتە اسباب موجبە، وەکو پێش من باسیان کرد، بڵێین وای لێ بکەین کە دەزگاکە ئامانجەکەی ئەوەیە ئەو شتانە بەجێ بهێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان دەربارەی موداخەلەی ئەندامانی بەڕێز، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت مولاحەزات و ڕاو سەرنجی سەرجەم ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان، پێ دەچێت لە سێ خاڵدا زیاتر کۆکن لەسەر ئەوەی کەوا فەقەرەی سێیەمی ماددەی دووەم، کە دەڵێت (یهدف هذا القانون الی حمایة حقوق الانسان) ببێت بە (الهیئة)دووەم: تەئکید لەسەر ئەوە کرایەوە کە نووسینگەیان هەبێت لە قەزاو ناحیەکان، سێیەمیان: لەسەر موراقەبە کردن و ئەدائی ئەم دەستەیەیە، چوارەمیش: لەسەر کردنەوەی نووسینگە بوو، بەنیسبەت فەقەرەی سێیەم، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی تەئیدی ئەو فیکرەیە دەکەین کە بڵێت (تهدف الهیئە الی حمایە حقوق الانسان) لەبەر ئەوەی ئەمە ڕاستە یاسای دەستەیە نەك یاسای مافی مرۆڤ، وا ڕاست تر دێت کە ببێت بە هەدەفی دەستەکە، حمایە حقوق الانسان و تعزیز و بەگوێرەی ئەو مەعایرانەی کەباسیان لەسەر کراوە، بەنیسبەت کردنەوەی نووسینگەی ئەم دەستەیە لە قەزاو ناحیەکان، ئێمە لە لیژنەی هاوبەش ئیتیفاقمان لەسەر ئەوە کرد کە مەرکەزی سەرەکی ئەم دەستەیە لە هەولێری پایتەخت بێت، دواتر لەسەریەتی کەوا نووسینگە بکاتەوە لەناو شارەکاندا، بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی پێنجەم، لەوێدا باس لەوە کراوە کە سەرۆکی دەستە دەتوانێ ئیحداسی دەوائیری تازە بکات لەکاتی پێویستدا (عند الحاجە)، هەرچەندە هەندێ لە برادەران وایان باسکرد، کە بەپێی پێویستی بێت، دیارە ئەوە ماددەی پێنجەم هیچ مانعێکی نەهێشتووە، ئەگەر پێویست بوو، بەنیسبەت مولاحەزەی کاك رزگار لەسەر ئەوەی کەوا ئەم دەستەیە ڕەبت بکرێت بە مەجلسی قەزاوە، بە تەئکید ئێمە ئەمانەوێت دەستەیەك دروست بکەین لە کوردستاندا زۆر سەربەخۆ بێت و پەیوەست نەبێت بەهیچ دەستەیەکی تەنفیزی، قەزائی، دەستەی قەزائیش خۆی لە خۆیدا، دەستەیەك (قد یجوز) ئەویش خۆی لەخۆیدا خروقاتی یاسایی هەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان، لەبەر ئەوە ئێمە هەموو هەوڵێکمان و تەرکیزمان لەسەر ئەوەیە کە دەستەیەك دروست بکەین کە زۆر سەربەخۆیەتی خۆی ببینێ بۆیە پەیوەستیش بووە بە پەرلەمانەوە، چونکە پەرلەمان هەڵبژاردەی سەرتاسەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، تێکەڵە لە هەموو فیکرو بیرو باوەڕو فراکسیۆنەکان و هەموو حزبەکان و نوێنەرایەتی خەڵك دەکەن، لەبەر ئەوە بە سەربەخۆ ترین دەزگا سەیر دەکرێت، پەرلەمان پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی هەیە، دیاریکراوە کە چۆنیەتی موراقەبە، ئیستیجواب پرسیار کردن، موراقەبەی هەموو دەستەکان و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، لەگەڵیشیدا ئەم دەستەیەی کە دروست دەکرێت، بە نسیبەت ئەو مولاحەزاتانەی کە جەنابی کاك عومەر عبدالعزیز دای، ئەو مولاحەزاتانە لە شوێنی خۆیدان، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر ماددەی سێیەم، لە مەهامەکانیدا بە تەئکید مەهام بەگوێرەی یاسا لە ئەهدافەکان گرنگترە، چونکە هەدەفی ئەم دەستەیە ئەڕوانێتە ئەوەی کە شتێك تەحقیق بکات، بەڵام کە بوو بە موهیمە ئەبێتە ئەرکی سەرەکی ئەوەی کە دەبێ بەدی بهێنێت و جێبەجێی بکات، بۆیە ئەوەی کە جەنابی باسی لەسەر کرد، لە ماددەی سێیەم لە فەقەرەی (3 و 6 و 7 ) ودواتر باسی لەسەر کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ناچمەوە سەر ئەو دەربڕینەو ئەو بۆچوونانەی کە برای بەڕێزم کاك عومەر لە لیژنەی یاسایی دەری بڕی، هاوڕام لەگەڵی یەك بەیەك، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بەیەك، دوو خاڵەوە هەیە، کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێکرد، ئەمەویێت ڕوونی بکەمەوە، ناو نەهاتنی ئەو بەندانەی کە پەوەندی بە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤەوە هەیە، کە دەستەواژەی یان مەعاییری نێودەوڵەتی هات، ڕاستەو ڕاست ئەو مەبەستەش ئەپێکێت، هەروەها لە ماددەی دووەم بڕگەی یەکەم وترا ئەم دەستەیە کەسایەتی مەعنەویی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداری دەبێت، ئەمە مەسەلەیەکی تەواوە، ئەگەر تەواوی بخەینە پاڵ ئەمە ناکاتە ئەوەی کە ئەمە ناتەواو بێت، تەئکید بکەینەوە لەوەی کە وشە یان دەستەواژەی تەواو ئیزافە بکرێت، بۆیە وەکو خۆی کارێکە مەبەستەکە ئەگەیەنێت، هەروەها لە ماددەکانی تری داهاتوودا قسە لەسەر مەهامی ئەم دەستەیە کراوە، ئەوەی پەیوەندی بە بەدواداچوون هەیە بۆ گرتووخانەکان و ڕەوشی زیندانیان و ئەو مەسەلانەی کە ئەم دەستەیە ئەرکەکانی دەکەوێتە ئەستۆ، سەبارەت بەو دەربڕینانەی کاك عومەر دەری بڕین، من هاوڕام لەگەڵ خاڵی سێیەمی کە ئەگەر لە مەهامیشدا دووبارە بووبێتەوە ئەوە لێرەدا جارێکی تر لە ئەهدافەکاندا جەختی لەسەر بکرێت، کە ئەو وتی (حماية حرية الرأي في الاقليم) تطویریشی بۆ ئیزافە بکرێت، (تطوير حماية حرية الرأي والتعبير للمواطنين في الاقليم) بۆیە بە پێویستی دەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی هاوبەش حەسریان کردووە کە دەڵێت(في مراكز سائر محافظات)ئەوە حەسرە، بەڵام لە ئەصڵی مەشروعەکە لە دووەم کەهاتووە(يكون المقر الرئيسي للهيئة في محافظة اربيل عاصمة الاقليم، ويجوز لها فتح مكاتب في المحافظات الاخرى)، تکایە لیژنەی یاسایی ڕەئیتان لەسەر ئەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە داوامان کردووە (تفتح لها مكاتب)واتە ئیلزامی بێت کە نووسینگە لە پارێزگاکان بکاتەوە، بەڵام هیچ دەقێك نیە کە ڕێگر بێت، کە لە قەزاکانیشدا بکرێتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە لە ماددەی پێنج ئەو مافەمان داوەتێ، ئیستیحداسی هەر نووسینگەیەك بکات کە سەر بەو دەستەیە بێت، بەڵام ئیلزام بکرێت لە پارێزگاکان نووسینگەی هەبێت، هەر ئەوەندەیە کە داوامان کردووە لە ڕاپۆرتی هاوبەش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەدەف لەوەی كە نووسینگە لەشارەكانی تردا بكرێتەوە بۆ ئەوە چەند سەبەبێك هەیە، یەكەم: ئەو نووسینگانە زیاتر نزیك دەبن لە خەڵكی ناوچەكە بە كاملی حەسر نابێت بەتەنها لە شاری هەولێر، ئەم نووسینگانە خەڵك ئەتوانێ لە شارەكانی تر هاتووچۆیان بۆ بكەن، ئاسانكارییە بۆ ئەو خەڵكانەی كە خروقاتێكی مافی مرۆڤ ئەبینن، یان لە شارەكاندا ڕوو دەدات، نووسینگەكە لە واقیعی حاڵەكەوە نزیك ترە بۆیە بڕیارماندا بە هاوبەشی كە ئەوە لە شارەكانی تردا بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێرە پێشنیار هات كە ناوی قەزاو ناحیەكان دیاریكرا، كە دەڵێت(في مراكز محافظات)ئەمیش تەحدیدی كردووە، یەعنی ئیلغای كردۆتەوە كە لە قەزایەك یان ناحیەیەك هەبێت، جا ئەمە چارەسەرێكی بكەن یان لە قەزاو ناحیەكاندا بكرێتەوە. دەنگدان، چونكە چەند بەڕێزێك كە پشتیوانی لێ بكات، كەرەم بكە.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی محمد :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی كردنەوەی مەكاتیب یان نووسینگە یان دائیرەی تر بێ وەكو عەرزمان كردن، ماددەی پێنج حەقێكی داوە كە دەڵێ: ئەگەر هات و موتەتەلەباتی عەمەل پێویستی بەوە كرد رەئیسی هەیئە ئەتوانێ ئیستیحداسی دەوائیری تازە بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگەر دەرگای موناقەشە بكەینەوە دەبێ دووبارە ڕێگا بە هەموو ئەوانی تر بدەین و دووبارە موناقەشە بكەن، لەبەر ئەوە داوای لێبوردن دەكەم، نیزامیە؟، كەرەم بكە.

**بەڕێز حسن محمد سوورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئیقتیراحی لێژنەی هاوبەش و ئیقتیراحێكی تریش لێرە هەبوو كە ماددەكە بكرێ بە دوو ماددە، لەو حاڵەتە ئەو موناقەشانەی ئێستا زیاتر لەسەر ماددەی سێیەمە، دووەم: ئەبێ ماددەی سێیەم بە جیا بخرێتە دەنگدان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا بۆ كردنەوەی ئۆفیسی ئەو هەیئەتە، كە لێرە لە ئەصڵی مەشروعەكە هاتووە و ئەڵێ: هەولێر و موحافەزەكانی تر، تەبعەن دەسەڵاتی پێداوە ئەیكات یان نایكات، یەعنی ئەگەر بە زەرووری زانی هەیئەكە

ئەيكاتن، راپۆرتى هاوبەش حەصرى كردووە، ئەڵێ لە موحافەزەكان بكرێ، مەركەزى موحافەزەكان بێ، قەزا و ناحيەكانى لێ لاداوە، پێشنيارى ئەو بەڕێزانەش ئەڵێن لە قەزا و ناحيەكانيش بێ، ئێستا ئەمە ئەخەينە دەنگدانەوە بەڕێزان، كێ لەگەڵ ئەوەيە ئەم هەيئەتە سەرەڕاى عاصيمەى ئيقليم لە پارێزگاكان و قەزاكانيش بكرێتەوە، كاك شێروان نيزاميە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حيدەرى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەگەر سەيرى ئەصڵى مەشروعەكەى بكەين كە لە حكومەت هاتيە، حەصرى كرديە بە موحافەزات، بەڵام كردنەوەكەى جەوازيە، لە موحافەزات دەيكاتەوە يان نايكاتەوە، ئێمە ئێستا لێرە هەموو قەزا و ناحيەكان داخيل بكەين، مەنتيق نيە ئێمە بيكەينە وجوبى، ئێمە لەو حالەتە دەبێ بيكەينە جەوازى، حەقى هەيە لە موحافەزات و ئەقزيە و نەواحى بيكاتەوە، كەواتە دەبێ لە ئەصڵى مەبدەئەكە بكۆڵينەوە، مەبدەئەكە بكەينە جەوازى بۆ موحافەزات و بۆ ئەقزيە و بۆ نەواحى، ئينجا كەيفى خۆيەتى لە كوێ دەيكاتەوە با بيكاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ببورە، جوابت دەدەين، چونكە حكومەت ناردوويەتى بۆ ئەوەى ئێمە لێرە ديراسەى بكەين و زەروورە بۆ خەڵكى كوردستان واى لێ بكەين، ئەوە يەك، دوو: پێشنيار هەيە و چەند بەڕێزێك پشتيوانيان لێ كرد، هەندێك ئەڵێن لە قەزاش بكرێتەوە و ئيلزامى بێت، ئەبێت بيكاتەوە، هەندێ بەڕێزى تريش ئەڵێن لە ناحيەكانيش بكرێتەوە، هەندێك لە ئێوەى بەڕێزيش ئەڵێن ئيلزامى نەبێت، هەيئەتەكە جەوازى بێت و خۆى بڕيار بدات، ئێمە ئەوە ئەخەينە بەر دەستى ئێوەى بەڕێز، نيزاميت هەيە؟، كەرەم بكە.

**بەڕێز حمە سعيد حمە على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بۆ مەركەزى موحافەزات وجوبى بێت، بۆ قەزاكان.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

رەجائەن، ئەوە نيزامى نيە، كەى ئەوە نيزاميە؟، شەرحە براى من، بەڕێزان كێ لەگەڵ ئەوەيە سەرەڕاى موحافەزەكان ئيلزامى بێت، ئەو وشەيە ئێستا ئەخەينە دەنگدان و پاشان قەزاكان و پاشان ناحيەكانيش، كێ لەگەڵ ئەوەيە لە موحافەزەكانى تر مەكتەبەكە ئەبێت هەبێت؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نيە؟، بە كۆى دەنگ لەگەڵ ئەوەن ئەبێ لە گشت موحافەزەكان ئۆفيسى ئەو هەيئەتە هەبێ، كێ لەگەڵ ئەوەيە لە قەزاكانيش هەبێت؟، ئيجبارى بێ لە قەزاكانيش هەبێ؟،هەشت كەس ، كێ لەگەڵدا نيە كە ئيجبارى بێ؟، زۆر سوپاس، يەعنى جەوازى ئەتوانن لە قەزاكان و لە ناحيەكانيش بكەنەوە، بەڵام لە موحافەزەكان

ئیجباریه و ئەبێ هەبێت، ئەوە نوقتەیەك بوو كە پێویستی بە دەنگدان بـوو، ئـەوەی نیزامیـە موسـتەقیلە، كەرەم بكە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێویستە جەوازیەكەش بخرێتە دەنگدانەوە، كە لە قەزا و ناحیەكان بۆی هەبێ مەكاتیب بكرێتـەوە یـان نـا، ئەویش بخرێتە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی لەناو قانونەكە جێگیر ببێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خرایە دەنگدانەوە و حەسـم بـوو، خرایـە دەنگدانـەوە و لـە قـەزاكان بـە ئیلزامـی دەنگـی نـەهێنا، بۆیـە بـە جەوازی ئەوە قبوڵ كـرا، بـەڵام بـە ئیلزامـی، بـە جـەوازی لـە ناحیـەش بۆیـان هەیـە بیكـەن، كـە ئـەڵێن لـە موحافەزە لەوێندەریش بیكەنەوە، ئێستا ئەو موصتەلەحی كـە میزانیـە موسـتەقیلە پێویسـت بـە دەنگـدان ناكات، ئەمە خۆی هەڵەیە، لێژنەی یاسایی تكایە چاكی بكەن و بیخوێننەوە فەقەرەی یەكـەم بـە چ شـكلێك بێ بە تەواوی؟

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانیة:

اولآ:تؤسس هیئة باسم الهیئة المستلقة لحقوق الانسان في اقلیم كوردستان العراق، تتمتع بالشخصیة المعنویة و الاستقلال المالي و الاداري و تكون لها میزانیة خاصة ضمن المیزانیة العامة للاقلیم و ترتبط بالبرلمان و تكون مسؤولة امامە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵی، بە كوردیش كەرەم بكەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

یەكەم: دەستەیەك دادەمەزرێ بـەناوی دەسـتەی سـەربەخۆی مـافی مـرۆڤ لـە هـەرێمی كوردسـتانی عیراقـدا، كەسایەتی مەعنـەوی و سـەربەخۆیی دارایـی و ئیـداری دەبێـت لـە چوارچـیوەی بودجـەی گشـتی هەرێمـدا، بودجەیەكی سەربەخۆی دەبێت و بەپەرلەمانەوە پەیوەست دەبێت و لەبەردەمیدا بەرپرس دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەکو ئێستا خوێندرایەوە صیاغەکە، ئەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزبکاتەوە؟، ماددەی یەك بەس ئەوەلەن، کوردیەکە دووبارە بیخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:

یەکەم: دەستەیەك دادەمەزرێ بەناوی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا، کەسایەتی مەعنەوی و سەربەخۆیی دارایی و ئیداری دەبێت لە چوارچیوەی بودجەی گشتی هەرێمدا، بودجەیەکی تایبەتی دەبێت و بەپەرلەمانەوە پەیوەست دەبێت و لەبەردەمیدا بەرپرس دەبێت.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

اولاً:تؤسس هيئة باسم الهيئة المستلقة لحقوق الانسان في اقليم كوردستان العراق، تتمتع بالشخصية المعنوية و الاستقلال المالي و الاداري و تكون لها ميزانية خاصة ضمن الميزانية العامة للاقليم و ترتبط بالبرلمان و تكون مسؤولة امامه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو شێوەیە ئەیدەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ فەقەرەی دوو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەممان بەو شێوەیە داڕێشتەوە:

ثانياً: يكون المقر الرئيسي للهيئة في اربيل عاصمة الاقليم، و تفتح لها مكاتب في مراكز سائر المحافظات الاخرى، كما و يجوز لها فتح مكاتب في الاقضية و النواحي.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ ئەوەش پەسند کرا بۆ سێیەم.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك هەبوو کە سێیەم بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، لە دوو تەواو بوو، سێیەم بکرێتە ماددە سێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، سێیەم لە ماددەی دوو کە بڕیار درا، ئێوەی بەڕێز بڕیارتان دا ببێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، بەڵام ئەم موناقەشەیە لەسەری تەواو ببوون ئێستا صیاغەی بکەن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تهدف الهيئة الى الحفاظ على حقوق الانسان و تعزيزها و الدفاع عنها في جميع المجالات وفق المعايير الدولية مع نشر ثقافة حقوق الانسان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەو شێوەیە ماددەی سێ ئەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم کرد و لیژنەی مافی مرۆڤ پشتگیریان لە ڕەئیەکە کرد، جەنابی کاك عومەر وتی لە مەهامەکاندا هەیە ئەو فەقەرەیە کە کاك سالار لەگەڵی بوو، تطوير و حماية حرية الرأي و التعبير للمواطنين في الاقليم، لە تەواوی مەهامەکاندا خوێندمەوە تیای نیە و لیژنەی مافی مرۆڤیش پشتگیری لە ڕەئیەکەی کرد، بۆیە حەز دەکەم بیخەیتە دەنگدانەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك فرسەت موداخەلەی هەیە.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حوریەتی ڕەئی و تەعبیر جوزئێکە لە مافەکانی مرۆڤ، جا مافەکانی مرۆڤ سی ماددەنە لە ئیعلانی عالەمی، ئەگەر باسی ماددەیەك بە تەنیا بکەین، باسی 29ی تر نەکەین وا بزانم ئەوە خەلەلێکی گەورەیە، هەر جوملەی مافی مرۆڤ شامیلی هەموویانە و بۆ بۆ یەك نوقتە جیاوازی بکەین و ئەوانی تر واز لێ بێنین؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندی بە ئەو بۆچوونە هەیە کە برای بەڕێز کاك عومەر دەری بڕی، لە راستیدا لە هەرێمی کوردستاندا بۆ گەشەپێدان و پاراستنی بیرو رای ئازاد مەسەلەیەك ئەهێنێ ئەم دەستەیە بە وازیحی لە ئامانجەکانی خۆیدا و ئەهدافەکانی خۆیدا روونی بکاتەوە، راستە بەشێکە لە بنەماکانی مافی مرۆڤ، بەلأم جارێکی تر تەئکید کردنەوەی بە وازیحی ناکاتە خەرقی ئەم مەسەلەیە و تەئکید کردنەوە هەندێ جار بە گرنگ دەزاندرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کە وەلأمم دایەوە لەسەر برگەی سێ ماددەی سێیە، باس لە تەئکید لە مەدا مولائەمەی تەشریعات، باس لە حوریاتی ئەساسی و هەموو حقوقەکانی ئینسان دەکات، تەبعەن یەکێك لە حوریەتی رەئی و دەربرین و نووسین و گەران و ژیان، ئەمە هەر یەکێکە لە زمنی ئەو حوریاتە ئەساسانەی کە هەموو ئینسان هەیەتی، وەکو کاك فرسەتیش باسی کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئاخیر جار صیاغەکەی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة:

تهدف الهيئة الى الحفاظ على حقوق الانسان و تعزيزها و الدفاع عنها في جميع المجالات وفق المعايير الدولية مع نشر ثقافة حقوق الانسان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ لەگەڵە بەو صیاغەی کە ئاخیر جار خوێندرایەوە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ تەرجومە ئەکرێت، تەواو بۆ ماددەی چوار کەرەم بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ کە ئێستا بە گوێرەی گۆرانکاری تەسەلسولەکان دەبێتە ماددەی چوار:

المادة الرابعة: لغرض تحقيق اهداف هذا القانون، تتولى الهيئة المهام التالية:

1-تقديم المشورة و الرأي فيما يتعلق بقضايا حقوق الانسان للوزارات والمؤسسات ذات العلاقة في الاقليم.

2-نشر ثقافة حقوق الانسان و قضايا المرأة و الطفل بترسيخ قيم التسامح و مفاهيم التضامن الاجتماعي.

3-التأكد من مدى ملائمة التشريعات في الاقليم لمبادئ حقوق الانسان و الحريات الاساسية في المجتمع الكوردستاني و أبداء مقترحات بهذا الشأن.

4-تقييم مدى التزام السلطات في الاقليم بأحكام المواثيق و البنود الخاصة بحقوق الانسان و العهدين الدوليين و الخاصين بالحقوق المدنية و السياسية و بالحقوق الثقافية و الاجتماعية و الاقتصادية و ابراز الانتهاكات التي قد تنجم عن ممارسات السلطات في الاقليم.

5-اعداد دراسات و بحوث دورية و اصدار نشرات و مطبوعات حول سبل تحسين حقوق الانسان في الاقليم و عقد الندوات و الاجتماعات في المناسبات المتعلقة بقضايا حقوق الانسان.

6-مراقبة اوضاع السجون و مراكز الاصلاح الاجتماعي و المواقف و المعتقلات و مراكز التحقيق واعداد التقارير الدورية عن حياة السجناء و المودعين في الاصلاحيات و الموقوفين التنسيق مع ممثلي السلطة القضائية و وزارتي العدل و العمل و الشؤون الاجتماعية.

7-تلقي الشكاوي من الافراد و الجماعات و منظمات المجتمع المدني عن انتهاكات حقوق الانسان و التأكد من صحتها و تحريك الدعاوي المتعلقة بها و اخبار الادعاء العام بها لاتخاذ الاجراءات القانونية و متابعة نتائجها.

8-التعاون مع المنظمات المعنية بحقوق الانسان و غيرها من منظمات المجتمع المدني داخل الاقليم و خارجه و مع الجمعيات الفكرية و الاقتصادية و الاجتماعية و تنظيم حلقات البحث مع المواطنين في الاقليم بما يضمن نشر ثقافة الالتزام بالبنود التشريعية و الاتفاقيات الدولية حول قضايا حقوق الانسان لتعزيز سيادة القانون و تكريس احترام حقوق الانسان.

9-التعاون و التنسيق مع المنظمات الدولية المختصة بقضايا حقوق الانسان و الجهات الاخرى ذات العلاقة بهدف تمثيل حكومة اقليم كوردستان في الاجتماعات و المؤتمرات المعنية بحقوق الانسان.

10-اعداد تقرير سنوي لبيان الصورة الحقيقية وواقع حقوق الانسان في الاقليم و رفعها الى برلمان كوردستان و الجهات ذات العلاقة مع بيان التوصيات العملية لحماية وتعزيز حقوق الانسان في كوردستان.

11-تقديم تقرير دوري حول اوضاع حقوق الانسان الى رئيس الاقليم و رئيس البرلمان و رئيس مجلس الوزراء.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم:**

**بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم یاسایە، دەستەکە ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:**

1-راوێژ و رای خۆی دەربارەی مەسەلەکانی مافی مرۆڤ پێشکەش بە وەزارەتەکان و ودەزگاکانی هەرێم دەکات.

2-رێگای چەسپاندنی بەهای لێبوردەیی و ماناکانی هاوکاری کۆمەڵایەتیەوە و رۆشنبیری مافی مرۆڤ و مەسەلەکانی ژنان و مندالان بڵاو دەکاتەوە.

3-دڵنیا بوون لە چەند و چۆنی گونجاندنی یاساکانی هەرێم لەگەڵ پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئازادیە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای کوردستانیدا و دەربڕینی پێشنیاز لەم بارەیەوە.

4-هەڵسەنگاندنی پلەی پابەندبوونی پلەی دەسەڵاتەکان لە هەرێمدا بە حوکمەکانی بەڵگەنامە و بەندە تایبەتیەکانی مافی مرۆڤ و بە هەردوو عەهدە نێودەوڵەتیە تایبەتیەکەی مافەکانی مەدەنی و سیاسی و ئەو مافە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانەوە، لەگەڵ دەرخستنی ئەو پیشلکاریانەی کە دوور نیە بە هۆی مومارەسەی دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە پەیدا ببن.

5-ئامادە کردنی لێکۆڵینەوە و لێ توێژینەوەی خولاو و خول و دەرچوواندنی بڵاوکراوە و چاپەمەنی دەربارەی رێگاکانی باشتر کردنی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا لەگەڵ بەستنی دوو کۆبوونەوە لە بۆنەکانی مەسەلەی مافی مرۆڤدا.

6-چاودیری کردنی بارودۆخی بەندیخانەکان و مەرکەزەکانی چاککردنی کۆمەڵایەتی و دەستبەسەرگرتووخانەکان و مەرکەزەکانی لێپێچینەوە و ئامادەکردنی راپۆرتی خولاو و خول دەربارەی ژیانی بەندییەکان و دەربارەی سپێردراوان بە چاککردنی کۆمەڵایەتی و گیراوەکان بە هاودەنگی لەگەڵ نوێنەرانی دەسەڵاتی دادوەری و وەزارەتی داد و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی.

7-وەرگرتنی شکات لە خەڵك و لە کۆمەڵە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبارەی پێشیل کردنی مافی مرۆڤەوە لەگەڵ دڵنیا بوون لە راستی شکاتەکان و روون کردنەوەی دەعوا لە دژی تاوانبارەکان و خەبەریش دەدات بە داواکاری گشتی کە رێکاری یاسایی بگرێتە بەر و بەدواداچوونی ئەنجامەکانیشی بکات.

8-هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە کار دەکات لە هەرێم و لە دەرەوەی هەرێمیشدا، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵەی هزری و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیشدا ئۆقرە لێ توێژینەوەش لەگەڵ هاولاتیاندا لە هەرێمدا بە گوێرێك رێك دەخات کە رۆشنبیری پابەند بوون بە بەندە یاساییەکان و رێککەوتنە نێودەوڵەتیەکان و مەسەلەکانی مافی مرۆڤ زامن بکات لە پێناوی سەروەری یاسا و رێزگرتن لە مافی مرۆڤدا.

9-لەگەڵ رێکخراوە پەیوەندیدارەکان بە مەسەلەی مافی مرۆڤ و لایەنەکانی دیکەدا کە پەیوەندییان بە مافی مرۆڤەوە هەیە هاوکاری و هاودەنگی دەکات بە ئامانجی ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی مافی مرۆڤدا بنوێنن.

10-راپۆرتی ساڵانە ئامادە دەکات بۆ ئەوەی شێوەی راستەقینەی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا روون بکاتەوە و راپۆرتەکە دەدات بە پەرلەمانی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ پیشاندانی راسپاردەی بەکردار بۆ پاراستن و بەهیزکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان.

11-راپۆرتی خولا وخول لەبارەی مافی مرۆڤەوە دەدات بە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان دەربارەی ئەو ماددەیە؟

**بەڕێز د.ڕۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەمی ئەصڵی پرۆژەکە کە بووە ماددەی چوارەم، ئێمە لە راپۆرتی هاوبەش کە لە لایەن هەردوو لێژنە ئامادە کرایە، سێ تێبینیمان لەسەر هەیە:

تێبینی یەکەم: تایبەتە بە بڕگەی شەشەم کە بە پێویستی دەزانین وەزارەتی ناوەخۆ بۆ کۆتایی ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ لەبەر ئەوەی ئەو بابەتانەی لە بڕگەی شەش باسکرایە بەشێکی پەیوەندی بە وەزارەتی ناوەخۆ هەیە، جگە لەو وەزارەتانەی کە ئاماژەیان پێکراوە، کە وەزراەتی داد و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتین پێویستە وەزاەرتی ناوەخۆش زیاد بکرێ.

تێبینی دووەم: تایبەتە بە بڕگەی دەیەمی پرۆژەکە کە راپۆرتی ساڵانە ئامادە دەکرێ و بەرز دەکرێتەوە بۆ پەرلەمان، ئێمە تێبینی ئەوەمان کرد کە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرز بکرێتەوە و هەروەها سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، واتا ئەو راپۆرتە ساڵانە بۆ هەر سێ سەرۆکایەتی بەرز بکرێتەوە.

دوا تێبینیمان لەسەر بڕگەی 11ی ماددەکەیە کە دابڕێژرێتەوە بە شێوەیەك کە ئەو راپۆرتەی کە ناو بەناو پێشکەش دەکرێ سەبارەت بە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، تەنها ئەو راپۆرتە پێشکەش بکرێ بۆ پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتە سالانەکە کە لە بڕگە 10 هاتووە بۆ هەر سێ سەرۆکایەتی، بەڵام ئەو راپۆرتەی کە لە بڕگەی 11 باسی لێوە کراوە تەنها بۆ پەرلەمان بەرز بکرێتەوە، پێشنیارمان کردووە کە بەو شێوەیە هەردوو بڕگە دابڕژرێتەوە:

10-اعداد تقرير سنوي لبيان الصورة الحقيقية وواقع حقوق الانسان في الاقليم و رفعها الى رئاسة برلمان كوردستان و رئاسة اقليم كوردستان و رئاسة مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة مع بيان التوصيات العملية لحماية وتعزيز حقوق الانسان في كوردستان.

سەبارەت بە بڕگە 11 بەو شێوەیە دابڕژرێتەوە:

11-تقديم تقرير دوري حول اوضاع حقوق الانسان الى برلمان كوردستان.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو موراعاتی پرۆتۆکۆل بکرێ، رئاسە الاقليم، رئاسە البرلمان، حکومەت، یەعنی پاش و پێش نەکرێ، ئێمە لە پەرلەمان تەشریع دەکەین، یەعنی رەفع بۆ رەئیس پەرلەمان دوایی بۆ رەئیس ئیقلیم نەختێك لە شوێنی خۆی نیە، لە رووی پرۆتۆکۆلیەوە، بەڵێ.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە تەئكید ئەو پاش نیوەڕۆیە تەواوی ناكەین، با كۆبوونەوە تەئجیل بكەین بۆ دووشەممە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەیخەینە پێش ئێوەی بەڕێز، ئەگەر ئەتانەوێ دووشەم بێت یان بەردەوام بین؟، من پێم باشە بەردەوام بین، ئەمڕۆ ئەم یاسایە تەواو بكەین، ئەتوانین دوای نیوەڕۆش دانیشین و شەویش دانیشین یاساكە تەواو بكەین، چونكە یاسامان زۆر لەبەر دەستە، پێویست ناكات ئەوەندە، بەڕێزان كێ لەگەڵە ئەمڕۆ یاساكە تەواو بكەین؟ تكایە دەستی بەرز بكاتەوە، 43 كەس، كێ لەگەڵ ئەوەیە بیخەینە ڕۆژی دووشەم تكایە دەستی بەرز بكات؟، گوێم لێبوو وتیان بەعەكس تێگەیشتین، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەمڕۆ دوای بخەین، ڕۆژی دووشەم دەست بەكار بین؟، تكایە ڕوون بێ و دەست بەرز بكات، تكایە دووبارە ئەیخەینە دەنگدانەوە چونكە وەكو یەك دەرچوو، كێ لەگەڵ ئەوەیە تەئجیل بكرێ بۆ ڕۆژی دووشەم؟، 42 كەس، كێ لەگەڵدا نیە تەئجیل بكرێ؟، 37 بەداخەوە، ڕۆژی دووشەم دەست بەكار دەبین سەعات 11، خواتان لەگەڵ.

| فرست احمد عبدالله | ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) |
|---|---|---|
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)

## دووشەممە ڕێكەوتی 17\5\2010

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10)

## دووشەممە رێكەوتی 2010/5/17

**كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2010/5/17 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (10)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (10)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2010/5/17 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1 ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن/10، ڕۆژی دانیشتن2010/5/17، بەرنامەی کار:**

**بە پێی حوکمەکانی بڕگە 1ی ماددەی 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە 1ی هەموارکراوی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 10ی خولی 1ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر 11 ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی دوو شەممە، ڕێکەوتی 2010/5/17 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1 ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.**

**لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ کەرەمکەن بۆ شوێنەکەتان، فەرموون، بەڕێزان لە دانیشتنی رابردوو کە بڕیار بوو ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن لەسەر ماددەی 4، ئێستا هەر بەڕێزێك کە دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە کە ماددەی 3 بوو، بووە بە ماددەی 4، تکایە مایکەکە بکەنەوەو ناوتان بڵێن، هاوڕاز خۆشناو، عمر هەورامی، فاضل بەشارەتی، کاردۆ محمد، ڤیان عبدالرحیم، نەسرین جمال، رفیق صابر، صباح بەرزنجی، بەیان احمد، سمیرە عبداللە، رزگار محمد امین، عدنان عثمان، عبداللە، زانا رؤوف، بێریڤان سەرهەنگ، پەروین عبدالرحمن، تارا ئەسعەدی، حسن محمد، خورشید احمد، دانا سعید صۆفی، احمد وەرتی، گولیزار، بلال سلێمان، پەیمان عزالدین، حمە سعید، بشیر خلیل، ئێستا هاوڕاز خان کەرەمکە.**

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێم باشە لەم ماددەیە لە ئەرکەکانی ئەم دەستەیە خاڵێك زیادبکرێت، ئەویش بوونی هەڵوێستە، کاتێك پێشێلکاری بەرامبەر بە مافی مرۆڤ دەکرێت، یەعنی بەڕاستی من چی بکەم لە دەستەیەك یان تەنانەت وەزارەتی مافی مرۆڤیش کاتێك کە کچێکی 12 ساڵانە لەبەردەرگای وەزارەت دێتە کوشتن؟، ئەم یاداشتنامەیەکیشی نابێت!، بۆیە پێم باشە ئەو خاڵەی بۆ زیادبکرێت کاتێك کە پێشێلکاری بەرامبەر بە مافی مرۆڤ دەکرێت ئەم دەستەیە مولزەم بکرێت بە بوونی هەڵوێست لەو کاتەدا، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە خاڵی سێیەم دڵنیا بوون لە چەندی و چۆنی گونجانی یاساکانی هەرێم، پێشنیار دەکەم ئەنزیمە و تەعلیماتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشی بۆ ئیزافە بکرێت، چونکە ئیحتمال دەکات هەندێك لەو پەیڕەو لەو ڕێنماییانەی کە دەردەچن جێی ئەوە بن کە دڵنیا بوونەوەیان لەسەر بکرێت لەلایەن ئەم**

دەستەیەوە لە داهاتوودا، لە خاڵی شەشەم کە تایبەتە بە چاودێری کردن، پێشنیار دەکەم لە جێی وشەی (هاودەنگی) وشەی (ئاسانکاری) دابندرێت کاتێك کە دەڵێ: دەربارەی سپێردراوە بە چاککردنی کۆمەڵایەتی گیراوەکان بە هاودەنگی لەگەڵ نوێنەرانی دەستەڵاتی دادوەری و وەزارەتی داد و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەگەر ڕاپۆرتی موراقەبە ئامادە بکرێت لەلایەن ئەم دەستەیەوە دەبێت خۆی پێی هەڵبستێت و ئەو دەزگایانەی تر ئاسانکاری بۆ بکەن لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکە، نەك بە هاودەنگی و هەماهەنگی لەگەڵ ئەواندا، چونکە ناکرێت هەریەك لەو دەسەڵاتانەی پێشوو ڕاپۆرتێك ئامادە بکەن کە دژی ئەرك و چالاکی و کاروبارەکانی خۆیان بووبن لەلایەن فەرمانبەرانی ئەو دەسەڵاتانە یان ئەو دامەزراوانەوە ئەنجام درابێت، لە خاڵی 8 هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی دا دەکات لە هەرێم و لە دەرەوەی هەرێمیش دا پێشنیار دەکەم ڕەزامەندی سەرۆکایەتی پەرلەمانی لەگەڵ بێت، چونکە لە دەرەوەی هەرێم پێویست دەکات ئەم دەزگایە ڕەزامەندی جیهەتێکی باڵا وەربگرێت، ئەگەر هەر تەنسیقێك یان کارێك ئەگەر هەبێت لە ئاستی ئیقلیمی یان نێودەوڵەتی کە ئەنجامی بدات، لە بڕگەی 9 لەگەڵ ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی مەسەلەی مافی مرۆڤ و لایەنەکانی دیکە تا دەگاتە ئەوەی بە ئامانجی ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە باوەڕی من حکومەت لابرێت و هەر بکرێت بە هەرێمی کوردستان، چونکە ئەگەری هەیە لەو کۆنگرەو لەو مناسەبەتە نێودەوڵەتی و ئیقلیمیانەی کە هەیە دەزگایەکی غەیری دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن موشارەکە بکات، یان ئەم دەزگایە و ئەم دەستەیە کە لە داهاتوو ئیش بۆ ئەوە بکات، بۆ نموونە لە ئاستی پەرلەمان، لە ئاستی دەسەڵاتی دادوەری موشارەکەیان هەبێت، بۆیە باشتر وایە ئەو وشەیە لابرێت بە ئامانجی ئەوەی کە هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەو کۆبوونەوەکانی مافی مرۆڤ بنوێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە هەمان ماددەی 4 لە خاڵی 5 باسی ڕوونکردنەوەو نەدەوات دەکات لەسەر ئەو پێشێلکاریانەی مافی مرۆڤ کە لە ڕابردوو بەسەر گەلی کورد و نەتەوەکەمان بە گشتی داهاتووە، ڕاستیەکەی ئەمە من دەتوانم بڵێم دوو شێوە ڕوونکردنەوەی دەوێت کە مەفروزە ئەو هەیئەتێکی تایبەتی لەناو ئەو دەستەیە بۆ تەشکیل بکرێت، یەکەم/ ئاشناکردنی بە تایبەتی جیلی نوێی ئەمڕۆی کوردستان بەو هەموو کارەساتە دڵتەزێنە، بەو هەموو پێشێلکاری مافی مرۆڤەوە کە بەسەر هەرێمی کوردستان دا هاتووە، بەڕاستی تا ئێستاش زۆربەی زۆری چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان زۆر بێ خەبەرن یان بۆیان باس دەکرێت بەشێوەیەك کە تەفسیری دەکەن کە باوەڕیان بەو هەموو پێشێلکاریەی مافی مرۆڤ نیە کە لە کوردستان لەلایەنی دەسەڵاتدارانی ڕابردووەوە بەسەر هەرێمی کوردستان داهاتووە، خاڵێکی تر من پێشنیار دەکەم کە لە خاڵی

6 هەر لەو بەنـدە دا هـاتووە بـاس لـە چاودێری کردنـی بەندیخانـەکان دەکـات، هـەمووومان دەزانـین بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، بەڕاسـتی زۆر کـات کەسـوکاری بەنـدکراوەکان یـان بەنـدکراوەکان خۆیـان لەهـەر ڕێگایەکەوە کە هەیە پەیوەندی بە خەڵکانی دەرەوەی هـەرێمی کوردسـتان دەکـەن و پـەنایان بـۆ دەبـەن بـۆ ئـەوەی لـە پێشـێلکاری مـافی مـرۆڤ بیـان پارێزێـت، وە بەڕاسـتی ئـەوەی کـە پێشـێلکاری زەقـە لەبەندیخانـە سەرپێیەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، خـەڵك هەیـە بەڕاسـتی سـێ سـاڵ بەنـد کـراوە بـە بـێ مەحکەمـە بەردراوە، یەعنی بەڕاستی ئەمە گەورەترین پێشێلکردنی مافی مرۆڤە کە لە هەرێمی کوردستان دا لە دوای ئـەو هـەموو عـەزاب و مەینەتیـەی کـە بەسـەر خـەڵکی کوردسـتان داهـاتووە دیسـان ئـەو قەوانـە لێ دەدەینەوە....... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ماددەکە چی لێ بکەین؟ یـەعنی پێشـنیارت چیە؟ ئێمـە ئێسـتا نـاڕۆین تـەحقیق بکـەین، حکومـەت زیندانەکان چیان کردووە یان نەیانکرووە؟ ئێستا چی باشە بۆ ئەوەی بە باشترین ڕێگا خەدەمات پێشکەش بکەین کە مافی مـرۆڤ لـەم هەرێمـە پێشـێل نـەکرێت، یـەعنی ئـەوەمان بـۆ دروسـت بکـە، نـاڕۆین تـەحقیق بکـەین، وای کـردووە و وای نـەکردووە؟ لێـرە هێشـتا تـەحقیقمان نـەکردووە، ئەگـەر تـەحقیقێك هەیـە، ڕاپۆرتێك هەیە، بەسەرچاو، کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ من باسم لەوە کرد بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەو دەستەیە ئەو دوو هەیئەتە دروست بکرێت، هەم بۆ مورافەبـەی زینـدانیانی وەقتـی و هـەم بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە حـوکم دەدرێـن لـە زیندانیـەکانی هـەرێمی کوردستاندا کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە خاڵی 6 لە چاودێری کردنی بارودۆخی بەندیخانەکان و چاککردنی کۆمەڵایەتی ئەم دامەزراوە پێوستی بەوە نەبێت کـەوا مۆڵـەتی پـێش وەختـی هـەبێت، ئەمـە خـاڵی 6 چـونکە پـێم وایـە دامەزراوەکـە ئەگەر مۆڵـەتی پـێش وەختـی نـەبێت کاریگـەری زۆر دەبێـت بـۆ سانسـۆر دانـان یـان چاودێری کردنـی ئـەو شوێنانەی کە پێویستە،لە خاڵی 8 سەرەڕای ئەوەی باسی هاوکاری دەکات لەگەڵ ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکـانی دیکـەی کۆمـەڵگای مـەدەنی و لـە هـەرێم و لـە دەرەوە، بـەڵام مـن پـێم وایـە ئـەم دامـەزراوە

پێویستە لەگەڵ دامەزراوەکانی عیراقی هەماهەنگی هەبێت بە تایبەتی کە ئەوەی پەیوەندارە ئەو مافانەی کە لە دەستووری عیراقی جێگیر کراوەو دەستووری عیراقیش ماددە 12ی بە یاسایەکی بالاّ لەسەرتاسەری عیراق ئەژماری دەکات و بە بێ ئیستسنا پێویستە جێ بەجێ بکرێت، بۆیە دیاری کردنی ئەم هەماهەنگیە لەم خاڵە زەرورەتی خۆی هەیە، خاڵێکی تر هەیە لە 11 باسی ئەوە دەکات کە پێویستە ئەم دامەزراوە راپۆرتی ساڵانە ئامادە بکات بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان و حکومەت، من پێم وایە لەبەرئەوەی ئەم دامەزراوە بە بنەما سەر بە پەرلەمانە، پێویستە پەرلەمان بەو ئەرکە هەڵبستێت، نەك ئەم دامەزراوە وابەستە بکرێت بەم دامەزراوانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر جێ بەجێ کردنی یان ناچارکردنی بە راپۆرتێك جۆرێك لە وابەستەیی بەم دانەزاراوانە دادەنێت، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان کێشە نیە کە دەڵێم، چونکە سەر بە پەرلەمانە، بەڵام بۆ ئەوانی تر هیچ پێویست ناکات و پێویستە پەرلەمان راپۆرتەکان بەرزبکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 4 تێبینی من لەسەر خاڵی 5 کە باس لە دیراسات و توێژینەوە دەکات، سەبارەت بە باشکردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا کە یەکێکە لە ئەرکە پێویستەکانی ئەم دەستەیە، باشتر وایە لایەنە پەیوەندارەکانی تایبەت بە چارەسەری کێشەی مافی مرۆڤ ئاگادار بکرێنەوە، ئەگەر بکرێت ئیلزامیش بکرێن بە ئەنجامی ئەو راپۆرت و دیراساتانەی کە لەسەر کەیسەکانی مافی مرۆڤ دەکرێت، ئەویش لە چوارچێوەی سیستەم و ئەرکی یاسایی لایەنەکاندا، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە بەم شێوەیە بێت (ئاگادارکردنەوەو پابەند کردنی لایەنەکان بە چارەسەری پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ و گرتنە بەری ئامراز و میکانیزمی جیا جیا بۆ باش کردنی ڕەوشی مافی مرۆڤ)، چونکە تۆ ئەگەر لێرە ئیلزامیان نەکەیت، ئەوا هیچ دامەزراوەیەك یان لایەنێك ناتوانێت بەم ئەرکە هەڵبستێت، هەر بە نیسبەت بڕگەی 5 کردنەوەی خول سەبارەت بە ئاشناکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئەوەش شتێکی باشە بۆ وشیار کردنەوەی سەرجەم چین و توێژەکان، بە نیسبەت خاڵی 6 کە باس لە چاودێری کردنی بەندیخانە و بارودۆخی زیندانیانیەکان دەکات، پێم باشە ئەو دەستەیە یان ئەو ئەندامەی مافی مرۆڤ کە سەردانی ئەو زیندانیانە دەکات پێویست بە ئیزن نەکات و بە بێ مۆڵەت ئەو بتوانێ ئیش و کارەکانی خۆی جێ بەجێ بکات، بە نیسبەت خاڵی 7 کە باس لەوە دەکات وشەی (اخبار الادعاء العام بها) بگۆڕدرێت بە (احالتها الى الادعاء العام) واتە دەستەکە دەسەڵاتی ئاراستەکردنی سکاڵای هەبێت ڕاستەوخۆ بە شێوەی فەرمی بەدەزگای داواکاری گشتیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەر ماددەی 4 خاڵی 1 وبڕگەی 1 ڕاوێژ و ڕای خۆی، ئەم دەستەیە پابەندە بە پەرلەمانەوە، لەبەرئەوە کاتێك کە دەڵێ ڕاوێژ و ڕای خۆی دەربڕێت دەبێت جوملەکە وا لێ بکەین و داواکاری خۆی بە ڕاوێژ لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان، مادام پابەستە بە پەرلەمانەوە ئەم بۆ ڕاپۆرت بدات بە ئەنجومەنی وەزیران و بە شوێنەکانی تر، ئەگەر ڕاپۆرتیش بدات بە ئەنجومەنی وەزیران پێویستە وای لێ بکەین بڵێین (پێشنیار و داواکاریەکانی خۆی بە ڕاوێژ لە گەڵ پەرلەمان دا پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان بکات)، بڕگەی 3 دڵنیا بوون لە چەند و چۆنی داوای لێ بوردن دەکەم ئەو چەندی و چۆنیە من نازانم مەبەستەکە لەوێدا چیە، ئایا چەندایەتی و چۆنایەتی تەحدیدکردنی ئەو هینەیە؟، بۆیە پێویست دەکات بوترێت دڵنیا بوون لەو یاسا و پرەنسیپانەی کە تایبەتە بە مافەکانی مرۆڤ، کە دەگونجێت لەگەڵ یاساکانی هەرێم و ئازادیە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا، ئەو دەربڕینی پێشنیازە من دەتوانم لێرە پێشنیازێ دەربڕم، بەڵام دەربڕینی پێشنیاز جیاوازە لەوەی کە پێشکەشی بکەی، کەواتە دەبێت ئەو دەربڕینە ببێت بە پێشکەش کردنی پێشنیاز، لە بڕگەی 9 کە باس لەوە دەکات لەگەڵ ڕێکخراوە تایبەتمەندەکانی مەسەلەی مافی مرۆڤ و لایەنەکانی دیکەدا پەیوەندیان بە مافی مرۆڤەوە هەیە و هاوکاری و هاودەنگی دەکات بە ئامانجی ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوە و کۆبوونەوەکانی مافی مرۆڤدا بنوێنن، مەبەست لەو بنوێنە چیە و چی بنوێنن؟، ڕۆڵیان بنوێنن و هاوکاریان بکەن، هەماهەنگیان لەگەڵ دا بکەن؟ بە نیسبەت بڕگەی 10 و 11 ەوە بەڕاستی ئەم دوو بڕگەیە زۆر نزیکە لە یەکەوە، دەتوانین بە سیاغەیەکی تر ئەم دوو بڕگەیە دەمج بکەین بە یەکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی 4 ی ئەم ماددەیە کە بەوە کۆتایی دێت دەرخستنی ئەو پێشێلکاریانەی کە دوور نیە بە هۆی مومارەسەی دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە پەیدا ببن، ئێمە دەزانین خەڵکانێکی زۆر کە زۆر جار بە هەڵە دەخرێنە زیندانەوە و سزا دەدرێن و دەمێننەوە لە زیندانەکاندا، دواتر بێ تاوانیان دەسەلمێندرێت بە بێ ئەوەی هیچ قەرەبوویەکی ماددی و مەعنەویان بدرێتەوە، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە لایەن دەزگاکانی ئاسایش و دەزگاکانی تری هاوشێوەیەوە دەسگیر دەکرێن و تۆمەتێکیان دەدرێتە پاڵ، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە لە دوای ئەو ڕستەیەوە بنووسرێت (ناچارکردنی ئەو دەسەڵات و لایەنانە بە قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەوی ئەو قوربانیە یان ئەو کەسە)، کاری ئەو تەنیا چاودێری کردن نەبێت هی ئەو کەسانەی کە تووشی پێشێلکاری دەبنەوە لە لایەن دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمەوە یان ڕەنگە تووش ببن، بەڵکو لە

کاتێك دا بێ تاوان بوونیان دەرکەوت ناچار بکرێن ئەو دەسەڵاتانە کە قەرەبووی ماددی و مەعنەوی ئەو هاووڵاتیە بدەنەوە کە بە هەڵەیەکی ئەوان یان بە هۆی هەڵەیەکی ئەوانەوە دووچاری ئەم ئێش و ئازارە بووە، بێجگە لەوە من پێشنیار دەکەم کە لە دوای برگەی 11 دا برگەیەکی تر زیاد بکرێت بەو شێوەیە کە ئەو لیژنەیە لەبەرئەوەی لەو تاوانانە دەکۆڵێتەوە یان یەکێك لە کارەکانی ئەوە دەبێت کە جگە لە پێشگرتن لە پێشێلکاری مافی مرۆڤ، بەڵکو لەو تاوانانەش بکۆڵێتەوە کە سەبارەت بە مافی مرۆڤ دەکرێت لە هەرێمی کوردستاندا، ڕەنگە شایەنی ئەوە بێت یان شیاوی ئەوە بێت کە نوێنەری لەو لیژنانەدا هەبێت کە بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێلکاری مافی مرۆڤ دەکرێن، بۆیە پێشنیار دەکەم برگەی 12 یەم زیاد بکرێت بەوەی کە نوێنەری لە هەر لیژنەیەك دا بەشدار بکات کە لە هەرێمدا بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ پێك دەهێندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر بەڕێزێك پێشنیاری هەیە تکایە پێشنیارەکان بنووسن بە ڕێکی بۆمان بنێرن بۆ ئەوەی بزانین چەند پێشنیار بە چ شێوەیەك سیاغە دەکرێت، هەتا ئەگەر زەرور بوو بخرێتە بەردەنگدان کە ئاوا تێکەڵ دەبێت و وەختێکی زۆرمان بە بەلاش دەچێت، تکایە هەر کەسێك پێشنیارێکی هەیە بۆ ئیزافە کردن یان بۆ تەعدیلی برگەیەك بە نووسین بۆمان بنێرن، زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بەرزنجی فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێت زۆر تەئکید بکەمەوە لەسەر گرنگی سیاغە لەهەر ماددەیەکی قانونی بە تایبەتی ئەم ماددەیە، چونکە سیاغەی قانونی دەلالەت دەکات لەسەر عومقی ئەو کەسانەی کە یاساکە دادەڕێژن، تەنانەت بە گۆڕینی وشەیەك مەعناکە ڕەنگە بە تەواوی بگۆڕدرێت، سەبارەت بە ماددەی 4 کە ئێستا قسەی لەسەر دەکەین، پێم وایە ئەم ماددەیە زۆر دوور ودرێژ دەبێت بە پێی ئەو برگانەی کە دانراوە تێیدا، هەرچەندە ئەم یاسایە ویستویەتی لەبەر ڕۆشنایی یاسای کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ کە لە ساڵی 2008 لە بەغدا دەرچوو لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە ویستویەتی سیاغەی ئەم مەوزوعە بکات، عادەتەن دەبێت ئەو یاسایەی کە دواتر دەردەچێت پێشکەوتوو تر بێت لەو یاسایەی کە زووتر دەرچووە، بەڵام من هەست دەکەم کە بەراوردم کرد لەگەڵ ئەو یاسایەی کە لە بەغدا دەرچووە ئەوەی ئەوان مورەتەب ترەو مورەکەز ترە، چونکە هاتووە ئەم ماددەیەی کردووە بە دوو بەشەوە، بەشی مەهام لەگەڵ بەشی واجبات، ئەم دەستەیە و ئەو کۆمسیۆنە کە دادەندرێ بۆ مافی مرۆڤ لە کوردستاندا پێویستە مەهامێکی موحەددەدی هەبێت، بەڵام ئالیاتیشی موحەددەد بێت، لێرەدا هەندێك پێشنیاز دەخەمە بەردەمی بەڕێزتان، یەکەم/ ئەم ماددەیە ئەگەر بکرێت دابەش بکرێت بۆ مەهام لەگەڵ ئالیات، چونکە تێکەڵیەك هەیە لە

بەینی ماددەکان و بووە بە سەبەبی ئەوەی بڕگەکان زۆر زۆر بێت، یەعنی ئەگەر مانع نەبێت جارێکی تر ئێمە بەراوردێك بکەینەوە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کە لە ئەنجومەنی نوێنەران دەرچووە، سەبارەت بە خاڵی یەکەم کە باسی ئەوە دەکات کە ئەوەی کە لە یاساکەی بەغدا دەرچووە بەهێز ترە لەمە، چونکە ئەو دەڵێت دەبێت تەوسیات پێشکەش بکات، دەبێت دەستەی مافی مرۆڤ، ئەم دەستە باڵایە تەوسیات پێشکەش بکات، یعنی ئیکتفا نەکات بە مشوەرەت و بە ڕاوێژ، بۆیە من پێم وایە (تقدیم التوصیات) یان (تقدیم التوصیة والمشورة والرأی) چونکە وشەی ڕاوێژ یان وشەی (رأی) مجردئیلزامێکی ئەدەبی هەیە، بەڵام تەوسیە بەهێز ترە، لە خاڵی 2 دا کە باسی نەشری سەقافەی حقوقی ئینسان و قەزایە و ئەمانە دەکرێت، من پێم باشە کە بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت یان قەیدێکی بۆ زیاد بکرێت کە تەوسیات تەقدیم بکات، (بتقدیم التوصیات الی الوزرات والجهات المعنیة بالتربیة والتعلیم والثقافة والاعلام) یەعنی بڕگەکە ئاوای لێ بێت ( نشر ثقافة حقوق الانسان و قضایا المرأة والطفل بترسیخ قیم التسامح ومفاهیم التضامن الاجتماعی بتقدیم والتوصیات والارشادات الی الوزارات والجهات المعنیة بالتربیة والتعلیم والثقافة والاعلام) چونکە ئەو بوارانە بەڕاستی کاریگەریەکی زۆریان هەیە لەسەر پێکهاتەی ڕۆشنبیری و کلتوری و پێکهاتەی کەسایەتی ئینسان کە لەو کۆمەڵگایەدا دەژی، لە خاڵی 4 دا وشەی دەستوور بۆ غائیبە، یەعنی ئێمە سبەینێ ڕەنگە دەستوورمان هەبێت لە کوردستان بووترێت (تقویم مدی الالتزام بالسلطات فی الاقلیم) بە داخەوە لە زۆر لە یاساکان وشەی (تقیم) بەکاردەهێندرێت کە تەقییم غەڵەتە، یەعنی هەتا لە بەغداشدا کەوتوونەتە ئەو هەڵەوە، هەموو قەوامیسی زمانی عەرەبی گەڕاوم وشەی (تقیم) نیە، (تقویم) ڕاستە، (تقویم مدی الالتزام بالسلطات فی الاقلیم بأحکام الدستور والمواثیق والبنود الخاصة بحقوق الانسان)، یەعنی با ئێمە دەستوورەکە پێش بخەین بە تایبەتی ئێستا کە دەستووری عیراق هەیە و سبەینێ ڕەنگە دەستووری هەرێمی کوردستانیشمان هەبێت، بۆیە حقوقی دەستووری بەڕاستی زۆر بەهێزترە کە ئێمە تەرکیزی لەسەر بکەین و هەڵی سەنگێنین و بەراوردی بکەین لەگەڵ ئەو مومارەساتانەی کە ڕۆژانە دەکرێت، لە خاڵی 6 دا بەڕاستی دەقەکەی ئەنجومەنی نوێنەران و یاساکەی کە لەوێدا دەرچووە بەهێزترە لەمە، چونکە ئەو دەڵێت پێویست بە ئیزنی پێشوو تر ناکات بۆ ئەم دەستەیە کە بیەوێت سەردانی زیندانەکان بکات، یان سەردانی موعتەقەلات بکات، چونکە ئەگەر ئیزنی موسبەق هەبێت یان تەنسیق هەبێت بەڕاستی ڕەنگە هەندێك کۆسپ بخرێتە بەردەمیان، یان هەندێك تەمویهات و تەشویهات هەبێت، ئەمەی ئێمە دەبێت لەوەی بەغدا بەهێز تر بێت، عەلەل ئەقەل بەقەد هی ئەوان بەهێز بێت، نەك ئێمە لێرەدا بێین بڵێین (بالتنسیق مع ممثلی السلطة القضائیة و وزارتی العدل والعمل والشؤون الاجتماعیة) تەنسیق بۆ ئەو شتانەیە کە دیارە هەندێ تەرتیباتی پێویستە، بەڵام ئەمە چونکە مەسەلەی مافی مرۆڤە، مەسەلەی ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و جێ بەجێ کردنیەتی لە زیندانەکاندا، دەبێت بەڕاستی ئەوە لابەین و بڵێین (بدون اذن مسبق) ئێمە لەوە باشتر دەبێت لە قانونەکەی بەغدا بەهێز تر تەرکیز بکەینەوە لەسەر ئەمانە، بۆیە من تەئیدی ئەو پێشنیازەی کاك کاردۆ دەکەم کە گوتی ئەم ئیزنی موسبەقە نەبێت، ئەگەر ئەم تەنسیقە نەبێت بەڵکو بە

نەسێکی سەریح بگوترێت (بدون اذن مسبق) بتوانن سەردانی زیندانەکان و موعتەقەلات بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بۆ ڕوونکردنەوە لێرە (تقیم): (هەڵسەنگاندنە)، (تقویم): (ڕاستکردنەوەیە)، یەعنی دوو وشەی جیاواز نایەت لەگەڵ یەك، کاك صباح فەرمووو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قوربان منیش لە سەرەتا گوتم بۆچوونێکی وام هەبوو کە تەقیم جیا بکەینەوە لەگەڵ تەقویم، بەڵام کە گەڕامەوە بۆ فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی، ئەو تەقییمە غەڵەتێکی شایعە لەناو خەڵك دا، تقویم ڕاستە، یەعنی من دەتوانم داوا بکەم لە هەموو مامۆستایانی زمانی عەرەبی بێن و ئەم مەوزوعە ڕاست بکەینەوە، بەڵام حەقیقەتەن تەقویمە، یەعنی من بە دڵنیاییەوە دەڵێم، تەقیم هەڵەیەکی شایعە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار بەیان فەرمووو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی سەبارەت بە خاڵا دوهێ یا ڤێ ماددەی ئەز دبێژم تەبعەن هاوڕامە دگەل جەنابێ د.صباح بەرزنجی، مە بڤێ شکلێ یا رەئیا ئەو دێ کری، (وضع السياسة العامة لتنمية الوعى بحقوق الانسان واقتراح سبل العمل على نشر ثقافة حقوق الانسان والتوعية بها من خلال المؤسسات والاجهزة المختصة بالتعليم والتدريب والاعلام)، سەبارەت بە خاڵا 5 هەروەکو ناحیەکا لوغەوی ئەز دبێژم بوێ شکلێ بیت باشترە (الاسهام فى اعداد الدراسات والبحوث المتخصصة والموافقة على اصدار النشرات والمطبوعات......... الخ)، خالا 8 ژی دەڤ من باشترە ڤێ شکلێ بیتن نە (التعاون مع المنظمات)، ئەم دبێژین (تعزيز مجالات التعاون) ئەم ڤێ با هەر دوو کەلیمە بۆ زێدە بکەین، هەروەسا چەند خاڵەکێ دیش من پێ باشە بێتە زێدە کرن لڤێرێ و ل ڤێ بابەتێ دا، ئێك ژ وان (الموافقة على عقد المؤتمرات والندوات الداخلية والدولية فى مسائل حقوق الانسان والمشاركة فيها وفق للاجرأت القانونية فى هذا الشأن)، هەروەسا تشتەکی دی ژی (الاشراف على اعداد اللوائح الادارية والمالية التى تسيرها عليها الهيئة تمهيدا لاحالتها الى مجلس الهيئة) خاڵەکا دی (الاشراف على اعداد تقرير سنوى عن اعمال الهيئة وتقرير سنوى عن حالة حقوق الانسان فى الاقليم تمهيدا على احالتها الى

مجلس الهيئـة)، ئـاخر خـالاً مـن لڤێـرى دا (الاشـراف علـى اعـداد مشـروع الموازنـة السـنوية للهيئـة وحسـابها الختامى تمهيدا لاحكام احالتها الى مجلس الهيئة)، گەلەك مەمنون.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سميرە خان فەرمووو.

**بەڕێز سميرە عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بە نيسەبت ماددەى 4 خاڵى 1، من پێم باشە واى لێ بێت سياغەكەى (تقديم المشهورة وابـداء الـرأى فـى مـا يتعلق بأوضاع حقوق الانسان للوزارات والمؤسسات ذات العلاقة فى الاقليم)، بە نيسبەت خاڵى سێيەم تـەواوە، بەس وە (وابداء المقترحات) غەڵەت نووسـراوە مەتبەعيـەن، نووسـراوە(مقترحـات) دەبێـت (مقترحـة)بێـت، (أ)حەزف بكرێت، بە نيسبەت خاڵى 7 پێم باشە وا بنووسرێتەوە (متابعـة شـكاوى المـواطنين فـى مـا يتعلـق بحقوقهم الدستورية والقانونية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ڕێزدار رزگار فەرمووو.

**بەڕێز رزگار محمدامين حمە سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەرەتاى ماددەكە بەم جۆرە بێت باشترە، (تتولى الهيئة المهام التالية) چـونكە كـە دەڵێـى (تتـولى الهيئـة المهام التالية لغرض تحقيق اهداف هذا القانون) كام قانون؟ خۆى لە تەعريفاتەكانيش دا خۆى تەعريفێكمان نيـە بۆ قانون، ئەمە هەيئەيەكە دروست بووە و دەڵێت مەهامەكانى ئەمەيـە، چـونكە ئەگـەر وتـت (أهـداف هـذا القانون)، بە بۆچوونى من (تتولى الهيئة المهام الاتية)، فەقەرەى يەكەم زيادە و حەزف بكرێت بـە بۆچـوونى من، چونكە ئەوە ئيشى مەجلسى شورايە، مـاددەى 9 لـە قـانونى مەجلسـى شـوراى سـاڵى 2008 مەشـوەرەو رەئى و ئەو شتانە ئەوە دەكرێت ئەو بـەو ئيشـە هەسـتێت، فەقـەرەى 2هـەم نەشـر بـەو جـۆرە بێـت (نشـر ثقافة حقـوق الانسـان وقـيم التسـامح ومفـاهيم التضـامن الاجتمـاعى) چـونكە (نشـر ثقافـة حقـوق الانسـان وقضايا المرأة والطفل) ئێمە ئـەو دوو حاڵەتـە هەڵبـژێرين (المـرأة والطفـل) حقـوقى ئينسـان زۆر شـاملە، بـە تەنها لەوانەدا حەسرٍ نيە، بۆچـى بـە تـەنها ئەوانـە بـاس بكـەين، لەبەرئـەوە ئـەو دووە زيـادە بـەرەئى مـن، فەقەرەى 3يەم (التأكـد مـن مـدى ملائمـة التشـريعات فـى الاقلـيم) ئێمـە بۆچـى تەئـەكود لـەوە بكـەين كـە مولائيمە، با تەئەكود لەوە بكەين كامەى مـولائيم نيـە لەگـەڵ مـەباديئى حقـوقى ئينسـاندا، بۆيـە ئـيقتراح دەكەم بەم جۆرە بێت فەقەرەى 3 (العمل على تحديد النصوص القانونية أو القرارات المنافية لمبادىء حقـوق الانسان والحريات الاساسية فى التشريعات النافذة فى الاقليم وتقديم المقترحات بشأنها) ئينجا يان (الى الجهات المعنية) يان (الى مجلس الوزراء وبرلمان كوردستان تمهيدا لتعديلها أو الغائهـا) ئـەوە لـە جێـى خۆيـەتى، نـەك ئەگەر مولائيم بوو يان بۆچى قسە لەسەر مولائيمە بكەين؟ فەقەرەى 4 ئەمە زۆر يەعنى پـێم وايـە ئەمـە

لە تاقەتی ئەم هەیئەتەدا نیە، تەقیم کردنی هەموو سوڵتاتەکان، ئالیەتی تـەقویم کردنەکە چیە؟ دەچمە سـەر مەزهـەبی د.صـباح و لـە زمانـدا حەقـە گـوێی لێ بگیردرێـت، ئالیـەتی تـەقویم کردنەکـە چـۆنە؟ وە نەتیجەکان بە کێ دەدرێن؟ یەعنی کـە دەڵێـی تـەقویمی (سـلطات) هـەر چـوار سـوڵتەکە دەگرێتـەوە، ئـەوان چۆن ڕەئی دەدەن لەوەی کە هەیە؟ (بالنتیجة) ئەوە من پێموایە زیاتر لە ئیشی مەحکەمەیـەك دەچـێ، کـە مەحکەمەی ئیتیحادی عولیایە، زیاتر بۆ ئایـا تەمەسـوك هەیـە بـە دەسـاتیر؟ بـە مەواعیـد؟ بـە (مواثیـق)؟ ئەوە زۆر دەیبینم پێویستی بە پێداچوونەوەیەك هەیە، مەسەلەن تەقیمی چی دەکەی؟ (القضاء المستقل: لا سلطان علیـە لغیـر القـانون)، ئـەوەش لـە زیمـنی سـوڵتاتەکاندایە، چـۆن تـەقیمی دەکـەی؟ ئالیەتەکـە چـیە؟ فەقەرەی پێنـج هیچم نیە لەسەری، فەقەرەی شەش: پیموایە بەو جۆرە بێ باشترە (إعداد تقاریـر دوریـة عن الظروف الصحیة و البیئیة و حالات التعذیب في مراكز التوقیف و الحجز و الإعتقـال التابعـة لأجهـزة الإقلـیم كافـة المدنیـة منهـا و العسكریة و دور الملاحظـة و أقسـام دائرتـي الإصـلاح الإجتمـاعي للكبـار و الأحـداث في الإقلیم، و الإطلاع على معاملة الموقوفین و المحجوزین و المحكومین و المودعین فیها بتحسینها بما ینسـجم مـع القواعد الدنیا لمعاملة النزلاء و المحبوسین و السجناء المعترف بها دولیاً و إعلام الجهات المعنیة بذلك)، ئەوە بـە بۆچـوونی مـن بـەو جـۆرە صـیاغە بكرێتـەوە باشـترە، فەقـەرەی (7) بـاس لـە شـەكاوی دەكـات، ئێمـە دەبـێ ئاگامان لە قانونەكانی تـر بێـت، كـە قانونێـك دەردەكـەین، دەبـێ بـزانین مەسـەلەی شـەكاوی و قبـوڵكردنی شەكاوی و تەحریكی شەكاوی لە قانونی ئصوڵی موحاكەماتی جەزائیدایـە، قـانونی (أم) بـۆ ئـەو مەسـەلەیە ئەو قانونەیە، دەبێ كارێك نەكەین كە موتەعاریز بێ لەگـەڵ ئـەو قانونـە، بۆیـە مـن ئیقـتیراح دەكـەم بـەو جۆرە صیاغە بكرێتەوە: (مع مراعاة أحكام قانون أصول المحاكمات الجزائیة رقـم (23) لسـنة 1971 المعـدل و القوانین ذات العلاقـة، علـى الـدائرة المعنیـة في الهیئـة إخبـار القضـاء و الإدعـاء العـام بأیـة إنتهاكـات لحقـوق الإنسان في الإقلیم تتصل بها علم الهیئة إمـا مباشـرة خـلال أداء منتسـبیها لمهامهـا أو عـن طریـق الشـكوى مـن الغیر، سواء كان شخصاً طبیعیاً أم معنویاً)، بە مانا ئەو ئیخباری ئیدیعای عـام دەكات، ئـەوە جیهـەتێك نیـە كـە خـۆی، تەلـەقی شـەكاویش ئەگـەر دەبـێ جیهـەتێكی بـدەیتێ، ئـەوە دەبـێ صـەلاحیاتێكی بـدەیتێ، كـەوا شوعبەیەكی بدەیتێ، خۆ باشتر وابوو لێژنەی شەكاوی و حقوقی ئینسان هەبوایە، ئیقتیراحیش دەكەم ئێمە مەحكەمەیەكمان هەبێ، ماددەیەكی تر ئیزافە بكرێ، مەحكەمـەی تـەحقیقی حقـوقی ئینسـان، مورتـەبیت بێ لە زمنی تەشكیلاتی مەحاكمی هەرێم، ئـەو تـەحقیق بكـات و ئـەو بتوانێـت ئـەو خەرقانـەی كـە هەیـە، چونكە ئالیەتی ئیجرائاتەكانی ئەو، (بالنتیجة) ئەگەر مەحكەمەیـەكمان نـەبێت كـە بـە كارەكـان هەسـتێ و ئیحالەی مەحكەمەی مەوزووعی بكات، (خاصة) ئەو مەسائیلی خەرقە قانونیانە بەشێكی زۆری لـە قـانونی عقوبات دا هەیە، لە قانونی عقوبات دا مەسەلەن (تعذیب)، یەكێك لەو شتانەی كەوا لە مەسـەلەی حقـوقی ئینسانـدا زۆر قسەی لەسەر دەكرێ مەسائیلی تەعزیبە لە سجنەكاندا، ئەوە بـە پێـی قـانونی عقوبـات دەبـێ ئەو مەحكەمەی تەحقیقی موختەص بە حقوقی ئینسان، ئەوە شتێكی پێویستە ئەگەر ئیزافە بكـرێ وەكـو ماددەیەكی موستەقیل، نەك لێـرە، ئـەوانی تـر، هینەكەشـم بـەو جـۆرە بێـت، مـاددە موسـتەقیلەكە: (إنشاء

محكمة تحقيق لحقوق الإنسان في مراكز محافظات الإقليم ضمن تشكيل المحاكم الواردة في قانون السلطة القضائية رقم (23) لسنة 2007 للتحقيق في الشكوى المقامة بشأن إنتهاكات حقوق الإنسان في إقليم كوردستان و إحالة المتهمين فيها إلى محاكم الموضوع حسب الإختصاص المكاني لأية محكمة)، ئەوە ئەو ماددەیەی کە پێموایە ئیزافە بکرێت، ئێستاش لیجانی حقوقی ئینسان و، مەحاکمی حقوقی ئینسان لە عالەم، چ مەحکەمەی ئەوروپی، چ مەحکەمەی ئەمریکی، چ مەحاکمی ئەفریقی، هەموو ئەوانە کە مەعنین، مەحاکمی تایبەتیان بۆ ئەو لایەنانە داناوە، زائیدەن مەحاکمەکانی خاصی خۆیان، پێمواییە فەقەرەی (9) ئەوە ئیشم نیە لەسەری، بەس فەقەرەی (10) و (11)، هەردووکی دەکرێ بکرێ بە یەك فەقەرە: (إعداد تقرير سنوي لبيان واقع حقوق الإنسان، تقدم إلى رؤساء السلطات في الإقليم)، هەر چوار سوڵتەکە، نازانم بۆچی سوڵتەی قەزائی وا ئیهمال دەکرێ؟ لە کاتێکدا لە تەقریری دەوری کە دەدرێ، بە واقیع حقوقی ئینسان دەدرێ بە ڕەئیسی ئیقلیم، ڕەئیسی پەرلەمان، ڕەئیسی مەجلیسی وزەرا، ڕەئیسی سوڵتەی قەزائی تێدا نیە، لە کاتێکدا جیهەتی مەعنی حەقیقی، ئەگەر ئێمە قەزاییێکی موستەقیلی بەقوەتمان هەبێ، حقوقی ئینسان بە تەواوی دەپارێزرێ لە وڵاتەکەدا، دەبێ ئەو تەقریرە بدرێتە مەجلیسی قەزا، چونکە ئەو جیهەی مەعنی خاصە بەو شتە، پێمواییە هەردوو فەقەرەکە کۆبکەینەوە، تەقریرێکی سەنەوی ئەگەر دەدرێ بە پەرلەمان، یەعنی تەقریرێکی دەوری: (حول واقع حقوق الإنسان إلى رؤساء السلطات في الإقليم و تقرير سنوي إلى رئاسة البرلمان و تقديم التوصيات لحماية و تعزيز حقوق الإنسان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عدنان عوسمان، کەرەمکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵی یەکەوە دەست پێ دەکەم، لە ڕاستیدا ئێمە لە خاڵی (3) باس لەوە دەکات دەڵێ: (تأكد من مدى ملائمة التشريعات)، تەشریعاتیش وەك دەزانین پەرلەمان ئەو موئەسەسە تەشریعیەیە کە تەشریعات دەردەکات، بۆیە لە بەندی یەکەمدا لەو ماددەیە: (تقديم المشروع و الرأي فيما يتعلق بقضايا حقوق الإنسان في الوزارات)، پێمواییە دەبێ سوڵتەی تەشریعیشی تێدابێ، ناکرێ ئێمە لە پەرلەماندا یاسایەك دەرکەین، دواتر ئەو لێژنەیە ئەو یاسایە بە ناکۆك دابنێ لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا، جارێکی تر ئەوە ئیشکال نەبێتەوە، بۆیە پێویست دەکات سەرەتا با بڵێین ئەو ماددە مەعنیانە، یان بڵێین ئەو یاسا، ئەو پرۆژانە پێشکەش بەو لێژنەیە بکرێت و ڕەئی خۆی بدات، بۆیە لە بەندی یەکەمدا هەق وایە پەرلەمانیش، با بڵێین سوڵتەی تەشریعیش هاوتا بکرێت لەگەڵ وەزارات و موئەسەساتی (ذات العلاقة)، لە بەندی سێیەم من زۆر هاوڕام لەگەڵ هاوکارم کاك عمر کە تەنها تەشریعات نەبێ، تەعلیماتیشی بۆ ئیزافە بکرێت، چونکە ئەو دەزگایە چاودێری دەزگای تەنفیزی دەکات، ئاگاداری ئەو ئیشانە دەبێت، بۆیە هەندێك سوڵتەی تەنفیزی

تەعلیمات دەردەكات، وەزاراتەكان و موئەسەساتەكان تـەعلیمات دەردەكـەن، دەبـێ بـزانین ئـەو تەعلیماتانـە لەگـەڵ مـافی مرۆڤـدا چـەند دەگـونجێ، بۆیـە زیـادكردنی وشـەی تـەعلیمات زۆر گرنگـە لەگـەڵ تەشـریعاتدا، بەنـدی چـوار مـن زۆر بـە گرنگـی دەزانم پێشـتریش قسـەمان لەسـەر ئـەوە كـرد، كـە ئـەو دەسـتەیە دەبـێ دەستەیەكی با بڵێین خاوەن جۆرێك لە صەڵاحیەت بێت، هەیبەت بێت، هەندێ قودرەتی هەبێت، بۆیە مـن پێموایە ئەو بڕگەیە زۆر گرنگە، با بڵێین ئەو جوملەیەی بـۆ ئیزافـە بكـەین، لـە كۆتاییشـدا بڵێین: (تنبیـە السلطات المحلیة بالإلتزام ببنـود حقـوق الإنسـان)، تـەنبیهیان بكـرێ، هـەر خروقاتێـك دەكـرێ، هـەر كـارێكی نایاسـایی دەكرێـت، دەبـێ تەنبیـە بكـرێن، ئـەو لیجانانـەی كـە ئێمـە بڕیارمانـدا لـە هەنـدێ قـەزا و لـە ناحیەكانیشدا، لە محافەزەكانیشدا دەبێ ئەو سوڵتەیان هەبێ، (تنبیە السلطات المحلیة بالإلتزام ببنود حقوق الإنسان و إصلاح حالات التجاوزات علی حقوق الإنسان)، یـەعنی هەنـدێ حـالاتی سـەریع هەیـە، خێـرا هەیـە ئەو دەستەیە بتوانێ بە تەنسیق لەگەڵ ئەوانە ئیصلاحی ئەو حالەتی ئـەو تەجاوزانـە بكـات لـە ماوەیـەكی كورتدا، بۆ بەندی پێم باشە ئەوەشی بۆ ئیزافە بكەین: (والعمل علی تضمین ثقافة حقوق الإنسان في المناهج الدراسیة بالتنسیق مع وزارة التربیة)، تەقریبەن تا ئاسـتێك كـراوە، بـەڵام ئـەوە ئەگـەر بكرێتـە بەشـێك لـە ئەركەكانیان بۆ ئەوەی بەردەوام لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە لە تەنسیقدا بن بـۆ خوێنـدنی بابەتـەكانی مـافی مرۆڤ و هەر شتێكی تازە هەبێت، شەشەم، لە ڕاستیدا من لەگەڵ ئـەو ڕایـەی كـاك كـاردۆم كـە یـەعنی ئێمـە ئەو (بالتنسیق مع ممثلي السلطات القضائیة...) و ئەوانە، ئەوە زیادەیـە، ئـەوە لـە ئـەركی دەسـتەكەش كـەم دەكاتەوە، ئەو تەنسیقەش وا دەكات كـە بـا بڵێین قـودرەتی ڕەقابـەیی دەسـتەكە كـەم بكرێتـەوە، بۆیـە لـە (مـەوقوفین) بوەسـتین، نوقتەیـەك دانـێین، ئـیتر پێویسـت ناكـات بـەوە بڵێین: (والمـودعین في الإصـلاحیات والموقوفین) و تەواو، بەڵام (بالتنسیق مع ممثلي السلطات القضائیة)، بۆ نموونە لێژنەكە وەزارەتی نـاوخۆش هـینی كـردووە، ئـێ ئاسایشیشـمان هەیـە، یـەعنی ئـەوە دەمانخاتـە ئیشـكالیەتێكەوە لـەو تەنسـیق و ئەوانـە، زۆرجـار لەوانەیـە ئـەو لێژنەیـە خـۆی كـت و پـڕ بڕواتـە سجنەكان، بڕواتـە دام و دەزگاكـان، پێویسـتی بـە تەنسیق نەبێت، یان ئەو تەنسیقە هەندێ لە ئیشەكانی با بڵێین خاو بكاتەوە، كەمتر بكاتەوە، بۆیە پێموایە ئەوە ئیتر بەسە، ئەو تەنسیقەی ناوێت، ئەوەی حەوت، بەڕاستی من دەمویست لەو حاڵەتەدا بڵێم: (وإحالتها إلی الإدعاء العام)، نەك ئەوە، پشتگیری ڕەئیەكەی هاوكارم بكەم (و إخبار الإدعاء العام) ببێتە (إحالـة)، بـەڵام بەڕاستی زۆر پشتگیری ئەو پێشنیازەی كاك حاكم ڕزگار دەكەم، لەسەر ئەوەی كە مەحكەمەیەكی تەحقیقی تایبەت هەبێت، بەڕاستی ئەوە نوقتەیەكی زۆر گەورە دەبێت، گەشەدار دەبێت بۆ هەرێم، بۆ مەسەلەی مافی مـرۆڤ، لێـرە كـە قسـەی زۆر دەكرێـت لـە ئینتیهاكـاتی مـافی مـرۆڤ، بـوونی ئـەو مەحكەمـە تایبەتـە ئیشـی لێژنەكەش گرنگتر دەكات، ئیشی پەرلەمانیش لەڕاستیدا دەباتـە ئاسـتێكی چاودێری زۆر گـەورە، بۆیـە ئـەو ئیحالەتە (إخبار الإدعاء العام) بكرێت، (وإحالتها إلی محكمـة التحقیـق الخاصـة لحقـوق الإنسـان)، ئـەوەی كـە جەنابی كاك ڕزگار ئیقتیراحی كرد، من بە ئیقتیراحێكی زۆر مـەعقول و گرنگـی دەزانم، ئـەوەی پەیوەسـتە بە خاڵی (10) و (11)، لە ڕاستیدا من پێموایە ئەوەی تەقریر دەورییەكە دەبـێ بـۆ پەرلـەمانی كوردسـتان

بێت، نەك بۆ سەرۆكايەتی پەرلەمانيش، بۆ پەرلەمانی كوردستان بێت، تەقرير دەوری، ئەوە زۆر زۆر گرنگە، چونكە ئەو موئەسەسەيە خۆی مەرجەعيەتەكەی لە پەرلەمانەوەيە، پەرلەمان سەرپەرشتی ئيش و كارەكانی دەكات، بەڵام ئەوەی تەقريری سەنەوييەكە، زۆر گرنگە بۆ هەموو ئەو دام و دەزگايانەی كە باس دەكرێت، بۆ ڕەئيسی ئيقليم، بۆ ڕەئيسی پەرلەمان، ڕەئيسی مەجليسی نواب، وزەرا، سوڵتەی قەزائی، من پێم باشە ئيزافەی (و نشرها في وسائل الإعلام)، لە زۆربەی دەوڵەتەكاندا ڕاپۆرتی ساڵانەی مافی مرۆڤ بڵاودەكرێتەوە، ديارە ئەوە لە ياسادا ئيسلوبێكی رادعيشی پێ دەوترێ، يەعنی با بڵێين لە پەنهانی و لەوە نامێنێتەوە، ئيسلوبێكی شەفافانەيە بۆ قسەكردن لەسەری، بۆيە زۆر گرنگە ئەو تەقريرە سەنەويەی كە دەينێرێ بۆ ئەو هەموو موئەسەساتانە، نەشريش بكرێ لە وێب سايتی ئيعلام، ئەوەشی بۆ ئيزافە بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عبدالله، نيزاميە؟ تكايە بيكە پێشنيار، بينووسە، بە نووسين پێشنيارەكانت بنووسە و بۆ لێژنەی ياسايی بنێرە، زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالله محمد نوری، فەرمووو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشێكی زۆر لە قسەكانی ئێمە كرا، بۆيە ئێمە كورتی دەكەينەوە، خاڵی يەكەم: ئەو ڕاوێژ و ڕای خۆی دەربارەی مەسەلەكانی مافی مرۆڤ پێشكەش بە وەزارەتەكان دەكات، تەمەنا دەكەم ئەوە مولزەم بكرێت وەزارەتەكان بە جێبەجێ كردنيان، پرسيارێكم هەيە لە لێژنەی ياسايی و مافی مرۆڤ، ئەگەر بكرێت خاڵی شەشەم ڕوون بكەنەوە، ئايا ئەوە هەموو دام و دەزگا ئەمنيەكانيش دەگرێتەوە كە موراقەبە بكرێن؟ ئەگەر نا با ناويان بهێنين باشترە، واتە زياتر تەزيحاتيان بدرێتێ ناويان بهێنرێت، تەمەنا دەكەم وەڵام وەرگرمەوە، پشتگيری ڕايەكەی كاك حاكم ڕزگار دەكەم كە باسی پێكهێنانی دادگايەك دەكات، ئەوە ڕەنگە بتوانرێ ڕێك شوێنی خاڵی حەوتەم بگرێتەوە، ئەگەر بكرێت خاڵێكی تر ئيزافە بكرێت، بانكێكی زانياری دابمەزرێت دەربارەی مافەكانی مافی مرۆڤەوە، زۆرترين زانياری تێدا بێ لەسەر ئەوەی كە لە وڵاتانی دنيا مافی مرۆڤ چۆنە؟ لەسەر ئەو هەيئە و دامەزراوە و ڕێكخراوانەی كە لە بواری مافی مرۆڤدا كار دەكەن، هەروەها زانيارييەكانی دەربارەی مافی مرۆڤ، هەر چەند دەكرێ ئەو دەستەيە ئيعتيادی سايتێكی خۆی هەبێ، بەڵام سايت ڕەنگە جياواز بێ لە كردنەوەی بانكێكی زانياری، تەمەنا دەكەم بانكێكی زانياری دەوڵەمەنديشی هەبێ، ئەگەر بكرێت ئەركێكی تری ئەو دەستەيە بە دواداچوونی كۆمەڵێ كەيس بێ كە لە ڕابردوودا هەبووە و كە تا ئێستاش بە هەڵپسێنراوی ماونەتەوە و بە تايبەت كەيسی ونبووەكان، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار زانا رؤوف، فەرمووو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمە كەريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەندێ تێبینی و پێشنیازم هەیە تایبەت بەو ماددەیە، پێشنیاز دەکەم سەرەتا بڕگەی یەکەم صیاغە بکرێتەوە جارێکی تر، چونکە لێرە تووشی ئیشکالیەتێك دەبین، لە بڕگەکەدا هاتووە دەڵێ: پێشنیازکردنی مەشوورەت بۆ ئەو بابەتانەی پەیوەندیان هەیە بە مافی مرۆڤەوە، یەعنی ئەو شتە ئایا تەوعی دەکرێت؟ یەعنی تۆ بە تەوعی داوا دەکەی دەڵێی: پێشکەشی دەکەم، ئەگەر ئەوە جیهاتێك نەبێ ئیلزامی بکات، من پێشنیاز دەکەم صیغەکە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە: پێویستە لەسەر وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان داوای مەشوورەت و ڕا بکەن تایبەت بە ئەنجامدانی چالاکیەیەکی دیاری کراو، یاخود دەرکردنی ڕێنماییەکی دیاری کراو، پەیوەست بە بابەتەکانی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا لەو دەستەیە، واتا ئیجباری بکات ئەو دەستەیە تەڵەبی مەشوورەتی لێ بکات، واتا وەزارەتەکە هەستی کرد پێویستی بە ئیجرائێکی دیاری کراو هەیە، یاخود قانونێکی دیاری کراو، یاخود پرۆژەیەکی دیاری کراوی لەبەردەستدایە تاوتۆی بکات، بە ئیجباری ناچاری بکات، داوای مەشوورەت بکات لەو دەستەیە، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: ئەگەر سەیری سەرجەمی ئەو یازدە بڕگەیە بکەی کە لە مەهام و وەزائیفەکانی ئەو دەستەیە، دەبینی هەندێك لە مەهامەکانی، پاشان کە لە ماددەی شەشدا ئاماژە دراوە بە ئۆرگانە سەرەکییەکانی ئەو دەستەیە، کە بریتی یە لە بەشی ئیدارە و مالی، بەشی یاسایی، بەشی (رصد الأداء)، یەعنی ئەو بڕگانە هەندێ لە مەهامەکان هەیە نازانین سەر بە کام جیهەتە؟ کام جیهەتە ئەنجامی دەگەیەنێ؟ چونکە لێرە مەهامەکانیان دەستنیشان کراوە، کە پاشان باسی ماددەی شەشەم دەکات کە دائیرەی ئیداری و مالی، دائیرەی(رصد الأداء)، دائیرەی شئوونی قانونی، دائیرەی العلاقات و الإعلام، وەزائیفەکانی تەحدید کراوە، بەشێك لەو مەهامانە نازانی کێ ئەوە بە ئەنجام دەگەیەنێ؟ بۆ نموونە نەشری سەقافەی حقوقی ئینسان، (تقيم مدى إلتزام السلطات في الإقليم)، (إعداد دراسات و بحوث دورية)، یەعنی مەهامان هەیە نەتسپاردووە بە یەکێك لەو جیهەتانە، دەکرێت ئەوە دیسان صیاغە بکرێت، کامەیە ئەو جیهەتەی کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی بەشێك لەو چالاکیانە؟ سێیەمیان من پشتگیری لەو ڕایە دەکەم کە لە باسکردنی خاڵی چوارەمدا (تقيم مدى إلتزام السلطات في الإقليم)، یەعنی ئەو قسەیە قسەیەکی زۆر گەورەیە، تۆ بڵێی موقارەنەی دەکەم بە عەهدی دەولی خاص بە حقوقی ئینسان، بگەڕێیتەوە بۆ مەواسیقی ساڵی 1966، بڵێ لەوێدا چۆن کراوە؟ یەعنی ئەو قسەیە زیاتر پێویستی بەوە هەیە ورد بکرێتەوە، ئەوەی کە کاك کاردۆ ئاماژەی پێدا تایبەت بە ماددەی (13) لە دەستووری عیراقیدا، دەڵێت: ئەو دەستوورە دەستوورێکی باڵایە لە سەرجەم عیراقدا نابێ پێشێل بکرێ، لە دەستووری زۆرێك لە وڵاتانیشدا، هەرێمەکان ناتوانن مافێك بدەن کەمتر بێ لەو مافەی کە لەدەستووری مەرکەزدا هاتبێ، دەتوانن مافێکی زیاتر بدەن، ئێمە حەددی ئەدنا لەو قۆناغەدا، چونکە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا دەستوورمان نیە، دەبێ موتابەقە بکرێتەوە بە دەستووری عیراقی، یاخود بڵێین لە دەستووری ئیقلیمدا، (في حالة) پەسندکردنیدا، (والتشريعات الدستورية النافذة في الإقليم)، ئێمە کۆمەڵێك تەشریعاتمان هەیە کە تەبیعەتێکی دەستووریان هەیە، دەبی بەراورد بکرێتەوە، ناکرێ هەر هەمیشە

بەراوردی بکەی بە تەفقیمێکی فراوان، یەعنی بەندەکانی مافی مرۆڤ لە کۆتایی چلەکانەوە دانراوە، تا ئێستا خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ، بۆ ئەوەی کە زیاتر ئەو دەستەواژەیە ورد بکرێتەوە، وا پێویست دەکات دەستووری عیراقیش کە بە تایبەتی لە دەستووری عێراقی دا، لە ماددەی (14) تاوەکو ماددەی (46) زیاد لە بڕگەیەکی تەرخان کردووە، باس لە مافەکان و ئازادییەکانی هاووڵاتیان دەکات، لە هەمان کاتدا پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەم کە ئەوەی ڕەئی بەڕێز د. رفیق سابیر، هەندێ کەس هەیە وەلەو لە عیراقدا قانونێك نەماوە بە ناوی قانونی ڕەدی ئیعتیبارەوە، گەڕانەوەی ئیعتیبار بۆی، بەڵام دەکرێت ئەو دەستەیە کار بکات لەسەر ناچارکردنی حکومەت بە قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی کە لە بەینی دوو کەوانەکە پێیان دەوترێ (ضحايا العدالة)، ئەوانە دەبنە، هەندێ کەس پێی دەوترێ ئەوە قوربانی عەدالەتە، یەعنی بۆ نموونە لە ناو خێزانێکدا کەسێك بە هۆی تاوانێکەوە دەستگیر دەکرێ، بەڵام خانەوادەکەی ئەو کەسە پێویستی بە بژێوی ژیانی هەیە، دەکرێ لەو دەستەیەی مافی مرۆڤ، وەکو پاراستنی بەشێك لە کەیسی مافی مرۆڤ کار بکات لەسەر قەرەبووکردنەوەی، یاخود پێکهێنانی صندوقێکی کۆمەك بۆ قەرەبوو کردنەوە و هاوکاری کردنی ئەو کەسانەی کە دەبنە قوربانی عەدالەت لە هەرێمی کوردستاندا، لە هەمان کاتدا قەزییەی تەحریکی ئێوە بەڕێزانی لێژنەی یاسایی مەتڵوبن لەوەی کە بزانین ئەو قەزییەی (تحريك الدعاوى)، لەو قەزییە تەصەور دەکەم زۆر ڕوونی وازحییەکی تێدا نەبێت، کاك حاکم ڕزگار ئاماژەی پێدا، جێی خۆیەتی یەعنی بە نەزەر ئیعتیبار وەرگرتنی قانونی ئصوولی موحاکەماتی جەزائی، وا هەست دەکەم لێرە خەڵەتێك هەیە، وەزیفەی ئەساسی ئەو دەزگایە چیە؟ ئەگەر سەیری هەر یەك لەو بڕگانە بکەی، لە نەشر، لە تەئەکود، لە تەقیم، لە ئیعداد، لە موراقەبە، یەعنی بۆ ئەوەی ئەو دەزگایە بەڕاستی دەزگایەك بێ بۆ چاودێری کردنی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ بەدواداچوونی حەقیقەتی پێشێلکاریەکان لە هەرێمی کوردستاندا، دەبێ صەلاحەیەتەکی جددی و فیعلی خۆی هەبێ، ناکرێ تەنها صەلاحیاتەکانی تەقیم کردن بێ، یاخود لە دوورەوە سەیری کێشەکان بکات، ئاخیر خاڵ بۆ پێکهێنانی بڕگەی (10) و بڕگەی (11)، من پێشنیاز دەکەم بڕگەی (10) و (11) لێك بدرێن و بەو شێوەیە صیاغە بکرێنەوە: (تقديم تقارير دورية و إعداد تقرير سنوي حول أوضاع حقوق الإنسان لبيان الصورة الحقيقية و واقع حقوق الإنسان في الإقليم و رفعها إلى برلمان كوردستان، و على البرلمان إرسال نسخة من التقارير السنوية إلى رئاسة إقليم كوردستان و رئاسة مجلس الوزراء و نشرها في وسائل الإعلام)، واتا هەردووکی لە یەکەوە دەمج دەکرێت، تەقاریرە دەورییەکان هەمووی بۆ پەرلەمان خۆی دێت، تەقاریرە سەنەوییەکان بە خۆی دێت، بەس تەقاریرە سەنەوییەکان پەرلەمان ئیلزام بکرێت کە نوسخەیەك، واتا لە ڕێگەی پەرلەماندا بۆ ئیعتیبارێك کە ئەو دەزگایە لە ژێر سەرپەرشتی پەرلەماندا کار دەکات، پەرلەمان ئیجبار بکرێت نوسخەیەك لەو ڕاپۆرتە ساڵانە پێشکەش بە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار بێریڤان، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان إسماعيل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو پرۆژە یاسایە سێ تێبینیم هەیە، یەکەمیان: بە نیسبەت خاڵی دووەم لە ماددەی چوارەم، ئێمە دەڵێین بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و مافی مرۆڤ و مەسەلەکانی ژن و منداڵان، بە ڕەئی من ئەوە بنووسرێ (ڕۆشنبیری کۆمەڵگا)، چونکە ئێمە بۆ تەنها بڵێین (ژن و منداڵ)، پیاویش پێویستە ڕۆشنبیر بکرێت دەربارەی مافی مرۆڤ، ئەگەر هاتو کۆمەڵگامان نەنووسی، پیاویش زیاد بکەین لەگەڵ ژن و منداڵ، چونکە مافی پیاویش دەبێ بپارێزری، ژنیش بپارێزرێ و منداڵیش، بۆ ئەوەی کورتی بکەینەوە بڵێین کۆمەڵگا، هەروەها دەربارەی بەشی حەوتەم لە ماددەی (4) بۆم ڕوون نەکراوەتەوە کە ئەو کەسانەی، ئەو هاوڵاتیانەی سکاڵایان هەیە، نووسراوە دەبێت بدرێت بە دەستەکە، بۆ بدرێت بە دەستەکە؟ پێویستە لە هەموو دەزگایەکی حکومی و ئەهلی صندووقێکی سکاڵا هەبێ، لەوێ کۆ بکرێتەوە، ئینجا بچێت بۆ ئەو دەستەیە، بۆ ئاسانکاری ئیشەکانیان، ئەو وەختە چونکە هەموو هاوڵاتیەك پێویست ناکات بچێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەستەیە، بە نیسبەت تێبینی سێیەمم ئەوەیە: پرۆژە یاساکە بە زمانی کوردی زۆر جوان نیە، ناڕێکە، چونکە زۆر تێناگەم، هەرچەندە خۆم پێفێکت نیمە لە کوردی، بەڵام من بە خراپ تێ دەگەم و زۆر لێی تێناگەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار پەروین، فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوارەم من چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر خاڵی دووەم و سێیەم، بە نیسبەت خاڵی دووەم من پێم باشە وای لێ بکرێت، بکرێتە : (بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری دەربارەی مافی مرۆڤ لە پێناو بە کەلتوورکردنی)، ئەگەر بکرێت بە کەلتوورکردنی، ئەو کاتە چاکتر پیادە بکرێ، بە نیسبەت خاڵی سێیەم: (دڵنیابوون لە چەند و چۆنی و گونجانی سەرجەم بڕیار و ڕێنمایی و ڕێکارەکانی یاساکانی هەرێم لەگەڵ پرینسیپەکانی مافی مرۆڤ بە پێی ڕێککەوتننامە نێو دەوڵەتیەکان، پشتگیری ڕاکەی کاك حاکم ڕزگار دەکەم بە کردنەوەی مەحکەمەی تەحقیق بە مافی مرۆڤ، چونکە ئەو مەحکەمە زۆر گرنگە، بە نیسبەت خاڵی (8) و (9)، من پێم باشە ئەو دوو خاڵە دەمج بکرێ، چونکە نەفسی مانا دەدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار تارا خان، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ڕووی زمانەوانیەكەی خاڵی شەشەم وا باشترە: موراقەبە كردن و چاودێری كردنی مەركەزەكانی چاكسازی كۆمەڵایەتی بێت، بە نیسبەت خاڵی حەوتەمەوە كە دەڵێن: وەرگرتنی شكات لە خەڵك و لە كۆمەڵە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە بارەی پێشێلكردنی مافی مرۆڤەوە، ئەوەی بۆ زیاد بكرێ: و ڕاستەخۆ بەدواداچوون بكرێ تا دڵنیابوون لە ڕاستی شكاتەكان بكرێت، ئەو فەقەرەیەی بۆ زیاد بكرێت، چونكە تەنها وەرگرتنی شكات دەم و دەست بە دوایدا بچن، تاكو بزانن ڕاستە، نەك لەگەڵ دڵنیابوون، بەڵكو خۆیان بەو ئەركە، چونكە مەهامی ئەو دەستەیە ئەو بە دواداچوونەیە، بە نیسبەت خاڵی (11)، لێرەدا دەڵێ: ڕاپۆرتی خول بە خول، لە ڕووی زمانییەوە (ماوە ماوە)م پێ باشترە كە بكرێ، چونكە ماوەكە لەو كاتەدا دەورییەكەت بە عەرەبی تەرجوومەكردنی خول بە خول ماوەی تایبەتە، چونكە تۆ ماوە ماوە هەر كاتێ پێویست بوو كۆبوونەوە بكرێت، دەبێ لەسەر ئەو بارەی كە پێشێلی مافەكەی تێدا دەكرێت، بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار حسن محمد، فەرمووو.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە منیش هەندێك تێبینیم هەیە، یەكەم: تێبینیەكی عامم هەیە كە ئەگەر سەیری فەقەراتەكان بكەی بە گشتی، زۆر بە تەفاصیل هاتووە كە بەڕاستی لە صیاغەی قانوندا پێویست بوو هەردوو لێژنە تۆزێك كورتی بكەنەوە، چونكە هەندێ جار باسی ئیجرائاتێكی خاص دەكات، لە هەمان كاتدا باسی ئیجرائاتێكی عام دەكات، ئەگەر ئیجرائاتی خاصە نەدەبوو عامەكەی تێدابایە، ئەگەر عامیشە خاصەكەی تێدا نەبا، بۆیە هەر درێژكردنەوەكەی فەقەرەكەی زەعیف كردووە، خاڵی دووەمم بریتی یە لە مولاحەزە لەسەر فەقەرەی (1) و (3) و (4)، هەرسێكیان باسی سوڵتاتی ئیقلیم دەكات، لە یەكەمدا باسی مەشوورەت دەكات، لە دووەمدا باسی تەئكید لە تەشریعات دەكات، لە سێیەمیش باس لە ئینتیهاكات دەكات، بە ڕەئی من هەر سێكی دەتوانی بە یەك فەقەرە لەسەر سوڵتات بەو شێوە: (متابعة الجهات الحكومية و التأكد من تنفيذ الجهات الحكومية المعنية للأنظمة و اللوائح السارية فيما يتعلق بحقوق الإنسان و الكشف عن التجاوزات المخالفة للأنظمة المعمول بها في الإقليم و التي تشكل إنتهاكاً لحقوق الإنسان و إتخاذ الإجراءات النظامية اللازمة في هذا الشأن)، یەعنی دەتوانین بیكەین بە یەك فەقەرە، من پێم باشە ئیزافەی دوو، سێ فەقەرەش بكرێ، یەكیان: بەڕاستی (تعزيز نهج الديموقراطية في الإقليم لتكون نموذج متكامل و متوازن)، ئەوە لەبەر ئەوەی دیموقراتیەت و حقوقی ئینسان، دوو: عەمەلیەی متەساوی و لەگەڵ یەكن، دووەم: (إنشاء قاعدة للبيانات المتعلقة لحقوق الإنسان)، ئێمە سەیر دەكەین یەكێك لە كاری ئەو موئەسەسەیە وەرگرتنی

شەکاوییە، شەکاویش بە عەدەدێکی زۆر، بۆیە پێویستە قاعیدەیەکی بەیانات هەبێت، ئەوەش دوایی لە تەشکیلەکەیدا پێویستە نیزامێکی بۆ دابندرێ، سێیەم: (السعي لتدريس مبادئ حقوق الإنسان في مستويات التعليم المختلفة)، واتا لە تەربیە و تەعلیم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار خورشید، فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونکە ئەڤ دەزگایە پەیوەستە بە مافێ مرۆڤ، ژ بەر وێرێ ئەز دبینم ئەو ناخۆشی و نەهامەت و کارەساتا بسەر مللەتێ کوردا هاتین دڤێ یاسایادا هیچ ئاماژەیەك پێ نەهاتیە کرن، لەوما ئەز دبینم یا فەرە ئەم خاڵەکێ پێشنیار نڤیسی ژی بۆ لیجنا یاسایی پێشکەش کری کو ئەڤ خاڵە بێتە ئیزافە کرن بۆ ڤێ یاسایێ، (العمل على تعريف العالم بالإنتهاكات الخطيرة التي مورست ضد سكان كوردستان إبان الحكم البعثي الشوفيني من حملات الأنفال و إستخدام الأسلحة الكيمياوية و التهجير و التعريب و إبقاء ذكرى هذه الجرائم حيةً في الضمير الإنساني)، برئیا من ئەڤە خالەکا بویتە ئێك ژ ئارمانجێت ڤێ دەستەیێ، یا دووهێ ئەز پشتەڤانیا ل پێشنیارا حاکم رزگار بکەم بۆ دانانا دادگەهەکێ وەکی ئالیەتەکا عەمەلی بۆ لدیڤ چوونا پاراستن و بەردەست کرنا مافێن مرۆڤێ لە هەرێما کوردستانێ و زۆر سپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار دانا سعید صوفی، فەرموو.

**بەڕێز دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر وەك هاوکارانم هەندێ تێبینیم هەیە، من پێموایە ئەو ماددەیە زیاتر کارەکتەرێکی تەعلیماتی، یاخود ڕێنمایی هەیە زیاتر لەوەی کە یاسایی بێ، دەکرا زۆر کورت بکرێتەوە، بە ڕای من پێنج بڕگە هەن لەو ماددەیە کە زۆر گرنگن، بڕگەی (1)، (3)، (6)، (9)، (11)، ئەوانی تر زیاتر لە تەعلیمات دەچن، بە هەر حاڵ منیش لەسەر بڕگەکان تێبینیەکانی من ئەوەیە، پێم باشە بڕگەی (4) بەو شێوەیە دابڕژرێتەوە: هەڵسەنگاندنی پلەی پابەندبوونی دەسەڵاتەکان لە هەرێمدا، بە حوکمەکانی بەڵگەنامە و پەیمانە نێو دەوڵەتیەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ، ئەوە هەم کورتتر دەبێتەوە، هەم زیاتر شکلێکی با بڵێین یاسایی بە خۆی دەگرێت، بە نیسبەت بڕگەی (5)، پێموایە هیچ پەیوەندیەکی بە دەرکردنی یاسا نیە، هەر دام و دەزگایەکە بۆخۆی سەربەستە لەوەی با بڵێین چاپەمەنی دەردەکات، لێکۆڵینەوە دەکات، یان نازانم چی؟ پێموایە لێرە جێگای نابێتەوە، بە نیسبەت بڕگەی (6)، پێم باشە بەو شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

چاودێری کردن و بە دواداچوونی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان بە هاوکاری لەگەڵ دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان، دیسان ئەوە زۆر پوختتر و کورتتر دەبێتەوە، هەمان مانای هەیە، هیچ لە ئەوەکە ناگۆڕێت، بە نیسبەت بڕگەی (8)، پێموایە ئەویش زیادەیە و پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی ئێمە هیچ تێکستێکی یاساییمان نیە، یەعنی کە ڕێگر بێ لەبەردەم ئەوەی دام و دەزگایەك، یاخود ئەو دەستەیە هاوکاری بکات لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی، یاخود هەر لایەنێکی تر، جگە لەوەش، لە بڕگەی (9)دا دەتوانین ناوەڕۆکی بڕگەی (8) بدۆزینەوە، یەعنی لەوێ باشتریش صیاغە کراوەتەوە، هاوکاری کردن و ئەوانەشی تێدایە، بە نیسبەت بڕگەی (10) و (11)، پێم باشە لێك بدرێ، بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە: ڕاپۆرتی شەش مانگی ئامادە دەکات لە بارەی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، پێشکەشی دەکات بە پەرلەمانی کوردستان، هەروەها بە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان، ڕاپۆرتەکە دەبێ بخرێتە بەردەستی ڕای گشتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار گوڵیزار خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی (11) پشتیوانی لەوە دەکەم کە ڕاپۆرتەکە بدرێ بە پەرلەمان، چونکە دەستەکە سەر بە پەرلەمانە و با لە ڕێگەی پەرلەمانەوە بگات بە سەرۆکایەتی و ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی پەرلەمان لێرەدا دەوری چاودێری و موتابەعە ببینێ دەربارەی مافی مرۆڤ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار بلال سلیمان، فەرموو.

**بەڕێز أحمد سلیمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم لە ماددەی چوار، کە دەڵێ ڕاوێژ و ڕای خۆی دەربارەی مەسەلەکانی مافی مرۆڤ پێشکەش بە وەزارەتەکان و دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێم بکات، من پێموایە بەراستی وەکو کاك د. صەباحیش باسی کرد، ڕاویژ زۆر زەعیفە، ئەو دەستەیە پێویستە لای کەمەکەی ڕێنمایی بدات، نەك ڕاوێژ، چونکە ڕاویژ دەتوانی ڕاوێژ بدەیت و هیچ حیسابیشی بۆ نەکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەو ڕاوێژ و ڕای خۆیە بگۆڕێ بە ڕێنمایی، ڕێنمایی دەدات دەربارەی مەسەلەکانی مافی مرۆڤ، لە خاڵی شەشەم، پێموایە ئەوە تۆزێ دوور و درێژە، کۆمەڵێك قەیدی داناوە بۆ چاودێری کردنەکە، کە لەوانەیە ئەو چاودێری کردنە بەو قەیدانەوە زۆر زەحمەت بێت، نەتوانێ زۆربەی وەختەکان ئەو چاودێری کردنەی کە ئەرکیەتی ئەنجامی بدات، بۆیە من پێم باشە ماددەکە دوور و درێژ دەبێ، نامەوێ وەختتان بگرم بیخوێنمەوە، هەمووی تێدا

بمێنێتەوە، تەنها ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، (بێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەخت)ی تێدا بێ، هیچ پێویست ناکات پێش وەخت ئەو چاودێری کردنە کە دەچێ بۆ سەردانی سجنێك، پێشی وەخت سجنەکە ئاگادار بکرێتەوە، پێویستیش ناکات هاودەنگی لەگەڵ نوێنەرانی دەسەڵاتی دادوەری و وەزارەتی داد و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی تێدا بێ، ئەوە ئەو دەستەیە خۆی کارەکانی خۆی ڕادەپەرێنیت، دوایی دەتوانێ بە ڕاپۆرت ئەوانە ئاگادار بکاتەوە، من پێموایە ئەوەش لێرە زیادەیە، هیچ پێویست ناکات ئەوانە بچن لەگەڵ لیژنەی مافی مرۆڤدا بچن بۆ سەردانی زیندانەکان، خاڵی (10) و (11)، وەکو کاك حاکم ڕزگاریش باسی کرد، بەڕاستی من پێموایە پێویست دەکرێ تێکەڵ بکرێن، لە هەمان کاتیشدا کە دەڵێ: ئەگەر تێکەڵ بکرێن، بە شێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە، بەڵام مەسەلەی (پێشکەش بکرێت بە سەرۆکایەتی هەرێم)، سەرۆکی پەرلەمانیش بکرێت بە پەرلەمان، تەنها بۆ سەرۆکی پەرلەمان نەبێ ئەو ڕاپۆرتە، بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەویش بۆ ئەنجومەنی وەزیران بێ، دەسەڵاتی دادوەریشی بۆ ئیزافە بکرێ، پێشنیار دەکەم خاڵێکی تریش ئیزافە بکرێ، وەك تەئیدی قسەکەی کاك عبداللە ملا نوری دەکەم کە بە دواداچوون بۆ کەیسی ونبووان و بێ سەرو شوێنان، ئەرکی ئەو دەستەیە بێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار پەیمان عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی من پێشنیارەکانم لەسەر ماددەکان بڵێم، حەز دەکەم ئیشارە بەوە بکەم کە ئێمە، با بڵێین هەرێمیکین لە عیراقی فیدراڵدا، کە دەبێ لە کاتی دەرچوونی ئەو یاسایانەی کە هاوشێوەی لە عیراقدا هەیە، هۆشداری یان زانیاریمان هەبێ لەسەری، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێکی باشتر نەکەین، شتێکی لەوە خراپتر نەکەین، لەو یاسایەدا، لە عیراقدا یاسایەکی، یاسای کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی عیراق هەیە، کە لەو یاسایە من دوو پێشنیارم هەیە، تەواوی ئەو بڕگانەی کە لە ماددەی چواردا هاتووە، لەوێدا بە دوو ماددە، بە ماددەی (5) و بە ماددەی (12)، ئەوەی لەسەر ئەو دەستەیە پێویستە و، ئەرکەکانی دەستە بە پوختتر و بە باشتر ئەوانەی تێدا ڕوون کراوەتەوە، پێشنیاری یەکەمم ئەوەیە کە ئێمە بۆ ئەوەی شێوازێکی باشتری هەبێت و بتوانی ئەرکەکانی دەستەکە بەشێوەیەکی قانونی و پوخت ڕێك بخەینەوە، ئەو دوو ماددەیە، ماددەی پێنج و ماددەی 12 لە جێی ئەم ماددەیە دابنێین، ئەگەر ئەوە نەکرا، چونکە وا بزانم کەم کەس ماوە پشتگیری رایەکەم بکات، ئەگەر ئەوە نەکرا،  پێشنیارەکانم بۆ ئەم ماددەیە هەندێك لە بڕگەکانی ئەم ماددەیە زیاتر لە ئیشی پەیڕەوە، تایبەتە بە پەیڕەوی ناوەخۆی دەستەکە، ئەو کاتی کە دەستەکە تەشکیل کرا، پەیڕەوی ناوەخۆیان هەبێت و ئەو ماددانە، ماددەی 2 و ماددەی 5 و ماددەی 8 و ماددەی9 ، ئەمانە زیاتر با بڵێین لە پەیڕەوی ناوەخۆی دەستەکە ئەچێ، وەك ئەوەی لە ماددەیەکی قانونی کە لە یاسایەکەدا هەبێت، جگە لەوەی کە زۆرینەی بڕگەکانی ئەم ماددەیە هیچ قوەیەکی ئیلزامی نیە کە ئەمە بۆ خۆی

مەترسییەك لەسەر جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی دەستەکە دروست ئەکات، پێشنیارەکانم بۆ خاڵەکان، سەبارەت بە خاڵی یەکەم: هەر لە بابی ئەوەی کە قوەی ئیلزامی نیە، تەئیدی پێشنیارەکەی کاك عبداللە مەلا نوری ئەکەم، سەبارەت بە خاڵی سێ، دیسانەوە ئەمە خاڵێکە کە هیچ قوەیەکی ئیلزامی تێدا نیە، ئەوەی کە چۆن یاساکانی هەرێم، با بڵێین گونجاندنی یاساکانی هەرێم لەگەڵ پرنسیپەکانی ماڤی مرۆڤە، هەروەها خاڵی چوار، هەڵسەنگاندنی پابەند بوون، بەرای من ئەم دوو خاڵە بکرێ بە یەك، خاڵێکی بۆ زیاد بکرێ کە دیسانەوە با بڵێین لە مفەوەزیەی عولیای حقوقی ئینسانەوە هاتووە، ئەوەی کە وەرگرتنی بڕیار و تەوصیاتی پێویست بۆ رێگەگرتن لە پێشیل کردنی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان کە لە دەستوور و یاسا کار پێکراوەکاندا پارێزراون، کە جێگەی ئەو دوو خاڵە بە بڕوای من ئەگرێتەوە، جگە لەوە خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێ بۆ خاڵی چوارەم، ئەوەی کە ئەو هەڵسەنگاندنە ئەگەر بە هەڵسەنگاندن مایەوە، ئەو هەڵسەنگاندنە چی لێ ئەکات؟، کە ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، گەیاندنی بە پەرلەمان بە مەبەستی وەرگرتنی رێی و شوێنی پێویست بۆ راگرتنی ئەو پێشێلکاریانە، خاڵی پێنجەم، جگە لەوەی کە وەکو ئیشارەتم پێدا، زیاتر لە پەیڕەو ئەچێ، بەڵام تەحدیدیشی کردووە کە ئامادەکردنی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی تایبەت کە لە کۆتایی خاڵەکەیدا، ئەڵێ لە بۆنەکانی مەسەلەی ماڤی مرۆڤدایە، رەنگە ئەو ساڵی یەکجار ئەو ئیشانە بکات، حەتا ئەگەر دەنگیش بێنی٬و بخرێتە پەیڕەوەو، ئەبێ بۆ پەیرەوەکەش بۆیان رێك بخەینەوە کە بۆنەکانی لێ لاببرێت ئەو خاڵە، لە خاڵی شەشەمدا تەئیدی پێشنیارەکەی کاك کاردۆ ئەکەم بۆ نەگەڕانەوە بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بۆ ئەوەی کە چاودێری کردن بکرێ، هەر لە خاڵی شەشەمدا، لە دوای موراقەبە کردن، دیسانەوە هیچ ئیلزامێکی تێدا نیە، موراقەبە کردن بە چ هەدەفێك؟ بەڕای من ئەمەی بۆ زیاد بکرێ: دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو پێشیلکاریانەی کە لە چاکسازیەکانی کۆمەڵایەتی و گرتووخانەکاندا روو دەدات، پابەند بوونی ئیدارەی ئەو جێگایانە بە بڕیارەکانی ئەم دەستەیە، هەر لە خاڵی حەوتەمدا پشتگیری پێشنیارەکەی بەڕێز حاکم رزگار ئەکەم بۆ دروست کردنی ئەم دادگایە تایبەتە، بۆ خاڵی 10 و 11، پێشنیارەکەی د.زانا پشتگیری ئەکەم کە بکرێتە یەك و لە یەك خاڵدا کۆ بکرێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار حمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان یەکێك لە پیوەرەکانی دیموکراسیەت، ماڤی مرۆڤە، سیمایەکی جوانی ئەم هەرێمە پێکهێنانی دەستەیەکی کارایە و رەنگدانەوە و چاککردنی رەوشی ماڤی مرۆڤە لە کوردستاندا، بۆیە پێویستە تەرکیزی زۆر و وردەکاریی زۆر لەسەر ئەو مەسەلانە بکەین و بەتایبەتی ئەو دوو ماددەیە، ماددەی ئامانجەکان کە پێشووتر بوو، ئەم ماددەیە کە ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەم دەستەیەیە، پێویستە زۆر وردتر دابڕێژرێ، من لەسەر خاڵی یەکەم، ئەگەر بۆ حکومەت و دەزگای تەنفیزیە، بەراستی زۆر زەعیفە بڵێی مەشورەت و را،

ئەوە زۆر زەعیفە، بۆیە ئەگەر بۆ پەرلەمان بێ، پێم باشە مەشورەت و را بۆ پەرلەمان بێ، بەلام ئەگەر بۆ حکومەت بێ، پێویستە بوەترێ بڕیار و راسپاردە دەربارەی مەسەلەکانی مافی مرۆڤ دەردەکات بۆ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان و دەزگا پەیوەندیدارەکان، هەروەها ڕا و سەرنجیش، یان راوێژی بۆ پەرلەمان، ئەوە لەسەر خاڵی یەکەم، لەسەر خاڵی دووەم، بەراستی بۆ بلاوکردنەوەی رۆشنبیری مافی مرۆڤ، هاتووە وەسیلەیەکی هێناوە، خۆی ئەم وەسیلەیە وەسیلەی بلاوکردنەوەی رۆشنبیری مافی مرۆڤ نیە، خۆی قیمە و بە وەسیلەی تر پێویستە بلاو بکرێتەوە، مەسەلەن بەهای لێبوردەیی و هاوکاری کۆمەلایەتی، مەسەلەکە ئەوەیە، پێویستە بلێی لە رێگای دەزگاکانی راگەیاندنەوە بەهای لێبوردەیی و بنەماکانی هاوکاری کۆمەلایەتی و رۆشنبیری مافی مرۆڤ بە گشتی بلاودەکاتەوە، ئیتر زۆر ئیشارەتیش نەکرێ بە مەسەلەی ژنان و مندالان پێویست ناکات، خاڵی سێیەم بەراستی ئەمەش خاڵێکی گرنگە، دلنیا بوون لە چەندێتی و چۆنیەتی گونجانی یاسا و بڕیار و رێنماییەکان، تەبعەن بڕیاریش دەرئەکەوێ، هەم لە پەرلەمان خۆتان ئەزانن پرۆژە بڕیار هەیە، هەم لە حکومەتیش بڕیار دەرئەکرێ، بۆیە پێویستە بڕیار و رێنماییشی بۆ زیاد بکرێ و پێم وایە مافی مرۆڤ و ئازادییە گشتیەکان، من ئەوەی کە باوە و بیستوومە، ئازادیە گشتیەکانە، و دەربڕینی، تەبعەن هەر دلنیا بوون، یەعنی تەئکید دەکات ئەگەر وا نەبوو پێویستە ئیجرائاتی خۆی بکات، مەسەلەن ڕا و سەرنجی خۆی بدات، ئەو بڕگەیەشی بۆ زیاد بکرێ، خاڵی چوارەم خاڵێکی گرنگە، تەقییم و تەشخیصە، تەقیم و تەشخیص عادەتەن کە دەکرێ بۆ هەر مەسەلەیەك بۆ ئەوەیە کە موعالەجە و ئیجرائات بۆ ئەو تەقیم و تەشخیصە دابندرێ، ئێستا تەقیم و تەشخیصەکەی وتووە کە هەلسەنگاندنە بە پلەی پابەندبوونی دەسەلاتەکان، بەلام دواتر هیچ موعالەجەیەك، یان هیچ ئیجرائاتێکی دانەناوە، من پێم باشە بۆ لە ئاخیری بڕگەکەوە: دەرکردنی بڕیار و راسپاردەی پێویست، هەر وەکو ئەوەی کۆمیسیونی بالای مافی مرۆڤی بەغدا، بۆ پاراستن و چاککردنی رەوشی مافی مرۆڤ و هەروەها ئیجرائاتی پێویست دەربارەی پێشیلکارییەکان، کەواتە ئیجرائاتیش پێویستە، راسپاردە و بڕیاریش، خاڵێکی تر، مەسەلەی ئەوەی خاڵی شەشەم، منیش لەگەل ئەوەم کە بێ مۆلەت بێ، تا ئەو گیراوەکان بێت، یەعنی تا موراقەبە کردن و چاودێری بارودۆخی سجنەکان و مەرکەزەکان و چاککردنی کۆمەلایەتی گیراوەکان، ئیتر پێویست بە نوێنەری ئەو ناکات، بەلام ئەم موراقەبە کردنە بۆ چیە؟، ئەویش هەدەفەکە دیار نیە موراقەبەکە بۆ چیە، بۆ ئاگادار بوون لە ڕادەی پابەندبوون بە مافەکانی مرۆڤ و جێبەجێکردنی یاساکان تیایاندا و پێشێلنەکردنیانە، ئەوەش تەبعەن هەدەفەکە ئەبێ، لە خاڵی حەوتەمە، من لەگەل ئەوەم کە مەحکەمەیەکی تایبەت دابندرێ، وەرگرتنی شکات لە هەر کەس و لایەن و کۆمەلە و رێکخراوێکی کۆمەلگەی مەدەنی، یەعنی کەس و لایەنیش هەیە و کۆمەلگەش هەیە، یەعنی لەسەر هەر کەس و لایەن و دەزگا لە هەر ئاستێکدا بێ بۆ ئەوەی کەوا ئیستیسنا نەمێنێت، ئەگەر شکات کرا لە لایەن هەر کەسێکەوە، یان کۆمەلێکەوە، یان لایەنێکەوە لەسەر هەر دەزگا و کەس و لایەنێك لەسەر هەر ئاستێکدا بێت دەربارەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و لەگەل دلنیا بوونی راستی شکاتەکە و ئەوەی لە دژی تاوانبارەکان و

بەرزكردنـەوەی بـۆ مەحكەمەیـەك، ئـیتر نوسخەشـی بـدرێ بـە پەرلـەمان و داواكـاری گشـتی و مەحكەمـەی ئیداری بۆ بەدواداچوون، بەڵام مەحكەمەی، مەحكەمە تایبەتەكە ببێ، سەبارەت بـە خـاڵی 9، هـەر چـەندە خاڵی هەشت و نۆ لە یەك دەچن، ئەكرێ دەمج بكرێ، لەگەڵ ڕێكخراوە نێودەوڵـەتی و عیراقیـەكان تایبـەت بـە مـافی مـرۆڤ و لایەنـەكانی دیكـەدا كـە پەیوەنـدیان هەیـە، هـاودەنگی و هەماهـەنگی و هاوكـاری بـبێ بـە ئامـانجی ئـەوەی كـە نوێنەرایـەتی، یـەعنی تەمسـیلی هـەرێمی كوردسـتان بكـات نـەك حكومـەت، هـەموو هەرێمەكـە بكـات، چـونكە خـۆی سـەر بەپەرلەمانـە، لـە كۆبوونـەوە و كـۆنگرە جیهانیـەكانی تایبـەت بـە مافەكانی مرۆڤ، بێگومان ئەوەی 10 و 11 منیش لەگەڵ ئەوەم كە دەمج بكرێ بەشێوەیەك وەكو بـەڕێزان ئاماژەیـان پێكـرد، دابڕێژرێتـەوە كـە راپـۆرتی سـاڵانەكە بـدرێ بـەو دەزگانـە، سـەرۆكایەتی پەرلـەمان، سەرۆكایەتی هەرێم، یەعنی پەرلەمان و سەرۆكایەتی هەرێم و ئەنجومەنی دادوەری و ئەنجومەنی وەزیران، یـەعنی بـۆ هـەموو دەزگاكـان بێـت، دەوریەكـەش وەرزی بـێ، مـن پـێم باشـە وەرزی بێـت كـە ئـەوەیان بـۆ پەرلەمان بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د. ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەندێك تێبینیم هەیە لەسەر ماددەی چوارەم، سەبارەت بە خاڵی دووەم، من پێم باشە لەگەڵ خـاڵی سـێیەمدا بكـرێن بە یەك مادده، (قضایا المرأة و الطفل) لە ماددەكەدا لابرێ لە ماددەی دووەم، چونكە مەسەلەكانی ئافرەت و منداڵ، ئـەوانیش بەشێكن لە مافی مرۆڤ، كەوابوو پێویست ناكات بـە جیـا رابگـرن، ئـەكرێ لێـرە مـاددەی دووەم و مـاددەی سـێیەم هـەردووكیان بكرێن بە یەك مادده بەو شێوەیە بكرێ، (نشر ثقافة حقوق الانسان و التأكد من مدى ملائمة التشریعات في الاقلیم ......الخ)، تا ئاخیری ماددەكە، یەعنی ئەوەی لە ماددەی دووەمدا هەیە،(قضایا المرأة و الطفـل الى اخـر المـادە)، لابـرێ، لـە خـاڵی چوارەم، منیش لەگەڵ ڕەئی د.صباح دام كە ئەگەر لێمان زویـر نـەبێ، تـەقییم بـەكار بێـنین، (تقییـم مـدى التـزام السلطات في الاقلیـم بأحكام الدستور العراقي الدائم و بنود دستور الاقلیم، و احكامی دەستوری عیراقی و دەستووری هەرێمیشی بۆ زیـاد بكـرێ كـە ئێمە پێویستمان بە دەستوورێكە كە بەو دواییە پەسند كرا، بۆ ئەوەی كە دەسەڵاتدارەكانی هەرێم پابەنـد بـن بـە بەنـدەكانی هەم دەستووری عیراقی كە هەرێم بەشێكە لە عیراقی و هەم دەستووری هەرێمی كوردستانیش، سەبارەت بـە بڕگـەی شەشـەم، من پێم باشە كە وەكو هاوڕام لەگەڵ ئەوانەی كە باسیان كرد، ئەوەشی بۆ زیاد بكرێ كە ئەو هەیئەیە مـافی ئـەوەی هـەبێ كـە بەدواداچوون بۆ ئەوانە بكات كە بێ سەر و شـوێنن لـە هـەرێمی كوردسـتان، پاشـان (بالتنسـیق مـع ممثلـي السلطة القضائیة) ئەگەر تەنسیق و هەماهەنگیەكە بۆ ئەوە بێ كە هەیئەكە كارەكەی ئاسان بێ بۆ ئەوەی سەردانی ئەو شوێنانە بكات، كارەكی باشە ئەگەر نا پێویست بە ئیزن نەبێ بۆ ئەوەی ئەو هەیئەیە كارەكـەی خـۆی راپـەڕێنێ، پاشـان لەگـەڵ رای هـەردوو لێژنـەی یاسـایی و لێژنـەی مـافی مـرۆڤم كـە وەزارەتـی داخیلیەشـی بـۆ زیـاد بكـرێ ئـەو كاتـە وزارتـی العـدل و العمـل ئـەگۆڕێ و داڕشتنەوەكەی ئەبێ(و وزارات العدل و العمل و الشؤون الاجتماعیة و العمل، ئەگۆڕێ و داڕشـتنەوەكەی دەبـێ: وزارات العـدل و العمل و الشؤون الاجتماعیـة و الداخلیـة، وزارتـي نـابێ، و وزارات العـدل، چـونكە جەمعـە، سـەبارەت بـە بڕگـەی دەیـەم، اعـداد تقریر سنوي لبیان الصورة الحقیقة و واقع حقوق الانسان في الاقلیم و رفعها، ئەوە غەڵەتە تەبعەن، و رفعه الى رئاسـة الاقلیم، رئاسة برلمان كوردستان و رئاسة مجلس الوزراء ، هـەروەكو لـە تـەقریری هاوبەشـی هـەردوو لێژنەكـە هـاتووە لەگـەڵیان، بـەڵام

(السلطة القضائية)ی بۆ زیاد بکرێ، (و السلطة القضائية ووسائل الاعلام و الرأي العام)، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتیشی بۆ زیاد بکرێ، ئەگەر لەگەڵ بڕگەی شەشم لەگەڵ 11 لێکبدرێ، هیچ ئیشکالیەتێکی نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا(تقديم تقرير دوري حول اوضاع حقوق الانسان) لە بڕگەی 11 پێم باشە وەکو ئەوەی لە ڕاپۆرتی هاوبەشیشدا هاتووە لە هەردوو لێژنەکە لەگەڵیان کە تەقریرەکە بۆ پەرلەمانی کوردستانە، بەڵام وشەی(في الاقليم)ی بۆ زیاد بکرێ، یەعنی (تقديم تقرير حول اوضاع حقوق الانسان في الاقليم الى برلمان كوردستان) تا کۆتایی بڕگەکە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە زۆر دوور و درێژە، بەڕاستی ماددەکە یەعنی زۆر بە شەرحیات و ئەوانە دەچێت، خوێندنەوە و دەمجکردنەکان بە زۆربەی ئەوانە بە زەروور دەزانم، لە خاڵی سێیەم (نشر ثقافة حقوق الانسان)، لەبەر ئەوەی دوور و درێژە لەگەڵ خاڵی دووەمدا دەمج بکرێ و لەگەڵ سێ و چواریش پێکەوە، یەعنی دوو و سێ پێکەوە دەمج بکرێ و قەواعیدی حقوقی ئینسان گشتیە و ئافرەت و منداڵیشی لێ دەربچێ، لە خاڵی چوارەم(التزام السلطات) ئیلتیزامەکە بە دەستوور زۆر زۆر گرنگە، بۆیە منیش ڕام لەگەڵ ئەوەیە کە دەستووری بۆ ئیزافە بکرێ، لە خاڵی شەشەم (مراقبة اوضاع السجون و اعداد تقارير دورية عن حياة السجناء) ئایا مەبەستی لە (حياة السجناء) تەنها لایەنی مەعیشیە؟، یەعنی سیحەتیان چۆنە؟، خواردنیان چۆنە؟ ئەوانەیان چۆنە؟ ئەی باشە موتابەعەی مەلەفاتی قەزائیان ناکرێ؟، یەعنی جاری وا هەیە سەجینەك لە مەحکەمە ئیفراج کراوە، بەڵام هێشتا لەوێ ماوەتەوە، ئەمەش دیسان دەبێتە کاری ئەوە کە موتابەعەی قەزایای قانونیەکانیشی بۆ بکرێ، ئایا داخوا لە قانونیان چۆنە؟، لە خاڵی حەوتەم(تلقى الشكاوى من الافراد و الجماعات)، ئەفراد دیارە، مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنین، بەڵام جەماعات کێن؟، مەبەست لە جەماعات کێن؟، کێ تەمسیلی جەماعات دەکات؟، یەعنی مەبەست لە جەماعات دیار نیە و دەبێ ڕوون بکرێتەوە، لە هەمان خاڵی حەوتەمدا( و تحريك الدعاوى)، ئایا هەموو جۆرە دەعاویەکە تەحریك دەکات ئەوانە؟، یەعنی دەعوایەك کەوا بێ بنەماش بێ ئەوە تەحریکی دەکات یان نا؟، خاڵی 8 و 9 دیسان پێویستی بە دەمج هەیە، خاڵی 10 و 11 پێویستی بە دەمج هەیە، مەسەلەی (تقديم تقرير دوری) کە تەقریرەکان دەنێرێ بۆ شوێنەکانی پێویست لە پاشان پێویستە موتابەعەی ئەو تەقریرانە بکات، ئایا کاری پێ دەکرێ یان نا؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ هەموو ئێوەی بەڕێز، ئێستا لێژنەی یاسایی و لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان دەربارەی ئەو موداخەلەی ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش جوابدانەوە من پێم باشە ئەو هەیئەتە یاسایەکی تایبەتی ئەبا بەڕێوە، ئەو یاسایە پێی ئەوترێ یاسای جاڕنامەی مافی مرۆڤ، ئەو یاسایەش کە لە ساڵی 1948دا دەرچووە، موعەزەزە دوای ئەوە ساڵی 1976 لە دوو عەهدی دەولی کە بە دوای ئەوەوە هاتووە، دوای ئەوە چەند پرۆتۆکۆل و چەند ئیتیفاقیە لەسەر حقوقی ژن و منداڵ و کارکردن هاتووە، لەبەر ئەوە ئەم هەیئەیە تایبەتمەندیەکی تایبەتی خۆی

هەیە، لەبەر ئەوەی یاسایەکی خاص جێبەجێی ئەکات، بە نیسبەت ماددەی چوار، کە ئێستا لە ماددەی سێ بووین لە پرۆژەکە بوویتە ماددەی چوار، لە بەندی یەکەمیدا، ئێمە وەکو لێژنەی یاسایی هاوڕاین لەسەر ئەوەی (تقديم المشورة و ابداء الرأي) بۆی زیاد بکرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئیجازە بدەی لێژنەی یاسایی و لێژنەی مافی مرۆڤ پێشنیاری زۆر لەو بەڕێزانە هات، موداخەلەی زۆریش هات، بە نووسراویش لە پێش جەنابتانە، پێویستیشە لێژنەکە لەگەڵ یەك گفتوگۆ و مشاورەشی لەسەر بکەن و رێکی بخەن، لەبەر ئەوە ئێمە لە سەرۆکایەتی پێشنیار دەکەین بۆ سبەی سەعات 10 دوا بخرێ، چونکە پێشنیارەکان زۆرن، پێشنیارەکان ڕێك بخەن و لەسەری گفتوگۆ بکەن و حازری بکەن، کۆتایی بە دانیشتنەکە ئەهێنین تا سبەی سەعات 10ی بەیانی خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (11)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 18\5\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

## پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (11)

### سێ شەممە ڕێكەوتی 2010/5/18

**كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێكـەوتی 2010/5/18 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی**

بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (11)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2010/5/18 دا بەم شێوەیە بێت:

1 - بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عیراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (13)، رۆژی دانیشتن 2010/5/24، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان-عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (11)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن، لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی (2010/5/18)دا بەو شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عیراق.

لێژنەی یاسایی، لێژنەی مافی مرۆڤ کەرەمکەن بۆ شوێنی خۆتان، بەڕێزان، ئێستا ماددەی (3) لە ئەسڵی پرۆژەکە، کە بووە ماددەی (4)، دوێنێ گفتوگۆ لەسەری تەواو بوو، پێشنیاری ئەندامانی بەڕێز زۆربوون، هەردوو لێژنەی یاسایی و لێژنەی مافی مرۆڤ کاتیان پێدرا کە پێشنیارەکان صیاغە بکەن، دەستنیشانی بکەن، ئێستا داوا لە لێژنەی یاسایی دەکەین بۆ بەردەوام بوون لەسەر کارەکانیان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان تێبینیەکانی خۆیان بە سوپاسەوە بە زارەکی و بە نووسراو پێشکەشی هەردوو لێژنەی یاسایی و لێژنەی مافی مرۆڤیان کرد، هەردوو لێژنە کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجامدا،

**تێبینیەكانیان وەرگرت، بەو شێوەیە ماددەكەمان، ماددەی (4)مان داڕشتەوە، كە ئێستاش پێشكەش بە بەڕێزتان دەكەین.**

**المادة الرابعة:**

**تتولى الهيئة المهام الآتية:**

**1- تقديم المشورة وإبداء الرأي فيما يتعلق بقضايا حقوق الإنسان ورفع توصياتها للوزارات والمؤسسات ذات العلاقة في الإقليم.**

**2- نشر ثقافة حقوق الإنسان وقضايا المرأة والطفل بترسيخ قيم التسامح ومفاهيم التضامن الإجتماعي.**

**3- مراقبة ملائمة التشريعات في الإقليم لمباديء حقوق الإنسان والحريات الأساسية وتقديم المقترحات بشأنها للجهات المعنية.**

**4- تقييم مدى إلتزام السلطات في الإقليم بأحكام المواثيق والبنود الخاصة بحقوق الإنسان والعهدين الدوليين الخاصين بالحقوق المدنية والسياسية وبالحقوق الثقافية والإجتماعية والإقتصادية وإبراز الإنتهاكات التي قد تنجم عن ممارسات السلطات في الإقليم.**

**5- إعداد دراسات وبحوث دورية وإصدار نشرات ومطبوعات حول سبل تحسين حقوق الإنسان في الإقليم وعقد الندوات والإجتماعات الخاصة بقضايا حقوق الإنسان.**

**6- زيارة ومراقبة السجون ومراكز الإصلاح الإجتماعي والمواقف والمعتقلات ومراكز التحقيق وإعداد تقارير دورية عن أحوال السجناء والمودعين في الإصلاحيات والموقوفين.**

**7- تلقي الشكاوي من الأفراد والجمعيات ومنظمات المجتمع المدني عن إنتهاكات حقوق الإنسان والتأكد من صحتها وتحريك الدعاوي المتعلقة بها وإحالتها إلى الإدعاء العام لإتخاذ الإجراءات القانونية ومتابعة نتائجها.**

**8- التعاون مع المنظمات المعنية بحقوق الإنسان وغيرها من منظمات المجتمع المدني داخل الإقليم وخارجه ومع الجمعيات الفكرية والإقتصادية والإجتماعية وتنظيم حلقات البحث مع المواطنين في الإقليم، بما يضمن نشر ثقافة الإلتزام بالبنود التشريعية والإتفاقات الدولية حول قضايا حقوق الإنسان لتعزيز سيادة القانون وتكريس إحترام حقوق الإنسان.**

**9- التعاون والتنسيق مع المنظمات الدولية المختصة بقضايا حقوق الإنسان والجهات الأخرى ذات العلاقة بهدف تمثيل إقليم كوردستان في الإجتماعات والمؤتمرات المعنية بحقوق الإنسان.**

**10- أ- إعداد تقرير سنوي لبيان واقع حقوق الإنسان في الإقليم ورفعه إلى رئاسة إقليم كوردستان ورئاسة برلمان كوردستان ورئاسة مجلس الوزراء ورئاسة مجلس القضاء والجهات ذات العلاقة مع بيان التوصيات العملية لحماية وتعزيز حقوق الإنسان في كوردستان وله نشره في وسائل الإعلام.**

**ب- تقديم تقرير دوري حول أوضاع حقوق الإنسان إلى برلمان كوردستان.**

**سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یـەك موفقتـەرەحێك هـەبوو كـە زۆر تەسـنیە لەسـەری كـرا، كـە مەحكەمـەی حقـوقی ئینسـان دابنـدرێت، ئیشارەتتان بەوە نەكرد، ئەگەر ڕوونی بكەنەوە بۆم.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەندامـە بـەڕێزەكان، بەنیسـبەت ئـەو موفقتەرەحـەی كـە خاصـە بـە دروسـتكردنی مەحكەمـەی تـەحقیقی حقوقی ئینسان، دروستكردنی ئەو مەحكەمەیە بە پێی یاسا لەو یاسایە جێگای نابێتەوە، چونكە قـانونێكی تایبەتی هەیە پێی دەوترێ قانونی سوڵتەی قەزائی، تەشریعاتی هەموو مەحاكم لەو قانونە دراوەتە دەست ئەو سوڵتەیە كە لە عیراقە، لە كوردستانە، بە تەنیا ئەو دەسەڵاتە دەتوانێ تەشكیلی مەحاكم بكات، ئەوە لە لایـەك، لەلایـەكی تـر دروسـتكردنی هـەر چ مەحكەمەیـەك لـەو یاسـایە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی كـە هەرچـی كێشـەكانە لـە شـوێنی خـۆی دەوەسـتێ و ناگاتـە نەتیجـە، چـونكە بـە تـەنیا دروسـتكردنی مەحكەمەیـەكی تـەحقیقی حقـوقی ئینسـان وا دەكـات ئـەو ئەوراقانـە تـەنیا لـە شـوێنی خـۆی بمـێنێ، بۆچـی؟ چـونكە ئـەو مەحكەمەیـە نـاتوانێ حەوالـەی بكـات و، نـەتائیجی خـۆی بـە دەسـت بـێنێ، لەبـەر ئـەوە دروسـتكردنی مەحكەمەی تـەحقیقی حقـوقی ئینسـان بـە گوێرەی مـاددەی (14) لـە ئیختیصاصـەكانی قـانونی سـوڵتەی قەزائی ژمارە (23)ی ساڵی (2007)ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارێكی تر هەبوو، تەقیم بكرێتە تەقویم، یەك، دوو بەڕێزیش تەسنیەیان لەسەر كـرد، ئەگـەر جـوابی ئەو پرسیارەش هەبێ.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە هـەموو یاسـاكان وشـەی تـەقیم بـەكار دێـت بـۆ هەڵسـانگاندن، واتـا لایـەنی ئیجابی و لایـەنی پـۆزەتڤ و نەگەتڤی شتەكە بە دیار دەیەخی، بەڵام تـەقویم وا بـاوە بـۆ (إصلاح الشـيء)، چاككردنـەوەی شـتەكە، هـەر واباوە و بەو شێوەیە بەكار هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك فرست موداخەلەیەكی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لـە فەقـەرە (7) هـاتووە (تحريـك الـدعاوى المتعلقـة بهـا)، مـاف دوو مـافن، یـان مـافی عـام یـان مـافی تایبـەت (خاص)، مافی خاص كەس بۆی نیە تەحریكی دەعوا بكات تەنیا خاوەن مافەكە نەبێت، لەبەر ئەوە بە ڕەئی من ئەگەر ئیعادەی صیاغەی ئەو فەقەرەیە بكەن بە شكلێكی ڕێك و پێكتر باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی لەسەر حەوتەم (سابعاً) لە جیاتی تەحریك ڕەئیتان چیە؟

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەحریکەکە وەك خۆی مایەوە، (تحريك الدعاوي المتعلقة بها)، بەڵام ئەوەی ئیحالە دەبێ بۆ ئیدیعای عام، وەکو ئەصلی پرۆژەکە کە لە حکومەت هاتبوو، بەو شێوەیەمان لێ کرد، (اخبار الإدعاء العام بها).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامی؟ کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی کاك فرست زۆر تەواوە، ماددەی (3) و ماددەی (6) لە قانونی ئصولی موحاکەماتی جەزائی حەقی خاصی دیاری کردووە لە چی حاڵەتێکدایە، کە تەحریکی شەکوا لەلایەن ئەو شەخصە، کەسیە، دەبێت ئەو شەخصە خۆی بیکات، قسەکەی زۆر تەواوەو، ئەوە حەقە بسڕێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو شێوەیە بڕگەی حەوتی ماددەکە دادەڕێژینەوە،

سابعاً: تلقي الشكاوي من الأفراد والجمعيات ومنظمات المجتمع المدني عن إنتهاكات حقوق الإنسان والتأكد من صحتها وإخبار الإدعاء العام بها لإتخاذ الإجراءات القانونية ومتابعة نتائجها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئێستا بە کوردیش بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە بەر دەنگدان، کەرەمکە.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو یاسایە، دەستەکە ئەو ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1-ڕاو ڕاوێژی خۆی سەبارەت بە مەسەلەکانی مافی مرۆڤ پێشکەشی وەزارەتەکان و دەزگا پەیوەندیدارەکان دەکات، لەگەڵ بەرزکردنەوی ڕاسپاردەش بۆیان.

2-لە ڕێگەی چەسپاندنی بەهای لێبوردەیی و ماناکانی هاوکاری کۆمەڵایەتیەوە، ڕۆشنبیری مافی مرۆڤ و مەسەلەکانی ژنان و منداڵان دەکاتەوە.

3-چاودێری کردنی گونجاندنی یاساکانی هەرێم لەگەڵ پرینسیپەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییە سەرەکییەکان، پێشکەش کردنی پێشنیاز لەو بارەیەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

4-هەڵسەنگاندنی پلەی پابەندبوونی دەسەڵاتەکان لە هەرێمدا بە حوکمەکانی بەڵگەنامە و بەندە تایبەتیەکانی مافی مرۆڤ و هەردوو پەیماننامە نێودەوڵەتیەکەی تایبەت بە مافەکانی مەدەنی و سیاسی و بە مافە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانەوە لەگەڵ دەرخستنی ئەو پێشێلکارییانەی کە دوور نیە بەهۆی مومارەسەی دەسەڵاتەکانی هەرێمەوە، پەیدابن.

5-ئامادە کردنی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی خولاو خول و دەرکردنی بلاّوکردنەوەی چاپەمەنی دەربارەی رێگاکانی باشتر کردنی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمدا لەگەڵ بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەت لەبارەی مافەکانی مرۆڤ.

6-سەردان و چاودێری کردنی بارودۆخی بەندیخانەکان و بنکەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەستبەسەرو بنکەکانی لێپێچینەوە و ئامادەکردنی راپۆرتی خولاو خول دەربارەی بارودۆخی بەندییەکان و سپێردراوان و چاککردنی کۆمەڵایەتی و دەست بەسەران.

7-وەرگرتنی سکالاّ لە خەڵك و کۆمەڵە و رێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی لەبارەی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و دڵنیابوون لە راستی سکالاّکان و ئاگاداری داواکاری گشتی دەکات، بۆ گرتنەبەری رێگای یاسایی، بە دواداچوون بۆ ئەنجامەکانی بکات.

8-هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات، لە هەرێم و لە دەرەوەی هەرێمدا، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵە هزری و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیشدا، ئەلقەی توێژینەوەش لەگەڵ هاووڵاتیاندا لە هەرێمدا بەجۆرێك رێك دەخات کە رۆشنبیری پابەندبوون بە بەندە یاساکان و رێککەوتاننامە نێودەوڵەتیەکان و مەسەلەکانی مافی مرۆڤەوە زامن بکات لە پێناوی سەروەری یاسا و رێزگرتنی مافی مرۆڤدا.

9-لەگەڵ رێکخراوە تایبەتمەندەکانی مەسەلەی مافی مرۆڤ و لایەنەکانی دیکەدا کە پەیوەندیان بە مافی مرۆڤەوە هەیە هاوکاری و هاودەنگی دەکات بە ئامانجی نوێنەرایەتی کردنی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ.

10- أ- راپۆرتی ساڵانە ئامادە دەکات بۆ دەرخستنی رووی راستەقینەی واقیعی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا، ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دەکات، لەگەڵ پێشاندانی راسپاردەی بە کردار بۆ پاراستن و بە هێزکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا و بۆی هەیە لە کەناڵەکانی راگەیاندن بلاّوی بکاتەوە.

ب-راپۆرتی خولاو خول لەبارەی دۆخی مافەکانی مرۆڤ دەداتە پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامی کاك رزگار کەرەمکە.

**بەڕێز رزگار محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکەی ئەو موفتەرەحە هی من بوو، هی مەحکەمەی تەحقیق، بۆ ئەوەی تەوزیح بکەم کە هیچ مانعێکی قانونی نییە لە تەشکیل کردنی، ئەمە قانونی دەسەڵاتی دادوەرییە لەبەر دەستمە، ئێمە لە موفتەرەحەکە وتووشمە ئەو مەحکەمەیە تەشکیل دەبێت لە زیمنی تەشکیلاتی مەحاکم کە لە قانونی سوڵتەی قەزائی ژمارە (23)ی ساڵی 2007 لە زیمنی ئەو تەشکیلاتە دەبێت، بۆ ئەوە ئەگەر مولاحەزەی ماددەی (9) بکەیت، لە ماددەی (9)دا بەشی نۆیەمی مەحاکمی تەحقیقی تێدایە، لە ماددەی (31) دەڵێ: (لرئيس مجلس القضاء بناءاً على إقتراح من رئيس محكمة الإستئناف أن يخصص محكمة تحقيق لنوع أو أنواع معينة من الجرائم)، کەواتە لەم قانونەدا کە ئێستا بەتەماین پەسندی بکەین، دەتوانین لەسەر مەجلیسی وزراو لەسەر مەجلیسی قەزا پێویستە کە ئەو یاسایە جێ بەجێ بکەن، لە ناو ئەو یاسایە ئەو ماددەیە ئیشارەی داوە بە تەشکیل کردنی مەحکەمەکە، ئەو کاتە ڕەئیسی مەجلیسی قەزا، هەر نووسیویشمە، ئیحالەکردنی مەحکەمەکە دەچێتەوە بۆ مەحاکمی عادی مەوزووع، ئەو خەرقی قانونە، هەر شتێکە کە مەبادئی حقوقی ئینسان دەبێ ئێمە نەصێکی عیقابیمان هەبێت، سەرەتا نەصێکی عیقابیمان هەیە، مەحکەمەی تەحقیق لەو جەریمانە تەحقیق دەکات کە نەصی عیقابیمان هەیە لەسەری، یان نەصێکی قانونی دەولی دەشکێنێت، ئەو کاتە ئیحالە کردنەکەشی زۆر ئاسایی بە پێی ئیختیصاصی مەکانی دەبێ، لە هەر شارێکدا مەحکەمەیەکمان دەوێ، یەك حاکمی تەحقیقمان دەوێت، هیچ ئیشکالیەتی تێدا نیە، ئێستا لە قانونی گومرگ، مەحکەمەی گەمرگمان هەیە، لە زیمنی ئەو تەشکیلاتەشدا نیە، لە ناو قانونی گەمارگدا هەیە، لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە ئەوە لە ڕووی قانونییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (14)ی قانونی سوڵتەی قەزائی ژمارە (23)ی ساڵی 2007 باسی لە دروستکردنی مەحکەمەیەك و یاخود زیاتر، حەصر کراوە بە سوڵتەی قەزائی، ئەگەر ئێمە بێت و لێرە باس لە دروستکردنی مەحکەمەیەك بکەین، کەواتە دەست لە دەسەڵاتێکی تر وەردەدەین، دەست دەخەینە صەڵاحیاتەکان و موهیمەکانی سوڵتەیەکی تر کە ئێمە خۆمان لێرە بە یاسایەکی تایبەت جیامان کردۆتەوە، لەبەر ئەوە جائیز نیە، ئەوە خاصە بە سوڵتەی قەزائی، بۆ خۆی دەتوانێ ئەنواع مەحاکم دروست بکات، ئیش و کارەکانی بە پێی ئەو یاسایە بەڕێوەبەرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو پێشنیارەی کە کاك ڕزگار محمد أمين کردبووی، چەند بەڕێزێك تەسنیەی لەسەر کرد، ئەگەر ئەوە بخرێتە دەنگدانیش، جێی لێرە نیە، ئێرە مەهامە، دەتواندرێ لە شوێنێکی تر باسی لێ بکرێ، بۆیە ئێمە داوا لە بەڕێزی دەکەین کە لێرە پێشنیارەکەی سەحب بکات، ئەگەر جێگەی خۆی هات، لەوێ دووبارە باسی بکرێتەوە، چونکە لێرە باسی مەهام دەکەین.

**بەڕێز ڕزگار محمد أمين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەیەکی موستەقیل داوام کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەی پاشان کە هاتینە سەرئەوە، ئەوە ئێستا مەهامە، بەسەرچاو، بۆیە ئێستا، نیزامیە؟ کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز د. رفيق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی چوارەمی ئەو ماددەیە، پێشنیارێك پێشکەش کرا، چەند کەسێکیش پشتگیریان لێ کرد، کە پەیوەندی بە قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوی ئەو کەسانەوە هەیە کە بە ناهەق، یان بە هەڵە دەگیرێن، ماوەیەکی زۆر دەشێ لە زیندانەکاندا بمێننەوە و تووشی ئەزیەت ببن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نیزامیەکەی جەنابیشت؟ فەرموو.

**بەڕێز د. أحمد إبراهيم علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو موقتەرەحی تر هەبوو زیاتر لە دوو کەس پشتیوانی لێ کرد، یەکیان لە خاڵی چوارەم: (پابەندبوونی دەسەڵاتەکانی هەرێم بە بەندەکانی دەستووری هەرێمی کوردستان، یەکێکیشیان لە خاڵی شەشەمدا دەربارەی بێ سەر و شوێنەکان کە ئەو هەیئەیە بتوانێ بەدواداچوونیان بۆ بکات)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز أحمد سليمان (بيلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ئەو خاڵە بوو کە کاك د. أحمد باسی کرد، کەیسی ونبووان و بێ سەر و شوێنان، کە چەند ئەندام پەرلەمانێکیش تەئیدی ئەوەیان کرد.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی کەرەمکەن وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە کرا سەبارەت بە قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەسانەی کەوا ماوەیەك ڕێکاری یاساییان بەرامبەر دەکرێ، ئەوە یاسای تایبەتی خۆی هەیە، قانون ئصول موحاکەمات جەزائی بە پێی ئەو قانونە و، ئەوە دەست تێوەردانە لە کاری دەسەڵاتێکی تر، وامان لێ دەکات کە ئەگەر ئەو بڕگەیە، یاخود ئەو پێشنیارە بخەینە ڕوو، وا دەکات کە ڕێگرێك بێ لەبەردەم دادگا، کە ئیجرائاتی قانونی بەرامبەر ئەو کەسانە وەردەگرن تاکو کۆکردنەوەی بەڵگە و بڕیاردان بەرامبەر ئەو کەسانە، یەعنی وەکو شتێك دەبێ کە ڕێیان لەبەردەم دەگرین کەوا ئیجرائاتی قانونی وەربگرن، ئەوە پێویستی بە پرۆژەیەکی تایبەت هەیە، لەو شوێنە، لەو دەستەیە، ئێرە جێگای نیە و، جێگاشی نابێتەوە، ناتوانین دەستکاری لەو ئیجرائاتە تەنفیزیانە بکەین کە مەحکەمە بەرامبەر هەر هاوڵاتیەك وەری دەگرێت، سەبارەت بە پێشنیارەکەی زیادکردنی دەستوور، لەبەر ئەوە ئێمەش پێمان خۆشە، بەڵام لەبەر ئەوەی تا ئێستا پرۆژەیە، نەدراوەتە ڕاپرسی، میللەت دەنگی بۆ نەداوە، لەبەر ئەوە زیادمان نەکرد، ئەو پێشنیارەمان وەرنەگرت، تەنها لەبەر ئەوە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی کەیسی ئەوانەی کە ونبوونە؟ ئەویش پێشنیار بوو، باسی کرا، ڕەئیتان لەسەری؟

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەو مەسەلەی کە پەیوەستە بە کەیسی بێ سەر و شوێنەکان، لە ڕاپۆرتەکەی ئێمەدا زیکر نەکراوە، ئەگەر بەڕێزان ئەوانەی کە ئەو پێشنیارەیان ئیصدار کردبوو، تەرحیان کردبوو، ئەگەر ئیصرار لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکەنەوە، ئێمە مانیعەتمان نیە ئیزافەی بکەین لە جێگایەکدا، بەڵام ئێمە وەکو خۆمان پشتگیری ئەو خاڵانە دەکەین و لە لیژنەی مافی مرۆڤ کە جارێکی تر صیاغەمان کردۆتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوی تر، پابەندبوونی دەسەڵات بە جێبەجێکردنی ئەو ماددە، ڕەئیتان لەسەر ئەوە؟

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان هەموو یاسایەك کە دەردەچێ، دەبێ پێوەی پابەند بین و جێبەجێی بکەن، ئەو یاسایە لەبەرچی پەرلەمان پەسندی دەکات؟ کە دەستەیەکە لە حکومەت، ئەو دەستەیە دادەمەزرێ، بەو تەشکیلاتەی کە لە ماددەکەی دابێت پەسندی دەکەین، بەو مەهامانەی، ئەو ئەرکانەی کە دەستەکە لە ئەستۆ دەگری، یاسایە وەکو هەموو یاسایەکی تر صیفەی ئیلزامی هەیە، پێویستە جێبەجێ بکرێ، هەتا لە ماددە (12)ی پرۆژەکەشدا هاتووە، کەوا ئاسانکاری و جێبەجێ کردن و تەنفیزی (علی مجلس الوزراء و الجهات ذات

العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون)، واتا مولزەمن، دەبێ پابەند بن بەو بڕگە و بەندی ئەو یاسا و هەر یاسایەکی تر کە لە پەرلەمان دەردەچێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ، لێژنەی یاسایی، لێژنەی مافی مرۆڤ، کەیسی بێ سەر و شوێنەکان ئەگەر موفتەرەحەکە وەردەگرن، دەیخەینە دەنگدانەوە، چونکە چەند ئەندامێکی پەرلەمان تەسنیەیان لەسەر کردووە، ڕەئیتان لەو بارەوە؟ ئاخیر ڕەئیتان؟

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای ئێمە وەکو لێژنەی مافی مرۆڤ، ئەو بەڕێزانەی کە تەڕحیان کردووە، کە پێشنیارەکانی خۆیان سەحب نەکەن، ئێمە بە نەزەری ئیعتیبار وەری دەگرین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەینە دەنگدان، کەیسی بێ سەرو شوێنەکان، بەس صیاغەیەکی بکەن، صیاغەکەمان پێ بدەن، بۆ ئەوەی لەسەر صیاغەکە دەنگ بدرێت، کاك د.أرسلان کەرەمکە.

**بەڕێز د. أرسلان بایز إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چەندی بەدوای ئەو مەسەلەیە دا بچین، هێشتا هەر کەمە، بەڕاستی مەفرووزە ئەوانە چارەنووسیان دیاری بکرێ، بەڵام ئەوە قانونە، قانون بۆ یەك مەسەلەی موعەیەنی موەقەت ناکرێ بیخەیتە شوێنەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە، فەرموو

**بەڕێز د. أحمد إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەست لە بێ سەر و شوێن، تەنها ئەوانە نیە کە لە کۆندا بێ سەر و شوێن کراون، یەعنی ئەو شتە دەکرێ دووبارە ببێتەوە، لە هەر وەختێکدا کە بێ سەر و شوێنێك بوو دەتوانێ ئەو هەیئەتە بە دواداچوونی بۆ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە لە دوو ئەو جۆرە کەیسانە بگەڕێین، بەڕاستی بە دەیان کەیس هەیە ئێمە دەتوانین داخلی ناو یاساکەی بکەین، بەڵام یاساکە خۆی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤە، ئەو خاڵانەش هەموو دەچێتە ژێر ئەو بارەوە، ئەگەر تۆ سەیری قانونی عێراقی بکەی تەنها و تەنها چوار خاڵی هاتۆتە خوارێ، دەڵێ: (تعزیز و إحترام حقوق الإنسان في العراق)، هەموو ئەو کەیسانە لە ژێر ئەو سەترە خۆی دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە دیسان تەفصیلاتمان داوەتێ، بەس عمومیەتمان داوەتێ، دیسان حالاتی خاصمان نەهێناوە، تەنها بە نیسبەت ئافرەت و بە نیسبەت منالْ نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نیسبەت ئەو خاڵە، ئێستا ئەو پێشنیارە دوو کەس دیفاعی لێ بکات، دوو کەس ڕەدی بکاتەوە، دەیخەینە دەنگدان، دوای ئەوەی صیاغەکەمان بۆ ئامادە دەکەن، لێژنەی مافی مرۆڤ صیاغەکە ئامادە بکەن تکایە، پێش وەخت دەیخەینە دەنگدانەوە، ئایا بخرێتە ناو یاساکە یا نەخرێت؟ لەسەر ئەوە دەنگ دەدەین، کە بڕیار درا ئیزافە بکرێت، ئینجا صیاغەکەی حازر دەکەین، ئێستا بەڕێزان، نیزامیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە کاتێ یاسا دادەنێین، ئەگەر بچینە تەفاصیل و وردەکارییەوە، هەموو جارێك یاساکان زۆر زۆر قەبە و گەورە دەبن، بۆیە تۆ باسی حاڵەتە عامەکە دەکەی، لە ناو ئەو حاڵەتە عامەیە کە شتێکی وا دەچێتە بەردەمی ئەو دەستەیە، ئەوان خۆیان موعالەجەی دەکەن، بە دواداچوونی بۆ دەکەن، لەبەر ئەوە ئەگەر باسیشی نەکرێ زۆر ئاساییە، دەکەوێتە چوارچێوەی مافی مرۆڤەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزت کە خاوەنی پێشنیارەکەی کەرەمکە کە دیفاعی لێ دەکەی، بۆ هەبێت؟ کەرەمکە کاك بیلال.
کاك بیلال هەستە دیفاع لە پێشنیارەکەی خۆت بکە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بيلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت ئەم پێشنیارەی بەندەو چەند بەڕێزێکی تریش کە کردوویانە، سەبارەت بە دیاریکردن و بەئاشکرا کردنی یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم دەستەیە ئەوە بێ کە کەیسی ون بووەکان و بێ سەروشوێنەکان بێت، دیارە من بەڕاستی سەرنجی هەموو ئەو بەڕێزو خۆشەویستانە ڕا دەکێشم بەوەی کەمن هیچ مەبەستێکی تایبەتیم نیە لەم پێشنیارەم، وەکو یاسایەك کە پێویستەو ئەم یاسایە دەمێنێتەوەو دەچێتە بەردەستی هەموو کەسێك، لەبەر ئەوە ئەگەر چی بەڵێ ئێمە ئێستا لەوانەیە کۆمەڵێك بێ سەروو شوێنمان هەبێت، بەڵام ئێمە لەداهاتووش شتی وامان لەوانەیە بێتە پێش، من بەڕاستی مەبەستی سەرەکیم لەوەیە لەداهاتوو ئیحتیمالە لەهەر ڕۆژێکدا ئێمە خوانەخواستە موشکیلەمان بێتە پێش، وەك چۆن چەند ڕۆژی پێشتر بینیمان خەڵکمان ڕفێندراو بێ سەروو شوێن کرا، جا ئایا ئەو دەزگایەی کە بێ سەرو شوێنی دەکات دەزگای

حکومیە یان هی ئەهلیە، یان خەڵکی دزو جەردەیە؟ هەر شتێك هەیە، ئەوە بەڕاستی من پێم وایە دەبێ ئەوە ئەرکێك بێت لەسەر ئەم دەستەیە کە بەدواداچوونی بۆ بکات پێش ئەوەی خەڵکەکە یان کەسوکارەکەی شکات بکات، ئەوە کەسێك فڕێندراو کەسوکاری نەبوو شکات بکات، نابێ ئەم دەستەیە بەدواداچوونی بۆ بکات، ئەوە من پێشنیار دەکەم و داواش لە بەڕێزان دەکەم کە ئەم پێشنیارە قبوڵ بفەرموون و دەنگی بۆ دبدەن، لەبەر ئەوە بەڕاستی بەزەرووری دەزانم لەناو ئەو یاسایەدا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام بەرواری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەسەور دەکەم لەو موناقەشەی دوێنێ و ئەمڕۆ لە ئینتلاقێکی ترەوە کە ئینە هو بەدانانی ئەم دەستەیە هیچ دەوڵەت نیە، یەعنی ئەوە خەریکە جێگای مەحکمەی دەستووری دەگرێتەوە، موراقەبەی دەستووریەتی قەوانین، هەرماوە شورتەی بۆ دابنێین، من تەسەور دەکەم قانونی عقوبات ئەصڵەن بە ڕەئی من بۆ ئەوە دانراوە تاکو پێشێلی ماڤ مرۆڤ نەکرێت، هەموو ئەم شتانەی کە ئێمە داوا دەکەین لەم دەستەیە یان ئەوی تر، لە مەجالاتی تر هەیە، دەزگاکانی ئاسایش هی پۆلیس، محاکم هەموو ئەم دەزگایانە هەن لە وڵاتدا، بۆیە ئەگەر ئێمە بێین و بڵێین موتابەعەی خروقاتی ماڤ مرۆڤ دەکرێت و تەحریکی قەزایا دەکرێ و ماڤ مرۆڤ پێشێل دەکرێ چیە، یەکێك لەوانە ئێمە ناتوانین ئەو کاتە دەبێ هەموو ئەو پێشێلکارییانەی کە دەکرێت دەرج بکەین، بۆیە من باوەڕ دەکەم دەرگایەك دەکەینەوە قەپات نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت کاك بورهان، فەرموو.

**بەڕێز بورهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ پێش هەموو شتێك داواکارم لەهەموو لایەك قسەکانی من بەدوور لە تەفسیری سیاسی سەیر بکرێت، لەناحیەی ئینسانی سەرفەوە سەیر بکرێت، من وەکو ڕەئی شەخصی خۆم کە کۆمەڵێك خەڵك کەیسێکیان بۆ هێنام، هی بێ سەرو شوێنەکانی شەڕی ناوخۆ، من ئەوە نیم هی حزبێك بەتایبەتی، من ئەمڕۆ سەر بەهیچ حزبێکی شەڕکەری وەختی شەڕی ناوخۆ نیم، بەڵام ئەمە داواکارم نەکرێت بە مەوزوعێکی سیاسی، ئەمە قەزیەیەکی ئینسانی، ویژدانی، ئەخلاقیە، کە خەڵکێك لە 1994 بێ سەروشوێن بووبێت ئێستا منداڵەکەی تەمەنی 15 ساڵە، باوکی خۆی نەبینیوە، برایەکی بێ سەروشوێن بووبێ ئێستا 15 ساڵ لە تەمەنی تێپەڕیوە، من موخاتەبەی ویژدانی هەموو لایەکتان دەکەم، ئەمە قەزییەکی ئینسانی زۆر

گەورەیە، هیچی لە قەزیەی بێ سەروشوێنەکانی لوبنان لەلایەن سوریاوە و قەزیەی ڕۆستەم ئاغەڵە کەم تر نیە، من داواتان لێ دەکەم کە هیچ مانعێکی قانونی نیە، کە ئەمە بخرێتە ئەو یاسایەوە بۆ ئەوەی ئیسپاتی بکەین، کە پەرلەمانین و ئەمانەوێت بەجدی مەسیری ئەو خەڵکە یەکلایی بکەینەوە کە ئەوانەش خەڵکی ئێمەن، کە ئەو خەڵکەی بێ سەروشوێن بووە ئایا پارتیە؟، ئایا یەکێتیە؟ ئایا کۆمەڵە؟، ئایا هەر کەسێکە، هاووڵاتی ئەم وڵاتەیە، برای ئێمەیە، برا گەورەی ئێمەیە، خزم و کەسی ئێمەن، بەدوور لە سیاسەتەوە داوا لە هەموو بەڕێزان دەکەم ئەم کەیسە ئیزافە بکرێت و ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، لەبەر ناحیەی ئینسانی و یژدانی و ئەخلاقی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا گوێتان لێ بوو، دەیخەینە دەنگەوە، کێیی لەگەڵە ئەوە ئیزافە بکرێت، تکایە بادەستی بڵند بکات؟، (37)کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە کە ئیزافە بکرێت، با دەستی بڵند بکات تکایە؟، (42)کەسی لەگەڵدایە کە ئیزافە نەکرێت بۆیە ئیزافە ناکرێت، ئێستا ئەوانی تر خاڵەکان بە کوردی و بەعەرەبی بیخوێننەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش بخەینە دەنگەوە، فەرموون.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة:**

**تتولى الهيئة المهام اللآتية:**

1 - تقديم المشورة وابداء الرأي فيما يتعلق بقضايا حقوق الانسان ورفع التوصيات للوزارات والمؤسسات ذات العلاقة في الاقليم.

2 - نشر ثقافة حقوق الانسان وقضايا المرأة والطفل بترسيخ قيم التسامح ومفاهيم التضامن الاجتماعي.

3 - مراقبة ملائمة التشريعات في الاقليم لمبادئ حقوق الانسان والحريات الاساسية وتقديم المقترحات بشأنها للجهات المعنية.

4 - تقييم مدى التزام السلطات في الاقليم بأحكام المواثيق والبنود الخاصة بحقوق الانسان والعهدين الدوليين الخاصين بالحقوق المدنية والسياسية وبالحقوق الثقافية والاجتماعية والاقتصادية، وابراز الانتهاكات التي قد تنجم عن ممارسات السلطات في الاقليم.

5 - اعداد دراسات وبحوث دورية واصدار نشرات ومطبوعات حول سبل تحسين حقوق الانسان في الاقليم وعقد الندوات والاجتماعات الخاصة بقضايا حقوق الانسان.

6 - زيارة ومراقبة السجون ومراكز الاصلاح الاجتماعي والمواقف والمعتقلات ومراكز التحقيق، وإعداد تقارير دورية عن حياة السجناء والمودعين في الاصلاحيات و الموقوفين.

7 - تلقى الشكاوي من الافراد والجماعات ومنظمات المجتمع المدني عن انتهاكات حقوق الانسان، والتأكد من صحتها، واخبار الادعاء العام بها لاتخاذ الاجراءات القانونية ومتابعة نتائجها.

8 - التعاون مع المنظمات المعنية بحقوق الانسان وغيرها من منظمات المجتمع المدني داخل الاقليم وخارجه، ومع الجمعيات الفكرية والاقتصادية والاجتماعية، وتنظيم حلقات البحث مع المواطنين في الاقليم بما يضمن نشر ثقافة الالتزام بالبنود التشريعية والاتفاقيات الدولية حول قضايا حقوق الانسان لتعزيز سيادة القانون وتكريس احترام حقوق الانسان.

9 - التعاون والتنسيق مع المنظمات الدولية المختصة بقضايا حقوق الانسان والجهات الاخرى ذات العلاقة بهدف تمثيل اقليم كوردستان في الاجتماعات والمؤتمرات المعنية بحقوق الانسان.

10 -أ- إعداد تقرير سنوي لبيان واقع حقوق الانسان في الاقليم ورفعها الى رئاسة اقليم كوردستان و رئاسة برلمان كوردستان و رئاسة مجلس الوزراء و رئاسة مجلس القضاء والجهات ذات العلاقة مع بيان التوصيات العملية لحماية و تعزيز حقوق الانسان في كوردستان وله نشره في الاعلام.

ب- تقديم تقرير دوري حول أوضاع حقوق الانسان الى برلمان كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، بەكوردیەكەشی بیخوێننەوە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی ئەم یاسایە، دەستەكە ئەم ئەركانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1 - ڕاو ڕاوێــژی خــۆی ســەبارەت بــە مەســەلەكانی مــافی مــرۆڤ پێشكەشــی وەزارەتــەكان و دەزگــا پەیوەندیدارەكان دەكات، لەگەڵ بەرزكردنەوەی ڕاسپاردەش بۆیان.

2 - لەڕێگای چەسپاندنی بەهای لێبوردەیی و ماناكانی هاوكاریی كۆمەڵایەتییەوە، ڕۆشنبیری مافی مرۆڤ و مەسەلەكانی ژنان و منداڵان بڵاو دەكاتەوە.

3 - چــاودێری كردنــی گونجــای یاســاكانی هــەرێم، لەگــەڵ پرەنســیپەكانی مــافی مــرۆڤ و ئازادییــە سەرەكییەكان، پێشكەش كردنی پێشنیاز لەم بارەیەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكان.

4 - هەڵسەنگاندنی پلەی پابەند بوونی دەسەڵاتەكان لەهەرێمدا، بە حوكمەكانی بەڵگەنامەو بەندە تایبەتــەكانی مــافی مــرۆڤ و هــەردوو پەیمانــە نێودەوڵەتییــە تایبەتەكــەی بەمافــەكانی مــەدەنی و سیاســی و بەمافــە ڕۆشــنبیری و كۆمەڵایــەتی و ئابوورییەكانــەوە، لەگــەڵ دەرخســتنی ئــەو پێشیلكارییانەی كە دوور نییە بەهۆی مومارەسەی دەسەڵاتەكانی هەرێمەوە پەیدا ببن.

5 - ئامـادەكردنی لێكۆڵینـەوەو توێژینـەوەی خـولاو خـول و دەرچـواندنی بڵاوكـراوەو چـاپەمەنی دەربارەی ڕێگاكانی باشتر كردنی مافی مرۆڤ لە هەرێمدا لەگەڵ بەستنی كۆڕ و كۆبوونەوەی تایبەت لەبارەی مەسەلەی مافەكانی مرۆڤ.

6 - سـەردان و چـاودێری كردنـی بـارودۆخی بەندینخانـەكان و بنكـەكانی چاكسـازی كۆمەڵایـەتی و دەستبەسـەرو بنكـەكانی لێپێچـینەوەو ئامـادەكردنی ڕاپـۆرتی خـولاو خـول دەربـارەی بـارودۆخی بەندییەكان و سپێردراوان بەچاككردنی كۆمەڵایەتی و دەست بەسەران.

7 - وەرگرتنی سكاڵا لەخەڵك و لەكۆمەڵەو ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی لەبارەی پێشێلكارییەكانی مـافی مـرۆڤ و دڵنیـا بـوون لەڕاسـتی سـكاڵاكان و ئاگـاداری داواكـاری گشـتی دەكـات بـۆ گرتنـە بـەری ڕێكاری یاسایی و بەدواداچوون بۆ ئەنجامەكانی بكات.

8 - هاوكـاری لەگـەڵ ڕێكخراوەكـانی مـافی مـرۆڤ و ڕێكخراوەكـانی دیكـەی كۆمـەڵگای مەدەنیـدا دەكـات لەهەرێم و دەرەوەی هەرێمیش، هەروەها لەگەڵ كۆمەڵە هزری و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكانیشدا، ئەڵقەی لێتوێژینەوەش لەگەڵ هاووڵاتیانـدا لـە هەرێمـدا بـەجۆرێك ڕێـك دەخـات، كـە ڕۆشـنبیریی پابەندبوون بە بەندە یاساییەكان و ڕێككەوتنە نێودەوڵەتییەكانی مەسەلەكانی مافی مرۆڤەوە زامن بكات، لەپێناوی سەروەریی یاسا و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤدا.

9 - لەگەڵ ڕێكخراوە تایبەتمەندەكانی مەسەلەی مافی مرۆڤ ولایەنەكانی دیكەدا كە پەیوەندییان بەمافی مرۆڤەوە هەیە، هاوكاری و هاودەنگی دەكات بە ئامـانجی نوێنەرایـەتی كردنـی هـەرێمی كوردسـتان لەكۆبوونەوە وكۆنگرەكانی تایبەت بە مافی مرۆڤ.

10 أ- ڕاپۆرتی ساڵانە ئامادە دەكات بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی واقیعی مافی مرۆڤ لـە هەرێمـدا و ئاراستەی سەرۆكایەتی هەرێم و سـەرۆكایەتی پەرلـەمان و سـەرۆكایەتی حكومـەت و سـەرۆكایەتی ئەنجومەنی دادوەری و لایەنە پەیوەندیدارەكانی دەكات، لەگەڵ پیشاندانی ڕاسـپاردەی بـەكردار بـۆ پاراسـتن و بـەهێز كردنـی مـافی مـرۆڤ لـە كوردسـتان بۆشـی هەیـە لەكەناڵـەكانی ڕاگەیانـدن بـڵاو بكاتەوە.

ب- ڕاپۆرتی خولاو خول لەبارەی بارودۆخی مافی مرۆڤ دەدات بە پەرلەمانی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێبوو ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، كاك عبدالسلام نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە لەوانەیە نوقتەی نیزامیش هەبێت، لەعەرەبی بۆ بەدیهێنانی ئەنجامەكانی ئەم یاسایە، ئـەو ڕسـتەیە لادراوە، وابزانم ئەوەش تەڵەبی هەندێك لە ئەندامان بوو، كەچی لەكوردیەكـەدا هـەبوو، تـەنها ویسـتم ئـەو

مولاحەزەیە بدەم، یەعنی کە ماددەکە دەست پێ دەکات، تتولى الهیئـە بەکوردی دەڵێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ تەوحیدی ئەو مولاحەزەیە بکەن تکایە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئەو دەستەواژە لە بەشە کوردیەکە لادەبرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا وەکو خوێندرایەوەو هەمووشتان گوێتان لێ بوو، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێیی لەگەڵدایە تکایە بادەستی بڵند بکات؟، (72) کەسی لەگەڵدایە، کێیی لەگەڵدا نیە تکایە دەست بڵند بکات، (10)کەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی پێنجەم کە لە ئەصڵی پرۆژەکەدا ماددەی چوارەمە، فەرموون.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەبێت بە ماددەی پێنجەم.

المادة الرابعة:

اولاً: رئیس الهیئة هو الرئیس الإداري للهیئة والمسؤول المباشر عن تنفیذ سیاساتها، وتصدر عنه القرارات والاوامر والتعلیمات في كل ماله علاقة بمهام الهیئة وسائر شؤونها الفنیة والمالیة والاداریة وفق القانون، ویمثل الهیئة لدى الجهات الحكومیة والمؤسسات والهیئات الأخرى ذات العلاقة، داخل الاقلیم وخارجه.

ثانیاً: یعین رئیس الهیئة بدرجة خاصة وباقتراح من مجلس الوزراء، ویصدر مرسوم اقلیمي بالتعیین بعد مصادقة البرلمان على المرشح بالاغلبیة المطلقة لعدد الاعضاء الحاضرین.

ثالثا: یشترط في من یعین رئیساً للهیئة:

1 - ان یكون من مواطني الاقلیم ومقیماً فیه اقامة دائمة.

2 - ان یكون حاصلاً على شهادة جامعیة اولیة على الاقل، ومتمتعاً بالكفاءة والخبرة في مجال حقوق الانسان.

3 - حسن السیرة والسلوك وغیر محكوم بجریمة مخلة بالاعتبار.

4 - لم یشارك في الجرائم التي ارتكبتها السلطات القمعیة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە ڕیز بەندییەکەی گۆڕا بوو بە ماددەی (پێنجەم)ئێمە تەنها دوو تێبینیمان هەیە، یەکەمیان لەسەر دامەزراندنی سەرۆکی دەستەیە، کە بەدەرەجەیەکی تایبەت بێت، بە پێشنیار کردن لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران، لەبەر ئەوەی ئەو دەستەیە سەر بەپەرلەمانە، بەباشمان زانی کەوا پێشنیار کردنی سەرۆکی دەستە، بەهەماهەنگی لەنێوان پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران بێت، نەك تەنها ئەنجومەنی وەزیران پێشنیار بکات، لەبەر ئەوەی دەستەکە سەر بە پەرلەمانە باشتر وایە پێشنیار کردنەکە لەلایەن پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران بێت بە هەماهەنگی هەردوولایان، هەروەها بڕگەی دووەم لە ماددەکە، دابڕێژرێتەوە بەو شێوەیە، (ثانياً: يعين رئيس الهيئة بدرجة خاصة بالتنسيق بين رئاسة البرلمان و رئاسة مجلس الوزراء، ويصدر مرسوم اقليمي بالتعيين بعد مصادقة البرلمان على المرشح بالاغلبية المطلقة لعدد الحاضرين).

سەبارەت بە تێبینی دووەممان، لەسەر بڕگەی (3) لە (سێیەم) ژمارە (3) دووبارە دابڕێژرێتەوە بەو شێوەیە( ان يكون حسن السيرة والسلوك وغير محكوم بجناية او جنحة مخلة بالشرف)، تەنها ئەو دوو تێبینیەمان لەسەر ماددەی چوار هەیە لە ئەصڵی پڕۆژەکە، کە بووە بە ماددەی پێنجەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی دەیانەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بکەن، با دەستیان بڵند بکەن تا ناوتان دەنووسم، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە( پەیمان عزالدین، ڤیان عبدالرحیم، ئەحمەد وەرتی، عمر عبدالعزیز، فازل حسن، حمە سەعید حمە علی، بیلال سلیمان، حسن محمد، تارا ئەسعەدی، زانا ڕەئوف، پەیام احمد، سیویل عوسمان، عظیمة نجم الدین، عدنان عوسمان، سەرهەنگ فرەج، حاکم رزگار، شلێر محی الدین، شلێر محمد نجیب، سمیرە عبداللە، صباح بەرزنجی، سمیر سلیم، صباح بیت اللە، کاردۆ محمد، عبدالرحمن حسین، فازل بەشارەتی، ناسك تۆفیق، هاوڕاز خۆشناو) پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەگەر ئێمە لەناوی پڕۆژەکەوە دەست پێ بکەین، پڕۆژە یاساکەمان بەناوی (پڕۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤە لەهەرێمی کوردستان) کە بۆخۆی بوونی وشەی سەربەخۆیی، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم دەستەیە دەستەیەکی سەربەخۆیە لەدەسەڵاتی جێبەجێ کردن، کە ئەمەش بۆ خۆی لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، کە یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش مافی مرۆڤی لە چوارچێوەی وەزارەتێك هێنایە دەرەوە، یەکێك لەو وەزارەتانەی کە تەقلیس کرا، وەزارەتی مافی مرۆڤ بوو، لەبەر ئەوەی بەو هۆکارەی کە ئەگەر مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی وەزارەتێکدا کارەکانی بکات ناتوانێ چاودێرێك و بابڵێین ڕەقیبێکی تەواو بێت، دڵسۆز بێت، کارا بێت، بۆ ڕەوشی مافی مرۆڤ لەهەرێمی

کوردستاندا، بەتایبەتی ئەو پێشێلکارییانەی کە ئەگەری هەیە لە لایەن دەسەڵاتە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕوو بدات، بۆیە لەسەر ئەو ئەساسە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ بە پرۆژە یاسایەکی وا هاتەوە بەردەمی ئێمە، لێرە لەم ماددەیەدا یەکەمیان: ئەگەر ئێمە بەم شێوازە لە ماددەی چوارەمدا بیهێڵینەوە مانای سەربەخۆییەکە ماناکەی نامێنێ، لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی کە لەلایەن سەرۆکی دەستە، لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەڵدەبژێردرێت، ئەمە بۆ خۆی جۆرێك لەجۆرەکان و وابەستەی مەعنەوی ڕاستەوخۆ دروست دەکات، بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە کە هیچی لە وەزارەتەکە جیاواز نابێت، لە وەزیری پێشوو جیاواز نابێت، لەڕووی پابەندێتیەوە، دووەم: جۆرێك لە ناکۆکی لەنێوان ماددەی پێنجەم و ماددەی دووەمدا دروست دەبێت، کە لەماددەی دووەمدا دەڵێت( ئەم دەستەیە وابەستە دەبێت بە پەرلەمانەوە) کەواتە تەواو دەستەیەکی سەربەخۆیە تەنها پابەندێتی و وابەستە بوونی بە پەرلەمانی کوردستانەوەیە، بەڵام لەماددەی پێنجەم سەرۆکی دەستەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە کاندید دەکرێت، کە ئەمە بۆ خۆی دووفاقیەیەکی وازحە لەڕووی یاساییەوە لە نێوان ئەو دوو ماددەیەدا، سەبارەت بە پێشنیارەکەی لیژنەی هاوبەشیش، کە بەهەماهەنگی بێت لەنێوان پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیراندا، بەڕاستی هەماهەنگی وشەیەکی تەواو لاستیکیە، وازح نیە جۆری ئەو هەماهەنگیە چیە؟، کە بە بڕوای من ئەبێ بۆ ئەوەی ئێمە زەمانەتی تەواوی سەربەخۆیی ئەو دەستەیە بکەین، هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەکەو ئەندامانی ئەو دەستەیە بەشێوەی کاندید کردن بێت، پاڵاوتن بێت، لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەشی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەرییەوە پێك بهێندرێت، بۆ پاڵاوتنی ئەو کەسانەو دواتر دەنگ پێدانیان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، وەکو ئەوەی کە لە یاساکەی عێراقدا هەیە، بەمە ئێمە زەمانەتی سەربەخۆ بوونی ئەم دەستەیە دەکەین کە بتوانێ چاودێرێکی جدی بێت لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڤیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێکی زۆری قسەکانم پەیمان خان کردی، من ئەگەر قسە بکەم لەسەر ماددەی چوارەم، بڕگەی یەکەم، کەباس لە سەرۆکی دەستە دەکات، دەسەڵاتی تەواوی هەیە لە دەرکردنی بڕیار و ڕێنمایی و فەرمان و نوێنەرایەتی کردنی دەستەکە بەرامبەر بەهەموو لایەن و هەموو ڕێنماییەکانی دیکەش، کە تایبەت بن بەکاروباری هونەری و داراییەوە، هەمووی سەرۆکی دەستەکە دەری بکات، واتە دەسەڵاتێکی ڕەهای هەیە، لە دەرکردنی هەموو بڕیارو ڕێنماییەکاندا، لەپاشاندا ئێمە لە ماددەی یەکەم، باسمان لە ئەنجومەنی دەستەکە کرد، کە پێك هاتووە لە بەڕێوەبەری فەرمانگەو سەرۆکی دەستەو دوو ڕاوێژکارەکە، لەماددەی پێنج و لەماددەی چوار، لەماددەی نۆشدا هاتووە، تەنها دەستەڵاتی هەموو ئەم ڕێنمایی و جێبەجێ کردنانە دراوە

بەسەرۆکی دەستەکە، هیچ ئەهەمیێتێك دانەنراوە بۆ ئەنجومەنی دەستەکە، کە مەهام و ئیشی چی بێت، جگە لە سەرۆکی دەستەکە، پاشان لەماددەی چوارەم لە بڕگەی دووەمدا، باس لەهەماهەنگی دەکات، لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا، ئێمە خۆمان لە ئەساسدا وەك لە ماددەی دووەمدا هاتووە، کە لەلایەن پەرلەمانەوە پێشنیار بکرێت و وابەستەش بێت بە پەرلەمانەوە، بەڵام لێرەدا هاتووە دەڵێت لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران بێت، خۆی دەستەکە ئەصڵەن ئیشی لێپێچینەوەو موراقەبەی دەسەڵاتی تەنفیزییە بەرامبەر هەر پێشێلکاری و کەم و کوڕییەك کە دەکرێت، بەڵام تۆ ئەگەر سەرۆکی دەستەکە دەسەڵاتی تەنفیزی بێت ئیشوکارەکانی بۆ دیاری بکات هیچ ئەهەمیێتێك نامێنێتەوە بۆ سەربەخۆیی دەستەکە، بۆ جێبەجێ کردنی ئیشوکارەکانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر ئەحمەد وەرتی.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ماددەی پێنجەم سەبارەت بە دیاریکردنی سەرۆکی دەستەکە منیش لەگەڵ ئەوەدام، ئەوەی کە پێشنیار کراوە لەلایەن هەردوو لیژنەی هاوبەشەوە، ( یعین رئیس الهیئة بدرجة خاصة) من وای بەباش دەزانم بنووسرێت( من قبل البرلمان بالتنسیق مع رئاسة مجلس الوزراء)بێت، یەعنی لەلایەن پەرلەمانەوە دیاری بکرێت، بەڵام بە تەنسیق لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران، لەبەر ئەوەی ئەو دەستەیە سەر بە پەرلەمانی کوردستانە، بۆ دیاریکردنی سەرۆکی دەستەکە بەڕای من ئەگەر لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بێت باشترە، نەك تەنسیق لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەبارەت بە خاڵی سێیەم، ثالثا: (یشترط في من یعین رئیساً للهیئة)، من پێم باشە، خاڵی دووەم ببێت بە خاڵی سێیەم و بەپێچەوانەشەوە، ( ان یکون حسن السیره والسلوك وغیر محکوم بجنایه او جنحه مخله بالشرف)، ئەمە خاڵی دووەم بێت، (ان یکون حاصلاً علی شهادة جامعیة اولیة علی الاقل، ومتمتعاً بالکفاءة والخبرة في مجال حقوق الانسان)ببێت بەخاڵی سێیەم، بەلانی کەمەوە دەستەواژەی ( ومستقلة)ی بۆ زیاد بکرێت، ( ومستقلاً ومتمتعاً بالکفاءة والخبرة في مجال حقوق الانسان) لەبەر ئەوەی ئەو دەستەیە، دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەو کەسەی دەبێت بەسەرۆکی دەستە سەربەخۆ بێت، بۆیە لەناو ئەو خاڵەدا بۆی زیاد بکرێت (ان یکون حاصلاً علی شهادة جامعیة اولیة علی الاقل، ومستقلاً ومتمتعاً بالکفاءة والخبرة في مجال حقوق الانسان) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، دووبارە پێشنیاری تازە کە هەیە تکایە، بینووسن و بینێرنە بەردەست لیژنەی هاوبەش، کاك عومەر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاء الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا داوای لێبوردن دەکەم، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لەکاتێکدا کە داوا دەکەن ئەندامان دەنگی ڕازی بوون یان ناڕەزایەی دەربڕن، سەیرێکی ئەملاش بکەن لەخاڵی پێشوو قسەی زۆرم هەبوو، بەس بەداخەوە فرسەت نەبوو دوو کەلیمە عەرز بکەم، زۆر دەستم بەرزکردەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی پێشوو دەنگی لەسەر درا، دامان نا دوو کەس لەسەری قسە بکات، دوو کەسیش دژی قسە بکات، ئەو بەڕێزەی تەنیشت جەنابت و ئەوەی دواتەوە قسەی کرد، لێرەش یەکێك قسەی کرد لەوێش یەکێك قسەی کرد، زۆر سوپاس، تکایە لەناو مەوزوعەکە دەرمەچن، رجاتان لێ دەکەم ئێستا ماددەیەکمان لەبەردەستدایە، ناڕەزاییتان هەیە دەتوانن تەشریف بێننە لای ئێمە لەخزمەتتان دەبین، بەس ئێستا لەناو دانیشتنی ڕەسمین، ماددەیەکمان لەبەردەستدایە لەسەر ماددەکە قسە دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاء الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نەمویست لەسەر ماددەکە قسە بکەم بەڕێز، بەنیسبەت ماددەی پێنجەم، سێ، چوار تێبینیم هەیە، یەکەمیان: لەخاڵی یەکەم کە دەڵێت(رئيس الهيئة هو الرئيس الإداري للهيئة) ئەم دەستەیە وەحدەیەکی ئیداری و مالی هەیە، وادەزانم دەستەواژەی رئيس الاداری هەڵە بێت، لەڕووی یاسایی و لەڕووی داڕشتنەوە، یان دەبێ بوترێت(هو مسؤول عام) یان رئيس ئیداری، دەستە سەرۆکی ئیداری خۆی هەیە، کە لەخاڵی یەکەمی ماددەی داهاتوودا باسی لێوە دەکات، کە دائیرەی ئیداری و ئیعلامی هەیە، وائەزانم دەقیق نیە، بوترێت (هو مسؤول مباشر) ئەوە خۆی کافیە، یان (هو مسؤول عام)، دووەم: من خیارێکی تر عەرز دەکەم غەیری ئەوەی کە خوشکانی پێش من باسیان کرد، بۆ مەسەلەی خۆ کاندید کردنی سەرۆکی دەستە، ئێمە بۆچی داهێنانێك نەکەین، کە زۆرجار قسە لەوە دەکەین، قەناعەتمان وایە زۆر لە عێراق لە پێشترین، لە زۆر بواردا، یەکێکیان ئەم بواری ئازادی و ڕێزگرتن لە تەخەصوص و ئەوەیە، بۆچی فیکرەی مونافەسە لەنێوان ئەو کەسانەی کە مەرجی تەواویان تێدایە دەرگای مونافەسە نەکەینەوە، یەعنی بەخۆ کاندید کردن بێت، لەزمنی ئەو کۆمەڵەی کە خۆیان دەپاڵێون بۆ دەستەی باڵا یان بۆ ئەنجومەنەکە، من پێم باشە بە کاندید کردن بێت، لەزمنی ئەو ئەنجومەنە، هەرکەسەو سیڤی خۆی تەقدیم بکات، ئەوەی کە زۆرترین مەرجی تێدایە، ئەو وەختە بە ئیقتراعی سڕی لەلایەن ئەو ئەنجومەنەوە کە دواتر باسی دەکەین، بە هەڵبژاردن وا بزانم ئەمە دیموکراتی ترە، کەسی بە کەفائەت تر دەردەچێت، سەربەخۆیی دەستەکەش زیاتر دەسەلمێنێ، کە ئاماژەی پێکراوە لەخاڵی دووەم کە سەربەخۆیە بەو ئیعتیبارەی کە سەر بە پەرلەمانە، سێیەم: بەڕێزان لە لیژنە ئەوەیان ڕاست کردۆتەوە کة (ان يكون حسن السيرة والسلوك) بەلاّم

**خاڵی چوارەمیش چاك بكەن ئەویش بكرێت بە ( ان یكون غیر مشترك في الجرائم التي ارتكبتها السلطات القمعیة) چونكە ئەویش هەر لەگەڵ ئەو سێ خاڵەی پێشوو باشترە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، فازل حەسەن، فەرموو.**

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەخاڵی دووەم منیش هەر لەگەڵ ئەوەدام ئەو هەماهەنگیە هەڵبگیرێت، بۆ ئەوەی كە ئیزدیواجیەت دروست نەبێت، لەخاڵی سێیەمیش سەبارەت بە مەرجەكانی ئەو كەسەی كە بەسەرۆك دادەندرێت، پێشنیار دەكەم كە بڕگەیەكی تری بۆ زیاد بكرێت، (كەسێكی سەربەخۆ بێت و سەر بە هیچ لایەنێكی سیاسی نەبێت). سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك حمە سعید فەرموو.**

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەم ماددەیە كە دەبێت بە ماددەی 5 هەر حەزدەكەم عینوانێكی بۆ دابندرێت، عینوانەكەی ئەوە بێت: ئەرك و دەسەڵات و مەرجەكانی سەرۆكی دەستە بەم شێوەیە دەبێت: یەكەم/ منیش پشتگیری ئەوە دەكەم كە سەرۆكی ئیداری دەستەكە لابرێت، چونكە دەستەواژەكانی دوای ئەوە كە دەڵێت بڕیار و فەرمان و هونەری و دارایی و ئیداری و نوێنەرایەتی دەستەكە دەكات، ئەوە هەموو مەسەلە ئیداری وفەنی و مالی و یاسایی و سیاسیەكانە، ئەم نوێنەرایەتیەكی سیاسیش و یاسایی ئەو دەستەیە دەكات، بۆیە ئەو سەرۆكی ئیداریەی دەستەیە لابرێت، سەرۆكی دەستەكە بەرپرسە لە جێ بەجێ كردنی، یەكسەر سەرۆكی دەستەكە بەرپرسە، خاڵێكی تر بە نیسەبت سەرۆكی دەستە بە پلەی تایبەت منیش پێموایە باسی ئەنجومەنی وەزیران نەبێت كە بە خۆ كاندید كردن بێت و لیژنەیەكی پەرلەمانی دابندرێت بۆ ئەو كاندیدانە و مەرجەكانی خۆ كاندید كردن بلاوبكاتەوە و هەركەسێك ئازادە و دوای ئەوە كە نووسراوە لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامەكانی بوترێت لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی یاسایی دەخوات، ئەم دەستەیە دەبێت كەسەكە، مەسئولەكە هاوولاتی هەرێم بێت لەگەڵیان، دووەم/ لایەنی كەم بڕوانامەی سەرەتایی زانكۆی لە زانستە مرۆڤایەتیەكان دا بە تایبەت بواری یاسایی هەبێت، دوای ئەوە بكرێت بە خاڵی 3، سێیەم/ كەسێكی بێ لایەن و سەربەخۆ بێت و پسپۆری لە بواری مافی مرۆڤ دا هەبێت و خاوەن ئەزموون و لێهاتوویی بێت، ئەوانە زیاد بكرێت و ماددەكانی تر لەگەڵیام وەكو ئەوەی كە لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤ تەعدیلیان كردووە و سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك بلال فەرموو.**

**بەڕێز احمد سلێمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خۆشبەختانە چەنند لەو نەزەرانەی من هەم بوو، بەڕێزان لە پێش مـن باسـیان کـرد، بـەس مـن تەئکیـدی لەسەر دەکەمەوە کە مادام تەعریفی سەرۆکی دەستەکە دەکرێت پێویست ناکات بگوترێت سـەرۆکی ئیـداری دەسـتەکەیە و یەکسـەر، (یەکسـەر) هـەر بـۆ خـۆی غەڵەتـە، ئـەوە لـە عەرەبیەکـەی (مباشـر) کـە دەکاتـە ڕاستەوخۆ، بەس من پێم وایە وەکو کاك حمە سعید باسی کرد سەرۆکی دەستەکە بەرپرسە لـە جـێ بـەجێ کردن و ....... هتد، ئەوە زیادەیە و تەعریفەکەی تێك داوە، لە خاڵی $2$ دا سەرۆکی دەستە من پێم باشە کە دەڵێت بـە پلـەی تایبـەت بێت بکرێـت بـە پلـەی وەزیـر، لەبەرئـەوەی دەسـەڵاتی زیـاترە و دەتـوانێ زیـاتر ئیشەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت و ئەو دەستەیەش دەستەیەکی سەربەخۆیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کـە بکـرێ بە پلەی وەزیر، لە خاڵی $3$، یەکەم/ هاووڵاتی هەرێم بێت و بەردەوام لە هەرێم دا دابنیشێت، من پێم وایە بـەردەوام لـە هەرێمـدا دابنیشـێت ئـەوە بـە مـەرج نـەگیردرێت، مـادام هـاووڵاتی هـەرێمی کوردسـتانە ئـەو کەسەش دەکرێت مەسەلەن لە غـەیری هـەرێمی کوردسـتانیش دابنیشـێت و ئەرەکـەکانی خـۆی جـێ بـەجێ بکات، ئەو پێشنیارەی کـاك فاضـل تەئیـد دەکـەم کـە سـەربە هـیچ لایـەنێکی سیاسـی نـەبێ و موسـتەقیل و سەربەخۆ بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك حسن فەرموو.**

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە من بە نیسبەت شـروتی سـەرۆك لـە خـاڵی دووەم: (ان یکـون حاصـلا علـی شـهادة جامعیـة أولیـة علـی الاقل)، ئەمە باشە، بەڵام  بە ڕەئی من پێویستە باسی (تأهیل)یش بکرێـت کـە ئەمـە شـتێکی ئیختساسـیە و زۆر موهیمە، بۆیە لێرە شتێك ئیزافە بکرێت بە ناوی، (ومأهلا تأهیلا عالیا فی القـانون أو العلـوم السیاسـیة أو التربویة) بۆ بەشەکەی تری (ومتمتعا ) کە ئـەوە تۆزێـك مەتاتیـە، ئەگـەر بیکـەین (ومشـهودا لـە)، پـێش کەفائە (بالنزاهة والکفاءة والخبرة)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تارا خان فەرموو.**

**بەڕێز تارا ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی سەرۆك من بەس لە خاڵی 3 کە دەڵێ (ئەو کەسەی بە سەرۆکی دەستە دادەمەزرێ وا بە باشی دەزانم ئەو ئەزموونەی هەیەتی، جگە لەوانەی کە دانـدراوە بە هاووڵاتی بێت و بڕوانامەی هەبێت زیادکردنی 3 ساڵ ئەزموونی کارکردنی بۆ زیادبکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەم ماددەیەوە من پێشنیاز دەکەم بە چەند سیغەیەك دابڕێژرێتەوە یەکێك لە ئەشکالیەتەکانی ئەم دەقە یاساییە ئەوەیە کە بۆ ناساندنی دەستەواژەی رەئیس هەمان سیغەی وەزیری بەکارهێناوەتەوە، یەعنی ئەگەر سەیری هەر پرۆژە یاسایەکی تر بکەی دەڵێ (هو الرئيس الاعلى للوزارة هو الرئيس الاداري) بەس لێرەدا دەستەواژەی ئیداری هەیە، یەعنی جێگەی پرسیارە رەئیسی ئیداری ئەم دەستەیە چیە؟ یەعنی رەئیسێك یان شتێکی ترمان هەیە لە پاڵ ئەم دەستەیە؟ بەڵام لەگەڵ ناوەرۆکەکەیدا هەندێ سیاغەی تردا ڕاستەوخۆ هەمان دەستەواژە بەکاردەهێندرێ کە بۆ وەزارەت بەکاردەهێندرێ و بەڵام لێرەدا دەستەواژەی ئیدارە زیاد کراوە بەڕێزانی لیژنەی یاسایی پێمان بڵێن ئەم دەستەواژەیە چ مانایەك دەگەیەنێ (رەئیسی ئیداری)؟ دووەم/ لە عیبارەتەکەدا (وممثل الهيئة لدى الجهات الحكومية) ئەمانە هەمووی عیباراتی زیادن، پێشنیاز دەکەم لابرێت، بنووسرێت (وهو الممثل القانوني للهيئة) ببێتە کەسێکی ڕێگەپێدراو وەکو بەڕێزان ئاماژەیان پێیدا، سێیەم/ بە نیسبەت بڕگەی دووەمەوە کاتێك دەڵێت ( يعين الرئيس بدرجة خاصة بأقتراح من المجلس الوزراء) پشتگیری ئەو ڕایە دەکەم کە دەڵێت ئەو دەستەواژەیە لابرێت بە هیچ شێوەیەك ئەنجومەنی وەزیران دەوری نەبێت لە دانانیدا، ئەگەر بکرێت بە هەمان شێوەی ئەوەی کە لە یاسایەکەی عیراقدا هەیە، لیژنەیەکی خوبەرا پێك بهێندرێت کە لە قانونی عیراقی دا باس لەوە دەکات 15 کەسن با نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیرانی تیا بێت، با نوێنەری پەرلەمانی تیا بێت، با نوێنەری مەجلسی قەزای تیا بێت، ئەوانە وەك بە ئیعلانێکی وەتەنیەت بتوانن ئەو کەسانە هەڵبژێرن و پاشان ئەو مورەشەحەکە دەخەنە بەردەمی پەرلەمان و بۆ ئەوەی پەرلەمان دەنگی لەسەر بدات، لێرەشدا ئەشکالیەتێکی ترمان هەیە (بعد مصادقة البرلمان على المرشح بالاغلبية المطلقة لعدد الاعضاء الحاضرين)، یەعنی پەرلەمان بڕیاریان لەسەر دەدات بە زۆرینەی ڕەهای ئامادەبووان، یەعنی تۆ نیسابی قانونی پەرلەمان 57 کەسە ئەگەر ڕێژەکەی وەربگرین، یەعنی تۆ زۆرینەی ڕەهای ئەو ئامادە بووە، یەعنی ئەگەر ڕۆژێك لە پەرلەمانی کوردستاندا 57 ئەندام ئامادە بێت نیسابی قانونی موکتەملە، لەو 57 کەسە 30 ئەندام بێت و 29 ئەندام دەنگی لەسەر بدات، ئەو کەسە هەڵدەبژێردرێت، یەعنی با تۆزێك لە سەنگی ئەم

شتەش كەم نەكرێتەوە، بەو شێوەیەی كە هەیە بـا ڕێژەیـەكی یاسایی بێـت، بـا ئەغلەبیـەی موتڵەقـە بێـت، حازرینی لێ لابرێت، یـەعنی هەسـت دەكـەم ئـەو بـارە لاسـەنگە، جـۆرە هاوسـەنگیەكی لا دروسـت دەكرێـت، سێیەم/ بە نیسبەت دەست نیشان كردنی ئەو مەرجانەی كە بۆ ئەو كەسانە دانـدراوە، دوو خـاڵ گرنگـە كـە لەوێـدا ئامـاژەی پـێ نـەدراوە، یەكـەمیان ئـەو مـودە زەمەنیـەی كـە ئـەو كەسـە تیـا دەبێتـە سـەرۆكی ئـەو دەستەیە، بۆ ماوەی چەند ساڵ دەبێتە سـەرۆكی دەسـتەكە؟ دەسـت نیشـان بكرێـت دوو سـاڵە؟ چـوار سـاڵە؟ مودەیەكی بۆ بنووسرێت ئەم كەسە بۆ ماوەی ئەوەنـدە سـاڵە دەبێـت، نـەك بـە هەتاهـەتایی، یـاخود هـەر چ كاتێك لە پەرلەمان كۆمەڵێك مەرجی تری بۆ دابنێین بڵێین ئەگەر وەفاتی كرد، یـەعنی كۆمـەڵێك حاڵـەتی تری بۆ دابنـدرێت، ئەمە حاڵەتی ئیستسنائیە، لە هـەمان كاتـدا تەمـەنی ئـەو كەسـەی كـە دەبێتـە سـەرۆكی ئەودەستەیەش بە بڕوای من لێرە گرنگە، مادام ئێمە لێرەدا باس لە خیبرە و توانا و لێهـاتوویی ئـەو كەسـە دەكـەین كـە دەبێتـە سـەرۆكی دەسـتەی بـاڵای مـافی مـرۆڤ تەمـەنی گرنگـە و لـە هـەمان كاتـدا تەمـەنی كاركردنیشی گرنگە كە لـە نـاو دەسـتەیە ئامـاژەی پـێ بـدرێت، وێـڕای پشـتگیری كردنیشـم لـەو ڕایـەی كـە دەڵێت مەفروزە بڕگەیەك زیادبكرێت بنووسرێت (غیر منتمی الی ایة تنظیمات سیاسیة) ئینتمای نـەبێ بـۆ هیـچ یەكێك لە ڕێكخستنە سیاسیەكان لە هەرێمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیام خان فەرموو.

**بەڕێز پەیام احمد محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پشتگیری تەواوم لە قسەكانی د.زانا دەكەم، سەرۆكی ئەم دەستەیە بە خۆ كاندید كـردن بێـت بـۆ ئـەو لیژنەیـە، تـا ئـەو لیژنەیـە وەكـو ئیشـارەتی پێـدا لـە پەرلـەمان و مونەزەماتیشـی تیـا بێـت، نوێنـەری ڕێكخراوەكانی تیا بێت بـۆ ئـەوەی بـە سـیڤی پیشكەشـی بكـات و دوایـی بڕیـاری لێ بـدرێت كـە ئـەوە بێتـە پەرلـەمان و لەبـەردەم پەرلـەمان دا سـوێندی یاسایی بخوات، لەگـەڵ ئەوەشـدا كـە دەبێـت باسـی ئـەو خاڵـە بكرێت كە ماوەی چەند ساڵ ئەو كەسە لەوێ بەردەوام دەبێت لـە ئیشـەكەیدا، ئـەو فـەترە زەمەنیـە دیـاری بكرێت لەگەڵ تەمەنی ئەو كەسە ، هەروەها شارەزاییەكی هەبێت لەبواری مافەكانی مرۆڤ و دواتـریش ئـەو خاڵە تەئكید دەكەینەوە لە هیچ لایەنێك نەبێت و لە هیچ ڕێكخستنەكان نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە كە لە عەرەبیەكەیەوە دەست پێ دەكەین (المادة 4 ،اولا: رئیس الهیئـة هـو رئـیس الاداری للهیئـة والمسؤول المباشـر عـن تمثیـل سیاسـاتها و تصـدر عنـه)، پـێم باشـە (وتصـدر منـه القـرارات)

لەبەرئەوەی قەرارات  بڕیار لەوێوە دەردەچێت، نەك لەسەری دەرچیتن، (وتصدر منه القرارات والاوامر والتعليمات ........الخ)، (ثانيا: يعين رئيس الهيئة بدرجة خاصة وباقتراح من برلمان كوردستان) من پێم باشە ئەگەر (من برلمان كوردستان) بێت، (بالتنسيق مع مجلس الوزراء)بێت باشترە، (ثالثا: يشترط فيمن يعين رئيسا للهيئة) سیغەکەی پێم باشە وەها بنووسرێت (شروط تعين رئيس الهيئة)، ئەگەر بەڕێزان لە لیژنەی قانونی نازانم ڕەئیان لەسەر هەیە یان ئەندامانی پەرلەمان، لە (ثالثا: $2/$ ان يكون حاصلا على شهادة جامعية أولية على الاقل ومستقلا ومتمتعا بالكفاء والخبرة فى مجال حقوق الانسان)، ئەوە بە نیسبەت عەرەبیەکەی، بە نیسبەت کوردیەکەشی ماددەی 4 لە بڕگەی 2ئەوە پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیرانە بە عەرەبی گوتمان پەرلەمانی کوردستان، $3/$ ئەو کەسەی بە سەرۆکی دەستەکە دامەزرا پێم باشە بنووسرێت (مەرجەکانی دامەزراندنی سەرۆکی دەستە) نازانم من سیغەکەم ئاوا پێ باشترە، یان مەرجەکانی دانانی سەرۆکی دەستە، لەبەرئەوەی سەرۆکی دەستە بۆ خۆی لەوانەیە دامەزرا بێت لەیەك لە فەرمانگەکان، بەڵام ئەگەر دابندرێ مەرجەکانی دانانی سەرۆکی دەستە، لە 3 خاڵی 4 لەو جەریمانەی کە دەسەڵاتی سەرکوت کار تێوەی گلابوو، تەبعەن دەسەڵاتی سەرکوتکار ئەنجامی داوە نەك تێوەگلاوە، ئەنجامی داوە جەریمەکان و تاوانەکان، پێم باشە بنووسرێت (بەشداری ئەو تاوانانەی نەکردبێت کە دەسەڵاتی سەرکوتکار ئەنجامی داوە)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرمووو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی 5 لە بڕگەی 1 دا ئەو پرۆژەیەی کە هاتووەتە بەردەستی ئێمە باس لە دانانی دەستەیەك دەکات کە وەزارەتێك هەڵوەشێندراوەتەوە، وەزارەتێك بووە لە ژێر دەستەڵاتی جێ بەجێ کردن دابووە، لێرە لە دروست بوونی دەستەکەدا باس لەوە دەکرێت کە ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکە سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستاندا دەستەبەر دەکات، بەڵام بە پێی ئەم پرۆژەیە کە هاتووەتە بەردەستی ئێمە لە حکومەتەوە دیارە ئەم پرۆژەیە بۆ خۆی سەربەخۆیی پێوە دیار نیە، یەك لەوانە کە باسی سەرۆکی دەستەکە دەکات هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەداوە ئایا سەرۆکی دەستەکە بە چ شێوەیەك هەر لێرە دەبووایە بە ماددەیەك ڕوون بکرایەتەوە کە ئەو دەستەیە چۆن هەڵدەبژێرێ و بە چ شێوەیەك کە بە کاندید کردنە یان وەکو دائیرەیەکە، یان ئەوەیە کە یەکسەر وەکو فەرمانگەیەك خەڵکی بۆ دادەمەزرێندرێ و دادەندرێت؟ لێرە دەڵێت سەرۆکی دەستە سەرۆکی ئیدارەی دەستەکەیە و یەکسەر بەرپرسە لە جێ بەجێ کردنی سیاسەتی دەستەکە و بڕیار و فەرمان و ڕێنماییەکانی، لێرە بە هیچ شێوەیەك باس لەوە نەکراوە کە ئەو ئەنجومەنەی یان ئەو بەشانەی کە لەم فەرمانگەیە ئیش دەکەن ئایا بەس تەنها سەرۆکی دەستەکە بە شیوەیەکی دانان دائەنرێ و ئەویش بەرپرس دەکرێت لەوەی کە ئەو کەسانەی کە لەو بەشانەی تری ئیش

دەكەن یان لەو بەڕوێوبەراتیانە دائەنرێن، سەرۆكی دەستە داینا هەمان شێوەی جاران دەگرێتەوە؟ من پـێم وایە ئەم هیچ سەربەخۆییەكی پێوە دیار نیە، خاڵێكی تر لەسەر ئەوەی كە لێرە دەڵێت سەرۆكی دەستە بـە پلەی تایبەت لەسەر پێشنیاری ئەنجومـەنی وەزیـران، مـن پـێم وایـە دەبێت لەسـەر پێشـنیاری ئەنجومـەنی وەزیران نەبێت، ئێمە دەمانەوێ دەستەیەكی سەربەخۆ بـێ و لـەژێر دەسـەڵاتی پەرلـەمان و لـە پەرلەمانـدا هەڵبژێردرێ، هەموو دەستەكە نەك تەنها سەرۆكی دەستەكە، ئەو دەستەیەی كە دادەندرێ بە دەنگدان بێت و لە پەرلەمانی كوردستان ئـەو دەسـتەیە هەڵبـژێردرێ، خـاڵێكی تـر كـە لێـرە ئـەو كەسـەی كـە دەبێـت بـە سەرۆكی دەستەكە من پێموایە خاڵێكی بۆ زیادبكرێت، لێرەشدا ببێت بە خاڵی 5 كەسێكی بـێ لایـەن بێـت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر أولاً: لەڕاستی دا سەلاحیەتێكی زۆر بە رەئیسەكە دراوە بـە بـێ ئـەوەی كـە لـە برگەیـەكی تـردا قسـە لەسـەر مەجلسـی هەیئەكـە دەكرێـت بـە بـێ ئـەوەی تـەعریفی مـەهامی مەجلسـەكە كرابێـت، بۆیـە مـن هەرچەندە هاوڕام لەگەڵ هاوڕێكانم و هاوكارەكـانم، بـەڵام بەلایـەنی كـەم وەكـو حـەلێكی وەسـەت دەتـوانین بڵێین بـەدوای (وفـق القـانون) بڵێین ( بعـد اقرارهـا مـن مجلـس الهیئـە) واتـە مەجلسـی هەیئەكـە هـەموو بڕیارەكان دەدات، دواتر ئەم رەئیسە با بڵێین تەنفیزی دەكات و ئیسداری قەرارەكەی دەكات، ( بعـد اقرارهـا من مجلس الهیئە) من بە زەروری دەزانم بۆ ئـەوەی جۆرێـك لـە بـابڵێین قـەراری جـەماعی هـەبێت، چـونكە ئەمە هەیئەیە لەڕاستی دا ئیجتهاداتی جیاوازی تیایە و پەیوەستە بە مافی مرۆڤەوە، لەوانەیە هـەموو ئـەو سەلاحیاتانە بە كەسێكەوە بێت، من بە كورتی لێرە قسـەكانی خـۆم لەسـەر دووەم و سـێیەم دەڵـێم، لەسـەر دووەم لە ڕاستی دا من دیارە هـاوڕام ئەمـە ببەسـترێتەوە بـە ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە هەیئەیەكـە سـەر بـە پەرلەمانە، بۆیە زۆر گرنگە ڕۆڵی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەماندا لە ئیختیار كردنی كەسـەكە، بۆیـە مـن پێم وایە وای لێ بكرێت، (ثانیا: تشكل لجنة خاصة لاختیار رئیس الهیئة مـن قبـل برلـان كوردسـتان تتكون من 9 اعضاء)هەیئەیەك و لیژنەیەكی تایبـەت لەلایـەن لیژنـەی مـافی مرۆڤـەوە تەشـكیل بكرێـت، لەلایـەن پەرلەمانەوە 9 كەس، پێنجیان لە ئەندامانی لیژنەی مـافی مرۆڤـی پەرلـەمان بـن بـە ڕەچـاوكردنی بـوونی فراكسیۆنەكانی ئـەو لیژنەیـە، یـەكێكیان لـە سـوڵەتەی دادوەری بێـت، یـەكێكیان لـە نوێنەرایـەتی نەتـەوە یەكگرتووەكان بۆ مافی مرۆڤ بێت، یەكێكیشیان لە ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ یان دوانیان لە ڕێكخراوەكـانی مافی مرۆڤ بن، من پێم وایە ئەمەش زۆر گرنگە، دیارە بـە شـێوەیەك وەكـو ئـەوەی كـاك عمـر باسـی كـردو برادەرانیش باسیان كرد بە شێوەی سیڤی بێت، سیڤیەكانیان بـدەن بـە لیژنـەی مـافی مـرۆڤ لـە پەرلـەمانی كوردستاندا، ئەم لیژنەیە سەیری سیڤیەكانیان بكات و سەیری كارنامەیان بكات و دواتر ئیختیارەكە بخاتـە

بەردەم پەرلەمان، دیارە من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە تەسدیقی پەرلەمانیش بە ئەغلەبیەی موتڵەقە لە عەدەدی ئەعزا بێت، نەك (الحاضرين)، یەعنی (عدد أعضاء البرلمان)، ئەوەی تر سەربەخۆییەکە لەڕاستی دا، ئەوە گرنگە لەوانەیە بۆ ئەم لیژنەیە گرنگ بێت، تەبعەن لەگەڵ ڕێزم بۆ کەسانێك کە لە حیزبە سیاسیەکانن و شارەزان لەم بوارە، بەڵام بۆ لیژنەیەکی لەم چەشنە بوونی سەربەخۆیی گرنگە، بۆیە لایەنی کەم دەبێت وا قسە لەسەر ئەوە بکەین کە ئەو کەسەی دەبێتە سەرۆکی ئەم هینە تەعەهود بدات کە کاری حیزبی ناکات، یان تەجمیدی کاری حیزبی خۆی دەکات لەو ماوەی کە سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەندامانی بەڕێز زۆربەیان قسەکانی ئێمەیان کرد، وێڕای تەئکید کردنەوەم لەسەر ئەوەی کە زۆر زەرورە کە ئەم دەستەیە دانانی کەسەکە دەخالەتی ئەنجومەنی وەزیرانی تیا نەبێت ڕاستەوخۆ پەرلەمان خۆی بەو کارە هەستێت و دەورێکی ڕەئیسیش لەم مەوزوعە ببینێ و بێتە لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی خۆمان، لێرە لە پەرلەمانی کوردستان، پشتیوانی ئەو پێشنیازەش دەکەم کە پەسەند کردنی پاڵێوراوەکە لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان بێت، نەك بە زۆرینەی ڕەهای ئامادەبووان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من دەمەوێت لەسەر مەوزوعی موسادەقەی پەرلەمان قسە بکەم، لە ماددەی 56 کە سەڵاحیەتەکانی پەرلەمانی دیاری کردووە، باس لەتەسمیەی ڕەئیسی سوڵتەی تەنفیزی و ئەعزاکانی دەکات، لەگەڵ مەنحی ثیقە، هەر 11 فەقەرەکەم خوێندەوە موسادەقەی تیا نیە لەسەر تەعینی ئەسحابی دەرەجاتی خاص، ئەمە وەکو موسادەقەی پەرلەمان لەسەر مورەشەح، ئەگەر سەیری ماددەی 15 بکەی لە قانونی سەرۆکایەتی هەرێم ئەو لەوێ باس دەکات کە (تعين وعزل كبار موظفي من أصحاب الدرجات الخاصة)، لێرە نازانم ئایا نەسەکە پەرلەمان ئیسعاف دەکات کە ئەم مەسەلەیە بێتە بەردەمی بۆ موسادەقە کردن یان نا؟ ئەگەر قسە لەسەر ئەوە بکەین کە کێ ئیقتراحی بکات و بەرزی بکاتەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم کە مەرسومی پێ دەرچێت، پێم وایە ئەمە (يعين رئيس الهيئة بدرجة خاصة بعد اجتيازه امتحانا تحريريا أو شفويا) لە مەجالی حقوقی ئینسان لە هەیئەیەکی سولاسی لە یەکێ لە کولیاتی قانون، یەعنی

ئەو مەسەلەیە زیاتر عیلاقەی بە قانون هەیە و زیاتر پەیوەندی بە قانون و بە حقوقی ئینسان هەیە، جا ئەوە ئەگەر بیری لێ بکرێتەوە ئایا ئەو هەیئەتە عزویەکی مامۆستای جامیعە بێت یان هەر دەست نیشان کردنی ئەو هەیئە سولاسیە لە کولیەی قانون بە تەحدید کردنی وەزیری تەعلیمی عالی و بەحسی عیلمی دەست نیشانی ئەو هەیئەتە بکات کە ئیمتیحانەکە بکەن، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە دەبێت ئەو کەسە فیعلەن موستەقل بێت، وەك کاك عدنان گوتی دەشکرێ بڵێی (یتعهد بعدم ممارسة العمل الحزبی بعد تعینه) ئەگەر حیزبیش بێت ئەو تەعەهودە بدات لەکاری حیزبی خۆی ڕابگرێ هەتاوەکو لێ دەبێتەوە لە ئیشەکەی، ئەو کەلیمەی (مخله بالاعتبار) نەسی قانونیمان نیە، یەعنی ئەو کەلیمەیە قانونی نیە، ئێمە لە ماددەی 6 لە قانونی عقوباتدا کە باس لە جەرائیمی موخیلە دەکات، دەڵێت (الجرائیم المخله بالشرف) وە ناوی بردووە سەرقە و ئیختلاس و تەزویر، لەوێ وەسفی کردووە، دەمەوێ دەقیق بێت کەلیمەکە، کەلیمەی شەرەفی بەکارهێناوە، نەك ئیعتبار، ئەوە قانونی ڕەدی ئیعتبار هەبوو کاتی خۆی، ئەوە خۆشی ئیلغا بووەتەوە لە هەفتایەکانەوە ئیلغا بووەتەوە، ئیقتراح دەکەم فەقەرەیەکی بۆ زیاد بکرێت کە پێش سوێند خواردن مومارەسەی ئیشەکەی نەکات، یەعنی (لایمارس رئیس الهیئة أعماله الا بعد ادائه الیمین القانونیة امام رئیس مجلس القضاء، الیمین التالیة: اقسم بالله العظیم ان احرص علی حمایة وتعزیز حقوق الانسان فی الاقلیم وامارس اعمال وظیفتي بامانة ونزاهة وحریة) ئەو سوێندەشی بۆ ئیزافە بکرێت ئەوکات کارەکانی دەست پێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادیارە لە وەرگێڕانی پرۆژە یاساکە لە زمانی عەرەبی بۆ کوردیەکەی هەندێك تەرجومەی حەرفی کراوە، لە برگەی 1 کە دەڵێت (هو الرئیس الاداری للهیئة والمسؤل المباشر)، لە کوردیەکە کراوەتە (یەکسەر بەرپرسە) وابزانم دەتوانین بڵێین (بەرپرسی ڕاستەوخۆیە یان بەرپرسی یەکەمە، یان بەرپرسی سەرەکیە) نەك (یەکسەر بەرپرسە) ئەوە زۆر تەرجومەیەکی حەرفیە، لە برگەی 3 لە خاڵی 2 غەڵەتێکی ئیملائی کراوە، (لانی کەم نووسراوە)، (بەلایەنی کەمەوە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی) نووسراوە، ئەوە غەڵەتێکی ئیملائیە، بەڵام بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی یان هەر بەسە کە بڵێین (بڕوانامەی زانکۆیی) یەعنی بەکالۆریۆس، نابێت بڵێی سەرەتایی زانکۆیی، (بڕوانامەی زانکۆیی سەرەتایی) ئەوها تەواو ترە، لە خاڵی 4 دەڵێ لەو جەریمانەدا کە دەسەڵاتی سەرکوتکار تێوەی گلاوە بەشدار نەبوو بێ، بەڕای من هەریەك ڕۆژ ئەوەی کە پەیوەندی بە حیزبی بەعس کردبێت قەت شایستەی ئەوە نیە ببێتە سەرۆکی ئەو هەیئەیە، نەك هەر بەشداری لە جەرائیم کردبێت، چونکە ئەوەی یەك ڕۆژ پەیوەندی بە حیزبی بەعس کردبێت فاشیست ترین کە گەورەترین پێشێڵی مافی مرۆڤ و دژی مرۆڤایەتی کردووە، هەرکەسێك لەو حیزبە

ڕۆژێك لە ڕۆژان پەیوەندی كردبێت، كەواتە بەشدارە لەو جەریمانە، بـە هـیـچ شـێوەیەك مـافی ئـەوەی نیـە ببێتە سەرۆكی ئەو هەیئەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 5 خاڵی 3 (یشترط فیمن یعین رئیسا للهیئة) وابزانم برادەران زۆر باسی ئەو خاڵانەیان كرد (أن یكون من مواطنی الاقلیم) ئەوەیان زۆر باشە، دووەم/ ان یكون حاصلا علی شهادة جامعیـة اولیـة علی الاقل) بەڵام ئەو (متمتعا بالكفاءة والخبرة) لەدوای ئەوەوە، چونكە ئەو خاڵە زۆر گرنگە هـەر بـا ڕەبـت نەكرێت بە شەهادەی جامیعەیەكەوە، وەكو ئەوەی كە لە مەجلسی مفەوەزیەی بەغدا كە دەڵێت ( ان لایقـل عمره عن 35 عاما) تەئكید بكرێت بۆ بەوەی بەڕاستی ئەو لیاقەتەی ئەو، لەبەرئـەوەی ئیشـەكەی زۆر زۆر گرنگە، كە ئەو شەهادەی جامعیەكە دوای ئـەوە (أن یكـون مـن ذوی الخـبرة فـی مجـال حقـوق الانسـان) دوای ئەوە (غیر من ینتمی الی ایة تنظیمات سیاسیة) ئەوە زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 5 بە نیسبەت بڕگەی 2 من حەزدەكەم بەو جۆرەیە بێت (رئـیس الهیئـە)ببێتـە دوو خـاڵ، یەكـەم/ تقدیم طلبات الترشیح لرئاسة الهیئة مـن قبـل الكتـل البرلمانیـة ومنظمـات حقـوق الانسـان المحلیـة الی رئاسـة البرلمان)، دووەم/ یعین من قبل برلمان كوردستان بموافقة الاغلبیة البسیطة ویصدر مرسوم اقلیمی بذالك، بە نیسبەت خاڵی 3 لە بڕگەی 2 ئەویش بكرێتە دوو خاڵ، یەكەم/ یتمتع بالكفاءة والقابلیـة والخبرة والنشـاط فی مجال حقوق الانسان، دووەم/ حاصل علی شهادة جامعیة اولیة فی القانون، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێین كە ئـەم ماددەیـە بـۆ خـۆی دەیـەوێ بـاس لـە پێكهاتـەی ئـەم هەیئەیـە بكـات و تـەركیزی كردووەتـە سـەر شەخسـی سـەرۆكی دەسـتەكە، مولاحـەزەی یەكـەم ئەوەیـە، ئێمـە لـە مـاددەی 1 هەندێك عیباراتمان داناوە بە ئیختسار، بەڵام ڕەچاوی ئەوەمان نەكردووە لـە كـاتی باسـكردنەكە، مەسـەلەن لە ماددەی 1 گوتراوە ڕەئیس، یەعنی ڕەئیسی هەیئە، ڕەئیسی هەیئە ئەوەنـدە نـابێ دووبـارە ببێتـەوە، كـە

لێرەدا تەقریبەن دووجار یان زیاتر دووبارە بۆتەوە، تەرکیز لەسەر ئـەوە دەکـەم کـە کاتێـك ئێمـە بـەراورد دەکەین لە بەینی یاسایەکاندا بە تایبەتی ئەو یاسایانەی کە لە ناوەند دەردەچێ و ئەوەشی کە لـە هەرێمـدا دەردەچێ لەڕاستی دا دەبێت هەوڵ بدەین ئەوەی ئێمە وەکو ڕۆژی پێشووش باسم کرد لەو بەهێز تـر بێـت عەلـەل ئەقـەل وەکـو ئـەو بێـت، لێـرەدا حیکمـەتی دروسـت کردنـی ئـەم دەسـتەیە، دەسـتەی سـەربەخۆی پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا بۆ ئەوەیە لەو حاڵەتانەدا کـە هەسـت دەکرێـت ئینتهاکـات دەکرێـت بـۆ حقوقی ئینسان، دەبێـت دسـتەیەك هـەبێت سـەربەخۆ بـە مـەعنای کەلیمـە بـۆ داکـۆکی کـردن لەمافـەکانی مـرۆڤ، لەڕاسـتی دا ئـەم دەسـتەیە بـە پێـی ئـەو پرۆژەیـەی کـە ئێسـتا لەبەردەسـتمان دایـە، نیسـبەتەن لـە سەربەخۆییەکەی کەم دەبێتەوە کاتێك کە بە پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران ڕەئیسەکەی دیاری بکرێت، وە لەو لایەشەوە بە مەرسومێکی ئیقلیمی تەعین ببێت دوای موسادەقەی پەرلـەمان، ئـەوەی کـە لـە عـیراق دا هەیـە تەماشـا دەکـەی ئـەوان زیـاتر تـەرکیزیان کردووەتـە سـەر ئەنجومـەنی دەسـتەکە، پاشـان ئەنجومـەنی دەستە بۆ خۆی لەناو ئەندامەکانیدا کە هەر کامێکیـان شایسـتەی ئـەوەیان هەیـە ببـێ بـە سـەرۆکی دەسـتە یـەکێك هەڵدەبـژێرن، ئالیـەتی پێکهێنـانی ئـەم دەسـتەیە، چاکتر وابـوو لەلایـەن پەرلـەمانی کوردسـتانەوە لیژنەیەك لە پسپۆڕان پێکبهێندرێت کە نوێنەری هەم پەرلەمانی تێدا بێت لەلیژنەی مافی مرۆڤ، نوێنەری ئەنجومــەنی وەزیرانــی تێــدا بێــت، وە نوێنــەری ئەنجومــەنی دادوەری تێــدا بێــت، هــەروەها نوێنــەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پاشان ئەگەر بکرێت مەکتەبی ئومەمی موتەحیدە بۆ حقـوقی ئینسـان، ئەمان بێن کەسانێك تەرشیح بکەن بۆ ئەوەی ببێ بە ئەندامی دەستە، یەعنی بەو سیغەی کە ئێستا لێـرەدا هەیـە، لەڕاسـتی دا هەسـت دەکـەین سـەرۆکی دەسـتە موجـەرەد وەزیرێکـە و مەجموعەیـەك مـوەزەفی لەبەردەست دایە، بەڵام ئەگەر ببێ بە دەستەیەکی وەها هـەر کامێکیـان شایسـتەیەکی تـەواویان هـەبێت بـۆ ئەوەی سەرۆکی دەستە بێت، یەعنی دەبێـت بـە لوتکەیـەك لـەناو مەجموعەیـەك لـەناو لوتکەیـەك، یـەعنی نابێ بە (عملاقا بين اقزام) دەبێت بە ئینسانێکی گەورە بەڕاستی لـەناو مەجموعەیـەکی گـەورەدا، کەسێکە گەورە لەناو مەجموعەیەکی گەورەدا، بۆیە ئالیەتەکە پێشنیاز دەکەم کە بەو شێوەیە بێت کە دەستەکە زۆر گرنگی پێ بدرێت لە پێکهێنانی دا ئینجا دەستەکە بۆ خۆی بێت، یەکێك کە لە هەموویان زیاتر شایەتی بـۆ دەدرێـت کـە کەفائـەتی هەیـە و خیـبرەی هەیـە، ئەمـە یـەك، دێینـە سـەر ئـەوەی باسـی شـەهادەی جـامعی دەکرێت، لەڕاستی دا بە تەنها هەڵگرتن و دارا بوونی شەهادەیەکی جامعی کافی نیە، بەڵکو دەبێـت کەسـێك بێت شایەتی بـۆ بـدرێت لەلایـەن کەسـانی پسـپۆڕەوە کـە کەفائـەتی هەیـە، شارەزایی هەیـە، چـونکە ئێسـتا خۆتان دەزانن شەهادە وەرگرتن ڕەنگە ئاسان بێت، یەعنی شەهادە وەرگرتن ئاسانە، بەڵام زانـا بـوون و دانـا بوون و شارەزا بوون، لەڕاستی دا موئەهیلاتێکی زیاتری لە مەسەلەی شەهادە دەوێ، باسی ئەوە دەکرێت کە لەڕووی ئینتمای فکریەوە دیارە ناتوانین ئێمە سنوور دانێین بۆ کەسێك، بەڵام تەماشـا دەکـەین لـە عیراقـدا بە مەرج وەرگیراوە لە قانونەکەی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دا دەرچووە، دەبێت ئینتمـای نـەبێت بـۆ تـەنزیمێکی سیاسـی موعەیـەن، کـە ئینتمـای نـەبێت بـۆ تـەنزیمێکی سیاسـی موعەیـەن، زیـاتر نیشـانەی

سەربەخۆیی بە دەستەکەوە دەردەکەوێت، نەك تـەنها سـەرۆکەکە، بـەڵکو ئەندامەکانیشـی بـە هـەمان شـێوە حەق وایە کە سەر بەلایەنێکی سیاسـی دیـاری کـراو نـەبن، بـەڕێزان مـەوزوعی سـوێند خـواردنیش، ئەگـەر ئێمە دیاری بکەین بە سیغەیەك هەر لەم ماددەیـەدا، یـان سـیغەیەك ئیتیفـاقی لەسـەر بکـەین بـۆ ئاگاداری ئەوە بین کـە نیسـبەتێکیش دابنێـنین بـۆ ئـەو کەمینـە نەتەوەییانـە یـان کەمینـە ئـاینی و ئەسـنیانەی کـە لەکوردستاندا هەن، ئەوانیش بەپێیی نیسبەتی خۆیان نوێنـەریان لـەم دەسـتەیەدا هـەبێت، نیسـبەتی ژنـان دیاری بکرێت بەپێیی ئـەوەی کـە ئێسـتاکە داکۆکی زۆر لـە مـافی ژنـان دەکرێـت، ئـەمانیش حـەقی خۆیانـە، پاشان باس لەوە بکرێـت کـە سـەرۆکی دەسـتە بـە پلـەی وەزیـر بێـت، جێگرێکـی هـەبێت بـە پلـەی جێگـری وەزیـر، هـەرکامیش لـە ئەندامـەکانی دەسـتە بـە پلـەی مـودیری عـام بـن، دیـارە مـاددەی چـوارەم بڕگـەی یەکەمەکەشی زۆر دوروو درێژە، هەر بوترایە (الـرئیس: بریتیـە لەسـەرۆکی دەسـتەو مەسـئولی موباشـیرەو مەسئولی قانونی ئەم دەستەیە) یەعنی بۆ ئەبێت ئێمە هەمیشە ئەو تەفصیلاتە لەماددەیەکدا، یەعنی هەر کەس بۆی هەیە وشەیەك ئیزافە بکات، هەر کەسەش پاساوی هەیـە، بـۆ ئیزافـە کردنـی وشـەیەك، بـەڵام تـا عیبارەتەکان بەڕاستی کورت تر بن مورەکـەز تـر بـن، مرونـەت بـۆ تەفسـیرو مـەجال بـۆ لێکدانـەوەی زیـاتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سمیر سلیم، فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من قسەکانم کران بەس یەك، دوو تەئکید کردنـەوەم هەیـە، کـە وتـراوە (هیئـە مستقلە) واتـە لـە دەسەڵاتی تەنفیزی موستەقیلە، نەك لە شتی تر، بۆیە پێویستە دەسەڵاتی تەنفیزی، دەسەڵاتی دیاریکردنی ئەم دەستەیە نەبێت، خاڵی دووەم: دیاریکردنی دەستەکە جیهەتەکە دیار نیە، مەرجەعەتەکە دیار نیە، کێ دیاری دەکات؟، ژمارەکانیان چەندە، بە چ میکانیزمێك دیاری دەکرێت؟، ئەگەر تەنها سەرۆك دیاری بکرێت و لەلایەن پەرلەمانیشەوە دیاری بکرێت، دیسانەوە پێویست دەکات کۆی دەستەکە هەموویان دیـاری بکـرێن، لەناو دەستەکەشدا لەنێوان خۆیاندا سەرۆك دیاری بکرێت، تەبیعی ئـەوە دەبێـت پەرلـەمان میکانیزمەکـەی دیاری بکات، سێیەم: کاتی سەرۆکایەتی دیاری کراو نیە لە یاساکەدا، پێویستە ئەویش دیاری بکرێت کە (4) ساڵە یان(2)ساڵە، یان ساڵانەیە، کاتەکەی دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ تەئكیدی كردنەوە لەسەر بۆچوونی هاوكارانم زیاتر ئەوەی كە پەیوەندی بە سەربەخۆیی هەبوو، كە سەرۆكی دەستەكە بەلای منەوە پێویستە سەر بەهیچ ڕێكخستنێكی سیاسی نەبێت، یان ئەم مەرجەی بۆ دابندرێت، كاتێ كە ئەو پۆستە وەردەگرێت، دەبێ پەیمانی ئەوە بدات تا لەو پۆستە دەمێنێتەوە ئینتیمای بۆ هیچ ڕێكخستنێكی سیاسی نەبێت، خاڵێكی تر، كە پێویستە قسەی لەسەر بكەین پەیوەندی بە سەربەخۆیی بوونیەتی كە ئەم دامەزراوەیە یان ئەم دەستەیە سەر بە پەرلەمانە، پێویستە لە پەرلەمانەوە ئەو میكانیزمە دادەندرێت بۆ دانانی سەرۆكی دەستە، نەك لە پێشنیار كردن لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، خاڵێكی تر كە دەمەوێت تەئكیدی لەسەر بكەم، ئەم سەرۆكە چ دەسەلاتێكی هەیە بەرامبەر بە ئێمە و وەزارەتێكمان هەبوو، وەزارەتی مافی مرۆڤ بەرامبەر بەم وەزارەتە، وەكو میلاك و مومتەلەكات و شتی وای هەبوو، یەعنی ئەم سەرۆكە چ سەلاحیەتێكی هەیە لە بەكارهێنانی هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتەكە بۆ ئەم دەستەیە، ئەمە خاڵێكە قسەی لەسەر بكرێت، لەسەر مەسەلەی بەزۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئامادە بوو، بكرێت بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر وەكو هەموو هاوڕێكانم پێم وایە ئەو دەستەیە، دەستەیەكی سەربەخۆ بێت، دەبێت لەلای ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشنیار نەكرێت و دیاری نەكرێت، چونكە ئەو دەستەیە چاودێری لە بەڕێوەبردنی چۆنیەتی ئەنجومەنی وەزیران دەكات، ئەو دەستەی كە جێبەجێ كردنەكەی دەكات، لەبەر ئەوە دەبێت دەستەیەكی سەربەخۆ بێت، ئەو دەستەیەش بە سیڤی بێت، یەعنی هەر كەسێك بیەوێت خۆی هەڵبژێرێت بۆ سەرۆكایەتی ئەم دەستەیە سیڤی خۆی پێشكەش بە پەرلەمان بكات، پەرلەمان لەسەری هەڵبژێرێت و ئیتر بێتە ناو پەرلەمان و دەنگی لەسەر بدەن، ئەو كەسەش ئەكادیمی بێت زیاتر دەرچووی یاسایی بێت، یەعنی كۆلێژی یاسای تەواو كردبێ، شارەزا بێت لە یاساو مافی مرۆڤ، لە بڕگەی دووەمیش كە منیش پێم وایە ئەوە دەبێ ماوەكەی دیاری بكەین، كە (4)ساڵ دەبێت یان (3) ساڵ دەبێت، كە ئەو كەسە سەرۆك دەبێت، بەنیسبەت سێیەم، منیش پێم باشە بڕگەیەكی تریش زیاد بكەن، لە مەرجەكانی سەرۆك، ئەویش بەهیچ شێوەیەك سەر بەهیچ لایەن و دامەزراوەیەكی حزبی و ڕێكخراوێكی سیاسی نەبێت، كەسێكی موستەقل بێت و سەربەخۆ بێت، ئەو كەسە بێتە هەڵبژاردن كە بتوانێ ئەو ئیشە جێبەجێ بكات، بە سەربەخۆیی و بەبێ تەئسیری لایەنێك، ئەگەر ئەو كەسە بێتە هەڵبژاردن یان دامەزراندن سەر بەلایەنێك

بێت یان بەلایەنێك بێتە هەڵبژاردن، دەكەوێتە ژێر تەئسیری ئەو كەسە یان ئەو لایەنەو ناتوانێ ئیشەكەی خۆی بەڕێك وپێكی جێبەجێ بكات، دەبێ بەتەواوی سەربەخۆ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فازڵ بەشارەتی، فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی قسەكان هەمووی باس كران، بەس من تەلیحێكی بچووك دەدەم، لە ماددەی پێنج لە بڕگەی دووەم، باسی دەستەكە دەكات، كە باشتر وایە پلەی سەرۆكی دەستەكە دیاری بكرێت، چونكە ئایا مودیر عامە، بریكاری وەزیرە، یان وەزیرە؟، هەرچەند ئەو بەڕێزانەش باسیان كرد، لە ماددەی دووەم لە بڕگەی یەكەم هەرچەند دەنگی لەسەر دراوە، باسی دەستەكە دەكات كە دەبێت بە پەرلەمانەوە وابەستە بێت و لەبەردەمیدا بەرپرسیار دەبێت، من پێشنیار دەكەم بەحەقیقەت دەستەكە پەرلەمانیش دەستنیشانی بكات، كە ئەو دەستەیە كێ بێت، من پشتگیری لە قسەكەی كاك سەمیر دەكەم، كە دەستەكە چەندە؟، خاڵێكی تر زۆر لەو بەڕێزانە باسیان لەوە كرد كە ئەو كەسە نابێ حزبی بێت، بە بڕوای من كەسی ناحزبی نیە لە كوردستان، مەگەر هەر زۆر بەدەگمەن بگەڕێیت بە شوێنیدا، ئەگەر دەستیشت بكەوێ، بەلام باشتر وایە، وەكو هەموو ئەو كەسانەی كە لە پلە جۆربەجۆرەكانی كوردستان هەموو لەناو حزبیدا بوون، بەلام كە ئەو پلەی وەرگرت زۆر ئاساییە بچێت، لەكاتی سوێند خواردن واز لە پلە حزبییەكی بێنێ و تایبەت بەو كارەی خۆیەوە سەرقاڵ بێت كەسوێندی بۆ دەخوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە سەرۆكی دەستە كە دەیخوێنیتەوە لە بڕگەی یەكەم وا هەست دەكەی زۆربەی ماف و دەسەڵاتەكان لە سەرۆكی دەستەدا كۆبووەتەوە، ئەمەش ئەم سەرۆكە، سەرۆكی دەستەیەكی سەربەخۆو بۆ مافی مرۆڤە، كەوا سەیری دەكەی وا هەست دەكەی هەموو دەسەلات و مافەكان بۆ خۆیەتی و ئیش و ئەركیش بۆ ئەندامانی دەستەكەیە، بۆیە پێم باشە كورتی بكەینەوە، هەر وەكو تەبیعەتی ماددە، بڵێین ( رئیس الهیئة هو المسؤول المباشر عن تنفیذ سیاساتها ویمثل الهیئة لدى الجهات الحكومیة) ئەو مەقتەعە لابەرین، خۆ ئەگەر مایەوە ئەو مەقتەعە درێژە ئەوە لە كۆتاییدا بنووسین، (وفق القانون وبعد المشاورة مع اعضاء الهیئة)بۆ ئەوەی پێوەی دەربكەوێت كە ئەمە خۆی بەتەنها دەسەڵاتەكان قۆرخ ناكات بۆ خۆی، ئەمە یەكەم: دووەم: كە باسی تەعینی سەرۆكی دەستە دەكەین بە پلەی تایبەت من لێرەدا دەڵێم بۆ بە پلەی تایبەتە، پلەی تایبەت من هەست دەكەم لەخوار پلەی وەزیرەوەیە، ئەم سەرۆكی دەستەیە مامەڵە دەكات لەگەڵ سەرجەم وەزارەتەكان، ئەمە یەك، دوو: ئەوەی كە بەڕێز حاكم رزگاریش باسی كرد، كە ئیشكالیەتێكی لە موصادەقەكەشدا بۆ دروست بووە، من پێم وایە ئەكرێت ئەم سەرۆكە پلەی وەزیری هەبێت، چونكە ئێمە دەستەیەكی ترمان تەشكیل كرد پێش ئەم دەستەیە، ئەویش هەر بەپلەی وەزیر بوو، كاتێك كە سەر بە دەزگای تەنفیزی بوو،

بۆچی ئەم کە سەر بە پەرلەمانە بەپلەی تایبەت بێت، حەقی خۆیەتی مادام سەر بە پەرلەمانە، بەپلەی وەزیر بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ و سەلاحیەتی هەبێت بەسەر وەزارەتەکانی تردا، خاڵێکی تر هەر بەهەمان شێوە زۆر تەئکید دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە بە کاندید بێت، بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێنین بۆ خەڵکێکی تر ئەو کاتە لەباتی ئەوەی بڵێین مەرجی دامەزراندن ئەوەیە، بڵێین مەرجی ئەو کەسانەی کەخۆیان دەپاڵێون ئەوەیە، خاڵێك زیاد بکەین ئەویش ئەوەیە کە کاری کردبێ لەناو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مافی مرۆڤ، بۆ ئەوەی دەرفەتێك بڕەخسێنین بۆ ئەوانەی کە ئیش دەکەن لەناو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا، هەنگاوێکیش بنێین بەرەوڕووی بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگاکەمان، خاڵێکی تر کە دەڵێت (بالاغلبية المطلقة) بڵێین (لعدد اعضاء البرلمان)نەك (لعدد الاعضاء الحاضرين)، خاڵێکی تر ئەوەی دکتۆر صباح باسی کرد، بەڕاستی لە وەزیرەکاندا ڕێژەی ئافرەت زۆر کەم بوو، ئەگەر ڕەچاوی ڕێژەی ژنان بکرێت لەم دەستانەدا، جێگای خۆیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هاوڕاز خان، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ قسەکانی مامۆستا عمر عبدالعزیز، بەڕاستی لەمەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکی دەستەکە بە سیفی و هەم دەستەکەش بە کاندید کردن و مونافەسە کردن بێت، من لە ماددەی پێنجەم بڕگەی یەکەم، کە نازانم سەرۆکی دەستەکە، سەرۆکی ئیدارەی دەستەکەیە پێم وایە ئەوە شتێکی زیاد بێت، سەرۆکی دەستەکە بەسە، لێرەدا من پێم وایە هەڵەیەك هەبێت، سەرۆکی دەستە بەرپرسە، ئەوە ببێت بە بەرپرسی یەکەمە، لەجێبەجێ کردنی سیاسەتی دەستەکە، لێرەدا وەکو ناسك خانیش باسی کرد، ئەم هەموو دەسەڵاتە دراوە بە سەرۆکی دەستەکە، بەتایبەتی لە بڕیاردان و فەرماندان و ڕێنمایی کردنەکان دوایی لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت ئەمە بەپێیی یاسا لەسەرۆکی دەستەکەوە دەردەچێت، دیارە حەتمەن ئەم بڕیارانە کە هەمووی لە سەرۆکی دەستەکەوە بڕیاری تاك ڕەوایانە دەبێت، ئەی دەستەکە بۆ چیە؟، ئەی دەستەکە بۆچی دانراوە؟، ئەوە جێگای پرسیارە پێم وایە ئاوا نابێت، لە بڕگەی دووەم کە خۆم هەر لەگەڵی نیم لە ماددەی پێنجەم، بەڵام هەڵەیەکی گەورە هەیە، کە دەڵێت سەرۆکی دەستە بە پلەی تایبەت لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێت، ئەگەر خۆی دامەزرابێت، ئەوە تەواو بووە کارەکە، ئەگەر ئەمە هەڵەی زمانەوانیش بێت هەر غەڵەتە، ئەگەر واش بێت کە خۆم لەگەڵیدا نیم، ئەبێ دیاری بکرێت، ئاوا بێت نووسینەکە نەك دادەمەزرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز، کە موداخەلەی باشتان کرد، ببورن کاك صباح بيت الله، بەسەر ناوەکەیدا بازمان داوە، چونکە دوو صباح بوون، فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت دەربارەی ماددەی پێنجەم من یەکەم شت تێبینیم لەسەر تەسەلسولی ئەو هەیە، بڕگەی یەك، دوو، سێ، من پێم باشە بڕگەی دوو ببێت بە فەقەرەی یەك، یان سێ ببێت بەدوو، یەکیش ببێت بە سێ، صیاغەی یەکەم بە عەرەبی بەم شێوەیە بێت، ( يتولى رئيس الهيئة المهام الادارية والمالية والتخطيطية والتنظيمية والفنية وفق القانون، وهو المسؤول المباشر عن تنفيذ سياساتها، وإصدار القرارات والاوامر والتعليمات في كل مايتعلق بإختصاصات الهيئة ويمثل الهيئة لدى الجهات الحكومية والمؤسسات والهيئات الأخرى ذات العلاقة، داخل الاقليم وخارجه). بەڕای من ئەم خاڵە بەو شێوە بێتە صیاغە کردن، بڕگەی دووەم: ثانياً: يعين رئيس الهيئة بدرجة خاصة بمرسوم اقليمي بعد ترشيحه بالتنسيق مع رئاسة مجلس الوزراء والبرلمان، ومصادقة البرلمان على المرشح بالاغلبية المطلقة لعدد الاعضاء الحاضرين. بڕگەی سێیەم: یەکەم: (ان يكون من مواطني الاقليم و ساكناً فيه) سێیەم: (ان يكون حسن السيرة والسلوك وغير محكوم بجريمة مخلة بالاعتبار)ببێت بە (غير محكوم بجناية او جنحة مخلة بالشرف) چوارەم( لم يشارك في الجرائم التي ارتكبتها السلطات القمعية) بەرای من ببێت بە (غير مشارك) یەعنی لە کۆتاییدا من دڵنیم پێویستە چەند سەربەخۆیی ئەم دەستەیە مانای یاسایی و ئیداری بدەینێ، لەلایەك سەر بەهیچ وەزارەتێك نیە، لەلایەکی تریش وەکو لەماددەی دوودا هاتووە، سەر بە پەرلەمان بێت، یان وابەستەی پەرلەمان بێت، ئەوەش ناگەیەنێ کە بەشێك لە پەرلەمانە، بەڵام ئەگەر پەرلەمان سەرۆکی دەستە دیاری بکات، ئەوە دەری دەخات کە ئەولەویەتی کاری جێبەجێ کردنی وەکو هەر دامودەزگایەکی تری دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، یاسا جێبەجی دەکات، لەبەر ئەوە لە دەست نیشان کردنی سەرۆکی دەستە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان ئەمە بە شتێکی ڕاست و ڕەوان دەزانم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ هەموو لایەکتان موداخەلەی زۆر بەسوود کرا، ئەم پڕۆژەیە زۆر گرنگە، پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە، بۆ بەدبەختی لەکارەباش مرۆڤ دیارە ئەمڕۆ شانسی نیە، جارجارە کارەبا قەتع دەبێت، زۆر شتی بەسوود وترا، مەسەلەن مەرجاکانی کە دادەندرێت؟، بێلایەنی سەرۆکی دەستەکە؟، سوێند خواردنەکە؟، دەستەکە چەند بێت؟، چۆن بێت؟، بۆیە زۆر خاڵی تری بەسوود وترا، ئێمە داوا دەکەین جارێکی تر لیژنەی هاوبەش، پێداچوونەوەی بۆ بکەن و بەماددەی پێنجیشدا پێداچوونەوە بکەن، کە دەبێت بەشەش لە پڕۆژەکە، داوایان لێ دەکەین کە سبەینێ سەعات 10 لیژنەی هاوبەش لەسەرۆکایەتی بێت، بۆیە دانیشتنەکەمان دوا دەخەین بۆ سبەینی سەعات 11، تا ئەوکاتە بەخوای گەورەتان دەسپێرین، وەڵام دانەوەکە و حازر بوونەکە سبەی دەبێت، خواتان لەگەڵ.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **ارسلان بايز اسماعيل** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى)** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 19\5\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (12)

## چوارشەممە ڕێکەوتی 2010/5/19

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2010/5/19 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) سەرۆکی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (12)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2010/5/19 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (12)، ڕۆژی دانیشتن 2010/5/19، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی برگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (12)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (3)ی پاش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2010/5/19دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان – عێراق.

دەنگی ئەو بەڕێزانە دەرنەچووە لەبەر هۆکاری فەنی، ئەو بەڕێزانەش ئەمانەن:

1- د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی.

2- بەفرین حسین محمد.

3- د.زانا ڕؤوف حمە کریم.

4- عمر عبدالرحمن علی.

5- هاژە سلێمان مصطفی.

6- سۆزان شهاب نوری

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ناویان دەنووسین، ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسیووە (عمر عبدالعزیز، سۆزان شەهاب، دڵشاد شەهاب، دکتۆر زانا، ئامینە زکری، پەروین عبدالرحمن، حسن محمد سورە، خەلیل عوسمان، بلال سلێمان، حمە سەعید، بەیان احمد، زکیە صالح، شلێر محمد، شێروان حەیدەری، صباح بیت الله، عبدالسلام بەرواری، رەفیق صابر، صباح بەرزنجی، ناسك تۆفیق، کەیلی اکرم، عبدالرحمن حسین، بێریڤان)، کەس ماوە ناوی نەنووسی بێت، ئەحمەد وەرتی، بەڕێزان کەرەم بکەن، کاك عومەر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەنیسبەت ماددەی حەوتەوە، پێنج، شەش تێبینیم هەیە بەکورتی:**

**یەکەم/ پشتیوانی دەکەم لە راو سەرنجی هەردوو لیژنەی بەڕێز لە تەعدیلەکە، بەنیسبەت دیاری کردنی بەڕێوەبەرە گشتیەکان و، هەروەها ئیزافە کردنی نوێنەرانی پەرلەمان و مەجلیسی وزەراو مەجلیسی قەزا، وەکو تەسنیە کردن لەسەری شتێکی باش بوو، کە پێشتریش پێشنیار کرا.**

**دووەم/ بەنیسبەت ئەم دائیرانەوە، من وادەزانم دائیرەیەك نوقصانە، یان مەهامێك نوقصانە، یان دائیرەیەك، ئەویش دائیرەی تەوعیەیە لە بواری ماڧی مرۆڤ، جا من پێشنیار دەکەم ئەگەر دائیرەشی بۆ ئیزافە نەکەین، لە کۆتایی خاڵی چوارەمدا (دائرة العلاقات والاعلام) تەوعیەی موئەسەسات و جەماهیریشی تێ بکەن (توعیة المؤسسات والجماهیر فیما یتعلق بحقوق الانسان)، چونکە ئێمە لەمەهامەکاندا پێشتر خاڵی دووەم لە مەهامەکاندا گوتوومانە، بەڵام چ دائیرەیەك هەڵدەستێت بەم ئەرکە؟ لێرە دیاری نەکراوە، یەعنی لەناو ئەم خاڵانە باسی تەوعیەی تێدا نییە، لەکاتێکیشدا لە مەهام دامانناوە یەکێك بێت لە ئەرکەکان، جا وابزانم لەوێ بە عەتف ئیزافەی بکەین، یان دائیرەیەکی سەربەخۆی بۆ دابنێین لەجیاتی گرنگی پێدانەوە، رەنگە بهێێت.**

**سێیەم/ خاڵێکی تر، بەنیسبەت فەقەرەی سێیەمەوە، مەرجی راوێژکاران، شەرتەکانیان، نازانم هەر ئەو عمومیاتە کافیە، کە باسی کافەئەت و ئەهلیەت، یان هەندێ مەرجیان بۆ دابنرێت، نازانم لە رووی یاساییەوە، بەڵام زۆر وازیح نییە، کە مونافەسەکە چۆن دروست دەبێت؟ ئەو شروتانە، حەددی ئەعلاو حەددی ئەدنای شروتەکان چین؟**

**من تێبینیم هەیە بەڕاستی لەسەر دوو راوێژکار، وادەزانم لەزۆربەی دەستەکاندا راستە گوتوومانە دوو راوێژکار، پرسیارێك لەلای خۆم و رەنگە لەلای زۆر کەسیش دروست ببێت، بۆچی نالێین سێ راوێژکار، یان یەك راوێژکار، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دابەش بوونی بەسەردا دروست نەکرێت، یەعنی نازانم لە رووی یاسایی جوابێکی هەیە، کە هەموو جار دوو راوێژکارە، ئایا دوو زیاد نییە؟ ئەگەر یەك راوێژکار بێت کافی**

نییە، یان مەسەلەن ئەگەر سێ راوێژکار بێت زۆر زیادە، روون کردنەوەیەك بدرێت لە رووی یاساییەوە پێم باشە، لێرە شتێکمان لەبیر چووە، وابزانم دوێنێش ئاماژەی پێکرا، من هەر لە پێرێوە لە تێبینیەکان نووسیومە بۆ دەستەکە، ئێمە ئێستا بەم ئیزافانەوە دەستە بوون بە ئەنجومەنەکە، دەبێت بە حدودی یازدە کەس زیاتر، پێم باشە رێژەی ئافرەتان بە تەحدید بنووسین، خۆمان مولزەم بکەین لەو یازدە، یان سێزدە کەسە، بەلای کەمی یەك لەسەر سێی ئافرەتان بن، دوێنێش دوو کەس، سێ کەس وابزانم لە پەرلەمانتاران باسیان کرد، منیش تەسنیەی دەکەمەوە.

هەندێ مولاحەزەی لوغەویە، نازانم زۆر دووبارەیان دەکەینەوە، داوا لەسەرۆکایەتی بەرێز دەکەم، هەموو جار پێشنیاری ئەوە دەکرێت، یان موصەحیحێکی لوغەوی، بۆ ئەوەی کاتی مەجلیس نەگرین سێ، چوار مولاحەزەی لوغەوی لەسەر ئەم شتانە هەیە، یان ئەمر بفەرموون یەکێك پیا بچێتەوە، یان چەند کەسێك دیاری بکرێت، چونکە وابزانم هەر تێدەپەرین دەڵێین تەصحیح بکرێت، ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سۆزان شەهاب فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دەستەیە وەك هاتووە لە ئەسڵی مەشروعەکە، لە ماددەی پێنجەم (ثالثاً: یکون للهیئة مجلس یتألف من الرئیس ومدراء دوائر الهیئة وعضوین مستشارین)، ئەمە لێرە وا باس کراوەو تەفاسیلیشی داوەتێ (یجتمع) لەکاتی (طارئ)ـە، لە چاك کردنەوەکەی باسی بەڕێوەبەرە گشتییەکان نەماوە لەناو ئەو هەیئەیە، ئایا ئەم ئەنجومەنەی کە ئێستا بەرێزان لە دوای تەعدیلات چاکیان کردووە، بۆچی بەڕێوەبەرایەتیەکانیشان بۆ ئیزافە نەکردۆتەوە؟ بەتایبەتی تۆ بەڕێوەبەرێکت هەیە بەناوی (رصد) و (اداء) ئەوە تیا دیاری نەکراوەو نەنووسراوە لێرە بەڕێوەبەرەکانیش تیا بێت، ئەگەر لەبیر چۆتەوە، مەفروزە ئیزافە بکرێتەوە.

سەبارەت بە نوێنەری پەرلەمانی کوردستان، تەبعەن دەڵێت یەك نوێنەر، دەبێت دیاری بکرێت ئەو نوێنەرە کێیەو چۆنەو چۆن نییە؟ نازانم ئەویش دەکەوێتە بەر بواری سوێند خواردنەکە، یان ناکەوێت؟، جارێکی تر هەر ئەو کەسانەی لەناو ئەم ئەنجومەندا دادەنیشن، ئەوانیش هەر سوێند دەخۆنەوە جارێکی تر، یان ئەو سوێندە هەر تەنها بۆ سەرۆك و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەبێت کە دەچن لەو دەستەیە کار دەکەن، چونکە ئێستا ئەم دەستەیە ئەم ئەنجومەنەی هەیە، ئەم ئەنجومەنانە خەڵکی کاران لەناو ئەو دەستەیە، کەواتە ئەوان موحەریکی رەئیسی دەستەکەن، چۆن دەبێت؟ ئەوانیش هەر دەبێت جارێکی تر سوێند بخۆنەوە، ئەمە پرسیارێکە، دوای ئەوە ئالیەتی دەست نیشان کردنەکە، مەسەلەن دەڵێت دەستەکە ئەنجومەنێکی دەبێت و پێك دێت لەمانە: سەرۆکی دەستە، نوێنەری پەرلەمان، نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران، ئەمانە کێ دەست نیشانیان دەکات؟ ئەو جیهەتەی کە موخەوەلە، بۆ ئەوەی کەسەکان دەست نیشان بکات، کێیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار زانا فەرمووو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك، دوو تێبینیم هەیە، دەستخۆشی لە هەردوو لیژنەی بەڕێز، لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی مـافی مـرۆڤ دەکەم، بەس وا هەست دەکەم شتێك هەبوو، تیٚ نەگەیشتنێك بوو لە مەفهومەکە، مـن پێشـنیاز دەکـەم ئـەو دەسـتەیە، بـۆ ئـەوەی تێکـەڵاو نـەکرێت، هـەردووکیان بکرێنـە یـەك ئەنجومـەن، یـەعنی لـەجیاتی ئـەوەی دەستەیەکمان هەبێت و ئەنجومەنێکیشمان هەبێت، هـەردووکی یـەك ئەنجومـەن بێـت، ئـەم ئەنجومەنـە لـە بەڕێوەبەرە گشتیەکانیش تیایدا بەشدار بن، ئـەو نوێنـەری پەرلـەمان و نوێنـەری ئەنجومـەنی وەزیـرانیش هەمووی ببێتە ئەنجومەنێکی موەسەع، چونکە ئێمە دەستەیەکمان هەیـە سـوێندی یاسایی دەخـوات، بـەڵام ئەنـدام نییـە لـە ئەنجومـەنێك کـە بڕیـارە ئەساسـیەکان لـەلای ئـەوەوە دەردەکرێـت، یـەعنی ئـەوە تۆزێـك خـەلتێکی دروسـت کـردووە لـەم حاڵەتـەدا، ئەگـەر ئێمـە ئـەو ئەنجومەنـە بکەینـە هەیئەیـەکی موەسـەع، بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەگەڵ نوێنەرەکان تیایدا بەشدار بن، ئەمە یەکەم.

دووەمیان/ بەنیسبەت موستەشارین لـەناو ئەنجومەنەکـە هـەن، ئایـا ئـەوان مـەشمولن بـە سـوێند خـواردنی یاسـایی؟ یـاخود مـەشمول نـین؟ چـونکە لـە رووی ئالیـەتی ئـیش کردنـەوە هەسـت دەکـەم ئـەوەی کـە موستەشارێك، یان ڕاوێژکارێك دادەنرێت و سوێندی یاسایی پیٚ بخۆی، ئەو سیفەتێکی هەیە، من وا پێشنیاز دەکەم ئەوان مەشمول نەبن.

سێیەمیان/ لە برگەی پێنجەمی ئەم ماددەیەدا، باس لەوە دەکات کە سەرۆك بۆی هەیە بانگهێشتی نوێنەری دەزگا پەیوەندیدارەکان بکات لە قیتاعی خاص و قیتاعی موختەڵەت، وا هەست دەکەم ئێستا شتێك نـەماوە بەناوی قیتـاعی موختەڵەتـەوە، یـەعنی ئـەو قیتـاعی موختەڵەتـە ئەگـەر ئـەوە لابرێـت شـتێکی زۆر باشـە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئامینە زکری فەرمووو.

**بەڕێز ئامینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت خاڵە سێییٚ/ دایەرەی کاروباری یاسایی بەحسیٚ هەندیٚ کر گەل هەر پێشێلکارییەکە پەیوەندی بە مافی مرۆڤی هەبیٚ، ئەگەر پێویست بکات، دەڵێت لێپێچینیٚ ل سـەر کـە تەڤـە، ئەڤـە خـۆ هـەر پێشـێلکاریەکا دژی یاسایی بێت، یان مافیٚ مرۆڤ بێت، ئەگەر پێویست بکا، ئەڤە تشتەکی عامتە کرە گرێدای خاص ڤەکر، ژ بەر هەندێڤە ئەڤەش قیمەتی دێنێتە خواریٚ، ڤێریٚ دیٚ تەفسیرات دێتە دەرچن، ئایا لەناحیەی مافیٚ مرۆڤ؟

لەناحیەی نەتەوەیی؟ یا چیە؟ ئەگەر پێویست بکات ژی بێتە دەرێ، ئەگەر سەر خالا دوێ یەعنی رێڤە بەریا روانینە هەڵسووڕان و پاراستنا مافێ مرۆڤ سەر وێ ئەڤ رێڤا بەری ببیتە نووسینگەها، یەعنی رێڤا بەریا فەرمانگەها تایبەت، یا تەفتیشا گشتی و پاراستنا مافا مرۆڤێ کو ڤێ دائیرە حەقی هەندێی هەبیتن، حەمی مەلەفات و سجلات و حەتا لاشەیێ ئەو کەسەی کو تووشی هەنێ ژی بن، ئاسارێت وێ لەسەر ژیانیان بشێ تاقە هەندێیان هەبی کو پێداچوونی سەر بی کە تەڤە و، راست ڤە کرنا یا خالە یاساییا وێ ژی ڤێ رەنگی بێتە کرن سەرا دانا زیندانیان و چاکسازی جیڤەکی و دەستەسەرکی و هەمی جیهەندی تر بێ وەرگرتنا مۆڵەتا بکات، یەعنی چ ئەوە هەنێ نەبی کو ئیجازەی وێش جیهە وەرگرێت پشتی هەنگی بچێتە وێندەرێ و، چاو پێ کەتنێ مەحکوم و دەستەسەر کریا بکات و تەسبیتا حالاتێ خەرقا مافێ مرۆڤ و ئاگاهداریا لایەنێ پەیوەندیدار بکات، بۆ وەرگرتنا ئیجرائاتن یاسایی تە پێ تڤی، هەروەسا پشت راست بوون ژی راستیا سکالا ئەوێت بۆ دەستێتن بە کوردی دەستێ سەر بکا ڤی شێوازێ راست ڤە کرن.

سەبارەت یا ئەنجومەنی کو ئەنجومەنی تر هەبیتن، ئەز دبینم بلا یا جودا بیتن، ئەنجومەنێکی جودا بیتن ژی دەستێ، ئەو ئەنجومەن کۆ نوێنەرێ پەرلەمانێ و ئەنجومەنێ وەزیران و دەسەلاتی قەزائی نوێنەرانێت وان تێدا بن، ئەو سەرپەرشتیا کارێ وان بکا، نەك ئەوانیش بێن ببن بە ئەندامێ وێ دەستێدا.

سەبارەت خالە پێنجی ژی بەحسی هەندێ کری کو ئەگەر سەرۆك بۆی هەیە نوێنەری لایەنی پەیوەندیدار وەزیرو رێڤە بەرێت هەرێم و هەردوو کەرتێ تایبەت و تێکە لەو رێکخراوێ کۆمەڵگاها مەدەنی داخاز بکات بۆ کۆبوونێ، هەر ڤێرێ ئارمانجێ وان داخازی کرنێ کۆبوونێ، یەعنی داخازی وان بۆ بانگهێشت کرنا وا بوو بۆ کۆبوونێ ڤێ دیار بێت، ئارمانجی حازر بوونی وان چیە؟ ئایا چاڤدێری کرنا؟ یا ژی دانا پێ زانینا؟ یا ئاڵوگۆڕ کرنا زانیارییا مابەینی وان دەستا، یەعنی ڤێتە تەحدید کرنەك هەبێتن، کو هەدەفا یا سەرەکی وان چیە؟

سەبارەت خالە چارێ/ ژی کو سەرۆکی بۆی هەیە وەختی پێ تیڤیدا داخازی هەندێ بکا کۆبوون بێتە گرێدان، نا، ئەڤەی سەر زێدە بێتە کردن، کو هەر داخازا هەر فەمانگەها دی تر ژی داخازا کۆبوونە نائاسایی بکات سەر داخازی وان ژی کۆبوون بێنە بەستن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار پەروین عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی لێرە پێکهاتەی دەستەکە نەبێتە دائیرەیەکی رووت و بێ هێز، پێویستە ئەنجومەنێکی پسپۆری هەبێتن، ئەو ئەنجومەنەش پێم باشە ئەنجومەنێکی جیا بێت لەگەڵ کارگێڕی دەستەکە، ئەو ئەنجومەنەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە بەپێی بڕگەی دووی ماددەی چوار هەڵدەبژێرێت و هەمان مەرجەکانی بڕگە سێی ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە، بۆیە من پێم باشە سەرۆکایەتی دەستەکە ببێتە ئەنجومەنی گشتی دەستەکە

لەگەڵ کارگێڕی دەستەکە، ئەنجومەنی گشتی دەستەکە پێك دێت لەسەرۆك و ئەندامەکانی، پێم باشە موفەتیشێکی گشتی مافی مرۆڤیشی لەگەڵدا بێت، بەنیسبەت کارگێڕی دەستەکە بێجگە لە بەڕێوەبەرایەتی دارایی و ئیداری و یاسایی و پەیوەندییە گشتییەکانی راگەیاندن بەڕێوەبەرایەتی راهێنان وگەشە پێدانیشی لەگەڵدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار حەسەن محەمەد فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە بەنیسبەت دەوائیر لە وەزارات و موئەسەسات دوو نەوعە دائیرەمان هەیە، دەوائیری ئیداری ومیهەنی و، دەوائیری مەهاممان هەیە، کە ئەو وەزارەتە تەخەصوصی دائیرەکە دەنوێنێت، لێرە (دائرة الادارة والمالية) لەگەڵ (دائرة الشؤون القانونية ودائرة العلاقات والاعلام)، تەبعەن ئەمانە هەمووی دائیرەی میهەنی و ئیدارین، ئەم دەوائیرانە لە هەموو شوێنێك هەیە، بۆیە بەنیسبەت تەعریفی دائیرەی کاروباری یاسایی، کە دەڵێت (تتولى متابعة الشكاوي) لە هیچ شوێنێك دائیرەی کاروباری قانونی شەکاوی وەرناگرێت، بەڵکو زیاتر صیاغەو موراجەعەی مەشروعات دەکات و ئیعدادی مەشاریع دەکات، بەشداری دەبێت لە عقود، هەروەها بەشدار دەبێت لە مەجالیسی تەحقیقی و، لە مەحاکم، تەمسیلی دائیرە دەکات لە مەحاکم، بۆیە ئێستا زەرورییە ئێمە قسە لەسەر دەوائیری مەهام بکەین، ئەو دەوائیرانەی کەوا دەوری مەهامی حقوقی ئینسان دەبینن، ئەویش بریتییە لە چی، یەك دائیرەی تێدایە (دائرة رصد الاداء وحماية حقوق الانسان)، تەبیعی دیسان ئەویش تەعریفەکەی غەڵەتە، دەڵێت (تتولى استقبال الشكاوي)، رەصد بە مانای ئیستقبال نایەت، بۆیە ئەمە دوو مەهامی هەیە، رەصد هەیە، تەلەقی هەیە، دەبێت بکرێت بە دوو دائیرە (دائرة رصد الاداء وحماية)، کە ئەمە رەصدی چ دەکات؟ رەصدی هەموو ئەو پێشێلکاریانە دەکات، کە موئەسەسات دەیکەن، رەصدی ئەو مەسائیلانە دەکەن کەوا موتەعەلیقن بە کاروباری منداڵ، ئافرەت، گەنج، هەروەها رەصدی ئەو بلاّو کراوانە دەکەن، کە لە جەریدەو موجەلەکاندا بلاّو بۆتەوە، بۆیە پێویستە لێرە دوو دائیرەی تر ئیزافە بکرێت، یەکێکیان بەناوی (دائرة تلقي الشكاوي) و، هەروەها (دائرة توعية)، کە پێشتر بەڕێزێك پێشنیاری کرد، لێرە تەحصیل حاصل شتێك کە پێویستە لە دائیرەیەکی تر هەبێت، ئەویش دەوائیری موحافەزاتە، چونکە ئێمە کردمانە ئیجباری، کە موحافەزات نوێنەری هەیئە هەبێت لەوێ، کە ئەویش دەوائیری موحافەزاتە، زەرورییە لەوێ هەبێت.

بەنیسبەت خاڵێکی تر، لەسەر مەسەلەی مەجلیسی هەیئە، من بەباشی دەزانم کە لە مەجلیسی هەیئە دوو ئەندام لە مامۆستای زانکۆ بن بەشداری بکەن، هەروەها (عضو من المحافظة) ببێتە ئەندام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار خلیل عوسمان فەرموو.

**بەڕێز خليل عثمان حمدامين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**قسەكەی من سەبارەت بە دانانی نوێنەری پەرلەمانە لەو هەيئەتە، ئايا نوێنەری پەرلەمان لەچ ئاستێكدا دەبێت؟ پێموايە دياری بكرايە باشتر بوو، ئەگەر نوێنەرەكان ئەندامی پەرلەمان بێت، كە نوێنەری پەرلەمانی كوردستانە، هيچ خيلافێك لەگەڵ بڕگەی يەك و دووی ماددەی (32)دا دروست ناكات، كە (عدم جمع بين الوظيفتين)، ئەمە حاڵەتێكە هەست دەكەم هينێكی تيايە لەوە، چونكە بڵێين ئەو هەيئەتە كە دروست دەبێت دەوری هەيئەتێكی تەنفيزی دەبينێت، راستە سەر بە پەرلەمانە، بەلاّم دەوری هەيئەتێكی تەنفيزی دەبينێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، رێزدار بلال سلێمان فەرمو.**

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله(بلال):**

**بسم الله الرحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ماددەی حەوتەم، ديارە لە سەرەتاوە بەڕاستی ئەگەر تەماشای تەرجومە كورديەكەی بكەين خەلەلی زۆری تێدايە، بەڕاستی پێويستە بەدواداچوونی جارێكی تر بۆ بكرێت، ئەو خەلەلە ئيملايانەی كە هەيە، يان با بڵێين زمانەوانی تێدايە چارەسەر بكرێت، چونكە ماناكانی تێكداوە بەڕاستی، بۆيە من ناچمە سەر وردەكاری ئەوە، لە يەكەم خاڵی دووەم، من تەئيدی ئەو پێشنيارەی ليژنەی بەڕێز دەكەم، كە گۆڕيويەتی دايەرەی روانينی هەڵسوڕاوان و پاراستنی مافی مرۆڤی كردووە بە بەڕێوەبەرايەتی چاودێری و بەدواداچوونی پاراستنی مافەكانی مرۆڤ، من ئەوەم پێ باشە لەجێگەی ئەوەی كە هەيە دابنرێت.**

**خاڵ سێيەم/ پێم باشە ئەمەش گۆڕانكاری بەسەردا بێت، بەو شێوەيە (بەڕێوەبەرايەتی كاروباری ياسايی، هەڵبەتە من كۆنەكە ناخوێنمەوە، ئەوەی خۆم دامڕشتووە، دەمەوێت ئەوە بخوێنمەوە، بۆ ئەوەی وەختتان كەمتر بگرم، (بەڕێوەبەرايەتی كاروباری ياسايی: بەدواداچوونی ئەو شكاتانە دەگرێتە ئەستۆ، كە پەيوەندييان بە پێشێلكردنی مافی مرۆڤەوە هەيە، بەدواداچوون دەكات بۆ لايەنە پسپۆرەكان و سەر لە بەنديخانەو گرتووخانەكان، هەر شوێنێكيش كە گومان بكات گرتووخانەی نهێنی لێيەو، هەر پێشێلكارييەك پەيوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەبێت لێی دەپێچێتەوە،......... تا ئاخيری بەندەكە)، مەبەستم لێرە ئەوەی بۆ زياد بكرێت هەر شوێنێك كە گومان بكرێت گرتووخانەی نهێنی لێيە بەبێ چەندو چوون بۆی هەبێت بچێت سەردانی بكات، ئەو گومانی كرد، ئەو ليژنەيە، ئەو هەيئەتە، ئەو دەستەيە، لە هەر شوێنێكيش پێشێلكاری مافی مرۆڤی تێدا هەبێت، پێويست ناكات بگوترێت ئەگەر پێويست بوو، مادام زانرا پێشێلكاری مافی مرۆڤی تێدا يە، ئەو دەستەيە ئەركێتی كە بچێت، كەواتە پێويست ناكات بگوترێت ئەگەر پێويست بوو.**

لە چوارەم/ بەو شێوەیەی لێ بکرێت (ئەنجومەن مانگانە کۆ دەبێتەوە، سەرۆك لەکاتی پێویستدا بۆی هەیە بانگهێشت بکات بۆ کۆبوونەوەی لەناکاو، لەکاتی داوا کردنی یەك لەسەر دووی ئەندامانی ئەنجومەن دەتوانن دانیشتنی نائاسایی ئەنجام بدەن............ تا ئاخیری خاڵەکە)، زۆر سوپاس، عەفو تەئیدی ئەو پێشنیارەی جەنابی مامۆستا عومەریش دەکەم، کە ڕێژەی ئافرەتان لە بەڕێوەبەرایەتیەکان و لە ئەنجومەنەکە هەبێت، کە کەمتر نەبێت لە ڕێژەی لە 30٪، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیەوە، من لە بڕگەی یەکەم خاڵی دووەم ناوی ئەم دائیرەیەش، منیش پشتگیری لەسەر ڕەئی لیژنەکەو کاك حاجی بلال دەکەم، کە ناوەکەی بگۆڕدرێت، بەڕاستی ئەو ناوە لەگەڵ ناوەڕۆك ناگونجێت، دایەرەی وەرگرتنی سکاڵاو بەدواداچوون و لێ پێچینەوە، ئیتر ناوەڕۆکەکەی وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەم ناوەڕۆکەی بەڕاستی بە نەوعێك لە نەوعەکان دووبارە بۆتەوە لە خاڵی سێدا، من پێموایە ئەوەی دووبارە بوونەوەیە، بەدواداچوونی شکات ئەوە نەمێنێت، چونکە ئەوە لە خاڵی دوودا هەیە، دایەرەی کاروباری یاسایی ببێت بە دایەرەی ئاوا پێناسە بکرێت (چاودێری دەرچوونی یاساکان کە بگونجێت لەگەڵ بەندەکانی ماڧی مرۆڤ و دوایی ئەو یاساکانی ناوخۆ کە خۆی هاتووە، کە پەیوەندارە بە ماڧی مرۆڤەوە لێ پێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئینجا سەردانی گرتووخانەکان بکرێت، واتا دابڕێژێت ئەو سێ شتەی تیا بێت دەرچوونی یاساکان پێچەوانەی ماڧی مرۆڤ نەبێت و، لێ پێچینەوە لەسەر ئەوەی وابزانم یاسا ناوخۆییەکان و گرتووخانەکان.

بەنیسبەت خاڵی چوار، دایەرەی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن، منیش پشتگیری ڕەئیەکەی مامۆستا عومەر دەکەم، کە خۆی ناوەڕۆکەکەشی کە شەرحی کردووە هەر لەگەڵ ئەوە دەگونجێت باسی هۆشیاری، واتا دایەرەی عیلاقات و ئیعلام و تەوعیە بێت، لە ئاخیریشدا بلاّو کردنەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ.

بەنیسبەت خاڵی سێ، بەڕاستی تێکەڵیەك دروست بووە، تێکەڵیەکە لەوەیە ئەم دەستەیە، خۆی دەستەکە هەر ناوی دەزگایەکەیە بە عام، بەلاّم هاتوون بۆ دەستەکە ئەنجومەنێکیان دروست کردووە، یەعنی ئەنجومەنەکە تەنفیزی هەیەو ڕاوێژکاری هەیە، ئینجا لە خاڵی پێنجدا کە سەیری بکەیت وەکو دووبارە بوونەوەیەك لەم خاڵی سێیەدا ڕوو دەدات، ئەم خاڵی سێ تەنیا دەستە تەنفیزیەکە بێت، کە پێك بێت لە سەرۆك، بەڕێوەبەری دائیرەکان، لێپرسراوی نووسینگەکان، کە ئێمە لێپرسراوی نووسینگەمان دانا بە وجوبی لە موحافەزاتداو، بڵێین جەوازی لە قەزاو ناحیەکاندا هەر کاتێك پێویست بوو، مەعقول نییە ئەنجومەنەکە مەسئوولی ئەو نووسینگانە نەبێ و بۆ ئاڵوگۆڕو بیرو ڕا لە مەسائیلی ماڧی مرۆڤ لە

ئەنجومەنەکە زائیدەن دوو راوێژکار، ئینجا لە خاڵی پێنجدا کە باسی سەرۆك بۆی هەیە نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان، من پێم باشە لەویٚ نوێنەری پەرلەمان و نوێنەری قەزاو حکومەو ئیدیعای عام بیٚ، چونکە دەڵێت لایەنە پەیوەندارەکان، نابێت بۆیان دەنگ بدەن، تەنها ئەنجومەنە تەنفیزییەکە دەنگ بدات، ئەوان تەنها راوێژین و دەنگ نەدەن، سوپاس، عەفو لەگەڵ نیسبەی ژنانیش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار بەیان فەرمووو.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی تەبعەن دەستخۆشی لەهەردوو لیژنەی بەڕێز دەکەم، سەبارەت خاڵە دویٚ (دائرة رصد الاداء وحماية حقوق الانسان)، من نەفسی بۆچوونیٚ هەی کو گەر ئەڤ ناڤەیە بگۆڕین ببێتە (دائرة متابعة وتحقيق) باشترە دگەل ناڤەرۆکا دیٚ باشتر دەبێت.

خاڵە سێیٚ/ ژی (دائرة الشؤون القانونية)، من پێم باشە ئەڤ دوو کەلیمە ژی ئیزافە بین (دائرة الشؤون القانونية والدراسات والبحوث) چونکە زیمنەن دیراسات ژی تێدا هەی، ئەڤە یەك.

سەبارەت بە برگا پێنجیٚ (للرئيس دعوة ممثلي الجهات ذات العلاقة من الوزارات ودوائر الاقليم من القطاعين الخاص والمختلط ومنظمات المجتمع المدني لحضور اجتماعات المجلس) من پێم باشە ئەڤ کەلیمەیە (بصفه مراقب) بێتن، تەبعەن (ولا يحق لهم التصويت)، هەروەسا ئەز پێشنیار دەکەم برگەیەکی دی ڤێریٚ زێدە بکەین کو هەر موئەسەسەیەك، یان وەزارەتەکی مونەسق (للهيئة) هەبێت، مونەسق بۆ دەستەی مافێ مرۆڤ هەر وەزارەتێکی، یان دەزگایەکی هەبێتن، گەلەك مەمنون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار زەکیە فەرمووو.

**بەڕێز زكيە صالح عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رەئیا من تەنیا ناڤ هینانە ڤان رێڤە بەریا کافیە، چونکی دیڤ ئامانجێت گوت ماددەی چارێدا هاتین، ئەڤ ئامانجە، ئەڤ دەستەیە بخۆ شێتن پەیڕەوێکی ناڤخۆ ئەڤان ئامانجا دابەش بکەتن سەر ڤان بەرێڤە بەریا، واتا ئەڤ شەرحایا بۆ مەهام و تەشکیلاتێت ڤیٚ هەی هاتین، یان ژی ڤان رێڤە بەریا هاتین، بە رەئیا من یا زێدەیە.

یا دی تر، ئەم شێن ماددەکی جودا دەسەلأتی بدەینە ڤیٚ دەستیٚ، کو ڤان مەهام و تەشکیلات و هەیکەلیٚ تەنزیمی پەیڕەویٚ ناڤخۆیا خۆ تەنزیم بکاتن، پێشنیاریٚ دویٚ ئەڤەیە کو ئەو رێژەی ئافرەتان تو وی ئەنجومەن دێتە تەشکیل کرندا رێژا ئافرەتان هەروەسا نوێنەریٚ هاتنیٚ ژی بهێتە بەرچاڤ گرتن، دیسان ژی ماددیٚ بەریٚ نوکە دا ما دەنگ بۆ هەندێدا کو پێت ڤیا ئەڤ هەیئە سوێندا یاسایی بخۆتن، مادام هەیئە

سوێندا یاسایی دخۆتن، به رەئیا ما باشترە کو ئەڤ هەیئەیە ماوەی کار کردنا خودا ژی خۆی حەسانە ژی هەبێت، مادام سوێندا یاسایی خۆتن، بلا حەسانەی ژی هەبێتن، دیسان ژی ئەگەر هاتو ئەڤ ئەنجومەنە دی هاتە دامەزراندن پێت ڤیە نوێنەرێ ڕێکخراوێکی یێت کۆمەڵگای مەدەنی ژی تێدا دەور هەبیتن، واتا نوێنەرێ وان ژی تێدا هەبێتن، یا دی ماددە، یان ژی برگا پێنجی ئەو تێکەڵاو یا هاتی، ئەز بێژم ماڤێ مرۆڤ لە کوردستانێ تێکەڵاو نین، ژی بەر هەندێ ژی پێت ڤیا تێکەڵە ئەڤ کەلیمەیە تێکەڵاو نەهێت، واتا کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شلێر فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دامەزراندنی ئەو دائیرانە، کە دەبنە مودیریە عامە، لە دووەمیان (دائرة رصد الاداء وحماية حقوق الانسان)، ئەوە دەبێتە مودیریە عامەك، چونکە چەند مودیریەی لێ دەکەوێتەوە، ئەو مودیریانە چەند بەشی لێ دەکەوێتەوە، هەروەها هەموویان بۆ ئەوەیە (استقبال الشکاوي من الافراد والمؤسسات) تەحویلی دائیرەی کاروباری قانونی دەکات، بەلای من ئەوە هەر ئەو مودیریە عامەیە زیادە، مودیریە عامەك و مودیری عام، ستافێکی گەورە دابمەزرێت، تەنها بۆ ئەوەی ئیستیقبالی شەکاوی بکات، یەعنی ئەگەر لێرە دائیرەی کاروباری قانونی مودیریەیەکی لەناو دابمەزرێت بەناوی (مديرية حقوق الانسان) دوو بەش بێت، بەشێکیان شەکاوی وەربگرێت، بەشەکەی تری (متابعة الشكاوي) زیارەتی سجن بکات، یەعنی ئەوە بە من زیادە مودیریەکی گەورە تەنها بۆ وەرگرتنی شەکاوی دابمەزرێت لێرە، مادام یاسا ڕێی پێداوە دائیرەی کاروباری قانونی موتابەعەی شەکاوی بکات، با هەر لەناویش شەکاویەکە وەربگیرێت و موتابەعەش بکرێت لە ڕێگای دوو بەش تابعی مودیریە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شێروان حەیدەری فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەکەی من مولاحەزەیەکی شەکلیە، کە دەڵێت (يكون للهيئة مجلس)، ڕەنگە ئەوە لەبیرمان چوو بێت، مەفروزە کە دەڵێن ( رئيس الهيئة: رئيساً)، پاشان دەڵێ (ممثلي برلمان كوردستان: عضواً)، پێویستە ئەوانە دەرج بکرێتن، ئەوە لەبیرمان چوو بوو تەبعی بکەین لە زیمنی ئەو فەقەراتانەی کە ئێستا پێشکەشمان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بيت الله فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله شكرى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەربارەی (دائرة الشؤون القانونية) لە ڕێزا سیٚ هاتیە (فيما يتطلب التحقيق فيه من المخالفات في مسائل حقوق الانسان)، ئەز دبێژم ببێتە (في انتهاكات حقوق الانسان)، ئەو كەلیمەیە بێتە چیٚ كرن، لە ماددەی دویٚ (لرئيس الهيئة استحداث او دمج)، بە رەئیا من كەلیمە ئیقتیراح بێتە ژی زێدە كرن دوماهی یا ویٚ (لمتطلبات العمل ورفعه للبرلمان للمصادقة عليه)، ئەڤە بێتە زێدە كرن، لە ماددەی سیٚ (ثالثاً) ئەز پێشنیار دەكەم كو رەنگیٚ بێتە صیاغە كرن (يكون للهيئة عدد من المستشارين لايقل عن اثنين على ان يكون لهم خبرة في مجال حقوق الانسان)، لە ماددەی چاریٚ، ئەز پێشنیار دەكەم كو دیٚ رەنگا بێتە دروست كرن (يجتمع المجلس مرة كل شهر بناءاً على طلب رئيس المجلس، واذا تساوت الاصوات يرجح الجانب الذي فيها الرئيس)، لە ماددەی پێنجیٚ لە رێزیا دیماهییٚ (ولا يحق لهم التصويت)، بە رەئیا من ببێتە (دون ان يكون لهم حق التصويت)، ئەز تەئیدا پێشنیارا خوشكە شلێر دەكەم، كە دەربارەی ئەڤ پێشنیاریٚ پێشكەش كری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەسەور دەكەم خوشك و برایانی هەردوو لیژنە دەبێت تۆزێك صەبریان لەگەڵ من درێژ بێت، ئێمە ئێستا لە پاش ئەم قسانەی كە كراوە، ئەو تەعدیلاتانەی كە ئێوە كردووتانە، گەیشتینە ڕێگایەك، كە لەسەر ڕێگای دروست بچین، دەستەی ئەوها هەمیشە دەبێت هەیئەیەكی هەبێت، (مجلس الامناء) كە نە موەزەفن لەویٚ تەمسیلی قوتاعاتی جودا جودای كۆمەڵگا بكەن و، مەجلیس ئیدارییەكی تەنفیزی هەبێت بە مودیری تەنفیزی، كە ئەوانە موەزەفن و دەوام دەكەن، تەسەور دەكەم پێشنیاری ئێوە، ئێمە نزیك دەكات بەرەو ئەوەو دوورمان دەخات لە مودیرەیەك، یان لە شكلێكی وەزارەت، یان ناوێكی تری هەیە، رجا دەكەم ئەگەر ڕێگا هەبێت پاش ئەو گفتوگۆیانە دانیشین پێكەوە، ئەو مەبدەئە ئەگەر بەرچاو وەربگیرێت، ئەو كاتە هەیئەتە فیعلەن تابعی هەیئەی موستەقیلە وەردەگرێت، ئەگینا ئەگەر یەك قیادەی هەبێت، وەكو هەر وەزارەتێك مودیر عامن، ئەمە وەكو پێشنیار دەهێنم، چونكە ئامینە خانیش ئەو باسەی كرد، هەندەكی تر، ئەمە یەك.

دوو/ ئیتر چۆن بێت؟ هەیئەی هەبێت دەستەكە، كە بە نوێنەرایەتی ئەو قوتاعاتانە هەیە، ئەو مەجلیسی ئیدارەی هەبێت، نەبێت، لە هەردوو حاڵەتدا ئێوە دەڵێن دائیرەكان بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی، من دەپرسم ئەگەر هاتو ئێمە ئەو دەستە باڵایانەی كە لە دەستنووسی دەستووریش هاتووەو، سبەینیٚ لە عێراقیش هەنەو بگەینە ئەوە، ئێمە چەند مودیر عام لەو كوردستانە تەعین دەكەین؟ بەس بیری لیٚ

بكەن، لە هەر دەستەیەك چوار مودیر عاممان هەیە، ئەگەر ئەو مودیر عام بن، بۆ سەرۆكەكەشی بە پلەی وەزیر نەبێت، من تەسەور دەكەم تەرشیق نەما و، مودیر عام شتێكی گەورەیە، ئەمە دوو.

سێیەم/ خوشكە شلێرو كاك سەباحیش ئیشارەیان پێ كرد، دەبینە سێ كەس، خاڵی دووەم موبەریر نییە هەبێت، لە دایەرەی روانینی هەڵسوڕان و پاراستنی مافی مرۆڤ، حیساب بكەن بەس مودیر عامێك دانیشتووە بە تەشكیلاتی خۆی، دەزانن ئەم شكلیاتانە هی ئەوەنە وەربگیرێن، یان نا؟، تەحویلی خاڵی سێیەمی دەكەن، كە ئەوانە بەدواداچوونی بۆ بكەن، من تەسەور دەكەم هیچ موبەریر نییە ئەوە هەبێتن، هەروەها سەرۆكی دەستە بۆی هەیە هەر دائیرەیەك و پێكهاتەی دەستەكە بەپێی پێداویستی كار بكاتەوە، یان تێكەڵیان بكات، من دەپرسم ئەو دەرەجە خاصەی هەیە، مومكینە ئەویش مودیر عام بێت، یان موستەشار بێت، بەپێی یاسای ئێمە كە هەیەو ئیداری بۆی هەیە بەپلەی خۆی وەزیفی مودیر عام دانێت، مودیر عام لا بدات، چونكە مادام بۆی هەیە بەشەكان بكاتە یەك، بۆی هەیە بەشێكی تازە بكاتەوە، واتا ئەو دەسەڵاتی هەیە دەرەجە خاصەكان دابنێت و دانەنێت، من تەسەور دەكەم لێرەش تۆزێك بیر كردنەوەی پێ دەوێت.

چوارەم/ كە ئەنجومەن مانگانە كۆدەبێتەوە، ئەمانە هەمووی ئیشی پەیڕەوی ناوخۆیە، تەعلیماتی ناوخۆیە، من نازانم بۆچی ئێمە لە زۆربەی زۆری یاساكانمان ئەم هەڵەیە دەكەین؟ دێین مەسائیلی نیزام داخیلی و لائیحەی عەمەل دەخەینە ناو یاسا، لە نەقابات وامان كردووە، لە سەندیكای رۆژنامەوانی وامان كردووە، وازی لێ بێنە، ئەوە بڕیاریدا لە دوو مانگ جارێك ئیجتیماع بكات، با بیكات، تۆ مادام بە یاسا كردت، دەبێت ئیلتیزامی پێ بكات، ئەگەر ویستیان بەپێی مەسڵەحەت بیگۆڕن، دەبێت بیهێنە ئێرە، تاكو ئێمە یاسایەكە هەموار بكەین، من تەسەور دەكەم ئەم مولاحەزەیە نەك بەس تەنها بۆ ئێرە، بۆ زۆربەی زۆری ئیشەكانمان.

مولاحەزەیەكی تر، چونكە ئەوە دەخرێتە تەصویت، كە ئاخیر مولاحەزەمە، باسی یەك ئەنجومەن بێت، یان هەیئە، دەستەش هەبێت، ئەنجومەن هەبێت، لە هەموو حاڵەتێك باسی نوێنەرانی ئەم لایەنە كرا، من لەگەڵ ئەوەمە، ئەم دەستەیە فیعلەن پێكهاتەیەكی ئیداری هەبێت، ئاستێك هەبێت، كە نوێنەرانی ئەم كەرتە گرنگانەی تێدا بێت بۆ ئەوانەی كە وەكو ئێوە گوتتان، بەس من پرسیار دەكەم نوێنەری پەرلەمان كێ دەبێت؟ ئایا ئەندامی پەرلەمان بۆی هەیە بچێت ببێتە ئەندامێك لە هەیئەیەكی ئیجرائی؟ لەبن ئەمری مودیر عامێك بێت، ئەگەر ئەندام پەرلەمان نەچێت، چ سوودی هەیە تۆ موەزەفێكی پەرلەمان لە یەكێك لە دائیرەكان بنێری ببێتە ئەندام لەوێ؟ چ دەوری دەبێت؟ یەعنی تەنها موجەرەد یەكێك راتب لە پەرلەمان وەردەگرێت، ئەو سەلاحیاتانەو ئەو توانای نییە لەوێ تەمسیلی هێزو قوەتی پەرلەمان بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دكتۆر رەفیق فەرموو.

**بەڕێز د.رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەستخۆشی لە ئەو روون کردنەوەو دەستکاری کردنەی بەڕێزان لیژنەی یاسایی و لیژنەی ماڤی مرۆڤ دەکەم، سەبارەت بەم ماددەیە لە خاڵی چوارەمدا (دائرة العلاقات والاعلام)، من پێم باشە لەوێ لەگەڵ عیلاقات و ئیعلام (الدراسات) زیاد بکرێت، چونکە لە ماددەی سێیەم/ لە برگەی پێنجەم، لەوێ یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم هەیئەیە ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو دیراسات و ئەبحاس زیاد بکات، کێ ئەم کارە دەکات؟ بۆیە ئەگەر ئەم دائیرەیە بکرێتە دائیرەی (العلاقات والدراسات والاعلام) یەعنی وشەی دیراسات بخرێتە سەری، رەنگە شتێکی باش بێت، لە هەمان کاتدا من پشتگیری لە پێشنیارەکەی مامۆستا عومەر دەکەم سەبارەت بە مەسەلەی ژنان، کەنیسبەتێکی دیاری کراو لە ژنان لەو دەستەیەدا هەبێت، راستیەکەی زۆرترین، زۆرترین، زۆرترین پێشێلکاری لەبارەی ماڤی مرۆڤ لە کوردستان بەرامبەر بە ژنان دەکرێت، زۆرترینی ئەو توندو تیژییەی کە کۆمەڵگەی کوردستانیشی گرتۆتەوە، دیسان ئەوە رووەو ژنانەو ژنان قوربانی یەکەمی پێشێل کردنی ماڤی مرۆڤن لە کوردستاندا، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە لەلایەکەوە کە رێژەیەکی باش لە ژنان لەناو ئەو ئەنجومەندا هەبێت، لە هەمان کاتدا من پێم باشە نوێنەری رێکخراوەکانی ژنان، رێکخراوە سەربەخۆیەکانی ژنان دیسانەوە لەناو ئەو ئەنجومەندا هەبێت لەگەڵ نوێنەری ئەو رێکخراوانەی کە داکۆکی لە ماڤی مرۆڤ دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر سەباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك بیرو بۆچوونی باش و رێك وپێك پێشکەش کرا سەبارەت بەم ماددەیە، ئەوەش نیشانەی گرنگی ماددەکەیە، دەستخۆشی لە لیژنەی هاوبەش، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ماڤی مرۆڤ دەکەم، بۆ ئەو پێشنیازو ئەو مولاحەزاتانەی کە دەریانبڕی، بەلاّم من لێرەدا پرسیارێك دەکەم، ئایا ئەم پرۆژە یاسایە کە ئامادە کراوە، تا چ ئەندازەیەك موتەئەسیرە بە یاسای پێشووی وەزارەتی ماڤی مرۆڤ، کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەبوو؟ ئێستا ئەم وەزارەتە نەماوە، چونکە ئەوەی کە سەیری پێکهاتەی ئەم ماددەیە بکات، وا دەبینێتەوە کە لەسەر ئەساسی بۆچوونێکی بوونیەویانە هاتووە، تەشکیلاتی ئەم دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤی دارشتووە، یەعنی وەکو ئەوە وایە بمانەوێت دیسان هەر شتێکمان هەبێت کە جێگرەوەی وەزارەتی ماڤی مرۆڤ بێت، بەلاّم بە پلەیەکی کەمتر، چونکە سەرۆکی دەستەی سەربەخۆ لێرەدا بەپێی ئەوەی کە دەنگمان بۆدا، دەبێت بە پلەیەکی تایبەت، یەعنی لەخوار وەزیرەوە، لە باشترین حاڵەتدا وەکیل وەزیر دەبێت، ئێمە ئەگەر دەمانەوێت گرنگیەکی زۆر بدەین بەم دەستەی باڵای سەربەخۆی ماڤی مرۆڤ لە ژێر هەیمەنەی پەرلەمانی کوردستانیشدا بێت، پێویست وا بوو گرنگی و بایەخێکی زیاتری پێ

بدەین بەڕاستی، لەسەر ئەساسی ئەو مەهام و ئەرکە گرنگانەی کە لە ماددەکانی پێشوودا پێناسەیان بۆ کراوە، بێین باسی هەیکەلیەتی ئەم دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤە بکەین، چونکە زۆر لەو شتانەی کە لەم ماددەیەدا هاتووە بە یەك کەلیمە قابیلی چارەسەر دەکات، نیزامێکی داخیلی بۆ خۆیان دابنێن، بەپێی پەیڕەوێکی ناوخۆ، کە پەرلەمان دەتوانێت بڵێت من بڕیاری لەسەر دەدەم و پەسندی دەکەم، چونکە ئەو شتانە زۆربەی شتی فەنی و زۆربەی شتی هونەری و تەکنیکین، یەکەمجارە کە سەیری ماددەکە دەکەین تەفسیلاتێکی زۆری پێ دراوە، وەکو گوتراویشە هەمیشە شەڕ لەسەر تەفسیلات دروست دەبێت، یەعنی ئەگەر ئێمە بە ئیجماع بمانگوتایە کە ئەنجومەنێکی دەبێت، ئەم ئەنجومەنە بۆ خۆی نیزامێکی داخیلی دەنووسێتەوە کە تەرتیب و تەنزیمی کاروباری ناوخۆی خۆی بکات، چ ئەو کاروبارانەی کە پەیوەندیان بە بوونیەی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤەوە هەیە، چ ئەو کاروبارانەی کە پەیوەندیان بە وەزاو ئەدای وەزیفی خۆیانەوە هەیە، یەعنی زۆر زەرورە ڕێز لەموفەتیشی عام بگرێت، یەعنی مەکتەبێك هەبێت لەم موفەوەزیە، کە وەکو لە زۆربەی وڵاتاندا موفەتیشی عام هەیە، یان دیوانی مەزالیم هەیە، یان لەو شتانەی کە هەیە، بەڵام لێرەدا تەماشای دەکەین فەرامۆش کراوە، ئێمە زیاتر دەبێت گرنگی بدەین بەو ئەنجومەنە باڵایەی کە دروست دەکرێت، ئەو ئەنجومەنە باڵایەی کە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ پێك دەهێنن لە کوردستاندا، باقی ئەو دائیرانەی کە باس کراوە تەماشا دەکەیت بەشێکیان هەر موجەرەد کاروباری ئیداری و کاروباری فەنی ناو دەستەکە تەرتیب دەکەن، بەڵام ئەسڵی مەهامەکە ڕەنگە لە بڕگەی دووەمدا هاتبێت لە ڕەقەم دوودا، کە باسی ڕەصدی ئەداو حیمایەی حقوقی ئینسان دەکات، لەگەڵ دائیرەی کاروباری قانونیدا، تەماشا دەکەیت مەهامەکانیان نیسبەتەن تێکەڵە، دائیرەی عیلاقات و ئیعلام و ئەمانەش، کە باس کرا.

دێینە سەر خاڵێکی تر، کە لیژنەی هاوبەش پێشنیازیان کرد بوو، هەستم کرد ئەوان باسی ئەوە دەکەن، ئەگەر سەیری پێشنیازەکەی خۆیان بکەنەوە، دەڵێت ڕەئیسی هەیئە بۆی هەیە ئیستیحداس و دەمج، یان ئیلغای هەندێ لە ئەقسامی هەیئە بکات، ئێمە لەوەو پێش باسی ئەقساممان نەکردووە بەڕاستی، باسی دەوائیرمان کردووە، ئەوە ئەگەر ڕاست بکرێتەوە، ئینجا باسی ئەو مەجلیسە دەکات دەڵێت پێکهاتووە لە ڕەئیس و بەڕێوەبەرانی دائیرەکان و، باسی ژمارەیەك لەراوێژکار دەکات، لە تەقریرەکەی ئەوانە باسی ئەوەی کردووە، گوتی خیبرەیەکیان هەبێت، کە زیاتر لە دە ساڵ بێت، زیاد لە دە ساڵ عادەتەن صیغەی قانونی دەڵێت (لاتقل عن عشر سنوات)، نەك (تزید عن عشر سنوات)، (لاتقل)، یەعنی لەوە کەمتر نەبێ، ئەوە وابزانم مەعقولترە تا بڵێیت زیاتر لە ئەوەندە، چونکە لەو کاتە عادەتەن لە مادده قانونیەکان دەڵێت (لاتقل عن) ئەوەندە، نەك (تزید عن) ئەوەندە، تەبعەن هەندێ بۆچوونی تریش هەبوو، کە هاوکارانم باسیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ناسك فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە منیش لەسەر خاڵی دووەم و سێیەم قسەیەكم هەبوو، لەبەر ئەوەی كە زۆر لە یەك دەچن عینوانی (دائرة رصد الاداء وحماية حقوق الانسان) وەكو عینوان زۆر بەقوەتە، بەلاَم كە دێیت پێناسەكەی دەكەیت، پێناسەكەی لەگەڵ ئەوەی دووەمدا جیاوازییەكی وای نییە، جا من پێموایە ئەم دائرەیەی رەصدە تەلەقی شەكاوی نەكات، یەعنی ئەو دائیرەیە نەبێت كە شەكوا وەردەگرێت، خۆی رەصدی شت بكات، چونكە هەندێك جار هەندێ لەو مافە پێشێلكارییانەی كە دەكرێت كەس شەكوا ناكات، لەبەر رۆتینی ئیشەكان، ئەگەر ئەم دائیرەیە هەڵستێت، بەوە تەعریفەكەی بۆ بگۆڕین باشترە، ئەگەرنا ئەم دووانە دەمج بكرێت هەردووكی لەیەك زۆر نزیكن، ئەوە خاڵێك.

خاڵی دووەم/ یەكێكی تر لەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەش ئیشارەتی پێدا، ئێمە باسی نووسینگەمان كردووە لە پارێزگاكان و لە قەزاكاندا، كەچی لێرە دائیرەیەكمان نییە ئەم نووسینگایانە كۆ بكاتەوە، یان ئەوەتا دەبێت دائیرەیەك دروست بكەین، بۆ ئەوەی نووسینگەكان كۆ بكاتەوە، دواتر سەرۆكی دائیرەكە ئەندام بێت لە ئەنجومەنەكە، یان سەرۆكی نووسینگەكان بەشداری بكەن لە ئەو ئەنجومەنەی كە لە بڕگەی سێیەمدا دروست كراوە، یەكێك لەو دوو حاڵەتە تەرتیبی بۆ بكەین.

دووەم/ دەڵێت (لرئيس الهيئة استحداث ودمج) هەردوو لیژنە پێشنیاریان كردووە كە (ورفعه الى البرلمان)، یەعنی ئەوە باشە دەستخۆشیان لێ دەكەین، من پێموایە دەبێت بڵێین (بعد موافقة البرلمان)، ئەگینا ئەو خۆی هەڵیوەشاندەوەو دەمجی كرد، ئێمە موصادەقەمان لەسەر بێت، من پێموایە دەبێت پەرلەمان موافەقە بكات، دواتر ئیشەكە بكات.

خاڵی چوارەم/ كە دەڵێت (يجتمع المجلس شهرياً)، یان ئەگەر ئەوەی كاك عبدالسلام ئیشارەتی پێدا، یان بەجێی بهێڵین بۆ پەیڕەوی ناوخۆ، یان بەڕاستی مانگانە زۆر زۆرە، چونكە ئەم هەیئەیە خۆی هیچ نەبێت، دەبێت جارێك لەگەڵ سەرۆكی دائیرەكاندا كۆ ببێتەوە، دواتر دەبێت لەگەڵ نووسینگەكانیشدا كۆ ببێتەوە، مانگێ جارێكیش لەگەڵ ئەنجومەندا، ئیتر كارمان هەر دەبێتە كۆبوونەوە، ئەگەر بكرێت بە وەرزی، پێموایە ئەم ئەنجومەنە زۆر باشترە كە وەرزی بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار كەیلی ئەكرەم فەرموو.

**بەڕێز كەیلی اكرم احمد :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دائیرەی رەصدی ئەدا كە ئیستیقبالی شەكاوی دەكات، بەس ئێمە دەتوانین لە كۆتایی خاڵەكە بەم شێوەیە ئیزافەیەكی بۆ بكەین (او القيام من تلقاء نفسها ببحث الانتهاكات حتى ولو لم تقدم اليها اية شكوى وعلم

بها بأية طريقة اخرى)، له سێیەمدا (يكون للهيئة مجلس يتألف من رئيس ومدراء دوائر الهيئة والعضوين المستشارين حاصلين على شهادةجامعية عليا الماجستير والدكتؤرا في القانون)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوت، من پێموایە ئەو دائیرانە هەر ناوەكەی بگۆڕین، بكرێت بە بەڕێوەبەرایەتی، چونكە لە بڕگەی سێدا هەر ئەوەی هاتووە، دەڵێت لە سەرۆك و بەڕێوەبەرایەتی دائیرەكان، یەعنی ئەو دائیرانە بكرێت بە بەڕێوەبەرایەتی باشتر وایە.

سەبارەت بە بڕگەی دووەم، من پێموایە ئەوە هەر تەعلیماتە، ناچێتەوە باری یاسایی، هەر لابدرێت، هەر دیسان لە بڕگەی یەكەم خاڵی دووەم، ئەوە تەعلیماتە، هەر ناكرێتە باری یاسایی، هەر دیسان لە بڕگەی چوارەمیش، كە دەڵێت ئەنجومەن مانگانە كۆ دەبێتەوە، ئەویش پێموایە تەعلیماتە، ئەویش لابدرێت.

سەبارەت بە بڕگەی یەكەم خاڵی سێیەم، كە سەردانی زیندانی سیاسیەكان و ئەو جێگایانە دەكات، من پێموایە بەبێ ئیجازە وەرگرتن بێت، بچن سەردان بكەن، هەر بچنە لای مودیری زیندانەكان خۆیان لەوێ بچن سەردان بكەن و ببینن زۆر ئاسانترە، چونكە هەتا ئیجازە وەربگرن و مۆڵەت وەربگرن، بچنە ئەوێ، لەوانەیە ماوەی پێ بچێت.

سەبارەت بە ئەوەی كە دوو ئەنجومەنی دروست كرد بێت، ئەویش دەبێتە ئیشكال، لەوانەیە لە بەینی كۆبوونەوەو یەكتر زۆرتر ببینن، هەر ئەنجومەنێك هەبێت باشترە، ئەویش ئەنجومەنی دەستە بێت، ئەوانی تریش ئینزیمام ببن لەگەڵ ئەوانە بكرێت بە دەستەو، بكرێت بە ئەنجومەن، چ ناوێكی لێ بنێن تەواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار بێریڤان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم لە بڕگەی سێیەم، پێكهاتووی دەستەكە دیاری كراوە لە چ پێكهاتوون، بەڵام دیار نەكراوە كە بڕوانامەی چیان هەیە، لە مەرجەكانی سەرۆكی دەستە نووسراوە شەهادەی جامیعی هەبێت، بەڵام بە ڕەئی من وەكو بەڕێز كەیلی خان فەرمووی شەهادەی جامیعی هەبێت، ئەگەر ماجستێر بێت، یان دكتۆرا بێت لە یاسا باشترە، چونكە بەپێی یاسا تۆ دەزانی ئەو كەسە مافی پێشێل كراوە؟ یان نا؟ بەتایبەتی كە سكاڵای خەڵك وەردەگرن، ئەگەر شەهادەی هەبێت لە یاسا، لەگەڵ شارەزایی لە مافی مرۆڤ، دەتوانێت ئەو كەسە دیاری بكات كە مافی پێشێل كراوە، یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئەحمەد وەرتی فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکان کران، دەربارەی بڕگەی دووەم لە ماددەی حەوتەم (ثانیاً) ئیقتیراحی دوو لیژنەکە وایە کەزیاد کردنەکە بەو شێوەیە بێت (لرئیس الهیئة اقتراح استحداث) نەك (استحداث) فەقەت وەکو لە دەقی پرۆژە یاساکەدا هاتبوو، واتا بەرز کردنەوەی ئەو پێشنیارە بۆ پەرلەمان، بۆ موصادەقە کردن لەسەری، نەك ئیستیحداسی، یان دەمجی، یان ئیلغای یەکێك لە دەوائیرەکانی تر بێت، ئەمە سەبارەت بە بڕگەی دووە.
بڕگەی سێیەم/(یکون للهیئة مجلس یتألف من رئیس ومدراء دوائر الهیئة وعضوین مستشارین)، ئەوەی کە لە داڕشتنەوەی هەردوو لیژنەکە هاتووە (تکون للهیئه مستشارون)، منیش لەگەڵ ئەوەمە، کە بەڕێز دکتۆر سەباح وتی (لایقل عددهم) نەك (لایزید عددهم)، پێموایە داڕشتنەوەی بەو شکلە بێت (لایقل عددهم عن اثنین من ذوي الخبرة والاختصاص في مجال حقوق الانسان)، بەلاَم لێرەدا ئەو کاتە ئەو پرسیارە دروست دەبێت، ئەگەر ئەمە بکەین بەبڕگەیەکی سەربەخۆ، خاڵێکی سەربەخۆ بێت، ئەو کاتە مەوقیعیەتی موستەشارەکان لە زیمنی هەیئە، لە مەجلیسی هەیئەکە چی دەبێت، ئایا ئەندامی مەجلیسەکە دەبن؟ یان ئەوانە خارجی دەبن؟ چونکە ئێمە ئەوەمان دیاری کرد سەرۆکی دەستەکە لەگەڵ ئەندامانی دەستەکە سوێندی یاسایی بخۆن، ئەو کاتە مەوقعیەتی موستەشارەکان، ڕاوێژکارەکان لەوێ چی دەبێت؟
سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم، ئەوەی لە ئیقتیراحی هەردوو لیژنەکە پێشتر هاتبوو، وابزانم لیژنەکە نەیخوێندەوە، کە (الاکثریة تؤید اصل المادة والاقلیة تقترح الغاء کلمة المختلط)، کەلیمەی موختەڵەت ئێمە لەگەڵ ئەوە بووین، کە ئەو وشەیە لابرێت، لەبەر ئەوەی قیتاعی موختەڵەت، ئێستا وابزانم بەکارهێنانەکەی شائیع نییە، تەنها قیتاعی خاص و مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی لە زیمنیدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا موداخەلەکان تەواو، بەڕێزان قسەی خۆیانیان کرد، لیژنەی هاوبەش وەلاَمتان بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو تێبینی و پێشنیارانەی لەسەر دەقی ماددەی حەوت کرا، باس لە تەوعیە و هۆشیار کردنەوە کرا، پێشنیاری ئەوە کرا کە دەزگایەکە ناوی بگۆڕێ تەوعیەی بۆ زیاد بکرێت، ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، لە بڕگەی چواری ئەو ماددەیەدا هاتووە، کە لەلایەن هەردوو لیژنەدا داڕێژراوەتەوە (دائرة العلاقات والاعلام والتوعیة)، لە ناوەڕۆکی بڕگەکەش شتێك زیاد بکرێت، کە هەمان مانا بداتن

(توعيـة المـواطنين بمبـادئ ومفـاهيم حقـوق الانسـان والمواثيـق الدوليـة) نـاوى دائيرەكـەش (دائـرة العلاقـات والاعلام والتوعية) پشتگيرى لەو پێشنيارە دەكەين، سەبارەت بە راوێژكاران، زۆر لە سەر راوێژكاران تێبينى هەبوو، كە ژمارەيان بەچ شێوەيەك زياد بكرێت، پێوەرى ديارى كردنى ژمارەى راوێـژكاران چ بێـت؟ ئـەوەى ئێمە دامانناوە (لايزيد عن اثنين) ژمارەيان لە دوو زياتر نەبێت، هەندێك گوتيان بۆ يەك نەبێت، بـەڕێزان كە ئێمە دەڵێين لە دوو زياتر نەبێت، واتا دەتوانێت يەك راوێژكار بۆ خۆيـان دابنێـت ئەگـەر پێويسـتى پـێ بوو، بـەلاّم هەنـدێك پێشـنيارى ئـەوەيان كـرد لـە دوو كـەس كـەمتر نـەبێت، بـەڕێزان لـە دوو كـەس كـەمتر نەبێت، واتا حەددى ئەعلا ديارى نەكرێت، دەتوانيت دوو راوێژكار دابمەزرێنيت، دەتوانين لە دوو زيـاتر تـا دەگاتە دە راوێژكارو پەنجاو سەديش دابمەزرێنىٚ، بۆيە باشتر وايە حەددى ئەعلايەكە ديارى بكـەين، كـە لـە ئەوەندە زياتر نەبێت و، مرونـەتێكى تێدايـە، دەتـوانين لـەوە كـەمتر ئەگـەر پێويسـتى كـرد يـەك راوێـژكار، ئەگەر پێويستى كرد دوو راوێژكار.

(دائرة رصد)، رەئيەك هەبوو كە ئەو دائيرەيە زيـادە پێويسـت ناكـات، چـەند ئەنـدامى تـر گوتيـان نـەخێر، پێويستە بمێنێت ئەو دائيرەيە، هەردوو رەئيـەكان، تێبينيـەكان ژمارەيـان يەكسـان بـوو، نـەمازانى بەڕاسـتى كاميان ژمارەيان زياتر بوو، بۆ ئەوەى بزانين پشتگيرى لەمانەوەى دەكات، يان لە لادانى، بـەلاّم ئێمـە پێمـان باشە بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەى لە ئەركەكانى ئێستا باس لـەوە كـراوە، كـە شـكايەت ئاراسـتەى ئـەو دەسـتەيە دەكرێت لەلايەن دائيرەيەك هـەر خـۆى دامەزرانـدنى ئـەو دەسـتەيە لەبـەر ئـەوە چيـە؟ خروقـاتى حقـوقى ئينسـان هەيـە، پێشـێلكارى مـافى مـرۆڤ هەيـە، پێويسـتە ئـەو بەڕێوەبەرايەتيـە هـەبێت، بـۆ ئـەوەى ئـەو سكالاّيانەى لەلايەن هاوولاّتيان دەكرێت، ياخود يەك وا گومـان دەكـات ئەگـەر پێشـێلكارى لـە مـافى مـرۆڤ لـە شـوێنێك هەيــە ئاگــادارى ئــەو بەڕێوەبەرايەتيــە بكرێتــەوە، لەبــەر ئەمــە بەپێويســتى دەزانــين ئــەو بەڕێوەبەرايەتيە بمێنێت، سەبارەت بە سوێند خواردنى سەرۆك و ئەندامان، سـەرۆكى دەسـتە كـە سـەرۆكى ئەنجومەنەكەيـەو ئەنـدامانى ئەنجومـەن، ئايـا هەنـدێك وەكـو دادوەرە سـوێندى ياسـايى خـواردووە؟ وەكـو پەرلەمانتار سوێندى ياسايى خواردووە؟ ئايا دووبارە سوێند بخواتەوە؟ بـە رەئـى ئێمـە سـوێندەكە وەكـو لـە دەقى ماددەكەى پێشتر هاتووەو پەسندمان كردووە، پێويست دەكات دووبـارە سـوێند بخواتـەوە، لەبـەر ئـەوە سوێندى ياسايى جارى يەكەم كە سوێندەكەى خواردووە، وەكو دادوەر، ياخود وەكو پەرلەمانتار بە سـيفەتى پەرلەمانتارو بە سيفەتى دادوەر بووە، ئێستا بۆ تەكليفى مەسئووليەتێكى تر كراوە، ئەركێكى تر كـە دێتـە ئەستۆ، كە دەبێت بەپێى ئەو ئەركە ئەو سوێندە بخوات، بۆيە دەقـى سـوێندەكەمان لـە ماددەكـە زيـاد كـرد، بۆيە پێويست دەكات دووبارە سـوێندى ياسـايى بخواتـەوە، (ممثـل برلـان) نوێنـەرى پەرلـەمان چـۆن ديـارى دەكرێت؟ ياخود (ممثل السلطة القضائية) چۆن ديـارى دەكرێـت؟ بـەڕێزان كـە دەڵـێين نوێنـەرى پەرلـەمان لەلايەن پەرلەمان ديارى دەكرێت، دەست نيشان دەكرێت، كـە دەڵـێين نوێنـەرى ئەنجومـەنى دادوەرى، ئـەوە لەلايەن ئەو ئەنجومەنە، لەلايەن دەزگايەكەى خۆى ديارى دەكرێت، پێوەرەكە لێرە وردەكارييەكە لەناو ئەو قانونە نەهاتووە، بەلاّم كىٚ دەسـت نيشـانى دەكـات؟ دەزگايەكـە خـۆى دەسـت نيشـانى دەكـات، بـا نموونەكـە

لەسەر نوێنەری پەرلەمان بینینەوە، ئایا نوێنەری پەرلەمان دەکرێت لەلایەن پەرلەمان سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ بێت؟ یان نوێنەرێك لەلایەن لیژنەی مافی مرۆڤ دەست نیشان بکرێت، بۆ ئەوەی ببێتە نوێنەر لەو ئەنجومەنی دەستەیە، هەر دەزگایەك نوێنەری خۆی خۆی دەست نیشانی دەکات، باستان لەوە کرد کە نوێنەری پەرلەمان ئەندام بێت لەو ئەنجومەنە، ئایا دەکرێتن ئەندام پەرلەمان ببێتە ئەندام لەو ئەنجومەنە؟ هیچ رێگرێکی یاسایی نییە لەبەردەم ئەوەی کەوا ئەندام پەرلەمان ببێتە ئەندام لە ئەنجومەنەکە، لەبەر ئەوەی ئەو ئەنجومەنە سەر بە پەرلەمانە، ئەنجومەنێکی تەنفیزی نییە، ئەندام پەرلەمان کە دەبێتە ئەندام لەو ئەنجومەنە وەکو فەرمانبەرێك تەعامولی لەگەڵ ناکرێت، هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکرێت، بەڕێزان، ئەوە لیژنەیەکی تایبەتە، دەستەیەکی سەربەخۆیە، ئەندام پەرلەمان بەو سیفەتەی نوێنەری پەرلەمانە دەبێتە ئەندام لە ئەنجومەنەکە، نەك وەکو فەرمانبەرێك تەعامولی لەگەڵدا بکرێت، واتا پابەند بێت بە هەموو ئەوامرو فەرمان و بڕیارەکانی سەرۆکی دەستە، بە سیفەتی پەرلەمان نوێنەری پەرلەمانە لەو ئەنجومەنە، بەو سیفەتە بەشداری دەکات لە ئەنجومەنەکە، هەر ئەندامێك لە ئەنجومەنەکە ئازادە، سەربەخۆیە رای تایبەتی خۆی هەیە، پابەندە تەنها بە بڕیارەکانی ئەنجومەن، نەك سەرۆکی ئەنجومەن، چونکە فەرمانبەر نییە لەبەردەست سەرۆکی ئەو دەستەیە، یاخود سەرۆکی ئەنجومەن، هەندێك پێشنیاری ئەوەیان کرد، کە ناوی فەرمانگەکان بگۆڕدرێت، بەڕێزان، ئەرکەکە گرنگترە، نەك لە تەسمیە، نەك لە ناوی فەرمانگەکە، یاخود بەڕێوەبەرایەتیەکە، لەبەر ئەوەی ئەرکەکان دیاری کراوە، لەبەر سەربەخۆیی ئەو دەستەیە، لەبەر گرنگی خصوصیەتی ئەو دەستەیە، بۆیە ئەرکەکانی فەرمانگەکان پشتگیریمان لێ کرد هەروەکو لە پرۆژەکەی حکومەت هاتووە ئەرکەکان و دەسەڵاتەکانی دیاری بکرێت، باس لەوە کرا کە هیچ رۆڵێك بۆ رێکخراوەکان دیاری نەکراوە، بەڕێزان، لە برگەی پێنجەمی ئەو ماددەیە، باس لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کراوە، کە نوێنەریان ئامادە دەبێت، لە کاتێك ئەگەر سەرۆکی دەستە بەپێویستی زانی کەوا ئامادە بێت لە کۆبوونەوەکان و بەشداری بکات لە گفتوگۆیەکان، راو و بۆچوونی خۆی دەربڕێ سەبارەت بەو بابەتانەی کە موناقەشە دەکرێت.

(خبرة في مجال حقوق الانسان)، ئەوەش لەلایەن بەڕێزێك پێشنیار کرا، بەڕێزان لە موستەشارین گوتمان (من ذوي الخبرة والاختصاص) ئەوەمان باس کردووە، تێبینی ئەوە کرا کە ئایا سەرۆکی دەستە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە فەرمانگەکان یەك بگرێت ودەمج و ئیستیحداس و ئیلغا؟ بەڕێزان، ئەمە لەلایەن هەردوو لیژنە ئەو برگەیەمان بەشێوەیەکی تر داڕشتەوە، کەوا سەرۆکی دەستە دوای پەسند کردنی ئەنجومەنی دەستە، تەنها بۆی هەیە هۆبەو بەشەکان لە یەك بدات، یاخود هەڵیانوەشێنێتەوە، نەك بەڕێوبەرایەتیەکان، ئەوەمان هەموار کرد، رەچاوی ئەو تێبینیەمان کرد، ئەمە لەلایەن هەردوو لیژنە هەستمان پێ کرد، کە (لرئيس الهيئة استحداث او دمج او الغاء اي من اقسام الهيئة او شعبها وفقا لمتطلبات العمل بعد مصادقة مجلس الهيئة)، واتا بۆی نییە سەرۆکی دەستە بەڕێوەبەرایەتیەکان ئەوە بە دەقی قانون دیاری کراوە، نەصی قانون دەمج و ئیلغای بکات، تەنها بۆی هەیە هۆبەو بەشەکان، شەهادەی جامیعی ئەوەلی، بەڕێزان،

كه ئەوە پێویست كرا بڕوانامەی زانكۆ هیچ ڕێگرێك نییە، ئەگەر بڕوانامەكەی ماستەر بێت، یان دكتۆرا بێت، بەلاّم بەكالۆریۆسی هەبێت، لە بەكالۆریۆس زیاتر هیچ ڕێگرێك نییە، زۆر ئاساییە ئەو دەقە لە زۆر وەزارەتەكان و یاساكاندا هاتووە، كە بڕوانامەی (شهادة جامعية اولية)، بەلاّم ڕێگر نییە لەوەش بەرزتری هەبێت، ماستەری هەبێت، یان دكتۆرای هەبێت، ئەوەندە تێبینیە لەلای من تۆمار كراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش و كاك عبدالسلامیش پرسیاری ئەوەمان كرد، لە دەستەكە ئەو ئەنجومەنەی كە باس كراوە، لە دەقی ئەصڵی یاساكە، ئەو ئەنجومەنە ماوە، یان نەماوە، یاخود چی بەسەر هات؟ هەر ئەم دەستەیەیە، یان دەستەكەی تریش دەمێنێتەوە، وەك دەستەی بەڕێوەبردن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمه كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەز دەكەم لە بەڕێز كاك فرسەت بپرسم ماددەی (32) بڕگەی (4 و 5) ئەڵێت دەبێ هەموو ئەندامانی ئەنجومەن بۆ كاری ئەنجومەن تەرخان بن، دووەم: ئەڵێت (ئەنجامدانی ئەرك و كاری حزبایەتی و نەقابیە، كاری ڕێكخراوە جەماوەرییەكان بە ئەنجامدانی كاری وەزیفی، یان دەست ڕەنگینی، یان پیشەیی دانانرێت، یەعنی تەنها ئەوانەی تەحدید كردووە، كە دەبێت ئەندام پەرلەمان تەنها ئەم ئیشانە بكات، یەعنی دەست نیشان كردنی ئەندام پەرلەمانێك بۆ كارێكی تر لە دەرەوەی ئەنجومەنەكە ناكۆك دەوەستێتەوە، چونكە ئەڵێت دەبێ تەفەروغ بیت بۆ ئیشەكەی خۆی، بڕگەی (4 و5) لە ماددەی (32) یەعنی وا هەست دەكەم ناكۆك دەوەستێتەوە لەگەڵ ئەوەی كە تۆ ئەندامێك دەست نیشان بكەی لەناو ئەنجومەنێكی تردا بێت، ئەو ئەنجومەنە كە لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی یاسایی دەخوات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فرسەت، فەرموو.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: ئەو دەزگایە سەر بە پەرلەمانە، یەعنی بەشێكە لەپەرلەمان، دووەم: تەبیعەتی ئیشی ماڤی مرۆڤ بەشێكە لە مەهامی ئەندامی پەرلەمان، سێیەم: ئەو مەوزوعە میهنە نییە، یەعنی مومارەسەی پیشەیەك ناكات، موقابیلی پارە، یان موقابیلی موكافەئەیەك، ئیشێكە تەواوكەری ئیشەكەی خۆیەتی، تەكمیلەی ئیشی

**ئەندامی پەرلەمانە، من هیچ تەعاروزێك نابینم لەبەینی ئیشی ئەندامی پەرلەمان و ئەندامێتی ئەو لیژنەیە، بەتایبەتیش ئەو لیژنەیە لیژنەیەکی تەنفیزی نییە، منیش لەگەڵ ئەوەدام ئەندام پەرلەمان نابێت ببێت بەئەندامی لیژنەیەکی تەنفیزی، چونکە مەبدەئەکە ئەوەیە ئەڵێت، ئەگەر بوو بە ئەندامی لیژنەیەکی تەنفیزی، بەشداری کرد لە ئیشوکاری ئەو لیژنەیە، مەعنای ئەوەیە ماڧ چاودێری ئەو ئیشە لەدەستی خۆت داوە، ئەوە نە لیژنەیەکی تەنفیزیە، لیژنەیەکی رەصدو موراقەبەو تەشخیصە، لەبەر ئەوە من هیچ تەعاروزێك نابینم، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عومەر عبدالعزیز، فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وا دیارە لیژنەی بەڕێز سیانیان خوشکن، مەسەلەی رێژەی ئافرەتانیان لەبیر کرد، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك صباح، فەرموو.**

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تەوزیحی ئەوە دەدەم کە باسی موستەشارەکانە، کە باسی خیبرە کرا، جەنابتان پێشنیارتان کردبوو وەکو لیژنەکە ( تزید عن عشر سنوات) من وتم ( لاتقل عن عشر سنوات) ئەوەی تێدا نییە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عبدالسلام، فەرموو.**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من نوقتەی نیزامیەکەم لەوەدایە وابزانم زیاتر لە چوار ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز تێبینیان هەبوو لەسەر خاڵی چوارەم، کە دەڵێت دەبێ ئەمە لە یاسا نەمێنێت و ببێت بە بەشێك لە نیزام داخیلی، ئەوەتان باس نەکرد، ببورە هێشتا خاڵێکی ترم ماوە، کە باسی بەڕێوەبەرە گشتیەکان دەکات، ئەڵێت لەلایەن پەرلەمانەوە دادەمەزرێت، لێرە موناقەشەیەکی قانونی دروست دەبێت، یەك/ پەرلەمان دەتوانێت بڵێت بڕیارماندا بە دامەزراندنی مودیری عام، لە دەرەوەی هەیکەلیەتی خۆی، دووش/ چەمکی سەر بە پەرلەمانە دەمانخاتە موناقەشەیەکی دوور و درێژ، سەر بە پەرلەمانە، نەك وەکو مودیریاتی پەرلەمان، واتە لەژێر ئیشراڧ پەرلەمانەو سەر بەهیچ وەزارەتێك نییە، بەڵام من مامۆستای گەورەم کاك فرسەت، من بە تێگەیشتنی خۆمی زەعیف تەسەور دەکەم ئەوە نە ئیشی تەشریعی دەکەن، نە ئیشی قەزائیش دەکەن، لە سیستەمی تەقلیدی قەزایاو تەشریعەو ئیجرائە، ئینجا سەر بە وەزارەتیش نەبێت، لە سیستەمی مۆدێرنی تازە تر**

مەجالی ئەوە دراوە، کە هەیئاتی موستەقیلی تەمسیلی عام دەکەن، قتاعی عام، نەك بەمانای حکومی، نوێنەرایەتی کۆمەڵگا دەکەن، ئەوانیش قوتاعێکن وەك چۆن دەسەڵاتێکن، یەعنی نە سەر بە پەرلەمانن موعامەلەیان لەگەڵ دەکرێ وەکو دائیرەیەکی پەرلەمان، نە بەشێکیشن لە سوڵتەی تەنفیزی بەو مانایەی کە وەزارەت وەك بەڕێوەبەرایەتیەك، ئەو سەربەخۆییەکەی لەوێدایە بۆیە لای منیش دەبینم ئەندامی پەرلەمان بۆی نیە بچێت ببێت بە ئەندام لە لیژنەیەك کە سەرۆکێکی هەیە، ڕەئیەکەی دەخوات، جارێکی تر دوا شت تەئکید دەکەم، دەستە و ئەنجومەن رجاتان لێ دەکەم بیری لێ بکەنەوە، ئەو خەڵتە سەرمان لێ دەشێوێنێ، خەڵکی دەرەوەی دەزگاکە هەنە، وە خەڵکی ناو دەزگاکەش هەنە چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

لەڕاستیدا هەندێك تەرح و بۆچوون هەبوو بەگرنگی دەزانم، منیش وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ تیشکێکی بخەینە سەر، ئەوەی پەیوەندی بە ئامادە بوونی لیژنەوە هەیە لە هەیکەلیەی دائیرەکاندا، من پشتگیری بۆچوونەکانی ئەو بەڕێزانە دەکەم، وەکو چۆن لە راپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤیش ئاماژەمان پێ کرد بوو، کە لەڕاستیدا گرنگە ئەگەر بە دەستەواژەیەکیش بێت رێژەی ژن لە بەڕێوەبردنی ئەو دەزگایەو لە دائیرەکاندا لەبەرچاو بگیرێت، وەکو لە ماددەی شەشەم لە فەقەرەی یەکەمدا هاتووە دەستەواژەیەکی بۆ ئیزافە بکرێت، من پشتگیری ئەو رەئیانە دەکەم، بیرمان نەچێت حەقیقەتێکی سائید هەیە کە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیدا بەشێکی زۆری ئۆ باڵەکەی دەکەوێتەوە ئەستۆی ژنان و، ژنان موزەحی تیایدان، پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتیەکان ئەگەر بۆ ژن و منداڵ هەبێت، یەعنی زۆر بە وازیحی هاتووە لە ئیتفاقیە نێودەوڵەتیەکانی تریشدا ئەم مەسەلەیە بە روونی هاتووەو، تەشخیص کردنی ژن لەو روانگەیەوە کە پێشێلکاری زیاتریان بەرامبەر کراوە، بۆیە بۆ داکۆکی کردن لە ماف و ئازادییەکانی خۆیان، هاوشان بە ئەوانی تری وەکو رەگەزی تر بەشدار دەبن لە بەڕێوەبەرایەتی ئەم دائیرەیە حزوریان هەبێت، ئەمە یەکەم.

دووەم/ بۆ تەرشیق کردنەوەی دائیرەکان و لێکدانی دوو لە دائیرەکان، من پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەم، تەسەورم وایە دائیرەی روانینی هەڵسوڕاوان و پاراستنی مافی مرۆڤ لەگەڵ دائیرەی کاروباری یاسایی یەك بخرێت بەم جۆرە، ببێتە یەك برگە (دائیرەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ) بەلاّم لەپاڵ ئەوەدا ئەوەی پەیوەندی بە پاراستنی مافی مرۆڤەوە هەیە، ئەم دەستەواژەیە زیاد بکرێت بۆ دائیرەی کاروباری یاسایی، وەکو ئەم دائیرەیە سکالاّکان لە خەڵك و دامودەزگاکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان وەردەگرێت و

بەدواداچوونی ئەو شکاتانە دەگرێتە ئەستۆ، کە پەیوەندییان بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە هەیەو، دەستەواژەی سێیەم چی بەدوایدا هاتووە دێڕەکان ئیزافە بکرێتەوە.

خاڵێکی تر، لەم ماددەیەدا یەك، دوو ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز باسی لەوە کرد، کە بۆ سەردانی کردنی بەندیخانەکان و گرتووخانەکان بەبێ ئیجازە، ئەم دەستەیەو دائیرەکە بتوانێت سەردانی بکات، لەڕاستیدا وەکو ئەوەی زیکر نەکراوە، کە ئەمانە بەبێ هەماهەنگی ناتوانن بڕۆن، شتێکی لەو بابەتە نییە، بەلاّم من رام وایە کە ئەم دەستەیە وەکو زیکر نەکراوە دەتوانێت بڕوات، بەلاّم مەسەلەی پەیوەندی و هەماهەنگی لەنێوان دامودەزگاکانی کە سەرپەرشتی بەندیخانەکان و گرتووخانەکان دەکەن لەگەڵ ئەم دەستەیە مەسەلەیەکی گرنگە، ئێمە بیرمان نەچێت لە هەرێمی کوردستاندا، ئێمە سیستەمێکمان هەیە لەحوکمڕانی، سیستەمی پەرلەمانییە، ئەم سیستەمە پەرلەمانیە زۆر دەبێت نزیکایەتی و هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ دامودەزگاکانی تەنفیزی و یەکتری تەواو دەکەن، بیرمان نەچێت دامودەزگاکانی تەنفیزی لە ڕێگەی پەرلەمانەوە متمانەیان پێ دەدرێت، هەموو جارێك ئەم حاڵەتە بە جۆرێك لە دڵ ڕۆنی وەرنەگیرێت لەڕاستیدا، بۆیە بوونی پەیوەندی لەنێوان دامودەزگاکانی تەنفیزی و بەتایبەتی کە وەکو ئەم دەزگایەی کە پەیوەست دەبێت بە پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان دەبێت جۆری مامەڵە کردنەکان مامەڵەیەکی هەماهەنگ و هاوسەنگ و نزیك بێت لە یەکترییەوە.

خاڵێکی تر، پەیوەندی بە وشیارییەوە هەبوو، من ڕەئیم وایە ئەم بۆچوونە دائیرەی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن و وشیاری نەبێت، من ڕەئیم وایە دائیرەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری بێت شمولیترەو، لەناو ڕۆشنبیری حقوقی ئینساندا تەوعیە بەشێکی سەرەکییە لەو مەسەلەیە، بۆیە من وا تەرح دەکەم بە ئیجازەی بەڕێزان لیژنەی قانونی دائیرەی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری، لە ئەخیر دەستەواژەیدا کە دەوترێت، هەروەها لە ڕێکخستنی کۆنگرەو نەدوەکانی پەیوەندیدارردا بەشدار دەبێت لە گەشە پێدانی ڕۆشنبیری مافی مرۆڤەوە ڕۆڵی دەبێت، ئەم جوملەیەش ئیزافە بکرێت.

خاڵێکی تر، کە پەیوەندی بە صیاغەو هەڵەی زمانەوانیەوە هەیە، لەڕاستیدا لیژنەی مافی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی ئەندامەکانی لە بەدواداچوون و لەموتالەعە کردنی ئەم پرۆژە یاسایە کێشەی زۆرمان هەبوو لە ڕووی زمانەوانی و صیاغەوە، چونکە ئەسڵی پرۆژەکە کە هاتووە لەڕاستیدا کۆمەڵێك ئەشکالی زمانەوانی و صیاغە کردنی هەبوو، وەکو چۆن ئەو پرۆژە یاسایانەی کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو ئیشکالێکی گەورەی تیایە، لەڕاستیدا ئێمە لە لیژنەی مافی مرۆڤ ناتوانین ئیعتیمادی تەواو بکەینە سەر شارەزایانی زمانەوانیش لەناو پەرلەماندا بۆ ئەم مەسەلەیە، بۆیە کێشەی زمانەوانی کێشەیەکی سائیدەو هیوادارین چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە لە ئایندەدا، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەو مەوزوعە زۆر مەوزوعێکی هەستیارە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان زۆر شتی گرنگیان خستە پێشەوە، مەسەلەن زۆر باسی ئەنجومەنەکە کرا، یەك بێت، دوان بێت، بۆچوونی جیاواز هەبوو،

كەميان باشترە باس كرا بحوس زياد بكرێت، ڕێژەی ئافرەتان لە ئەوەندە زياتر نەبێت، باسی ئەوە كرا موستەشارەكان بۆ هەر دوو بێت، فيعلەن بۆ يەك نەبێت؟ بۆ دوو نەبێت؟ بۆ سێ نەبێت؟ بۆ پێنج نەبێت؟ بۆ چوار نەبێت؟ يەعنی شتێكی تر لەسەری ئينسان رابوەستێت، دەسەلاّت بدرێتە هەيئەتەكە خۆی كە ئەو هەيئەتە نيزامێك بۆ خۆی دابنێت و بۆ خۆی كار بكات، يان لايەكی تر ئەويش پەرلەمانە، ئەو نيزامەی بۆ دابنێتن، دائيرەی قەزاو ناحيەكان بە چ شێوەيەك سەرپەرشتی بكرێت؟ ئەمە هەمووی مەسائيلێكی گرنگە بە رەئی سەرۆكايەتی لەو جەلسەيە ناتوانن شتێكی زۆر سوود بەخش بۆ ئەوە بدۆزنەوە، بۆيە دانيشتنەكە دوا دەخەين بۆ رۆژی دوو شەممە سەعات (11)، داواش لە ليژنەی هاوبەش دەكەين بۆچوونەكانی ئەندامانی پەرلەمان وەربگرن بە نووسراو، بۆ ئەوەی بخەينە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس، تاكو رۆژی دوو شەممە سەعات (11) خوا لەگەڵتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | ارسلان بايز اسماعيل | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (13)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 24\5\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (13)

## دووشەممە رێكەوتی 2010/5/24

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2010/5/24 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی ماددە (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (13)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2010/5/24 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (13)، رۆژی دانیشتن 2010/5/24، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی برگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (13)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ، رۆژی دوو شەممە رێكەوتی 2010/5/24دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان – عێراق.

لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤ كەرەم بكەن بۆ شوێنی خۆتان، بەڕێزان لەسەر ماددەی پێنج لە ئەسڵی پرۆژەكە، كە ئێستا دەكاتە ماددەی حەوت، گفتوگۆی لەسەر كرا، بۆچوون و پێشنیارەكانی ئێوەی بەڕێز لەبەردەستی لیژنەی یاساییە، كە بڕیار بوو ئیعادەی صیاغەی بكەنەوە، ئێستا لیژنەی هاوبەش كەرەم بكەن بۆ كارەكانتان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی ئەو ماددەیە کە لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی پێنجەمە، ئێستا بۆتە ماددەی حەوتەم، لەبەر ئەوەی ریزبەندی ماددەکان گۆڕا، چەند ماددەیەك زیاد کرا، دوای ئەوەی هەردوو لیژنە، لیژنەی مافی مرۆڤ و لیژنەی کاروباری یاسایی بە وردی دیراسەتی تێبینیەکانی ئەندامانی پەرلەمانیان کردو کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامداو، کۆبوونەوەی دواتر لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆبووینەوە، بە مەبەستی دەوڵەمەند کردنی ماددەکەو دوایی سەرنج و تێبینی ئەندامان وەرگیرا، بەباشمان زانی کە بەم شێوەیە ماددەکە دابڕێژینەوە، کە بۆتە ماددەی حەوت: (المادة السابعة).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەگەر پێشتر وەڵامی هەندێك موداخەلەی ئەندامان یەکێکتان بیداتەوە، چونکە هەندێك شت کە وەرتان نەگرتووە، بۆ ئەوەی بزانن بۆچی؟ پاشان ماددەکەی خۆتان بخوێننەوە، کەرەم بکەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینی و پێشنیارانەی کەوا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کرا، سەبارەت بەوە بوو ئایا پلەی بەڕێوەبەری ئەو فەرمانگانە، پلەی چ بێت؟ بەڕێوەبەری گشتی بێت؟ یان تەنها بەڕێوەبەر بێت؟ ئێمە بەباشمان زانی لەلایەن هەردوو لیژنە، کەوا پلەی بەڕێوەبەری فەرمانگەکان بەڕێوەبەری گشتی بێت، تا بتوانێت کاروبارەکان بەڕێوە ببات و رۆڵی خۆیان ببینن لەناو ئەو دەستەیە، دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ.

سەبارەت بە دەمج کردنی، یاخود یەکگرتنەوەی چەند بەڕێوەبەری گشتی، کە لە چوار بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێك دەهات لە ئەسڵی پرۆژەکە لەلایەن حکومەت هاتووە، ئێمەش لەسەر پێشنیاری بەڕێزتان بەڕێوەبەرایەتی رەصدو ئەدائمان دەمج کرد لەگەڵ دائیرەی قانونی، خۆی چوار بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوو، دوای دەمج کردنی برگەی دوو و سێ بەو شێوەیە (الدائرة القانونیة وحمایة حقوق الانسان)، واتا بەڕێوەبەرایەتی دووەم و سێیەمان دەمج کرد، ئێستا بەو شێوەیەی کە دامانڕشتووە لە سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێك دێت:

یەکەمیان/دائیرەی ئیداری و مالی.

دووەمیان/ دائیرەی قانونی و حیمایەی حقوقی ئینسان.

سێیەمیان/ دائیرەی عیلاقات و ئیعلام.

پێشنیارێکی تر هەبوو کەوا تەوعیە، هوشیار کردنەوەی خەڵك بە مافەکانی مرۆڤ زیاد بکرێت، ئێمەش لە خاڵی سێیەمدا لە دائیرەی عیلاقات و ئیعلام، ئەو برگەیەمان زیاد کرد (نشر ثقافة حقوق الانسان)، لەبەر

ئـەوەی هوشـیار کردنەوەکـە، یـاخود تەوعیـەی هاوولآتیـان بـە مافـەکانی مـرۆڤ بـەپێی ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتیەکان، ئەوە لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیانـدن دەبێـت، بۆیـە بـە باشمـان زانـی لەگـەڵ خـاڵی سـێیەم دائیرەی عیلاقات و ئیعلام لەو خاڵە زیاد بکرێت، بڕگەیـەکمان بـۆ زیـاد کـرد (نشـر ثقافـة حقـوق الانسـان)، بلآو کردنەوەی ڕۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ.

سەبارەت بە ئەنجومەنی دەستە، کە ڕاو و بۆچوونی جیاواز هەبوو، ئێمە بەباشمان زانـی کـەوا مەجلیسـێکی ئیداری هەبێت لـە سـەرۆك و بەڕێوەبـەری ئـەو فەرمانگانـە پێـك بێت لەگـەڵ موستەشـارینەکان، ئـەوەمان بەباش زانی کەوا مەجلیسێکی ئیداری بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرك و فەرمانەکانی هەیئـە، پێویسـتی دەکـرد کە مەجلیسێکی هەیئە هەبوایە، لەبەر ئەوەی ئێمـە لـە مـاددەی یـەك پەسـندمان کـردووە (المجلس: مجلس الهیئـة)، ئـەو ئەنجومەنـەمان پێناسـە کـردووە لـە مـاددەی یـەك، واتـە دەبوایـە تەشـکیلاتی لـەناو یاسـایەکە بێتـەوە مەجلیسـی هەیئـە هـەبێت، واتـا ئێسـتا مەجلیسـی ئیـداریمان نییـە، مەجلیسـی هەیئـەمان هەیـە، مەجلیسی ئیداری لە سەرۆك و بەڕێوەبەری فەرمانگەکان پێك دێت لەگـەڵ موستەشـارینەکان، ئەنجومـەنی دەستە ئەویش لە سەرۆکی دەستە پێك دێت، لەگەڵ نوێنـەری ئەنجومـەنی وەزیـران، نوێنـەری ئەنجومـەنی دادوەری، نوێنەری داواکاری گشتی.

ڕاو و بۆچوونی جیاواز هەبوو لەسەر نوێنەری پەرلەمان، بە چ پلەو پایەك لەو ئەنجومەنە کار دەکات؟

خۆی ئەو دەستەیە سەر بە پەرلەمانە، پەرلـەمان ڕۆڵـی خـۆی دەبینێـت لـە چـاودێری دەسـتەکە، بـەباشمان زانی نوێنەری پەرلەمان تێدا نەبێت، لە شوێنی ئەو مودیر عامە (الدائرة القانونیة وحمایة حقوق الانسان)، وەکـو موقـەریر، وەکـو بڕیـادەر لـە ئەنجومەنەکـە بەشـداری بکـات، ببێتـە بەشـێك لـە ئەنجومەنەکـە، واتـا ئەنجومەنی دەستە لە سەرۆکی دەستە پێك دێت، لە بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی مـافی مرۆڤ، لە نوێنەری ئەنجومـەنی وەزیـران، لـە نوێنـەری ئەنجومـەنی دادوەری، لـە نوێنـەری داواکـاری گشـتی، هەروەها دوو ئەندام کەوا لە ماوەی دە ساڵ کەمتر نەبێت ببنـە ئەنـدام لـەو ئەنجومەنـە، کـە بـۆ ماوەیـەکی زۆر لە کاروباری یاسایی و دادوەری کاریان کردووە، بەو شێوەیە پێکهاتەی ئەنجومەنی دەستە کە لە ماددەی یەك پێناسەی ئەنجومەنەکە کراوە، بەو شێوەیە دامانڕشتەوە.

پێشـنیارێك کـرا کـەوا کـەرتی تێکـەڵاو لابرێـت، تـەنها کـەرتی تایبـەت بمێنێتـەوە لەگـەڵ ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی کـە لـە بڕگـە پێنجـەمی ئـەو ماددەیـە هـاتووە، ئێمـەش بـەباشمان زانـی کـە تـەنها فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی تایبەت بمێنێت، کەرتی تێکەڵاومان لادا، ئەگەر دەستەی سـەرۆکایەتی ڕێگـام پێ بدات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی کۆتای ئـافرەت کـرا، بـەلآم وەلآمتـان نەدایـەوە، باسـی ئیسـتیقبالی شـەکاوی، ئـەویش ئەگـەر تیشکێك بخەنە سەری.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئیستیقبالی شەکاوی، ئەوە لە بڕگەی دووەم هاتووە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کە لە خاڵی دووەمی ماددەکە هاتووە، ئێمە لەگەڵ خاڵی سێیەم دەمجمان کردووە، ئەگەر ڕێگام پێ بدەیت بخوێنمەوەو بدرێتە دەنگدان، (او تتولى استقبال ومتابعة الشكاوي من الافراد والمؤسسات والمنظمات)، بەو شێوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکە فەرموو بۆ خوێندنەوەی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

اولاً: تتكون تشكيلات الهيئة من الدوائر الاتية، وتدار كل دائرة منها من قبل موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية اولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص ويعاونه عدد من الموظفين:

1- الدائرة الادارية والمالية: تتولى متابعة شؤون منتسبي الهيئة، وما يتعلق بميزانيتها وممتلكاتها ومايكفل تسيير عملها.

2- الدائرة القانونية وحماية حقوق الانسان: تتولى استقبال ومتابعة الشكاوي من الافراد والمؤسسات والمنظمات وغيرها في مسائل حقوق الانسان، وزيارة السجون، ومراكز التوقيف، والتحقق من صحة الانتهاك في مسائل حقوق الانسان، ورفع النتائج الى مجلس الهيئة، كما تتولى دراسة التشريعات ذات العلاقة بحقوق الانسان ودراستها على ضوء المواثيق الدولية لحقوق الانسان وابداء مقترحات بهذا الشأن الى مجلس الهيئة.

3- دائرة العلاقات والاعلام: تتولى التنسيق بين الدوائر المعنية في الهيئة، وما يحله اليها مجلس الهيئة او رئيسها من طلبات في هذا الشأن، ومتابعة ما ينشر في وسائل الاعلام المختلفة فيما يتعلق بحقوق الانسان، ونشر ثقافة حقوق الانسان، والاسهام في الترتيبات عند اقامة المؤتمرات والندوات ذات العلاقة.

4- مستشارين لايزيد عددهم عن اثنين ومن ذوي الخبرة والاختصاص في مجال حقوق الانسان.

5- يكون للهيئة مجلس أداري يتكون من رئيس ومدراء دوائر الهيئة والمستشارين.

ثانياً: لرئيس الهيئة استحداث او دمج او الغاء اي من اقسام الهيئة او شعبها وفقاً لمتطلبات العمل بعد مصادقة مجلس الهيئة.

ثالثاً: يتكون مجلس الهيئة من:

1-رئيس الهيئة/ رئيساً.

2- مدير عام الدائرة القانونية وحماية حقوق الانسان/ مقرراً.

3- ممثل مجلس الوزراء لاتقل درجته عن درجة خاصة/ عضواً.

4- ممثل مجلس القضاء/ عضواً.

5- ممثل الادعاء العام/ عضواً.

6- عضوين ممن مارسا العمل القضائي او التشريعي او القانوني لمدة لاتقل عن عشر سنوات.

رابعاً: يجتمع المجلس شهرياً، وللرئيس عند الضرورة دعوته لاجتماع طارئ، وتتخذ القرارات فيه باغلبية عدد الحاضرين وفي حالة التساوي في الاصوات يرجح الجانب الذي يصوت معه الرئيس.

خامساً: للرئيس دعوة ممثلي الجهات ذات العلاقة من الوزارات ودوائر الاقليم والقطاع الخاص ومنظمات المجتمع المدني لحضور اجتماعات المجلس ولا يحق لهم التصويت.

هەندێك هەڵەی چاپی تێدایە، سەبارەت بە کۆتای ئافرەتان، ئایا زیاد بکرێت؟ یان نا؟ دوو رەئی جیاواز هەبوو، کەوا رێژەیەك بۆ ئافرەت دابنرێت، بەڵام رەئیەکی تر ئەوە بوو، کەوا پێویست بەو رەئیە ناکات، لەبەر ئەوەی رێژەی کۆتا، یاخود ئەو رێژەیە بۆ مسۆگەر کردن و بەشداری کردنی ئافرەت لەو ئەنجومەنە تەنها بۆ ئەنجومەنی هەڵبژێردراو، وەکو پەرلەمان، یاخود ئەنجومەنی پارێزگا نەبێت، پێویست ناکات لەو دامودەزگایانە کەوا بە تەعین دەبێت، ئەو رێژەیە، یاخود کۆتا دابنرێت، لە مەرجەکانی ئەندامێتیەتی لەو ئەنجومەنە هیچ جیاوازییەك نەکراوە لەنێوان نێرو مێ، لەنێوان ژن و پیاو، بۆیە ئەگەر کەفائەتی تێدا بوو، ئەهلیەتی تێدا بوو، هەمان مەرج کە لەسەر پیاو جێ بەجێ دەکرێت، لەسەر ئافرەت، یاخود ژن، لەسەر نێرو مێ جێ بەجێ دەکرێت، هیچ جیاوازییەك نییە، بۆیە رەئیەك هەبوو، کەوا پێویست ناکات رێژەی کۆتا لەو دەستەیە دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەو موقتەرەحە وەربگرن، پێویستە ئافرەتی تێدا هەبێت، یەعنی لە لیژنەکە پێویست بکرێت، نەڵێت چەند لەسەد، چەند لە سەد نا، بەلاّم پێویستە لەو هەیئەتە ئافرەتیش هەبێتن، ئەگەر ئەمە وەربگرن، چاك بکرێتن، دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ مسۆگەر کردنی بەشداری کردنی ئافرەت لەو ئەنجومەنە، لە برگەی (ثالثاً: يتكون مجلس الهيئة من) دوای ئەوەی باسی سەرۆك و موقەریرو ئەندامانمان کردووە، لە برِگە شەش (عنصر نسائي يختاره المجلس. عضواً)، ئینجا برگە حەوت بێت (عضوين ممن مارسا العمل القضائي او التشريعي او القانوني)، (عنصر نسائي يختاره المجلس.عضواً)، واتا دەبێت لە ئەنجومەنەکە ئافرەتێکی تێدا هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بە کوردیش بخوێننەوە، تکایە، نوقتەی نیزامی هەیە، کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو عونصرە نیسائیە، ئێمە دەڵێین ڕێژەیەك لەناو مەجلسەكە......... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە نوقتەی نیزامی نییە خوشكی من، دانیشە، دانیشە رجائەن، ئیحتیرامم بۆ جەنابت هەیە، ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، ئەوە شەرحە، رجائەن خوشكی من دانیشە، ئەوە نوقتەی نیزامی نییە، لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(عنصر نسائی عضواً)، واتا ئەندامە لە ئەنجومەنەكە، دەبێت ئافرەتێكی تێدا هەبێت، ژنێكی تێدا هەبێت، ئەندام بێت لە ئەنجومەنەكە، شەرت نییە یەك بێت، لەوانەیە (ممثل الادعاء العام)یش ئافرەت بێت، لەوانەیە مومەسیلی دەزگایەكانی تریش ئافرەت بێت، ڕێژە لە یەك زیاتر بێ شەرت نییە، بەس دەبێت ئافرەتێكی هەبێت، لەوانەیە دەزگاكان، ژمارەمان دیاری نەكردووە، بەڕێزان، لەوانەیە هەموو دەزگایەكان ئافرەت هەڵبژێرن كە نوێنەرایەتیان بكات لەو ئەنجومەنە، بەڵام دەبێت ئافرەتێكی هەر تێدا هەبێت، جگە لەوانەی ئیدیعای عام با نوێنەری خۆی ئافرەت تەحدید بكات لەوێ، ژمارەمان دیاری نەكردووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش بیخوێنەوە تكایە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

یەكەم/ دەستەكە لەم دائیرانەی خوارەوە پێك دێت، هەر دائیرەیەكیش فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات، كە بڕوانامەی زانكۆیی هەبێت لەبواری پسپۆری دائیرەكەداو، چەند فەرمانبەرێكیش یاریدەدەری دەبن:

1- دائیرەی كارگێڕی و دارایی: بەدواداچوونی كاروباری فەرمانبەرانی دەستەكەو ئەوەی پەیوەندی بە بودجەو موڵك و سامانی دەستەكەوە هەیە دەكات، هەروەها بەدواداچوونی ڕەخساندنی كارەكانی.

2- دائیرەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ: ئەم دائیرەیە سكاڵاكان لە خەڵك و دامودەزگاو ڕێكخراوەكان و لایەنی تر وەردەگرێت، كە پەیوەندییان بەبواری مافەكانی مرۆڤەوە هەیەو، بەدواداچوونیان بۆ دەكات، سەردانی بەندیخانەو گرتووخانەكان دەكات و هەر پێشێلكارییەك پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەبێت، ئەگەر پێویست بكات لێی دەپێچێتەوەو ئەنجامەكانی بەرز دەكاتەوە بۆ ئەنجومەنی دەستەكە، هەروەها لە یاساكانی ناوخۆ كە پەیوەندیدارن بە مافی مرۆڤەوە دەپێچێتەوە، لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەكانی مافی مرۆڤ و پێشنیاز لە بارەیانەوە پێشكەش دەكات بە ئەنجومەنی دەستەكە.

3- دائیرەی پەیوەندییەکان و راگەیاندن: لەگەڵ دائیرە پەیوەندیدارەکانی ناو دەستەکەو ئەو داواکارییانەش کە لە ئەنجومەنی دەستە، یان لە سەرۆکی دەستەکەوە لەم بارەیەوە پێی دەگات، هەماهەنگی دەکات و بەدوای ئەوشتانە دادەچێت، کە لە ئامرازەکانی راگەیاندندا لەبارەیەوە بلاّو دەکرێنەوە، لەبلاّو کردنەوەی رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ و رێکخستنی کۆنگرەو نەدوەکانی پەیوەندیداریشدا بەشدار دەبێت.

4- دەستەکە راوێژکاری دەبێت، کە لە دوو کەس زیاتر نەبن، خاوەنی شارەزایی و پسپۆر بن لەبواری مافەکانی مرۆڤدا.

5- دەستەکە ئەنجومەنێکی ئیداری دەبێت و پێك دێت لە سەرۆکی دەستەکەو بەڕێوەبەری دائیرەکان و راوێژکارەکان.

دووەم/ سەرۆکی دەستەکە بۆی هەیە هەر دائیرەو پێکهاتەیەکی دەستەکە بەپێی پێداویستی کار بکاتەوە، یان تێکەڵیان بکات، یان پووچەڵیان بکاتەوە، دوای پەسند کردنی لەلایەن ئەنجومەنی دەستەوە.

سێیەم/ ئەنجومەنی دەستەکە پێکدێت لە:

1- سەرۆکی دەستە/ سەرۆك.

2- بەڕێوەبەری یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ/ بڕیاردەر.

3- نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران، کە پلەی لە پلەی تایبەت کەمتر نەبێت/ ئەندام.

4- نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری/ ئەندام.

5- نوێنەری داواکاری گشتی/ ئەندام.

6- نوێنەرێکی ژن/ ئەندام.

7- دوو نوێنەر کە مومارەسەی کاری دادوەری و یاسادانانیان کرد بێت، لە ماوەی زیاتر لە دە ساڵ/ ئەندام.

چوارەم/ ئەنجومەن مانگانە کۆ دەبێتەوە، سەرۆك لەکاتی پێویستدا بۆی هەیە بانگهێشتی بکات بۆ کۆبوونەوەیەکی لەناکاو، بڕیارەکانیش بەزۆرینەی ئامادە بووان دەدرێت، ئەگەر دەنگەکانیش یەکسان بوون، ئەوە دەنگی سەرۆك لەگەڵ کام لا بێت، ئەولا قورستر دەبێت، یان یەکلایی دەکاتەوە.

پێنجەم/ سەرۆك بۆی هەیە نوێنەری لایەنە پەیوەندیدارەکان، وەزیرەکان و دائیرەکانی کەرتی هەرێم، کەرتی تایبەت و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بانگهێشت بکات، بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەکەدا ئامادە بن، بەلاّم مافی دەنگدانیان نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، نوقتەی نیزامی هەیە، ئەوانەی نوقتەی نیزامیان هەیە ناویان دەنووسین، چونکە زۆرن، دیارە کەم نین، ئەوانەی نیزامیان تەسجیل کرد (عمر عبدالعزیز، د. احمد وەرتی، سۆزان شهاب، کوێستان محمد، دکتۆر زانا، ئامینە زکری، بێریڤان)، بەڕێزان، ئەگەر ئەوەی نیزامی نەبێت قەتعی دەکەم، دوایێ عاجز نەبن، نیهائیەن شەرح مەجال نادەم، بەس ئەوەی نیزامی هەیە بەسەرچاو، رێزدار عمر عبدالعزیز کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من له سوڵبی نيزاميدا ئەوەی كه عەرزی دەكەم به تەسەوری خۆم هەڵبەتـه، ئـەو ئيقتيراحـه موحـەدەدەی كه كرا بەنيسبەت كۆتای ژنانەوە، ئەم ئيقتيراحه نەبوو كـه بـەڕێزان خوێنديانـەوە، ئـەم ئيقتراحـه تازەيـه هيچ كەس تەسنيەی لەسەر نەكردووە، پێم سەيرە جەنابت ئيجازەشتدا كه بخوێندرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەكـه وەريـانگرت، ليژنـەی هاوبـەش وەريـانگرت، ئەگـەر ليژنـەی هاوبـەش، گـوێ لـه بـرای خـۆت بگـرە، ليژنەی هاوبەش مەقتەرەحی يەك ئەندامی پەرلەمانيش وەربگرن حەقی خۆيانـه بخرێتـه دەنگدان، بـەڵێ كەرەم بكە، سوپاس، ڕێزدار دكتۆر ئەحمەد.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نوقتە نيزاميەكەم لەسەر ئـەو بڕگەيـە، كـە خوێندرايـەوە دەڵێـت (لـرئيس الهيئـة اسـتحداث)، ئێمـه لـه پێشتر له راپۆرتی هاوبەش وا ڕێكەوت بووين كه زياد كردنی وشەی (اقـتراح اسـتحداث)، نـەك بـۆی هـەبێت ئەو گۆڕانكاريە بكات له دەوائيرەكانيش، چونكە بۆی هەيه پێشنيار بكات (استحداث او دمـج او الغـاء اي مـن دوائر الهيئة وتشكيلاتها ورفعه الى البرلمان)، نەك خۆی ئەو ئيستيحداسە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار سۆزان شەهاب فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سيستەمی كۆتا، سيستەمێكە، كە تەنها بۆ ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەكان بەكار دێت، بۆ ئەوەی مافی كەمينەو نەتەوەو ئاين و ژن بپارێزێت، ئەمە دەستەيەكە ئيعتيماد دەكاتە سەر كەفائـەت، لەوانەيـە سـێ روبعـی ئـەو دەستەيە ژن بێت كەفائەتيان هەيەو چالاكن لەبوارەكانی مافی مرۆڤ، تۆ ئەگەر داتنا يەك عونصری نيسائی لەسەر چ پێوەرێك دەبێت؟ ئێمە هـەر باسـی پێـوەر دەكـەين، دەڵـێين دەبێـت ئـەو خەڵكەی دەچـێتە ئـەوێ دەبێت بە پێوەر بێت، بەلای منەوە ئەگەر پياوێك كەفائەتی هەبێت له مافـەكانی مرۆڤـدا چـالاك بێـت، بـۆ مافی بخۆم و نەهێڵم بچێتە ئەو دەستەوە، بەناوی ئەوەی هەر دەبێت ژنی تيا بێت، ئێمە نابێت بەو شێوەيە بيری لێ بكەينـەوە، كۆتـا تـەنها سياسـەتێكەو سيسـتەمێكە بـۆ ئەنجومەنـە هەڵبـژێردراوەكان، ئەگـەر راسـت دەكەن و دەتانەوێت داكۆكی بكەن له مافەكانی ژنان، دەبێت بـەخاڵێك بگوترێـت دەبێـت ڕەچـاوی بەلآنسـی جەنـدەری بكرێـت لـەناو ئـەو دەسـتەيە، بەلآنسـی جەنـدەری جيايـە، كۆتـا جيايـە، كۆتـا بـۆ ئەنجومـەنی

هەڵبژێراوە، لەبەر ئەوە من قبولم نییە بەڕاستی بەو نەوعە بنووسرێت عونصر نیسائی، ئەمە نە خێرە، نە صەدەقەیە، ئەگەر ژن هەبێت کەفائەتی هەبێت ئۆتۆماتیکیەن بەپێی کافەئەت دەچێتە مونافەسەوە، دەچێتە ناو ئەو ئەنجومەنەوە، بەڵام ئەگەر بە خێر بێت، یەك ژن دابنرێت، بەڕاستی من قبولم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە نوقتە نیزامیەکەمەوە دەست پێ دەکەم، چونکە دیارە شەرحیشی تیا دەکەوێت، نوقتە نیزامیەکە ئەوەیە، چەند ئەندام پەرلەمانێك کە پێشنیارێك دەکەن، پێویستە ئەم پێشنیارە بخرێتە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر لیژنەی هاوبەشیش پێشنیارەکە تەعدیل بکەن، پێویستە ئەو تەعدیلەش ئەندامانی پەرلەمان دەنگی بۆ بدەن لەکاتێکدا، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە لێرە دانیشتوون تەعبیر لە لیژنە هاوبەشەکە ناکەن، لەبەر ئەوەی لیژنەی هاوبەش دەبێت هەموو لیژنەکە کۆببنەوە، هەموو لەسەر پێشنیارەکە رێك بکەون، پێشتر هەروا موتەبەع بووە، من نازانم لێرە لە مافی مرۆڤ، با تەواوی بکەم بێ زەحمەت، لێرە یەکێك لە لیژنەی یاسایی دەبێتە نوێنەری هەموو لیژنەی یاسایی، کە من پێموایە هەر ئێستا لەم هۆڵەی ئێمە ئەندامی لیژنەی یاسایی هەیە دژی ئەو پێشنیارەیە کە ئەوان قەبولیان کردووە، ئەمە یەك.

دووەم/ من وەك ژنێك خواستم ئەوەیە ئەم هەیئەیە نیوەی ژن بێت، نەك یەك لەسەر سێی، لەبەر ئەوەی ئەم هەیئەیە هەیئەیەکی گرنگە، پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەیە، لەم هەرێمەی ئێمەش بە سەدان ژن هەیە لە رێکخراوی لەو بوارانە کاریان کردووەو خاوەنی کافەئەت و شەهادەو پسپۆرین، دەتوانن تیایدا بن، لەبەر ئەوەی ئەمە پەیوەندی بە ژنیشەوە هەیە، بە منداڵیشەوە هەیە، ئەمە پەیوەندی چۆن بە نیوەی کۆمەڵەوە هەیە کە پیاوانن، ئاواش بەنیوەکەی ترەوە هەیە کە ژنانن، بۆیە من وەك ژنێك خواستم ئەوەیە نیوەشی ژن بێت، بۆیە ئەو بەڕێزانەی کە داوایان کردووە ناڵێن یەك لەسەر سێ، دەڵێن کەمتر نەبێت لە یەك لەسەر سێ، ئەو یەك ژنە فیعلەن کە دادەنرێت لەسەر هیچ بنەمایەك من پێموایە وەك خێرو صەدەقە وایە، بۆیە داوا دەکەم و پشتگیری ئەو هەڤاڵانەی خۆم دەکەم، کە پێشنیارەکەیان بخرێتە بەر دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار دکتۆر زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەو پێشـنیازە هاوبەشـەی کەهـەردوو بـەڕێزان لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی مـافی مـرۆڤ کـەموکورتی تیایـە، کەموکورتیەکانیش ئەگەر ڕێگەم بدەن لە دوو، سێ خاڵدا کورتی دەکەمەوە:

یەکەمیان/ جارێ نازانین ئێمە ئەو بەڕێوەبەرە گشتیانەی کـە دادەنـرێن، بەڕێوەبـەری گشـتی پێویسـتی بـە دوو ئەنجومەنی نییە، ئێمە پێویستمان.......... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ئێستا بەس مەسەلەی نوقتەی نیزامیەکە بۆ مەسەلەی ئافرەت بوو، بۆ هی ژن بـوو، بـۆ هـی خوشـك بوو، ئەگەر ئەوە تەواو بوو، پاشان دێینەوە سەر ئەوەکانی تر، ئاخر موناقەشـەمان نەکردۆتـەوە کاکـە زانـا، ئەگەر لەسەری بکـەین، گشـت ئەنـدامان ڕێگـە بـدەین، دووبـارە موناقەشـە بکاتـەوە، موناقەشـە کراوەتـەوە، دەتوانیت کەی وەختی هات بەند بەند دەیانخەینە دەنگدانەوە، هەڵبسـتی دژی قسـە بکـەیت، بـەڕێزێکی تـر تەئیـدی بکـات، دەخرێتـە دەنگدانـەوە، ئێسـتا دووبـارە لەسـەر هـەمووی موناقەشـە بکـەیت نییـە، ئێسـتا مەسەلەی نیزامیەکەت چی بوو، بۆمان بڵێ، کەرەم بکە..

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن نیزامیەکـەم دەڵـێم، بـەس کـە دوایـی خرایـە دەنگدانـەوە، قسـەکەی منـیش هـیچ فائیدەیـەکی نابێـت، بەنیسبەت دەست نیشان کردنـی کۆتـا، کـە دەڵێت (عنصـر نسـائي واحـد)، ئەمـە دوو جـانبی هەیـە، جـانبی یەکەمیان ئەوەیە کە تۆ ژنێك دادەنییێت، جانبی دووەمیان کە تۆ یەك ژن دادەنێییت، یەعنی تۆ بە دوو دیـو سەیریان بکەوە، یەك دەڵێت (عنصر نسائي واحد)، یەعنی ئەو ئەنجومەنە قەت دوو ژنی تیا نابێت، چونکە دەڵێت (عنصر نسائي واحد)، یەعنی جانبێکی ئیجابیە، ژنێك دەچێتە ناو ئەنجومەنـەوە، جـانبی دووەمیـان تەنها یەك ژن دادەنێیت، بەس ببوورە سەرۆکی پەرلەمان، بەنیسبەت ئەم خاڵەشیانەوە، تکایە ئەمە هەڵەی تیایە، تۆ ئەگەر هەیئەیەك دەست نیشان نەکەیت، بەبێ ئەوەی ئەم هەیئەیـە دەسـت نیشـان بکرێـت، چۆن ئەندامەکانی دەست نیشان دەکرێت، ئەمە هەڵە دەبێت تێپەڕێنرێت، تۆ ناکرێت، کێ بەڕێوەبەرە گشتیەکان هەڵدەبـژێرێت؟ کـێ ئـەو شـارەزا یاسـاییە هەڵدەبـژێرێت کـە شـارەزایی هەیـە، دە سـاڵ خیـبرەی هەیـە؟ کـێ تەرشیحی دەکات؟ چۆن دادەنرێت؟ ئەنجومەنێکمان هەیە بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی دەست نیشـان بکـەین، ئێمە دەڵێین دوو ئەنجومەنمان هەیە، ئەنجومەنێکی ئیداری، پاشان من بەڕێوەبەرێك کە ناوی بەڕێوەبـەری ئیداری و مالی بێت، بۆ سوێندی یاسایی بخوات لەبەردەمی مەجلیسی قەزا؟ یەعنی ئەمە خۆی ئیشـکالیەتی گەورەی هەیە، چونکە بەڕێوەبەری گشتی پێویست بەوە ناکات سوێندی یاسـای بخـوات، ئەنجومـەنێکی تـرت هەیە، کە ئەندامەکانی نازانن چۆن دایان بنێیت، ئەو بڕیاردەری کۆتاییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئامینە فەرموو.

**بەڕێز ئامینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئـەژی تەئیـدا ئاخـافتنێ سـۆزان خـان و كوێسـتان خـان دكـەم، هەڵبـەت ئـەڤ خـۆل زاراوەی كرمانجیـدا ئـەز سۆرانی نزانم بە زاراوەی كرمانجیدا، وەختێ تۆ دبێژی نوێنەراكە ژن ڤێ مـەعنا تـە ئێـك ژن دەتێـدا بـیتن، یەعنی بەتنێ ئێك ژن تێدا بیت، یا باشترە ئـەوە یـەعنی بێـژی بەلأنسا جەنـدەری بێتـە پاراسـتن، ڤـێ ئـەو بەلأنس دێتە پاراستن، چونكە مەسەلە مەسەلە مافی مرۆڤیە، مەسەلە مافی مرۆڤ تۆ هێشتا تەحدید ناكەیت ئیلا پێ تیڤیە كۆتای ژنان ژی تێدا بێت، بـەلكو دێتـە تەحدیـدی هەنـدەكی بەلأنسا هـەردوو رەگـەزات وێ مەسـەلە مـافی مرۆڤـی دەبیتـە پاراسـتن، سـەبارەت خاڵـە تـر، یـا یاسـایی بەحسـێ هەنـدێ دكـات هـەر پێشـێلكارییەكا پەیوەنـدی مـافی مرۆڤـێ هـەبێت، ئەگـەر پێویسـت بكـات، ئـاخر هـەر تشـتەكی گرێـدایی پێشێلكاری مافی مرۆڤی.............. .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو ئامینە خان رجائەن شەرح مەكە، تكایـە نیزامیەكـەت بڵـێ، دوایـی كـە دێـین دەیخەینـە دەنگدانـەوە، مەجالتان دەدەم، شەش كەس لەسەری قسە بكات رجائەن ئێستا ئێـوە بـەناوی نیزامیـەوە ناوتـان نووسـیوە، فەرموو.

**بەڕێز ئامینە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر پێشێلكاریەكی دژی مافی مرۆڤی بیتن، ناچێ پێویست بێت لێپێچینەوەی لەگەڵ بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بێریڤان خان، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ڕەئیم جیاوازە بەنیسبەت ئەوەی كە بەڵانس هـەبێت، چـونكە نابێـت بـەهیچ شـێوەیەك دیـاری بكرێـت ڕەگەزەكەی، ئەوە دژی مافی مرۆڤە، پێی دەڵێن عونصر تەمیزی، چۆن دەبێ تەمیز بكرێـت، كـە دەسـتەیەك دروست دەكەین مافی مرۆڤ ئەوسا كە پێك هاتبێ لـەژن بێـت یـان لـە پیـاو، دیـاریكردنی ڕەگـەز زۆر هەڵەیـە بەڕەئی من، ئەوە دژی مافی مرۆڤە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

عظیمة خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بۆخۆی ئەو دەستەیەی کە هەڵدەبژێردرێت، ئێمە وتمان بە کاندید کردن نەبێ، بە هەڵبژاردن بێت، کە بوو بە هەڵبژاردنیش لەو حاڵەتەدا، ئەگەر ژن بێت یان پیاو ئەچێتە ناو هەڵبژاردنەکەو دەردەچێت و حەقی خۆی وەردەگرێت، بەڵام لێرەدا ئەم دەستەیە پێش ئەوەی مافی مرۆڤ بپارێزێت، مافی ژنی پێشێل کرد لێرەدا، لەبەر ئەوەی بۆ خۆی ژنێکی دیاریکرد کە لەناو دەستەکەدا هەبێت، ئەمە پێشێل کردنی مافی ژنە، ئەگەر ئێمە ئیش لەسەر ئەوە بکەین کە پێشنیارەکان کران وەکو ئەوەی کە کاک عومەر و چەند کەسێکی تر باسیان کرد، کە لەدەستەکەدا زۆرینەی ژن بێت، نەوترا تەنها ژنێك، هیچ پێشنیارێك لەناو ئەندامانی پەرلەماندا نەبوو، بەڵام ئەوە لیژنە بۆ خۆی سابتی کردووە، ئێمە بەوە ڕازی نین، بەهیچ شێوەیەك کە تەنها ژنێك لەناو ئەو لیژنەیەدا بوونی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چ بەپێی دەستووری عێراق، چ بەپێی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، چ بەپێی ئەو یاسایانەی لەپەرلەمان دەرچووە، هەرتاکێکی ئەم کۆمەڵگایە بەرامبەر بە یاسا یەکسانن، چ ڕەگەزی مێ بێت، چ ڕەگەزی نێر بێت، ئەوە پیادە کراوە لە یاساکان و دەستووری ئێمەشدا، کەواتە ئەو عونصورانەی کە وەزائیف وەردەگرن، لەسەر ئەساسی کەفائەو لەسەر ئەساسی مەقدەرەی خۆی وەری دەگرێت، ئینجا ئەوە ڕەگەزی نێر بێت یان مێ، هیچ فەرقێکی نیە، دێمەوە سەر ئەصڵی مەسەلەکە، بە قەناعەتی شەخصی خۆم، دانانی یەك ئافرەت بەو شێوەی کە ئێستا خوێندرایەوە بەڕاستی نازانم، من پێم وایە پێویستە زەمانی موشارەکەی ئافرەتان بە بڕگەیەکی تایبەت بێت لەناو ئەم یاسایەدا، بۆ ئەوەی ئەم دەزگایە هۆشیار بکاتەوە کە پێویستە تەمسیلی ئافرەت لەو دەزگایە تەمسیلێکی ڕێك و پێك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک جلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوو، من زۆربەی قسەکانم کران، بەڵام یەك ڕاست کردنەوەم هەیە، دائیرە تەسمییەکی ساڵی (1954)ە ئەگەر بکرێت بە فەرمانگە ئەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەسەن، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من سۆزان خان و کاك شێروان کردیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان دەربارەی ئەو خاڵانەی کە باس کران، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی کە ئێستا کران، باس استحداث و ئیقتراح کرا، یاخود لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی، ڕاستە ئەو بەڕێزەی کە ئاماژەی پێکرد، بەڵام ئێمە کە وشەی ئیقتراحمان زیاد کرد، مەبەستمان دەوائیری هەیئە بوو ئەوەی لێرەدا هاتووە، کە دەسەڵاتی دەستە بێت باس لە بەش و هۆبەکان دەکات، باس لە دەوائیرەکان ناکات جیاوازی هەیە، بۆیە لەوێ وشەی ئیقتراحمان زیاد کرد، هەروەها سەبارەت بە موصادەقە کردنەکەش، موصادەقەی پەرلەمانی پێویستە، لێرە باس لە هۆبەو بەش دەکات، بۆیە ئیقتراحمان زیاد کرد، نووسینگەکان، ئایا مەصیری نووسینگەکان چیە؟، بەڕێزان نووسینگەکان بەشێکن لە هەیئە، بەڵام ئەمە لێرەدا باس لە ئەنجومەن دەکەین، ئەنجومەنی دەستەو ئەنجومەنی کارگێڕی ئەو دەستەیە، سەبارەت بە سوێندی یاسایی، ئەوە ماددەیەك بوو پەسەند کراو ڕۆیشت، مەجالی موناقەشەو گفتوگۆی نیە، تەنها دیاری کردنی ڕێژەکە، ئەگەر ئەو پێشنیارەی لەلایەن سەرۆکی لیژنەی یاسایی کراو هەندێ لە ئەندامانیش باسیان لێوە کرد، کە (ضمان مشاركة المرأة في المجلس) ئەوە مسۆگەر دەکات کەوا ئافرەت ئەندام بێت لەو ئەنجومەنە، شەرت نیە یەك ئەندام بێت، بەڕێزان لەوانەیە دەزگاکانی تر نوێنەریان ئافرەت بێت کە هەڵی دەبژێرن ببێت بە ئەندام لەو ئەنجومەنەدا، (ضمان مشاركة المرأة في المجلس) ئەوە مسۆگەر کردنی مافی ئافرەتە لەو ئەنجومەنەدا، لەوانەیە دوو ئەندام ئافرەت بێت، لەوانەشە هەموو ئەندامەکانی ئافرەت بێت، ئەگەر مەرجەکانی پێشتر کە دیاریمان کرد لەسەر ئەو کەسە جێبەجێ بکرێت و خاوەن کەفائەت بێت، پسپۆڕ بێت، لێهاتوو بێت، شارەزا بێت، هەموو مەرجەکان لە ئافرەتەکەدا هەبێت، ئەوە لەوانەیە نوێنەری هەموو دەزگاکان ئافرەت بێت، بۆیە ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت (ضمان مشاركة المرأة في المجلس)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەو پێشنیارەی کە هاتووە، داواکرابوو بە پێشنیارێکی نووسراو، کە ئافرەت نیسبەی ئەوەندە بێت، با ئەوە بخەینە دەنگدانەوە، پاشان دێینە سەر موقتەرەحەکەی ئەخیر، تکایە پێشنیارەکەیان لاتانە بیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(مشاركة المرأة بنسبة ثلث اعضاء المجلس).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا گوێتان لێ بوو، (مشاركة المرأة بنسبة ثلث اعضاء المجلس)، دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا دەگەڕێینەوە بۆ پێشنیارەكەی تر، تكایە كێی لەگەڵدایە كە بەو شێوەیە بێت، بادەستی بڵند بكات؟، (13)كەسی لەگەڵدایە؟، كێی لەگەڵدا نیە، كە پێشنیارەكەی لیژنەی هاوبەش بێت، تكایە دەستان بڵند بكەن؟، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو كاك سالار نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا هەندێك لە ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمان، هەندێ بۆچوونیان دەربڕی بەناوی نوقتەی نیزامیەوە، من وەكو سەرۆكی لیژنەی مافی مرۆڤ، داواكارم ڕێگام بدەی هەندێك تەوزیح بدەم لەو بارەیەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە تەئكید زۆری نیزامی نەبوو، من لەگەڵتم، تكایە وەرنەوە سەر ماددەكە، ڕاستە زۆری نیزامی نەبوو، تەوزیح بوو، ئەوەش جارێكی تر نابێ دووبارە بێتەوە، ئەمجارە هەر كەسێك بەناوی نیزامی هەڵبستێت، ناوەكەشی دێنم و دەڵێم نیزامیەكەشت هەڵەیە، تكایە لیژنەی یاسایی كەرەم بكەن بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، دكتۆرە فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

اولاً: تتكون تشكيلات الهيئة من الدوائر الآتية، وتدار كل دائرة من قبل موظف.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ببورە كاك سالار نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خاڵی یەكەم: ئەوەی پەیوەندی بە دەستەواژەو لایەنی زمانەوانیەوە هەیە، جاری پێشوو باسمان كرد، ئێمە گرفتێكی كوشندەمان هەیە، لەڕاستیدا لەم مەسەلەیەدا لەناو پەرلەماندا، دووەم: هەر ماددەیەك كە پێشتر دەنگی لەسەر درا، جارێكی تر بەناوی نوقتەی نیزامیەوە بهێندرێتەوە ئەوە نانیزامیە، هەر كەسێك بیكات، سێیەم: دووبارە كردنەوەی هەر بابەتێكیش كە ئەندامێكی پەرلەمان قسەی لەسەر كرد، كەسێكی تر جارێكی تر قسەی لەسەر كردەوە، خیلافی نوقتەی نیزامیە، چوارەم: ئەوەی پەیوەندی بە لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانەوە هەیە، لەڕاستیدا ئیشەكانمان بە مشوەرەت بووە، كۆبوونەوەكانمان، گفتوگۆكانمان، بە

لێبوردەییەوە، لەگەڵ هەموو ئەندامە بەڕێزەکان هیوادارم ئەندامانی لیژنەی مافی مرۆڤ، ئەگەر خۆیان تەعقیبێك یان حاڵەتێکیان هەبێت خۆیان بیکەن، نەك کەسێکی تر نوێنەرایەتیان بکات، ئەمە مەسەلەیەکە لەڕاستیدا ئەبێ دیقەتی تێدا بکرێت، بۆیە ئەندامە بەڕێزەکان کە بۆ گفتوگۆکان بانگ کراون، یان ئیلتیزامێك هەبووە یان حاڵەتێك هەبووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، جوابی ئەندامەکان مەدەرەوە، وەرە سەر بابەتەکە، تکایە، تکایە، هەرکەسەو ئیشی خۆی بزانێ، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نوقتەیەکی نیزامیم هەیە لەسەر قسەکانی بەڕێز کاك سالار، یەکەم: نیزامیە، ئێمە پێش دەنگدان نوقتەی نیزامیمان گرتووە، کاك سالار وای پیشاندا کە وا نەبووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ناوی کەس مەهێنە، نوقتە نیزامیەکەت بڵێ بەس ناوی کەس مەهێنە، بۆ تۆش و بۆ کاك سالاریش کە نابێ جارێکی تر ناوی ئەندامان بهێنێ، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو وەڵام و ئەو شەرحەی کە ئەو دەیکات، هی سەرۆکایەتیە، نەك هی ئەندامێکی لیژنە لێرەوە وەڵامی ئەندامان بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەردەوام بن لە خوێندنەوەی ماددەکە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

اولاً: تتكون تشكيلات الهيئة من الدوائر الآتية، وتدار كل دائرة منها من قبل موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية أولية ومن ذوي الخبرة والاختصاص ويعاونه عدد من الموظفين.

1- الدائرة الادارية والمالية: تتولى متابعة شؤون منتسبي الهيئة، وما يتعلق بميزانيتها، وممتلكاتها وما يكفل تسيير عملها.

2- الدائرة القانونية وحماية حقوق الانسان: تتولى استقبال ومتابعة الشكاوي، من الأفراد والمؤسسات والمنظمات وغيرها في مسائل حقوق الانسان، وزيارة السجون ومراكز التوقيف وتحقق من صحة الانتهاكات في مسائل حقوق الانسان، ورفع النتائج الى مجلس الهيئة، كما تتولى دراسة التشريعات ذات

العلاقة بحقوق الانسان ودراستها على ضوء المواثيق الدولية لحقوق الانسان وابداء مقترحات بهذا الشأن الى مجلس الهيئة.

3 - دائرة العلاقات والاعلام: تتولى التنسيق بين الدوائر المعنية في الهيئة، وما يحيله إليها مجلس الهيئة او رئيسها من طلبات في هذا الشأن، ومتابعة ما ينشر في وسائل الاعلام المختلفة فيما يتعلق بحقوق الانسان، ونشر ثقافة حقوق الانسان والاسهام في الترتيبات عند إقامة المؤتمرات والندوات ذات العلاقة.

4 - مستشارين، لايزيد عددهم عن اثنين ومن ذوي الخبرة والاختصاص في مجال حقوق الانسان.

5 - يكون للهيئة مجلس ئيداري يتكون من الرئيس ومدراء دوائر الهيئة والمستشارين.

ثانياً: لرئيس الهيئة استحداث او دمج او إلغاء اي من اقسام الهيئة او شعبها وفقاً لمتطلبات العمل بعد مصادقة مجلس الهيئة.

ثالثاً: يتكون مجلس الهيئة من:

1 - رئيس الهيئة: رئيساً.

2 - مدير عام الدائرة القانونية وحماية حقوق الانسان: مقرراً.

3 - ممثل مجلس الوزراء: لاتقل درجته عن درجة خاصه. عضواً

4 - ممثل مجلس القضاء: عضواً

5 - ممثل الادعاء العام: عضواً

6 - عضوين ممن مارسا العمل القضائي او التشريعي او القانوني لمدة لاتقل عن عشرة سنوات.

رابعاً: ضمان مشاركة المرأة في المجلس.

خامساً: يجتمع المجلس شهرياً، وللرئيس عند الضرورة دعوته لاجتماع طارئ وتتخذ القرارات فيه باغلبية عدد الحاضرين و في حالة تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي يصوت معه الرئيس.

سادساً: للرئيس دعوة ممثلي الجهات ذات العلاقة من الوزارات ودوائر الاقليم والقطاع الخاص ومنظمات المجتمع المدني لحضور اجتماعات المجلس ولا يحق لهم التصويت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تكايە، بە كورديش بيخوێننەوە.

**بەڕێز بەفرين حسين خليفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: دەستە لەم دایەرانەی خوارەوە پێك دێت هەر دایەرەیەکیش فەرمانبەرێ بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت لەبواری پسپۆڕی دایەکەرەکەدا، چەند فەرمانبەرێکیش یاریدەی دەدەن.

1 - دایەرەی کارگێڕی و دارایی: بەدواداچوونی کاروباری فەرمانبەرانی دەستەکەو ئەوەی پەیوەندی بە بودجەو موڵك وسامانی دەستەکەوە هەیە دەکات، هەروەها بەدواداچوونی ڕەخساندنی کارەکانی.

2 - دایەرەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ، ئەم دایەرەیە سکاڵاکان لە خەڵك و دامودەزگاو ڕێکخراوەکان و لایەنەکانی تر وەردەگرێت، کە پەیوەندیان بە بواری مافەکانی مرۆڤەوە هەیە و بەدواداچوونیان بۆ دەکات، سەردانی بەندیخانەکان و گرتووخانەکان دەکات و هەر پێشێلکارییەك پەیوەندی بە مافی مرۆڤەوە هەبێت، ئەگەر پێویست بکات لێی دەپێچێتەوەو ئەنجامەکانی بەرز دەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی دەستەکە، هەروەها لە یاساکانی ناوخۆ کە پەیوەندیدارن بەمافی مرۆڤەوە دەپێچێتەوە لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ و پێشنیاز لەبارەیانەوە پێشکەش دەکات بە ئەنجومەنی دەستەکە.

3 - دایەرەی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن: لەگەڵ دایەرە پەیوەندیدارەکانی ناو دەستەکەو ئەو داواکاریانەش کە لە ئەنجومەنی دەستە یان لەسەرۆکی دەستەکەوە لەم بارەیەوە پێی دەگات، هەماهەنگی دەکات و بەدوای ئەو شتانەدا دەچێت کە لە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندندا لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە بلاودەکرێنەوە، لەبلاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخستنی کۆنگرەو نەدوەکانی پەیوەندیداریشدا بەشدار دەبێت.

4 - دەستە راوێژکاری دەبێت کە لە دوو کەس زیاتر نەبن و خاوەنی شارەزایی و پسپۆر بن لەبواری مافەکانی مرۆڤ دا.

5 - دەستەکە ئەنجومەنێکی ئیداری دەبێت و پێك دێت لەسەرۆکی دەستەکە و بەڕێوبەری دایەرەکان و راوێژکارەکان.

دووەم/ سەرۆکی دەستە بۆی هەیە هەر دایەرەو پێکهاتەیەکی دەستەکە بە پێی پێداویستی کار بکاتەوە یان تێکەڵیان بکات یان پوچەڵیان بکاتەوە بۆ دوای پەسەندکردنی لە ئەنجومەنی دەستەوە.

سێیەم/ ئەنجومەنی دەستە پێك دێت لە:

1 ـ سەرۆکی دەستە: سەرۆك،

2- بەڕێوبەری گشتی دارایی و یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ: بڕیاردەر.

3- نوێنەری ئەنجومەنی وەزیران کە پلەکەی لە تایبەت کەمتر نەبێت: ئەندام.

4- نوێنەری ئەنجومەنی دادوەری ئەندام.

5-نوێنەری داواکاری گشتی: ئەندام.

6- دوو نوێنەر کە مومارەسەی کاری دادوەری و یاسادانانیان کردبێت لە ماوەی زیاتر لە 10 ساڵ: ئەندام.

چوارەم/ مسۆگەرکردنی بوونی ژن لە ئەنجومەنەکەدا.

پێنجەم/ ئەنجومـەن مانگانـە كۆ دەبێتـەوە و سـەرۆك لـە كـاتی پێویست دا بۆی هەیـە بانگێشتی بۆ كۆبوونـەوەی لـە ناكـاو بكـات، بڕیارەكانیشـی بـە زۆرینـەی ئامـادەبووان دەدرێـت، ئەگـەر دەنگـەكانیش یەكسان بوون ئەوا دەنگی سەرۆك لەگەڵ كام لا بێت ئەو لایە قورس تر دەبێت.

شەشەم/ سەرۆك بۆی هەیە نوێنەری لایەنە پەیوەندارەكان و وەزیرەكان و دایەرەكانی هەرێم و كەرتی تایبەت و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بانگهێشت بكات بۆ ئەوەی لە كۆبوونەوەكانی ئەنجومەنەكە دا ئامادەبن، بەڵام مافی دەنگدانیان نەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان هەمووتان گوێتان لێی بوو ئێستا دەخرێتە دەنگدانەوە، هیچ نەماوە، كـێ لەگەڵـە دەستی بەرز بكاتەوە تكایە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ 7 كەس لەگەڵ دانیـە، بـە زۆرینـەی دەنـگ پەسەند كرا، بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشی ئەصڵی پڕۆژەكە كە دەبێت بە ماددەی هەشتەم.

المادة الثامنة:

اولاً: للبرلـان اسـتجواب الـرئيس وفقـاً لاجـراءات الاسـتجواب المنصـوص عليهـا في قـانون البرلـان ونظامـه الداخلي.

ثانياً: يعفى الرئيس من منصبه بقـرار مسبب مـن البرلـان يتخـذه بالاغلبيـة المطلقـة بعـد ثبـوت عـدم كفاءته.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، كوردییەكەشی.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم كە بوو بە ماددەی هەشتەم.

یەكەم: پەرلەمان بۆی هەیە سەرۆكی ئەنجومەنەكە، بـەپێی ڕێكارەكـانی بـەوەڵامهانین (الاسـتجواب)كـە دەقەكانیان لە یاسای پەرلەمان و پێڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتوون، بهێنێتە وەڵامدانەوە.

دووەم: سەرۆكی ئەنجومەنەكە بە بڕیارێكی هۆدار، لەلایـەن پەرلەمانـەوە لـە پۆسـتەكەی لادەبردرێـت، بەزۆرینەی ڕەها ئەگەر سەلمێندرا كە لێهاتوویی نییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە ڕاپۆرتی هاوبەش بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەشەم لە ئەصڵی پرۆژەکە کە بوو بە ماددەی هەشتەم، ئێمە برگەی یەکەممان بەو شێوەیە دارشتەوە، (لبرلمان مراقبة ومتابعة اعمال الهيئة وفقاً لاحكام القانون ونظامه الداخلي) هۆیەکەی ئەوەیە، کە ئەصڵی پرۆژەکە باس لە ئیستجوابی سەرۆکی دەستەکە دەکات، بەڕێزان سەرۆکی دەستە پلەکەی وەزیر نیە، بەپێیی ماددەی(68)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئیستیجواب تەنها بۆ وەزیرەو ئەندامی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، ئەو دەستەیە، دەستەیەکە سەر بە پەرلەمانە، سەرۆکی دەستەکە پلەی وەزیری نیە، لەبەر ئەوە ناتوانین ئیستیجوابی لەگەڵ بکەین، بەڵام دەستەکە سەر بە پەرلەمانە، پەرلەمان وەکو هەموو دەستەیەکی تر چاودێری دەکات، تەنها ئیجرائاتی ئیستیجواب نەبێت، چونکە ئەو برگەیە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە، بۆیە بە باشمان زانی کە دووبارە دایبڕێژینەوە، بکرێت بە(لبرلمان مراقبة ومتابعة اعمال الهيئة وفقاً لاحكام القانون ونظامه الداخلي)، سەبارەت بە برگەی دووەمی ماددەکە، (ثانياً: يعفى الرئيس من منصبه بقرار مسبب من البرلمان يتخذه باغليبة المطلقة لعدد اعضائه بعد ثبوت عدم كفاءئه) ئەوە وەکو خۆی ماوەتەوە تەنها وشەی( لعدد اعضائه) ی ئەوەمان بۆ زیاد کردووە، بەڵام برگەی یەکەم بەشێوەیەکی تر دامانڕشتەوە، کە ئێستا بۆ بەڕێزتانم خوێندەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، ناوتان دەنووسم تکایە دەست بەرز بکەنەوە، کاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سليمان عبدالله(بيلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: من دەست خۆشی لەلیژنەی هاوبەش دەکەم بۆ ئەو پێشنیارەی کە کردوویانە، تەئیدی دەکەم، دووەم: من پێشنیار دەکەم یەك فەقەرەی بۆ زیاد بکرێت بۆ ئەم ماددەیە، ئەویش ئەو ئەنجومەنە و ئەنجومەنی دەستە، خاوەنی حەصانە دەبن تا لەکارەکانیان بمێننەوە، یان دەمێننەوە، ئەو فەقەرەیە زیاد بکرێت، کە حەصانە بۆ ئەو سەرۆکی دەستەو ئەندامانی دەستەکە هەبێت تا لەکارەکانیان دەمێننەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم خاڵا دووەم، فەقەرەی دووەم لەم ماددەیە بەو شێوەیە بێتە نووسین، ثانياً: يعفى الرئيس من منصبه بقرار مسبب من البرلمان يتخذه باغليبة المطلقة لعدد اعضاء الحاضرين) چونکە پێش ئێستا

متمانەدانیش بە سەرۆك بەپێی ژمارەی ئەندامە حازرەكان بوو، ( بعد ثبوت عدم كفاءئە مع مراعات الفقرة الثانية، من المادة الرابعة عند تعين رئيس اخر)زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

حاكم رزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ ماددەی (56)لە یاسای پەرلەمان، حەقی ئیعفائی نەداوە بە پەرلەمان، كە كەس ئیعفا بكات، ئیعفای دەرەجاتی خاصە، لە سەلاحیاتی سەرۆكی هەرێمە، ئەگەرێ ئیقتراح بكرێت بۆ لادانی بەس ئێمە سەنەدی قانونیمان نیە بۆ ئیعفائی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سەمیرە خان، فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتە بە نیسبەت یەكەم: یان دەبێ بڵێین (یحق للبرلمان) یان (للبرلمان حق الاستجواب الرئیس وفقاً لاجراءات الاستجواب المنصوص علیها في قانون البرلمان ونظامە الداخلي. ثانیاً: یعفی الرئیس من منصبە بقرار مسبب من البرلمان یتخذە باغلیبة المطلقة لعدد اعضاء الحاضرین بعد ثبوت عدم كفاءئە وذلك بعد الاستجوابە وتحقیق في عدم كفاءتە من قبل لجنة برلمانیة ومرور شهر علی موافقة علی تقریر المقدم من اللجنة التحقیقیة) سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك صباح بیت الله، فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت من نامەوێت قسە بكەم قسەكانی من كاك جمال و خوشكە سەمیرە كردیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك قادر حسن، فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم برگەی دووەم، كە دەڵێت ثانیاً: یعفی الرئیس من منصبە بقرار مسبب من البرلمان یتخذە باغلیبة المطلقة لعدد اعضائە بعد ثبوت عدم كفاءئە) پێشنیار دەكەین ئەوە ئیزافە بكرێت، (

وذلك بعد تحقيق في عدم كفاءته من قبل لجنة برلمانية ومرور مدة الشهرة على موافقة البرلمان على التقرير المقدم من اللجنة التحقيقية) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ناسك خان، فەرمووو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پرسیارم لەسەر یەكەم هەیە، ئێمە سوێندخواردنی ئەم دەستەیە لەبەردەم پەرلەماندایە، بەرپرسیشە لەبەردەم پەرلەماندا بۆچی؟ حەقی ئیستیجوابی لێ دەسەنینەوە، من لەوە تێناگەم، ئەگەر وەڵامم بدەنەوە، خاڵی دووەم، ئەوە هەڤاڵانم ئیشارەتیان پێدا، كە عەكسی پێشترە وتمان (باغلیبة المطلقة لعدد اعضاء الحاضرین) ئەوە ئیشارەتی پێ بدرێت بۆ ئەوەی پێچەوانەی ئەوەی پێشتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا كەس نەما قسە بكات، تكایە لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەسەر ئەو خاڵانە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەزیاد كردنی حەصانە بۆ سەرۆكی دەستە یاخود ئەندامانی دەستە، ئێمە پشتگیری لەو پێشنیارە ناكەین، لەبەر ئەوەی حەصانە تایبەتە بەچەند حاڵەتێك و چەند كەسانێك، ئێمە بۆ حەصانە بدەین بەوان، ڕاستە پەرلەمان خۆی دەستنیشانیان دەكات، خۆی چاودێریان دەكات، بەڵام لەگەڵ حەصانە نین، سەبارەت بە ئیعفا كردن بۆچی بە (عدد اعضاء) بێت بە (حاضرین) نەبێت، بەزۆرینەی ئەندامان نەك بە زۆرینەی ئامادەبووان، بەڕێزان ئەوە ئیعفا كردنە، ویستمان تۆزێك ڕێكارە یاساییەكە كەمێك قورستر بكەین، تا جیاوازی هەبێت لەگەڵ دامەزراندنی سەرۆكی دەستە، ئیعفا كردن جیاوازەو دامەزراندن جیاوازە، دوو ئیجرائی جیاوازن، سەبارەت بەوەی كە پەرلەمان دەسەڵاتی ئیعفا كردنی نیە؟، لایەنێك خۆی دەستنیشانی سەرۆكی دەستە بكات، چۆن بۆی نەبێت لای ببات و ئیعفائی بكات، لە پۆستەكە لایببدات، ئەگەر بینی (بعد ثبوت عدم كفاءئە)واتە پەرلەمان بۆی هەیە ئیعفای سەرۆكی دەستە بكات، لەبەر ئەوەی خۆی دەستنیشانی دەكات، خۆی كەسێك بەسەرۆكی دەستە دادەنێت بۆی هەیە ئیعفای بكات، ئیعفائەكەش بە ( بقرار مسبب من البرلمان) واتە دەبێ هۆكار هەبێت، لەخۆیەوە شەخصێك دانانێت و دوایش لایبەرێت، سوێندخواردن لەبەردەم پەرلەمان، سوێندخواردن بەپێی ماددەی پێنجەم ئێمە دەنگمان بۆدا، كەوا لەبەردەم ئەنجومەنی دادوەری سەرۆك

و ئەندامانی دەستە لەبەردەم پەرلەماندا نیە، لەبەردەم ئەنجومەنی دادوەرییە، ئەوەش شتێکی زۆر ئاساییە، کەوا ئەو شەخصە ئیعفا بکرێت،( ثبوت عدم کفاءئە)یمان دیاری کردووە، ( بقرار مسبب من البرلمان) واتە بڕیاری لادانی ئەو کەسە، دەبێ هۆکارەکەشی دیاری بکرێت، ئینجا (بعد ثبوت عدم کفاءئە) ئینجا بە زۆرینەیەکی پێویستیش کە لێرە دانراوە، بە چ زۆرینەیەك بێت بڕیاری لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر احمد، نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی فەقەرەی (ثانیاً: یعفی الرئیس من منصبە بقرار مسبب من البرلمان) ئێمە(بعد ثبوت عدم کفاءئە) ئەوەمان لادابوو لە ڕاپۆرتی لیژنە نازانم بۆچی هێنرایەوە ناوی، چونکە کە تۆ وتت( بقرار مسبب من البرلمان) بە بڕیارێکی هۆدار، کە بڕیارەکە هۆدار بوو چ پێویست دەکات جارێکی تر بڵێینەوە دوای ( بعد ثبوت عدم کفاءئە)بۆ خۆی قەرارەکە بۆیە دراوە، لەبەر ئەوەی هۆکارێك هەیە کە لادراوە، بۆیە هەستەکەم پێویست ناکات، (بعد ثبوت عدم کفاءئە)بۆ دابندرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش لاتانداوە یان نا، ئەوە چۆنە بۆمان ڕوون بکەنەوە تکایە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ویستمان تەنها ڕێکاری ئیعفا کردنی سەرۆکی دەستە تۆزێك قورس بکەین، لەبەر ئەوە ڕێژەیەکی تایبەتمان دانا، قەرارەکە سەبەبەکەشی دیاری بکات، ئینجا (ثبوت عدم کفاءئە) ویستمان تەنها ئیجرائاتەکە کەمێك توونـد تر بکەین، ئەگینا قەرار مسبب ئەویش دەگرێتەوە، بەس بۆ زیادەی تەئکید بە پێویستمان زانی کە (ثبوت عدم کفاءئە) دووبارە دابنێینەوە و (قرار مسبب من البرلمان) ڕێژەیەکی تایبەت پێویستە، تا ئیعفا کردنە هەر بەو شێوەیە نەبێت، بەو ڕێکارانە تۆزێك ئیجرائاتەکە قورس تر بکەین، تەنها ئەو مەبەستەمان هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاپۆرتی لیژنەکەتان چۆن بووە، ئاوا بیخوێننەوە بەو ئیزافەی کە ئێستا جەنابتان دەیڵێن، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

اولاً: لبرلمان مراقبة ومتابعة اعمال الهيئة وفقاً لاحكام القانون ونظامه الداخلي.

ثانياً: يعفى الرئيس من منصبه بقرار مسبب من البرلمان يتخذه باغلبية المطلقة لعدد اعضائه بعد ثبوت عدم كفاءئه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ئەحمەد، نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی دەرنەچووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەصڵی پڕۆژەکەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، ( بعد ثبوت عدم كفاءئه)ی تێدایە، بەڵام ئێمە دووبارە دامانڕشتەوە، نەك بەبێ ئەندامان ئێمە ئاگادارمان کردوونەتەوە کە کۆبوونەوەی هاوبەش کراوە، کە لە ئەصڵی پڕۆژەکە ( بعد ثبوت عدم كفاءئه) دیاری کراوە، بەباشمان زانی کە دووبارە بیهێنینەوە ناو یاساکە، دەنا پێشنیارێك کرا کەوا هەڵبگیرێت، بەس ئێمە بە باشی دەزانین کەوا هەبێت، هەر وەکو ئەصڵی پڕۆژەکەی حکومەتیش کە ئەو برگەی تێدا هاتووە، وەکو یاساییەك دکتۆر ئەحمەد وا هەستەکەم شتێکی باشی تێدا هەبێت، کەوا بسەلمێندرێت ئەو شەخصە لێهاتوو نەبووە بۆیە لادەدرێت لە پۆستەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ڕەفیق، فەرموو.

**بەڕێز د. رفيق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا کە نووسراوە (بقرار مسبب من البرلمان) دوای ئەوە (يتخذه باغلبية المطلقة بعد ثبوت عدم كفاءئه)یەعنی ئەگەر قەرارێکی مسبب هەبوو، بەڵام کابرا کەفائەتی نەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تخوا ئەوە نیزامیە کاك ڕەفیق تو ویژدانت، فەرموو دانیشە، ئێستا بەکوردی و بەعەرەبی بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

اولاً: لبرلمان مراقبة ومتابعة اعمال الهيئة وفقاً لاحكام القانون ونظامه الداخلي.

ثانياً: يعفى الرئيس من منصبه بقرار مسبب من البرلمان يتخذه باغليبة المطلقة لعدد اعضائه بعد ثبوت عدم كفاءئه.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

یەكەم: پەرلەمان چاودێری بەدواداچوونی كاروبارەكانی دەستەكە دەكات، بە پشت بەستن بەحوكمەكانی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ.

دووەم: سەرۆك بە بڕیارێكی هۆدار لەلایەن پەرلەمانەوە بەزۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامان لادەبرێت، ئەگەر سەملێندرا كە لێهاتوویی نییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێبوو ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟،(5) كەسی لەگەڵ نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم لە ئەصڵی پڕۆژەكە كە ئێستا دەبێت بە ماددەی نۆیەم.

المادة التاسعة:

على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة والهيئات المستقلة كافة الالتزام بتقديم الوثائق و البيانات والاحصائيات والمعلومات ذات الصلة باعمال والمهام المهنية للهيئة في الموعد المحدد، وعلى الهيئة مفاتحة البرلمان في حالة عدم التزام الجهات المذكورة به.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم كە ئێستا دەبێت بە ماددەی نۆیەم:

ماددەی نۆیەم:

پێویستە لەسەر وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەش کە وابەستەیان بەهیچ وەزارەتێکەوە نیە، پەیوەندی بە هیچ وەزارەتێکەوە نیە، هەموو دەستە سەربەخۆکانیش پابەند بن بە بەڵگەنامە و روونکردنەوەی ئامار و زانیاری پەیوەندیدار بە کار و ئەرکی پیشەییەوە پێکەش بکەن بە دەستەکە لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا، دەستەکەش پێویستە لەسەری پەرلەمان ئاگادار بکاتەوە، ئەگەر ئەو لایەنانە پابەند نەبوون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش راپۆرتەکەتان.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین هەروەکو خۆی هاتووە، بەڵام موعد المحددمان گۆڕی بە (المدە المحددە)، هەر ئەو پێشنیارەمان هەبوو، پشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێ موداخەلە بکەن، کەس نیە، ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا ئاخیر صیاغە بیخوێننەوە بە کوردی و عەرەبی، لەگەڵ تەعدیلەکەتان، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة التاسعة:**

على الوزارات و الجهات الغير مرتبطة بوزارة و الهيئات المستقلة كافة الالتزام بتقديم الوثائق و البيانات و الاحصائيات و المعلومات ذات الصلة بالاعمال و المهام المهنية للهيئة في المدة المحددة و على الهيئة مفاتحة البرلمان في حالة عدم التزام الجهات المذكورة به.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێ بوو ئێستا، بەو شێوەیە ئەخرێتە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیتی با دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا بۆ ماددەی 10 کەرەم بکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشت لە ئەصڵی پرۆژەکە دەبێتە ماددەی 10

تخضع حسابات الهيئة للتدقيق و الرقابة من قبل ديوان الرقابة المالية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش کەرەم بکەن.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

حساب و حسابكاری دەستەكە دەكەوێتە ژێر وردبینی و ریقابەی دیوانی رقابەی دارایی هەرێمەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش رەئیتان؟

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەردوو لێژنەكە پشتگیری لە ئەصڵی ماددەكە دەكەین، هەر وەكو خۆی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من پرسیارێكم هەیە لە لێژنەی یاسایی، ساڵی مالی ئەم لێژنەیە لە كەییەوە دەست پێدەكات؟ لێرە دیار نیە.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر وەكو هەموو سەنەی مالی ئەو دەستەیەش میزانیەكی تایبەتی هەیە كە بەشێكە لەو میزانیە، هەروەكو هەموو سەنەی مالی، هەموو سەنەی مالی لە یەك بروار دەست پێدەكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئێمە لە مانگی شەشین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەیخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، ببوورن، كێ ئەیەوێ قسەی لەسەر بكات؟ كەس قسەی نیە، بەس من پرسیارێكم هەبوو، تەواو، ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، بەڕێزان فەرموون ئەوەی ئەیەوێ قسە بكات با كەرەم بكات، چونكە من وا قەناعەتم بوو كە كەستان نەبوو دەست بەرز بكات، نوقتەی نیزامی كەرەم بكە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رەئیەكەی جەنابت خرایە دەنگدان و دەنگمان لەسەری دا، كەس قسەی لەسەر نەبوو تەواو.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دروستە ، تەواوە و ناگەڕێینەوە ، مەمانخەڵەتێنن، پرۆتۆكۆلەكەشتان بۆ دێنین، قسە نەبوو لەسەری، كێ لەگەڵە دەستی بەرز بكاتەوە تكایە؟، سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟، یەك كەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا بۆ ماددەی 11 تكایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆ لە ئەصڵی پرۆژەكە كە دەبێتە ماددەی 11

لرئیس الهیئة اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیش كەرەم بكەن.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 11:

سەرۆكی دەستە بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربكات بۆ ئاسانكاری جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش رەئیتان تكایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەردوو لێژنە پشتگیری لە ماددەكە دەكەن هەر وەكو خۆی هاتووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ ئەیەوێ لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات؟، یەك كەس؟، كاك عومەر كەرەم بكە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر بایەخی ئەو هەیئەیە من وا ئەزانم كارێكی گرنگ دەكات، ئیحتیمالە تەعلیمات دەربكات، تەعلیماتەكان جێگای سەرنج و تێبینی ئەندامانی ئەنجومەنەكە بێت، من پێشنیار دەكەم كە ماددەكە بەو شێوەیەی لێ بكرێ:

لرئیس الهیئة اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون بعد مشاورة المجلس، چونكە تەعلیمات بۆ هەیئەیەكی وا گەورە بخرێتە ئیختیاری یەك شەخصەوە ئیحتیمالە تەواو دەرنەچێ، بۆیە ئەگەر بە راوێژی ئەنجومەنەكەی بێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش رەئیتان؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیصداری تەعلیمات كە رەئیسی هەیئە دەریدەكات لێرە، ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەكانی پێشوو باسمان لە كۆبوونەوەكانی مەجلیس كرد، بە دەنگدان هەموو بڕیارێكی تێدا دەدرێ، لەبەر ئەوە هەر تەنها رەئیسی هەیئە بۆی هەیە ئیصداری تەعلیمات بكات بۆ خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، بەو شێوەی کە خوێندرایەوە، گۆڕانکاری لەسەر نیە، لێژنەی هاوبەشیش تەئیدی دەکەن، کێ لەگەڵە دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ پەسند کرا بۆ ماددەی 12.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 10 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی 12

لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردی کەرەم بکە.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 10 کە بوو بە ماددەی 12

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە دژ بێت بە حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش ڕەئیتان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەم ماددەیە پشتگیری لەو بڕگەیە دەکەین لەو ماددەیە دەکەین کە هاتووە، بەڵام ببێتە بڕگەیەك لەو ماددەیە، واتا پێشنیار دەکەین کە دوو بڕگە زیاد بکرێ، بڕگەی یەکەم سەبارەت بەو ماف و ئیمتیازاتەی کە وەزارەتی حقوقی ئینسان هەیبوو، ئێمە کە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانمان هەموار کرد، هەموو مافەکانمان دا بە ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا پێشنیار دەکەین کە ئەو حقوق و ئیلتیزامات و ئەو شتانەی کە هەیبوو لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بدرێتەوە ئەو دەستەیە، نەك دووبارە تەئسیس بکرێتەوە و دووبارە شتەکانی بۆ دابین بکرێ، بۆیە پێشنیار دەکرێ کەوا بەو شێوەیەیە بڕگەیەك زیادبکرێ بۆ ماددەکە،

1-تؤول كافة موجودات و حقوق و التزامات وزارة حقوق الانسان الملغاة الى الهيئة.

ئەوە بڕگەك، هەروەها پێشنیار دەکەین بڕگەکی دیکەش زیاد بکرێ، سەبارەت بە فەرمانبەری ئەو وەزارەتە، کە ئێستا وەزارەتەکە هەڵوەشایەتەوە، ئیستیفادەیان لێ بکرێ، چونکە خاوەن خیبرەنە کە سوود

لەوانە وەربگیرێ بۆ بەڕیوەبردنی کاروباری ئەو لێژنەیە، بڕگەی دووەم بەهەر شێوەیەك، بەو شێوەیە کە ئێمە دامانڕێشتووتەوە:

2- يمكن الاستفادة من منتسبي وزارة حقوق الانسان الملغاة.

2- تتم أملاء درجات ملاكات الهيئة من منتسبي وزارة حقوق الانسان الملغاة.

بڕگەی سێیەم:

3-لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

واتە ماددەکەمان کردە سێ بڕگە، ئەو بڕگەیەی کە لە ماددەکە هاتیە ببێتە بڕگەی سێیەم، بڕگەی یەکەم و دووەم بۆ ماددەکە زیاد بکرێ، تا سوود لەو کەرستە و لەو خاوەن خیبرانە وەربگیرێ کە هەیە کە لە وەزارەت کاریان کردووە پێشتر، ئێستا وەزارەتەکە نەماوە لەو دەستەیە سوودیان لێی وەربگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەصەکەی بە کوردیش چیتان لێ کردووە بیخوێننەوە، لێژنەی هاوبەش بە کوردیش بیخوێننەوە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی :12

1-هەموو کەرستە و کەل و پەل و پێویستییەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤی هەلۆەشاوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دەستەیە.

2-پڕ کردنەوەی میلاکاتی دەستەکە لە کارمەندانی وەزارەتی مافی مرۆڤی هەلۆەشاوە دەبێت.

3-کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ کە دژ بێت بە حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا کێ ئەیەوێ قسەی لەسەر بکات با ناویان بنووسین، سێ بەڕێز ئەیانەوێ قسە بکەن، کاك کاردۆ، عەونی بەزاز، عبداللە مەلا نوری، کێی تر ئەیەوێ؟، نیە، رێزدار کاك کاردۆ کەرەم بکە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ خاڵی دووەم:پڕکردنەوەی دەستەکە لەو میلاکاتانەی کە لە وەزارەتی مافی مرۆڤەوە هەیە، کێ ئەمە دیاری دەکات؟، من دەمەوێ بەڕاستی بۆ ئەم خاڵەش بگەڕیمەوە، هەتا لە مودیری بەڕێوبەرە گشتیەکانیش دیاری نەکراوە میکانیزمی دیاریکردنیان کێ دیاری دەکات؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێستا باسی ئەوەیە، یەعنی سێ خاڵە، ماددەی 12 سێ خاڵە.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پڕكردنەوەی دەستەكە بەو میلاكاتانەی كە لە وزارەتی مافی مرۆڤەوە كە ماون، ئیتر لە مودیر عامەوە، لە ئەوانەوە، كێ ئەم بڕیارە دەردەكات كە ئەوانە لەسەر چ ئەساسێك، بە چ میكانیزمێك؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عەونی بەزاز فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشەكی پشتگیری لە بۆچوونی لێژنەی هاوبەش دەكەم بۆ ئیزافەی دوو فەقەرە، بەلأم دەبێ مولاحەزەی ئەوەی بكەین كە بە پێی یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2009 كە لەو پەرلەمانە دەرچووە، بەناوی (قانون الغاء و دمج بعض الوزارات في الاقليم)، لەوێ گۆتیتمان لە ماددەی یەكەم: تلغى الوزارات المذكورة ادناه و تؤول كافة موجوداتها او حقوقها و التزاماتها و شؤون منتسبيها الى مجلس الوزراء للتصرف بها وفق القانون، واتا ئێستا ئەو هەیئەیە پەیوەست بوو بە پەرلەمان، بڕگەی ئەخیری كە لاچوو، زۆر لە جێی خۆیەتی، بەلأم صیاغەكەی بەرەئی من بەو شێوەیە بێت باشترە، یەكەم ئەوە زۆر بە ڕێك و پێكی هاتیە: 1-تؤول كافة موجودات و حقوق و التزامات وزارة حقوق الانسان الملغاة الى الهيئة، ئەوە تەواوە. دووەم: للهيئة الاستفادة من منتسبي وزارة حقوق الانسان الملغاة لاملاء درجات ملاكات الهيئة. او درجات ملاكاتها، بەو شێوەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار عبدالله مەلا نوری فەرمووو.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من بەشێكی كاك عەونی كردی، مادام قسە لەسەر ئەوەی ئێمە ئیستیفادە لەو فەرمانبەر و كارمەندانە بكەین كە پێشتر لە وەزارەتی مافی مرۆڤەوە ئیشیان كردووە و ئێستا بێ كارن، من نازانم بێ كارن یان نا؟، بەلأم لە نەتیجە وا دیارە لەبەر شارەزاییان ئەچنە سەر میلاكاتی ئەم دەستەیە، لەگەڵ ئەم دەستەیە ئیش دەكەن، جا بۆیە من بە پێویستی ئەزانم بەلانی كەم ئەو كەسانەی كە بەرپرسی ئۆفیسی قەزا و پارێزگاكان ئەبن، ئەگەر بكرێت باشتر وایە لێرە پۆستەكەیان دیاری بكرێ، ئایا بەڕێوەبەر ئەبن؟، بە چ پلەیەك ئەبن، باشتر وایە دیاری بكرێ، ئەگەر نا دوایی كێ دیاری ئەكات وەكو كاك كاردۆ ئاماژەی پێدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی هاوبەش كەرەم بكە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە (للهیئة الاستفادة من منتسبي وزارة حقوق الانسان، یان تتم الاملاء)، ئەوە دوو شتی جیاوازە، ئەگەر بڵێین (للهیئە) ئەوە جەوازەیە، واتا پێویست بەو دەقە ناکات، چونکە دەستە بۆ خۆی لۆی هەیە سوودیان لێ وەربگری یان سوودیان لێ وەرنەگرێ، ئێمە لێرە بە پێویستمان زانی، بەباشمان زانی شتەکەی بکەینە وجوبی، واتا (تتم املاء) ئەگەر شاغر هەبوو، لەو کادیرانەی کەوا ئیستیفادەیان لێ بکات، بەڵام ئەگەر جەوازی بوو ئەوە پێویست بەو دەقە ناکات هەبێ، چونکە دەستە خۆی لۆی هەیە یان سوودیان لێ وەردەگرێ، یان سوودیان لێ وەرناگرێ، ئێمە بەباشمان زانی ئیشەکەی بکەینە ئیلزامی و بیکەینە وجوبی کە دەبێ سوود لەو کارمەندانە وەربگیرێ کە پێشتر لە وەزارەت کاریان کردیە، خیبرەکیان پەیدا کردیە، شارەزاییەکیان هەیە ئێستا، سەبارەت بە تەعینی موەزەف بە چ پێوەرێك دەبێ، بەڕێزان قانونی خیدمەی مەدەنیمان هەیە، ئیجرائاتێکی تەنفیزیە ئەوە لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە هەمووی دانایە، پێوەر هەیە کەوا دادەمەزرێی، سەبارەت بە بەڕیوەبەرە گشتیەکان ئێمە هەموو وتمان (ذوي الخبرة و الاختصاص) شارەزایی و پسپۆر بن، ئەوە هەموو پێوەرەکان دیاری کراوە، ئەوەی لەیاساکە دیاری نەکراوە، ئەوە تەعلیمات کە دەردەچێ لەوێ ئەو وردە کاریانە باس دەکرێ.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان موخالەفە هەبوو، دوو کەس لەسەر ئەوە دژی قسە بکات، کە بەهەڵە ئەیزانێ، دوو کەسیش دیفاعی لێ بکات، ئەیخەینەوە دەنگدانەوە، کێ ئەیەوێت تەئیدی بکات وەکو هاتووە، ناوی بنووسی؟، کێش ئەیەوێ دژی قسە بکات ناویان ئەنووسین، کەس نیە، مادام ئەیخەینە دەنگدانەوە وەکو خۆی بە کوردی و عەرەبی کە خوێندرایەوە، دووبارە ئەگەر بیخوێننەوە بۆ ئەوەی نەصەکە وازیح بێت وەختێ کە لە تەسجیل نەقل دەکرێتە سەر کاغەز.**

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة :12**

**1-تؤول كافة موجودات و حقوق و التزامات وزارة حقوق الانسان الملغاة الى الهيئة.**

**2- تتم أملاء درجات ملاكات الهيئة من منتسبي وزارة حقوق الانسان الملغاة.**

**3-لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی :12**

**1-هەموو ماف و کەرستە و کەل و پەل و پێویستییەکانی بە وەزارەتی مافی مرۆڤی هەڵوەشاوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دەستەیە.**

2-پركردنەوەی میلاكاتی دەستەكە لە كارمەندانی وەزارەتی مافی مرۆڤی هەڵوەشاوە دەبێت.

3-كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێ كە دژ بێت بە حوكمەكانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكات؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟، بە كۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەی 13.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 11 لە ئەصڵی پرۆژەكە كە دەبێتە ماددەی 13:

على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة، تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیش تكایە.

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 13:

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەس هەیە لەسەری قسە بكات؟، كاك شێروان و كاك عەونی كەرەم بكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رەنگە (الجهات ذات العلاقة)ش ئیزافە بكرێ باشترە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی كەرەم بكەن.

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەكە دەكەین وەكو ئەوەی كە هاتووە: على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة، تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كەس هەیە قسە بكات؟، یەك كەس، كاك د.زانا فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمه كریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەم مەسەلە بوویتە پرۆتۆکۆل کە دەڵێ: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ئەم یاسایە جێبەجێ بکات، بەس ئەگەر من ئەنجومەنی وەزیران بم، چۆن ئەم یاسایە جێبەجێ بکەم؟، یەعنی چی بکەم؟، خۆ ئەمە هیچ پەیوەندی بە منەوە نیە، سەر بە پەرلەمانە و دەستەکە هەڵدەبژێرێت، یەعنی هیچ پەیوەندی بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە نیە، هەر بنووسرێ (الجهات ذات العلاقة) و ئەنجومەنی وەزیران نەنووسرێ زۆر باشترە، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، لێژنەی یاسایی رەئیتان؟**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**کە ئەڵێ : على مجلس الوزراء، مجلس الوزراء پێکهاتووە لە کۆی هەموو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە لە ئەصڵی پرۆژەکە وەزارەتەکانمان بەشداری کردووە بە زۆری، بۆ میسال وەزارەتی پەروەردە کە پێویستە لەسەری رۆشنبیری مافی مرۆڤ بڵاوبکاتەوە، لە بەرنامە و مەنهەجی دیراسەیدا باسی بکات، بۆ نموونە، ئەوە یەکێکە لەو پەیوەستیانەی کە پێویستە مەجلیسی وزەرای تێدا بێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئێستا دوو جار خوێندرایەوە وەکو نەصەکە کە خۆی هەیە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، دوو کەس لەگەڵدا نیە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی 14 کەرەم بکە.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 12 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە دەبێتە ماددەی 14.**

**ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 12 لە ئەصڵی پرۆژەکە کە بوو بە ماددەی 14:**

**ئەم یاسایە لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقائیعی کوردستان) ەوە جێبەجێ دەکرێ.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی هاوبەش رەئیتان؟**

**بەڕێز د.رۆژان عبد القادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە هەردوو لیژنە پشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکەین وەکو ئەوەی کە هاتووە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان کەس رەئی هەیە لەسەری؟، نیە، ئێستا بەو شێوەی خوێندرایەوە بە کوردی و عەرەبی ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، سێ کەس لەگەڵدا نیە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، ئەسباب موجیبە کەرەم بکەن.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة:**

**لضمان حماية و تعزيز احترام حقوق الانسان و الحقوق و الحريات المنصوص عليها في الدستور و القوانين النافذة و الاعلان العالمي لحقوق الانسان، و العهد الدوليين و البروتوكولات الملحقة بهما و غيرها من المواثيق و الاتفاقيات المتعلقة بحقوق الانسان المصادق عليها من قبل الحكومة الاتحادية و حيث ان المبادئ الاساسية منها على قدر عظيم من الاهمية و معياراً يمكن ان تقاس به مواقف المجتمعات و الحكومات و ترسيخ و تنمية و تطوير قيم و ثقافة حقوق الانسان، و بما ان شعب كوردستان العراق اختار طريق التقدم بما يضمن حقوق المواطنين الكوردستانين و تأكيداً على النهج فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**و العهدين الدوليين، و العهد الدوليين نابێ، کەرەم بکەن بە کوردیش بیخوێننەوە.**

**بەڕێز بەفرین حسین خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە پێناوی پاراستن و بەهێزکردنی خزمەتی مافی مرۆڤ و ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە دەقی دەستوور و یاسا بەکاربەرەکان و ڕێکلامی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و هەردوو بەڵێنە نێو دەوڵەتیەکە و پرۆتۆکۆلە پاشکۆکان و هەندێ شتی دیکەی وەك بەیاننامە و ڕێکەوتنی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە هاتوون و حکومەتی عیراقی فیدرالی واژووی کردوون، لەبەر ئەوەش پرنسیپە بنچینەییەکان گرنگیەکی زۆر گەورەی هەیە و دەشێت بکرێتە پێوەرێك، هەڵوێستی کۆمەڵگا و حکومەتەکانی پێ بپێورێت و رەگ دابکوتن و گەشە بسێنن و پەرە بسێنن، بەهای رۆشنبیری مافی مرۆڤ رەواج بسێنی، لەبەر ئەوەش کە گەلی کوردستانی عیراق ڕێگای بەرەو پێشچوونی هەڵبژاردووە کە لەو ڕێگایەوە مافەکانی گەلی کوردستان دێنە دەست بۆ تەکەسکردن لەسەر ئەم بنەمایانەش، ئەو یاسایە دانرا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش رەئیتان؟**

**بەڕێز سالار مراد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هۆکارە پێویستەکان هەر وەکو خۆی، بەڵام هەندێ وشە کە هەیە پێویستی بە صیاغەکردنەوە هەبوو لە چاککردنەوەکەدا صیاغەمان کردۆتەوە.

هۆکارە پێویستەکانی دانانی:

لە پێناوی پاراستن و بەهێزکردنی حورمەتی مافی مرۆڤ و ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە دەقی دەستوور و یاسا بەرکارەکان و جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و هەردوو بەڵێننە نێو دەوڵەتیەکە و پرۆتۆکۆل و پاشکۆکان و هی تری وەك بەڵگەنامە و ڕێکەوتنی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە هاتوون و حکومەتی فیدرالی عیراق واژووی کردوون، لەبەر ئەوەش پرنسیپە بنجینییەکانیان گرنگیەکی گەورەی هەیە و دەشێت بکرێتە پێوەرێك، هەڵوێستی کۆمەڵگا و حکومەتەکانی پێ بپێورێت لەگەڵ ئاستی بەرەوپێشچوون و بەها و ڕۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ و لەو ڕوانگەوەش کە گەلی کوردستانی عیراق ڕێگای بەرەو پێشەوەچوونی هەڵبژاردووە، لەو ڕێگەوە زامن کردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان دەبن، بۆ جەخت کردنەوە لەسەر ئەو بنەمایە، ئەم یاسایە دانرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر هۆکارەکان کەس قسەی هەیە؟، چوار بەڕێز ئەیانەوێ قسەی بکەن، سیوەیل عوسمان، کاك جمال، کاك صباح،د.عوسمان، کەسی تر هەیە؟، نیە، سیوەیل خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئسبابی موجیبە هەمووی ناخوێنمەوە، درێژەی پێنادەم، لە سەتری ئەخیری: (بما یضمن حقوق المواطنین الکوردستانین و تأکیدآ علی النهج)، پێم باشە بنووسرێ: (لذا شرع هذا القانون)، نەك (فقد شرع هذا القانون)، ئەگەر بڵێین (فقد شرع هذا القانون) دەبێ بڵێین (لهذا السبب)، ئەگەر بڵێین (لذا شرع هذا القانون) وا بزانم ناحیە قەواعیدیەکە تەواو ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار جەمال گاهر فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم (لضمان حماية و تعزيز احترام حقوق الانسان و الحقوق و الحريات المنصوص عليها في الدستور) كام دەستوور؟، لێرەدا پرسیاه، لازمە دەستووری عیراقی ئیزافە بکەن، للدستور، دەستووری عیراقی ئەگەر ئیزافە بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بيت الله شكری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز بێژم، صیاغەی وی کوردیا و عەرەبی جودایەك ناڤداهەی، لە کوردیا هاتیە نڤیساندن گرنگیەکی زۆر گەورە هەیە، لە عەرەبی هاتیە: نڤیسین: على قدر عظيم من الاهمية، بە رەئیا من ئەڤە (على قدر عظيم من الاهمية )دەبێتە (على قدر كبير من الاهمية).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە ئەوانە دیارە لە کوردیەکە کاك سالار خوێندیەوە ڕاست کرایەتەوە، ڕێکلامەکە بوویتە جاڕنامە، پشتگیری دەکەین، بەڵام لە عەرەبیەکەشدا هەندێ هەڵەی تێدایە پێم وایە، ئەو (و العهدين الدوليين)، (العهد) نووسراوە، ئەوەی کاك صباح ئاماژەی پێدا بێگومان (على قدر كبير من الاهميه)، (عظيم) بەکار نایێت لەم شوێنە، بەڵام لەوەی کە دەڵێ : ( و حيث ان المبادئ الاساسية على قدر كبير ) بکرێ بە (كبير) ، (و الاهميه و معياراً)، چونکە ئەبێ ببێ (و معايير)، چونکە ئەمە بۆ مەبادئ ئەگەڕێتەوە، جەمعە ئەبێ: ( و معايير يمكن ان تقاس به) تقاسەکەش هەر جەمعە بۆ مەبادیئەکە ئەگەڕێتەوە، کەوابوو معیار غەڵەتە ئەبێ ببێتە معايير، دوایی لە دواوەش ئەڵێ : (تأكيداً على النهج)، ( و بناءاً على هذا فقد شرع هذا القانون)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو مولاحەزاتانەی کە هاتن، وەڵامتان تکایە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت کەلیمەی دەستوور، دەستوور لێرە بە موتڵەقی هاتووە، بما مەعنا کە دەستووری عیراقیە کە ئێستا نافیزە لەلای ئێمە، هەروەها دەستووری هەرێمی کوردستانیش کە لە موستەقبەلیشدا ئینشاللا دەنگی لەسەر دەدرێ، بە نیسبەتی کەلیمەی (فقد شرع هذا القانون) کەلیمەی (فقد) کە هاتووە ئەو موستەڵەحە

قانونیە موتەبەعە لەهەموو قانونەکان کە لەوەی پێشیش دەرچووە، بە نیسبەت کەلیمەی (عظیم) ئەکرێ ڕاستە بکرێ بە کەلیمەی (کبیر)، ئیتر هیچ مولاحەزەیەکی ترمان لەسەری نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

(علی)ی ناوێت؟، پاشی (و علی هذا النهج)؟

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، (علی هذا النهج).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش کەرەم بکەن بیخوێننەوە.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغە کوردیەکە ئەوەی کە وترا باش کراوە، ئەوەی کاك صباح وتی زۆر گەورە، زۆرەکەمان لابردووە، عەزیمەکەش لێرە گەورە ئەگەینێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامیت هەیە د.احمد کەرەم بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت وشەی (معیار) وتم ئەمە غەڵەتە، هەتا لە کوردیەکەشدا کە ئەڵێ: لەبەر ئەوەش پرنسیپە بنچینیەکانیان، (المبادئ الاساسیە)، دوایی لە کوردیەکەشدا ئەڵێ: (دەشێت بکرێتە پێوەرێك) ، ( دەشێت بکرێنە پێوەرێك) یەعنی ئەوە بە هەمان شێوە ( و معاییراً) نەك ( و معیاراً) .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا لێژنەی هاوبەش ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە لەگەڵ ئەو مولاحەزاتانەی وەرتان گرت بە کوردی و عەرەبی تا بیخەینە دەنگدان، کەرەم بکەن.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الاسباب الموجبة:

لضمان حماية و تعزيز احترام حقوق الانسان و الحقوق و الحريات المنصوص عليها في الدستور و القوانين النافذة و الاعلان العالمي لحقوق الانسان، و العهدين الدوليين و البروتوكولات الملحقة بهما و غيرها من المواثيق و الاتفاقيات المتعلقة بحقوق الانسان المصادق عليها من قبل الحكومة الاتحادية و حيث ان المبادئ الاساسية منها على قدر كبير من الاهمية و معياراً يمكن ان تقاس به مواقف المجتمعات و الحكومات و ترسيخ و تنمية

و تطوير قيم و ثقافة حقوق الانسان، و بما ان شعب كوردستان العراق اختار طريق التقدم بما يضمن حقوق المواطنين الكوردستانين و تأكيدآ على هذا النهج فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا گشت پـرۆژە یاساکە لەگـەڵ دیباجەکە ئەخەینـە دەنگدانـەوە، دوو موداخەلـە هەیـە، حـاکم ڕزگار کەرەم بکە.

**بەڕێز ڕزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێکی تر لەم مەوزوعەی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شەرح نیە، نیزامیە، ڕەجائەن نیزامی بێ بەسەر چاو.

**بەڕێز ڕزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یـەعنی تەرحـە، مـاددەی 50 بـاس لـە تەصـویت دەکـات، مـادە فمـادە، لـە قـانونی پەرلـەمان و لـە نیزامـی داخیلیەکەش، ئێمە نیمانە جارێکی دیکە کۆی پرۆژەکە بخەینە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، ڕەجائەن خەلاص، بەڕێز حاکم کاك ڕزگار، زۆر بـەڕێز خوشـك و بـرای ئێـوە لـەم پەرلەمانـە لەسـەر هەنـدێك بەنـد و فەقـەرە دەنگیـان دا، زۆر بـەڕێزی تـر لەسـەر هەنـدێکی تـری دەنگیـان نـەدا، پوختـەی دەنگەکان لە ئەخیر ئەبێتەوە یەك، ئەگەر ئەوانەی لە زۆر جێ دەنگیان زۆر بە نەفی داوە، زیاتر بـوو، ئـەوە گشت پرۆژەکە ڕەت دەکرێتەوە، ئەگـەر بـە عەکسـەوە بـوو قبـوڵ دەکرێـت، لـە هـەموو پەرلـەماناتی تـریش ئەوەی کە ئێمە لێی ئەزانین نەك هەمووی، بەس لە زۆربەی بەو شێوەیە، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمانە، با کاك فرسەت جوابداتـەوە، کـە ئەمـە پێچـەوانەی پـەیڕەوی خۆمانە، چۆن بیکەینە عورف لەناو خۆمان؟، چونکە هەندێ مـاددە مـن قبولـە و هەنـدێ مـن قبـوڵم نیـە، مەعقول نیە دەنگ بۆ هەموو ماددەکە بدەم، یەعنی شتێکە دژی پەیڕەوە لەبەر ئـەوە بـا کـاك فورسـەت بـا قانونیەن جوابداتەوە.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت دیارت کرد کە زۆڕبەی پەرلەماناتی عالەم بەو شکلە ئەچن، مادده بە مـادده دەنگـی لەسـەر ئـەدەن دوایـی هـەموو پـرۆژە، هـەتا ئێمـە نەصـمانیش نـەبێت، ئـەوە 17 سـاڵە بـەکاری دێنیـنن بوویتـە عورفێـك، عورفیش یەکێك لە مەصادیری قانونە، حاکم ڕزگار جەنابت لە هەمووومان باشتر دەزانیت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا گشت پرۆژە یاساکە، بە ماددەکان و لەگەڵ دیباجەکە ئەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەسـتی بـەرز بکاتـەوە؟، کـێ لەگەڵـدا نیـە؟، 16 کـەس لەگەڵـدا نیـە، بـە زۆرینـەی دەنـگ پەسـند کـرا، ئومێدەوارین خەڵکی کوردستان سوود ببات لەمە و مـافی مـرۆڤ پێشـێڵ نـەکرێ و هـەمووومان ئامـادەین بـۆ پشتیوانی و هاوکاریان و سوپاس و سەرکەوتوو بن، خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14)**

**شەممە ڕێکەوتی 29\5\2010**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (14)

## شەممە رێكەوتی 2010/5/29

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێكەوتی 2010/5/29 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (14)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (14)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی شەممە رێكەوتی 2010/5/29 دا بەم شێوەیە بێت:

1- میوانداری ڕێزدار سەرۆكی هەرێمی كوردستان، بۆ پێشكەش كردنی وتاری بەڕێزیان دەربارەی باری گشتی لەهەرێم و عێراق و سەفەرەكەی بەڕێزیان بۆ دەرەوەی وڵات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی یەكەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن(14)، ڕۆژی دانیشتن(2010/5/29)، بەرنامەی كار، بەپێیی حوكمەكانی مادده(20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان، بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(14)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات 11ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی شەممە، ڕێكەوتی 2010/5/29دا بەم شێوەیە بێت،

1- میوانداری ڕێزدار سەرۆكی هەرێمی كوردستان، بۆ پێشكەش كردنی وتاری بەڕێزیان دەربارەی باری گشتی لەهەرێم و عێراق و سەفەرەكەی بەڕێزیان بۆ دەرەوەی وڵات، زۆر زۆر بەخێر بێن، بەڕێزان بەناوی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان و یەكە یەكە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان لە گشت فراكسیۆن و لایەنەكان و نوێنەرانی پێكهاتەی توركمان و كلدان، سریان، ئاشوری، ئەرمەنی ئایینەكانی ئیسلام و مەسیحی و ئێزیدی بەگەرمی بەخێرهاتنی ڕێزدار كاك مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان

دەکەین، هەروەها بەخێرهاتنی شاندی یاوەری بەڕێزیان دەکەین، زۆر بەخێر بێن، دووبارە هەموو لایەك بەخێر بێن، بۆ پەرلەمانی کوردستان بەڕێزان وەکو لەبەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(14)ی بەرواری 2010/5/29ی ئەمڕۆدا پەرلەمانی کوردستان دیاری کراوە، ڕێزدار کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم مینبەرە پیرۆزەوە، وتارێك دەربارەی باری گشتی هەرێم و پێشهاتە سیاسیەکانی عێراق و سەردانەکەی بۆ دەرەوەی عێراق، ئاراستەی خەڵکی کوردستان و عێراق دەکات، ئێستا داواش لە ڕێزدار کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم بفەرموویت بۆ پێشکەش کردنی وتاری بەڕێزیان فەرموو.

**بەڕێز کاك مەسعود بارزانی( سەرۆکی هەرێمی کوردستان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامانی پەرلەمان.**

**ئەم کاتەتان باش..**

خۆشحاڵم ئەمڕۆ جارێکی دیکە لەناو ئێوەم بۆ ئەوەی لە مینبەری پەرلەمانەوە چەند بابەتێك بۆ نوێنەرانی گەل و لەڕێگای ئێوەشەوە بۆ جەماوەری خۆشەویستی کوردستان ڕوون بکەمەوەو ڕاو سەرنج و تێبینیەکانم بخەمە ڕوو.

ئەو بابەتانەی دەمەوێت باسیان بکەم لەدوو تەوەردا کورت دەبنەوە، یەکەمیان: تەوەری هەندێ پێشهات لەبواری ساحەی سیاسی عێراق و پەیوەندییەکانمان لەئاستی ناوچەکەو جیهاندا و ئاگادارکردنەوەی بەڕێزتان لە بەرنامەی داهاتووی چەند سەردانێکمان بۆ چەند وڵاتێك، دووەمیان: تەوەری باری ناوخۆو دوا ڕووداوو پێشهاتەکانی ناو هەرێم و لێکدانەوەمان بۆ ئەم ڕووداوانە.

بەڕێزان لەبارەی وەزعی عێراق بەڕێزتان ئاگادارن، کە ئێستا لەدوای هەڵبژاردنەوە قەیرانێك لەئارادایەو بەداخەوە لەوە دەچێت بارەکە ڕۆژ بەڕۆژ ئاڵۆزتر بێت، لەم بەینەدا هەڵوێستی ئێمە وەکو کوردو کوردستانی ڕوونە، پێمان باشە حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی پێکبهێنرێت و گشت پێکهاتەکانی عێراق تیایدا بەشداربن، ئێمە نابینە بەشێك لە قەیرانەکە بەڵکو هەمیشە لەگەڵ چارەسەردا دەبین.

لەبارەی پێگەی هەرێم لەم بارەدا خۆشحاڵم کە لیست و قەوارە کوردستانییەکان بە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی بەرەو بەغدا دەڕۆن، بەرنامەی شاندی هەرێمیش ڕوون و ئاشکرایە، بۆ ئێمە کەسەکان گرفت نین بۆ ئێمە بەرنامەی حکومەتی داهاتوو گرنگە، ئێمە تەعامول لەگەڵ بەرنامەی حکومەت دەکەین، لەسەرووی هەموویانەوە ئیلتزام بەدەستوورو جێبەجێ کردنی ماددەی (140)، دەبێ لەم بوارەدا هەڵەو کەمتەرخەمییەکانی ڕابردوو دووبارە نەبنەوە.

خۆشك وبرایانی خۆشەویست، لاتان شاراوە نییە، کە پتەوتر بوونی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە چ گرنگییەکی بۆ هەرێم و بەرەوپێش چوونی باری سیاسی و ئابووریمان هەیە،

هەمیشە دروشم و بانگەوازمان ئەوە بووە کە بەگرتنەبەری ڕێگەچارەی ئاشتییانە کەشێك لەدەڤەرەکەدا بخولقێت کە تێکڕای گەلانی ناوچەکە لە ئاشتی و سەربەستیدا بژین، خواست و ویست و کەرامەتی هەموو لایەك پارێزراو بێت، تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە گرنگیی خۆی بۆ تێکڕای ناوچەکە بەگشتی و بۆ هەرێمی کوردستان بەتایبەتی هەیە، خۆشبەختانە ئەمڕۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا گەیشتۆتە ئاستێك کە لەیەکگەیشتنێکی زۆر هاتۆتە ئاراوەو لەو بڕوایەداین کە زەمینە لەبار تربووە بۆ پەرەپێدانی زیاتر بەو پەیوەندییە بەجۆرێك کەلە بەرژەوەندیی هەردوولادا بێت. هەر لەچوارچێوەی ئەو بەرەو پێش چوونەدا من وەکو سەرۆکی هەرێم بەشێوەیەکی فەرمی بانگهێشتی تورکیا کراوم و خوا یاربێ لەماوەیەکی نزیکدا ئەم سەردانە ئەنجام دەدەین، ئامانجیشمان لەم سەفەرە ئەوەیە کە یەکەم: دەمانەوێ پێشوازی لەو سیاسەتەی دەوڵەتی تورکیا بکەین کە دەستی دۆستی بۆ درێژ کردووین و بێگومان وەڵامی ئێمەش بۆ ئەو هەڵوێستە وەکو هەمیشە هەر ئیجابی دەبێت.

دووەم: دەمانەوێ ئاستی پەیوەندییە سیاسیەکانمان زیاتر پەرەی پێبدەین بەجۆرێك کە لەخزمەت جێگیر تر کردنی ئاشتی و باری تەناهی و ئاسایشی زیاتری تێکڕای دەڤەرەکە بێت.

سێیەم: زیاتر پەرە بە پەیوەندییە ئابوورییەکانمان لەگەڵ تورکیا بدەین و هەوڵبدەین ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و سەرمایە گوزاری لەنێوانماندا بەرزتر و فراوانتر بکەین.

بەڕێزان..کاتێك دەنگی خێر و ئاشتی لەلایەن هەر لایەنێکەوە بەرزدەبێتەوە ئێمە دەبێ پێشوازی لێبکەین و هاندەری بین بۆ سەرکەوتنی، چونکە دواڕۆژی گەلەکەمان و هەموو گەلانی دیکەی ناوچەکە بە گرتنەبەری زمانی ئاشتی و دوور لەتوندوتیژی مسۆگەر دەبێت، لەم چوارچێوەیەشدا لەپێناو چەسپاندنی ئاشتی و زیاتر سەرخستنی زمانی گفتوگۆو ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان و دروستکردنی متمانەی زیاتر، نەهجی ئێمە ئەوە دەبێت، کەچارەسەری ئاشتییانە ئەساسی هەموو دانووساندنەکانمان بێت و ڕێز لەسەروەریی دراوسێکانمان دەگرین و لەبەرامبەریشدا چاوەڕوانیشمان ئەوەیە ڕێز لەسەروەریی هەرێمی کوردستان بگیرێت. هەر لەو ئاڕاستەیەشدا ڕێگە نادەین کەس ئیستغلالی هەرێمی کوردستان بۆ سەرخستنی ئەجینداى تایبەتی خۆی بکات و نابێت هەرێمی کوردستان ببێتە مەیدانی تەسفیەی حیساباتی هێزو لایەنەکانی ناوچەکەو دەبێ هەموو لایەك هەوڵبدەین گرژیی ناوچە سنوورییەکان نەهێڵین و کۆتایی بەو بۆمبباران و تۆپبارانە بێت، کە دەبێتە مایەی نیگەرانیمان و ئازاردانی خەڵکی ئەو ناوچانە.

تەجروبە سەلماندی کە توندوتیژی و شەڕ لەناوچەکەدا هیچ بەرهەمێکی نابێت، بۆیە پێویستە هەمووولایەك پشتیوان و هاندەری زمانی ئاشتی و ڕێزگرتنی دوولایەنە بین، وڵاتی دووەم لەبەرنامەی سەفەرەکەمدا(فەرەنسا)یە، ماوەیەکە بانگهێشتی ڕەسمی سەرۆکی (فەرەنسا)مان پێشگەشتووەو ئێستا کاتەکەی گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ئەو سەردانە، بێگومان ئاگادارن کە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ فەرەنسا لەئاستێکی باشدایە، لەگەڵ گەل و حکومەتی فەرەنسا چ لە نەهامەتییەکان و چ لەکاتی سەرگرتنی ئەزموونی حکومەتی هەرێم دۆست و پاڵپشتمان بوونە، بۆیە هەر لە سەر بنەمای ئەو دۆستایەتییەو

لەپێناو بەرژەوەندی دوولایەنە هەوڵی ئەوە دەدەین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ گەل و وڵاتی فەرەنسا پتەوتر بکەین و ئومێدمان وایە سەردانەکەی ئەمجارەشمان بۆ فەرەنسا لێك نزیك بوونەوەی زیاتر و بەرهەمی باشتری لێبکەوێتەوە.

تەوەری دووەم لەبارەی باری ناوخۆمانە، خۆشك و برایانی خۆشەویست.. ئەمڕۆ هاتووم زۆر بەسەراحەت لەگەڵ ئێوەو لەڕێگەی ئێوەشەوە لەگەڵ هاووڵاتیانی خۆشەویستمان لەسەر چەند پرسێکی گرنگ قسە بکەم.

ئێستا وەزعێك لە کوردستان هاتۆتە ئاراوە کە خەریکە هێزو توانامان لەمەساری خۆی لاببات و ئامانجەکانمان لەبەرچاو ون بکات، بۆیە ڕوونکردنەوەی ئەو بارودۆخە زۆر پێویستە، خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی ئێمە بۆ سەربەستی و ئازادی بووە، بۆ ئەوە بووە کە ئێمە خاوەن ئیرادەی خۆمان بین و کەرامەتی مرۆڤی کورد پارێزراو بێت، شوکور بۆ خوا لەسایەی خوێنی شەهیدان و بەخەبات و تێکۆشانی هەمووولایەك و دوای قوربانیدانێکی زۆر ئەم دەستکەوتانەی ئێستا هاتوونەتەدی، وڵاتمان ئازادەو ئەزموونی ئیدارەو حوکمڕانیی خۆمان هەیە، ئەمڕۆ ئێمە خاوەنی وڵاتمان و خۆمان و کەسایەتیمانین، کەواتە چ سوودێکی هەیە کە بەدەستی خۆمان ئەزموونەکەمان ناشیرین بکەین و چ سوودێکی هەیە تەسویرێکی نادروست لە هەرێم و کەسایەتیی مرۆڤی کورد پیشانی خەڵکی دونیا بدەین.

بەڕێزان دروستکردنەوەی باڵەخانەیەك ئاسانە، بەڵام دروستکردنەوەی کەسایەتی زۆر زەحمەتە، تێکدان و شێواندنی ناڕەوای کەسایەتیی مرۆڤی کورد تاوانێکە دەرهەق بە نەتەوەیەك، ئەوەی ئێستا بەناوی ئازادییەوە دەکرێت ئازادی نییە، ئەمە فەوزایە خەریکە ڕەوشتی کوردایەتی و مرۆڤایەتی تێکدەچێت، بەناوی ئازادییەوە بەبێ بەڵگەو بەبێ سەبەب هجوم دەکرێتە سەر مافی هەر کەسێك و ئەوجا ئەو مافە بەخەڵك ڕەوا نابینن بەپێی یاسا بەرگری لە مافی خۆیان بکەن، بەرگریکردن لەمافی هەر کەسێك لەڕۆژنامەنووسێك تا هەر تاکێکی کۆمەڵگا بەئەرکی خۆمی دەزانم، بەڵام نابێ کەس لەسەرووی یاساوە بێت و بیر بکرێتەوە کە هەندێ کەس حەسانەی ئەوەیان هەبێت کە بەکەیفی خۆیان مافی خەڵك پێشێل بکەن و بوختان و تۆمەت لەسەر خەڵك بڵاو بکەنەوە، ئەوجا گەر کەسێك بەپێی یاسا داکۆکیی لەمافی پێشێلکراوی خۆی کرد ئەم کارەی بەدژی ئازادیی ڕادەربڕین لەقەڵەم بدرێت. ئەمە ئازادی نییە، ئەمە خراپ بەکارهێنانی ئەو کەشە ئازادەیە کە لە کوردستان بە تێکۆشانی هەمووولایەك هاتۆتە ئاراوە، نابێت چیتر ئەمە قبوڵ بکرێت، نابێ چیتر ئازادیی هاووڵاتیان و مافیان بەناوی ئازادییەوە پێشێل بکرێت، لەکوردستاندا قیەمی ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی یەکتر ڕەگ و ڕیشەی لە مێژوو و کەلتووری ئێمەدا هەیە، بەڵام ئێستا هەوڵی شێواندنی ئەو قیەمەش دەدرێت، زێدەڕۆیی هەندێجار دەگاتە ئەو حەدەی کە سوکایەتی بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکرێت، لە کوردستاندا بەوە سەربەرزین کە فەرهەنگمان فەرهەنگی تەساموح و پێکەوە ژیانە، جیاوازی نییە لە نێوان ئایینەکان، نابێ سوکایەتی بەهیچ ئاینێك بکرێت جا چ بگاتە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کە ئاینی زۆرینەی خەڵکی کوردستانە، تێپەڕاندنی ئەم سنوورانە لەمەودوا قابیلی قبوڵ

نییەو دەبێ ڕێز لە مەشاعیری خەڵك بگیرێت، ئێمە پێشوازی لە ڕەخنەی ئیجابی دەكەین و پێمان باشە كەموكوڕییەكان دەستنیشان بكرێت، بەڵام وەزعەكە لەوە دەرچووەو بۆتە ناشیرینكردنی سەرتاپای وڵات، تۆمەت هەڵبەستن و ناوو ناتۆرە دروستكردن بۆ یەكتری پەیوەندیی بە ڕەخنەو ئازادیی ڕادەربڕین نییە، دەبێ مەسئولانە بەرامبەر هەر ڕووداوو دیاردەیەك لەهەرێمدا هەڵسوكەوت بكەین، ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی ئەو ماوەیە كە لە كوردستاندا سەریهەڵدا لەڕاستیدا ئیستغلالی ڕووداوێك بوو بۆ ئەوەی ئیمتیازاتی سیاسی لەسەر حسابی خوێنی گەنجێكی كورد بەدەستبهێنرێت، ڕووداوی تیرۆركردنی جوانەمەرگ (سەردەست عوسمان) لە قالبی خۆی دەربڕاو هیچ ڕێزێك لەیاساو ڕەوتی لێكۆڵینەوە نەنرا، ناكرێ هەموو شتێك ئیستغلال بكرێت و فەوزا دروست بكرێت و ڕێگە بدەن بۆ ئەو ڕووداوە یاسا دەور ببینێت، من لەهەموو كەسێك زیاتر ئیدانەی ئەو تاوانە دەكەم، بەرپرسیاریەتیی ئێمەیە هەموو هەوڵێك بدەین بۆ دەستگیركردنی تاوانباران و ڕاكێشانیان بۆ بەردەم دادگا، من لێرەدا ڕایدەگەیەنم دەزگاكانی پەیوەندیدار دەتوانن گەر پێویستی كرد داوای هاوكاریی فەنی لەهەر پسپۆڕێكی دەرەوەی هەرێم بكەن، تاكو لە پرۆسەی لێكۆڵینەوەدا یارمەتیدەربن.

بەڕێزان.. بۆ من جێگەی شانازییە كە توانیومە متمانەی 70٪ی گەلی كوردستان بەدەستبێنم، ئەمەش وەك دەستكەوتێك لەدەستكەوتەكانی تر بەرهەمی خوێنی شەهیدان و ڕەنج و تێكۆشانی گەلەكەمانە، بۆیەشە ڕێز لە متمانەو ویستی گەل دەگرم، ئەو پۆستە بەپێگەیەك دەزانم بۆ سەروەریی گەل و پاراستنی دەسكەوتەكانی، من هەموو خەڵكی كورستان بەخوشك و برای خۆم دەزانم و خۆم بە بەرپرسیار دەزانم بەرامبەر پاراستنی مافەكانیان چ ئەوانەی لەگەڵمان بن یان لەگەڵمان نەبن، بەڵام ئەوانەی ویستی خۆیان بەناوی تێكڕای گەلی كورد دەخەنەڕوو و وانیشان دەدەن كە قسەی ئەوان قسەی هەموو خەڵك دەگرێتەوە، من بە پشتبەستن بەو شەرعیەتەی میللەت پێیداوم ماف و ئازادیی هاووڵاتیان دەپارێزم و ڕێگە نادەم كەس یاری بە ئاسایشی هەرێم بكات، ڕەخنەو بابەتە جدییەكان بۆ باشتر كردنی باری وڵات و ئەدای دامودەزگاكان پەراوێز خراوەو خەڵكانێك سەرقاڵی شتی ڕواڵەت و لاوەكین و زۆرینەی شتەكان ئیستغلال دەكەن، بۆ ئەوەی پەیامێكی چەواشەیی لێ دروست بكەن، بەڕێزان لەو ماوەیەدا بەشێوەیەكی ناڕەوا بابەتی ئاسایشی هەرێم باسی لێوە كراوەو لەهەندێ بڵاوكراوەدا تەسویرێك دروست كراوە، كە گوایە لەهەرێم سەقامگیری لەئارادا نییەو كەس لەسەروماڵی خۆی دڵنیا نییە، ئەمەشیان لەڕاستییەوە دوورە، چونكە بەهەوڵ وماندووبوون و قوربانیدانی دەزگاكانی پەیوەندیدار و بەهاوكاری و هەماهەنگی خەڵك لەگەڵیان ئارامی و ئاسایش لەهەرێم بەرقەرار بووەو متمانەی جەماوەرو هاوكاریی دوولایەنەی ئەم دامودەزگایەو خەڵك زامنی بەردەوامیی ئاسایشی هەرێم بووە، ئەو كەسانەی كە دەخوازن لەكاریگەریی ئەم دامودەزگایەو بەرهەم و دەسكەوتەكانیان كەم بكەنەوە با بەراوردی وێنەی باری ئەمنیی شوێنەكانی دیكەی عێراق و باری هەرێم بكەن، ئایا دەخوازن ڕۆڵی كاریگەری ئەم دەزگایانە كۆتایی پێبهێنن تاكو هەرێم هاوشێوەی

شوێنەکانی دیکەی عێراقی لێ بێت، گەر وا بێت دەبێ ئەو کەسانە بەرپرسیارێتیەکانی ئەم داوایەیان لە ئەستۆ بگرن و لەبەرامبەر خەڵکدا بەرپرسیارو وەڵامدەر بن.

پێویستە وێڕای هەوڵەکانمان بۆ یەکگرتوویی و بەهێزکردنی ئەم دامودەزگایانە هەمووومان پارێزەری ئاسایشی هەرێم بین و خۆمان لەلێدوانی وا کەڕەوشی ئەمنی دەشێوێنن و خەڵك تووشی ترس و نیگەرانی دەکەن بپارێزین، گەر ئەمن و ئاسایش نەما گەشەکردنی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەو پێشکەوتنی هەرێمیش نامێنێت و گەلەکەمان لەهەموو ڕوویەکەوە زیانمەند دەبێت، بۆیە دەبێ هەموولایەك زۆر مەسئولانە تەعامول لەگەڵ ئەو بابەتە بکەن، بەهیمەت و تێکۆشانی دڵسۆزانی ئاسایش ولآتیش ئاسایش و ئاسوودەیی لەهەرێم هەر پتەوتر و سەقامگیرتر دەبێت، خەڵك دڵنیا دەکەینەوە کە بەهیچ جۆرێك ڕێگە نادەین ئەم کەشە هێمنەی هەرێم تێك بچێ.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم بەرێزتان ئاگادار بکەمەوە کە پرۆسەی یەکگرتنەوەی ئاسایش و دروستکردنی یەك لەشکری پێشمەرگە بۆ هەرێم بەرەوپێشەوە چووەو زۆر بەجدی کاری لەسەر دەکەین، بەلآم ئەمە بابەتێکی هەستیارەو دەبێ زۆر بەدیقەت هەنگاوی بۆ بنێین.

لەکۆتاییدا دەمەوێت بڵێم لەو ولآتەدا یاسا دەبێ سەروەر بێت  بۆ هەمووان و کەس لەسەرووی یاسا نەبێت، ئازادی هەیەو خەڵك مافی ناڕەزایی دەربڕین و ڕەخنە گرتنیان هەیە، بەلآم ڕێگە نادرێت قیەمی میللەتێك تێکبدرێت تەنیا لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی کەم لەگەڵ ئەو قیەمانە ناگونجێ، ڕێگەی یاسایی بۆ هەر تاکێکی کورد کراوەیە، بەلآم نابێت پێشێلکردنی یاسا دوای هەر ڕووداوێك ببێت بەدیاردەیەکی هەمیشەیی، ئامانجی سەرەکیمان پاراستنی یەکڕیزیی گەل و دەسکەوتەکانیەتی و دەمانەوێ لە کەشێکی ئارامدا کۆمەڵگەکەمان گەشە بکات و بەرەو ئایندەیەکی گەش هەنگاو بنێت، ئەمەش ویست و خواستی گەلەکەمانەو هەموو کەسێك دەبێت ڕێز لە ئیرادەی گەلەکەمان بگرێت و داوای هاوکاری لەهەمووتان دەکەم و وەرن بادەستبکەین بەچاکسازی.

هەر سەرکەوتوو بن و سوپاس بۆ ڕەخساندنی ئەمە دەرفەتە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ ڕێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەفدی یاوەری، سوپاسیش بۆ وتە بەنرخەکەی کە پێشکەشی کرد لە مینبەری پیرۆزی پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ خەڵکی کوردستان، بۆ ئێوەی بەڕێز، سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێزیش کە ئامادە بوون و بە بێدەنگی گوێ بیست بوون و ئێستاش کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین، خوا ئاگادارتان بێت.

فرست احمد عبدالله
سكرتێری پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

ارسلان بایز اسماعیل
جێگری سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان – عێراق

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)
سەرۆكی پەرلەمانی
كوردستان - عێراق

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10)ی نائاسایی

سێ شەممە رێكەوتی 8\6\2010

خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (10)ی نائاسایی

## سێ شەممە ڕێكەوتی 2010/6/8

كاتژمێر (12)ی نیوەڕۆی رۆژی سێ شـەممە رێكـەوتی 2010/6/8 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێـراق بـە سـەرۆكایەتی بـەڕێز محمـد قـادر عبـدالله(د.كمـال كـەركووكی) سـەرۆكی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (10)ی نائاسایی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (10)ی نائاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (12)ی نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2010/6/8 دا بـەم شـێوەیە بێت:

1-گفتوگۆ كردن لەسەر بەردەوام بوونی بۆردومانی هێزە سەربازییەكانی كۆماری ئیسلامی ئێـران، بـۆ سـەر خاك و دێهاتەكانی هەرێمی كوردستانی عیراق و، بەزانـدنی سنووری نێودەوڵەتی و دانـانی بنكـەی سـەربازی لە ناو خاكی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـە نـاوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنەكەمان دەكەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن سـاڵی یەكـەم، خـولی گرێدانی یەكەم، ژمارەی دانیشتن (10)ی نائاسایی، ڕۆژی دانیشتن (2010/6/8)، بەرنامەی كار:

بە پێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (6) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان-عیراق، دەستەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری دا بەرنامـەی كـاری دانیشـتنی ژمـارە (10)ی نائاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (12)ی نیـوەڕۆ ڕۆژی سێشـەممە ڕێككـەوتی (2010/6/8) بەو شێوەیە بێت:

1-گفتوگۆ كردن لەسەر بەردەوام بوونی بۆردومانی هێزە سەربازییەكانی كۆماری ئیسلامی ئێـران، بـۆ سـەر خاك و دێهاتەكانی هەرێمی كوردستانی عیراق و، بەزانـدنی سنووری نێودەوڵەتی و دانـانی بنكـەی سـەربازی لە ناو خاكی هەرێمی كوردستان.

جەلسەکە نیو سەعات دواکەوت لەبەر داخوازی هەندێك لـە بـەرێزان سـەرۆکی فراکسـیۆنەکان، کـە هەنـدێ ئامادەکاری تر لە پێشیان بوو بکرێت، ئێستا داوا دەکەین لە لێژنەی ناوخۆ لەگەڵ ئەو شاندانەی کە چوونە مەنتیقـە بـۆ سـەردانی ئـەو شـوێنانەی کـە بۆردومـان دەکرێـت، تەشـریف بێـنن بـۆ ئێـرە، بـەرێزان دیـارە هێزەکـانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران وەك هـەموو ئێـوەی بـەرێز و خـەڵکی کوردسـتان ئاگـادارن، لـە (2010/5/31) تاکو ئەمڕۆ کە (2010/6/8)ە، بە شێوەیەکی زۆر نالەبار ناوچە سنووریەکان بۆردومـان دەکـەن، بـە قووڵـایی (15) کیلۆمـەتر، لـە هـەرێمی کوردسـتان، لـەوێش قـەزای چـۆمان، سـەنتەری قـەزای چۆمان، هـەروەها مەرکـەز و ناحیـەکانی دەوروبـەر وەك حـاجی ئۆمـەران، سـیدەکان، قەسـرێ، گونـدەکانی ئـەتراف مەنتیقـەی قـەڵادزێ، بـەو بۆردومانـە خـەڵکیان شـەهید کـردووە، برینـدار کـردووە، خـەڵکێکی زۆر شوێن و ماڵ و زەوی کشتوکاڵی خۆیان بەجێ هێشتووە، نـاتوانن بچـنە سـەر زەویـە کشتوکاڵیەکانیان، بۆیـە نـاتوانن ئـاوی بـدەن، زۆری بـەرەو وشـکبوون دەڕوات، خـەڵکیان تۆقانـدووە، نـازانن چـی بکـەن؟ پەراگەنـدە بوونە لەناو مار و دووپشك، لەو شوێنانە کە زەرەرێکی یـەکجار زۆریـان پێگەیشـتووە، ئـەوەی کـە ئێمـە لـە هەرێمی کوردستان چاوەڕوانمان دەکرد لە کۆماری ئیسلامی ئێران شتێکی تر بوو، ڕاستە لە ڕۆژانی سـەخت، لە ڕۆژانی جینۆساید هاوکاری میللەتەکەمانیان کردووە، بەس مەعنای ئەوە نیە ئەوڕۆ تۆپ بارانمـان بکـەن بە بێ هیچ سەبەبێك، بۆیە ماوەیەکی زۆر بوو ئێمە سوپاسی یەکە یەکەی ئێوەی پەرلـەمانتار دەکـەین کـە لە گشت فراکسیۆنەکان، لە گشت پێکهاتـەکان، بـە بـێ جیـاوازی هـەموو هـەوڵی ئـەوەتان دەدا کـە دانیشـتنی ئاسایی بکرێ، بە نووسراوی ڕەسمی داوای ئەوەتان کردووە، ئێمە لە بیدایەت هەوڵمان دا لەگـەڵ حکومـەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کە حەرەکەیەکی دبلۆماسی بە قوەت بکرێ، بـەڵکو کۆتـایی بـەو وەزعە ناتەبیعیە بێنێ، چونکە ئێمە لە کوردستان، لە هەرێمی کوردستان لەو هەوڵەین، لە ڕاستیشدا داوای پەیوەندیەکی باش لەسەر بنـەمای ڕێزگـرتن لەگـەڵ یـەکتر، لەگـەڵ خـەڵکی جمهوریـەی ئیسلامی دەکـەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لەسەر دانیشـتنی سـەرۆك فراکسـیۆنەکان لـە ڕابـردوو، کـە باسـی ئـەو مەوزووعـە کـرا، داوامان کرد سەر قونصولی کۆمـاری ئیسـلامی کـە هاتنـە پەرلـەمان، ئـەو بابەتـەمان بەڕاشـکاوانە لەگـەڵیان باس کرد، لە یادی وەفاتی ئیمام خومەینی، زۆر بە صەراحەت مەوزووعەکـەمان لەگـەڵیان بـاس کـرد، بـەڵام دیارە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چڕتر و زیاتر دەبێت، زەرەر و زیـان بـە خـەڵکی ناوچـەکە زۆرتـر دەکـەوێ، دەبێتـە سەبەبێکی ئەوەی کە خـەڵکی هـەرێمی کوردسـتان و جمهوریـەی ئیسلامی لـە یـەك بترازێـن، لەیـەك دڵیـان بڕەنجێ، ڕاستە ئەوان، کۆماری ئیسلامی ئێرانن، ئێمە لە جمهوریەی عێراقین، بەڵام ئەو حاڵەتـە، بـۆ ئێمـە یەك: جێگەی سەرسووڕمانە، دووش: ناکرێت ئیسلامێك بە ناوی ئیسلامەوە لەودیو سنوور بـێ، ئیسـلامێك برایەکی ئیسلامی، خوشکێکی ئیسلامی لەم دیـو سـنوور تـۆپ بـاران بکـات و بکوژێـت، کـەی ئـەوە ئیسـلامی حەقیقیە؟ ئەو سـنوورەش خـۆی نەیکێشـاوە، ئێمـەش نەمانکێشـاوە، وەخـتی خـۆی ئینگلیـز ئـەو سـنوورەی داناوە، ئەو سنوورەی کە لەو بەینە دانراوە، بەریتانیا دایناوە، نوێنەرەکانیان کێشاویانە، ئێستا موسوڵمانێك لەودیو سنوورە، یەکێك لەودیوە، کەس و کاریشیان تێکەڵن، وەڵا تۆپ بارانت دەکـەم، دەتکـوژم بـە بەهانـەی

جۆراوجۆر، بۆیه ئێمه له زۆر موناسەبات ئاشكرامان كردووه، داوامان كرد له بەرپرسانی كۆماری ئیسلامی به خۆدا بچنەوه، دڵی خەڵكی كوردستان نەڕەنجێنن، بەوه ئەوانیش زەرەر دەكەن، ئێمەش زەرەر دەكەین، توند و تیژی چارەسەری كێشەكان ناكات، بەرپرسانی كۆماری ئیسلامی ئێران كه له قەیرانێكن لەگەڵ ئەمریكا و غەرب، دەڵێن به تەهدید و به زۆر هیچ شتێك چارەسەر ناكرێت، به دیالۆگ چارەسەر دەكرێت، باشه به دیالۆگ چارەسەر دەكرێت، بۆچی لەگەڵ خەڵكێكی بێ چەكی ئاشتیخوازی، دیموكراتی خوازی مەنتیقه، كه جیرانته لەگەڵ ئەو به دیالۆگ چارەسەری ناكەی؟ مەعنای چیه ئەوه؟ مەنتیقەكه به داخەوه وەك ساواری خێری لێهاتووه ، هەر كەسێ هەڵدەستێ و دەیكوتێ، بۆیه ئێمه ئەو جەلسەیەمان داوا كرد، سوپاسی یەكه یەكەی ئێوەی بەڕێز دەكەین كه ئەوڕۆ لێرەن، ئەو بەڕێزانەش كه ئەوڕۆ لێره نین سەبەبی خۆیان هەیه، ئێمەیان ئاگادار كردەوه، ڕێزمان بۆ ئەوانیش هەیه، ئەوانیش هاو هەڵوێستی ئێوەی بەڕێزن، بۆیه ئێمه لەو موناسەبەیە ویستمان گوێ له یەكه یەكەی ئێوەی بەڕێز بگرین، له گشت فراكسیۆنەكان، هەر لەو موناسەبەیه داوا له سەرۆك كۆماری عێراق دەكەین، بەڕێز مام جەلال، داوا له سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەكەین، داوا له وەزیری خارجیەی عێراق دەكەین، دەنگمان دەبەین بۆ تەحالوف كه ئەوڕۆ عێراق هێشتا له بن بەندی (7)ە بۆ (أمم المتحدة)، بۆ هەموو سەرۆك پەرلەمان و ئاشتیخوازەكانی دونیا، كه حەرەكەتێك بكرێ بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ئەو تەعەدایه، بۆ ئەو زوڵمە، بۆ ئەو كارەی كه خەڵكێكی بێ گوناح خەریكی ئیشی ڕۆژانەی خۆیەتی، شەهید دەبێت، بریندار دەبێت، بۆیه ئێستا ئەو بەڕێزانەی كه چوونەته مەنتیقه، مەنتیقەیان بەسەر كردۆتەوه، كه له گشت فراكسیۆنەكان چوونه، لێژنەی ناوخۆ، كه به ئەركی پیرۆزی خۆیان هەڵساون، ڕاپۆرتی خۆیان هەیه، داوا دەكەین دەست بكەن به خوێندنەوەی ڕاپۆرتەكانتان، پاشانیش ڕاو بۆچوونی لێژنەی ناوخۆ، پاشانیش یەكه یەكەی ئێوەی بەڕێز، ئەو بەڕێزانەی بیانەوێ قسه بكەن لەو بارەوه، مەجالیان پێ دەدەین، زۆر سوپاس، كەرەمكه.

**بەڕێز حسن محمد سوره:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتەكه له (2010/5/23) له لایەن لێژنەی تەندروستییەوه پێشكەش به سەرۆكایەتی پەرلەمان كراوه،

**بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان**

**بابەت/ ڕاپۆرت**

له ڕۆژی پێنج شەممه ڕێككەوتی (2010/5/20) سەرۆكی لێژنه د. حسن محمد سوره، سەردانی دەڤەری پشدەری كرد، بۆ مەبەستی ئاگاداربوون له نزیكەوه له تۆپ بارانی ئێران بۆ سنوورەكه، بناری قەندیل و ناودەشت، دوای بینینی چەند بەرپرس و خەڵكی ئاوارەی، ئەو ڕاپۆرته بۆ بەڕێزتان بەرز دەكەینەوه بۆ ئاگاداریتان.

1-ماوەی بیست ڕۆژە تا ئەو کاتەش، واتا تا(20)ی مانگ ناوچەکە تۆپ باران دەکرێت لەلایەن تۆپخانەکانی ئێران، ئەو جارەیان جیاواز لە جاران، ناو گوندەکان، شوێنە قەلەبالغ و مەدەنیەکان تۆپ باران دەکرێت.

2-زیانێکی زۆر ماددی لە خەڵك کەوتووە لە کوژرانی مەڕو ماڵات و ڕووخانی خانوو، تێکدانی باخ و کار و کەسابەتیان.

3-ترس و دڵەڕاوکێی زۆر لە ناو خەڵکی گوندەکان دروست بووە کە تا ئەو کاتە گوندەکانی زێوکە، سەرخان، ئالی ڕەش، بەستە، مارەدوو، شناوە، ئەرکە، سپێگڵە، ڕەزگە، سوورەگڵە، بە تەواوەی چۆڵ بووە، خەڵکەکانی کە ژمارەیان زیاتر لە (200) خێزانە ئاوارە بوون و لە دەشتەکانی گۆزار و پردی حەسۆ بێ بوونی هیچ کەرەستەی پێداویستی ژیان، لەبەر هەتاو و با و ناخۆشی دەژین، بەڕاستی کارەساتێکی ئینسانی گەورەیە، بۆیە پێشنیار دەکەم:

أ-لێژنەیەکی پەرلەمانی بنێردرێت بۆ سنوورەکە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە.

ب-ئاگاداری حکومەت بکرێت پەلە لە هاوکاری ئاوارەکان بکەن.

ج-ئاگاداری ڕێکخراوە خێرخوازییەکان بکرێت بۆ هاوکاری کردنی ئاوارەکان.

د-ئاگاداری لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت کە ئیش بکەن لەسەر ڕاگرتنی تۆپ بارانەکە و گەڕانەوەی خەڵکەکە بۆ شوێنی خۆیان.

تەنها سێ ڕوونکردنەوە لەسەر ڕاپۆرتەکە، تەبعەن ڕۆژێك دوای ئەو ڕاپۆرتە خاچی سووری نێودەوڵەتی چوو بۆ سنوورەکە، هەندێك هاوکاری پێویستی بۆ کردوونە، تۆپ بارانی ناوچەکەش تا ئێستا بەردەوامە، ڕۆژی پێنج شەممە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی حاجی ئۆمەران، بە قوڵایی (2) کیلۆمەتر سنووری بەزاندووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ ڕاپۆرتی دووەم، کەرەمکە کاك عمر نورەدینی.

**بەڕێز عمر محمد أمین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەقی ڕاپۆرتی شاندی ئێمە بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ سەردانی ئاوارەکانی بناری قەندیل لە پشدەر کە بە هۆی تۆپ بارانی هێزە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ئاوارە ببوون**

ڕۆژی سێ شەممە ڕێککەوتی (2010/5/25) شاندێکی پەرلەمانتارانی کوردستان کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان: صباح بیت الله، عبدالله مام علی، قادر حسن، عمر نورەدینی، سەردانی دەڤەری پشدەریان کرد بە مەبەستی بە دواداچوونی ڕەوشی ژیان و گوزەرانی ئاوارەکانی گوندەکانی بناری قەندیل، کە بە هۆی تۆپ

**بارانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاوارەبوون، لەو بارەوە بیر و بۆچوون و زانیاری و سەرنج و پێشنیارەکان بەو شێوەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:**

**1- زانیاری پێویست: شاندی پەرلەمانی کوردستان دوای سەردانی بۆ بارەگای قایمقامیەتی شاری قەڵادزێ، پاشان سەردانی چادرگەکانی ئاوارەکانی کرد لە بناری قەندیل، لەگەڵ ئەنجومەن و نوێنەری خێزانە ئاوارەکان دانیشتن و گفتوگۆی ئەنجام دا، لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیە دەرکەوت کە:**

**1- خێزانە ئاوارەکانی چادرگەی گۆجار ژمارەیان (65) خێزانە کە لە گوندەکانی زێوکە، سەرخان، ئاڵی ڕەش، کونە مار ئاوارە بوون، کۆی ژمارەی کەسانی ئاوارەبوو بریتی یە لە (287) کەس.**

**2- خێزانە ئاوارەکانی چادرگەی پردی شەهید حەسۆ میرخان کە بە کۆن و تازەوە ژمارەیان (83) خێزانە، لە گوندەکانی بەستێ، مارەدوو، سوورەگڵە، شناوە، ئەرکە، ڕەزگە، تووتمە، ئاوارەببون و کۆی ژمارەی کەسانی ئاوارەبوو بریتی یە لە (341) کەس.**

**بێگومان دوای سەردانەکەی ئێمە لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردووشدا چادرگەیەکی تر دروست بووە بۆ ئاوارەبوون کە ئەوانیش خێزانە ئاوارەکانی چادرگەی خوارانە لە دۆڵی سێوەیس کە ژمارەیان (28)ماڵە، لە گوندەکانی قەڵاتووکان، وەرتە، ئەبو بەکرە، کە ژمارەی کەسانی ئاوارەبووش ئێستا لەو چادرگەیە بریتی یە لە (131) کەس، بە هۆی تۆپ بارانەکەوە، تۆپ بارانی ئەو دواییە شەهیدێك و برینداریێك هەیە، بەو ناوانە، شەهیدەکە بریتی یە لە: سۆزان جەبار غەففور (تەمەن 15 ساڵ)، برینداره‌کەش ئافرەتێکە بە ناوی (گوڵ عبداللە رسول) کە ژنی ماڵەوەیە، تا ئێستاش لە ژێر چارەسەری دایە، سەبارەت بە هۆکاری ئاوارە بوونەکە، وەکو بۆمان دەرکەوت بریتی یە لە تۆپ باران کردنی ناوچەکە و گوندەکانی بناری قەندیل بە پاساوی بوونی بارەگاکانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان و پەکەکە لە سنوورەکە، بەڵام وەك دانیشتووەکانی ئاوارەبوو بۆ ئێمەیان باس کرد، خۆشمان سەردانی ناوچەکەمان کرد و گوندەکانمان بەسەر کردەوە، دەرکەوت ئەو شوێنانەی کە بۆمب باران کراون، تۆپ باران کراون، هەموویان گوندی مەدەنین و هیچ بارەگایەکی سەربازی لەو ناوچەیە نیە، هەروەها تۆپ بارانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئەو گوندانە لەو کاتانە دەست پێ دەکات کە وەرزی چنینەوەی بەروبووم و دروێنە و ڕەنێوهێنانی دەغڵ و دان و چاندنی کشتوکاڵی هاوینەیە، بەوەش زیانی ماددی گەورە بەر بەروبوومەکانیان کەوتووە و دەکەوێت، لەو هەڵمەتی تۆپ بارانەی چۆڵکردنی گوندەکانیانەوە، گوندنشینان زیانی ماددی زۆریان پێگەیشتووە، چونکە ڕەز و باخ و دەغڵ و دان و دێبەر و کشتوکاڵیان جێهێشتووە، هەروەها مەڕ و ماڵاتیشیان پەرتەوازە بووە، ئیش و کار و کاسبی ڕۆژانەشیان وەستاوە، لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا بەهۆی تۆپ بارانی ناوەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر گوندەکانی بناری قەندیل لە سنووری قەزای پشدەر، بەسەر یەکەوە نزیکەی شەش سەد خێزانی گوندنشین ئاوارە بوون، ناچار بوون کە گوندەکانیان چۆڵ بکەن و یان لە چادرگەدا دەژین، یان لە شار و شارۆچکە و کۆمەڵگاکان دابەش بوون و لەوێ گیرسانەوە، لەو چادرگانەدا ژیانی سەخت و دژوارە، خەڵکەکە بێکار و دەست بەتاڵن، خزمەتگوزارییەکانی وەك ئاوی خاوێنی**

خواردنـەوە، خزمـەتگوزاریی تەندروسـتی و قوتابخانـەیان نیـە، بـەردەوامی ڕەوشـەکە بـەو شـێوەیە خەڵکـە ئاوارەبووەکە ڕووبەڕووی نەخۆشی و هەژاری و کارەساتی مرۆیی دەکاتەوە.

2-ئەوەی تا ئێستا بۆیان کراوە، ئەوەی تا ئێستا بۆ ئاوارەکانی مانگی (5)ی ئەوساڵ و سەرەتای مانگی (6)ی ئەوساڵ کراوە، وەك ئاوارەکان خۆیان و قایمقامی قەزای پشدەر ئاماژەیان پێدا، بـریتی یـە لـە دابـین کردنـی چـادر، گەیانـدنی هەنـدێ کـەل و پـەلی ناومـاڵ، دابـین کردنـی ئـاو بـە شـێوەیەکی سـەرەتایی لەلایـەن ڕێکخراوەکـانی خاچـی سووری نێودەوڵـەتی، مـانگی سووری عێراقـی، ڕێکخـراوی نێودەوڵـەتی کۆچـبەران، هـەروەها کۆمـەکی سـەرەتایی پارێزگـای سـلێمانی و قایمقـامی پشـدەر، هـەروەها بایەخـدان بـە لایـەنی تەندروستیان لەلایەن نەخۆشـخانەی قـەڵادزێ و مەڵبەنـدی تەندروسـتی سونێ، هـەروەها دوێـنێ شـاندێکی پارێزگای سلێمانی سەردانی چادرگەی گۆجەریان کـردووە، دیـاری حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانیان بەسـەر دابەش کردوون، کە بۆ هەر ماڵێك بریتی یە لە ملیۆنێك دینار، ئـەو هەنگاوانـە کـاری بـاش بـوون و مایـەی دەستخۆشانەن، بەڵام گرفت و کێشەی ئەو گوندنشینانە ئاوارانە لـەوە گـەورەترە، پێویسـتیان بـە کۆمـەك و لالێکردنەوەی جددی تر و ئاوڕدانەوەی خێراتر هەیە، خاڵی سێیەم: بەڕای لێژنەی ئێمە چی بکرێت باشە؟ دوای سەردانی گوند نشینە ئاوارەبووەکان و گفتوگۆ لەگەڵیان و گوێگرتن لە داخوازییەکان، هـەروەها پـرس و ڕاوێـژ لەگـەڵ قایمقـامی قـەزای پشـدەر بـۆ هەوڵـدان بـۆ چارەسـەرکردنی گـرفتی ئـەو ئاوارانـە، پێشـنیار دەکەین:

1-پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەم ڕاستەوخۆ لە ڕێگای قونسوڵخانەی ئێران لە کوردستانەوە، هەم لە ڕێگای حکومەتی عێراق و سەفارەتی ئێران لە بەغـدا، لـە هەوڵـە دیبلۆماسـییەکانیان بـەردەوام بـن، پەرلـــەمانی کوردســـتان یاداشـــتنامەیەك بداتـــە (UN) و ســـەفارەتی ئـــەمریکا و بـــاقی دام و دەزگـــا پەیوەندیـدارەکان، بـە مەبەسـتی ڕاگـرتن و دوایـی هێنـان بـە تـۆپ بـارانکردنی ئـەو گوندانـە لەسـەر هێڵـی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران، داوا لە حکومەتی بەغدا و وەزارەتـی دەرەوەی عێراق بکرێت سەرکۆنەی ئەو پێشێلکارییەی سەروەری عێراق بکەن، بە ڕەسمـی و خێـرا داوای وەسـتاندنی تۆپ بارانەکە بکەن.

2-پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خێرایی بەو هەنگاوەی خوارەوە هەڵبستێت:

1-لــە ڕێگــای وەزارەتـــی تەندروســـتی و بەڕێوەبەرایـــەتی گشـــتی تەندروســـتی ســـلێمانی و دام و دەزگـــا تەندروسـتیەکانی سـنوورەکە، بنکـەی تەندروسـتی خێـرا بـۆ ئـەو ئاوارانـە لـە چـادرگاکان دابمـەزرێنێ، بـە مەبەستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆیان.

هەروەها لە ڕێگای وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە خێرایی ئاوی خواردنەوەی پاکیـان بـە ڕێگـای دانـانی تـانکی گـەورە و لولـە کێشـی سـەرەتایی بـۆ دابنرێـت و بـاقی خزمـەتگوزارە سـەرەتاییە مەدەنیەکانی تریان بۆ دابین بکرێت، خەڵکە ئاوارەبووەکە زیانی ماددیان پێ گەیشـتووە و لـە کـار و کاسـبی بوون، هەر لە ئەساسیشدا هەژار و کەمدەرامەتن، بۆیە پێویستیان بە کۆمەکی ماددی هەیـە، بۆیـە پێشـنیار

دەکـەین لـە ڕێگـای لێژنەیـەکی تایبەتـەوە، پـاش ئامـادەکردنی ئامـاری ورد و ڕاسـتەقینە کۆمـەکی مـاددی پێشکەش بە خێزانە ئاوارەبووەکان بکرێت، هەندێ خێزانی ئاوارەبوو زیانی ماددی تایبەتیان پێگەیشتووە، پێویستیان بەوە هەیە کە قەرەبوو بکرێنـەوە، بـۆ نموونـە، خێـزان هەیـە (30) سـەر مـەڕی بـە هـۆی تـۆپ بارانەوە لە ناوچووە، هەیە (20) سەر مەڕ و بزنی لەناوچووە، هەیە مەڕ و مـاڵاتی تـری لـەناو چـووە، لـەم ڕووەشەوە داتای پێویست لەلای ئێمە هەیە، هەروەها داواکارین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لێژنەیەك پێکبهێنێت بە مەبەستی بەسەرکردنەوە و دابینکردنی خزمـەتگوزاری و پێشکەشـکردنی کۆمـەکی مـاددی و هەروەها قەربووکردنەوەی ئەو خێزانە ئاوارەبووانەی کە زیانی ماددیان بەرکەوتووە،

لەگەڵ ڕێزماندا

- صباح بیت الله - عبدالله مام عەلی - قادر حسن - عومەر نورەدینی

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەرەم بکە فەرمووو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە دەقی ڕاپۆرتی شاندەکەمانە بۆ سەردانمان بۆ سنووری ناوچەی چۆمان و حاجی ئۆمەران.

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان**

**بابەت/سەردانی ناوچە بوردومانکراوەکان لەلایەن سوپای کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە سنووری ناوچەی چۆمان و حاجی ئۆمەران**

لەسـەر ڕاسـپاردەی بـەڕێزتان و بـە مەبەسـتی لـە نزیکـەوە ئاگـاداربوون لـە ڕەوشـی ئـەو خەڵکانـەی کـە کەوتوونەتە بەر تۆپبارانی سوپای کۆماری ئیسلامی ئێـران و گونـد و جێگاکانیـان جێهێشـتووە و لەهـەل و مـەرجێکی ناهـەمواردا ژیـان دەبەنـە سـەر، لـە درێـژەی ئـەم سـەردانەماندا ڕۆژی سێشـەممە ڕێکـەوتی 2010/6/1 سەردانی قەزای چۆمانمان کرد، لەگەڵ بـەڕێز قایمقـامی قـەزای چـۆمان ڕەوشـی ناوچـەکەمان تاوتۆ کرد و پاشان بۆ لە نزیکەوە بینینی خەڵکی ئاوارە، سەردانی ئـەو شـوێنانەمان کـرد کـە کەوتووبوونـە بەر شاڵاوی تۆپبارانی سوپای ئێران بەتایبەتی سنووری ناحیەی حاجی ئۆمەران و ئاوارەکانی گوندی لوێژێ و دەوروبەری، بەهاوڕێیەتی قایمقامی چۆمان و بەڕێوەبەری ناحیـەی حـاجی ئۆمـەران و ئەفسـەری بنکـەی پۆلیسی حاجی ئۆمەران گوێمان گرت لە گرفت و نەهامەتیەکانی خەڵك و ئاستی ئەو زەرە و زیانەی گیـانی و ماددیەی کە بەریان کەوتووە و هەڵوێستی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان پێ ڕاگەیاندن کە زۆر بە پەرۆشە بـۆ وەزعی ئەمان هەموو هەوڵێك دەدا بۆ هاوکاری کردنیان و کەم کردنـەوەی ئـێش و ئازارەکانیـان و هـەروەها ئاماژەمان بە هەوڵە بەردەوامەکان و هەمە لایەنەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان دا بـۆ ڕاگـرتنی تۆپبارانـەکان، شـایەنی باسـە لیستێکیشـمان لـە ناوەکـانی خـەڵکی ئـاوارەی سـنووری حـاجی ئۆمـەران لەبەڕێوەبەرایـەتی

ناحیەکە وەرگرتووە بە مەبەستی هاوکاری کردنیان، هەروەها خاچی سووری عیراقیش لە سنووری قەزای چۆمان هەندێك هاوکاری سەرەتایی بەسەر ئاوارەکانی گوندی لوێزی و دەوروبەری دابەش کرد کە بریتی بوو لە هەر ماڵ و فەردە برنجێك 50 کیلۆیی و هەندێك دانوێڵەی تر، ئەوەی زیاتر لە هەر شتێکی تر جێگای بایەخ و داکۆکی کردنی خەڵکەکە بوو، ئەوە بوو کە هەوڵ بدرێت تۆپبارانەکە رابگیرێت، چونکە تەنها ئەوە چارەسەری بنەڕەتیە، ئێمەش لای خۆمانەوە ئەم پێشنیارانە دەخەینە ڕوو، پێشنیاردەکەین هەموو هەوڵێکی دیبلوماسی لەگەڵ ئێران و وڵاتانی عەرەب و ئیسلامی و نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو مرۆڤ دۆستان بخرێتە گڕ بۆ ناچارکردنی ئێران بە مەبەستی کۆتایی هێنان بەم هەڵوێستە نەرینیەی، دوو، پێمان باشە هاوکاری خەڵکەکە بکرێت لە هەموو روویەکەوە، سێ، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و عیراقی فیدراڵ و کۆماری ئیسلامی ئێران قەرەبووی ئەم خەڵکە زیان بەرکەوتووانە بکەنەوە، پاش کۆتایی هاتنی تۆپبارانەکان و کشانەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە خاکی هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ڕێزمان

شاندی پەرلەمانی کوردستان کە بریتی بوون لە :

- صباح بیت الله

- قادر حسن قادر

فراکسیۆنی کوردستانی/لێژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کەرەمکە.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/راپۆرتی سەردان**

لە بەرواری2010/6/1 وەفدێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان: ڤیان عبدالرحیم، عظیمة نجم الدین، سیوەیل عوسمان، جەعفەر عەلی، سەردانی ئاوارەکانی سنووری پشدەرمان کرد لە گوندەکانی ئامیەرەش، سەرخازێ، ورتە، کە لەدەرەوەی گوندەکانیان نیشتەجێن لە ناحیەی ژاراوە، هەروەها لە بەرواری 6/4/ بەڕێز ڤیان عبدالرحیم پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان سەردانی ئاوارەکانی گوندەکانی قەلاتوکان، ابوبەکرە و ورتەی کرد لە سنووری ناحیەی سەنگەسەر بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە رەوشی ژیان و گوزەرانیان، لەبەر ڕۆشنایی سەردانەکانمان پوختەی دۆخی ناوچەکە و ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی و کێشە و پێداویستیەکانیان دەخەینە بەر دەستتان، وێڕای خستنەڕووی سەرنج و پێشنیارەکانمان سەبارەت بە ئەرکی پەرلەمان و حکومەت، سەبارەت بەم دۆخەوە،

یەکەم/ ئێمە پێمان وایە دەوڵەتی ئێران کە دەوڵەتێکی دراوسێ و سنوورێکی جوگرافی دوور و درێژ و پەیوەندیەکی مێژوویی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی توند و پتەوی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە بە پێویستی دەزانین ڕێز لەو سنوورە هاوبەشە و ئەو پەیوەندیە مرۆیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیە بگرێت، بۆ ئەوەی کە بە هیچ جۆرێك و بە هیچ پاساوێك ڕێگە بە هێزە سەربازیەکانی نەدات سنووری هەرێمی کوردستان ببەزێنێت و تۆپبارانی خەڵکی ناوچە سنووریەکان و گوندەکانیان بکات، لەکاتێك دا دەتوانێت بە بێ پەلامار دانی خاکی هەرێمی کوردستان کە بەزاندنی هەموو یاسایەکی نێودەوڵەتیە، سنوورەکانی خۆی قایم ڕابگرێت و بیپارێزێت، دووەم/ دوای سەردانی مەیدانیمان بۆ گوندەکانی ئالی ڕەش و سەرخان و زێوکە، ڕەوشی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ناوچەکەمان لە دۆخێکی نالەبار و ناتەندروست دا بینی، چونکە سەرەتایی ترین پێداویستیەکانی ژیانیان بۆ دابین نەکرابوو وەك ئاوی خواردنەوەو بنکەی تەندروستی و پێداویستی تر، سێیەم/ لەسەردانەکەماندا بۆمان دەرکەوت وەك خەڵکی گوندەکان خۆشیان بۆیان باس کردین کە بە هۆی هێرشەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە زیانێکی ئابووری زۆر بەژێرخانی ئابووری و خەڵکی سنوورەکە و هەرێمی کوردستانیش کەوتووە، چونکە بەو هۆیەوە وێڕای سووتانی ڕەزو باخ و زیانێکی زۆریش بەر ئەو ڕووبەرە زەویانە کەوتووە کە بە گەنم و جۆ داچێندراون و بە تایبەتی کە ئێستا وەرزی دروێنەیە و هەڵگرتنەوەی بەرهەمی دانەوێڵەیە، سەرباری تێکدانی تۆڕی ئاوی خواردنەوەو سووتانی چەندین خانوو زۆر زیانی دیکەش، لەم بارەیەوە خەڵکانی ئەو گوندانە داوا دەکەن کە بە زەمانەت بگەڕێندرێنەوە شوێنی گوندەکانی خۆیان و یان شوێنێکی تایبەتیان بۆ دروست بکرێت بۆ بەسەر بردنی ژیانیان، دوای سەردانمان بۆ لای بەڕێزان وەزیری دارایی و جێگرەکەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هاوکاری کردنی ئەو خەڵکانەی کە بە هۆی تۆپبارانەوە ئاوارە بوون، پێی ڕاگەیاندین کە بەڵێ پارەمان بۆ حاڵەتی لەم جۆرە هەیە لە ئیحتیاتی وەزارەتی دارایی دا، بەڵام پێویستە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە فەرمانمان پێ بکرێت بۆ خەرج کردنی، بۆیە دواتر بۆ هەمان مەبەست سەردانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانمان کردو داوامان لێی کرد کە نووسراوێك ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکات، بۆ مەبەستی ئاماژە پێکراو، بەڕێزیشیان بە زووترین کات ئەو نووسراوە بکات، پێنجەم/ لە کاتی سەردانەکەمانداو دوای ئەوەی گوێبیستی خەڵکەکە بووین، گلەییەکی زۆریان لە حکومەت و دەزگا ئیداریەکانی سنوورەکە هەبوو بەوەی کە نزیکەی 15 ڕۆژ بوو ئاوارە بوو بوون و سەرتایی ترین پێداویستیان بۆ نەناردبوون، ئەو هاوکاریانەش کە بە دەستیان گەیشت بوو لەلایەن ڕێکخراوی ناحکومی و خێرخوازیەوە بوو، جگە لە ڕێکخراوی تەندروستی کوردستان، شەشەم/ پێویستە لە بارودۆخێکی لەم جۆرە دا سەرۆکی حکومەت و وەزارەتە پەیوەندارەکان بە زووترین کات سەردانی مەیدانی ناوچەکانیان بکردایە و لە نیزکەوە ڕەوشی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەیان دیراسە بکردبایە، پێمان وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم تەرخەم بووە لە بەدەنگەوە چوونی خەڵکەکەو دەبووایە بەشداری لە کۆنگرەی حیزبەکەی ڕابگرتایە و ژیانی خەڵکی کوردستانی لەلا گرنگتر بووایە و هەوڵی دا با لەڕێی کەناڵە جیاجیاکانی سیاسی

و دبلۆماسیەوە فشاری زیاتر بخرێتە سەر حکومەتی عیراقی فیدراڵ و کۆماری ئیسلامی ئێران بە مەبەستی ئارام کردنەوەی دۆخی ناوچەکە، حەوتەم/ حکومەتی عیراقی کە کێشەی بیرە نەوتەکانی فەککەی لەگەڵ ئێران بۆ دروست بوو هەموو دنیای هێنایەسەر خەت لەڕێگەی چارەسەری سیاسیەوە، بەڵام بۆ مەسەلەی ئەم دۆخەی ئێستا بێ دەنگی هەڵبژاردووە، بەڕێزان/جعفر علی رسول، ڤیان عبدالرحیم، عظیمة نجم الدین، سیوەیل عثمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان وتارت هەبوو کەرەمکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان ـ عیراق**

**بابەت/ سەردان**

بە مەبەستی بەسەر کردنەوەی ئەو ناوچە سنووریانەی کە ماوەیەکە کۆماری ئیسلامی ئێران تۆپبارانیان دەکات، ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی 2010/6/5 سەردانی گوندی وێزەم کرد لە ناوچەی باڵەکایەتی کە ڕۆژی یەك شەممە 2010/5/30 بەهۆی تۆپبارانی گوندەکە کچێکی تەمەن 17 ساڵ بەناوی (بەسۆز جبار اغا) شەهید بووە و ژنێکی تریش بریندار بووە، لەگەڵ خەڵکی گوندەکە دانیشتم کە بەڕاستی ترس و دڵەڕاوکێ بە دەم و چاویانەوە دیار بوو و باسیان لەوە کرد کە لەو ڕۆژەوە زۆر بە ترسەوە لەناو گوندەکە هاتوچۆ دەکەن و بەبەردەوامی هێزە سەربازیەکانی ئێران دەوربەریان تۆپباران دەکەن، بگرە بە دۆشکە تەقەیان لێ دەکەن، گەنجێکی ئەو گوندە بەناوی (هاوبەش عەولا حمد) گوتی ناتوانین بچین ئاو بخەینە سەر زەویە کشتوکاڵیەکان، چونکە ئاوەکو لە نزیك ئەو ڕەبیە سەربازیانەیە کە چەند ڕۆژێکە دروستیان کردووە و تەقەمان لێ دەکەن، بە پێی قسەی شوانێکی گوندەکە وتی دوو ڕۆژە هێزێکی سەربازی زۆریان هێناوەتە ئەم ناوچەیە، هەروەها هاووڵاتی (عمر رسول اسماعیل) دانیشتووی گوندەکە گوتی ئێمە تەنها بە هاوینان دێینە ئەو گوندە، چونکە موڵکمان هەیە لەو گوندە و کشتوکاڵی لەسەر دەکەین، بە زستان بۆ ئێمە زۆر سەختە لێرە بژین، چونکە بە بەردەوامی بەفر دەبارێت، بۆیە داواتان لێ دەکەین کە چارەسەرێك بۆ وەزعی ئێمە بدۆزنەوە ئەو تۆپبارانانە ڕابگیردرێت دەنا دەبێت گوندەکانمان چۆڵ بکەین و واز لە زەویە کشتوکاڵیەکانمان بهێنین، بۆیە ئێمە دانیشتوانی گوندەکە لە ڕێگەی بەڕێزتەوە ئەم داواکاریانە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز دەکەین بۆ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاومان بۆ بدۆزنەوە، شایانی باسە ئەو کاتەی کە ئێمە لە گوندەکە بووین دەوروبەری گوندەکە تۆپباران دەکرا و فرۆکەش بە ئاسمانی ئەو ناوچەیە دەسوڕایەوە، بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، هاوپێچ / دەقی داواکاری خەڵکی گوندەکە بە ئیمزای 11 کەسی دانیشتووی ئەم گوندە، ئاراستەی بەڕێزتانی دەکەم، هیوادارم چارەسەرێکی بە پەلە بکرێت بۆ ئەو تۆپبارانانە و داواکاریەکانی تریشیان بۆ جێ بەجێ بکرێت، هەروەکو زانیاری

خەڵکی گوندەکە گوتیان ئێمە کەسمان لەو ناوچەیە نەدیوە، نە چەکدارانی پژاك و نـە پەکەکـە، کـە ئێـران بـەو بیـانووە ئێـرە تۆپبـاران دەکـات، زۆر سـوپاس، هـاژە سـلێمان مصـطفی، لیسـتی ئـازادی و عەدالـەتی کۆمەڵایەتی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ گشت ئەو بەڕێزانـەی کـە سـەردانی مەنتیقەکـەیان کـردووە، ئـەوە ڕاپۆرتـەکانیان پێشکەش کرد، ئێستاش ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێییەکان، کەرەمکە کاك کاروان.

**بەڕێز کاروان صالح احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکەمان لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجێیەتی لـە کۆبوونـەوەی هەفتانـەی خۆیـدا لەسـەر پرسی تۆپباران کردنـی کوێسـتانەکانی کوردسـتان ئـەم پێشـنیارانەی خـوارەوە دەخەینـە ڕوو بـۆ بـەرێزتان، سەبارەت بە تۆپباران کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران.

یەکـەم/ بـۆ زیـاتر فشـار خسـتنە سـەر کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بـە مەبەسـتی ڕاگرتنـی تۆپبـارانی گونـد و کوێستانە سنووریەکان سـەرۆکایەتی پەرلـەمان سـەرۆکایەتی حکومـەت ئاگـادار بکـات کـە کونسـوڵی کۆمـاری ئیسلامی ئێران بە فەرمی بانگهێشت بکات و بە توندی ناڕەزایی پێ ڕابگەیەنێ.

دووەم/ حکومەتی عیراقـی فیـدڕاڵ ئاگـادار بکرێتـەوە کـە بـە ئـەرك و بەرپرسـیاریەتی خـۆی هەڵبسـتێت و هەڵوێستی پێویست نیشان بدات بەرامبەر دەست درێژیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا کە بـۆ سـەر هەرێمی کوردستان کە پێشێلکردنی سەروەری دەوڵەتی عیراقی فیدڕاڵە.

سێیەم/سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگادار بکرێتەوە کە بە پەلە تیمـی کۆمـەك و هاوکـاری دروست بکرێت بە مەبەستی بەهانا چـوونی ئـەو خەڵکانـەی لـە ئـەنجامی تۆپبـاران ئـاوارە بـوون و زیانیـان بەرکەوتووە.

چوارەم/ هەروەکو چۆن تاوەکو ئێستاش عـیراق لـەژێر بەنـدی حـەوتی ئەنجومـەنی ئاسایشـی نێودەوڵەتیـە، لەبەرئـەوە داوا لـە هێـزە هاوپەیمانـەکان بکرێـت کـە سـنوورەکانمان بپارێزێـت، چـونکە تـاوەکو ئێسـتاش پاراستنی زەوی و ئاسمان و دەریای عیراق ئەوان لێی بەرپرسن.

پێنجەم/ پێش داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێـت بـە هانـای زیـان بەرکـەوتووەکان بـێن و ئـەرکی مـرۆڤ دۆستانەی خۆیان بگەیەنن.

شەشەم/ هەڵوێستی حکومەتی عیراقی فیدراڵ بەلاواز دەبینین و لەبەرامبـەر ئـەم دەسـتدرێژیانەی کۆمـاری ئیسلامی ئێران و تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستانی عیراق و خەڵکی سیڤیل و بێ تاوان.

حەوتەم/لە کاتی بەردەوام بوونی ئێران لەسەر ئەم تۆباران و سنوور بەزاندنی خاکی هەرێمی کوردستانی عیراق، داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بەم بارودۆخە ئەنجام بدرێ و بڕیاری پێویستی لەبارەوە بدات.

هەشتەم/ئەگەر ئەم تۆباران و سنوور بەزاندنەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عیراق بەردەوام بێت، زیان بەسەرجەم پەیوەندیەکانی نێوان دانیشتووانی عیراق و کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەیەنێت.

لێژنەی ناوەخۆی، ئاسایش و ئەنجومەنی خۆجەییەتی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان سوپاس بۆ لێژنەی ناوەخۆ و بۆ بەدواداچوونی راپۆرتەکەتان، ئێستاش لە بەڕێزێك بەناو (عبد الاله کاظم) لە بەسراوە، رەئیسی تەیاری (التضامن مع کوردستان في الجنوب) بروسکەیەکیان ناردووە، ئێستا رێزدار کاك فورسەت ئەیخوێنێتەوە بە عەرەبیە، فەرموو کەرەم بکە.

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**تيار التضامن مع كوردستان في الخنوب**

**الى /كوردستان**

**موضوع/تضامن**

**العدد :بلا**

**التأريخ:**2010/6/8

من تجمع التضامن مع كوردستان في الجنوب الى كوردستان الجريحة في شمالنا الحبيبة

تحية حب و تقدير و اجلال و اكرام لشعب كوردستان المحب للحياة و لممثلي شعب كوردستان السادة النواب الكرام و لحكومة كوردستان الحكيمة و بعد:

ننقل لفخامتكم مع هذه المشاعر الصادقة موقف اهلي الطيبين في البصرة من شيوخ و وجهاء و اساتذة و طلاب الرافض لما تتعرض له قرى كوردستان من قصف و عدوان متكرر من تركيا و ايران و ما يتعرض له المدنيين من اذى بسبب هذه الجرائم و الانتهاكات المستمرة لحقوق الانسان مما دفعنا مع تجمعنا للتعبير عن موقفنا لنصرة اهلنا في كوردستان وفق الخطوات التالية:

1-تنظيم مؤتمر عام خلال الايام القادمة و بتغطية اعلامية لاعلان تأسيس التيار و يضم مجموعة من المثقفين و الطلاب و الوجهاء و رجال الدين و المطالبة بوقف العدوان و سحب القوات المسلحة .

2-تنظيم حملة تبرع بالدم للجرحى في كوردستان نتيجة للعدوان التركي و الايراني المستمر على القرى و المدنيين.

**3-تنظيم وفد لزيارة الجرحي و الاطلاع على حقيقة ما يجري من اعتداءات و انتهاكات بحق المدنيين.**

**4-تنظيم الشباب الراغبين بالتطوع للدفاع عن كوردستان الحبيبة رغم علمنا بحكمة فخامتكم بتجاوز الازمة بالطرق السلمية.**

**5-تشجيع التواصل الثقافي و الاجتماعي و الاقتصادي بين تجمعنا في الجنوب و بين كوردستان الحبيبة لتجاوز سلبيات المرحلة الماضية.**

**راجين التفضل بقبول موقف هذا التيار البسيط و محاولة تجاوز الماضي بسلبياته و تشجيع روح المحبة و التعاون بين الجنوب و كوردستان.**

**عبدالاله كاظم**

**رئيس تيار التضامن مع كوردستان في الجنوب**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستاش دەرگا ئەکەینەوە بۆ ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێ قسە بکەن، کێ ئەیەوێت لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات دەستیان بەرز بکەن، فەرموون:**

**1-عبدالله حاجی مەحمود**

**2-فازڵ حسن**

**3-عومەر عبدالعزیز**

**4-احمد وەرتێ**

**5-یشار نجم الدین**

**6-عبدالقادر اکرام**

**7-ئارام قادر**

**8-امیر گوگە**

**9-سالم تۆما**

**10-هاژە سلێمان**

**11-دڵشاد شەهاب**

**12-د.بشیر خلیل**

**13-برهان رشید**

**14-د.شاهۆ سعید**

**15-پەیمان عزالدین**

**16-پێشەوا تەوفیق**

**17-زانا رؤوف**

**18-جەعفەر عەلی**

19-گوڵێزار اسماعیل

20-بەفرین حسین

21-بلال سلێمان

22-ژیان عومەر شریف

23-سمیرە عبداللە

24-شلێر محمد نجیب

25-شڤان احمد

26-سەرهەنگ فەرج

27-عدنان عثمان

28-عبداللە مەلا نوری

29-کاردۆ محمد

30-شێروان حەیدەری

31-نەریمان عبداللە

32-صباح بیت اللە

33-عبدالسلام برواری

34-د.رفیق صابر

35-د.صباح محمد نجیب

36-فازڵ بەشارەتی

37-عبدالرحمن حسین

38-شێرزاد حافظ

39-ئاشتی عزیز

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێزان، ئێستا بەڕێز عبداللە حاجی مەحموود فەرموو.

**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تۆپبارانانەی بۆ سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ئیدانە و ڕەت دەکەینەوە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ڕۆژانی رابووردودا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە وردی تیشکی خستە سەر ئەو مەسەلەیە و هەروەها نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو بارەیەوە رای حکومەتی راگەیاند، ئەو تۆپبارانکردنانە یەکەم جار نیە کە دانیشتووانی گوندی شارنشینی سەر سنوورەکان ئاوارە دەبن و زەرەری

**ماددی دەکەن، جگە لە شەهید و برینداربوونیان، بۆیە پێویستە بە جیددی بایەخ بدەن بە پرسە ستراتیجیەکان کە گرنگترینیان باری ئاسایشی هەرێم و سەقامگیربوونیەتی، بۆ بەدواداچوونی ڕوودانی ئەو ڕەوشە و چارەسەری بنەڕەتی و بەزاندنی تۆپبارانی سنوورەکانی عیراق لە هەرێمی کوردستانەوە کە باس لە کێشەی چەکداری سەر سنوورەکان دەکرێت، ئەو هەل و مەرجەی ئێستای هێنایە ئاراوە کە دەرکەوت خەڵکی بێ تاوانی کوردستان لەسەر سنوورەکان ئاوارە و زەرەرمەند دەبن، ئەوەی جێگای تیشک لەسەر خستنە ئەوەیە کە تا ئێستا ناوەندی دەسەڵاتی عیراق بە جیددی هیچ قسەیەکیان لەسەر ئەم بار گژییە نیە، لە کاتێکدا لە پارێزگای دیالە هاوشێوەی ئەم کردەوەیە روویدا بە پێچەوانەی ئێستاوە هەڵایەکی یەکجار گەورەی لێ کەوتەوە، ئەوەی دەبینین و دەیبستین هەوڵە دیبلوماسیەکان بەردەوامە لە سەرۆکایەتی هەرێم، لە ڕێگای حکومەتی هەرێم، لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان لە بەغداد و قونسوڵگەری و لە پایتەختی هەرێمی کوردستان و لە تارانی پایتەختی ئێران لە لایەن نوێنەری حکومەتەوە، بۆیە پێویستە پارێزگاری کردن لەو سنوورە دوور و درێژەی نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران بکرێت، هەوڵە دیبلوماسیەکان چڕتر بکرێتەوە، بە تایبەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەوڵدا بن بۆ ئەوە ڕێگای گفتوگۆکردن بەردەوام بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، دەبێ ئێمە و ئەوان تەئکید لە خاڵی هاوبەش بکەینەوە، کە لە بەرژەوەندی گشتی دایە، دەبێ هەمیشە تەئکید لەسەر ئەو قسانەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەینەوە، ماڵی خۆمان نەکەینە جێگای ململانێی سیاسی و تەسفیەی حیساب کە ئایندەمان روون نەبێت، پێشنیاری ئێمە سەبارەت بەو ڕەوشە ئاڵۆزەی سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە شاخی کۆدۆ و حاجی ئۆمەران و شێخ ئایشان و بەرد وناس تا سەرووی قەڵادزێ و زاخۆ:**

**1 - بە زووترین کات ئەو تۆپباران کردنانە رابگیرێت.**

**2 - ئەو کۆمەك و هاوکاریکردنانەی بۆ ئاوارەکان فراوانتر بکرێ و زیاتر گرنگی پێبدرێ.**

**3 - لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەو هێزانە پاشەکشی پێ بکرێ.**

**4 - دەزگا پەیوەندیدارەکان لێکۆڵینەوەی ورد ئەنجام بدەن بە مەبەستی چارەسەری هەمیشەیی بۆ ئەم کێشەیە و دووبارە نەبوونەوەی.**

**5 - حکومەتی عیراقی فیدراڵ دەبێ لەو رووداوانەدا قسەیان هەبێ، هەوڵە دیبلوماسیەکان زیاتر بخەنە گڕ.**

**لە کۆتاییدا لەگەڵ نیگەرانی تەواومان بۆ ئاوارە بوونی هاووڵاتیانی سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان خەمبار و دڵگرانین بە شەهیدانی بێ تاوانی ئەو تۆپبارانە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار کاك فازڵ فەرموو.**

**بەڕێز فاضل حسن اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو تۆپبارانە، دیارە ئێمە جارێکی تریش ئیدانەی ئەو تۆپبارانە دەکەین، هاوکاریمان بۆ کەس و کاری ئەو قوربانیە و زیان لێ کەوتووان، من پشتیوانی لە داواکاری لیژنەی ناوەخۆ دەکەم، جگە لەمەش، دیارە ئەم تۆپبارانانە جاری یەکەم نیە و کۆتاییش نابێت، بۆیە بۆ ئەوەی جارێکی تر گرنگە لە پەرلەمان ئەم جارە بە بڕیارێك دەربچێ کە ئەم بڕیارە حکومەت مولزەم بکات، ئەو داواکارییانەی کە ئێستا دەکرێت بە درەنگەوە، هەر زوو جێبەجێ بکرێت، سەبارەت بە مەسەلەی کۆمەکی ئاوارەکان، مەسەلە هەر ئەوە نەبێ کە ئیدانە کردن بێت، هەوڵ بدرێت کە فشاری زیاتر بێ، مەسەلەن بۆ نموونە گرنگ بوو لە ماوەی رابوردوو کە ئەمە ماوەیەکی زۆرە ئەو تۆپبارانە بەردەوامە، رێپیوان بکرابایە، خۆپێشاندان بکرابایە، هەتا مەسەلەن نموونەیەك کە لەم ماوەیە یادی خومەینی کراوە، گرنگ بوو کە وەکو نارەزاییەك بەشداری نەکرابایە، لە کاتێکدا یەعنی کە ئەوان خەڵکی ئێمە بوردوومان دەکەن، ئاوارەیان دەکەن، شەهیدیان دەکەن، ئێمەش بچین بەشداری یادەکانیان بکەین، بۆیە گرنگە کەمەسەلە ئەم فشارانە زیاتر بکرێ، ئەگەر هەر داواکاری نەبێت، مەسەلەی حکومەتی عیراقیش داواکاری نەبێ کە مەسەلەن هەموو جار داوا بکەین هەڵوێستیان هەبێ، کە کوردیش خۆی بەشێکە لە حکومەت، ئەی ئەو بەرپرسانەی کە لە حکومەتی عیراق لەوێن و کوردن، ئەوان چ دەڵێن؟، یەعنی چ هەم لە سەرۆکی کۆمار، جێگری ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری دەرەوە، پێویستە کە ئەمانە هەڵوێست دەربڕن، ئەگەر ناکرێ مەسەلەن لە رووی چەکدارییەوە بەرپەرچیان بدرێتەوە، بەڵام دەکرێ لە لایەنەکانی تر فشار زیاتر بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، رێزدار کاك عومەر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، سەبارەت بە تۆپبارانی ئێران بۆ ناوچە سنووردارییەکانی هەرێم، ئێمە لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پێمان وایە کە ئەم کێشەیە کێشەیەکی موزمن و بەردەوامە و دووبارە ئەبێتەوە، هەمێشە زەرەرمەندی بەردەوام و هەمیشەیش خەڵکی بێ زیان و گوندنشینانی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانە، بۆیە پێمان وایە کە ئەم کێشەیە دوو بوعدی تێدایە، بوعدێکی ئینسانی و بوعدێکی سیاسی، بۆ بەشە ئینسانیەکەی پێویستە بە شێوەیەکی خێرا و فەوری ئێمە هەڵمەتێکی فریاگوزاری لە لایەن حکومەتی هەرێم و عیراقەوە بەرێ بخرێ و قەرەبووی زیان لێکەوتووان بکرێتەوە و بەهەموو شێوەیەك لە هەموو بوارەکانی قەرەبووکردنەوە بە تایبەتی ڕەزەکانیان و مەڕو ماڵاتیان و ئاژەڵیان و هەندێ لە گوندەکانیان، ئەوانەی کە زیانی گیانیان بەرکەوتووە، ئەو خێزانانەی کە شەهیدیان داوە یان برینداریان بەرکەوتووە، بۆ بەشە سیاسیەکەشی، ئێمە کوشتنی خەڵکی مەدەنی و تۆپبارانی گوندنشینانی بێ، دیفاع لە هەر لایەکەوە بێ سەرکۆنە ئەکەین، بەڵام پێمان وایە کە ئەم کێشەیە پێویستی بە چارەسەری ریشەیی و هەمیشەیی هەیە، چونکە نابێ هەمیشە خەڵکی مەدەنی و گوندنشینی بێ تاوان

ببنـه قوربـانی و لایەنـە پەیوەندیـدارەکانیش بـە ئیدانـەو مـەحکومکردن ئیکتیفـا بکـەن، دەبـێ لایـەنی پەیوەندیدار چ لە حکومەتی هەرێم و چ لە حکومەتی عیراق و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێـی گفتوگۆی ئاشتیانە و هـەوڵی دیبلۆماسیانەوە ئـەم گرفتـە چارەسـەر بکـەن، ئێمـە مـەعلومی جەنابتانـە کـە لەگـەڵ ئیرانـیش و لەگـەڵ تورکیـاش ئـاڵوگۆڕی بازرگانیمـان هەیـە، بەرژەوەنـدی هاوبـەشمان هەیـە، ئەمـە دەخـوازێ کـە لـە ڕێـی دایـەلۆگ و وتووێـژەوە چارەسـەر بکـرێ بـۆ ئـەوەی ئـەو بەرژەوەندیـە هاوبەشـانە بپارێزرێ، ئێمە دڵنیاین کە ئەو گرفتانە بەشێکن لە هەندێ کێشەی سیاسی، بۆیە دەبـێ هـەموو بەشـەکانی ئەو کێشانە بە یـەك ڕەزمـە و پێکـەوە بخرێنـە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوە و چارەسـەر کـردن، بۆیـە ئێمـە بـۆ چارەسەری ئەم کێشەیە دوو پێشنیار ئەخەینە بەردەستی پەرلەمانی بەڕێز و پەرلەمانتارانی بەڕێز:

یەکەم:داواکارین کە لێژنەیەکی هاوبەش، فەوری لە هەردوو حکومەتی هـەرێم و ناوەنـد بـە زووتـرین کـات پێکبهێنـدرێ و بکەونـە گفتوگـۆی راسـتەوخۆ لەگـەڵ بەرپرسـانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران و تورکیـاش بـۆ چارەسەرێکی بنەڕەتی نەك کاتی تەنها بۆ ئەو هەڵمەتەی ئێستا.

دوو:پێشـنیاری دووەمـان ئەوەیـە کـە پەرلـەمانی کوردسـتان دوای ئـەم کۆبوونەوەیـە یـان لـە کۆتـایی ئـەم کۆبوونەوەیە، موناشەدەیەکی خێرا بنووسێ و بیـدات بـە هـەموو لایەنـە پەیوەندیـدارەکان، ئـەوە لـە خـۆی بگـرێ کـە بـە شـێوەیەکی دیبلوماسـیانە چـارەی ئـەم گرفتانـەی سەرسـنوور بکـرێ، ئێمـە پێمـان بـاش نیـە سەربکێشی بۆ دەستێوەردانی دەرەکی، چونکە هەموو لا ئـەزانین کـە عـیراق هێشـتا لـە ژێـر بەنـدی حـەوت دەرنەچووە، ئەگەری ئەوە هەیە کە لە کۆنترۆلی ناوەخۆی و چارەسەری ناوەخۆیانـە دەربچـێ، بۆیـە پێمـان باشە لە ڕێگەی حکومەتی هەرێم و عیراق و بە تەفاوز لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە کۆماری ئیسلامی ئەم گرفتە چارەسەر بکرێ، لە کۆتاییدا ئێمە ئەوە ئەخەینـە ڕوو کـە بەڕاسـتی قسـەکردن بـۆ ئـیعلام دادی ئـەو هاووڵاتیە بەڕێزانە نادات کە ئێستا گرفتارن و گوندەکانیان بەجێهێشتووە، مەڕ و ماڵاتیان تیاچووە و ڕەز و باخ و بیستانیان سووتاوە، ئەبێ کارێك بکرێ کە ئەم حاڵەتانە دووبـارە نەکرێتـەوە، مـن پشـتگیری زۆربـەی خاڵی ناو راپۆرتی بـەڕێزان ئەکـەم، چ لێژنـەی نـاوەخۆ و چ لێژنـەی پەیوەندیـدارەکان و چ ئـەو بەڕێزانـەی سەردانی ئەو شوێنانەیان کردووە، بەڵام لە هەمان کاتیش نیگەرانی خۆم دەردەبڕم، بەعزێك لەو راپۆرتانـە 18 ڕۆژە نووسراون، ئێستا ئەخوێندرێنەوە، کۆتایی بە پرسیارێك دێنم کە ئەو چەند ڕۆژە ئـەو راپۆرتانـە نووسراون و پڕن لە پێشنیاری جوان، چی کراوە بۆ ئەو داواکـاری و پێشـنیارانە؟، بەشـێوەیەکی مەیـدانی و فیزیکی و عەمـەلی لـە مەیـدانا و بۆچـی دوای کـەوتووە و بـۆ ئـەو راپـۆرت خوێندنەوەیـە نەگەیشـتووە بـۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی تۆپارانی سنوورەکانمان لە لایەن دوو وڵاتی دراوسێمانەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا بوویتە هۆی زەرەر و زیانێکی زۆری گیانی و ماددی بۆ خەڵکی ناوچەکانی سەرسنوور و گوندەکان لە سنووری هەرسێ قەزای پشدەر و چۆمان و سۆران، جگە لە ناوچەی بادینان، بەدەیان گوند چۆڵ بووینە و چەند هاووڵاتییەکی مەدەنی و سیڤیل شەهید بووینە و برینداربووینە و ڕەز و باغێکی زۆری ناوچە سنووریەکان وێران بووینە و سووتاون و چەندینماڵی هاووڵاتیان رووخاون، جگە لە کوژران و لەناوچوونی مەڕ و ماڵاتی گوندنیشنەکان و تێکچوونی پرۆژەی ئاوی ئەو گوندانە، جگە لەوەش، سنووربەزاندنی هەرێمی کوردستان و سنووری نێودەوڵەتی عیراقیشی بەدواداهات، بەتایبەت ئێستا وەرزێکە خەڵکی ئەو گوند و ناوچانە خەریکی کاری ئاژەڵدارین و ڕەز و باغەکانیان و کشتوکاڵیانن، ئەم کارە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لەلای خەڵکی ئەو ناوچانە دروست کردووە، پێویستە ڕێز لە سەروەری خاکی عیراق بگیرێ و بەردەوامی ئەم کارە کە تۆپبارانەکان بێگومان پێشیلکردنی سەروەری عیراق و پرنسیپەکانی یاسا و عورفی نێودەوڵەتی و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان و پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتە، خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی شتی باش و مامەڵەی باشتر لە وڵاتانی دراوسێ دەکات، بەتایبەت وڵاتی ئێران، چونکە کۆماری ئیسلامی ئێران پەنای خەڵکی عیراقی داوە، وەختێ خەڵکی ئێمە لێی قەوماوە پەنای بۆ ئێران بردووە و ئێران دالدەی داون، ئەمە بۆ ئێرانیش کارێکی خراپە، کە هەمیشە خۆی بە خەمخۆری خەڵکی چەوساوە و دەربەدەرەکانی عیراق و کوردستان زانیوە، سنوورەکانی کراوە بوونە و خزمەتی خەڵکیان کردووە، نابێ هیچ شتێك کە دەکرێ لەسەر حیسابی خەڵکی هەژار و گوندنشینی ئێمە بێ، ئەم پرسە بێگومان پەیوەستە بەسەر پرسێکی تری سیاسی کە پێویستە چارەسەرێکی ریشەییان بۆ بدۆزرێتەوە و حکومەتی عیراق بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ هەردوو وڵاتی دراوسێمان تورکیا و کۆماری  ئیسلامی ئێران، هەروەك دەزانین ئێمە چەندین شت هەیە کە بەیەکەوەمان دەبەستێتەوە و چەندین بەرژەوەندی ئابووری و هاوسنووری و هاوسێیەتی و پەیوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و مێژوویی و فەرهەنگی ئێمە بە یەکتری ئەبەستێتەوە هەردوو میللەتی کوردستانی عیراق یان عیراق بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بەراستی حکومەت بەرپرسیارە لە پاراستنی گیان و سامانی خەڵك و دابینکردنی ژیانێکی شەرەفمەندانە بۆیان، بۆیە پێویستە کە لێرەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو رێگایەکی دیبلوماسی لە چوارچێوەی قانونی نێودەوڵەتی بگرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلە گرنگە کە تا ئێستا هەڵوێستی حکومەت بەلاواز دەبینین، هەروەها حکومەتی عیراق بە شێوازێکی رەسمی و لەڕێگای کەناڵە پەیوەندارەکانیەوە کاری پێویست بۆ ڕاگرتنی تۆپبارانەکان بکات وهەوڵ بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان لێ کەوتوان و گێڕانەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنەکانی خۆیان و هێورکردنەوەی بارودۆخەکە بدەن، هەروەها کۆمەکی پێویست پێشکەش بە  ئاوارەکان بکات، هەروەها دیارە لێرەدا هێزەکانی تری پەیوەندداریش و نەتەوە یەکگرتووەکانیش پێویستە ڕۆڵیان هەبێت لە هێورکردنەوەو چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیەدا، جێگەی نیگەرانیە کە تا ئێستا هەڵوێستی حکومەتی عیراق هەڵوێستێکی لاوازە بۆ ئەم مەسەلەیە، چونکە

هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی فیدراڵ بەشێکە لە دەوڵەتی ئیتحادی و عیراق بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ دایە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان، هەموو سنوورەکان بە هەمووناوچە و هەرێمەکانەوە سنووری نێودەوڵەتی عیراقن و بە پێی یاسای نێودەوڵەتی و دەستووری عیراق و یاسا کارپێکراوەکان ئەرکی سەرشانی حکومەتی ناوەندیە کە بەدەم ئەم مەسەلە گرنگەوە بێت و لەگەڵ لایەنەکاندا بکەوێتە گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی هەر چی زووتری ئەم مەسەلەیە کە مەسەلەیەکی ئینسانی گەورەیە، کە هاووڵاتیانی ئێمە پێی گیرۆدە بوونە، بۆیە ئێمە بەناوی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامی داوا دەکەین دەست بەجێ تۆپبارانەکان ڕابگیردرێن و بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و هێزەکان بگەڕێنەوە ئەو دیو سنووری نێودەوڵەتی، هاوخەمی خۆشمان بۆ خەڵکی لێ قەوماو و ئاوارە بووی ئەم ناوچانە و گوندنیشینەکان دەردەبڕین، پشتیوانی لە زۆربەی خاڵەکانی لیژنەکانی پەیوەندار دەکەین کە خوێندیانەوە، هیوادارین ئەو مەسەلەیە بە زووترین کات چارەسەر بکرێت، حکومەتی عیراقی و حکومەتی هەرێم کاری جدی زیاتر بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو تۆپبارانە و ئاسایی کردنەوەی سنوورەکانمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار یشار فەرموو.

**بەڕێز یشار نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی فراکسیۆنی بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان نارەزایی دەردەبڕین بەرامبەر بە پێشێل کردنی مافی نێودەولەتی و مافە مرۆییەکان، کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ئەنجام دەدرێت، هیچ بیانوویەك شەرعیەت بەوە نادات پێرۆزیەکانی وڵاتێك سووکایەتی پێ بکرێت بەشێکی میللەتێك ئەوانەی کە لە سنوور نزیکن ژیانیان تێك بدرێت و بخرێتە مەترسیەوە، شەهید کردنی هاووڵاتیانی موسڵمانی کوردستان حەق و ڕەوا نیە و ناکرێت خەڵکی سیڤیل و مەدەنی بکرێتە قوربانی پاراستنی بەرژەوەندیان، ئێمە لە کاتێك لە کوردستان کۆماری ئیسلامی ئێران بە دۆست و پەناگەی خۆمان دەزانین هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد کە درەهەق بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و هاو ئایین و هاو سنوور بەو جۆرە رەفتار بکەن، ئێمەی تورکمان لەکاتێك دا ئیدانە و مەحکومی ئەو جۆرە پێشێلکاریانە دەکەین کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران یان هەر وڵاتێکی تر ئەنجام بدرێت داوا دەکەین هەرچی زووە باری گرژی و نا ئارامی لە سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و ئێراندا کۆتایی پێ بێت و ئاشتی ئارامی بەرقەرار بێت، ئەگەر هەر کێشەیەکیش جێی باسە با بە دیالۆگ و ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی سنوورەکانمان نەبێتە پێگەی هێزە نێودەوڵەتیەکان، لێرەدا لێپرسراویەتی دەخەینە ئەستۆی حکومەتی عیراقی کە بەڕاستی خەم سارد و کەم تەرخەمە بەرامبەر ئەم کارەساتە، دەبێت دەست بەجێ بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵسێ و هەر چی لە توانای دایە بیخاتە گەڕ بۆ کۆتایی هێنان بەم ناحەقیە کە دەرهەق بە گەل و نیشتمانمان دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدارعبدالقادر فەرموو.

**بەڕێز عبدالقادر اکرم جمیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند ساڵێکە کەوتوونەتە عەقلی دەوروبەری هەرێمی کوردستان، پیشەیان هێرش هێنان و سنوور بەزاندن و تۆپباران کردنە بە بیانووی بوونی پژاك و پەکەکە، ئایا ئەم تۆپباران کردنەی ئەم جارەی دوایی یەعنی پەیوەندی هەیە بە پێکهێنانی حکومەتی عیراقی کە ئێستاکە مەسەلەن عەلە ئەساس حکومەتی عیراقی پێك بێت؟ بۆ ئەوەی هینی کوردستانی هاوبەشی لە حکومەتێك بکات کە هاوڕان لەگەڵ سیاسەتی ئێران، ئێرانیش ئەم تۆپباران کردنە بۆ داپۆشینی ناکۆکیە ناوخۆیەکانی ئێرانە، بە کورتی ئەم هەڵسوکەوتەی ئێران بە هەر هۆیەك بێت مەبدەئێکی زەروری نیە بەرامبەر مەبدەئی مرۆڤایەتی و یاسای مافی مرۆڤ و یاساکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی، هەروەها حکومەتی عیراق و هێزەکانی ئەمریکاش کەم تەرخەم بوونە بەرامبەر ئەم کارە، بۆیە ئێمە هەر وەکو فراکسیۆنی چاکسازی تورکمان ئیدانە و ڕیسوای ئەم کارە دەکەین و هەروەها داوا لە سەرۆك کۆماری عیراق و سەرۆکی حکومەتی عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی کوردستان دەکەین بە وەرگرتنی هەڵوێستێکی توند بەرامبەر ئەم کارە نامرۆییە، چونکە مافی مرۆڤ لە ناوچە سنووریەکانمان پێشێل کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم هەڵوێستی لە ئیدانە کردن و ناڕەزای دەربڕین دەربچێت و بڕواتە مەیدانی کرداری، چونکە ئەم کێشەیە پەیوەندی بە هاووڵاتیانی کوردستانەوە هەیە، ئەم کێشەیە کێشەیەکی هەنووکەیی نیە، بەڵکو کێشەیەکی بەردەوامی چەند ساڵی ڕابردووە، بۆیە چەند پێشنیارێك دەخەینە ڕوو بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە، یەکەم/ وەفدێکی حکومەتی هەرێم سەردانی ئێران و تورکیا بکەن و بە مەبەستی چارەسەر کردنێکی سیاسی و یاسایی بۆ ئەم کێشەیە، دووەم وەفدی حکومەتی هەرێم داوا بکات لە کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا کە پێویستە قەرەبووی هەموو ئەو زەرەرو زیانانە بکەنەوە کە لە خەڵکی مەدەنی کوردستان کەوتووە، سێیەم/ پەرلەمان داوا لە حکومەتی هەرێم بکات کە ڕێککەوتنێکی ئاشکرا لەگەڵ هەردوو لایەنی ئێران و تورکیا ببەستێت بە پێی پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکان بە جۆرێك بەرژەوەندیەکانی هەموو لایەك بپارێزرێت و ببێتە هۆکارێك بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشە سنووریەکان، چوارەم/ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستێت بە پێکهێنانی وەفدێك و سەردانی ناوچە زیان لێ کەووتووەکان بکات و بڕیار بدات بە سەرف کردنی بڕێك

بودجه كه تـەرخان كـراوه بـۆ ڕووداوی كتـوپڕی كـه لـه پـرۆژه یاسـای سـاڵی 2010 دا ئامـاژەی پـێ كـراوه، پێنجەم/ حكومەت هەستێت بە كردنەوەی كەمپێكی فریاكەوتن لە قەزاو ناحیە سنووریەكان، كە بـەردەوام دەكەونە بەر هێرشی تۆپبارانی كۆماری ئیسلامی ئێران و توركیـا بـۆ ئـەوەی لـە كـاتی ئـاوارە بـوون و تێـك چوونی باری ئاسایش و شوێن و لانەی خۆیان بزانن، شەشەم/ حكومـەتی كوردسـتان پێویسـتە هەماهـەنگی بكات لەگەڵ ڕێكخراوی خاكی سوور و مانگی سووری نێودەوڵەتی و نەتـەوە یـەكگرتووەكان كـە پێوسـتە بـە ئەركی مرۆیی و كۆمەڵایەتی ئابووری خۆیان هەسـتن، حەوتـەم/ پێویسـتە لـە ڕێگـەی حكومـەتی هـەرێم و سەرۆكایەتی هەرێم فشار بخرێتە سەر حكومەتی ناوەند كە بە ئەرك و بەرپرسیاریەتی یاسایی و سیاسـی و ئـابووری خـۆی هەسـتێت، چـونكە ئـەم مەسـەلەیە پەیوەندیـەكی تـەواوی هەیـە لەگـەڵ حكومـەت و بەرپرسیاریەتێكی تەواوی لەسەرە بـە تایبـەتی كـە سـەرۆك كۆمـار و جێگـری سـەرۆك وەزیـران و وەزیـری دەرەوە كوردن، لە كۆتایی دا پێویستە سـەرۆكایەتی پەرلـەمان داوا بكـات لـە حكومـەت دەرئەنجامـەكانی بـە ڕاپۆرتێـك بگەیەنیـّتە پەرلـەمان تـا پەرلـەمان بـە ئـەركی سـەر شـانی خـۆی هەسـتێت لـە بەدواداچـوون و چاودێری هەنگاوەكانی حكومەت، لە كۆتایی دا پرسیارێك ئاڕاستەی سەرۆكایەتی پەرلـەمان دەكـەین كـە لـە دوا كۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك فراكسیۆنەكان دا ئـەنجامی دا كـە كۆمـەڵێك پێشـنیار و بەرنامـە دانـران بـۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەم كێشەیە، پرسیارەكەم ئەوەیە، تا چەند ئەو پێشنیار و بەرنامانە هاتوونەتە بەردەم جێ بەجێ كردن، لەگەڵ ڕێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار امیر فەرموو.

**بەڕێز أمیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی ئیدانە و ریسوای تۆپباران كردن و هەمی گوندێت سنووری چۆمان و قەڵادزێ و هەتا زاخۆ، ئەكید تۆپباران كرنا وەڵێ كرد كو چـەندین گونـدێت ێـت كوردسـتانێ هـەتا نوكـە نەهاتینـە خـەڵك تێـدا نـەژیا تـا ئاركەنجی بیت لڤێرێ ئـەم پشـتگیری لـە ڕاپۆرتـا لیـژنا نـاوخۆ دكـەین، كـو ئـەو خـاڵێ دیـار كـرن، هەروەسـا پشـتگیری پێشـنیارا كـاك عمـری بـۆ دروسـت كرنـا لیژنەیـەكی ژ لایـێ حكومـەتا هـەرێما كوردسـتانێ دگـەل حكومەتا فیدراڵ بۆ چارەسەر كرنا ڤێ ئاریشەیێ، هەروەسا لڤێرێ ئیشارەت ئەم پێتڤیـا ئیشـارەت پـێ بـدێ كرن، چونكه نوكه تەنیا پتر ژ 20 گوندێ تەنیا لسنوورێ مەنتقا زاخۆ هـەتا نوكـه ئـەم 20 گونـدە هـەمی هاتینە چۆڵكرن، ژ بەر تۆپبـاران ێـت حكومـەتا تـوركی، ێـت بـەردەوام بـۆ ڤـان گونـدێت تـا نوكـە گەلـەك ژ خەڵكێت ڤان گوندا مەشێن هیچ كارێكی لڤان گوندا وەكو ئاڤا كرن، هەروەسا ئان بچنە سـەر گونـدێت خـۆ، هێڤی دارم ئەڤ بابەتە ب گرنگی بێتە وەرگرتن كو ئەڤ تۆپباران كرنێ گوندێت سنوورێ كو نـەهێڵن و ئـەڤ پێشنیارێت هاتینە دیاری كرن لدیڤ لیژنا ناڤخۆیێ پەرلەمانی، دیڤ چوونا ڤان بابەتا بكات، سپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار سالم فەرمو‌و.

**بەڕێز سالم توما کاکۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان بنەمای دراوسێیەتی وڵاتان لە ڕێزگرتن لە یەکتر و بەرژەوەندی هاوبەشیانە، وڵاتی ئێمەش مێژوویەك و سنوورێکی درێژی هەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران کە زۆر خاڵی ئیجابی و سلبی تێدایە، بەڵام لە هەر ڕووداوێك و هەر گرژیەك بە دیالۆگ و لەیەك گەیشتن و چارەسەر بڕیار بە پێی ڕێککەوتنامە و مواسیقی نێودەوڵەتیە، ئەوەی کە ئێستا ڕوو دەدات تۆپبارانی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستانی عیراق لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەن هێزە سەربازیەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕاستە زیانێکی زۆری بە ژیانی ئابووریەکانی خەڵکی مەدەنی و بێ تاوانی کوردستان دەگەیەنێ، بەڵام لە هەمان کات زیان لە وڵاتی دراوسێش دەگەیەنێ کە تۆپبارانی دەکات، کە پەیوەندیەکانی گەلی کوردستان و گەلی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە ئەو پەیوەندیانە سارد دەبنەوە، مومکینە کە تێك بدات کە خەڵکی کۆماری ئیسلامی ئێران جێگایەکی تایبەتی لە دڵی خەڵکی کوردستان هەیە بەرامبەر بەو هەڵوێستانە لە قۆناغەکانی خەبات و جینۆساید و ئەنفال و کۆچڕەو و تا دوایی بە گشت جۆرەکانیەوە، بەڕێزان چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە بەوەستانی بۆردومان و کێشەی گەورە کە چارەسەر نەکردنی ئەم کێشەیە کە بۆردومانی ناوچە سنووریەکان کێشەی گەورەتری لێ دەبێتەوە، زیان بەهەر دوو لا دەکەوێت، خەڵکی کوردستانیش ناچار دەبێت پەنا بباتە بەر گشت هۆیەکانی تایبەتی دۆستان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، بۆ ڕاگرتنی ئەو بۆردومانە و چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام جێگای سەرسوڕمانە کە بێ دەنگی ڕای گشتی و حکومەتی فیدراڵی، نەبوونی هەڵویست تا ئێستا کە زۆر کەمترە لە بایەخدانی بە ڕووداوەکەی فەککە لە پارێزگای میسان کە زۆر کەمترە لەوە کە بایەخی پێدا لە کاتی کێشەی فەککە، ئێمە وەك لیستی ڕافیدەین تەنها بە ئیدانە کردنی ئەم کارە چارەسەری بۆ نادۆزینەوە، بەڵکو لە پەرلەمانی کوردستان داوا دەکەین کە گشت هۆیەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە چ بەڕێگای ڕاستەوخۆ ئیسلامی ئێرانەوە بۆ پەیوەندیە دبلۆماسیەکان و چ بەڕێگای حکومەتی عیراقی فیدراڵەوە و بە ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنگرەی ئیسلامی، هەروەها هەڵسانی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئەرکەکانی دبلۆماسی رەسمی و فریاگوزاری کە زۆری لە ڕاپۆرتی لیژنەکان و ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و ڕاپۆرتەکانی تر هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار هاژە خان فەرمو‌و.

**بەڕێز هاژە سلێمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێ گومان تۆپباران کردنی ناوچە سنووریەکان یەکەم جار نیە لە لایەن هێزە چەکدارەکانی حکومەتی ئێران بە بیانووی بوونی هێزەکانی پژاك و پەکەکە، کە ئەوە بۆ چەند ساڵێکە بە بەردەوام دووبارە

دەبێتەوە کە بێ گومان ئێمە ئەو کارە ئیدانە و مەحکومی دەکەین، چونکە ئەوە پێشێلکردنە بۆ مافەکان و بۆ هەموو ئەو ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیانەی کە هەیە، چونکە بەڕاستی بەزاندنی سنوور و تۆپباران کردنی خەڵکی سیڤیل پێشێلکردنێکی زەقی مافەکانی مرۆڤ و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکانە، هەرچەندە بەڕاستی لە پێشتر ئەمە زۆر باس کراوە لەگەڵ لایەنەکان لە کەناڵی ڕاگەیاندنەوە یان لە ڕێگای بەڕێزتەوە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ قونسوڵی ئێران باس کراوە، بەڵام دیارە کەڵکی نەبووە و بێ سوود بووە، بۆیە پێویستە لەسەر ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان کە کار بکەین بۆ ئەوەی یەکەم/ بەزووترین کات ڕاگرتنی تۆپبارانەکە، دووەم/ گەیاندنی دەنگی نارەزایی خەڵکی کوردستان بەڕای گشتی جیهانی، چونکە ئەمە دژی هەموو ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیەکانە، سێیەم/ پێویستە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵ بکرێت کە لە ئەمە بێ دەنگ نەبێت، چونکە ئەمە پێشێلکردنی سەروەری سنووری عیراقە، چوارەم/ داوا لە حکومەت بکرێت بە گەیاندنی کۆمەك بۆ ئەو ئاوارانەی کە بەهۆی تۆپبارانەکە زەرەرمەند بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد شهاب حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەمەوێت ئاماژە بە ئەوە بکەم کە لە مێژە ئەو ناوە هەم ئێران و هەم تورکیا بە بیانوو و بێ بیانوو سیادەی عیراق پێشێل دەکەن و چ بە تۆپباران کردن و چ بە فڕۆکە ناوچەکانی سەر سنووری هەرێمی کوردستان بۆردومان دەکەن و تا ڕادەی سنوور بەزاندنیش، بەڵام لە ناوەڕاستی مانگی 5 ەوە تا ئێستا تۆپخانەکانی ئێران چڕ تر لە جاران بە تایبەتی گوند و دێهات و ڕەشماڵ نیشینەکانی ناوچە سنووریەکانیان بۆردومان کردووە و تەنانەت لەم چەند ڕۆژەی دوایی دا فڕۆکەی نەناسراو بە ئاسمانی ناوچەکە سوڕاوەتەوەو بە گوێرەی هەواڵەکانیش هێزی ئێرانی بە قوڵایی 2 ـ 3 کم لە سنووری حاجی ئۆمەرانەوە هاتووەتەوە خاکی هەرێمی کوردستان، لە ئاکامی ئەم پۆیبارانەوە سەرەڕای شەهید بوونی هاووڵاتیەك و برینداربوونی چەند هاووڵاتیەکی تر زەرەرو زیانی مادديش بە خانوو و ماڵ و ڕەز و مەڕو ماڵاتی ئەو ناوچانە کەوتووە و خەڵك ئاوارە بوونە، ئێمە وەکو فراکسیۆنی کوردستانی جەخت لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە دەکەینەوە:

یەك/ بە توندی ئیدانەی ئەو تەجاوزاتانەی ئێران دەکەین و داوا دەکەین کە حکومەتی جمهوری ئیسلامی بە پەلە ئەو بۆردومانانە ڕابگرێت و هێزەکانی خۆی لە ناو سنووری هەرێمی کوردستان دا بکێشێتەوە، دوو/ ئێمە ستایشی هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین و پشتیوانی لێ دەکەین لە هەمان کاتدا ستایشی هەڵوێستی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمیش دەکەین کە داوا دەکەن حکومەتی عیراقی بە گوێرەی هەردوو ماددەی 109 و 110 ی دەستوور کە ئەرکی پاراستنی سیادەی

عیراقی له ئەستۆ دایە و داوا دەکەن بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت و بەڕێگەی دبلۆماسی هەوڵ بدات ئەم تۆپبارانانە ڕابگیردرێت، چونکە تەجاوز کردن لەسەر سیادەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، پێشێلکردنی قانونی نێودەوڵەتی و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و پرەنسیپەکانی هاوسێیەتی باش و ڕێز گرتن لە سیادەی تر و دەست نەخستنە ناو کاروباری یەکتر و چارە کردنی گیروگرفتەکانە، ئەگەر گیروگرفتێکیش لە نێوانیاندا هەبێت بەڕێگەی دانوستاندن و ئاشتیانە و پەنا نەبردن بۆ بەکارهێنانی هێزو یەکلاکردنەوەیان، سێ/ بە پێویستی دەزانین نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق یۆنامی و لایەنەکان تر ئاگادار بکرێنەوە کە ئەوانیش لەڕێگەی خۆیانەوە کار بۆ ڕاگرتنی ئەو تەجاوزاتانەی ئێران بکەن بۆ سەر سنوورەکانمان، چوار/ هەروەها بە پێویستی دەزانین دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەم لێ قەوماو و ئاوارەکانەوە بێن و هاوکاری زیاتریان بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیار دەکەین لیژنەیەکی باڵا پێك بهێندرێت بە مەبەستی بەسەرکردنەوەو گەیاندنی کۆمەکی ماددی و قەرەبووکردنەوەی زیان لێ کەوتووان، پێنج/ پاڵپشتی ڕاپۆرتی بەڕێزی ئەندامانی پەرلەمان دەکەین بە تایبەتی ئەو بەڕێزانەی کەوا سەردانی مەیدانی ناوچە سنووریەکانیان کرد و لێقەوماوانیان بەسەر کردەوە دەست خۆشیان لێ دەکەین، شەش/ بە پێویستی دەزانین لیژنە هەمیشەییە پەیوەندارەکان موتابەعەی پێشهاتەکان بکەن و بەردەوام پەرلەمانی لێ ئاگادار بکەنەوە، لە کۆتایی دا پێشنیار دەکەین کە لە دەرئەنجامی ئەم دانیشتنەدا سەرۆکایەتی پەرلەمان تەخویل بکرێت یاخود داوای لێ بکرێت بە هاوکاری لەگەڵ لیژنە پەیوەندارەکان کە بە دیدی ئێمە لیژنەی یاسایی و لیژنەی کاروباری ناوخۆن یاداشتنامەیەك بە ناوی پەرلەمانی کوردستانەوە ئامادە بکەن و ئاراستەی گشت لایەنە پەیوەندارەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مرۆڤ دۆست بکات بۆ سنوور دانان بۆ ئەم کارەو کۆتایی پێهێنانی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتادا دەست خۆشی لە هەوڵەکانی لیژنە بەڕێزەکان دەکەم و پشتگیری لە ڕاپۆرتەکانیان و لە پێشنیارەکانیان دەکەم، ئێمە چ وەك پەرلەمانتارێك و چ وەك مامۆستایەکی ئایینی بەڕاستی ئەوەمان چاوەڕوان نەدەکرد لە وڵاتێکی وەکو کۆماری ئیسلامی ئێران کە بەو شێوەیە تۆپبارانی ناوچە سنووریەکانی وڵاتەکەمان بکات، بۆیە بەناوی مافی دراوسێیەتی و بە ناوی برایەتی و ئیسلامیەوە داوا دەکەین کە هەرچی زووە ئەم تۆپبارانە ڕابگیردرێت و ئەمە مەوقفی زۆربەی هەرە زۆری مامۆستایانی ئایینیش بووە، لەم چەند ڕۆژانەی ڕابردوو لەگەڵ یەکێتی زانایانیش، ئێمە ئەوە بە کۆماری ئیسلامی ئێران دەڵێین کە ئەو عیلاقات و پەیوەندییە باشە لە نێوان ئەو دوو گەلە دا هەیە بەردەوام بوونی ئەم عیلاقات و

پەیوەندیە باشە، بەردەوام بوونی ئەو متمانە بە یەك بوونە لە نێوان ئەم دوو گەلەدا ئەمە لە مەسڵەحەت و لە بەرژەوەندی هەر دوو لادایە، ئەمە لە مەسڵەحەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دا نیە، ئەمڕۆ متمانە لە ناو گەلی کوردا نەمێنێ و لە جیاتی خۆشەویستی بۆ ئەوان کە لە ڕۆژی ڕەش و لە ڕۆژی نەهاتی دا بە کەڵکی ئێمە هاتوون، ئەم مەوقفەی ئێمە بگۆڕێ یان مەوقفی میللەتی کورد بگۆڕێت بە مەوقفێکی دوژمنداری یان مەوقفی ناحەزی، ئەمە لە ساڵحی ئەوان و لە ساڵحی ئێمەشدا نیە، بۆیە من چەند پێشنیازێك دەکەم، یەك لەو پێشنیازانە ئەوەیە کە ئێمە وەکو پەرلەمان جگە لە حکومەتی عیراق و جگە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکەم/ یاداشتنامەیەك ئاراستەی ڕێکخراوی کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامیش بکەین بۆ ئەوەی ئەوانیش بە ڕۆڵی خۆیان هەڵبستن، ئەرکی خۆیان لەو بارەدا جێ بەجێ بکەن، دووەم/ داوا لە حکومەتی هەرێم بکرێت کەوا هەرچی زووە یارمەتی مرۆیی زوو بەو شوێنانە و بەو خێزانانە بگەیەنێت، چونکە لە ڕاپۆرتەکان ئەوە دیار کەوت کەوا هێشتا ئەم یارمەتیانە بە شێوەیەکی سست دەگاتە دەستی ئەمانە، سێیەم/ پێم باشە کەوا داوا لەو لایەنانەش بکەین کەوا تاوەکو ئێستا جموجۆڵی سەربازیان هەیە لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە دژی وڵاتانی دراوسێ، بە ئەوانیش بڵێین کەوا بەرژەوەندی و تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرن، پێویستە ئەوانیش ئەو کێشەی کە هەیانە لەجیاتی جموجۆڵی سەربازی بە شێوەی گفتوگۆ و بە شێوەی دایەلۆگ و بە شێوەی دبلۆماسی بۆ خۆیان حەلی بکەن، چونکە تێك چوونی باری ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئەمە لەم پارچەی کوردستانەدا زیان بە ئەوانیش دەگەیەنێت و بە ئێمەش دەگەیەنێت، لە کۆتایی دا داوای ئەوە دەکەم لەبەرئەوەی ئەم ڕووداوانە چەند ساڵێکی ڕابردوو هەبووە و ئێستاش هەر بەردەوامە و ناوە ناوە بەردەوام دەبێت و ناشزانرێت ئاخۆ لە ئاییندەیەکی نزیك دا ئەمە بە شێوەیەکی ڕیشەیی حەل دەکرێت یان نا، داوا دەکەین کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناوچە سنووریەکان چەند موجەمەعاتێکی سەکەنی دروست بکات وەلەو بە شێوەیەکی زۆر بەسیت و بە شێوەیەکی بچووکیش بێت بۆ ئەوەی بۆ کاتی ئاوا ئەمە ببێتە شوێنی حەوانەوەی ئەمانە و هەموو پێداویستیەکان و ئاو و پێداویستیەکانی تەندروستیشیان بۆ دابین بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی سوپاسی بەڕێزت دەکەین بۆ بەستنی ئەم کۆبوونەوە نائاساییە بۆ تاوتوێ کردنی بارودۆخی سنوورەکانمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، هەروەها بە باشی دەزانم ئیدانەی ئەو تۆپبارانە بکەین و هاوخەمی ئەو خەڵکە سیڤیلەش بکەین کە بە بێ ئەوەی هیچ تەرەفێك بێت لە هیچ نیزاعێکی موسەلەحی داخلی یان دەولی دا کە بووەتە قوربانی و سووتەمەنی ئەو نیزاعەی کە هەیە، پێویستە لێرە ئەوە بەهەند

وەربگیردرێت کە ماوەی 15 ڕۆژە ئەم بارودۆخەی هەیە حکومەتی هەرێم هیچ هەڵوێستێکی ئەوتۆی نەبووە، لە سەرۆکایەتی پەرلەمان تەئکید لە حکومەت بکەنەوە چی پێویستە لە دەرامەتی پێویست بۆیان دابین بکرێت بۆ بەهانا چوونی ئەو خەڵکە و بۆ ئەوەی بە ڕەسمی حکومەتیش موحاسەبە بکرێت لەبەرئەوەی 15 رۆژە و نەچووە بە تەنگ ئەو خەڵکەوە، خاڵێکی تر پێویستە ئەوە بیری هەموو لایەك بخەینەوە کە ئەمە جاری یەکەم نیە کاری لەو شێوەیە ڕوو دەدات، سێ مانگ پێش ئێستا بە هەمان شێوە لە سنوورەکانی ئێران ئەو کارە ڕووی دا و هەروەها لە مانگی 10 ی 2007 هێرشی هێزەکانی تورکیا بۆ سەر سنوور دەستی پێ کرد کە ئەوەندەی نەما بوو ئەزمەیەکی نێودەوڵەتی لێ بکەوێتەوە، ئەوەشمان بیر نەچێت تا ئێستا بنکەی سەربازی هەندێ دەوڵەت وەکو تورکیا لە کوردستان دا هەیە، ئەمانە حاڵەتێکن بە هۆی شەڕی ناوخۆوە لەم هەرێمە دا دروست بوون، خاڵێکی تر پێویستە ئێمە بە شێوەیەکی متەوازن تەشخیسی موشکیلەکە بکەین، ئەسبابەکانی چیە؟ نەتائیجەکانی چیە؟ بە شێوەیەکی موتەوازن و مەنتقیش هەڵوێستی خۆمان دەربڕین نەك هەڵوێستێك کە نەتائیجی سلبی بەسەر موستقبەلی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، لەبەرئەوەی موستەقبەلی هەرێمی کوردستان لە تاکەکانی ئەو وڵاتەش و لە گروپە سیاسیەکانی ئەم وڵاتەش گرنگترە موستەقبەلی ئەم وڵاتە بنیاتنانە و رەفاهیەتە و بەرەو پێش چوونە، پێویستە پێش هەر هەڵوێستێك کە ئێمە دەری دەبڕین بزانین مەوقیعی یاساییمان لەم ئەزمەیە چیە؟ بە پێی یاسا ئەم موشکیلەیە چۆن تەفسیر دەکرێت؟ مەسەلەی تەبەعیەی مەسئولیەتی قانونی و دەولی چۆن تەشخیس دەکرێت لەم کێشەیەدا؟، من دەمەوێت ئەوەندە بۆ بەڕێزتان ڕوون بکەمەوە ئەگەر بەڕێزتان مەجالم بدەن، تەبەعەی مەسئولیەتی قانونی لەم قەزیەیەدا مەسئولیەتێکی داخلی هەیە لە هەرێمدا، مەسئولیەتێکی داخلی هەیە لە عیراق دا بە پێی ئەحکامی دەستووری عیراقی، تەبەعەیەکی مەسئولیەتی دەولیش هەیە بە پێی قانونی دەولی عام، مەسئولیەتی داخلی لەم کاتەدا بە پێی یاسای ژمارە 1ی ساڵی 2005، یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لە ماددەی 2 داهاتووە کە سەرۆکێك بۆ هەرێمی کوردستان هەڵبژێرێ کە لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردسان دەکات، کە لە 2005/6/8 دا دەرچووە، بۆیە ئەرکی سەرۆکایەتی هەرێم و بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانە کە لەم کاتەدا بەڕێزی لە حاڵەتێکی نائاسایی لەم وڵاتە ڕووی داوە بگەڕێتەوە و کۆتایی بەسەردانەکەی بهێنێ بە شێوەیەکی کاتی بۆ بەهاناوە چوونی ئەم کێشەیەی ئێستا هەیە، بڕیاری ژمارە 1ی ساڵی 2005 هەیە کە پەرلەمان تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستووریە بۆ بڕیاردان لە پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستان، واتە مەسئولیەتی داخلی مەسئولیەتێکی موشتەرەکە لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتیەکەی و ئەندامە بەڕێزەکانی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەڕووی مەسئولیەتی داخلیەوە بە پێی دەستووری دائیمی عیراقی ساڵی 2005 ماددەکانی 7 و 8 زۆر بە وازحی تەئکیدی لەوە کردووەتەوە کە عیراق حیمایەی ئەرازی خۆی دەکات، نایەڵێت ببێت بە مەقەر و جێگەیەك بۆ تەهدیدی هیچ دەوڵەت و هیچ ناوچەیەك، لە ماددەی 8 یش دا هاتووە، عیراق موراعاتی مەبدەئی حوسنی جیوار و تەدەخول نەکردن لە کاروباری

داخلی و نێودەوڵەتان و هەوڵ دان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بە شێوەیەکی ئاشتیانە و عیلاقاتەکانی بەو شێوەیە ڕێك دەخات لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی هاوبەش و مەعامەلە بە هەمان شێوەو ئیحترامی ئیلتزامە نێودەوڵەتیەکانیش دەگرێت کە مەبەست لێرە ئەو ئیلتزاماتە هەیە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی کە مەواسیقە نێو دەوڵەتیەکان و میسافی نەتەوە یەکگرتووەکان عیراق تەحەمولی کردووە و چەندانی ئیمزا کردووە، لە ماددەی 61 دا لە حاڵەتی ئیعتداء و لە حاڵەتی حەربدا و لە حاڵەتی تەواری دا مەسئولیەتێکی موشتەرەکی داوە بەسەر شانی سەرۆك کۆماری عیراقی فیدراڵ بەڕێز تاڵەبانی وە هەروەها سەرۆك وەزیرانی عیراق بەڕێز نوری مالکی دا لەم حاڵەتەدا، کە لە 4 بڕگە و 5 بڕگە لە ماددەی 61 تەشخیسی کردووە، بە پێی ماددەی 110 یش بڕگەی 1 ڕەسمی سیاسەتی خارجی بۆ عیلاقاتی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتانی دەر و جیران دا کە ئێمە بەشێکین لە دەوڵەتی عیراقی فیدراڵی مەسئولیەتی دەوڵەتی ئیتحادی بەغدایە، هەروەها وەزعی سیاسەتی ئەمنی وەتەنی و ئینشائی قواتی موسەلەحە و تەئمینی حیمایە و زەمانی ئەمنی حدودەکان لە مەسئولیەتی دەوڵەتی عیراقی ئیتیحادیە لە بەغدا، یەعنی بە دەستووری دائیمی عیراق بۆمان دەردەکەوێت مەسئولیەتێکی موشتەرەك هەیە لە نێوان رەئیس وزەرا و رەئیس جمهوری عیراقدا، بۆیە من لێرەوە داوا لە بەڕێزی سەرۆك کۆمار دەکەم کە مودەی ڕابردوو سەردانی میسر و فەرەنسای کرد، چەندەها موعاهەدەی سەداقە و تەعاونی تیجاری و ئیقتسادی و ئەم شێوانەی ئیمزا کرد کە بە هەمان شێوە کۆتایی بە موئتەمەرەکەی بێنێ لە سلێمانی و بگەڕێتەوە بۆ بەغدا بۆ تەنسیق کردن لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، بەهەمان شێوە بەڕێزی بگەڕێتەوە بۆ تەنسیق کردن لەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیرانی عیراق بە پێی ئەم ماددانەی دەستوور بۆ دانانی حەدێك بۆ ئەو ئەزمەیەی کە ئێستا هەیە، بە پێی قانونی دەولی عام لە میسافی نەتەوە یەکگرتووەکان فەسڵی یەکەم و ماددەکانی 1 و 2 ، فەسڵی 6 ماددەکانی 33 و 34، فەسڵی 7 ماددەکانی 39 و 40، باسی حاڵەتی تەدەخول لە شئونی داخلی لە حاڵی ئیعتداء، تەعریفی مەفهومی عدوان، هەروەها ئەمانەی باس کردووە و تەئکیدیی کردووەتەوە کە پێویستە دەوڵەتان بەڕێگەی مفاوەزات، تەحقیق، وەساتە، تەوفیق، تەحکیم، تەسویەی قەزائی کێشەکانیان چارەسەر بکەن، کە مەبەستم لێرە ئەمانەیە و پێویستە ئێمە پەنا بەرین بۆ ڕێگەچارەی ئاشتیانە و کۆتایی بەم کێشەیە بهێنین، بە هەمان شێوە بەشێکی تر لە یاسای نێودەوڵەتی مەواسیق و موعاهەداتی نێودەوڵەتی و بەیاننامە نێودەوڵەتیەکانە، بەیانی ئیعلانی مبادیئی عدم تەدەخول ساڵی 1968 ـە، بەیانی ئیعلانی مەبادیئی علاقاتی ودی ساڵی 1970 ـیە، بەیانی ئیعلانی مەبادیئی مەفهومی عدوان 1974 ـە کە دیباجەکەی بۆ ئێمە و بۆ ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان زۆر موهیمە، مەبادیئی ئیعلانی فاعلیەتی حەزری ئەستخدامی قوە ساڵی 1987 ـە، ئێمە لە بیرمان نەچێت بۆ تەشخیس کردنی کێشەیە، ئێمە ئەگەر بمانەوێ لەم هەرێمە ڕێزمان لێ بگیردرێت، بمانەوێ لەم هەرێمە بەچاوی شك و گومانەوە تێمان نەڕوانرێ و موساعەداتی ئیقتسادی و تیجاریمان بۆ فەراهەم بکرێ و لەبیرمان نەچێت دوای چەندان ساڵ دوژمنایەتی لە بەینی ئەرمینیا و ڕوسیا لەگەڵ تورکیا ئێستا بە بێ فیزە هاووڵاتیانیان هاموشۆی یەك دەکەن، ئەگەر

بمانەوێ دەبێت ئێمە حوسنی نیە بین لەگەڵ دەوڵەتانی دەر و جیرانـدا، بەڕاستی حەقە لێرە یاسایەك دەربچێت تەنزیمی مەبادئیی عەلاقاتی هەرێمی کوردستان بکات لەگەڵ دەوڵەتانی دەرو جیراندا، حەقە لێرە ئێمە نەبینە مایەی تەهدید بۆ هیچ دەوڵەتێکی دەوروبەر لەبەرئەوەی ئەوان بە چاوی شك سەیرمان نەکەن، ئەمە قسەیەك نیە من بیکەم، ئەمە لە مانگی 2007/11 دا، کاتێك هەڕەشەی هێرشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەبوو (مەنوچەهری موتەکی) وەزیری دەرەوەی ئێران بەسەردانێك گەیشتە لای (بشار ئەسەد)ی سەرۆکی سوریا بە بێ ئەوەی کێشەمان لەگەڵ سوریا و ئێران دا هەبێت شك و گومانی خۆیان و ناڕەزایی خۆیان دەربارەی هەرێمی کوردستان نیشاندا، ئێمە دەبێت نیەتێکی خالس و نیەتێکی نەبیل تەقدیمی ئەو دەوڵەتانە بکەین لە پێناوی پەرەپێدانی پەیوەندیەکانمان، ئابووریمان، ئیقتسادمان، ئیستسمارمان، کە لەبەرئەوەی هەر کێشەیەکمان هەبێت ئێمە مەوقعی تەفاوزیمان لەگەڵ بەغدا زەعیف دەکات، بۆیە لێرەوە داوا دەکەم ئەگەر ئێمە ئەنجومەنێکی ئاسایشی نیشتمانیمان هەبووایە وەك هەرێمی کوردستان کە چۆن بە هەمان شێوە لە بەغدا هەیە کە لەسەر ئیقتراحی کوردیش لە بەغدا دروست کراوە کە هەر ئەو کوردە بەڕێزانەی لەوێ ئیقتراحیان کردووە یان توانیویانە لێرەش ئیقتراح بکەن بە نوێنەرایەتی کتلە سیاسیەکان دەیانتوانی دیراسەتی مەشاکیل بکەن و عیلاجیشی بۆ بدۆزنەوە، بەڕاستی هەندێك شت وا باس دەکرێت کە ئەم تەهدیدەی ئێران بۆ چۆڵکردنی قەندەیلە لە گەریلاکانی پژاك و پەکەکە، بەڕێزینە من هیچ تەعلیقێکم لەسەر ئەو مەوزوعە نیە، بەلام چۆڵکردنی ئەو ناوچەیە پێویستە ئەوەش بیری لێ بکرێتەوە ڕەنگە لە موستەقبەل ئەمە ببێتە مۆڵگەی تیرۆرستی کە لە ئەفغانستان و تۆکیۆوە بۆی بێنن، من داواکارم لە کاتێك دا سەرۆك کۆمار کوردە و بە پێی ماددەی 61 و دەستووری عیراق دەسەڵاتی هەیە و وەزیری خارجی کوردە، کە تا ئێستا بەداخەوە وزارەی خارجی یەك ئیحتجاجی دەرنەبڕیوە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە تەسریحێکی داوە لبید عەلاوی بریکاری وەزارەتی دەرەوە دەڵێت بانگهێشتی سەفیری ئێرانیمان کردووە و قسەمان لەگەڵ دا کردووە، ئەمە نە مەعنای ئیحتجاجە و نە مەعنای ئیدانەیە، بەهەمان شێوە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم کە لە ڕێی وەزیری خارجیەوە داوای لیژنەی تەقەسی حەقائیق بکرێت، یان داوای لیژنەیەکی تەوفیقی بکرێت لەگەڵ ئێراندا، یان داوای لیژنەیەکی وەساتە بکرێت، هەموو ئەو هۆیانەی دەبنە هۆی ئەوەی دەوڵەتانی دەر و جیران لێمان بە شك بن کۆتایی پێ بهێندرێت و حەلێك بۆ ئەم مەوزوعە بدۆزرێتەوە و دەست بەجێ بەڕێزان سەرۆکی هەرێم بگەڕێتەوە کوردستان و سەرۆك کۆماریش کۆتایی بە موئتەمەرەکەی بێنێت و بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، لەبەرئەوەی ئەزمە کە دروست بوو لە حەدی یەکەم دەتوانرێ سنووریشی بۆ دابندرێت، بەلام کە تەوەسوعی کرد ئەو وەختە سنوور بۆ دانانی کارێکی زەحمەتە، بۆیە پێویستە بە زووترین کات عیلاج بکرێت، دووبارە سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم و هیوادارم سەرم نەئێشاندبن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار شاهۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شاهۆ سعید فتح الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سەرەخۆشی لە خۆمان و لە خێزانی (بەسۆز جمال) دەکەم، ئەو کیژۆڵەیەی کە لە سەرتای ژیانی دا بە تۆپێکی وێڵی تۆپخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران گیانی لە دەست دا، لەو بڕوایەش دام دیمەنی باوکی بەسۆز کاتێك گوزارشتی لەو کارەساتە کرد ویژادنی هەموومانی هەژاند، لەو بڕوایەدام ویژدانی هەموو مرۆڤێکی ویژادن زیندوو دەهەژێنێ، بەڕێزان نزیکەی مانگێکە تۆپخانەکانی ئێران ناوچەکانی پشدەر و ژاراوەو سیدەکان و چەندین ناوچەی تری هەرێمی کوردستان بۆردومان دەکەن، وە زەرەر و زیانێکی ماددی و گیانی زۆری لێ کەوتووەتەوە، من حەزدەکەم لە ڕەخنەیەك لە خۆمانەوە دەست پێ بکەم، کە زۆر جار ئێمە لە هەرێمی کوردستان چ وەك پەرلەمان چ وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان چ وەك دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان زۆر جار دوا دەکەوین و هەڵوێستێکی پاش وەختمان هەیە، بۆ مانگێك دەچێت ئەم تۆپبارانە بەردەوامە، ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان لە 5/19 ەوە واتە 21 ڕۆژ لەمەوپێش داوامان لە بەڕێزتان کردووە کە دانیشتنێکی بە پەلە گرێ بدرێت، وە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت کە هەڵوێستی هەبێت، هەروەها داوا لە حکومەتی فیدراڵ بکرێت کە هەڵوێستی لەو بارەیەوە هەبێت، بەڵام کۆبوونەوەکەمان بۆ ماوەی 21 ڕۆژ دواکەوتووە کە ئەوە خۆی لە خۆیدا مایەی ئەوەیە کە بە هەڵوێستی خۆمان و بە شێوازی کاری خۆماندا بچینەوەو زۆر ئاسایشە رەخنە لە خۆمان بگرین، بەڕێزان ئەوەی کە بەدی دەکرێت لە ڕووی مرۆییەوە ڕۆتین و کەم تەرخەمی هەیە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئێمە کاتێك کە دەنگمان لەسەر بودجە دا گوژمەیەك پارە تەرخان کرا بۆ حاڵەتی طارىء، حاڵەتی طارىء ئەو حاڵەتانەیە کە نابێت بە کەناڵی ڕۆتین دا تێ پەڕێت، ئێستا کە گوێمان لە شاندەکان گرت کاتێك کە داوایان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی کردووە، ڕۆتین بووەتە هۆی ئەوەی کە لەڕووی مرۆییەوە تاوەکو ئێستا هاوکاری پێویست نەگاتە ناوچە سنووریەکان و نەگاتە قوربانیانی ئەو تۆپبارانە، لەسەر ئاستی دبلۆماسی و لەسەر ئاستی سیاسی ئێمە پێویستمان بەوەیە کە هەوڵ بدەین چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ ئەو کێشە موزمینە بدۆزینەوە وەکو مامۆستا عمر گوتی کە کێشەیەکی موزمینە لەدوای ڕاپەڕینەوە تاوەکو ئێستا ساڵانە ئەو کێشەیە دووبارە دەبێتەوە و بەدیاری کراویش دەکەوێتە وەرزی وشکەهەڵاتنی گژوگیا و وەرزی دروێنە کە زەرەری ئابووری زۆر گەورە بە گوندنیشینانی ئەو ناوچەیە دەگەیەنێ، لەڕووی پەیوەندیەکانەوە ئێوە خۆتان دەزانن حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە لە ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ، بۆیە ئێمە پێویستمان بە ڕوونکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە لەو بارەیەوە، ئایا کەناڵی دبلۆماتی حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ڕۆڵێکی گێڕاوە؟ چ گوشارێکی دروست کردووە لەو بارەیەوە؟ لە ڕێگەی حکومەتی فیدراڵ و لە ڕێگەی کەناڵی دبلۆماتی حکومەتی فیدراڵیشەوە ئێمە نەمانتوانیوە گوشار دروست بکەین، لەکاتێك دا مەلەفی دبلۆماتی حکومەتی فیدراڵی عیراق بە دەست

کوردێکەوەیە و جگە لەوەی سەرۆك کۆمار و رەئیسی ئەرکانی جەیش و رەئیسی ئیستخبارات کە ئەمانە بەرپرسی یەکەمن و بەرپرسی سەرەکین لە پاراستنی سنوورەکان، نەمانتوانیوە گوشار دروست بکەین لەو بارەیەوە، من زانیاریم لایە کە رۆژانە لە کوردستانەوە راپۆرت دەدرێت بە وەزارەتی ناوخۆی عیراق سەبارەت بە هەر کێشەیەك و سەبارەت بە هەر تۆپێك کە لە سنوورەکانەوە ئاراستەی خاکی هەرێمی کوردستان بکرێت، بەرێزان لە هەموو دنیادا کە کارەساتێك روو دەدات چ کارەساتەکە سروشتی بێت یاخود مرۆڤکرد بێت دەست بە جێ دامودەزگاکانی حکومەت دەکەونە حاڵەتی تاریئەوە، خۆ ئەگەر بەرپرسەکان لە هەر شوێنێك بن دەست بە جێ کۆتایی بە باری ئاسایی خۆیان دێنن و دەست بەجێ لە شوێنی کارەساتەکان ئامادە دەبن، بۆیە من لێرەوە جگەلەوەی هەست دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتەرخەمی نواندووە، ئێمەش وەکو پەرلەمان کەمتەرخەمیمان نواندووە، چونکە پێکهاتەی ئەو شاندانەی کە سەردانی ئەو ناوچانەیان کردووە هەست دەکەم پێکهاتەیەکە زیاتر گوزارشتی لە فراکسیۆنەکان کردووە، نەك گوزارشتی لە پەرلەمانی کوردستان کردبێت، واتە دەبوو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و بەرێزتان فەرمان دەربکەن کە پێکهاتەی شاندەکان پێکهاتەیەك بێت گوزارشت لە هەموو فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان بکات، لە کۆتایی دا ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان وێرای تەئیدکردنی بەشێکی زۆری راپۆرتەکانی لیژنەی ناوخۆ و راپۆرتی ئەو شاندانەی فراکسیۆنە جیاوازەکان کە سەردانی ئەو ناوچانەیان کردووە، بەڵام ئێمە پێشنیار دەکەین کە پەرلەمانی کوردستان وسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان تەوسیەیەکی مولزم لە رێگەی ئەم کۆبوونەوەیە وەکو بەشێك لە کارنامەی ئەم کۆبوونەوەیە دەربکات و لەو تەوسیەیە دا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات کە روون کردنەوە بدات سەبارەت بە کەم تەرخەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چ لەرووی بە دەنگەوە چوونی قوربانیانی ئەو ناوچەیە، چ لەرووی کەم تەرخەمی دبلۆماتی، چ لە رووی کەم تەرخەمی سیاسیش، چونکە با ئەوەمان لە یاد نەچێت ئەگەر بمانەوێ نوقتە بخەینە سەر حەرف، کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بوعدێکی سیاسی هەیە و هەندێ پاساو هەیە کاتێك کۆماری ئیسلامی ئێران تۆپبارانی ئەو ناوچانە دەکات، بۆیە ئێمە دەبێت زۆر بە روونی و زۆر بە شەفافانە دیراسەی ئەو پاساوانە بکەین و هەڵوێستی خۆمان لەو بارەیەوە وەربگرین، ئێمە وەکو دامەزراوەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان دا چ وەك پەرلەمانی کوردستان و چ وەك سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداربین لەو دانوستانانە کە لەو بارەیەوە دەکرێت، واتە چیتر حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوازێکی ناشەفاف دانوستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و وڵاتە دراوسێکانەوە نەکەن، بەڵکو بە شێوازێکی شەفاف واتە مەلەفی پەیوەندیەکان و مەلەفی کێشەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ مەلەفێکی شەفاف بێت، هیچ نەبێت بۆ ئێمە ئەگەر ئەو مەلەفە بە جۆرێك لە جۆرەکان پێویستی بە شاردنەوە هەیە بۆ رای گشتی، پێویستی بە شاردنەوە نیە بۆ ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان، دەشکرێت ئەگەر بزانین باسکردنی ئەو مەلەفە کێشەیەك دروست دەکات لەرووی ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نیشتمانیەوە

دەكرێت ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان دانیشتنی داخراو لەو بارەیەوە ئەنجام بدەین، تەوسیەیەكی تر كە من لەو بڕوایەم وەكو پەرلەمانی كوردستان تەوجیهی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكەین كە تەوسیەیەكی رەخنە ئامێزە، ئەویش ئەوەیە بۆچی ڕێگا دەگیردرێ لە خەڵكی كوردستان؟ بۆچی ڕێگا دەگیردرێ لە كۆمەڵگەی مەدەنی كوردستان بۆ بەشداری كردن لە گوشاردا، ئێوە خۆتان شارەزان لە هەموو دنیای دیموكراتی دا هێندەی كەناڵە ڕەسمیەكان بەشداری دەكەن لە دیاری كردن و رەسم كردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتەكان دا شەقامیش بەشداری دەكات، هەر دوور نەڕۆین لە توركیا یەكێك لە هۆكارەكانی ڕێگری ئاسایی بوونەوەی پەیوەندی نێوان هەرێمی كوردستان و توركیا پەیوەندی بە شەقامی توركیەوە هەیە، بۆیە زۆر پێویستە شەقامی كوردیش بەشداری لە دروست كردنی گوشاردا بكات، لە حاڵەتێكی وا دا ڕەنگە ئیحراجیەكی زۆریش دروست نەبێت بۆ حكومەتی هەرێم و دامودەزگا فەرمیەكان، ڕێگە گرتن لە بەشداری نەكردنی خەڵكی كوردستان و شەقامی كوردی لە دروست كردنی گوشاردا خۆی لە خۆیدا بچووك كردنەوەی ڕۆڵی كۆمەڵگەی مەدەنیە لە كوردستاندا، دەستێوەردانی حكومەتی هەرێمە لە كۆمەڵگەی مەدەنی كوردستان دا كە دەبێت كۆمەڵگەیەكی ئازاد بێت، بۆیە پێویستە ئێمە وەكو پەرلەمانی كوردستان داوای ڕوون كردنەوە لە حكومەتی هەرێم بكەین كە بۆچی ڕێگە گیراوە لەوەی كە هاووڵاتیان لە شاری سلێمانی و لە قەزای سەنگەسەر بەشداری بكەن لەو بارەیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕێزدار پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی بۆ تۆپباران كردنی سنوورەكانی هەرێمی كوردستان ئەزمەیەكی ڕاستەقینە و ڕووداوێك و بارودۆخێكی نائاساییە لە هەرێمی كوردستان دا كە لەو بڕوایە دانیم هیچ كام لە ئێمە لە دژی ئەو ڕاستیە بوەستینەوە، بەڵام ئەم ئەزمە حەقیقیە چەند هۆكارێك هەیە كە وای كردووە زیاتر وامان لێ بكات كە ئەو ئەزمەیە بەردەوامی هەبێت، ئەو ئەزمەیە كاریگەری خراپی هەبێت، لەهەمان كاتیش دا ئاماژەیەكی خەتەرە بۆ هەرێمی كوردستان كە دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان بە پەرلەمانیشەوە بە دەسەڵاتی جێ بەجێ كردنیشەوە لە چ بێ دەنگی و خەم ساردیەكە، ئەوەی وامان لێ دەكات دڵنیا بین لە خەم ساردی و بێ دەنگی دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان بە پەرلەمانیشەوە، من دوو حاڵەت دەخەمە بەرچاو، یەكێكیان/ بابەتی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانە كە ئیشارەت بەوە كراوە كە گفتوگۆ كردن لەسەر بەردەوام بوونی بۆردومان كە ئێمە پێشتر دانیشتنمان لەسەر ئەسڵی بابەتەكە كە بۆردومان كردنە نەكردووە، واتە ئەسڵی مەوزوعەكە ئێمەی وا لێ نەكردووە و ئێمەی نەهەژاندووە بۆ ئەوەی دانیشتنی تایبەتی لەسەر بكەین، بەردەوام بوون لەسەر ئەم حاڵەتە ئێمەی ناچاركردووە كە دانیشتنی تایبەتی بۆ بكەین، ئەمە یەكێكە لە ئاماژەكان بۆ بێ دەنگی و خەم ساردی دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان سەبارەت بەم كێشەیە، حاڵەتێكی

تر له ڕاپۆرتەکەی بەڕێز کاك عمر نورەدینی کە وێڕای باسکردنی خراپی گوزەرانی ئەو خەڵکە ئاوارەیە ئیشارەتی بەوە کرد کە دوێنێ حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەست خۆشیەوە بڕی ملیۆنێك دیناری داوە بەو خەڵکانە کە زیاتر بۆ مانگێك دەچێت کە ئەو خەڵکانە ئاوارەن و ئەو خەڵکانە لەو بارودۆخە سەختە دەژین کە ڕاپۆرتەکەی جەنابیان و لیژنەکانی تر ئیشارەتیان پێی کرد، بەڵام دوێنێ حکومەتی هەرێم دەچێت پارەیان بەسەردا تەوزیع دەکات لەکاتێك دا ئەرکی حکومەتی  هەرێم بە تەنها کۆمەکی ماددی نیە، کۆمەکی ماددی یەکێکە لە ئەرکە سانەویەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەرکی سەرەکی و بنچینەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە چارەسەری ڕیشەیی کێشەکە بکات، نەك ئەوەی تیماری یان چارەسەری ئازار شکێنیان بداتێ، بەڵام ئەسڵی نەخۆشیەکە چارەسەر نەکات، هەڵبەتە ئەم قسەیەم بۆ کەم کردنەوەی ئەو ڕۆڵەی حکومەت نیە، بەڵام ئەوە ڕۆڵێکی لاوەکیە و بەدیهیە کە دەبێت جێ بەجێ ی بکات، من لەم پێشەکیەوە دەچمە سەر ئەوەی کە چەند پرسیارێك ئاراستە دەکەم، یەکێك لەوانەی کە ئەم بێ دەنگی و  خەم ساردیە بەو کۆمەڵە بەڵگەیەوە دەکرێت بە دیویکیا هەر بۆ خۆی خەم ساردی بێت یان ئیهمالی بێت، یا سەرقاڵی دەسەڵاتەکانی حکومەت بێت بە کۆنگرەی ناوخۆ و بە کاروباری ناوخۆوە، بەڵام لە هەمان حاڵەتیشدا دەکرێ بێ دەنگی بە ڕەزامەندی بخوێندرێتەوە، زۆر جار بێ دەنگی ڕەزامەندی دەنوێنێت، بۆیە لێرەوە دەکرێت بپرسین ئایا ئەم بێ دەنگیە ڕەزامەندیە یان ئیهمالیە، کە بۆ هەر دوو حاڵەتەکە پێویستە وەڵامان هەبێت، پێویستە لێ پرسینەوەشمان لەبەرامبەر ئەو وەڵامانەدا هەبێت، پرسیارێکی تر جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لە قسەکانی دا ئیشارەی بەوە کرد هەوڵی سیاسی و دبلۆماسی دراوە، لێرەوە من بۆ خۆم وەکو ئەندامێکی پەرلەمان دەمەوێ بزانم ئەو هەوڵانە چین؟ بە کوێ گەیشتوون؟ هەنگاوی دوای ئەوە چیە؟ کە سەرۆکایەتی پەرلەمان بیری لێ کردووەتەوە، چونکە پێشتر لە کۆبوونەوەدا قسەی لەسەر نەکراوە، لەم دوو پرسیارەوە من دەڕۆمە سەر چەند پێشنیارێك، من پێشنیار دەکەم پەرلەمان بە دوو ئاراستەدا ئیش بکات، ئاراستەیەکیان تایبەت بێت بە کارکردن لەسەر حکومەت، ئەویش بە تەوسیە کردن بۆ حکومەت کە بە پەلە بکەوێتە خۆ بۆ ئیش کردن لەسەر ئاستی یاسایی و سیاسی و کۆمەکی ماددی بۆ ئەم کێشەیە، ئەمە یەکێك لە تەوسیەکان بێت  یان کۆمەڵێك تەوسیە پەرلەمان بیکات بۆ حکومەت لەسەرئاستی پەرلەمان، خۆی پەرلەمان خاوەنی بودجەیەکی تایبەتە، من پێشنیار دەکەم، هەتا ئەو کاتەی حکومەت لەو بودجەی لەناکاو و کتوپڕە کۆمەك دەکات، پەرلەمان لە بودجەی تایبەتی خۆی کۆمەك بۆ ئەو خەڵکە ئاوارەیە بکات، هەروەها پەرلەمان بەیاننامەی ئیدانە دەربکات، بۆ ئەو دیاردەیەو ئاراستەی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی بکات، پێشنیاری کۆتاییم ئەوەیە کە پەرلەمان بۆ ئەم بارودۆخە نائاساییە لیژنەیەکی کاتی پێك بهێنێت، بۆ بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی ئەو تەوصیاتانەی کە دەیکات و پێشکەشی حکومەتی دەکات، بۆ ئەوەی چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە لەچوارچێوەی دانیشتنێکی پەرلەمان و قسە کردندا کۆتایی پێ نەیەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار پێشەوا تۆفیق، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی دیارەو لای هەمووومان ڕوون و ئاشكرایە، كە مەبەست لە تۆپباران كردنی ناوچە سنوورییەكان، بوونی هێزەكانی پژاك و پەكەكەیە لەو ناوچە سنووریانەدا، ئەوە شتێكە ناتواندرێ ئینكاری لێ بكرێت، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە لێرەدا باسی بكەم، بەڕاستی هەڵوێستی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستانە، كە لە ئاست ئەم ڕووداوە زۆر سست بووە، بەڕەئی من دەبوایە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان پێشنیاری ئەوەی بكردایە، كە لیژنەیەك بە زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان پێكبهێندرێت، لەسەر میزانیەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان مەبلەغێك تەرخان بكرێت، بۆ هاوكاری و كۆمەكی ئەو خێزانانەی كە لە دێیەكانی خۆیان ئاوارە بوون، ئێستا لە ژیانێكی زۆر ناخۆشدان و ژیان بەسەر دەبەن، ئەو لیژنەیە بەزووترین كات سەردانی ئەو ناوچانەی بكردایەو ڕاپۆرتێكی ئامادە بكردایەو سەبارەت بەژیانی ئەو هاوولاتیانەی كە لەوێ دەژێن و ژیان بەسەر دەبەن، دواتریش سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان ئەم ڕاپۆرتەی بناردایە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەزووترین كاتیش سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەكی تەشكیل بكردایە بۆ بەهاناوە چوونی ئەو خێزانانە، لەلایەكی تریشەوە هەڵوێستی سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان تا ئێستا بەشێوەیەكی ڕوون و ئاشكرا نیە، زۆر سستە، بۆ نموونە خەڵكی ئەو ناوچانە تاكی ئەم حكومەتەن و دانیشتووی هەرێمی كوردستانن، خەڵكی كوردستانن، مەفروز وایە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەهانایانەوە بچێت، ئەمە لە كاتێكدایە كە تۆپباران كردنی ئەم ناوچانە بەردەوامە تا ئەم كاتەش، بەڵام لەو كاتەدا سەرۆكی حكومەتی كوردستان و وەزیری پێشمەرگە، بەكاری حزبییەوە خەریكن، بەشێك لە ئەركی بەرپرسیارێتی دەكەوێتە ئەستۆی ئەم دوانە، یەكێكیان بە حوكمی ئەوەی كە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەوی تریشیان بە حوكمی ئەوەی كە وەزیری پێشمەرگەیە، پێشمەرگەش بە پاسەوانی هەرێم لە دەستووری عێراقدا ناوی هاتووە، لەلایەكی ترەوە، ژمارەیەك لە وەزیری بەڕێز لەسەفەردان، لەدەرەوەی هەرێمی كوردستان، لەكاتی تۆپباران كردنی ئەم ناوچانەدا، بەڕەئی من ئەگەر ئەمانە هاوولاتی ئەم حكومەتەن، سەرەڕای ئەوەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان ناتوانێت تۆپباران كردنەكان ڕابگرێت، بەڵام بەلانی كەمەوە دەتوانێ سەرەتا ترین پێداویستیەكانیان بۆ دابین بكات، بەوەی كە ئەو لیژنەیە سەردانیان بكات و لێیان بكۆڵێتەوە بزانێ پێداویستی ئەمانە چیە؟، بەڕاستی من گوێبیستی ئەوە بووم وەفدێكی حكومەت بە سەرۆكایەتی پارێزگار سەردانی ئەم ناوچەیەی كردووە، هەر ماڵێك بڕی ملیۆنێك دیناری داونەتێ، كارەسات لێرەدایە تا ئێستاش، تا ئەم كاتەش حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕەئی وایە كە خەڵكی ئەم هەرێمە، تاكی ئەم حكومەتە، كێشەو موشكیلەی پارەیە، بەڕاستی ئەمانە كێشەیان پارە نیە، ڕەنگە بەشێكی زۆری لەمانە وەزعیان زۆر باش بێت و مەڕوماڵاتیان جێ هێشتبێ، زەرعاتیان بەجێ هێشتبێ، خانووەكانی خۆیان بەجێ هێشتووە لە ترسی تۆپباران فریای هیچ

نەکـەوتوون کـە دەربـاز بـوون، بـەڵام لـەجیاتی ئـەوەی تـۆ بێیـت پـارە بـدەیت بـەم خەڵکـە، وەرە پێداویستیەکانیان بۆ دابین بکە، لە ئاوی خواردنەوە، لە بنکەی تەندروستی، لە شوێنی حەوانەوە، دەکرێ و کۆمەڵێك شتی تر هەیە، بۆیە بەڕاستی ئەمە جێگای هەڵوێستەیە، دوا شت کـە مـن بمـەوێت قسـەی لەسـەر بکەم، ئەوەیە کە گوێ بیستی هەواڵێك بووم، گوایە لەسەر زاری سەفیری کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەغداد، ڕاگەیەنـدراوە کـە تـا ئێسـتا حکومـەتی عێراقـی بەشـێوەیەکی ڕەسمـی داوای لـە کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران نەکردووە کە تۆپبارانەکان ڕابگرێت، بەڕاستی ئەگەر ئەم هەواڵە ڕاست بێت جێگای پرسیارە، لە کاتێکدا کە ئێمە سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ کوردە، جێگری ئەنجومەنی وەزیـران کـوردە، وەزیـری دەرەوە کـوردە، سـوپا سـالاری عێـراق کـوردە، ئـەی باشـە ئەمانـە ئیشـیان چـیە؟، لەکاتێکـدا نوێنـەرمان هەیـە، نوێنـەری حکومەتی کوردستان لە کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەی نوێنـەری حکومـەتی هـەرێم ئیشی چیە؟، بۆیـە مـن داوا دەکەم هەرچی زووترە لیژنەیەك پێك بێت لە وەزارەتی دارایی و وەزارەتەکانی تر بـۆ ئـەوەی بـەهانای ئەم هاووڵاتیانەوە بچن و سەرەتا ترین مافەکانیان بۆ دابین بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار دکتۆر زانا، فەرموو.

**بەڕێز د. زانا ڕؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، هـەوڵ دەدەم ئـەو پێشـنیازانەی کـە هەمـە لـەم کۆبوونەوەیـەدا کورتیـان بکەمەوە لەچەند خاڵێکی سەرەکیدا، وێڕای پشتگیری کردنم بۆ هاوکارانم بەتایبـەت بـۆ ئـەو ئەرکانـەی کـە پێویسـتە لەسـەر شـانی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان و سـەرۆکایەتی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـە ئـەنجام بگەیەندرێت، پێشنیاز دەکەم لەم خاڵانەی خوارەوەدا.

یەکەم: ئێمە هەمووومان درك بەو کەم وکوڕیانە دەکەین کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ڕەنگە پاساوەکان زۆر بن، جیـاوازیش بـن، بـەڵام گـرنگترین شـت ئەوەیـە کـە پێویسـتە لـەم حاڵەتـەدا ڕۆڵـی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەفعیل بکرێت، جا ئەرکی ئێمەیە کـە ئـەم فشارە لەسـەر حکومـەت دروسـت بکـەین، یـاخود بـەئاگا هێنانـەوەی وەزیـرە پەیوەندیـدارەکان و حکومەتـە لەسـەر ئـەم حاڵەتـە، لەهـەمان کاتیشدا ڕۆڵی نوێنەری کوردیش لە بەغـدا، جـا چ لـە ڕێگای ئێمـەوە بێـت لـە پەرلـەمان، یـاخود لـە ڕێگـای حکومەتەوە بێت، بە ئاگادار کردنەوەیان ئەگەر دۆخێکی لەو شێوەیە هەیە لە بەغداد سـەرقاڵی پێکهێنـانی کابینەی حکومین و کەمتەرخەمییەك هەیە، ئەوان کێشـەیان نیـە، چـونکە ئـەوان لـە ئەزمـەی فەکـەیا زۆر دەست و برد چی ناوچەی خۆیـان بـوو زوو لێـی هاتنـە دەسـت و بـرد، ئـەوە ئیشـی ئێمەیـە هـی نوێنـەرانی کوردە لە بەغداد، کە بتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕێت بۆ ئەوەی ئەو بابەتـە بکاتـە پرسـێکی ڕای گشـتی جیهـانی و بتوانین لە ڕێگـای ئاگـادار کردنـەوەی ئـەو (16) قونسـوڵیەی کـە لـە هـەرێمی کوردسـتاندا هەیـە و نەتـەوە یەکگرتووەکان و جامیعەی وڵاتانی عەرەبی و کۆنگرەی موئتەمەری ئیسلامی، ئەم وڵاتانە هەموویان ئاگادار

بكرێنەوە و بكرێتە كێشەیەكی ڕای گشتی جیهانی، بۆ ئەوەی چیتر ئەم بابەتـە جدیـەتێك لەلایـەن ئێمـەوە بەدی بكرێت، ئەگەر كەمتەرخەمییەك هەیە لەناوەندەدا ئێمەش بەرپرس نەبین لەو كەمتەر خەمییەدا.

دووەم: بە بڕوای من ئەمە بەرپرسیارێتیەكی قانونی و ئەخلاقیشـە، كـە لەسـەر شـانی حكومـەتی هـەرێمی كوردستان و بەرپرسی یەكە ئیدارییەكان، وەكو بـەڕێز دكتـۆر شاهۆ ئامـاژەی پێكـرد، كـە ڕێگـە نـەدرێت و ڕێگـری نـەكرێت لـە هاووڵاتیـان بـە ئەنجامـدانی كۆمـەڵێك فـەعالیاتی جـەماوەری، ئەمـە ئـەو زەمینـە جەماوەرییە كە خەڵك داكۆكی لە هاووڵاتیانی خۆی دەكات، لە زەوی خۆی دەكات، لە خاكی خۆی دەكات، بـا دەزگـا ڕەسمیـەكانی دەوڵـەت سەرپەرشـتی ئـەو ڕێپێـوان و ناڕەزاییـە جەماوەریانـە بكـەن، لـە چۆنیەتی بـە ئـەنجام گەیانـدنی نـەك ڕێگرییـان لـێ بكـەن، بـا خۆیـان سەرپەرشـتی بكـەن و ڕێـك بكـەون لەسـەر ئـەو دروشمانەی كە بەكار دەهێندرێت، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە كە ڕێگرییان لـێ نـەكرێت، بـە ئـەنجام دانـی ئـەو گوزارشـتانەی كـە لەلایـەن هاووڵاتیانـەوە بـە ئـەنجام دەگەیەنـدرێت، چـونكە بەڕاسـتی تـۆ لـە لایـەك كێشەیەكت هەیە، تۆپبارانی ناوچەكانت دەكرێت، لەدەسەڵاتی تۆدا نیە، بەڵام لەهەمان كاتدا تۆ ڕێگـری لـێ دەكەیت كە هاووڵاتیت تەعبیر لەئیرادەی خۆی بكات، وڵاتێك كە خـۆی لـە نـاوخۆی خۆیـدا ڕۆژانـە دەیـان و سـەدان خۆپیشـاندانی جیـاواز دەكرێـت، كەچـی كـە تۆپبـارانی وڵاتەكـەی دەكرێـت تـۆ ڕێگـری بكـەیت لـە هاووڵاتی خۆت، وا هەست دەكەم ئەمە ئیزدیواجێتێكە كە مەفروزە ئاگاداری حكومەت و وەزارەتی ناوخۆ و بەرپرسی یەكە ئیدارییەكان بكرێتەوە، بەپێـی ڕێنماییەكانی وەزارەتی ناوخۆ كە ڕێگـری نەكـەن كـە داوای مۆڵەتیان لێ دەكرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو فەعالیەتە جەماوەرییانە.

سێیەم: بەپێـی هەندێ لە حاڵەتەكانی پێشوو ئـەزموونی پێشـوو خۆمـان بینیمـان كـە چـەند بەرپرسـێكی ئێرانی كە لە هەرێمی كوردستاندا تەواجودیان هەبووە، لەوانە قونسوڵی ئێرانی لە هـەرێمی كوردسـتاندا لـە چـەند بۆنەیـەكی جیـاوازدا باسـی لـەوە كـردووە، كـە جـاری وا هـەبووە لـە هـەرێمی كوردسـتاندا تۆپبـاران كردنەكە بە تەنسیق كـراوە، لەگـەڵ هـەرێمی كوردسـتاندا، بـەڕێزان ئەمـە كارەساتێكی زۆر گەورەیـە، هـەر بەرپرسێكی حكومی تەنسیقی كردبێ لەگەڵ حكومەتی ئێرانیدا بۆ تۆپباران كردن، بەشـدارە لـەو تۆپبـاران كردنـە، بەشـدارە لـەو تاوانـەش، مـەفروزە لەسـەر پەرلـەمانی كوردسـتان بەهـەر شـێوەیەك كـە زانـرا هـەر بەرپرسـێكی ڕەسمـی حكومیمـان هـەبووبێت، بەشـێوەیەك لـە شـێوەكان بەرەزامەنـدی زارەكـی بێـت یـاخود نووسراو، یان لە هەر كۆبوونەوەیەكدا هەبووبێت، توونـدترین ئیجرائـات بەرامبـەر بـەو بەرپرسـە بكرێـت، چونكە ئەو تاوانەی كە ئەكرێت، لەبەهەدەر دانی سامانی وڵات، لە فەوتانـدنی كشـتوكاڵ، لـە وێـران كردنـی گوندەكان، لەزەرەرو زیانی مادی و گیانی، ئەوە پشكی ئەكەوێتە سەر ئەو بەرپرسە حكومیە، ئەگەر بەشدار بوونی لەو شێوەی هەبووبێت، بۆیە من پشتگیری لەو ڕەئیە دەكەم كـە لیژنەیـەكی پەرلـەمانی هـەبێت، بـۆ بەدواداچوون بەدوای حەقیقەتی ئەم ئیشەدا بچێت، ئەگەر ئەوان بەشدارن، بەڕاستی ئەگەر بەشدار بـن لـە كۆبوونەوەدا ئەوا بەشداریشن لە تاوانەكەدا.

چوارەم: کە کۆتاییە، ئەگەر بەحوکمی ئەو پەیوەندییەی ماوەی ڕابردوو بێت، تەبعەن هەمووومان پشتگیری لەوە دەکەین کە پەیوەندییەکی دۆستانە و ئاڵوگۆڕێکی بازرگانی تەندروست هەبێت لەنێوان هەرێمی کوردستان و سەرجەم وڵاتانی دراوسێدا، بەڵام ئەکرێت وەکو کارتێکی فشار حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا تەجمیدی هەندێ لەو پەیوەندییانە بکات، بۆ نموونە کارێکی هاوبەش هەبێت، لە ئایندەیەکی نزیکدا لە کردنەوەی بازاڕی هاوبەش، لە ئەنجامدانی پێشانگایەکی هاوبەش، من پێشنیاز دەکەم ئەمە وەکو کارتێکی فشار بەکار بهێندرێت، بەلانی کەمی لەم قۆناغەدا تەجمید بکرێت، تا کاتێکی دیاری کراو، هەتاکو بتوانین چارەسەرێك بدۆزینەوە بۆ ئەم دۆخە، چونکە ئەوانەی کە لە سنوورەکانن هیچ فەرقیان نیە، لەگەڵ ئەوانەی کە لە شارەکانن، ئەوان کە زیانیان لێ دەکەوێت بێگومان ئێمەش بەشدارین لەو زیانانەدا، ئەگەر خۆشیەکیشیان هەبێت ئەوە بەراستی کاری ئێمەیە کە بتوانین ئەو خۆش گوزەرانیەیان بۆ دابین بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار جعفر علی، فەرموو.

**بەڕێز جعفر علی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەمەوێت بەو پرسیارە دەست پێ بکەم، ئایا بەڕاستی ئێمە هاووڵاتی دەوڵەتی عێراقین، ئەگەر قەرارە ئێمە هاووڵاتی دەوڵەتی عێراقی بین، ئایا دەوڵەتی عێراقی بەپێی دەستوور، بەپێی هەردوو ماددەی (109 و 110) ڕاستەوخۆ بەرپرسیار نیە لە پاراستنی سەروەت و سامان و گیانی تاك بەتاکی خەڵکی ئەم وڵاتە، ئەگەر بەرپرسیارە من بە ئاراستەیەکی تردا پرسیارەکە دەکەم، بۆچی لەمەسەلەی پارە وسامان و داهاتی ئەم وڵاتە، دڵۆپ، دڵۆپ، فلس، بە فلس لێی دەکۆڵێتەوە، و ئامادەش نیە بچێتە ژێرباری دانووسانێکی نامەشروعەوە لەسەر ئەم مەوزوعە، بەڵام لەسەر خوێنی هاووڵاتیانی کورد لەم هەرێمەدا، کە ئەو بەرپرسی ڕاستەوخۆیە لە پاراستنی سیادەو گیان هاووڵاتیەکانی نایەتە دەنگ و قسەیەك ناکات، لەکاتێکدا کە سیادەی ئەم وڵاتە، لەڕووی یاساییەوە وەکو ئەندامانی پەرلەمان پێشتر باسیان کرد، دەوڵەتی مەرکەزی عێراقی، دەوڵەتی فیدراڵی لێرەدا بەرپرسیارە، بۆیە من وای دەبینم ئەمە بەشێکی بەرپرسیارێتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەتی مەرکەزی عێراقیەوە، بەشێکیشی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەناوخۆدا حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا ئێمە وێڕای دەستخۆشیمان لەو هەنگاوانەی کە تا ئێستا هەڵیان هێناوە، لەو هەنگاوانەی کە تاکو ئێستا ناوییانە چ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، چ ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان، کە سەردانیان کردووە، چ حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو بەیاننامانەی کە دەریان کردووە، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین و لەو ڕاستیە تێبگەین کە بەیاننامە کافی نیە، واتە تەنها بەیاننامەو ئیدانە کردن کافی نیە، واتە چی تر کافی نیە بۆ چارەسەرکردنی بابەتێك کە پەیوەندی بە چارەنووسی ژیانی خەڵکەکەی خۆمانەوە هەیە، ئێمە کاتێك

بەياننامە دەردەكەين، بەڵام دواى بەياننامەكان تەماشا دەكەين بە 20 ڕۆژێكيش هێشتا تۆپبارانەكان بە شێوەى بەهێز تر بەردەوامە، هێشتا ژيانى خەڵكى، هاووڵاتيانى سەر سنوور و گوندەكانى سنوورى پشتدەرو ناوچەى حاجى ئۆمەران و سيدەكان و ناحيەكانى سەنگەسەرو ژاراوە، پێشتريش ناوچەكانى بادينان، زاخۆ، ئاكرێ لە ژێر هەڕەشەو مەترسى بۆمباباران و فرۆكەكانى توركياو ئێراندا بوون، بۆيە بە پێويستى دەزانين كە حكومەتى هەرێمى كوردستان جدى تر لەو مەسەلەيە بكۆڵێتەوە، جدى تر بەدواداچوون بۆ ئەو مەسەلەيە بكات، كەناڵەكانى پەيوەندى خۆى باشتر بخاتە گەڕ بۆ لێكۆڵينەوە، بۆ بەدواداچوون، بۆ ديراسەت كردن، بۆ تەنسيق كردن، لەگەڵ حكومەتى مەركەزى عێراقى بۆ ئەوەى موعالەجەيەكى ڕيشەيى و جەزرى بۆ ئەو مەسەلەيە بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەى چيتر ئەم حاڵەتە دووبارە نەبێتەوە، چونكە ئەگەر پاساو بوونى گەريلاكانى پەژاك و پەكەكە بێت، ئێمە گومانێكمان لەوان نيە، كە ڕەنگە بۆ مودەتێكى زۆر لەوە درێژتر ئەم گەريلايانە لەم سنوورانەدا بمێننەوە، كەم هێزيش هەبێت بتوانێ لە ئێران و لە هەرێمى كوردستانيش ئەم گەريلايانە لەم ناوچانەدا هەڵبكەنێت بەراستى، بۆيە دەبێ ئێمە بەدواى موعالەجەيەكدا بگەڕێين كە دەوڵەتى ئێرانى ئيحترامى سەروەرى و سيادەى دەوڵەتى عێراق و هەرێمى كوردستانيش بگرێت، چونكە هەر پێشێل كردنێك پێشێل كردنى هەموو قەوانين و مەواسيقێكى نێودەوڵەتيە، خاڵێكى تر كە دەمەوێت ئاماژەى پێ بدەم، مەسەلەى هێزى پێشمەرگەيە، ئێمە لەگەڵ ڕێزى زۆرمان بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەى كە لەناو هێزەكانى پێشمەرگەدا بەشێوازى جياجيا ڕێكخراون، بەڵام ئەركى پاراستنى سنوورەكانى هەرێم، لە ئەستۆى پاسەوانانى سنوورى هەرێمە، ئێمە تەماشا دەكەين كە هەموو ئەو شوێنانەى كە ئێران لە ئێستادا بە هێزى پيادە تێيدا هاتووەتە ژوورەوە، هاتووەتە ناو خاكى هەرێمى كوردستانەوە، ئەو شوێنانەن كە هێزى پێشمەرگەى تێدا مەوجود نيە، ئەوەى كە من ئاگادارم لە حاجى ئۆمەران نەهاتووە، لە سيدەكان هاتووە، لە ناوچەى باشماخ نەهاتووە لە ناوچەى زەڵى و ناو زەنگ نەهاتووە، چونكە ڕەبايەو هێزى پێشمەرگەى تێدا مەوجودە، لە ناوچەى گەناو خندۆڵ كە ناوچەى سنووريە لە پشتدەر كەس نەهاتووەتە ژوورێ، هيچ هێزێكى ئێرانى، هيچ پاسدارێكى ئێرانى نەهاتووە، لەناو حاجى ئۆمەران، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم كەس نەهاتووە، لەناوچەيەك هاتووە كە هيچ هێزى پێشمەرگەى لێ نيە، ئايا ناكرێت ئێمە لە جياتى ئەوەى هێزى پێشمەرگە دووبارەى دەكەمەوە لەگەڵ ڕێزى زۆرمان بۆ ماندووبوونيان، لەجياتى ئەوەى لە دێگەڵەيان دابنێين، كە ڕەنگە نەتوانن كارێكى ئەوتۆ جێبەجێ بكەن لەوێدا، لەجياتى ئەوە لە سەيتەرەى تۆپزاوايان دابنێين، يان لە ناوخۆى شارەكانيان دابنێين، باشتر نيە ئێمە بتوانين بەشێك لەم هێزانە پێش ڕوودانى حاڵەتە نائاساييەكان بگوازينەوە بۆ ئەو شوێنانەى كە هەست دەكەين درزێك هەيە لە هاتنە ژوورەوەى ئەو هێزانەى كە هەميشە ئامادەن بۆ هاتنە ژوورەوە بۆ ناو هەرێم، خاڵێكى تر من پێشنيار دەكەم كە لەدواى وەستاندنى ئەم تۆپبارانە، ئێمە هەر بير لەوەستاندنى نەكەينەوە، بير لەدواى وەستانەكەشى بكەينەوە، چونكە كە وەستا بێخەم لێى دانەنيشين، لەدواى وەستانى ئێمە دەزانين لە حاڵەتى تۆپبارانەكە زەرەرو زيانێكى يەكجار زۆر بە ڕەزو باخى خەڵكى

ناوچەکە کەوتووە، گەنم وجۆ، ڕووبەرێکی زۆری زەویی و زاری داچێندراو بەگەنم و جۆ سوتێنراوە، خەڵك شەهید بووە، تەنانەت ئەم بەسۆزە، ئەم منالە هەرزەکارەی کچی کاك جەبار کە شەهید کراوە، تەنانەت بەداخەوە وەك پێویست سەردانی پرسەکەشی نەکراوە لە سنوورەکەدا، کە ئێمە چووین بۆلای، هەوڵ بدرێت ئەم زیانە قورسەی کە بەژێرخانی ئابووری ناوچەکەو دواجاریش بە هەرێمی کوردستان دەکەوێت، ئەمە بەرهەمی ڕەنگە لەدوای ڕاپەڕینەوە تاوەکو ئێستا زیاتر لە 10 ساڵە خەڵك خەریکی داچاندنەوەی ئەم ڕەزو باخەیە، خەریکی دروست کردنەوەی کورە هەنگەکانیەتی لەم ناوچانەدا، تۆ لەماوەی مانگێکدا بەرهەمی 10 ساڵی خەڵك، بەرهەمی 10 ساڵی ماندووبوونی خەڵك لەڕووی ئابوورییەوە دەهێنیتەوە سەر سفر، ئەمە تەنها زیان نیە بە خودی ئەم شەخصەی کە خاوەنی کورە هەنگەکەو ڕەزو باخ و گەنم و جۆکەیە، بەڵکو زیانێکی قورسە بە ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان کە ڕەنگە نەتوانێ بە 10 ساڵی تر ئەم ڕەزو باخە بێنێتەوە سەر دۆخی سروشتی خۆی، بۆیە داوا دەکەم چەند دەکرێت لەدوای وەستاندنی تۆپبارانەکە کۆمەکی خەڵکی ئەم ناوچانە بکرێت، بۆ ئەوەی کە قەرەبووی زیان و زەرەرەکانیان بۆ بکرێتەوە، ئەمە یەکەم: دووەم: هەوڵ بدرێت لە ڕێگای دەزگاکانی مین و دەزگاکانی تایبەتمەند چونکە ئێمە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت کاتێ کە تۆپبارانی ناوچەیەك دەکرێت، ڕەنگە زۆر گولە تۆپ هەبێت ئەصڵەن هەر نەتەقێتەوە، یاخود لەو کاتەی کە تۆپ دەهاوێت مەرج نیە هەموو گولە تۆپەکان بتەقنەوە، ڕەنگە زۆر تەقەمەنی ترسناك و خەتەرناك بەجێ بمێنێت لە دوای خۆی، کاتێ کە ئەو خەڵکە دەچێتەوە، منداڵ و خەڵك دەستکاری بکات لەکاتێکدا کە خەریکی کشتوکاڵ و ئاودێری دەبن لە ناوچەکانی خۆیاندا، بەدواندا بتەقێتەوەو دواتریش زیانی تر بەدوای خۆیدا بەجێ بهێڵێت، بۆیە گرنگە حکومەتی هەرێم لەوەشدا لایەن و دەزگا بەرپرسەکانی خۆی بەجدی ئاگادار بکاتەوە، لیژنەی تایبەتمەندیان لێ پێك بهێنێت، کە بگەنە ناوچەکان و مەسحێکی تەواوی ناوچەکە بکەن، بۆ ئەوەی پاکی بکەنەوە لە هەر پاشماوەیەکی چەك و تەقەمەنی کە لەو ناوچانەدا بەجێ دەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار گولیزار خان، فەرموو.

**بەڕێز گولیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێگای داخ و نیگەرانیە کە چەند ڕۆژە تۆپباران سەر سنوورەکانی گرتۆتەوە، کە ئەم خەڵکە داماوە بەدرێژایی ئەو چەند شەو ورۆژە ئاوارەن و جێگای خەو و ئیستراحەتیشیان نیە، بەڕاستی ئێمە هەموومان قەرزدارین بەخەڵکانی سەر سنوور، لەبەر ئەوەی بەدرێژایی شۆڕش و کوردایەتی خەڵکی سەر سنوور، پاڵپشتی شۆڕش و کوردایەتی بووە، نازانم تاکەی دەبێ ئاگر و ئاسن بەسەریاندا بباریٚ لەهەموو زروفێکدا؟، ئەوانە بەدرێژایی مێژوو بوونەتە ژێر پێ، زەحیەی زۆریان داوە، هەر لە مەڕومالات، هەر لە کشتوکاڵ، هەر لەخوێن، بەڕاستی هەر وەکو گوتم، ئێمە هەمووومان قەرزدارین بەوانە، لەبەر ئەوە داوا دەکەین بەزووترین

کات ئـەو تۆپبارانـە ڕابگیرێـت، هـەوڵی جـدییان بـۆ بـدرێت، قـەرەبووی ماددیـان بـە تـەواوی بـۆ بکرێتـەوە، نیگەرانیشین بەوەی کە حکومەتی عێراق کەمتەرخەمە، لەکاتێکدا دەیتوانی بە زووترین کات گفتوگۆ بکات لەگەڵ ئێران و ئەو تۆپبارانە ڕابگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەفرین خان، فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، سـەبارەت بـە قسـە کـردن لەسـەر تۆپبـاران کردنـی ناوچـە سـنوورییەکانی هـەرێمی کوردسـتان لەلایـەن سـوپای پاسـدارانی ئێـران و هێـزە سـەربازییەکانی ئێـران و بەزانـدنی خـاکی هەرێمی کوردستان بە قوڵایی 2 کم و دروست کردنی پێگەی سەربازی لەناو سنووری هەرێمی کوردستاندا، ئەمـە مانـای پێشـێلکارییەکی تـەواوی پرەنسیپ و بنـەماکانی دراوسـێیەتی و ڕێـز نەگرتنـە لـە بنـەماکانی دراوسێیەتی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانـەوە، هـەروەها دەست درێـژی کـردن و دەست بـردن و تەعـەدا کردنە لە سەروەرییەکانی خاکی عێـراق و بەزانـدنی خـاکی عێراقـە، جا بۆیـە پێویسـتە لەسـەر حکومـەتی ئێران ڕێز لە بنەماکانی هاوسێیەتی لەگەڵ دراوسێکانی بگرێت، تاکە زەرەرمەنـدی سـەرەکیش لـەم کێشـەدا لـەم کارەساتانەدا بـریتین لـە گونـد نشینەکانی سـەر سـنوورەکانی هـەرێمی کوردسـتان، سـەرەڕای کـەوتنی زەرەرو زیانێکی زۆر لە ڕەزو باخ و بێستان و کێڵگەکانی دانیشتوانی ئەو ناوچانە، وەك دەبینین کە شـەهید و برینداریشـی لـێ کەوتووەتـەوە، بۆیـە ئـەوە جێگـای نیگەرانیـە هـەتاوەکو ئێسـتاش حکومـەتی عێـراقیش هەڵوێسـتێکی جـدی، هەڵوێسـتێکی تونـدی سـەبارەت بـەو مەوزوعـە، سـەبارەت بـەو کێشـە کارەسـات بـارە نەنواندووە، بۆیە دەبینین کە قسە کردن لەسەر تۆپباران و مەسەلەی تۆپباران کـردن ڕۆژێـك و 2 ڕۆژ و 3 ڕۆژ نیە، بەڵکو چی تر پێویستە قبوڵ نەکرێت، ئەگەر بێت و لەلایەن سنووری هـەرێمی کوردسـتانەوە یـان لەلایەن جنوبی عێراقەوە، لەلایەن سوپای عێراقەوە، یان هێزی پێشمەرگەی عێراقەوە، تەنانەت یەك گولە تۆپ ئاراسـتەی کۆمـاری ئیسلامی ئێـران بکرایـە ئـەو کاتـە وەڵام و ڕەدی کۆمـاری ئیسلامی ئێـران بـۆ ئـەم مەوزوعە، چۆن ئەبوو؟، ئایا هەڵایەکی گەورەو فەوزایەکی گەورەی لێ دروست نەئـەکرا؟، جا بۆیـە وێـڕای ئیدانە کردنی تۆپباران کردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، ئێمە داواکارین کـەوا پەرلـەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوێستێکی جدی و ئاشکرا بـەم کەیسە بنـوێنن، ڕای گشـتی و پـەیامێکیش ئاراستەی (یو، ئێن) و ئەنجومەنی ئاسایش و لایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت، بۆیە بەکار هێنانی هێز لـەم کاتـەدا لەسەرانسـەری جیهانـدا پـێم وایـە تاکـە چارەسـەر نیـە بـۆ سـەرجەم کێشـەکان، بـەڵام پـێم وایـە

گرتنەبەری کەناڵی دیموکراسی و سەرجەم کەناڵەکانی تری وتووێژی ئاشتیانە چارەسەرە بۆ کێشەکان، لەبەر ئەوە ئەو کێشانە کێشەی سیاسی و کێشەی ناوخۆیین، پێویست بەوە ناکات تۆ سنووری وڵاتێکی تر ببەزێنیت، بۆیە پێویست بەوە دەکات بە وتووێژ ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن، بۆیە داواکارین کە وا هاوکاری مرۆیی بەپەلە بگەیەندرێتە ناوچە کارەسات بارەکان، فشارێکی زۆریش بخرێتە سەر حکومەتی ناوەندی بەمەبەستی خۆ تێگەیاندن لەم مەسەلەیە، لەبەر ئەوە تا ئێستا ئێمە بەشێکی دانەبڕاوین لە حکومەتی عێراقی فیدڕالی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاك بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەگەڵ تەئکید کردنەوەم لەسەر ڕاپۆرتەکەی بەڕێز کاك ئارام، کە بەناوی فراکسیۆنەوە باسی کرد، حەز دەکەم کە دوو، سێ، خاڵ هەیە منیش ئیشارەتی پێ بکەم وەك ئیزافە بۆ ئەو ڕاپۆرتە، لەلای هەموولایەك ڕوونە کە پێویستە ئێمە بەدوای هۆکاردا بگەڕێین، هۆکاری دروست بوونی ئەم کێشەو گرفتانەی کە بۆ سەر سنوورەکانی ئێمە دروست دەبن چین؟، لەلای هەموومان مەعلومە کە ئەو گرفتانەی کە هاتوونەتە پێش ئەو هێزە چەکدارانەیە کە لەسەر سنوورەکان هەیە، بۆتە گرفتێك بۆ هەرێمی کوردستان، من دوو پێشنیار دەکەم لەو بارەیەوە، یەکەمیان: لەڕووی دبلۆماسیەوە هەوڵ بدرێت کە هەرچی زووتر ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، تۆپبارانەکە بوەستێندرێت، لەگەڵ جمهوری ئیسلامیش گفتوگۆ بکرێت بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، دووەمیان: ئێمە بەڕەسمی داوا بکەین، چونکە ئێمە ئەگەر تەماشای ئەوە بکەین وڵاتی جمهوری ئیسلامی و هەر وڵاتێکی تر کە دراوسێمانە حەقی ماف دراوسێیەتیمان لەسەر یەکتری هەیە، لەهەمان کاتیشدا ئەم کێشەیە، کەلەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی موعارەزەی ئێرانی هەیە، ئەمەش دیسان ئەوانەش کە زۆربەیان کوردن و هاوزمان و هاو دین و نزیکانی ئێمەن، سێیەم: پێشنیار دەکەم ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئەرکە بگرێتە سەرشانی خۆی، کە ببێت بە ناوبژیوان لە بەینی موعارەزەو حکومەت، بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکرێت، ئەم کێشەیە ئەگەر ئەمڕۆش بەشێوەی دبلۆماسی چارەسەر بکرێت، دیسان سبەینێ لەوانەیە ئەم گرفتە دیسان دروست ببێتەوە، بۆیە من ئەم پێشنیارە زۆر بەجدی وەر دەگرم و پێم وایە چارەسەری ئەم کێشەیە بەوە دەکرێت کە ئێمە جدی بین لە قەزیەکەدا، داواش لە هەردوولا بکەین کە قبوڵ بکەن ئێمە ناوبژیوانی هەردوولایان بکەین، سەبارەت بە قەرەبووی مادی و مەعنەوی ئەم هاووڵاتیانەی کە بەڕاستی کۆمەڵێك گرفتی زۆریان بۆ هاتووەتە پێش، کە ئەمەش پێویستە لەڕووی ماددیەوە هەرچی زووتر حکومەتی هەرێم قەرەبوویان بکاتەوە، بەهانایانەوە بچێت، تەنها قەرەبووی مادیش لە مەسائیلی پارەدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لەهەموو پێداویستیەکانی تریش، لەهەمان کاتیشدا داوا

له کۆماری ئیسلامی ئێران بکرێت، قەرەبووی مادی و مەعنەوی ئەم خەڵکانە بکاتەوە، مادی دیارە لەڕووی چییەوەیە، مەعنەویش لەڕووی ئەوەوەیە کە ئەو خەڵکە تووشی دڵە ڕاوکێ بووە، وە زەرەری کردووە، منداڵەکانیان لە قوتابخانە دواکەوتوون، کۆمەڵێ گرفتی تری زۆر هەیە، کە هەموو ئەوانە لەڕووی مەعنەوییەوە دەیگرێتەوە، پێویستە کۆماری ئیسلامیش داوای لێ بکرێت کە قەرەبووی مادیی و مەعنەوی بکاتەوە، لەهەمان کاتیشدا ئەرکی سەرشانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە کە قەرەبوویان بکاتەوە، دوو پرسیاریشم هەیە، یەکەمیان: پێشتر لیژنەیەکی ئەمنی هەبوو لە بەینی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەم لیژنە ئەمنیە کە لەساڵانی پارو پێراری ساڵانی رابردوودا هەبووە، ئایا ئەم لیژنە ئەمنیە وجودی ماوە یان نەماوە، ئەگەر ماویەتی بۆ ئێستا ئێمە دەکەوینە ژێر تۆپباران و هۆکارەکەشی نازانین؟، لەوانەیە زۆر لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش وەکو ئیشارەتیان پێدا هۆکارەکەی نەزانن، کە هۆکاری ئەصڵی چیە؟، پێویستە ئەو لیژنەیە بەڕاستی ڕوونکردەوە بداتە حکومەت، حکومەتیش پەرلەمانی لێ ئاگادار بکاتەوە، کە ئەو لیژنەیە بە چی گەیشتووە، نەتیجەکانیان چی بووە، دوایی بەلانی کەمی ساڵێکە، کە لە دوو لیژنەی باڵا بووە، لە دوو تەرەف باڵا بووە، هەم لە هەرێم و هەم لە کۆماری ئیسلامی، خاڵێکی ترم ئەوەیە کە زانیارییەکان ئەوە دووپات دەکەنەوە، کە ئەم بۆردوومانە ئاگادارییەکی پێش وەختی حکومەتی عێراقی لێ کراوەتەوە، ئایا حکومەتی هەرێم ئاگادارە لەو بۆچوونە؟، یان لەو ڕاو بۆچوونانە، یان ئەو هەواڵانەی کە باس دەکرێت؟، هەڵساوە بە بەرپرسیارێتی سیاسی و یاسایی خۆی؟، ئەگەر هەڵساوە جوابەکانی چی بووە، ئایا حکومەت جوابەکانی وەرگرتۆتەوە یان نا؟، ئەگەر وەریشی نەگرتۆتەوە بۆ بەدواداچوونی بۆ نەکردووە؟، ئەوە جێگای پرسیارە بەڕاستی، لەهەمان کاتیشدا ئەوە چەند جارێکە ئێمە بیستمان لە جێگری قنسوڵی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر، ڕاگەیاندنەکان باسیان کرد، ئێمە پێش وەخت لە تۆپبارانەکان لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی هەرێم قسەو باسمان کردووە، ئایا ئەمە وایە؟، ئەگەر وا نیە؟، بۆ حکومەتی هەرێم ڕەدی ناداتەوە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ژیان عمر شەریف، فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشەکیدا من پشتگیری و ستایشی ڕۆڵی جەنابی سەرۆکی هەرێم دەکەم، کە زۆر بە ڕاشکاوانە جەختی کردەوە لەسەرۆك کۆمار و لەسەرۆکی وەزیران کە بەزووترین کات داوا بکرێت کە ئەو تۆپبارانە ڕابگیرێت، وە ئەو هێزەی کەهاتۆتە ناو هەرێمەکەمان پاشەکشێ بکەنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، هەروەها پشتگیری و ستایشی دەوری سەرۆکی پەرلەمان دەکەم کە لەو ڕۆژەی یادی خومەینی کە زۆر زۆر بە مەسئولیەتەوە ڕەئی خۆی دەربڕی بە نیسبەت ئەو تۆپبارانە، لەڕاستیدا کە جێگای تەعەجوبە، کە بێدەنگی حکومەتی عێراقە، لەبەر ئەوەی بۆ ناوچەیەکی وەکو فەککە کە چەند سەد مەترێك هاتبوونە ناو خاکی عێراقەوە،

كرديان به هەڵايەكى گەورەو بەپەلە وەفدى دبلۆماسييان نارد بۆ ئێران و چارەسەرى ئەو موشكيلەيان كرد، بەڵام ديارە بەلاى ئەوانەوە زۆر ئاسانە كە خوێنى ميللەتى كورد بڕژێت، كەوا بێـدەنگن لەمەسـەلەى ئێمـە، من وەكو ئەندام پەرلـەمانێك داوا دەكـەم، كـە بەشـێوەيەك كەناڵـە دبلۆماسـيەكان لەچوارچێوەى وەزارەتـى دەرەوە بكەوێتە گەڕ، كە ئەم كێشەيە بەشێوەيەكى ئاشتيانە چارەسەر بكرێت، چونكە بەشـێوەى سـەربازى، بەشێوەى كوشتنى ئافرەت و منالٚ و خەڵكى پەككەوتوو كە خەريكى كشتوكاڵن، قەت ئەم كێشـانە چارەسـەر ناكرێت، گرەنتيەكى واش وەربگرين كەوا ئەم كێشەيە وەكو هاوڕێيـانم وتيـان دووبـارە نەكرێتـەوە، چـونكە لەماوەى پێنج ساڵى ڕابردوو چـوار مـانگ جارێـك ئـەم كێشـەيە دووبـارە دەبێتـەوەو (600) خێـزان ئـاوارە بووە، لەبەر ئەوە دەبێ كارێكى وا بكرێت بەشێوەيەكى وا كە جارێكى تر دووبارە نە بێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ڕێزدار سەميرە عبدالله، فەرموو.

**بەڕێز سەميرە عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

تۆپبـاران كردنـى سـنوورەكانى هـەرێمى كوردسـتان پێشـێل كردنـى ياسـاى نێودەڵـەتى و مافـەكانى مرۆڤـە، بنەماكانى ئاينى ئيسلامەو تەنانـەت پرەنسيپەكانى دراوسێشە، پێمـان وايـە تۆپبـاران كردنـى سـنوورەكانى هەرێمى كوردسـتان لەلايـەن وڵاتـانى دراوسـێوە، دەسـت درێـژى كردنـە بـۆ سـەر سـەروەرى خـاكى عێـراق و كوردستان، لەم بارەيەوە دەبێت حكومەتى فيدراڵ هەڵوێستى هەبێت، ئەوە ماوەى چەند ساڵێكە حكومـەتى ئێـران، هـەرجارەو بـە بيانوويـەك پێشـێلى ياسـا نێودەوڵەتيـەكان دەكـات و سـنوورى هـەرێمى كوردسـتان تۆپباران دەكات، ئەوە لەكاتێكدايە كە چەندين جارە، هەرێمى كوردستان بەسەرجەم دامودەگاكـانى حكـومى و ناحكوميەكانيەوە داواى ڕاگرتنى ئەم تۆپبارانە دەكەن، وڵاتى عێراق و ئێران ئەندامى ڕێكخراوى نەتـەوە يەكگرتووەكانن، هەروەها ڕێكخراوى وڵاتانى ئيسلامين، ڕێك كەوتنە نێودەوڵەتيەكانيان لەسەر بنەماى مافى مـرۆڤ قبـوڵ كـردووە، دەبێـت پەيوەنديـيـەكانيان لەسـەر بنـەماى ياسـا و عورفـە نێودەوڵەتيـەكان بێـت، بنەماكانى دراوسێيەتى بێت، نەك تەنها نابێت دەست تێوەردان لـەكاروبارى نـاوخۆ بـدرێت، بـەڵكو دەبێـت سەروەرى يەكتر بپارێزن، جگە لەسنوور بەزانـدنى بـەقووڵايى 2 كـم و پـانى 3 كـم نـاو خـاكى كوردسـتانى عێراقەوە، تۆپبارانى خەڵكى سڤيل دەكات بەشێوەيەكى هەڕەمەكى كەخەڵكى مەدەنى دەخرێنە بەر ناپاڵم، ببێتە هۆى شەهيد كردنى كچێكى تازە پێگەشتوو، كە ناوى بەسـۆز جـەبارە، بـەتۆپى ئێـران پارچـە پارچـە كراون، چەندين گوندى كوردستان چۆڵ كراوە، وە زەرەرو زيانێكى مادى و گيانى زۆر بەهەرێمى كوردسـتان و دانيشـتوانەكەى كـەوتووە، لەمبارەشـەوە هەڵوێسـتى سـەرۆكايەتى هـەرێم و پەرلـەمان و حكومـەت هەڵوێسـتيان ڕوون و ئاشـكرا بـوو، ئێمـەش وەكـو ئەنـدامانى پەرلـەمان بەتوونـدى ئيدانـەى دەكـەين، بەرپرسيارى سـەرەكى خـاكى عێـراق لەسـەر شـانى حكومـەتى فيدڕالـە، چـونكە هـەرێمى كوردسـتان ئێسـتا بەشێكە لە خاكى عێراق، خاڵێكى تر داواى ڕاگرتنى ئەو تۆپبارانـە دەكـەين بـەزووترين كـات و هێزەكانيـان

بەزووترین کات بکشێننەوە، خاڵێکی تر قەرەبوو کردنەوەی زیانـەکانی بکرێت بـەماددی و مەعنەوییـەوە، خاڵێکی تـر پێویستە چارەیەك بـۆ ئـەم بابەتـە بدۆزرێتـەوە، چـونکە ئـەوە زیانـە بەهـەردوولا دەگەیـەنێت، جگە لەوەش تۆپباران ناتوانێ کێشەکان چارەسەر بکات، نامەوێت ئەم پەیوەندییە دۆسـتانەش تێـك بچێت، کە پەیوەندییەکی بازرگانیمان هەیە لەنێوان هەردوو وڵات، وەکو ئێران و هەرێمی کوردستان، کە ساڵانە بە بڕی چوار ملیۆن دۆلار ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەنێوان هەردوولاماندا هەیە، لە کۆتایدا پشتگیری لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی پەیوەندیدار دەکەم لەو خاڵانەی کە کاك دڵشاد ئاماژەی پێکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار شلێر محمد، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من سەرەخۆشی دەکەم لەوانەی کە گیانیان لەدەست داوەو ئەوانەشی کە بریندار بوون، هیوای زوو چاك بوونـەوەیان بۆ دەخوازم، زۆر دەستخۆشی لەو ئەندام پەرلەمانانەش دەکەم کەسەردانی ئـەو ئاوارانـەیان کردووە، کە ئەوەش کەمترین شتە بەرامبەریان بکرێت، بـە پێیـی پـەیڕەوی نـاوخۆش نـابێ ئەوەنـدە دووبـارە بوونـەوە لە قسەکانماندا هەبێت، لەبەر ئـەوە پشـتگیری لەقسـەکانی کـاك عبـدالله حـاجی محمـود و کـاك دڵشـاد دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـەکی پشـتگیری لـە هەڵوێسـتی بـەڕێز جـەنابی سـەرۆکی هـەرێم دەکـەین، هـەروەها پشـتگیری لەهـەموو هەڵوێسـتی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان و سـەرۆکایەتی حکومـەت دەکـەین، هـەموو ئـەو ئاسـتانەی کـە هەڵوێسـتی ئیدانەیان هەبووە، پێمان وایە لەو سنوور بەزاندن و تۆپبارانەی کە جمهوری ئیسلامی ئێران نزیکەی زیاتر لە 15 ڕۆژە دەستی پێکردووە، لەچەند لایەکەوە پێش هەموو شتێك زەرەری خۆی تێدایە، یەکـەم: ئەگـەر بـێین نـاوی جمهـوری ئیسـلامی ئێـران نـاوێکی پـیرۆزە، چـونکە نـاوی ئیسـلامی تێدایـە، ئەمـە ناکۆکـە لەگـەڵ ئـەو ڕەفتارانـەی کـە جمهـوری ئیسـلامی بـۆ خـۆی ئـەنجامی دەدات، دووەم: ئـەو هەڵوێسـتە بـەرزو پیرۆزانـەی کـە جمهوری ئیسلامی هەیبووە لە ڕۆژانی تەنگانەدا بەرامبـەر بـە خـەڵکی ئێمـە، کـە داڵـدەی هـەزارەها خـەڵکی ئێمەی داوە، کە ئێستاش خەڵکی ئێمە لە ئێران دایە، ئەوە دیسان ناکۆکە لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییـە، لەگـەڵ ئەو هەڵوێستەی ئەوان هەیانبووە، لە هەمان کاتدا ئەو ئەرزیەی کە جمهوری ئیسلامی ئێران لە کوردستانی عێراق هەیە، دەتوانم بڵێم هیچ دەوڵەتێك لە دنیا ئەو ئەرزەییەی نییە، ئەوە بە موتڵەقی دەڵێم، کە دەڵێم

له دنیا یەعنی بە موتڵەقی، بۆ؟ چونکە بە هەزارەها خەڵکی کوردستانی عێراق بە حوکمی ئەوەی کە ماوەیەکی زۆرە لە ئێران بووینە، زمانزان بووینە، زمانی فارسی دەزانن، کە ئەمە عیلاقەیەکی گەورەی فەرهەنگی دروست بووە، کە ئەم عیلاقەیە وا بە ئاسانی لەناو ولآتاندا دروست نابێت، هەروەها لە رووی کۆمەلآیەتی، کە سەدان ئافرەتی وان، کەسوکاری وان لێرەن و ئەمە لە رووی کۆمەلآیەتییەوە، لە هەمان کاتدا ئەو بەرژەوەندییە تیجاریەی کە هاوسنوورینە لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێران، ئەو بەرژەوەندییە ئیقتیصادیەی هەیە، پێش هەموو زیانێك، ئەم زیانە بە ئێران دەکەوێت، وەکو جمهوری ئیسلامی ئێران، بۆیە تۆپباران کردنی سنوورو بەزاندنی سنوور دەچێتە بواری سیادەی دەوڵەتان، سیادەی دەوڵەوتیش لە دەستووری نێودەوڵەتی عێراقی فیدراڵ لە دەستووردا باش دیار کراوە کە مەسئوولیەتی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقە، کە پێویستە ئەم ئیلزامیەتە لەسەر شانی حکومەتی فیدراڵ بە مەسئوولیەتەوە رەفتار بکاتن، کە تاکو ئێستا بەداخەوە زۆر لە ئاستی مەسئوولیەت نەبووە، کە جێی رەخنەی هەموو لایەکە، هەروەها سنوور بەزاندن و زەرەرو زیان گەیاندن بە خەڵکی سڤیل و شەهید کردن و برینداار کردنی خەڵکی سەر سنوورەکانی مەنتیقەی پشدەرو چۆمان، بەتایبەتی دەچێتە بواری مەسئوولیەتی دەولیەوە، کە دەبێت حکومەتی هەرێم لە رێگای حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە داوای قەرەبووی ماددی و مەعنەوی هەموو ئەو زەرەرو زیانە بکاتن، کە بە خەڵکی ئێمەی گەیاندووە، سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار فەرموو.

**بەرێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەرێز.

دیارە برادەران هەر یەکە بەشێوازی جوان و بەشێوەیەکی مەنتقی باسی ئەو رووداوانەیان کرد، من دەمەوێت لە سەرەتاوە سوپاسی هەموو ئەو ئەندامە بەرێزانەی پەرلەمان بکەم کە سەردانی ناوچەکانیان کردووەو زیان لێکەوتووەکانیان بەسەر کردەوە، بەلآم بریا ئەو سەردانە سەردانی وەفدێکی پەرلەمانی بوایە، بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو وەفدە تەشکیل بوایە، ئەوە بۆ خۆی مەغزایەکی تری دەبوو، ئەم حاڵەتەی لەم چەند رۆژەی رابردووەوە بەردەوامی هەیە، ئەمە بۆتە دیاردەیەکی سالآنە، هەتا وای لێ هاتووە هەموومان دەزانین سالآنە لە چ تەوقیتێکدا ئەو تۆپبارانە دەست پێ دەکاتەوە، بەداخەوە ئەمە پێویستە ئیتر لەمەودوا بە دەنگێکی بەرز لەسەر ئەم مەسەلەیە قسە بکرێت و هەڵوێستێکی جددی لەسەر وەربگیرێت، ئەمە مەسئوولیەتێکی تەزامونیە لە بەینی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەبەینی حکومەتی عێراقیدا، ئەمە پێشێل کردنی سەروەری خاکی عێراق و هەرێمی کوردستانە، پێویستە هەموو دامودەزگا رەسمیەکانی هەرێمی کوردستان لە سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە دەنگێکی بەرزو بەشێوەیەکی زۆر جددی و راستەوخۆ بێنە مەیدانەکە، لە رێگەی

فشار بۆ سەر حکومەتی ناوەندی لەگەڵ خۆیان بێننە سەر هێڵ و هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەموو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و هەموو وڵاتانی دنیا لەم پرسە تێ بگەیەنن بۆ ڕاگەرتنی ئەم حاڵەتە هەندێك گوێمان لێ دەبێت لەملاو لەولا باسی ئەوە دەکرێت کە لەو مەنتیقانە گوایە گرژی و شەڕو ئەوانەی تێدایە، من حەز دەکەم ئەوە بۆ جەنابتان بڵێم، من لە ساڵی 2008 لە وەحدەیەکی ئیداری بووم لەسەر سنوورەکان، ئەو مەنتیقەی ئێمە چەند جارێك تۆپباران کرا، بەبێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێکی لێ بێت، بەبێ ئەوەی هیچ گرژیەکی تیا روو بدات، ئەمە بۆتە دیاردەیەك بەداخەوە دەبێت لێرە سنوورێکی بۆ دابنرێت.

مەسەلەی ئاوارەکان، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە زوویی بەدەم ئاوارەکانەوە بچێت وەکو برادەران باسیان کردو، پێویستە بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەڵوێستی جددی هەبێت لەم بارەیەوە، هەم لەبارەی ئیدانە کردنەکەوە، هەم لەبارەی هاوکاری کردنی جددی ئاوارەکانەوە.

چەند خاڵێکی تر مابوو وەکو هاوڕێیان باسیان کرد، نامەوێت دووبارەی بکەمەوەو، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عەدنان عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عپمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پێویست بوو بیڵێم هاوکارانم بە زیادەوە باسیان کرد، زۆر سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبداللە ملا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، قسەکانم کران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەرەتا دەمەوێت بڵێم تەبام لەگەڵ ڕاو و بۆچوون و پێشنیاری لیژنەکان، کە سەردانیان کردووەو داواکارییان کردووە، خاڵێکی تر هەیە، کە دەمانەوێت تەئکیدی لێ بکەینەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە ساڵانە رووبەڕووی ئەم ڕووداوە دەبینەوە، کە زەرەرو زیانێکی زۆری گیانی و ماددی لە هاووڵاتیانی سنوورەکان دەدات، هەر ئەمجارە تا ئێستا نزیکەی چل گوند چۆڵ بووەو چەندین پرۆژە کە ئاوەدان کراوەتەوەو تێك دراوە، چەندین ڕێگاوبان تێك دراوە، ئەوە سەرەڕای قوربانی دانی چەند هاووڵاتیەکی

مەدەنی، کە بەداخەوە بەجۆرێك دەتوانم بڵێم کەمتەرخەمی هەیە بەرامبەر ئەم گرفتە گەورەیەی کە رووبەڕووی ئێمە دەبێتەوە، چونکە ئەم کارەی کۆماری ئیسلامی هەم پێشێل کردنی سەروەری عێراق و هەرێمی کوردستانە، پێشێلکارییە لەبەرامبەر رێککەوتننامەو میساقەکانی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها پێشێلکارییە بۆ بنەمای دراوسێیەتی لەبەرامبەر ئەوەدا حکومەتی ئێمە کەمتەرخەمە، هەم لە رووە ئینسانیەکەی، هەم لە رووە سیاسیەکەشیەوە، وەکو لە راپۆرتی هاوکاران ئیشارەی پێکرا، پێداویستیە سەرەتایی و خێرایییەکان بۆ ئەو خەڵکە جێ بەجێ نەکراوە کە پێویستە، ئەمە جگە لەوەی لە رووی یاساییەوە، یان دەتوانم بڵێم لە رووی سیاسییەوە ئێمە دەمانتوانی هەنگاوی عەمەلی گەورە بنێین، کە قونصولگەری کۆماری ئیسلامی لێرەیە، نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تارانە، ئەمە جگە لەوەی لە ئاستی عێراق ئێمە دەمانتوانی کاری زۆر باشتر بکەین، من زۆرجار کە رووبەڕووی ئەم رووداوانەی کە پەیوەندی بە سەروەری عێراقەوە هەیە، وەکو ئەوە وایە ئێمە داوا لە وڵاتێکی دراوسێ بکەین، نەك داوا لە وڵاتێك بکەین کە شەراکەتمان تیایە، کە بەرپرسیارەتیمان تیایە، کە نوێنەرانی ئێمەش لەم وڵاتە دەتوانن بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی هیچ هەنگاوێکی عەمەلی وا نەنراوە، کە ببێتە فشارێکی گەورە لەسەر کۆماری ئیسلامی، کە ئەم پێشێلکاریانە دەرهەق بە هاووڵاتیانی کوردستان، یان بە سەروەری هەرێمی کوردستان دەکات، دەتوانم بڵێم ئیهانە کردنی ئەو دامەزراوە رەسمیانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەبێ گوێدان ئێستا سەرەڕای تۆپبارانەکە هێزیشی لەناو هەرێمی کوردستانە، بۆیە من بە زەروری دەبینم کە بانگهێشتی حکومەت بکرێت، سەرۆکی حکومەت بۆ پەرلەمان، بۆ روونکردنەوە لەبەرامبەر ئەم کەمتەرخەمیانەی کە لە رووی ئینسانی و لە رووی سیاسیشی لەکاتێکدا ئێمە پێشتر، یەعنی پێش بینی دەکرێت ساڵانە ببێتە دیاردەیەك کە ئەم حاڵەتە لە کوردستان دووبارە دەبێتەوەو کەمتەرخەمیەکەش روو دەدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار صباح بیت الله فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەراهیێ سەرخۆشێت لەماڵباتی شەهیدا جوانەمەرگ بەسۆز خان دکەم و داخازا شیفای بۆ بریندارە دخازم، ئەڤ تۆپبارانە سەر سنووری هەرێما کوردستانێ دێتە کرن، بێشەك جێگەی ئیدانەیە دەبێ ئیدانە بکرێت، ئەڤە بەرەواژی هەمی یاساو رێسای نێڤ دەوڵەتییە، داخاز بێتە کرن بە زووترین کات ئەڤ تۆپبارانە بێتە راگرتن، چونکی لە قازانجی هیچ لایەك دانییە، بە زەرەرا هەمی لایەکییە، ژ بەر هەندێ پێویستە بەزووترین کات ئەڤە بێتە راگرتن، هەڵوێستێ جەنابێ سەرۆکێ کوردستان، سەرۆك مەسعود بارزانی حەقیقەت بڵند دەنرخێنم، دیسان هەڵوێستی سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ کوردستان، حکومەتا هەرێمی کوردستانێ لەسەر ئەڤ مەسەلەیە، بێگومان هەڵوێستی حکومەتا عێراقی فیدراڵ لەسەر ئەڤ مەسەلەیە

سیستی و لاوازی پێوە دیارە، لەبەر هەندێ سەروەریا ئاخا عێراقی فیدرالٚ لە ئەستۆی حکومەتی عێراقی فیدرالٚ گیڤ بەندێ سەدو نۆهـ و سەدو دە ل دەستووری عێراقێدا، چونکە ئەڤە پێشێل کردنا سەروەریا سیادە عێراقیەو، پێویستە هەڵوێستێکی گەلەکی پتر سەر ئەڤێ مەسەلەیە بێتە کرن، هەمی کەناڵی دیبلۆماسی بێنە وەرگرتن، ئەڤ مەسەلەیە بەشێوەیەکی ئاشتیانە بێتە چارەسەر کرن.

بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانێ، سەردانێ مە بۆ ئەوان دەڤارا کو هاتینە تۆپباران کرن دگەل شاندێت پەرلەمانێ کوردستانێ، بێگومان خەلکێکی کو ئاوارەو دەربەدەر بووی، زۆربەی ئەوەی خەلکی خەلکێکی هەژارو بەلەنگازن، پێویستی بە هاوکاری هەی، ئەز داخازت کەم سەرۆکا پەرلەمانێ کوردستانێ داخازی حکومەتا هەرێمی کوردستانێ بێتە کرن، زووترین دەم هاریکاری ژ بۆ ئەڤ قەومە بێتە هەنارتن، بەتایبەتی ئەو پارەی بەردەستێت حکومەتێ ژ بۆ حاڵەتێ تەواری هەی، ئەو پارەی کو بەردەستە ڤان بێتە کرن، چونکە بەڕاستی پێویستی وان مەزن تایبەت پێویستی بە پارەیە، بۆ ئەڤە چەندی بێتە کرن، هەر دیسا دەمودەزگای ئیداری ل سنوورێ وان دەڤەرا داخاز بێتە کرن، ئەوە مومکینە بۆ لێ قەوماوان بێتە کرن، چونکە بەڕاستی تووشی زەرەرو زیانێکی گەلەك مەزن بووین و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قسانەی کە پێویستە بکرێن، وابزانم هەمووی کران هەر یەك بەشێوەیەك، لە سێ خاڵی زۆر زۆر ئاشکرا، ئایا هەڵوێستی دەزگاکانی ئەم هەرێمە چۆن بوون؟ هەر یەکە مافیەتی چۆن تەماشای دەکات؟ بەلاٚم لە سەرەتاوە سەرۆکی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی حکومەت لە رووی دەربڕینی هەڵوێست و ئەوانە، وابزانم کەس کەمتەرخەمی نەکرد، ئینجا ئێمە لێرە داوا دەکەین کە موحاسەبە بکرێن، یان کەمتەرخەم پیشانیان بدەین، سەردانەکان چ بە ناوی رەسمی وەکو دیتمان بەناوی لیژنەی پەرلەمان چوونە، چ هەندێ پەرلەمانتار لەخۆیەوە، چ هەندێك بەناوی فراکسیۆن چوونە، ئینجا داوا دەکەین دەبێت چوونەکان بەشێوەیەکی تر بێت، سوپاسی کاك عومەر دەکەم بەڕاستی مەعلوماتێکی زۆر باشی لەسەر راپۆرتەکەی پێ داین، ئەوەی راپۆرتەکانی تر کەم کەم کە بۆمان دەرچوو چەند ژمارە لە وێنە، ملیۆن دینار دانراوە بە هەر کەسێك، کەچی ئێمە داوا دەکەین لەباتی ئێران و تورکیا ریسوا بکرێن، دامودەزگاکانی ئێمە کەمتەرخەم بوون، من کێشەی سەرەکیم لەگەڵ یەك شتە، کە ئێمە ئەم جۆرە کۆبوونەوانە نازانم من خۆم بە مەنتقی خۆم کۆبوونەوە کە دەکرێت، دەبێت هەدەڤ دیار بێت، دەبێت ئەنجامی هەبێت، تەنها ئەنجامی ئێمە ریسوای ئەو کریارە دەکەین، کەس جورئەتی نییە، بڕوا بکەم نە بە کوردستان، بە پەرلەمان لە رووی ئینسانیەوە تەعاتوف لەگەڵ ئەم کریارە بکات، کە تۆپباران بێت، چ دابەزینی ئەو بێت، واتا دووپاتی هەڵوێستی دەکەین، کە هەڵوێستەکە لە رووی رەسمی و نا رەسمی ئەمە هەفتەیەکە لە کوردستان، کەس کەمتەرخەم نەبووە تێدا، ئێمە داوا دەکەین کە هاوکاری بکرێت، چونکە

هاوكارييەكان دەستيان پێ كردووە، بۆيە ڕێگام بدەيت رجات لێ دەكەم، كە ئێمە جارێكى تر بير لەو كۆبوونەوە نائاساييانە بكەينەوە، ئايا چەند جار، يەعنى بۆ چ مەبەست ببەستين؟ ئايا كە بەستمان، ئەنجامەكەى چ دەبێت، ئەگەر مەسەلە ئەوە بێت، ئێمە هەڵستين قسە بكەين، هەر كەس ئازادە، من ڕێزم هەيە بۆ ئەوەى كە قسەكەى موخاليفى من بێت، حەز دەكەم تۆزێك سينگ فراوان بن لەوەى كە قسەكەم لاواز بێت لە قسەى خەڵكى تر، چونكە مەبەست لەو پەرلەمانە ئەوەيە ئێمە خەڵكى جياوازين لێرە بۆچوون و لە زاويەى جياواز تەماشاى شت دەكەين، بەلاّم پێكەوە وەكو پەرلەمان، پێكەوە وەكو دەزگايەكى ئەم ولاّتە، پاش ئەوەى ئەو كۆبوونەوەيە تەواو دەبێت بزانين چيمان پێگەياند، شتێكى تازەمان هێنا، هەڵوێستێك وا كاريگەرى هەبێت لەوەى سەبەبى كێشەكەى كە ئێمە داوامان كرد دانيشين بە يەك هەنگاو كێشەكەمان گۆڕى، من گومانم لەوەدا هەيە، هەندێك جار ئينسان تووش دەبێت، يەعنى لەجياتى ئەوەى من رەئى خۆم شەخصى لەگەڵ ئەو جۆرە كۆبوونەوانە نەدەم، لەبەر ئەو هۆيانەى من گوتم، دەترسم لە قەڵەم بدرێت كە من هاوسۆزيم هەيە لەگەڵ تۆپباران كردنى ئێران بۆ ناوچەكانمان، ئێمە دەكەوينە ئەو جۆرە مەوقيفانە، من داواى لێبوورن دەكەم لە هەموويان قسەى زۆر زۆر جوان كرا، من تەئيدى هەمووشيان دەكەم، بەلاّم داوا دەكەم لە كۆبوونەوەى فراكسيۆنەكان بير لەوە بكەينەوە كە ئايا ئێمە هەميشە داواى كۆبوونەوەى نائاسايى بكەين چ ئەنجامى دەبێت؟ لەلاى من ئەوە موهيمە، ئەو ماندوو بوونە دەمانگەيەنێتە شتێكى تازە، كە ناكرێت ئيلا بە كۆبوونەوە، يان نا، من بەس بۆ ئەوە قسەم كرد، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار رەفيق صابر فەرموو.

**بەڕێز د.رفيق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمان.

پێشەكى دەمەوێت دەستخۆشى لەو بەڕێزانە بكەم كە راپۆرتەكانى خۆيان خوێندەوەو، بەڕاستى زانيارى زۆريان بە ئێمەدا، لە هەمان كاتدا كۆمەڵێك پێشنيارو داواكارى گرنگيان خستەڕوو، پشتگيرى ئەو داواكارييانەيان دەكەم، هيوادارم بە زووترين كات قەرەبووى ئەو كەسانە بكرێتەوەو زياتر بە هانايانەوە بچن، هەروەها هاوكاران و برادەران و خوشكان قسەى زۆر رێكوپێكيان كرد، بۆيە من نامەوێت ئەو مەسەلانە دووبارە بكەمەوە، ئەوەى گرنگە لێرە ئەوەيە ئەم رووداوە بۆ ئێمە بەڕاستى وەكو چۆن هەندێك ولاّت لەشوێنێك دان هەر ساڵانە، يان چەند ساڵێك تووشى لافاو دەبن، تووشى بوومەلەرزە دەبن، ئێمە بەهۆى ئەو دراوسێيەمانەوە كەوتوونەيەتە حاڵەتێكى وا كە سنوور بۆتە نەفرەتێك بۆ ئێمەو كراوەتە چەكێك، ئامرازێك بۆ فشار هێنان بۆ سەر خەڵكى كوردستان و حكومەتى هەرێمى كوردستان، كەواتە ئەم رووداوانە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، بۆتە بەشێك لە چارەنووسى ئێمە، پێويستى بە دوو شت هەيە بە رەئى من، يەكەم/ لەسەر ئاستى خۆمان و حكومەت، پێويستە ئێمە چۆن لەو ولاّتانەى كە بەردەوام تووشى تۆفان

و لافاو و بوومەلەرزە دەبن، تیمی ئامادەی تایبەتیان هەیە، کە لە پێشوازی ئەو رووداوانەن و هەر لەکاتێ ڕوودانیدا یەکسەر بە فریای خەڵکەکە دەکەون، ئێمە بەڕاستی بەهۆی دوو دوژمنی درندەی دراوسێوە ڕووبەڕووی ئەم مەترسیە بووینەتەوە، بۆیە پێویستە حکومەت هەمیشە لە ئامادەباشیدا بێت، بەتایبەتی لەو وەختانەی کە چاوەڕێی ئەو جۆرە هێرشانە دەکرێت، چ لەلایەن تورکیاوە، یان لەلایەن ئێرانەوە، لایەنی دووەمی/ ئەوەیە لە رووی ستیراتیجیەوە، پێویستە چارەسەرێکی یەکجارەکی بۆ ئەو کێشەیە دابنرێت، ئەم چارەسەرەش بەشێکی پەیوەندی بەکاری ئەدای حکومەتی هەرێم و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوە هەیە، بەشێکیشی پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە هەیە، من بە شتێکی باشی دەزانم، کە هەرسێ سەرۆکایەتی هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر ئەو کارە دەربڕی و ئیدانەیان کرد، مەبەستم سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان و وتەبێژی حکومەتیش، بەڵام بەڕاستی وەك بەشێك لە هاوکارانم گوتیان ئەمە هێشتا بەس نییە، پێویستە کاری زیاتر لەو بارەیەوە بکرێت، هیوادارم بوونی سەرۆکی هەرێم لە دەرەوەی وڵات دەرفەتێك بێت، کە ئێستا جەنابیان لە ئەڵمانیایە، لەگەڵ ئەڵمانیا، لەگەڵ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لەم بارەیەوە دەرفەتێك بێتە پێش و قسە بکرێت، بۆ ئەوەی یەکێتی ئەوروپا بێتە سەر خەت و فشارێك بخاتە سەر ئێران، لە هەمان کاتدا حکومەتی هەرێم و پەرلەمان دەتوانن داوا لە دەزگا نێودەوڵەتیەکان بکەن، فشار بۆ سەر حکومەتی عێراق بێنن لەگەڵ نوێنەرانمان لە بەغدا ئەوە بکەن.

بەڕێزینە، ئێران بۆ خۆی لەناوخۆدا ئێستا تووشی قەیرانێکی گەورە هاتووە، لە وەزعێك دایە بەڕاستی چارەنووسی سەرجەم پرۆسەی سیاسی لە ئێراندا خەریکە بەرەو تۆنێلێکی داخراو بڕوات، لەهەمان کاتدا ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە کێشەیەکی زۆر گەورە دایەو لەکاتێکی وا ئێران بەم شێوەیە بێ ڕێزی بەرامبەر پەیوەندی مێژوویی نێوان ئەم دوو گەلەو ئەم دوو وڵاتە بکات، بەم شێوەیە دەست درێژی بکاتە سەر ئێمە، ئایا سبەینێ لەو قەیرانانە رزگار ببێت؟ دەبێت چیمان پێ بکات، لەبەر ئەوە من پێموایە بێجگە لە فشاری ناوخۆ، فشاری گەورەو بەهێز، فشاری نێودەوڵەتیە، کە پێویستە حکومەتی هەرێم و هەموو دەزگاکانی هەرێم و کۆمەڵگەی مەدەنی کاری بۆ بکات.

دواجار من پرسەو سەرەخۆشی خۆم لەگەڵ بنەماڵەی بەسۆز، هاوخەمی خۆم لەگەڵ برینداران و زەرەر لێکەوتووان دەردەبڕم، پێشنیارێکیش بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، چالاکوانانی دژی دەست درێژی بە بەرستانەی ئێران، پێشنیارێکم هەیە بۆیان کە وێنەی بەسۆز با ببێتە سیمبولی ئەو غەدرو تاوان و دەست درێژی و پیاوکوژیەی کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە خەڵکی ئێمە دەیکات و ئەم وێنەیە بکرێتە سیمبولێك لە هەموو شوێنێك بڵاو بکرێتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار صباح بەرزنجی فەرموو.

**بەڕێز صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم لەچەند خاڵێکدا عەرزی جەنابتان و خوشك و برایـانی بـەڕێزی ئەنـدامانی پەرلـەمان دەکـەم، سەرەتا سەرەخۆشی و هاوخەمی خۆم دەردەبڕم بۆ قوربانیان و کەسوکاریان، هـەروەها دەستخۆشـی برایـانی پەرلەمانتارو خوشکانی پەرلـەمانتار دەکـەم، کـە توانیـان سـەردانی ناوچـە زیـان لێکـەوتووەکان بکـەن، ئـەم دانیشتنەی ئێمـە لەڕاسـتیدا بـۆ گەلاڵـە کردنـی چـەند مەبەسـتێکی گرنگـە، یەکـەمینیان/ ئیدانـەو بێـزاری دەربڕین بۆ ئەم کارە، کە چەند ساڵێکە دووبارە دەبێتەوەو، پێچـەوانەی هـەموو عـورف و یاسـایەکە، پاشـان هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی یاسـایی و ریشـەیی و دۆزینـەوەی رەگ و ریشـەو پاسـاوەکانی، ئینجـا قـەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووان و بەدەمەوە چوونی ئاوارەکان و زیان لێکەوتووەکان.

خاڵێکی گرنگ، کە دەبێت ئێمە زۆر تەرکیزی لەسەر بکەین، ئەو مەسئوولیەتە یاسایی و ئەو مەسئوولیەتە گەورەیە، کە دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی عێراق، هەروەها حکومەتی هـەرێمی کوردسـتان، کـە پێویسـتە تەحمولی ئەو مەسئوولیەتە بکەن، ئێمە دەتوانین لە رێگای پەرلـەمانی کوردسـتانەوە داوا بکـەین لـە هێـزە سیاسیەکانی عێراق، کە واز لەو مونافەسەیە بهێنن، کـە بـووە بـە سـەبەبی وەسـتان و، پـەنگ خواردنـەوەی وەزعی سیاسی لە عێراقدا، کە تا ئێستا ئەوە سێ مانگە بەسەر هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی نوێنـەرانی عێـراق تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا کێشمە کێشیانەو نیزاعیانە، کێ سـەرۆك وەزیـر بێـت؟ کـێ سـەرۆك وەزیـر نـەبێت؟ نەتیجەکەشی ئەوەیە کە رۆژانە سەروەری ئەم وڵاتە ژێر پێ دەخرێت، لە موقابیلدا چی دەست دەکـەوێت؟ هەموو پرۆژەی سیاسی کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزعی باشترە لە حکومەتی عێراق، بەڵام ئەویش وەکو پێویست، وەکو ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە حکومەتێکی خۆماڵی، من نـاڵێم بچێت ئیتیفاقیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران مۆر بکات بـۆ چارەسـەر کردنـی ریشـەیی، بـەڵام بەدەمـەوە هاتنی ئاوارەکان و زیان لێکەوتووەکان بەشێویەك، کـە وەکـو وڵاتـانی دنیـا لیژنـەو سـتاف تایبـەت هەیـە بـۆ رووداوە کتوپڕەکان، تەماشا بکەین لە هەرێمی کوردستاندا نییە بەو شێوەیە، حەق وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕاستی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە راسپاردەی بۆ بکرێت، تەوصیەی مولزەمی پێ بکرێت، کە ئەو برە بودجەیەی تەرخان دەکرێت ساڵانە بۆ کـاتی کتـوپڕ، دوور لـە رۆتـین و ئینکاری بـە ئسلوبێکی زۆر مـەرین بخرێتـە ئیختیـاری خـەڵکانی زیـان لێکـەوتوو، نوێنـەرانی کۆمـاری ئیسـلامی لـە عێـراق و لـە کوردسـتان بەڕاسـتی بـانگ بکـرێن بەشـێوەیەکی ئوسـولی و یاسـایی و دیبلۆماسـی ئاگـادار بکرێنـەوە لـە هەڵوێسـتی فـەرمی و جـەماوەری گـەلی کوردسـتان، چـونکە ئـەم تۆپبارانـە، ئـەم سـنوور بەزاندنـە زەرەرو زیانێکی گەورەی لێ دەکەوێتـەوە لـە هـەموو روویەکـەوە، لـە رووی یاساییەوە دیـارە پێشێل کردنـی یاسـای نێودەوڵەتیە، لە هەمووی گرنگتر کە من دەمەوێت زۆر تەئکیدی لەسەر بکەم، پێچەوانەی یاسای ئیسلامە، کاتێك کە سەیری نەصەکان دەکەین، سەیری دەقە پیرۆزەکان دەکەین پێغەمبـەری خـوا لـە فەرموودەیەکـدا دەفـەرمووێت (ئیمـانی تـەواو نییـە کەسـێك لـە دراوسـێیەکەی ئـەمین نـەبێت لـە مەترسـیەکانی)، (لایـؤمن احدکم حتی یأمن جاره بوائقه)، تەنانەت لە یەکێك لە فەرموودەکاندا هاتووە ئینسان دەبێت ئەوەنـدە رێـز لە دراوسێیەکەی بگرێت، تەنانەت بەرد فڕێ نەدەدات بۆ سەگەکەی، ئەگـەر سـەگێکی لەبـەردەمی ماڵەکـەی

دانا بێت، دەبێت تۆ ئەزیەتی دراوسێیەکەت نەدەیت، تەنانەت ئەو شتەی کە بەلای ئەوەوە موحتەرەم و جێی رێزە، تۆ نابێت زەرەری لێ بدەیت، یەعنی لە رووی یاساییەوە پێشێل کردنی یاسای ئیسلامە، لە رووی یاساییەوە پێشێل کردنی یاسای نێودەوڵەتیە بەهەر پاساوێك بێت، لە رووی ئابووری و بازرگانیەوە زیانێکی زۆر لەو پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییە دەدات، کە لە بەینی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستاندا هەیە، لە رووی ئەمنیشەوە، بەڕاستی هیچ قازانج و سوود و فائیدە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران نابێت، ئینجا دەزانین ئەمڕۆ رەوتی دنیا بەرەو چارەسەری کێشەکان دەچێت بەر مەنتیقی وتو وێژو رەخساندنی کەشی ئارام لەناوچەکە، یەعنی هەموو رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان باس لەوە دەکەن کە چەند ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە ئارامی هەیە، جا چ لە بەینی دوو گەلی دراوسێ، دوو گەلی برا، دوو گەلی هاوسۆزو هاوسەنگەرو هاوخەبات، ئێمە لە منبەری پەرلەمانی کوردستانەوە داوا دەکەین لە مەراجعی دینی و سیاسی ئێران بە زووترین کات فەرمان بدەن بەو هێزانە، کە بەشێوەیەکی یەکجاری دەست بەرداری ئەو سنوور بەزاندن و تۆپباران کردنە ببن، هەروەها تەئکید دەکەینەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە هەموو کێشە سنووری و ئەمنیەکان لە رێگای لیژنەی هاوبەش بە رێگای ئوسولی دانوستان و بەمەنتیقی بەرژەوەندی هاوبەش چارەسەر بکرێن، دیسان دەمەوێت تەئکید بکەمەوە لەسەر ئەو پێشنیارانەی کە هاوکارانم پێشکەشیان کرد، کە تێکڕا خزمەت بە هەردوولا دەکات، هەم خزمەت بە هەرێمی کوردستان دەکات، هەم خزمەت بە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دەکات، ئەو پەیامە گەورەو گرنگەی کە چەندین ساڵە ئەم دوو گەلەی پێکەوە بەستووە، تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت رێککەوتننامەیەکی فەرمی موصەدەق هەبێت لەلایەن دەزگا فەرمی و دەستوورییەکانەوە بۆ رێگە گرتن لە دووبارە بوونەوەی ئەم جۆرە کارانە، ئەوەشتان بە بیر دەهێنمەوە کە هەشت سەدەو نیو لەمەوبەر حەکیمی گەورەو شاعیری گەورەی ئێران سەعدی شیرازی گوتوویەتی (ئەگەر ئینسان بە قیاساتی جەوان مەردی کار بکات، هەموو موڵکی دنیا ئەوە ناهێنێت کە خوێنی مرۆڤێکی لەپێناودا بڕژێنی)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار فازڵ بەشارەتی فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ ئەنجامدانی ئەم دانیشتنە تایبەتە، دیارە لەلای هەمووان ئاشکرایە کە سەرجەم هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەند رۆژێکە تووشی دڵتەنگی و بێ تاقەتیەکی خراپ بووە، دیسان ئەو تۆپباران و بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستان، نەك لەلایەن دەوڵەتێکی دراوسێوە کە لە تەوەقوعی ئێمە نەبووە، کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەم نوعە رەفتار لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، هەموو لایەك دەزانین و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش خۆی زۆر بە باش ئەو حەقیقەتە دەزانێت، کە ئێمە مێژوویەکی زۆر دوورو درێژمان هەیە لە دۆستایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و گەورەترین قوربانیشمان لەپێناوی ئەو

دۆستایەتیەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا داوە، بۆیە ئەم هەڵوێستەی ئەمڕۆی کۆماری ئیسلامی ئێران لەلای ئێمە زۆر جێگەی تێڕوانینە، لەبەر ئەوەی چاوەڕوانی ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە کۆماری ئیسلامی ئێران ناکەین، ئێمەی گەلی کورد رۆژێك دۆستایەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانمان هەڵبژارد، سێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران خۆی لێی دوژمنی بوو، ئێمە قوربانیشمان لە پێناوی ئەو دۆستایەتیەدا، بێ منەتیش بووین لەو قوربانیەی کە دامان، بەڵام ئەمڕۆ بەو نەوعیەتە رەد فیعلی دۆستایەتیەکەی ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دەدرێتەوە، ئەمە حەقیقەتێکە ئەوە نییە ئێمە یان تەنازول بکەین، یان وەصفی بکەین هەتا ئێستاش گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکەوتۆتە سەنگەری دژایەتی کردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، نە نیەتیشی هەیە بکەوێت، ئەم جۆرە هەڵوێستانەی کە نیشان دەدرێت بە بڕوای من سنووری هەرێمی کوردستان لە قەسرو خانەقینەوە، هەتاوەکو دێتەوە سنووری رەزایێ باشترین ئارامی تیا بووە، ئەگەر بەراورد بکەین لەگەڵ رابردوو بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران، حەقە ئەو پرسیارە ئێمە لە کۆماری ئیسلامی ئێران بکەین بە بیست ملیۆن چەکدارو قواتی موسەڵەحەوە نەتوانێت سنوورەکانی خۆی و وەزعی داخیلی خۆیان بپارێزێ، ئەگەر دوو نەفەر مەفرەزەیەکی چەکداری پەژاك رۆیشتنە ناو خاکی کۆماری ئیسلامی ئێران بێت ولاَتی ئێمە تۆپباران بکات و سنووری هەرێمی کوردستانی ئێمە ببەزێنێت، کە هەتا ئێستاش ولاَتی ئێمە هێشتا بەدوای گۆڕە بەکۆمەڵەکانمان دەگەڕێین، ئەوان دیسان بێن گۆڕی بەکۆمەڵی ترمان بۆ دروست بکەنەوە، پێموایە ئەو چالاکیانەی کە موعارەزەی ئێرانی دەیکات هیچ عیلاقەیەکی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نییە، هیچ موبەریرێکیش بەکۆماری ئیسلامی ئێراندا بێت بەو نەوعیەتە تۆپبارانی هەرێمی کوردستان و خەڵکی رەش و رووت و رەشماڵ و مەڕ بەخێوکەری ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا بکات، ئەمە بەڕاستیەکەی تەجاوزێکی بێ موبەریرە، تەجاوزێکی بێ حوجەیە، کە کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئێمە دەیکات، پێموایە زۆریش زەرەر دەکات، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان دۆستایەتی لەگەڵ هەر کەسێك کردووە، زۆر بەشێوەیەکی باش کردوویانەو ئەنجامی دۆستایەتیەکەی ئێمەشیان وەرگرتووە کۆماری ئیسلامی ئێران، بەلاَم ئەگەر ئەم نەوعیەتە بەردەوام بێت نەتیجەی خراپ بۆ هەردوولا دەبێت، ئەگەر بەراوردی ئەم وەزعانە بکرێت، بە بڕوای من لەوەتەی عێراق و ئێران بەتایبەتی لە نۆسەدو چواردەو هەژدەکانەوە، بیستەکانەوە کە عێراق بۆتە دەوڵەت، ئەو کێشمان کێشە لەبەینی هەموو سنوورەکاندا هەبووە، بەڵام باشترین ئارامی لەو تەمەنە دروست بووە لە بەینی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کە سنوورەکان کەوتۆتە ژێر رکێف و دەسەلاَتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی من ئەوە بە غەدرو بە تەعدایەکی بێ سنوور دەزانم، کە کۆماری ئیسلامی ئێران دەیکات، بۆیە من لێرە پێم خۆشەو سوپاسی ئەو هەموو لیژنانەش بکەم، ئەندامانی پەرلەمان، کە سەردانی ناوچە تۆپبارانەکانیان کردووەو دەستخۆشی لە راپۆرتەکانیان دەکەم، بەڕاستی راپۆرتی تێرو تەسەلیان نووسیوە، پێم خۆشە بەحەقیقەت ستایشی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەم، کە

تەماسی بەردەوامی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ سەرۆك کۆماری عێراق، لەگەڵ سەرۆکی وەزیرانی عێراقی فیدراڵدا هەیە، بەلاَم بەڕاستیەکەی لێرە دوو، سێ پرسیار دێتە پێشەوە:

یەکەمیان/ ئەوەی ئیشارەتم پێدا، کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕاستی بە هەڵە چووە لەم تەسەروفاتەی لەگەڵ ئێمە وەکو گەل و هەرێمی کوردستان.

دوو/ بەڕاستی بێ دەنگ بوونی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەم تۆپباران و لەم تەجاوزەی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بۆ هەرێمی کوردستان دەیکات، هەمووومان بینیمان لەگەڵ هاودەردی ئێمەش بۆ ئەو ڕووداوەی کە لە غەزا ڕوویدا، هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە حکومەتی ناوەندی عێراقیشەوە هاتنە جواب بۆ سەر ڕووداوەکەی غەزا، بەلاَم ئەوە ماوەی چەند هەفتەیە، ساڵانەش ئەو تەعداو غەدرو زوڵمە لەسەر هەرێمی کوردستان چەند بارە دەبێتەوە، نە حکومەتی ناوەندی، نە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەڕاستیەکەی نەهاتونەتە جواب، حکومەتی ناوەندی چەندین جار بیانووی هەبووە بەرامبەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر گرێبەستیە نەوتەکان، هەموو بەدواداچوونێکی هەیە لەسەر هەموو داهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بەلاَم پرسینەوەی لەسەر تۆپباران کردن و سووتماك کردنی ڕەزو باغ و مەڕو ماڵاتی خەڵکی هەرێمی کوردستان نییە، من لێرە یەك پێشنیار دەکەم کە ئاخیر قسەمە، کاك بیلال ئیشارەتی پێداو، پێشنیار دەکەم ڕاستیەکەی، بۆ ئەوەی جگە لەوەی کە هەوڵ بدرێت بۆ وەستاندنی ئەو تۆپبارانەی کە ئێستا کێ بەردەوامە تەنها مشوری وەستاندنی تۆپبارانەکە نەخۆرێت بەڕاستیەکەی، هەوڵ بدرێت لیژنەیەکی ئەمنی لەنێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران دروست بکرێت، بۆ موتابەعەو مراقەبە کردنی باری ئەمنی سنوورەکان، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەمە موبەریرە، بیانووە دەدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بەم نەوعیەتە تۆپباران بکرێت، با لیژنەیەکی ئەمنی هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو بیانووەش نەمێنێت، کە جارێکی تر دیسان خەڵکی ئێمە بەو نەوعیەتە وەیلا نەبێتەوەو نەکرێتە لولەی ئاگری چەکەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕێزدار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی دەمێکە حکومەتی ئێران و حکومەتی تورکیا، تۆپ بارانی سنووری هەرێمی کوردستان دەکەن و دەیبەزێنن، من پێموایە ئەو تۆپ بارانە و کەم تەرخەمیە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی عیراق و نوێنەرەکانی ئێمە لە بەغدا، کەواتە حکومەتی عیراق وحکومەتی ئێران و حکومەتی تورکیا زۆر بەڕوون و ئاشکرا ئاگایان لە یەکتر هەیە، لەبەر ئەوە بێ دەنگن، چونکە هەرلە دوای ساڵی 1991 و 1992 تا ئێستا نزیکەی 11 ساڵ دەبێت، سوپای تورکیا 15 کم هاتۆتە ناو هەرێمی کوردستان و سوپای ئێرانیش 2 تا 3 کم هاتۆتە ناو هەرێمی کوردستان، ڕەبیەو بنکەو بینای سابتیان دروست کردووە و نیشتەجێ بوونە، بگرە لە زاخۆ تا

باتوفەو بییە و بێبووبەو کانی ماسێ و باروخەو بامەڕنێ و ئامێدی و دێرەلوك و شێلادزێ، ئەمەش دەبێتە پێشێل کردنی یاسای نێودەوڵەتی و بن پێ کردنی سیادەی هەرێمی کوردستان و عیراق، زۆرجار دەبێتە کوشتنی خەڵکی بێ گوناه، کوشتنی مەڕو ماڵات و سوتاندنی ڕەزو باخ و بێستانەکانیان، وەزعی دێیەکان زۆر بەتەواوی نائارامی کردیەو ناتوانن بەئازادی و خۆش بەختانە ژیان لێ ببەنە سەر لەم ناوچانەدا، بۆیە من لێرەدا داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، هەڵوێستێکی توند وەربگرن کەلەم خاڵانە پێك دێت ئەویش لە خوارەوە دەڵێم:

1-ئاگادار کردنەوەو ئینزار کردنی هەردوو سەفارەتەکانی تورکیا و ئێران.

2-ئاگادار کردنەوەی UN و نەتەوە یەکگرتووەکان  کە حەدێك بۆ ئەم بۆمب باران کردنە دابنێن.

3-ئاگادارکردنەوەی 16 قونسولگەری، ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستان.

دیسان لەمەش نەوەستین هەموو خەیارێك بگرینە دەست، هەتاوەکو بگاتە کۆکردنەوەی هێزی پێشمەرگە، بەمەبەستی بەرەنگار بوونەوەی ئەو هێزە دڕندانە، کە بێ بەزەییانە سنووری هەرێمی کوردستان تۆپباران دەکەن، زیان بە خەڵکی مەزلۆمی بێ دەسەلاتی کوردستان دەگەیەنن، بە ڕەئی من حکومەتی هەرێم، هەموو ئەو پەیوەندیانەی لەگەڵ ئێران و تورکیا بوەستێنێت، تا لەو کارە ترسنۆکانە نەوەستن، هیچی تریان لێ قبوڵ نەکرێت، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار شێرزاد، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتەکانی من بەڕاستی زۆربەی وترا لەیەك دوو خاڵی تر کە زۆر بە کورتی باسی دەکەم، ئەویش یەکیان ئەوەیە بەڕاستی من لێرەدا ڕەخنەی توند لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرم لەسەر ئەوەی کە ڕێگای نەدا کە ئەو خۆپیشاندانانە بکرێت، کە سادەترین مافی هاووڵاتیە کە بتوانێت تەعبیر لە رەئی خۆی بکات، ئەوە لەسەنگەسەرو سلێمانیش ڕێگەی پێ نەدراوە، دووەمیان، بەڕاستی من پێم سەیرە لەم کاتەدا ئەگەر ئەمە کارەسات نەبێت چی کارەساتە، ئێستا نیوەی حکومەت تەقریبەن بە کۆنگرەوە مەشغولە، کە ئەکرا دوو ڕۆژ لە کۆنگرەکە بێنە درەوە، بە جێیان هێشتبا، یان ئەکرا مەسەلەن تەئخیر بکرایە، یان تەئجیل بکرایە بۆ ئەوەی بتوانین ئینفیرای ئەو کارەساتە بکەوین کە ئێستا هەیە، من بەراستی پێموابوو ئەبوایە سەرۆکی حکومەت ئێستا لەوێ بوایە، لەناو ئەو وەزعەیا بوایە، ئەو وەزیرە بەڕێزانەی دیکە کە پەیوەندی دارن بەو مەسەلەیە لەوێ بونایە، من پێشنیار دەکەم بەڕاستی سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش سەردانی ئەم شوێنە بکەن، ئەگەر لەگەڵ لیژنەکەیان بچن یان خۆیان بەتەنیا بچن، مهیم ئەوەیە وەکو سەرۆکی پەرلەمان سەردانی ئەم شوێنە بەکارێکی باشی دەزانم، تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ئەو بڕە پارەیەی کە دانرا لەکاتی بودجەدا بۆ کارەسات بوو، ئەی ئەمە ئەگەر کارەسات نیە بۆ سەرفی

ناکەن؟، ئیتر بۆ داوا لە خەڵکی تر بکەین کەوا یارمەتیمان بدات، بۆیە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە وابکرێت ئەو بودجەیە ئێستا سەرف بکرێت بۆ ئەو خەڵکە داماوەو زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز ئاشتی خان کەرەمکە.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەڕای دەست خۆش کەریم لە هاوکارانم لە لیژنەکانا کە بە ئەرکی خۆیان هەڵساون، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، سەردانی ناوچەکانیان کردووە، وە ڕای هاو خەمی خۆم تۆمار دەکەم بۆ ژیانی ئەو خەڵکەی کە لەناوچە سنوریەکانن، کە تا ئەم ساتەی قسەی تیا دەکەین، ژیانیان لە ژێر هەرەشەیەکی ترسناکە، من ئەمەویٚ قسەکانی خۆم لە سێ خاڵا بە خێرایی باس بکەم، زۆر جار لە ناو هۆڵی پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەمانیش، لە زۆر شوێنی فەرمیا گوێمان لێی دەبێت، کە پەیوەندیەکی دۆستانەی بەهێزی کوردستان هەیە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا و ئێران، ئەمە جێگای خۆش حاڵیە بۆ هەموو هاووڵاتیەك، بۆ هەموو کەسێك کە لە کوردستان دەژیت، لەبەر ئەوەی ئەم پەیوەندیە دۆستانەیە هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەموو تاکێك لە کوردستان بە مسۆگەری پاراستنی ژیانی دابین بکرێت، هەروەها هەست بکات لە ژیانێکی سەقامگیردایە، بەلأم لە کاتێکدا کە ئەبینین پێشێلکاریەکی ئاوا سەبارەت بە سنوورەکانی کوردستان، وە هەروەها پێشێل کردن بەرامبەر بە ژیانی خەڵك، وە ژیانی خەڵك ئەکەوێتە ژێر هەڕەشەوە من داوا دەکەم کە ئەم پەیوەندیە دۆستانەیەی کوردستان هەیەتی، هەروەها حکومەتی ناوەندی عیراقیش ئینتیباعێکی هەیە لەسەری، پێویستە بیخاتە ژێر پرسیار، چونکە ئەگەر پەیوەندی دۆستانە بریتی بێت لە تەنازول کردن لە مافی خەڵك، بە بڕوای من ئەمە تێڕوانینێکی هەڵەیە بۆ پەیوەندی دۆستانە، لەبەر ئەوە پەیوەندی دۆستانە یەکەم شت پێویستە سەقامگیری و پاراستنی ژیانی خەڵك ئامانجی گەورە بێت، چونکە هەدەف خۆی لە پەیوەندی دۆستانە بریتیە لە پاراستن و زامن کردنی ژیانێکی سەوز بۆ خەڵك، نەوەکو ژیانێك بەرەو سووتان و بەرەو لێ قەومان و بەرەو وێران کاری بڕوات، ئەگەر ئەمە چەمکی دۆستانە بێت، بە بڕوای من ئەبێ جارێکی تر چاوی پیا بخشێنرێتەوە، وە بەلایەنی کەم بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە لەسەر ئەوە قسە نەکەین ، کە فعلەن ئێمە زەمانەتێکی دۆستانەمان هەبێت لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتەیە، وە خاڵێکی تر ئەمەویٚ قسەی لەسەر بکەم، تاوەکو ئێستا حکومەتی ناوەندی عیراقی، وە هەروەها حکومەتی کوردستانیش بە شێوەیەکی جدی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە یان بەدوا داچوونێکی جدی نەبووە، بۆ مەلەفی ئەم قەزیەیە کە ئەمە وای کردووە بە بڕوای من کە چەند جارێك ئەم حاڵەتە دووبارە ببێتەوە، ئەگەر پێشوو تر دانیشتن بکرابایە، یان لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە بکرابایە، هەڵبەتە خاڵەکانی چارەسەر کردن بۆ کێشەکە ڕوون و ئاشکرا دەبوو، خەڵك ئاگادار بوو لێی، یان بمان زانیایە هەردوو تەرەفەکە بەچ خاڵێك ڕازین، ئایا کوردستان پێویستە تەنازل لە چ مافێکی خۆی بکات، لەبەرامبەر دۆستانە، ئاسایشی ئێران

بەرامبەر بە خۆی مسۆگەر دەکات، بە هەمان شێوە لە لاشمان ڕوون دەبوو دەوڵەتی ئێـران و تورکیـا خۆیـان پێویستە تەنازول لە چ خاڵێك بکەن، لە چ هێرشێك، لە چ پەلاماردانێکی سەبازی بکەن، لەلای خـەڵك روون بوایە، ئەگەر ئەمە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، ڕێگایەکە بۆ مسۆگەر کردنـی ئـەوەی کـە جارێکی تـر ئـەم کێشەیە دووبارە نە بێتەوانێ، خاڵێکی تر من دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، بەڕاسـتی پێویسـتە هـەموو ئـەو لایەنانەی فـەرمی دەسـەلاتیان هەیـە لـە کوردسـتان، وە لایەنـە سیاسـی و مرۆیـەکانیش هـەموو هەوڵـەکانی خۆیان بخەنە گەر بۆ ئەوەی کە فشارێك لەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان دروست بکرێت، لـە ڕێگـای ئۆفیسـی بەغـدا، نەتـەوە یـەکگرتوەکان بتوانێـت یاداشـتی خـۆی یـان هەڵوێسـتی خـۆی بـە شـێوەیەکی فـەرمی بـەرز بکاتـەوە بـۆ جنـێڤ کـە پێویسـتە سـەرۆکی نەتـەوە یـەکگرتوەکانیش کـە ئـەوان ئۆفیسـیان هەیـە، لـەناو کوردستان، کوردستانیش بە شوێنێکی ئارام و هێمن ئـەژمار دەکرێت، هـەر بەرامبـەر بـەو ئەرکـەی خۆیـان هەڵبستن کە پێویستە قسە لەسەر ئەوە بکرێت، بـە شـێوەیەکی فـەرمی ئەمـە خروقـاتێکی نێـوە دەوڵەتیـە، بەرامبەر بە عیراق و بەرامبەر بە سنووری کوردستان دەکرێت، تاوەکو وەکو سزایەکی نێـو دەوڵـەتی ئەگـەر بە خروقات ئەژمار کرا، یان ئەوکات سزا بەدوای خۆیا ئەهێنێ، هەروەها خـاڵی سـزاش لـەوەیا ئیجابیـە کـە قەرەبوو کردنەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ئەو ناوچانە مسۆگەر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بۆ جەنابت، سوپاس، بۆ گشت ئێوەی یەکە یەکەی بەڕێز کە هەڵوێستی خۆتان زۆر بە روونـی و بـە جـوانی دەربـڕی، هەندێك پرسیار ئاراسـتەی ئێمـە کـراوە، هەنـدێك شـت هـەبوو پێویسـتی بـە روون کردنـەوە هـەبوو، پاشـان دێینـە سـەر ئـەو خاڵانـەی کـە هـەمووتان ئیشارەتتان پێـی دا، وە بـۆ ئـەو شـوێنانەی ئـەینێرین ئەیخەینـە پـێش ئێـوەی بـەڕێز، بـە نیسـبەت هەڵوێستی هەرسێ سەرۆکایەتیەکە، بەڕێزان بە حەقیقەت، هەڵوێست لە یەکەم ڕۆژەوە لـە یەکـەم تـۆپ هاویشـتنەوە، زۆر بـە مورەکەزی لە هەمووئاستێك محاوەلەی بۆ کـراوە، یەکـەمین رەد فعـل دەربـارەی ئـەوە، سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان بـوو، بـە شەخسی لەگەڵ منیش پەیوەندی کردووە، سورەتێکی عامیش هەبوو کە بۆ کوێی دونیا محاوەلـە دەکـەن و لەبـەردەوام بـوون، بەلام مەسەلەکە نەوەك تەنها هەڵوێستە، زۆر لەو بەڕێزانە ئیشارەتیان پێی کرد، ولاتێکە قودرەتی لەبەر دەسـتە تەعـەدات لێ ئەکات، یەعنی بە هەڵوێست راناوەستێنرێت، بە قوەی عەسکەریش ئایا عەمەلی بوو بچینە شـەرەوە بەرامبـەری بوەسـتین، لـە مەنفەعەتی هەرێم بوو؟، یان محاوەلە بکەی لە هەموو دەرگاکانی تر بدەی، بۆ ئەوەی ئەو عیلاقەیەی کە دروست بووە باشتر جێگیر بێت، بەنیسـبەت لەگـەڵ ئێـوەی بـەڕێز لـە سـەرۆکی فراکسیۆنەکان و لیستەکان کـە دانیشـتنمان کـرد یەکـەم جـار، وە ئیدانەیەکی بە قوەت دەربارەی ئیدانە کردنی تەعەدا کردنی ئـەو ولاتـە لـە خـەڵکێکی بـێ چـەك کـرا، وەکو هەڵوێسـتێك کـە نیشانمان دا، هەڵوێستێکی زۆر بەقوەت بوو، وە هەر پاش ئەوەش لەسەر قونسوڵی ئێران لێرە لەگەڵ خۆی وەهەرچی ئیشـمان ئەزانێ لە دانیشتنەکەی خۆمان زیاتر پێیان وتراوە، هەندێك بەڕێز باسی ئەوەی کـرد کـە تەنسیق هـەبێت، کەسێك، ولاتێـك بەتۆپ لێت بدات، منالت بکوژێت، ماڵەکەت وێران بکات، ئەتوانێت قسەیەکی نادروستیش بکات، هـیچ کـە سێك لـەم هەرێمـە لەگەڵ ئەوە نیە کە مـاڵ و شـوێنە کشتوکاڵیەکان بـەر تـۆپ بـدرێ و تەعـەدات لێ بکات و بێتـە نـاو سـنوورەکەت، ئـەوەی کـە هەڵبستێت بەو کارە نالەبارە، ئەتوانێت ئەنواعی قسەش بکات، ئینجا باوەڕیشی پێ بکـەین، ئەمـە کارەسـاتە، یـەعنی کارەسـات لێرەیە، یەعنی باوەڕی پێ بکەی بڵێی بەڵی تەنسیق هەیـە، لیژنـەی ئـەمنی، بـەڵێ لیژنـەی ئـەمنی هەیـە، ئێسـتاش لەگـەڵیان دادەنیشـین، سـەدەها جـاریش لەگـەڵیان دادەنیشـین، بـەلام ئـەلێرە لەگـەڵی دانیشـی ئەڕواتـە ئـەولاوەو شـتێکی تـرە، یـەعنی مشکیلەکە لێرەیە، بەقسەت ناکات، حیسابت بۆ ناکات، بە قوەتەکەی خۆیەوە ئیفتیخار دەکات، وا ئەزانێ شێرێ ئەتوانێ هـەور

شەق بکات، یەعنی ئیمرِۆ لەو غرورەیە، هەر تەرەفێکیش مەغرور بوو لەغرورەوە ئەچێت، ئینسان بێت، لایەن بێت، دەوڵەت بێت، کە کەسێك یان وڵاتێك مەغرور بوو، تەئکید بن ئەو غرورە ئەی شکێنێت، ئەی هێنێتە خوارەوە، بەرِێزێکیش ئەڵێت کە ئەم چوونە گوزارشت لە فراکسیۆنەکان دەکات، لە لیژنەکان ناکات، نا بەعەکسەوە لیژنەی ناوخۆ مەعنیە بە مەسائلی ئەمنیەوە، وە دەوریان هەبووە، لە مەنتیقە بوونە، وە ئەندامانی پەرلەمانی ناوچەکەش لەو مەنتیقە بوونە، لە لایەنەکانی موختەلفیش یەکێك لەم لایەنانە رِۆیوە، یەکێك لە لایەنەکەی تر رِۆیشتوە، رِاپۆرتیشیان هەبووە، رِاپۆرتەکانیش درەنگ پێمان گەیشتووە، هەر بۆ مەعلوماتتان، ئەوە هەندێکی لە $6/1$ گەیشتووە هەندێکی لە $6/7$ گەیشتووە، تەنانەت هەندێکی ئیمرِۆ پێش دانیشتنەکە بە $10$ دەقیقە گەیشتووە، ئەوە نەبێت مەسەلەن کە رِاپۆرت هاتبێت و باسی نەکرابێت، ئێمە ئەم جەلسەیەی ئەمرِۆمان تەئخیر کرد بۆئەوەی پەرلەمان هەڵوێستی ئەخیر بێت، کە دەستی پێ کرد نەوەستێت، ئومێدمان هەبوو، کە ئەو بەرِێزانە کە حکومەتی هەرێم لە موستەوای موختەلفەوە کە لەگەڵیان دادەنیشن، بتوانن بگەنە حەلێك کە نەگەیشتنە حەلێك مەجبوورین ئیمرِۆ هەموو قوەتمان بخەینە کار، بە هەموو شێوەیەك لە هەموو ئاستێك تاکو کۆتایی بەمە بێنێت، ئەمە حەربێکە بەرامبەر عیراق ئیعلانی کردووە، بەڵام عیراق چاوی خۆی بەستیوەتەوە، نابینێت، گوێشی کەرِ کردووە نابیسێت، چی لێ بکەین، زۆر جاریش باس دەکەن دەڵێن، دەستی ئیرهاب مەعلوماتمان هەیەو وەسایەقمان هەیە لە فلان وفلانە جێ، بەس ناوێرن، ناوێرن لە بن زەختن، ئەلقە لەگوێن، ئینسان نازانێتن، بەڵام مهم ئەوەیە ئەو دەورەی وەکو وڵاتێك، یەعنی با هەقیقەتی ئەوش بڵێین عیراق لە وڵات ناچێت، خۆمان لەناوین کەی ئەمە وڵاتە نا بەم شکڵە کە چەند مانگە ئینتیخاباتی کردووە ناتوانن جەلسەیەك بکەن، نەتائیجی ئینتیخابات ئەوە چەند رِۆژێکە دەرچووە، ئەمە عەجیب و غەریبێکە، هەر خوا تاقەتی ئەم خەڵکە بدات کە لەناو ئەو مەوقعە جوگرافیە پێکەوە دەژین، هەوڵی سیاسی و دبلۆ ماسی لە هەموو ئاستێك هەیە، رِێزدار سەرۆکی هەرێم کەلە تورکیا بوو، لە پەیوەندی بوو کە ئێستا لە دەرەوەیە لە پەیوەندی بوو، ئەو مستەوایانەی کە ئەتوانێت تەئسیری هەبێت و دەوری هەبێت، من دڵنیاتان دەکەم لە پەیوەندیەکی بەردەوامی ئەو، بۆ ئەوەیە کە کۆتایی بەمە بێت، قەرەبووی ماددی بکرێنەوە بە تەئکید ئەگەر گوێتان لێی بووبێت، ئێمە لە ئیدانە کردنەکان لەو ئیتارەکەمان کە لە یادی ئیمام خومەینی هەندێك بەرِێز باسی ئەوەی کرد، نەچووینایە، نا چووین باشتر بوو، چونکە هەموویان لەوێ بوون، ئیعلام لەوێ بوون، ئەوەی ئێوەی بەرِێز وتان لێرە ئیمرِۆ گوێم لە هەمووتان گرت، زۆر لەوەش زیاتر و توند تر و بە قوەت تر، ئەو ئەندامانەی پەرلەمان کە لەوێ بوون پێیان وترا، وەپاشان خۆیان پەیوەندیان کرد، وتیان، ئەو قسانەمان گوێ لێ بوون لە شوێن خۆمان ئارەقمان ئەکرد، ئەمە لە مەسئولەکانی برادەرانی کە لێرەن، لە قونسولیەن، ئەوانیش موتەئەسرن، یەعنی ئینسان ئینسافەن ئەڵێ ئێمەش موتەئەسرین، ئەمە ئەبێت بەرِێگەیەکی ئاشتی کۆتایی پێ بێتن، ئێمە ئەوەندە لەسەرمانە، ئەو شتانەی کە لێرە ئەی بیسین بە ئامانەتەوە بیگەیەنینە تاران، وە گەیاندووشمانە، تەمەناش دەکەین کە کۆتایی پێ بێت، وە هەوڵیش دەدەین بەردەوام بین لەسەر هەوڵدان، ئەمە رەئی ئەو بەرِێزانەیە کە لێرەن، وە ئێستا دوای کۆبوونەوە داوایان لێ دەکەین، سبەی بێنە پەرلەمان یان ئیمرِۆ ئەگەر مەجالیان هەبوو، دوای نیوەرِۆ بێن، ئەم رەئی پەرلەمانی کوردستانیان بە رەسمی ئێمە پێشکەش دەکەین، وەزارەتی خاریجی عیراق بەرِاستی، ئینسان بیڵی سست بوو، حکومەتی عیراق سست بوو، هەموو دەوڵەتی عیراق بە رامبەر ئەو حادیسەیە بە سستی حەرەکەی کرد، سەفیری عیراق لەتاران، ئەڵێ نە تۆپبارانی سنووری هەرێمی کوردستان کراوە، نەقواتی چەکداری ئێرانیش هاتۆتە ناوەوە، ئەمە هەڵوێستی سەفیرە بۆ ئێمە لە وەزیری خاریجی، بزانین ئەو سەفیرەی لە کوێوە دۆزیوەتەوە لەوێ داینەوە، بۆئەم شەکرەی شکاندوە، ئەبێت ئێمە ئەو محاوەلانە بکەین لەگەڵیان، خۆپیشاندان من پێم غەریبە یەعنی حەز دەکەم ئەو بەرِێزانەی ئەم شتە ئەزانن، پێمان بڵێن دەقیق لە کوێ، کام مەسئول خۆپیشاندانی بەرامبەر ئەوە رِاگرتووە؟، لێرە کۆمەڵگای مەدەنی، منالان، چوونە پێش قونسوڵیە بەیانیان دا، دەعوەتیان کرد، لە هەندێك شوێنی تر خۆ پیشاندان کرا، لە سلێمانی کرا، وە من لێرەشەوە داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم، یەکە یەکە لە ماڵی خۆی نەوەستێ، ئەوەی گوێی لێمانە با دەست بکەنە خۆ پیشاندان، چونکە ئێمە ئەگەر هەر دەنگ نەکەین، کەئەنەما رِازین و پێمان خۆشەو دەسیان خۆش بێت، ناوەڵڵا هەموومان

موتەئەسرین، وە ڵلاّهی دەسەلأتمان هەبوایە زیاتریشمان دەکرد، ئێمە ئەوەنەمان پێ دەکرێت، ئەمە (ضعف الایمان)ە ئیمڕۆ ئێمە دەیکەین، بەڕێزان لێرە، ئەو هەڵوێستە بەرزانەی ئێوە زۆر پیرۆزو بەرزە کە هی پەرلەمانی کوردستانە، ئیدانەی توند بۆ ئەو کردەوەیە کە بۆ جمهوری ئیسلامی ئێران،خەڵکی موسڵمانی بێ تاوانی مەنتیقەکە بە تۆپ ئە کوژێت، ماڵەکەی خراپ دەکات ئەی تۆقێنێت، تەرهیبی کات، دەربە دەری ئەکات، لە نووسراوەکەمان خاڵێك ئەبێتن وەکو هەمووتان ئیشارەتتان پێی کرد، داواکردنی بە پەلەیان لێ ئەکەین و بەخۆیاندا بچنەوە، واز لەو عەنتەریاتە بێنن، ڕێگایەکی تری ئاشتی بگرنە پێش لەگەڵ ئەو خەڵکە هەژارە، نامە بۆ گشت لایەنەکانی دونیا ئەنووسین، لەوانەی کە بە فکرم ئەهات کە هی تریش هەبوو پێمان بڵێن، مەسەلەن بە نیسبەت ناوەوەی عێراق، سەرۆك کۆماری عێراق، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری خاریجی، ئەبێت بە ئەرکی خۆیان هەڵسن، مەوقفیشیان بە عەلەنی بۆ خەڵکی عێراق ئەوەبێ، کاکە ئێمە ڕاستە فیدراڵین بەلاّم جوزئێکین لە دەوڵەتی عێراق، وە دەوڵەتێك نین لە ئاسمان دژی ئەوانە بین لە بەغدا، ئێمە جوزئێکین لە عێراق ئەبێ ئەو مەسئولانە دەوریان هەبێ، نامە ئەنێرین بۆ ئەمین عامی ئومەم موتەحیدە، بۆ بانکی مۆن، ئەو مەتنەی کە ئیتیفاق دەکەین ئەی نووسین، بۆ ئیتیحادی ئەوروپی ئەی نێرین، بۆ موئتەمەری ئیسلامی ئەی نێرین، بۆ جامیعەی دوەلی عەرەبی ئەنێرین، بۆ سەرۆکی گشت پەرلەمانەکانی دونیا، کە عینوان و ئەدرێسیان لەبەر دەسمان بێت، لەو حاڵەتە تێیان دەگەیەنین، بەشکەم زەخت بکەن، کۆتایی بەم وەزعە ناتەبیعیە بێنین، نامەیەك بۆ سەرۆکی پەرلەمانی جمهوری ئیسلامی ئێران ئەنێرین، بۆ ئەویش، کە پەرلەمانتارە، زەمیلن دەورێکی خۆیان ببینن زەخت بکەنە سەر حکومەتەکەیان کە ئەمە بۆچی ئەکرێت، ئایا ئەمە سیاسەتی مەرکەزیە یان ئەو بەڕێزانەی لە سنوورن، بە ئارەزووی خۆیان بەو کارە هەڵدەستن، ئینجا ئەو تەرەفە یان ئەو تەرەفە ئینسان نازانێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بەرنامەی هەبێت، بەرنامەیەکی دیاریکراوی هەبێت، بە هانا چوونی ئەو خەڵکە هەژار و لێقەوماوە، کە ئێمە لە هەموو لێدوانەکان لە هەموو بەیانەکان، لە هەموو پەیوەندیەکان داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کردووە، کە جمهوری ئیسلامی ئێرانیش قەرەبوویان بکەنەوە، بەلاّم حکومەتی هەرێمی کوردستان مەعنیە، کە ئیمڕۆ لەگەڵیان بێتن، ئەو خەڵکە شوێنێکیان بۆ بدۆزێتەوە، لەو وەزعە نەجاتیان بێت چونکە ئەوەی من ئەیزانم 18 کەس بەس مارو دووپشك پێی وەداوە، ئەوەی شوێنەکانی خۆیان بەجێ هێشتووە لەو دوو سێ ڕۆژە، بۆیە واجبێکی مەسئولیەتە لەسەر شانمان، واجبێکە ئینسانی و ئیلاهی ئەبێت بەو دەورە هەڵبستن، ئەگەر بەو دەورە هەڵنەستن، گوناە بارین هەموومان گوناە بارین بەوە، نامەیەکیش بنووسین بۆ هەردوو کوتلەی کۆنگرێسی ئەمریکی، هەم بۆ جمهوریەکان هەم بۆ دیموکراتەکان، هەم بۆ مەجلیسی شیوخ، هەر عەینی نامە بۆ قائد قواتی حولەفا لە عێراق و بۆ گشت قونسولی و سەفارەتەکانی ناو عێراق و ناو کوردستانیش بنووسین، هەر کەسێکی تریش بە فکرتانا دێتن ناوەکەمان بدەنێ ئێمە بیزانین، نامەکانیان ئاراستە ئەکەین، ئەمانەوێ هەموو کورەی ئەرز لەم ڕووداوە غەمناکە، ئەم زوڵمە، ئەم تەعەدایە، کە لێمان دەکرێت و دەسەلأتمان نیە ئێمەش بەهێز بچین بەرامبەری بگرین، هەقیقەتێکە ئینسان وەکو ئەوەیە ریازییەك 200 کیلۆ بتوانێت هەڵبگرێت و لە منالێکی ساوا بداتن و لە بەرامبەری ڕابوەستیت و هیچ دەسەلأتێکی نەبێت، ئیمڕۆ وەزعەکە بەم شکلەیە، بۆیە ئەوانەی باسی دیموکراتی دەکەن، ئەوانەی باسی ئینسانی دەکەن، ئەوانەی باسی ئیسلامیەتی دەکەن، دەفەرموو ئەوە زوڵمێکە بۆ چاوتان گرتووە لە پێش ئەو زووڵمە، بۆچی دەنگ هەڵنابڕن؟، بۆ دەورتان نیە؟، بە نیسبەت خاڵێکی تریش ئەو کچەی کە شەهید بوو، کە تەئسیری لە هەر هەموومان کرد، دڵمان بۆی بریندار بوو، پێویستە هەموو پەرلەمانتارێك، هەموو وەزیرەکانمان، هەرکەسێك لەناو ئەم هەرێمە ئەژی، بالفعل ئیهتیمامێکی تەواوی پێ بدرێتن، وەکو ڕەمزێك نیشان بدرێت، منالێکی کورد بە نان و پەنیر ڕازیە بژییێت، بە عومرێکی بن 18 ساڵیەوە لەناو ڕەز خزمەت ئەکات، باوك و دایکی بژییێنێ، تۆپی جمهوری ئێرانی کە ڕۆژی پێنج جار فەرز نوێژ ئەکەن، بێت لێی بدات و شەهیدی بکات، یەعنی بەهەقیقەت ئەبێ ئەمشتانە بوترێت و باس بکرێت و نەی شارینەوە، ئێمە تەقدیری ئەو بەڕێزانەش ئەکەین کە لە بەسراوە ئەو نامەیان ناردووە، هاودەردی ئەکەین بۆیان ئەنێرینەوە، هاوهەڵوێستین لەگەڵ گشت ئەو خوشك و برایانەی کە ئیمڕۆ وەزعەکەیان ناتەبیعیەو لەماڵی خۆیان دەربەدەر کراون، وە

سەری ڕێزو نەوازش بۆ ئەو شەهیدانە دائەنێین و تەمەننا دەکەین برینداره‌کانیش چاك ببنەوە، سوپاسی گشت ئەو پەرلەمانتارانەی کە ئەمڕۆ لێرە حازر بوون، ئەگەر ئەو خالآنەی کە باس کران و یان شتێکی تریش وتراوە ئێمە دەری دەکەین، ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی ناوخۆ و یاسایی تەکلیف بکرێن، بە داڕشتنەوەی و پاشانیش نوسخەیەك بۆ هەر هەمووتان لە سندوقەکانتان دائەنێین، ئەگەر ڕازین لەسەر ئەوە تکایە هەمووتان دەست بەرز بکەنەوە؟ زۆر سوپاس، خوا ئاگادارتان بێت، انشاءالله موفەق دەبن.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15)ی

## یەك شەممە ڕێکەوتی 20\6\2010

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15)ی

## یەك شەممە رێکەوتی 2010/6/20

**کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی یـەك شـەممە رێکـەوتی 2010/6/20 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کـەرکووکی) سـەرۆکی پەرلـەمان و، بـە ئامـادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـداللە سـکرتێری پەرلـەمان، دانیشـتنی ژمارە (15)ی خولی سێیەم، ساڵی (2010) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (15)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی یـەك شـەممە رێکـەوتی 2010/6/20 دا بـەم شێوەیە بێت:**

**1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی کوردستان.**

**2- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری درێژە پێدان بـە کـارپێکردنی یاسـای بەرەنگاربوونـەوەی تـیرۆر ژمـارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان.**

**3- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسـای کـار پێکـردن بـە یاسـای پاراسـتنی بەکاربـەر ژمـارە (1)ی سـاڵی 2010 لە هەرێمی کوردستان.**

**4- رەوانە کردنی حیساباتی خیتامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لیژنەی پسپۆڕ.**

**5- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری لە هەرێمی کوردستان.**

**6- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری پرۆژە یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان.**

**7- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری پرۆژە یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان.**

**8- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لـە هـەرێمی کوردستان.**

9- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان.

10- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

11- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان.

12- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای یەکێتی ژووری بازرگانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (14)ی ساڵی 1993.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (15)، ڕۆژی دانیشتن 2010/6/20، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (15)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی 2010/6/20دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی کوردستان.

2- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری درێژە پێدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان.

3- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای کار پێکردن بە یاسای پاراستنی بەکاربەر ژمارە (1)ی ساڵی 2010 لە هەرێمی کوردستان.

4- ڕەوانە کردنی حیساباتی خیتامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لیژنەی پسپۆڕ.

5- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆە یاسای دەستەی پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری لە هەرێمی کوردستان.

6- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری پرۆژە یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان.

7- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری پرۆژە یاسای نەهێشتنی لەشفرۆشی لە هەرێمی کوردستان.

8- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان لە هەرێمی کوردستان.

9- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان.

10- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

11- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان.
12- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای یەکێتی ژووری بازرگانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (14)ی ساڵی 1993.

بەڕێزان، خاڵی هەشتەم لێرە هاتووە خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیاری پڕۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، ئەم پڕۆژەیە هی حکومەت بوو، خوێندنەوەی بۆ کرا سەحبیان کرد، بەلاّم پڕۆژەی ئەندامانی پەرلەمان ئێستا هاتووە، بۆیە خوێندنەوەی بۆ دەکەین، بۆیە لێرە دەمانەوێت نەقلی بکەین بۆ لای ئەو پڕۆژانەی کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت، لێرە پێویستە بچێتە بڕگەی چوار، پێویستی بە دەنگدانی ئێوەی بەڕێز هەیە بۆ چاك کردنەوەی، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو خاڵە خوێندنەوەی بۆ بکرێت و بچێتە بڕگەی چوار دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، چووە شوێنی خۆی، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆیان، لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن بۆ خاڵی یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم/ خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژە یاسای دەستەی نەزاهەی گشتی لە هەرێمی کوردستان.
ئەم پڕۆژەیە لە (25) مادده پێکهاتووە، شەش بەشیشە، لەگەڵ ئەسبابی موجیبە، بەشی یەکەم/ پەیوەندی هەیە بە پێناسەی یاساکە، بەشی دووەم/ هەڵبژاردنی سەرۆکی دەزگاو تەشکیلاتیەتی، بەشی سێیەم/ پەیوەندی هەیە بە کاروباری ئەم هەیئەتە، بەشی چوارەم/ پەیوەندی هەیە بەو بەندانەی کە قازانجی غەیرە مەشروعە، واتا بە لوغەتی قانون پێی دەڵێن (احكام الكسب الغير المشروع)، بەشی پێنجەم/ ئەحکامی عام و ئەحکامی خیتامییە، بۆیە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین کە ئەم پڕۆژەیە ئیحالەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا ئەم پڕۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی و ئابووری و لیژنەی نەزاهە دەکەین، کە لیژنەی پەیوەندیدارە بەم کارەوەو هەروەها بۆ ئەندامانی پەرلەمان، ئاراستەی هەمووان دەکرێت، خاڵی دووەم تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی دووەم/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری درێژە پێدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان.

بەڕێزان، هەروەکو هەموو لایەك ئاگادارین، کە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ساڵی 2006 لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند کرا، ماوەی کار کردنی دوو ساڵ بوو، پاشان لە ساڵی 2008 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە درێژ کرایەوە بۆ 2010/7/16، لەبەر ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە 7/16 لە پشوو دایە، بۆیە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پرۆژەیەکیان پێشکەش بە پەرلەمان کردووە، ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین، ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە لەسەر پرۆژەکە واژوویان کردووە، بەڕێزان:

1-شێروان حەیدەری.2- عەونی بەزاز.3- شیلان عبدالجبار.4- صباح بیت الله.5- عبدالسلام بەرواری.

6- عبدالله مام عەلی.7- علی حسین محمد. 8- ڕۆژان دزەیی. 9- سالار محمود. 10- سمیرە عبدالله. 11- گەشە دارا. 12- لانا احمد محمود. 13- ئاواز عبدالواحد. 14- دلێر محمود.

دەقی پرۆژەکە.

پرۆژەی یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی یاسای تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان - عێراق

ماددەی یەکەم:

کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 تا 2013/7/16 درێژ دەکرێتەوە.

ماددەی دووەم:

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکات.

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی 2010/7/17ەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاّو دەکرێتەوە.

بەڕێزان، ئەوە دەقی پرۆژەکە بوو بە زمانی کوردی، ئێستا دەقی پرۆژەکە بە زمانی عەرەبی دەیخوێنمەوە:

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە پێویست ناکات بخوێندرێتەوە، ئاراستەی لیژنەکان و ئەندامە بەڕێزەکان دەکرێت وەکو پرۆژەکانی تر، ئێستا ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ناوخۆو ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین بۆ گفتوگۆ و ڕەئی ئێوەی بەڕێز لەسەری، خاڵی سێیەم تکایە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کاری پەرلەمانی کوردستان/ خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری یاسای کار پێکردن بە یاسای پاراستنی بەکاربەر ژمارە (1)ی ساڵی 2010 لە هەرێمی کوردستان.

ئەم یاسایە لە شەش مادده پێکهاتووە، لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەو بەڕێزانەن:

1- شێروان حەیدەری. 2- عەونی بەزاز. 3- کاردۆ محمد پیردواد. 4- ایوب نعمت قادر(ئارام). 5- گۆران ئازاد.

6- بکر کەریم (ئاسۆ). 7- عبدالسلام بەرواری. 8- د.دانا سەعید سۆفی. 9- د.بەشیر خەلیل حەداد.

10- عماد محمد حسین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستاش ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی مافی بەکاربەرو لیژنەی یاسایی و ئەندامە بەڕێزەکان دەکەین بۆ رەئی بەڕێزتان و گفتوگۆ کردن لەسەری، ئێستا بۆ خاڵی چوارەم تکایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بابەت پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان، بەڕێزان، ئەمە بەناوی فراکسیۆن پێشکەش کراوە، کە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان لە خوارەوە واژوویان کردووە، داوا دەکەین پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان کە پێشتر لەلایەن پەرلەمانی کوردستان خولی دووەمەوە ئاماژە کراوە بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمان، تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت و پەرلەمان پەسندیان بکات.

ناوی ئەو ئەندامانەی کەوا پرۆژەکەیان پێشکەش کردووە:

1- اسماعیل سعید. 2- برهان رشید. 3- پەیام احمد. 4- پەیمان عزالدین. 5- پەیمان عبدالکریم. 6- پێشەوا تۆفیق. 7- د.جعفر علی. 8- د. ڕێباز فتاح. 9- د.زانا رؤوف. 10- سەرهەنگ فرج. 11- سیوەیل عثمان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە، کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت گوتت خاڵی چوار لە بەرنامەی کار رەوانە کردنی حیساباتی خیتامی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لیژنەی پسپۆڕ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر، خاڵی هەشتمان بە دەنگدان هێنایە خاڵی چوار، چوار دەچێتە خاڵی پێنج، ئێستا دەنگتان بۆدا، سوپاس، کەرەم بکە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**1- د.شاهۆ سعید. 2- عدنان عثمان. 3- عبدالله محمد نوری. 4- عظیمة نجم الدین. 5- ڤیان عبدالرحیم. 6- کوێستان محمد. 7- کاردۆ محمد. 8- کاروان صالح. 9- نەسرین جمال. 10- نەریمان عبدالله. 11- د.پەریهان قبلای.**

**بەڕێزان، ئەو پرۆژە یاسایە کە بەزمانی کوردی پێشکەش کراوە لە (19) ماددە پێك دێت، هۆیەکانی دەرکردنی یاسایەکەی تێدا نییە، تەنها (19) ماددەکەیەو، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ وئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بۆ رەئی و گفتوگۆ کردن لەسەری، تکایە خاڵی پێنجەم.**

**بەڕێزان، حیساباتی خیتامی کە هاتووە، ئێستا لێرە لەبەر دەستی ئێمەیە، ئاراستەی لیژنەی دارایی دەکەین، ئێوەی بەڕێز، ئەندامانی لیژنە، ئەندامانی پەرلەمان، ئەوانەی دەیانەوێت لەسەری ئیتیلاعیان هەبێت، دەتوانن لەگەڵ لیژنەی دارایی ببینن و رەئیتان بدەن، بۆیە حیساباتی خیتامی ئاراستەی لیژنەی دارایی دەکەین، سوپاس، کەرەم بکە نوقتەی نیزامی.**

**بەڕێز د.پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من بە پێویستی دەزانم بڵێین ئەو پرۆژە یاسایەی ماددە هۆشبەرەکان ئاراستەی لیژنەی تەندرستیش بکرێت، ئەگەر زەحمەت نەبێت، لەبەر ئەوەی رەپتێکی زۆری هەیە لەگەڵ پرۆژەکە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر دروستە، مولاحەزەی تریشمان لەلای دکتۆر بەشیرەوە بۆ هاتبوو، هەردوو پرۆژەکە یاسای لەشفرۆشی و یاسای ماددە هۆشبەرەکان ئاراستەی لیژنەی ئەوقافیش بکرێت، زۆر سوپاس، تکایە خاڵی پێنجەم لە بەرنامەی کار تکایە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خاڵی پێنجەم/ گفتوگۆ کردنە لەسەر پرۆژە یاسای دەستەی پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری لە هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە وەکو لیژنەی یاسا راپۆرتی خۆمان هەیە لەو بابەتە، ئێستا دەقی راپۆرتی لیژنەی یاسا بۆتان دەخوێنمەوە، رەنگە لیژنەی تریش هەبێت وەکو لیژنەی مالی، ئەوانیش رەنگە راپۆرتیان هەبێت، بەلام من دەست دەکەم بە خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی یاسا.**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە پرۆژە یاسای پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری لە هەرێمی کوردستاندا**

لیژنەی كاروباری یاسایی كۆبوونەوەی خۆی لە رۆژی دوو شەممە 24/جۆزەردان/2710ی كوردی رێكەوتی 2010/6/14ی زایینی ئەنجامدا، بە مەبەستی تاوتوێ كردنی پرۆژە یاسای دەستەی پشكنین و كۆنترۆڵی جۆری لە هەرێمی كوردستان – عێراق، كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە پێشنیاز كراوەو ڕەوانەی لیژنەكەمان كراوە، دوای خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەكە لە دانیشتنی پەرلەمان ژمارە (13) لە رێكەوتی 2009/12/29، دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لیژنەكەمان ڕاو سەرنج و راسپاردەكانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

پـرۆژەی پێشكەش كـراو لـە ئەحكامـەكانی یاسـای پشـكنین و كـۆنـترۆڵی جـۆری عێراقـی وەرگـیراوە لەگـەڵ ئەوەشدا یاسایی ئاماژەی پێكراوە لە هەرێمدا كارپێكراوە، هەندێك لەو ئەحكامانە لـە دەسـەڵاتی حكومـەتی ئیتیحادییەو بەپێی ئەحكامەكانی دەستووری عێراق، هیچ پاساوێك نییە بۆ ئەم پرۆژەیە لە ئێستاداو بۆیە ڕەتی دەكەینەوە.

ئێستا دەقی راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون هيئه التقييس والسيطرة النوعيه فى أقليم كوردستان**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية يوم الاثنين 24/ جۆزەردان/ 2710 كوردي المصادف ليوم 14 /2010/6 الميلادية لدراسة مشروع قانون هيئة التقييس والسيطرة النوعيـة في اقلـيم كوردسـتان - العـراق المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان و المحال الى لجنتنـا بعـد القـراءة الأولى لـه في البرلمـان في جلسـته الاعتيادية المرقمة (13) في 2009/12/29.

وبعد المناقشة والمداولة تقدم اللجنة ملاحظاتها وتوصياتها بالشكل الآتي :

أن المشروع المقدم مقتبس من احكام قانون التقييس والسيطرة النوعية العراقي وبما ان القانون المذكور نافـذ في الاقليم وان بعض احكامه من صلاحيات الحكومة الاتحادية وفق احكام الدستور العراقي فليس هناك مـبرر لهذا المشروع في الوقت الحاضر لذا نـرى رفض المشروع .

راجين التفضل بالأطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة وأبداء الرأى المناسب والتصويت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنــەی بەكاربــەر راپۆرتــان هەیــە كــەرەم بكــەن وەرن لێــرە بخوێننــەوە، فــەرموون، بــا رەئــی ئــەوانیش وەربگرین، لیژنەی بەكاربەر كەرەم بكەن راپۆرتەكەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

ئێستا دەقی راپۆرتی لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر بۆ ئێوەی بەڕێز دەخوێنمەوە:

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر**

لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر لە رۆژی سێ شەممە لە 2010/4/20 کاتژمێر (11)ی سەر لە بەیانی کۆبۆوە بە ئامادە بوونی زۆربەی ئەندامان بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای دەستەی پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیار کراوەو لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (13) لە 2009/12/29 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بە نووسراوی ژمارە (292) لە 2009/12/30 لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان بۆ لیژنەکەمان ناردراوە، دوای گفتوگۆیەکی تێرو تەسەل لەلایەن لیژنەکەمانەوە، ئەمەی خوارەوە رەئی ئێمەیە:

1- ئەم پرۆژە یاسایە وەرگیراوە لە یاسای ژمارە (54)ی ساڵی 1979 هەموار کراوی یاسای دەزگای ناوەندی پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری عێراقی، بەبێ ئیستیفادە وەرگرتن لە یاساکانی ئەو وڵاتانەی کە ئەزموونێکی باشیان هەیە لەم بوارەدا.

2- بەپێی ماددەی (110)ی بڕگەی چوار لە دەستووری عێراقی فیدراڵ، رێکخستنی کاری معیارو مواسەفات لە زیمنی ئیختیصاصاتی دەسەڵاتەکانی ئیتیحادییە، یان نێودەوڵەتییە.

3- بەپێی ماددەی یەکەم/بڕگەی دووەم لە یاسای ژمارە (54)ی ساڵی 1979ی هەموار کراو، کە ئەو دەستانەی هەر لە پارێزگاکان بە حوکمەکانی ئەم یاسایە کار دەکەن و بە لقەکانی دەزگای ناوەندی پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری دەزانرێت.

4- بەپێی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2006، وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم دەستەیە یەکێکە لە تەشکیلاتەکانی ئەم وەزارەتە، لە یاسایەکەدا لە ماددەی دووەم/ بڕگەی یازدە دیاری کراوە، کە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای مەرکەزی پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری لە وەزارەتی پلاندانان و هاوکاری مایەی عێراقی ئیعتیمادی سیستەمێکی نیشتمانی بکرێت، بۆ پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

5- لەبەر ئەم خاڵانەی سەرەوە رەئی لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر، پرۆژە یاسای پێشنیار کراو دووبارە کردنەوەیە بۆ یاسای ژمارە (54)ی ساڵی 1979ی هەموار کراوی دەزگای مەرکەزی پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری عێراقی، پێویست بە دەرچوونەوەیان نییە.

6- بە رەئی لیژنەکەمان بۆ ئەوەی بتوانین یاسایەکی باش ئیقرار بکەین لە هەرێمی کوردستانداو خزمەتیەکی باش بۆ سەلامەتی و رێکخستنی خواردن و دەرمان و هەموو کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی تر بگەیەنێت و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستاندا بکات، ئێمە کار بکەین لە ئایندەداو لە دوای راپرسی لەسەر پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستان، کە لە ماددەی (107)ی بڕگەی یەکەمدا هاتووە

بــه دامەزرانــدنی دەســتەی گشــتی دروســتی و باشــی بەرهەمــەکانی خۆمــاڵی و هاوردەکــان لــە هــەرێمی کوردستاندا، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەم بکەن لیژنەی تەندروستی.

**بەڕێز حسن محمد سوره :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راپۆرتی لیژنەی کاروباری تەندروستی ژینگە

**بۆ/ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ب/ راپۆرتی کاروباری لیژنەی تەندروستی و ژینگە**

لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لە رۆژی چوارشـەممە لـە 2010/2/17 کۆبـۆوە، بـۆ ئامـادە کردنـی راپۆرتی لیژنـە بۆ پرۆژە یاسای دەسـتەی پشـکنین و کـۆنترۆڵی جـۆری لـە هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق، کـە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشنیار کراوە لە دانیشـتنی ژمـارە (13)ی ئاسـایی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی 2009/12/29 پەرلەمانی کوردسـتان خوێندنـەوەی یەکـەمی بـۆ کـراوە، دوای دیراسەت کردنی لەلایەن لیژنەمانەوە، ئەمەی خوارەوە رەئی ئێمەیە:

ئەم پرۆژەیە وەرگیراوە لەیاسای ژمارە (54)ی ساڵی 1979ی یاسای دەزگـای ناوەنـدی پشـکنین و کـۆنترۆڵی جۆری عێراقی بەبێ دەستکاری ئەوتۆ کە شایانی باس بێت، حوکمەکانی یاسایی بۆ پێشـنیار کردنـی پـرۆژە یاسای دەستەی پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری لە هەرێمی کوردستان بریتین لە:

أ- برگەی دووەمی ماددەی یەکەم لە یاسای ژمـارە (54)ی سـاڵی 1979 یاسـای دەزگـای ناوەنـدی پشـکنین و کۆنترۆڵی جۆری.

ب- برگــەی یــازدەی مــاددەی دووەم ژمــارە (7)ی ســاڵی 2006ی یاســای وەزارەتــی پلانــدانانی هــەرێمی کوردستانی عێراق.

هەردوو پرۆژە یاسای پێشـنیار کـراو و یاسـای دەزگـای ناوەنـدی پشـکنین و کـۆنترۆڵی جـۆری پەیوەسـتە بـە مواسەفات و مەعاییری عێراقی کە ئیتیحادییە ئەگەر هەبێت، یان نێودەوڵەتی و جیهانی، بە رەئـی لیژنـەی کاروباری تەندروستی وژینگە لەبەر ئەوەی یاسای ژمارە (54)ی ساڵی 1979 رێگای پێـدراوە کـە کـاری پـێ بکرێت لە کوردستان و دەستەی پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری لە هـەرێمی کوردسـتان دامـەزراوەو بـەپێی ئـەو یاسایانە، بۆیە پرۆژە یاسای پێشنیار کراو دووبارە کردنەوەی یاسایەکەیە، پێویست بـە دەرچـوونی دووبـارە کردنەوەی ناکاتەوە، ئەمڕۆ لە سایەی ئابووری و سیاسەت و ئاراستەی نوێ بۆ بازرگانی و ئابووری پێویستە

دووباره چاو به تەشریعات و رێگاکانی کارکردن بخشێندرێتەوە، بۆ ئـەم مەبەسـتە هـەوڵ بـدرێت کـەڵك لـە تاقی کردنەوەی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگیرێت.

به رەئی لیژنەمان بۆ دروسـت کردنـی ژێرخـانی سـەلامەتی و رێکخسـتنی خـواردن و دەرمـان پـرۆژە یاسـای بەڕێوەبەرایەتی خواردن و دەرمان، یان وەکالەتی خواردن و دەرمان سـەر بـە وەزارەتـی تەندروسـتی بـەپێی یاسـای تەندروسـتی گشـتی ژمـارە (89)ی سـاڵی 1981 لـە ئاینـدەدا، کـە لەلایـەن لیژنەکەمانـەوە ئامـادەو پێشنیار دەکرێت، لەگەڵ رێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا سێ لیژنە پێشنیاریان کردووە، کە ئـەم پرۆژەیـە رەت بکرێتـەوە، نوقتـەی نیزامیـە، کـەرەم بکە.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی ئێمەش کـرا بـوو، راپۆرتمـان هەیـە، بـەس مـن دەمـەوێت ئـەوەی رەئـی لیژنەکەمان بە شەفەوی دەربـبڕم، ئێمە هەمان رەئی لیژنەی یاساییمان هەیە دەربارەی ئەو پرۆژە یاسایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبوایە رەئیتان بە نووسـراو بێـت، بـەڵام کـەرەم بکـە، فـەرموو، کـەرەم بکـە بـە شـەفەوی، نـاوی لیژنـەکەو رەئیتان.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەکەمان، لیژنەی پیشەسازی وبازرگانی، ئێمە هاوڕاین لەگەڵ رەئی لیژنەی یاسـایی سـەبارەت بـە پـرۆژە یاسای کۆنتڕۆڵی جۆری لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ ئێـوەی بـەڕێز، بـەڕێزان، ئێسـتا دەیخەینـە دەنگدانـەوە، پـێش ئـەوەی بخرێتـە دەنگدانـەوە، ئـەو بەڕێزانەی کە پرۆژەکەیان تەقدیم کردووە دوو کەسیان دیفاعی لێ بکات، رەئی لیژنەکانیش مـەعلوم بـوو، پاشان دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە پرۆژەکە گفتوگۆی لەسەر بکرێـت و بـەردەوام بـین، دوو کەسمان دەوێت کە دیفاعی لێ بکات، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو یاسایەی کە ئێستا بـرادەران باسـیان لەسـەر کـردو هـەموو لیژنـەکان رەئـی خۆیـان لەسـەردا زیاتر لە سێ لیژنە (بما فیە) لیژنەی یاسایی کە من خۆم ئەندامی لیژنەی یاساییم، لە رەئیەکـە لەگەڵیانـدا

نەبووم، پێم باشە روون كردنەوەیەكی لەسەر بدەم، راستە مەسەلەی مەعاییرو مەقایس و مەكائین، ئەمە هەمووی سەلاحیاتی حەسرین رەپتیان بە مەركەزەوە هەیە، بەلام ئەم یاسایەی كە پێشكەش كراوە بە ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان هەدەفێكی تایبەتی تیادا هەیە، یەكێك لەوانە ئەوەیە ئەم جیهازەی كە لە كوردستاندا هەیە بەشێكە، مودیریەتێكە لە وەزارەتی پلاندانان، راستە لە كاتی خۆیدا لەسەردەمی رژێمی رابردوو لەعێراقدا بەشێك بووە لە وەزارەتی پلاندانان، بەلام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵەكانی شەست و پێشتر جیهازێكی تایبەت بووە، ئەم جیهازە هیچ كەموكوڕییەكی لەو جیهازانەی تر كەمتر نییە، كە بە دەستەیەكی تایبەتی ئێمە لە كوردستاندا دروستمان كردووە، بۆچی؟ ئەمە رەپتێكی موباشیری بە قوتی هەموو خەڵكەوە هەیە، رەپتێكی موباشیری بە هەموو داو و دەرمان و خواردن و جلوبەرگ و كەرەستەو مەوادی پیشەسازی، هەتا مەوادی كیمیاوی و مەوادی توبیەكانەوە هەیە، بۆچی خراوەتە سەر وەزارەتی پلاندانان؟ لەكاتی خۆیدا لەسەردەمی رژێمی رابردوو، بۆ ئەوەی ئەو جیهازە ئەوەندەی دەسەڵاتە نەبێت، نەتوانێت مەنعی ئەو مەوادانە بكات كە دەهاتنە عێراق و بەكار دەهێنرا بۆ مەوادی كیمیاوی و بایەلۆجی و مەوادی ژەهری، كە تا ئێستا ئێمەش تا دەیان ساڵی تر خەڵكی پێوە دەناڵێنێ، ئەم جیهازە ئەگەر بێتو بە بەشێك لە وەزارەتی پلاندانان بمێنێتەوە، لەوە ناچێ بتوانێت ئەو هەدەفەی كە بۆی دانراوە تەواو بپێكێت، راستە ئەو مەسەلە حەسریانە لە یاساكە دەستكاری نەكراوە، بەلام هیچ مانعێك نییە كە یاسایەك هەبێت لە كوردستاندا بە موڕاعاتی ئەو مەسائیلانەی كە لە سوڵتاتی حەسری و سیادیدا باسی لەسەر كراوە دەستكاری نەكرێت، بەلام هەدەف لێرە ئەوەیە ئەم هەیئەتە بكرێتە هەیئەتێكی موستەقیل، وەكو هەیئەی پاراستنی مافەكانی مرۆڤ، هەیئەی پاراستنی ژینگە، بۆ ئەوەی دەسەڵاتێكی فراوانتری هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت كاراتر بێت لە كارەكانیدا، بۆ ئەوەی رێگا لەوە بگرێت كە چی تر ئەگەر هەر دەسەڵاتێكی تەنفیزی خوا نەكردە لە كوردستانی ئێمە بێنێ و بۆ چەندەها ساڵی دیكە، یاخود ئێستا، یان لە داهاتوودا بە هەر نەوعێك هەر جۆرە مەوادێك بیانەوێت بهێنرێتە كوردستانەوە، پێویستە بەم جیهازەدا بڕوات، بۆیە ئەم جیهازە بە هەیئەتێكی موستەقیل تەقدیم كراوە، بۆ ئەوەی كارایەتی خۆی بنوێنێت، دەسەڵاتی خۆی بنوێنێت، ئیلا دەستكاری ئەوە نەكراوە كە لە سوڵتاتی حەسرییەكاندا كیلۆیەك هەزار غرام بێت لە عێراق كرا بێت بە نۆسەدو نەوەدو نۆ غرام، یان مەترێك سەد سانتیمەتر بێت، كرا بێت بە (99) سانتیمەتر، بەپێچەوانەوە هەموو مقیاسەكان وەكو خۆی ماوەتەوە، هەندێك گۆڕانكاری تیا كراوەو عقوباتەكانی تیا زیاتر كراوە، چونكە ئەو یاسایە كۆنە لەگەڵ عقوباتەكانی كۆندا گونجاوە، بەلام ئێستا مەسەلەكان زیادی كردووەو شت گران بووە، فراوانی لە هاتوچۆ و هێنان و هاوردەی مەواد هەیە، لەبەر ئەوە پێویست بوو عقوبەكانی زیاتر بكرێت، لێرە لەم یاسایە عقوبەكان زیاتر كراوە، ئەمەش هەمووی بە هەدەفی پاراستنی سەرو ماڵ و صحەت و تەندروستی خەڵكی كوردستانە، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو یاسایە دەنگی بۆ بدرێت، بۆ ئەوەی بكرێتە هەیئەیەكی سەربەخۆ لە كوردستاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزێکی تر کە دیفاعی لێ بکات، پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدانەوە، کاك بورهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رەئی من مەسڵەحەتی خەڵکی کوردستان، مەسڵەحەتی میللەتەکەمان لە رووی تەندروستییەوە، لە رووی پرۆژەی بیناسازییەوە، لە رووی موختەبەراتەوە، لە هەموو روویەکەوە گرنگترە لە هەر شتێکی تر، راستە من موتەفیقم وەکو کەسێکی یاسایی، کە ئەوە سەلاحیەتێکی مەرکەزییە، راستە لە ماددەی 110ی دەستووردا لە چوار، پێنج فەقەرە دەرجی سەلاحیاتی مەرکەزی کراوە، بەلام مەسڵەحەتی میللەتەکەمان ئەوە دەهێنێت وەکو دەستەی نەزاهە، وەکو دەستەی مافی مرۆڤ، وەکو هەموو دەستەکانی تر، ئێمەش ئەم موئەسەسەیەمان هەبێت، هەرچ کەسێك دوای ئەوەش ئیعتیرازی لێ هەبوو، ئێمە مەسڵەحەتی میللەتی خۆمان زۆر گرنگترە لە شتی تر، با بچێت لە مەحکەمەی ئیتیحادی ئیعتیرازی لێ بگرێت، لە مەحکەمەی دەستووری عولیای بەغدا، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا دوو بەڕێز ئەوەی کە پێی باشە رەفز بکرێت، دیفاعی لێ بکاتن، ئەوەی پێ باشە رەفز بکرێت، کاك عیماد کەرەم بکە.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئێمە لەگەڵ ئەوە داینە کە مەسەلەن پرۆژە یاسایەك بەو شێوەیە هەبێت، بەلام ئێمە لەگەڵ ئەوەداینە پرۆژەیەکی باشتر هەبێت، ئێمە ئێستا قانونێکمان هەیە کارپێکراوە لە هەرێمی کوردستان، دەستەی کۆنترۆڵی جۆری عێراقی هەرێمی کوردستانیش ژی بەو یاسایە کار دەکات، ئەگەر تۆ سەیری ئەم پرۆژەیە بکەیت ماددەکانی ناو ئەو پرۆژەیە دەقی ئەو ماددانەیە کە لەناو ئەو یاسایەدا هەیە، لەبەر ئەوەی ئەوە دووبارەیە، دەبینین ئەوە دووبارەیە، پێویستی بە دەرچوونیان نییە بەڕاستی.

خاڵی دووەم/ بەڕاستی ئەوەیە کە ناکۆکی لەگەڵ یاسای وەزارەتی پلاندانان هەیە، لە ماددەی دووەم/ بڕگەی یازدە لە قانونی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە، دەڵێت (بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگای مەرکەزی پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری لە وەزارەتی پلاندانان و هاوکاری مایەی عێراقی ئیعتیمادی سیستەمێکی نیشتمانی بکرێت بۆ پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری لە هەرێمی کوردستاندا، واتا دەبێت ئێمە قانونی وەزارەتی پلاندانان دیسان تەعدیل بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر بۆیە لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەنگ ژیانی هاوولاتیانەوەیە، بەتایبەتی ئەو دەزگایەی هەیە ئێستا بۆ پشکنین و کۆنترۆڵی جۆری زیاتر ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانەو خۆشی پەیوەستە بەو مەسەلەیەوە، یاسایەکیان ئامادە کردووەو رەوانەی حکومەتیان کردووەو چاوڕێی رەئی حکومەتن، بۆ ئەوەی حکومەت رەوانەی بکات بە ناوی (قانون الهيئة العامة للجودة وسلامة المنتوجات المحلية والمستوردة)، یەعنی هەنگاوەکانی ناردنی ئەم یاسایە گەیشتۆتە ئەوەی کە بگاتە لای حکومەت، حکومەت رەئی خۆی بدات لەسەری، لەبەر ئەوە رەفز کردنەوەی ئەم یاسایە مانای ئەوە نییە ئیلغا کردنەوەی پاراستنی مافی بەکاربەر، یاخود داهێنانی ئەو هەیئەتە، بەڵکو ئێمە پێمان باشە دائیمەن ئەو یاسایانە لەلایەنە موختەسەکان خۆیانەوە دەربچێت، چونکە ئەوان باشتر لە کارەکانی خۆیاندا دەزانن، کە چۆن دەیانەوێت رێکی بخەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا رەئیەکان مەعلوم بوون، دوو لا بوو، ئەو بەڕێزانەی کە کاك عومەرو کاك بورهان رەئی خۆیاندا، ئێوەی بەڕێز گوێتان لێ بوو، کاك عیمادو سۆزان خان رەئیاندا گوێتان لێ بوو، پێشتریش لیژنەکان رەئی خۆیاندا، ئێستا ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە بۆ رەفز کردنی، کێ لەگەڵ ئەوەیە رەفز بکرێت تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (14) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، کاکە کەرەم بکە فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوو فەقەرەمان هەبوو، یەك/ یاسایەکە، دوو/ دروست کردنی دەستەیەکی تایبەت بە پارێزگاری کردن لە نەوعیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، نەخێر، پرۆژەکە خرایە دەنگدانەوە، کە پرۆژە یاسا بەگشتی هەرسێ لیژنەکە لەپێش چاوی ئێوەی بەڕێز دەنگیان دابوو، بۆ ئەوەی رەفز بکرێتن، بۆ ئەوەی شتێکی باشتر لە موستەقبەل بێتن، تەواو، بۆ فەقەرەی شەش لیژنەی یاسایی. بەکاربەر و تەندروستی بڕۆنە فەقەرەی حەوت.

**بەڕێز رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، راپۆرتی لیژنەی یاسایی:

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر پرۆژە یاسای داواکاری گشتی**

رۆژی 24 جۆزەردانی ساڵی 2710ی کوردی بەرامبەر رۆژی (2010/6/14)ی زایینی، لیژنەی کاروباری یاسایی بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان کۆبووەوە، ئەو پرۆژەیەی کە لەلایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کرابوو، پاش خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ژمارە (7)ی رۆژی (2010/5/5)

ڕەوانەی لیژنەکەمان کرا، دوای کۆبوونەوەی لیژنەکەمان لەگەڵ نوێنەرانی داواکاری گشتی، بە ڕەچاوکردنی تێبینیەکانیان و دوای گفتوگۆ و توێژینەوە و ڕادەربڕین لیژنە بەو ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

یەکەم: لیژنەکەمان پشتگیری پەرەسەندنی دەزگای داواکاری گشتی دەکات لە هەرێمی کوردستان و زیادکردنی دەسەڵاتەکانی و پێدانی پارێزگاری یاسایی پێویست بۆ ئەوەی بە ڕۆڵی خۆی هەستێت لە داکۆکی کردن لە ماڵی گشتی و ئاشکراکردنی تاوان و بەشداری کردن لە بنبڕکردنی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی، هەروەها پێویستە چاو بە پێکهاتەکانی دەزگای داواکاری گشتی و دام و دەزگا دادوەرییەکانی دا بخشێندرێت.

دووەم: پرۆژەکە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، هەرچەندە تێبینی شکلی، ڕووخساری و بابەتی لەسەر هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوانەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا، بۆ ئەوەی بیروڕای ئەنجومەنی وەزیرانی لەسەر وەربگیرێ.

سێیەم: لە بەدواداچوونمان بۆ ناوەرۆکی نووسراومان ژمارە (30) لە (2010/1/5) کە نووسراوی لیژنەی کاروباری یاساییە، کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، دەرکەوت پرۆژە یاسایەکی داواکاری گشتی تایبەت بە هەرێمی کوردستان هەیە کە پێشکەش بە وەزارەتی داد و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە و لیژنەیەك بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەری پێك هاتووە، تاکو ئێستا لیژنەکە بیروڕای یەکجارەکی لەسەر نەداوە تا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسند بکرێ و ڕێگای ئصولی خۆی بگرێتە بەر و ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت، هەرچەندە ئێمە بە نووسراوی ئاماژە پێکراوی سەرەوەمان دووپاتی ئەوەمان کردۆتەوە کە پەلە لە ئەنجامدانی پرۆژەکە بکەن و پێشکەش بە پەرلەمانی بکەن.

چوارەم: بابەتی پرۆژەکە پەیوەندی بە سیستەمی دادوەری کوردستانەوە هەیە، ئەوەش وا پێویست دەکات هەڵوەشاندنەوە، یاخود هەموارکردن لە هەندێ یاسای کارپێکراو لە هەرێم لە هەندێ لە ماددەکانی بکرێت، لەوانەش:

1- یاسای وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان ژمارە (13)ی ساڵی 2007.

2- یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (23)ی ساڵی 2007.

3- یاسای پاشکۆی یاسای داواکاری گشتی ژمارە (159)ی ساڵی (1979) لە هەرێمی کوردستان ژمارە (18)ی ساڵی 2007.

4-یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارە (14)ی ساڵی 2008.

5-یاسای پەیمانگای دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە (7)ی ساڵی 2009.

6-یاسای بنەماکانی جەزایی، واتا ئصولی موحاکەمات جەزائی ژمارە (23)ی ساڵی 1971.

7-یاسای سزاکانی عیراقی ژمارە (111)ی ساڵی 1969ی هەموارکراو.

8-یاسای ژمارە (22)ی ساڵی 2003 کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە.

9-بڕیاری ژمارە (2)ی ساڵی 2007 کە لە پەرلەمان دەرچووە.

لەبەر ئەو هەموو هۆیانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، ڕاسپاردە و پێشنیاری لیژنەکەمان ئەوەیە کە پرۆژە یاساکە ڕەت بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية حول مشروع قانون الادعاء العام**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية بتاريخ 24/جۆزەردان/2710 كوردي المصادف ليوم 2010/6/14 لدراسة مشروع قانون الادعاء العام لاقليم كوردستان_العراق المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (7) والمنعقدة في 2010/5/5 وبعد الاجتماع مع ممثلي الادعاء العام واخذ ملاحظاتهم، اطلعت اللجنة على المشروع وبعد المناقشة والمداولة ودراسته توصلت اللجنة الى ما يأتي:

**اولاً**: ان اللجنة من حيث المبدأ تؤيد تطوير جهاز الادعاء العام في اقليم كوردستان وزيادة صلاحياته واعطائه الحماية القانونية اللازمة للقيام بدوره القانوني والقضائي في الدفاع عن الحق العام والكشف عن الجرائم والمساهمة في القضاء على الفساد المالي والاداري، وكذلك اعادة النظر في تشكيلات جهاز الادعاء العام والاجهزة القضائية الاخرى.

**ثانياً**: ان المشروع مقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان ورغم وجود ملاحظات شكلية وموضوعية عليه فإنه أحيل الى رئاسة مجلس الوزراء للتوصل الى رأي مجلس الوزراء بصدده.

**ثالثاً**: لدى متابعتنا لمضمون كتابنا المرقم 30 في 2010/1/5 الموجه الى رئاسة البرلمان ظهر بأنه هناك مشروعاً لقانون الادعاء العام خاص باقليم كوردستان مقدم الى وزارة العدل ورئاسة مجلس الوزراء وشكلت لجنة لدراسته ولحد الان لم تتوصل اللجنة الى رأي نهائي بشأنه بغية المصادقة عليه من قبل مجلس الوزراء تمهيداً لسلوك الطريق الاصولي لاحالته الى البرلمان رغم تأكيد لجنتنا في كتابنا المشار اليه اعلاه بسرعة انجاز المشروع وتقديمه الى البرلمان.

رابعاً: ان موضوع المشروع يمس النظام القضائي في كوردستان بشكل عام ويحتاج الامر الى الغاء او اجراء التعديلات في بعض القوانين النافذة في الاقليم أو بعض مواده ومنها:

1- قانون وزارة العدل لاقليم كوردستان رقم 13 لسنة 2007.
2- قانون السلطة القضائية رقم 23 لسنة 2007.
3- قانون ملحق قانون الادعاء العام (159) لسنة 1979 في اقليم كوردستان و المرقم 18 لسنة 2007.
4- قانون مجلس الشورى لاقليم كوردستان - العراق رقم 14 لسنة 2008.
5- قانون المعهد القضائي لاقليم كوردستان – العراق رقم 7 لسنة 2009.
6- قانون اصول المحاكمات الجزائية العراقي رقم 23 لسنة 1971.
7- قانون العقوبات العراقي رقم 111 لسنة 1969 المعدل.
8- قانون رقم 22 لسنة 2003 الصادر عن البرلمان.
9- قرار رقم 2 لسنة 2007 الصادر عن البرلمان.

لكل ذلك فان لجنتنا توصي وتقترح برفض المشروع في الوقت الحاضر للاسباب المشار اليها اعلاه.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض أصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة وابداء الرأي المناسب بشأنه والتصويت عليه، مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا لیژنەی یاسایی داوای ڕەفزیان كرد، دیارە لە ڕاپۆرتەكەیان بە زۆرینەی دەنگە، ئێستا مەجال دەدەینە دوو بەڕێز، كەرەمكە نیزامیە فەرموو.

**بەڕێز د.زانا ڕؤوف حمە كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو كاتی ئەو پرۆژەیە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، حەواڵەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی نەزاهە كرا، بەڵام لیژنەی نەزاهە، من ئەندامی لیژنەی یاساییم، ئەندامی لیژنەی نەزاهەشم، بەڵام تا ئێستا لیژنەی نەزاهە ڕاپۆرتی ئامادە نەكردووە، من پێشنیاز دەكەم گفتوگۆ لەسەر ئەو ڕاپۆرتە دوابخرێ، تاوەكو لیژنەی نەزاهەش ڕاپۆرتی لەسەر ئەو حاڵەتە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی نەزاهە ڕەئیان داوە، داوادەكەن، دەڵێن دوابخرێ، ئەوان داوای دواخستن دەكەن، لیژنەی یاسایی داوای ڕەفز دەكات، بۆیە ئێستا مەجال دەدەینە دوو كەس، یەك دیفاع دەكات، كاك كاردۆ، كەرەمكە دیفاع بكە.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە، ئاماژە بەوە دەكەن كە لایەنگری و پشتگیری مەبدەئی بەهێزكردنی دەزگای داواكاری گشتی لە هەرێم دەكەن، بۆ ئەوەی بە ڕۆڵی خۆی هەستێت و لە داكۆكی كردن لە مافە گشتیەكان و ئاشكراكردنی تاوان و بەشداریكردن لە بنبڕكردنی گەندەڵی دارایی و كارگێڕی، من پێموایە ئەو پرۆژە ئەو مەبەستانەی لەخۆ گرتووە، ئەو ڕەتكردنەوەش بە وتنەوەیەكی ڕەوا و پەسند نازانم، چونكە ئەو پرۆژە یاسایە كە پێشكەش كراوە لەلایەن ژمارەی ئەندامانی یاسایی، لەكاتی خۆی ئەو پرۆژەی كە باسی ئەو هۆكارانە دەكات كە لە ناوەڕۆكی ڕاپۆرتی یاسایی سەبارەت بەوەی كە پرۆژەیەكی تر هەیە، ئەو پرۆژەیە لە ڕێی داواكاری گشتی كە لیژنەكیان دروست كردووە، ڕەوانەی وەزارەتی دادیان كردووە، وەزارەتی داد دوای ساڵێك ڕەوانەی حكومەتی كردووە، دوای ئەوە حكومەتیش ڕەوانەی ئەنجومەنی شورای كردووە دوای 9 مانگ، تا ئێستا ئەو پرۆژەیە لە حكومەت بێ وەڵامە، لەبەر ئەوە ئەو پرۆژەیەی كە ئێستا بە ناچاری لەلایەن ژمارەیەكی یاسایی ئەندامانەوە، جارێكی تر لە پەرلەمانەوە ئەو پرۆژەیە پێشكەش كراوە، یەعنی ئەوە دوو ساڵە تەقدیمی حكومەت كراوە، جگە لەوەی ئەو پرۆژە بۆ بەهێزكردنی پێگەی جیهازێكە كە دەسەڵاتەكان بە شێوەیەك دەپارێزێ كە پەیوەندی بە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییمان و ماف و سامانی گشتی و سەروەری یاسا و چەسپاندنی و ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی دارایی و كارگێری و پارێزگاری كردن لە مافەكانی مرۆڤ و گەلێ ئامانجی ترەوە هەیە، ئەنجامدانی ئەركەكانی بە چاكترین شێوە هەڵسایین بە پشتیوانی كردنی ئەو پرۆژەیە بۆ جارێكی تر لە پەرلەمان، ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر: ئێمە ئەگەر سەیری دەسەڵاتی دادوەری گشتی بكەین لە عیراقدا، دەبینین لە ڕژێمی دكتاتۆری كە دژ بە سەروەری یاسا، مافەكانی مرۆڤ، ڕێزنەگرتنی لە گەلانی عیراق،

ئەستەم بووە بوار بدا کە داواکاری گشتی باڵا دەست بێت، وەك دەزگایەکی چاودێری قەزایی، ئەوە بوو بە چەندین هەموارکردن لە یاساکان وای کردووە کە تەعبیر لە بەرژەوەندی فەلسەفەی ڕژێمەکە بکات، بەڵام ئەو پرۆژەیە، پرۆژەیەکە کە چەندین بواری لە خۆ گرتووە کە پەیوەندی بە بواری سەربەخۆیی دەزگاکەیە، کە ئەوە ئەهمیەتێکی گرنگە وەکو دەستەیەکی قەزایی سەربەخۆ، پەیوەندی بە بواری داراییەوە هەیە، پەیوەندی بە بواری کارگێرییەکە، چونکە پرۆژەکە باس لە دامەزراندنی ئەنجومەنی داواکاری گشتی دەکات کە پێك دێت لە سەرۆك و جێگرەکانی، دوو لە کۆنترین داواکاری گشتی، تەبعەن ئەوە بۆچی؟ بۆ دانانی پلانی ساڵانەی داواکاری گشتی، بۆ خەمڵاندنی بودجە، بۆ بڕیاردان لەسەر ماف و جیاوازییەکانی، ئینجا بوار و ئەرکەکانی، دەسەڵاتی دیاری کردووە، داواکاری گشتی لەو پرۆژەیە، ئەوە خاڵێکیان، خاڵێکی تر: پرۆژەکە بواری داوای سزایی دیاری کردووە کە بە سێ قۆناغ تێپەڕ بێ، باس لە تایبەتمەندی داواکاری گشتی دەکات بە جووڵاندنی سکاڵا و سکاڵای گشتی و لێکۆڵینەوە تێیدا، هیچ لایەنێکی تر ئەو ئەرکەی نەگرتۆتە ئەستۆ، وەکو سیستەمی نوێنەرایەتی گشتی، کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پیادە دەکرێ، خاڵێکی تر: قۆناغی دادگایی کردن، پرۆژەکە باس لە بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەندامان دەکات لە کاتی دادگایی کردنی تۆمەتباران بە پێدانی دەسەڵاتی زیاتر، وەك لە یاسای وڵاتانی پێشکەوتوو هاتووە، یەعنی درێژە، لەبەر ئەوە نامەوێ باسی ناوەڕۆکەکە بکەم، دەنا کە پەیوەندی بە نوێنەرایەتی مافی گشتی هەیە، لە دادگاکانی تاوان، پێکنەهاتنی دانیشتنی دادگا بە بێ ئامادەبوونی داواکاری گشتی، ئەوە و چەند خاڵێکی تر، پەیوەندیدارە پرۆژەکە بە قۆناغی جێبەجێ کردن، کە لە بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەندامان لە قۆناغی جێبەجێکردندا دەکات، بە پێدانی دەسەڵاتی زیاتر وەك لە یاسای وڵاتانی پێشکەوتوو هاتووە، بەو شێوەیەی خوارەوە کە ڕەنگە لە ناوەڕۆکی، ئەندامانی پەرلەمان ناوەڕۆکەکانیان خوێندۆتەوە، دەزانن باس لەچی دەکات؟ ئەوە جگە لە ڕۆڵی داواکاری گشتی لە دادگا شارستانیەکان، ڕۆڵی داواکاری گشتی لەبەردەم دادگای باری کەسێتی، هەموو ئەوانە ڕۆڵێکی گرنگ دەدەنە جیهازەکە، کە ئێمە ئەو پرۆژە ڕەت نەکەینەوە، ئەوە ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی باس بکەم، لە کۆتاییشدا دەڵێم: تاکو ئێستا لە هەرێم وێڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە (18) ساڵ بەسەر پێکهێنانی حکومەتی هەرێم، تاکو ئێستا پەرلەمان نەیتوانیوە یاسایەکی تێر و تەسەل بۆ داواکاری گشتی دەربکات، بەڵکو تەنها دوو، سێ هەموارکردن نەبێت، کە نەیانتوانیوە ئەو دەزگایە بەهێز بکەن، لە ڕووی دەسەڵات پێدانی زیاتر، لە کاتێکدا دوو یاسای بۆ دەسەڵاتی دادوەری دەرکردووە، لەگەڵ چەند هەموارکردنێك، دووەم: پرۆژە یاسای داواکاری هاودژ نیە وەکو لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە هاتووە، لەگەڵ هیچ یاسایەکی تر، چونکە یاسایەکی تایبەتە، یاسای تایبەت یاسای گشتی تەقید دەکات، ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ماددەی یەکەم لەسەر یاسای ئصولی سزایی ژمارە (23)ی ساڵی 1971 پێویست دەکات بوەستێندرێت، خاڵی سێیەم: یاسای دەسەڵاتی دادوەری پەسند کرا لە پەرلەمان، ئەگەرچی لە خاڵە هەرەسەرەکییەکانی هاودژ بوو لەگەڵ دەسەڵات، لەگەڵ یاسای وەزارەتی داد، یاسای داواکاری گشتی، یاسای ئصولی سزایی، یاساکانی تر کە باسیان لە دەسەڵاتی وەزیری داد دەکرد، کە دواتر لەگەڵ جیاکردنەوەی ئەنجومەنی دادوەری، لە وەزارەتی داد، بوونە مایەی کێشە و یەکلانەبوونەوەی، تاکو ئێستاش هیچیان لەو یاسایانە

هەموارنەكراون بۆ لادانی ئەو هاودژانەی هەن، چوارەم: مانەوەی سەرۆكایەتی داوای گشتی وەك دەزگایەكی سەر بە وەزارەتی داد، كارێكی نا دەستوورییە، چونكە بە پێچەوانەی ماددەی (89)ە لە دەستووری عیراق، ماددەی (77) لە پرۆژە دەستووری هەرێمی پەسندكراو لە پەرلەمانی كوردستان، چونكە یەكێكە لە پێكهاتەكانی دەسەڵاتی دادوەری، كەچی بە دەسەڵاتی جێبەجێكردن لكێندراوە، هەروەها پێچەوانەی بنەمای لێك جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان لە دەستوور هاتووە، فەصلی سولَتات، هەروەها نەبوونی ئەنجومەنێك كە كارەكانی داواكاری گشتی سەرپەرشت بكات، بەڵكو دانانی ئەندامانی داواكاری گشتی لەژێر سەرپەرشتی كردنی وەزیری داد، پێچەوانەی پرینسیپی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە، دەست تێوەردانی ترسناك لە كارەكان لەلایەن نوێنەری دەسەڵاتی جێبەجێكردن، كە وەزیری دادە، دابین نەكردنی بودجەیەكی سەربەخۆ، ئەوە جگە لەوەی كاتی خۆی كە داواكاری گشتی مانیان گرت لەسەر مەسەلەی بەكارهێنانی دەستەواژەی دادوەری، جەنابت خۆی وەعدت پێدابوون كە كێشەكەیان بۆ چارەسەر دەكەی، تا ئێستاش كێشەكەیان چارەسەر نەكرا، كە ئەوە كێشەیەكی یاساییشە، لەگەڵ ئەو بڕیارەی كە پەرلەمان دەریكردووە، ئەو هەمواركردنەی كرا ناكۆكە، ئەو پرۆژەیە دەسەڵاتی بەرزكردنەوەی داوای گشتی، لێكۆڵینەوەیەكی داوە بە داواكاری گشتی كە ئەوڕۆ لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان ئەو سیستەمە پیادە دەكرێ، لە تەواوی وڵاتانی عەرەبی دەور و بەریش لەسەری دەڕۆن، تەنها عیراق نەبێ كەوا ماوەتەوە، ئیتر بۆچی ئێمەی كورد لەو بوارەدا دوا بكەوین، تا لێكۆڵینەوەی لەلایەن برایانی پۆلیس، مەسەلەن ئێستا لێكۆڵینەوە لەلایەن برایانی پۆلیس ئەنجام دەدرێت كە ئەوەش بێگومان نەبوونی زانیاری پسپۆری تایبەتمەندی فەوتاندنی مافی لێقەوماوان، چەندین جاریش پێشێلكاری مافی مرۆڤی لێ دەكەوێتەوە، خاڵێكی تر ماوە كە كۆتاییە، لەبەر ئەوەی دەزگای داواكاری گشتی فەرامۆش كراوە و، هیچ دەسەڵاتێك گوێ بۆ داخوازی و پێداویستیەكانی ناگرێت، دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێ كردنیش، هیچ حیسابێك بۆ ئەو دەزگایە ناكەن، ئەوەش كاریگەری خراپی لەسەر دادگەری سزایی و سەروەری یاسا دەبێت، لەو حاڵەتە یاسا تەنها لەسەر بێ دەسەڵاتەكان و نەدارەكان جێبەجێ دەبێت و نەوەی نوێش ڕاناهێندرێن لەسەر پابەندبوونی یاسا، بۆیە ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەكە زۆر زەرووره ئەندامانی پەرلەمان دەنگی بۆ بدەن، نەك ڕەفزی بكەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك زانا كەرەمكە.

**بەڕێز د. زانا رؤوف حمه كریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، من پشتگیری دەكەم لەوەی كە دەبێ ئەو پرۆژەیە وەك خۆی بمێنێتەوە، گفتوگۆ دەربارەی بكرێت، ئەو پاساوانەشی كە لەبەردەمدایە محاوەلە دەكەم بە كورتی بیخەمە بەردەم ئێوەی بەڕێز، یەكەمیان: كارێكی غەڵەت نەكراوە كە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئەو پرۆژەیەیان تەبەنی كردووە، وەك خۆتان دەزانن ئەو پرۆژەیە لە ئەصلدا فیكرەی خودی ئەندامانی داواكاری

گشتی بووە، بەڵام کاتێك کە بێ ئومێد دەبێ لەوەی کە لەلایەن دەزگاکانی حکومەتەوە شتەکە زوو هەواڵە بکرێ، یاخود لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدارەوە کارئاسانیان بۆ بکرێت، ڕەنگە زەنبی ئەوانیش نەبێت کە زیاتر لە ساڵێکە لەبەردەم ئەنجومەنی شووراى هەرێمدا، یەعنی ئەو دەستەیە کارا نەبووە، تەفعیل نەکراوە، ڕەنگە پاساوەکان جیاواز بن، بەڵام ئەوە کارێکی هەڵە نەبووە، ئەوە پشتگیری کردنی بەڕێزان ئەندامانی داواکاری گشتی لە پشتی ئەو حاڵەتەوەیە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە پەیڕەوی ناوخۆش ڕێگەی داوە بە ئەندامانی پەرلەمان بۆ تەبەنی کردنی ئەو پرۆژەیە، دوو: لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو شتانەی کە وترا، ئەو تەبریرانەی کە وترا بۆ ڕەتکردنەوە، ئەو پرۆژەیە کە کۆبوونەوەی لێژنەی یاسایی کراوە لەگەڵ بەڕێزانی ئەندامانی داواکاری گشتی دا، زۆر موصیر بوون لەسەر ئەو پرۆژەیە، یەعنی ئەوان تەفەهوم کردنی ئەو بیر و ڕایانەی کە ئەندامانی داواکاری گشتی دەیکەن، بەوە ناکرێ کە تۆ ئەو پرۆژەیە ڕەت بکەیتەوە، تەفەهوم کردنی ئەوەیە، چونکە ئەوان لەگەڵ ئێمەدا زۆر عەمەلی تر بوون لەوەی کە ئەو فکرانەی تەرحیان کرد، هەندێ ئەفکاریان هەبوو ئیستیعجال بوو، پەلە بوو، وتیان ئێمە ناتوانین ئیش بکەین ئەگەر ئەوانەمان بۆ نەکرێ، هەندێك بابەتی تریش هەبوو ڕەنگە قابیلی ئەوە بێ کە ماوەیەکی زیاتر لەسەری قسە بکرێ، ئێمە بۆ ڕەتدانەوەی ئەو حاڵەتە ناکرێت ئەو پرۆژەیە ڕەت بکەینەوە، یەعنی ڕەتکردنەوە ڕەنگە تۆ بنبڕی جوابەکانی ئەو دەکەی نەك ئەوەی کە تۆ تا ڕادەیەك پشتگیری هەندێ لە بیر و ڕاکانی ئەو بکەین، سێیەمیان: چ مانعێك هەیە کە ئێمە پەرلەمانین، با ئێمە گفتوگۆ دەربارەی وردەکاریەکانیان بکەین، ئەو نوقاتانەی کە تەحدیدی دەکەی، کە ئێمە دێینە سەر باسکردنی ناوەڕۆکی یاسای داواکاری گشتی، کە بە قەناعەتی خۆم لەو قۆناغەدا باشترین یاسایە بۆ ئەو پرۆژەیە و زۆربەی بەڕێزانی ئەندامانی لێژنەی یاساییش تەفەهومی ئەوە دەکەن، ئەو خاڵە نوقاتانەی کە ئیختیلافە، چ مانعێك هەیە ئێمە لە کاتی گفتوگرکردن لە ناوەڕۆکەکەیدا؟ هەندێك بیروڕا هەیە ئاڵوگۆڕی بکەین، نەهێڵین تەعارووز بکات، یاخود هەندێك جار هەیە لە ناو قانونەکەدا دەتوانین کارئاسانی بۆ بکرێت، بۆ نموونە ئیزافەکردنی نەصێك لەو قانونەدا، (لايعمل بأي نص يتعارض مع أحكام هذا القانون)، ئەمە، خاصە تەقیدی ئەو عاممە دەکات کە لە پشتی خۆیەوە هەیە، چوارەمیان: بەڕاستی من دەڵێم ئەگەر ئەو پرۆژەیەش کە ئێستا لەبەردەمی حکومەتدایە و هەواڵەی ئەنجومەنی شووراى هەرێم کراوە، ناوەڕۆکی هەمان فیکرەیە، دەکرێت، من پێشنیازدەکەم ئەو پرۆژەیە ڕەت نەکرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا داوابکرێت لە نزیکترین ماوەدا ئیتر دەتوانین سەقفی بۆ دابنێین، بڵێین لە دوو حەفتە بۆ مانگێك، حکومەت وەڵامی ئەو داواکارییە بداتەوە، تێبینیەکانی حکومەتیش وەرگیرێت لە هەمان کاتدا، پرۆژەکەش لەبەردەمی ئەندامانی پەرلەماندایە، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەو پرۆژەیە ڕەت بکەینەوە، ئەوە دەرگایەکی گەورە لەبەردەمی خۆماندا دادەخەین، دەستەی داواکاری گشتی کە هەموومان کۆکین لەبەر ئەوەی کە کارا بکرێت، وابزانم ڕۆڵێکی زۆر سیلبی دەگێڕین لەو حاڵەتەدا، ئەگەر ئێمە ئەو پرۆژەیە ڕەت بکەینەوە، بۆیە من داواکارم تەبەنی بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

چونکە ئەوە دوو کەس قسەیان کرد بۆ ئەوەی کە دیفاعی لێ دەکەن، بۆ تەئجیلیش کە پێشنیارت کردووە کاك رفیق صابر، کەرەمکە جەنابت و برادەرێکی تر یان خوشکێك لەسەری قسە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز د. رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دواخستنی ئەو پێشنیارەین کە لێژنەی یاسایی کردوویەتی، بێجگە لەوە داواکەی لێژنەی یاسایی، داوای کەمایەتی لێژنەکەیە، پێنج کەس ئیمزایان کردووە، کەسی شەشەم دەڵێ ڕەئیم لەسەر نیە، کە کاك کاردۆیە و ڕای خۆی لێرە ڕوون کردۆتەوە..........

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببوورە، لای من بە نووسراو هەیە، شەش کەس ئیمزایان کردووە، نەك پێنج کەس، پێنج کەس ئیمزای نەکردووە، ببوورە.

**بەڕێز د. رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لای منە، ئەوەی کە لێژنە نوسخە عەرەبیەکەی لای منە، پێنج کەس ئیمزای لەسەر کردووە، نەك شەش کەس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانە ئیمزایان کردووە: د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی، حاکم عەونی بەزاز، شێروان حەیدەری، عمر عبدالرحمن، عمر نورەدینی، گۆران ئازاد محمد، ئەوانەی کە ئیمزایان کردووە شەشن، بەڵێ، بەس ئەوە لێرە لە سەرۆکایەتی هەیە، لای ئێمەیە شەش کەسە، فەرموو.

**بەڕێز د. رفیق صابر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستیەکەی یەکێك لە گەورەترین گرفتی ئێمە لەو وڵاتە ئەوەیە کە بێجگە لەوەی یاسا سەروەر نیە، ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمانیش دەردەچێت، جێبەجێ ناکرێن، یەکێك لە هۆکاری هەرە سەرەکی ئەوەیە کە دەستەی داواکاری گشتی لە کوردستاندا لاوازە، ئێمە وەکو لێژنەی نەزاهە دووجار لەگەڵ دەستەی داواکاری گشتی دانیشتووین وەکو لێژنەی نەزاهە لەبەر ئەوەی بەشێك لە کارەکانمان پەیوەندی بە دەستەی داواکاری گشتییەوە هەیە، ئەوان گرفتی زۆریان هەیە، تکایەکی گەورەیان هەیە، کە لە ئێمەیان کرد کاتی خۆی، بۆ ئەوەی بۆ پەرلەمانی بگوازینەوە، ئەویش ئەوەیە ئەو قانونە دەست و بردی لێ بکرێت، جێبەجێ بکرێت، چونکە ئەوان ئێستا خۆیان وەك لە حاڵەتێکدا دەبیننەوە، وەکو ئەوەی دەست بەستراوبن، لەبەر ئەوە ئێمە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەوەنین کە ئەو پرۆژەیە ڕەفز بکرێتەوە بەو شێوەیە، چونکە هیچ گەرەنتیەك نیە کە دوای دووساڵی تریش ئەو پرۆژە قانونە بێت، کە چاوەڕوان دەکرێت، ئەو پرۆژە قانونە ئێمە پێمانوایە لەلایەن حکومەتەوە

تێناپەڕێنرێ، لەبەر ئەوەی ئیشکالێك هەیە، دەستەی داواکاری گشتی دەیانەوێ وەکو دەستەی داواکاری گشتی لە هەموو دونیادا دەستەیەکی سەربەخۆبن و سەر بە وەزارەتی داد نەبن، لە کاتێکدا پێداگرییەکی زۆر هەیە لە وەزارەتی داد، کە دەیانەوێ ئەو دەستەیە لەوان جیاببێتەوە، ئەو دەستەیە پێویستە سەربەخۆ بێت، سەر بە وەزارەت و دەستەی تەنفیزی نەبێت، لەبەر ئەوەی پرسیارەکە ئەوەیە کە لە خۆیشیانمان کرد: ئایا ئەگەر دەستەی داواکاری گشتی بیەوێ وەزارەتی داد یان وەزیری داد یان بەرپرسێکی گەورەی حکومەت بداتە دادگا، چۆن دەتوانێ ئەو کارە بکات لە کاتێکدا ئەوان خۆیان سەر بە هەمان ئەو وەزارەتەن؟ بۆیە ئێمە پێمانوایە، کە ئەوە ڕەت نەکرێتەوە، یەك، دووەم: لەبەر گرنگی مەوزووعەکە و ئێمە هەندێك گرفتیشمان هەبوو، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادارن، ئێمە ڕاپۆرتەکەمان ئامادە نەکردووە تا دوابخرێت، موناقەشەی ئەو مەسەلەیە بۆ حەفتەی داهاتوو، ئەمە تا دووشەمی داهاتوو دەتوانرێ ئەوە بخرێتە بەرنامە و زۆر سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك صباح بەرزنجی، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو دەزانن دەزگای داواکاری گشتی گرنگیەکی زۆری هەیە لە هەموو سیستەمە دادوەرییەکانی دونیادا، بۆیە لە پێناوی ئەوەی کە حقوقی عام، مافە گشتیەکان بە شێوەیەکی تەواو دەستەبەر بکرێ و بپارێزرێ، منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ئەوە ڕەفز نەکرێ ئەو پرۆژە یاسایە، بەڵام دەرفەتێك بدرێت، وەکو کاکە د. رفیق وتی، بۆ موناقەشەی زیاتر لە حەفتەی داهاتوودا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشید حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش هەموو شتێك ئەوە مەوزووعی قانونە، مەوزووعێکی سیاسی نیە، مەوزووعێکی قانونی و قەزائی صەرفە، ئەوە یەکەم، دووەم: ئەو پرۆژەیە کە من خۆم یەکێکم لەوانەی ئیمزام کردووە، بە ئەصل پرۆژەی ئێمە نیە، پرۆژەی نیابەی ئیدیعای عام خۆیانە، نائیبەکان، ئێمە هاتووین تەبەنیمان کردۆتەوە، کە ئەصلی پرۆژەکەشیان لە نیابەی میصرییەوە وەرگرتووە، قانونی میصری، ئەوە بۆچی ئێمە هاتین تەبەنیمان کردەوە؟ ئێمە ئینکاری ئەوە ناکەین ئەو پرۆژەیە هی ئەوان بووە دوو ساڵ پێش ئێستا، ئەو پرۆژەیە لە حکومەتە، لەبەر ئەوەی حکومەت ئەو مەوزووعەی ئیهمال کردووە لەگەڵ ڕێزمدا، لەگەڵ ڕێزمدا مەجلیسی شوورای دەولە بە پێی ئەو زانیاریانەی من هەمە، چل و قسور مەشروعی لەلایە، تا مانگی ڕابردوو کۆنەبۆتەوە، تاوەکو ئەو مەشروعانە دوو مەشروعیان تێپەڕێنێ، لەبەر ئەوە ناکرێ ئێمە چاوەڕێی وەڵامی مەجلیسی شوورای دەولە و حکومەت بکەین، کە حکومەتیش مەشروعەکان لەلای خۆی دەنێرێ بۆ مەجلیسی شوورای دەولە و دیوانی

تەفنین، ئەوەی کە لە خاڵی یەکەم و دووەمی ئەو تەقریرە هاتووە، بەڕاستی منیش تەئیدی خاڵی یەکەم و دووەم دەکەم، منیش زۆرم پێخۆشە هەندێ لە زەمیلەکانم بە گیانێکی بەو شێوەیە کە لەگەڵ بنبڕکردنی گەندەڵی دارایی و ئیداریدابن و لەگەڵ سەربەخۆیی جیهازی ئیدیعای عامدابن، بەڵام بۆ ئەوەی کە لێژنەیەك بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەری پێکهاتووە، تاکو ئێستا ئەوە لە خاڵی سێیەمدا هاتووە، لێژنەکە بیروڕای یەکجارەکی لەسەر نەداوە، تا لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسند بکرێت، وەك عەرزی جەنابتانم کرد، ئەوە خولانەوەیە لەناو بازنەیە، لەبەر ئەوەی دوو ساڵە ئەو مەشروعە وجودی هەیە، لە مەجلیسی شوورای دەولە و لە مەجلیسی وزەرا، ئەوە ئەو خاڵەیە، من ڕەئیم وایە بۆ سەرۆکایەتی بەڕێز، ئەو مەوزووعە نەخاتە دەنگدانەوە، تاوەکو لێژنەی یاسایی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دا، مشاوەرەیەکی ئەو مەوزووعە دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەوە یاسایەکی زۆر زۆر گرنگە بۆ هەموو لایەك، بۆ هەموو خەڵکی کوردستان، با لێژنەی یاسایی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەماندا ئیعادەی موناقەشەی بکاتەوە و ئەو وەختە بڕیاری لێ بدرێ چی لێ دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کە لێژنە داوا بکات و ئەندامان داوا بکەن، ئێمە ناتوانین نەیانخەینە دەنگدانەوە، ئەوە یاساییە، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ بەردەوام بێ، کاك شێروان حەیدەری کەرەمکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆر باسی داواکاری گشتی و باسی سوڵتەی قەزائی و وەزارەتی عەدل کرا، باس لەوە دەکرێ، ئایا داواکاری گشتی بەشێکە لە قەزا؟ یان بەشێك نیە لە قەزا؟ بۆ تابعی وەزارەتی دادە؟ تەبیعی ئیشارەت بە بڕگە دەستوورییەکان دەدەن، چ بە نیسبەت بڕگە دەستووریەکانی ئیتیحادی، چ بە نیسبەت بڕگە دەستووریەکانی پرۆژەی هەرێمی کوردستان، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە، قەزا لە هەموو وڵاتێکدا لەسەر سێ عەمود دادەمەزرێ، عەمودێکیان مەحکەمەیە، عەمودێکیان ئیدیعای عامە، عەمودێکیشیان موحاماتە، بە نیسبەت مەحاکم، حاکمەکان و قازییەکان بەڕێوەی دەبەن، بە پێی یاسایەکی تایبەت، دەسەڵاتەکانیشیان ئەوەیە، یەکلایی کردنەوەی کێشەکانە لە ناو دادگا، بە نیسبەت ئیدیعای عام، جیهازێکی تایبەتە، یاسایەکی تایبەتی هەیە، ئەرکەکەی ئەوەیە بەرگری کردنە لە مافی گشتی، بەرگری کردنە لە سامانی گشتی، لە هەمان کاتدا چاودێری کردن و موراقەبەی مەشروعیەتی ئەو قەوانین و ئەو قەراراتانەیە کە تەتبیق دەکرێ لە مەحاکم، کەواتە ئەو سێ دەزگایە لە ناو یەکتر بن، یان لەناو یەکتر نەبن، تەواوکەری یەکترن، پێویستە هاوکاری و هەماهەنگی هەبێ لە نێوانیان، بۆ ئەوەیە دادگا بگاتە بڕیارێکی دادپەروەرانە، ئەوەیە مەبەست لەو سێ دەزگایە، خاڵی دووەم: کە دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم، ئەوەیە، ئەوەی کە پرۆژەکە بخوێنێتەوە زۆر باش دەزانی مەسەلە چیە، بە تایبەتی ئەو بەڕێزانەی کە یاساناسن، لە دونیادا چەند سیستەمێك هەیە بۆ قەزا، یەکیان: سیستەمی لاتینیە، کە تەوجیهی توهمە و تەحریکی شەکوا حەصر دەکات بە ئیدیعای عام، وەکو نیابەی مصری، کە ئەصلەن لە

فەرەنسا وەرگیراوە، لە لبنانیش تەتبیق کراوە، لەگەڵ هەندێ وڵاتانی عەرەبی، سیستەمی دووەم، سیستەمی ئەنگلۆ سەکسۆنیە، کە لە هەندێ وڵات تەتبیق دەکرێ، (بما فیهم) عیراق، کە ئەویش داواکاری گشتی ئەرکی خۆی هەیە، مەحاکمیش ئەرکی خۆی هەیە، سیستەمی تریش هەیە لە جیهاندا، ئەوەی ئێستا لەلای ئێمە تەتبیق دەکرێن، سیستەمێکی ئەنگلۆ سەکسۆنیە، کە تەحریکی شەکوا نەدراوەتە ئیدیعای عام، ئێستا ئیدیعای عام دەیەوێ تەحریکی شەکوای بدرێتێ، واتا صیفەتی حوکامی تەحقیق، یاخود پلەی حوکام تەحقیق لە سوڵتەی قەزائی وەربگرێتەوە، خۆی بەکاری بێنی، ئەوە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە سیستەمی قەزائی ئەو وڵاتە هەیە، باشە من ڕەئی سوڵتەی قەزائی وەرنەگرم، ڕەئی وەزارەتی عەدل وەرنەگرم، ڕەئی مەجلیس شوورا وەرنەگرم، ڕەئی حکومەت وەرنەگرم، ڕەئی هیچ لایەنێك وەرنەگرم، تەعارووز لەگەڵ مەجموعەیەك قەوانین بکەم، بەڕێزان ئێمە دەتوانین بە (10) ئەندام ئەوە بکەین؟ واقعی خۆمان باش دەناسین، چۆن بە (10) ئەندام دەکرێ، ئەو ئیشە زەبەلاحە؟ بە بێ ئەوەی ڕەئی هیچ کەسێك وەربگیرێ، جگە لەوەش، باس لە تەفعیلی داواکاری گشتی دەکرێ، هەمووومان لەگەڵ تەفعیل کردنی داواکاری گشتین، کەس لەگەڵ تەفعیل نەکردنی نیە، پەرلەمانی کوردستان دەستپێشخەر بووە لە پشتگیری کردنی داواکاری گشتی، یەکەم بڕیار کە لێرە دەری کرد ئەوەبوو: کە یەکسانی کردنی حقوق و ئیمتیازی داواکاری گشتی لەگەڵ دادوەرە بەڕێزەکان، بۆ ئەوەی هیچ کاتێك شعوور بە غوبن نەکەن، خۆیان لە دادوەرەکان بە کەمتر نەزانن، لە هەمان کاتدا چاویشیان لە هیچ لایەك نەبێت، دووەم: دەستپێشخەری پەرلەمانی کوردستان ئەوەبوو کە ئەندامانی داواکاری گشتی، یاخود ئیدیعای عامی کردە ئەندام لە سوڵتەی قەزا، ڕەنگە هەندێك دەڵێ: ئەوە لە ڕووی یاساییەوە وارد نەبێ، ئێمە بۆیە کردمانە ئەندام لە سوڵتەی قەزائی، لەبەر ئەوەی ئاگاداریان لە هەموو هەڵسوکەوتەکانی سوڵتەی قەزائی هەبێ، بە تایبەتیش ئەو خاڵانەی کە تایبەتی بە داواکاری گشتی هەیە، ئێمە تەفعیل کردنی ئەوە تەنها دەوری پەرلەمان و دەوری حکومەت نیە، دەبێ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش، پشتگیری داواکاری گشتی بکەن، دەبێ میدیاش پشتگیری داواکاری گشتی بکەن، شان بە شان ئەو جیهازانەی کە ئیش دەکەن وەکو دەستەی نەزاهە، وەکو چاودێری داراییە، ئاخر قسەشم ئەوەیە: ئێستا ئەو ڕۆژەی کە ئێمە کۆبوونەوەمان لەگەڵ کردن، خۆیان پرۆژەیەکیان هەیە، ڕەنگە بە چەند خاڵێك پێك هاتووە، ئامادەیان کردووە، ئەو پرۆژەمان لێ وەرگرتوون و دیراسەتیش دەکەین، لە هەمان کاتدا ئێمە وەکو لێژنەی یاسا، لە مەودوا بە زووترین کات ئێمە موتابەعەی شەخصی و، موتابەعەی ڕەسمی ئەو مەسەلانە دەکەین، لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەو پرۆژەیە تاوتوێ بکرێ، ئەو تەعدیلاتەش ڕەچاو بکرێ و بێتە پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزێکی تر کە دیفاعی لێ دەکات، کاك عمر کەرەمکە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببووره، من دکتۆر عمر نیم، هەر عمر عەبدولرەحمانم، بۆ ڕاستکردنەوە، بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆل بە دکتۆر نەنووسرێ، تەنیشت دکتۆر دانیشتووم، بە نیسبەت ئەو یاسایەوە، وەکو ئەوەی تەئکیدەن بۆ قسەکانی کاك شێروان، هەر هەموومان پێمان باشە جیهازی ئیدیعای عام جیهازێکی زۆر کارا بێ، زۆر بە قوەت بێ، بتوانرێ بە تەواوەتی دیفاع لە مافە گشتیەکان، ماڵی خەڵك، ماڵی عام بکات، بەڵام جیهازی ئیدیعای عام بەشێکە لە سیستەمی قەزائی کوردستانی، سیستەمی قەزائی لە کوردستانیشدا عیبارەتە لە چەند یاسایەك، یاسای عقوباتە، یاسای ئصولی موحاکەماتی جەزائیە، وەکو برادەران ئیشارەتیان پێدا، یاسای وەزارەتی عەدلە، یاسای مەجلیس سوڵتەی قەزائیە، لەلایەکی تر ئەو جیهازە ڕەبتە بە دوو لاوە، بەشێکی بە وەزارەتی عەدلەوەیە ئیداریەن، بەشێکی بە سوڵتەی قەزائیەوەیە لە کوردستاندا، ئەوە لە یاسایەکی تایبەتی جیامان کردووتەوە و کردوومانە دەسەڵاتێکی تایبەتی، ناکرێت ئێمە یاسایەك لە سیستەمێکدا کە لە چەند یاسایەك پێك هاتووە هەموو یاساکانیش موتەکامیلن و تەکامولی یەکتر ئەکەن و رەبتی بە یەکتریەوە هەیە، یاسایەك تەعدیل بکەین و بیهێنیە دەری و باقی یاساکانی تر وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەکرێت ئەم یاسایە دیسان وازی لێ بهێندرێ، بەڵام وەکو کاك شێروان باسی لەسەر کرد، جیهازی ئیدیعای عام ئەتوانن یاسایەکی کاراتر، خێراتر، باشتر، گونجاوتر بێت لەگەڵ ئەم یاسایانەی کە ئێستا سوڵتەی قەزائی ئەبات بەڕێوە، ئەگەر ئێمە ئێستا ئەوەی بەرین بەڕێوە، من دژایەتی ئەم یاسایە ناکەم، من خۆم بەشێکم لە سوڵتەی قەزائی و پێشم باشە ئیدیعای عام ئەوەندە کارا و بەقوەت بێت، ببێتە خاوەنی هەموو کێشەکان، ببێتە خاوەنی پارێزگاریەکی باش لەسەرسەر و ماڵی خەڵك، بەڵام ناکرێت ئێمە تووشی تەناقوزات ببین یان یاسایەك تەعدیل بکەین یان یاسایەك بگۆڕین لەناو مەجمووعەی یاسا کە بەهەموویان سیستەمێکی قەزائیان دروست کردووە، لەبەر ئەوەی من لەگەڵ ئەو رەئیەی لێژنەی یاساییم و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزێکی تر کە دیفاعی لێ بکات، نیە؟ بەسە، ئێستا بەڕێزان دوو پێشنیار هەیە، یەکێکی ئەوەیە کە رەفز بکرێ، یەکێکی ئەوەیە کە تەئجیل بکرێ، نیزامی کەرەم بکە.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی بڕگەکانی ماددەکانی 71 و 72 دەبێ لێژنەی تایبەتمەند لەسەر هەر پرۆژە یاسایەك راپۆرتی خۆی هەبێت، لێژنەی نەزاهە کە لێژنەی تایبەتمەندە، زۆر گرێدراوە بەم مەسەلەیە، لە مەسەلەی ئەم پرۆژە یاساییەوە راپۆرتی ئامادە نەکردووە، بۆیە من پێم وایە کە تەنها مەسەلەی تەئجیل کردنەکەی کە لە صەلاحیاتی سەرۆکایەتیە، ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەبێ لێژنەی موختەص لەماوەی دوو حەفتەدا راپۆرتی خۆی ئامادە بکات.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی نەزاهە لێژنەی تایبەتمەند نیە بەوە، هەر بۆ ئاگاداری و زانیاری جەنابت، لێژنەی یاسایی بە رەسمی داوایان کردووە کە رەفز بکرێ، پاشانیش لەناو جەلسە کاك رەفیق کاغزێکی بۆ ئێمە ناردووە داوای تەئجیل دەکات، ئەگەر رەفزەکە دەنگی نەهێنا تەئجیلەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا بۆ رەفزکردنی ئەو پرۆژەیە وەکو هەموو ئێوەی بەڕێز گوێتان لێ بوو، کێ لەگەڵ ئەوەیە رەفز بێت تکایە دەستی بەرز بکات؟، سوپاس، 52 کەس لەگەڵ ئەوەیە کە رەفز بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە رەفز نەکرێ؟،جارێ بۆ ئەوەیە کە رەفز نەکرێ، پاشان کە رەفز نەکرا ئەوجا تەئجیلەکە ئەخەینە دەنگدان، 38 کەس لەگەڵ ئەوەیە کە رەفز نەکرێ، بۆیە رەفز کرا، ئێستا بۆ بەرنامەی کار، خاڵی هەشتەم، کەرەم بکە، خاڵی 7 کە دەبێتە 8، فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**خاڵی هەشتەم: خستنە روو و گفتوگۆکردنی پێشنیاری پرۆژەی نەهێشتنی لەش فرۆشی لە هەرێمی کوردستان.**

**ئێستا دەقی راپۆرتی لێژنەی یاسا سەبارەت بەم پرۆژەیە دەخوێنمەوە،**

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير اللجنة القانونية حول مشروع قانون تعديل قانون مكافحة البغاء**

**اجتمعت لجنة الشؤون القانونية بتاريخ 24/جۆزەردان/2710ي كوردي المصادف ليوم 2010/6/14 لدراسة مشروع قانون تعديل قانون مكافحة البغاء رقم 8 لسنة 1988 المقدم من قبل العدد القانوني لاعضاء البرلمان والمحال الى لجنتنا بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة (7) في 2010/5/5. اطلعت اللجنة على المشروع وبعد دراسته ومناقشته ومداولته توصلت الى مايلي:**

**ليس هناك في اقليم كوردستان اية ظاهرة للاتجار بالنساء من اجل الجنس فهي ليست عنصراً مهدداً للحياة الاجتماعية في الاقليم وبنيتها وشبابها كما يشير اليها مضمون المشروع المقدم، اضافة الى ذلك فان استغلال الموظف العام موقعه الوظيفي لممارسة البغاء معالج في اغلب القوانين النافذة في الاقليم ثم ان ممارسة البغاء والسمسرة ممنوعان قانوناً كما وان احكام العود والاشتراك وتعدد الجرائم او الاتفاق الجنائي وغيرها من القواعد العامة المنصوص عليها في قانون العقوبات بشأن الافعال الجرمية معاقب عليها وفق قانون العقوبات وان وزارة العمل والشؤون الاجتماعية اعدت دوراً للاصلاح وتوجيه وتأهيل النساء لتنفيذ برامج التأهيل السلوكي والثقافي والمهني للبغايا بهدف اصلاحهن وتمكينهن من كسب عيشهن بوسائل شريفة، وان المحكمة المختصة اذا تثبتت من التقارير الرسمية بان المحجوزات اصبحن بحالة يستطعن معها العيش الشريف لها انهاء حجزهن لاعادتهن الى المجتمع وهناك نظام بشأن كيفية ادارة دور الاصلاح والدراسة وتعليم المهن والغذاء**

والملبس ومقدار الاجور التي تدفع لكل محجوزة لقاء قيامها بالاعمال التي تكلف بها كل هذه الاحكام معالج بصورة تفصيلية و وافية في احكام وبنود قانون مكافحة البغاء رقم (8) لسنة 1988 النافذ في الاقليم.

وان تقديم مشروع بهذا الوصف لاينطبق على واقع المجتمع الكوردستاني النظيف ويعتبر تشويهاً لهذا الواقع، حيث لا نرى وجوداً لظاهرة الاتجار بالنساء في اقليم كوردستان لاغراض جنسية، وان مكانة وحقوق وكرامة المرأة الكوردستانية مصانة في مجتمعنا الكوردستاني، حيث لا غبار ولا شائبة على نظافة مجتمعنا وعلو شأن المرأة فيه. بالاضافة الى كل ذلك فان اغلب القوانين الصادرة من برلمان كوردستان وكذلك القوانين النافذة في الاقليم بضمنها الاحكام الحالية لقانون مكافحة البغاء وقانون العقوبات في الباب السادس (الجرائم المخلة بواجبات الوظيفة) ، والفصل الثالث (تجاوز الموظفين حدود وظائفهم)، والباب التاسع بعنوان (الجرائم المخلة بالاخلاق والاداب العامة) تعالج الامور الواردة في المشروع.

لكل ذلك فان لجنتنا توصى وتقترح برفض المشروع للاسباب المشار اليها اعلاه لان قبول المشروع يعطي صورة غير واقعية وغير حقيقة عن واقع اقليم كوردستان لعدم وجود ظاهرة بهذا الوصف.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض اصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه للبرلمان للمناقشة وابداء الرأي المناسب بشأنه والتصويت عليه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەش بخوێننەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان_عێراق**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی**

لیژنەی کاروباری یاسای کۆبوونەوەی خۆی لە ڕۆژی 24/جۆزەردان/2710ی کوردی ڕێکەوتی 2010/6/14ی زایینی ئەنجامدا، بەمەبەستی تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی (یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی ژمارە (8)ی ساڵی 1988، کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە پێشنیاز کراوەو ڕەوانەی لیژنەکەمان کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە لە دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان ژمارە (7) لە 2010/5/5، دوای خوێندنەوەو ڕا گۆڕینەوە دەربارەی پرۆژەکە، لیژنەکەمان گەیشتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

لە هەرێمی کوردستاندا هیچ دیاردەیەکی بازرگانیکردن بە ئافرەتەوە لەپێناو سێکس کردندا نییە، کە ببێتە هۆکارێکی هەڕەشە کردن لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی هەرێم و پێگەکەی و گەنجەکانی، وەك ئەوەی ناوەڕۆکی پرۆژە پێشنیاز کراوەکە ئاماژەی پێ دەدا. سەرباری ئەوەش بەکارهێنانی پۆستێکی گشتی لەلایەن

فەرمانبەرە گشتیەکانەوە بۆ کردەوەی لەشفرۆشی لە زۆربەی یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێم چارەسەر کراوە. سەرەڕای کرداری لەشفرۆشی و دەلاڵی بە یاسا قەدەغە کراوە، هەروەها ئەحکامی گەڕانەوەو بەشداری و هەمەجۆری تاوان و هەماهەنگی تاوانکاری لەو شێوانە لە ڕێسا گشتیەکان بە دەق لە یاسای سزادان دەربارەی کردارە تاوانکارییەکان بەپێی یاسای سزادان سزا دراوەو، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی خانەی چاکسازی و مەشق و ئاراستە کردنی ئافرەتەکانی ئامادە کردووە بۆ جێ بەجێ کردنی بەرنامەکانی بینا کردنەوەی رەفتارو رۆشنبیری و پیشەیی لەشفرۆشەکان بە مەبەستی چاك کردنیان و کۆمەکیان بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سەربەرزانە بژێوی خۆیان دابین بکەن و دادگای  تایبەت ئەگەر بۆی دەرکەوت بەپێی راپۆرتە فەرمیەکان کە ئافرەتە گیراوەکان لە بارێکی ئەوتۆ دان، کە بتوانن ژیانێکی شەرافەتمەدانە ببەنە سەر بۆی هەیە کۆتایی بە دەستگیر کردنەکەیان بێنن، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگا.

هەروەها سیستەمێك هەیە دەربارەی شێوازی بەڕێوەبردنی خانەی چاکسازییەکان و خوێندن و فێر کردنی پیشەو خۆراك و جل وبەرگ و بڕی ئەو پارەی کە دەدرێت بە هەر ئافرەتێکی دەستگیرکراو بەرامبەر بە ڕاپەراندنی ئەو کارانەی پێ رادەسپێردرێ، هەموو ئەو ئەحکامانە بەشێوەیەکی تێروتەسەل لە ئەحکام و بەندەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی ژمارە (8)ی ساڵی 1988ی کارپێکراو لە هەرێمدا چارەسەر کراوە.

پێشکەش کردنی پرۆژەیەك بەم ناوەرۆکە لەمەر هەڵسوکەوتی کۆمەڵگای خاوێنی کوردەواری نا گونجێ، بەڵکو شێواندنی ئەو واقیعەیە، ئێمە وا دەبینین کە دیاردەیەك لە هەرێمی کوردستان بۆ بازرگانیکردن بە ئافرەت بۆ مەرامی سێکسی و شوێن و پایەو مافی ئافرەتەکانی کوردستان لە کۆمەڵگای کوردستان پارێزراوە، هیچ تەم و مژیەك لەسەر پاکیزەیی کۆمەڵگاکەماندا نییەو سەربەرزی ئافرەتی تێدا پارێزراوە. سەرباری ئەوەش زۆرینەی ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوێندراوەو ئەوانە کاریان پێ دەکرێ لە هەرێمدا لەنێویاندا ئەحکامی هەنووکەی (یاسای بەرەنگاری لەشفرۆشی، یاسای سزادان) لە دەروازەی شەشەم (تاوانە لەکەدار کردنی ئەرکی فرمانبەری) بەشی سێیەم (سنوور بەزاندنی فەرمانبەران بۆ پیشەکانیان) و دەروازەی نۆیەم (تاوانە لەکەدار کردنەکانی رەوشت و ئادابی گشتی) ئەو بابەتانەی لە پرۆژەکە هاتووە چارەسەر دەکات.

بۆیە لیژنەکەمان پێشنیازی ڕەت کردنەوەی پرۆژەکە دەکات، لەبەر هۆکارەکانی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێ دراوە، چونکە پەسند کردنی پرۆژەکە وێنەیەکی ناواقیعی و نادروست دەربارەی واقیعی هەرێم پێشان دەدا بەهۆی نەبوونی دیاردەی لەم چەشنە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەتان راپۆرتتان هەیە کەرەم بکەن بیخوێننەوە.

**بەڕێز گەشە دارا حفید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، لێژنەکەمان لە ڕێککەوتی 2010/5/25 کۆبووە لەسەر پرۆژەی هەموارکردنی یاسای ژمارە 8ی ساڵی 1988ی لەناوبردنی لەش فرۆشی کە لە دانیشتنی ژمارە 7ی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2010/5/5 پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرد، فەرموون لەگەڵ تێبینیەکانمان:

ماددەی یەکەم: ماددەی سێیەم هەموار دەکرێ بەم شێوەیە: بڕگەی (د و هـ) لە پرۆژەکە لابرێ و بڕگەی (و) کە لە پرۆژەکەی هەموار کردنەکەدا هاتووە بۆی زیاد بکرێ کە دەبێتە بڕگەی (د).

ماددەی دووەم:ماددەی چوارەم هەموار دەکرێ بەم شێوەیە:

بڕگەی یەکەم: لە لایەن هەر کەسێکەوە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ سەلمێندرا کە کاری لەش فرۆشی ئەنجام دراوە، دەخرێتە یەکێك لە خانەکانی چاکسازی بەمەبەستی ڕێپێشاندان و ئامادەکردنی جارێکی تر بۆ ناو کۆمەڵگا، سزا دەدرێ بە ماوەیەك لە سێ مانگ کەمتر نەبێ و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ.

بڕگەی دووەم: وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی خانووی حەوانەوەی ئارام بۆ ئەو کەسانەی کاری لەشفرۆشیان ئەنجامداوە فەراهەم بکات و کار بکات لە پێناو شیاندنیان و چارەسەرکردنی هۆیەکانی کەوای لێکردوون بکەونە کاری لەش فرۆشی.

بڕگەی دووەم لە پرۆژەی هەمواركردنەكە لابردرێت.

ماددەی سێیەم: ماددەی دەیەم هەموار دەکرێ بەم جۆرەی خوارەوە:

بڕگەی یەکەم : وەکو خۆی بمێنێتەوە لە پرۆژەی هەموار کردنەکەدا.

بڕگەی دووەم: پێویستە لەسەر داواکاری گشتی و هەر کەسێکی خاوەن حەقی شەخصی، داواکاری پەیوەست بە تاوانی لەش فرۆشی بەرز بکەنەوە یان خەبەری لێ بدەن.

بڕگەی سێیەم: وەکو لە پرۆژەکەدا هاتووە، بمێنێتەوە.

هۆیە پێویستیەکان

بۆ پارێزگاری بەها مرۆییەکان و ژن و خێزان و برەنگاربوونەوەی تاوانی لەش فرۆشی لە کۆمەڵگادا کە ئاسەواری مەترسیداری کۆمەڵایەتی و تەندروستی هەیە، ئەم یاسایە هەموار کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لێژنەی یاسایی بە زۆرینەی دەنگ داوایان کردووە کە ڕەفز بکرێ، لێژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتانیش داوا دەکەن بەردەوام بێ، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێ دیفاعی لێ بکەن کە بەردەوام بێ، شەش کەس وەردەگرین بۆ ئەوەی قسەی لەسەر بکەن، کاك حمە سەعید فەرموو.

**بەڕێز حمە سعید حمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك کە قانون دادەنرێت، دەبێت تەفسیر و تەحلیلی ئەوەی بۆ نەکرێ یان مەفهومی موخالیفی بۆ نەکرێ، بۆ نموونە کاتێك قانونێك بۆ حاڵەتێك دادەنێین وەکو قانونی دزی یان قەتل یان گەندەڵی، مانای ئەوە نیە ئەو موجتەمەعە ئەو حوكمەی بەسەردابێ کە وایە، ئێمەش کە قانونێك دادەنێین بۆ حاڵەتێك

دەبێ، نەك بۆ ئەوەی كەوا بڵێین شێواندن و تەشویهی نەزاهەت و پاكێتی موجتەمەعی كوردییە، ئێمە قانون بۆ ئەوە دادەنێین كە ویقایەت باشترە لە عیلاج، پێشتر بەرگری بكەین لە هەر حاڵەتێك، خاڵێكی تر، كارەساتەكان كە بەسەر كۆمەڵگامان هاتووە، بەتایبەتی ئەو كارەساتانەی سەردەمی رژێمی لەناو چوو و شەڕە یەك لە دوایەكەكان، وەكو دەزانن شەر كارەسات و ئاسەواری زۆر نەخوازراو دەهێنێ بەسەر كۆمەڵگاكە، بۆیە ئەگەر ئیستیقرایەكیش بكەین بۆ ئەو حاڵەتانەی كە هەندێك شوێن، خۆپێشاندان یان ناڕەزایی و لەو بارودۆخەی كۆمەڵگای عیراقی، تێپەربوونی كۆمەڵگای عیراقی و كاریگەری سلبی بەسەر كوردستانەوە، وا دەخوازرێ كە ئێمە ئەو قانونە گفتوگۆی لەسەر بكەین و ڕەدی نەكەینەوە و، سوپاستان دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من مولاحەزەیەكم هەیە لەسەر ئەوەی كە ئێمە وەكو لێژنەی ژنان، لەوە ئەچێ بۆ ئەوەی خێرا بتوانین راپۆرتمان هەبێ، چونكە تەواومان نەكردبوو كۆبوونەوە لەسەر ئەم قەزیەیە، من پێم وایە ناكرێ بەس تەنها لێژنەی یاسایی بێت، دەبێ ئەو لێژنانەی تریش راپۆرتی خۆیان پێشكەش بكەن، ئینجا دواتر بخرێتە كار و بەرنامە، ئەمە یەك، دوو: لێژنەی یاسایی شەش كەس ئیمزای كردووە و دووان تەحەفوزیان هەبووە، چواركەس ماوە، سێ: ئێمە خۆ ئەمە باس لە كەناڵێكی ئیعلامی نیە بڵێین با شتێك نەوروژێنین، چونكە دیادەیەكی خەتەرە، من پێم وایە پێش ئەوەی حاڵەتەكان ببێتە دیاردە، ئەگەر یەك حاڵەتیش هەبێ، ئەبێ یاسای بۆ دیاری بكرێ بۆ ئەوەی تەحدید بكرێ و نەهێڵدرێ، یەعنی ناكرێ بوەستین شتێك ببێتە دیاردە ئینجا یاسای بۆ دابرێژین، یەعنی پێم وایە ئەمە دوورە لە ئیشی پەرلەمانەوە، ئەگەر یەك حاڵەتیش بێ ئەكرێ یاسای بۆ دابنێین یاخوا نەبێ هەر ئیشمان بەو یاسایە بێ، ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر: من پێم وایە ئەمەی كە لە راپۆرتەكەدا هاتووە، دوو شتی تەناقوزی تێدایە، لە پێشەوە ئەڵێ: حاڵەتی وا هەر نیە، لە دواوە ئەڵێ: ئەگەر هەبێ وەزارەتی شوؤنی ئیجتیماعی چارەسەری كردووە، ئاخیر شت كە حەز دەكەم بیڵێم، ناكرێ هەر پرۆژەیەك لە ئەندامانی پەرلەمانەوە تەقدیم بكرێ، خێرا ڕەت بكرێتەوە، بەس چاوەڕوان بین بزانین حكومەت پرۆژە ئەنێرێ، ئینجا ئێمە ئیقراری بكەین، بەراستی ئەوە، ئێمە صەلاحیاتی خۆمان وەكو پەرلەمان لە یاسادانان ئیفلیج دەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەلەن لە $5/5$ خوشكی من، ئەوە قیرائەی یەكەمی بۆ كراوە، یەعنی ماوەیەكی زۆرە، ئێوە ئەبێ لە موددەی یاسایی خۆی بتوانن بیهێننە پەرلەمان، دوو: ئەندامی پەرلەمان لێرە ئازادە، رەئی خۆتان ئەدەن،

چۆن بیر دەکەنەوە، بەو شیکلەیە، ئینجا یەکێك لەبەر هەر سەبەبێك بێ حەقی خۆیەتی، کوێستان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پشتگیری ئەوە دەکەم کە ئەم هەموارە بکرێت، هەروەکو لە لێژنەکەی خۆمان راپۆرتمان لەسەر داوە، من دوو مولاحەزەم هەیە، بەراستی دیاردەی لەش فرۆشی دیاردەیەکی جیهانیە، شتێك نیە لە کوردستان نەبێ و ئەم ولاتەی ئێمە شام و شەریف بێ، ئەمە هەیە ئەم دیاردەیە، و هەموو ئەو باندانەی کە گیراون لە سجنەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی ئەوانەی شایەتی دەدەن کە ئەو دیاردەیە هەیە، باندی لەش فرۆشی گیراون و رەنگە سزای کەم درا بن یان دەرباز بووبن لەبەر ئەوەی یاساکە وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێ، بۆیە من پێم وایە ئەم دیاردەیە هەیە و دیاردەیەکی خەتەرناکە لە رووی کۆمەلایەتیەوە، لە رووی ئابووریەوە، لە رووی تەندروستیەوە، ئەبێ ئەم یاسایە توونتر بکرێ بەم هەموار کردنە، ئەمە ئەگەر بنبڕیش نەکرێ کەمتر بکرێتەوە، ئەوەی کە لە راپۆرتەکەی لێژنەی یاسایی هاتووە، باسی خانەی چاکسازی و مەشق و ئەوە ئەکات، ئەوە بەراستی ئەمە هەرگیز وا نیە، ئێمە نموونەمان لەبەر دەستدایە، بەشێك، هەموویان نا، هەندێك لەو ژنانەی کە بەتاوانی دیکە گیراون لەم خانانە، نەك چاك نەکراونەوە و بهێندرێنەوە ناو موجتەمەع، لە تاوانێکەوە فێری لەش فرۆشی بوون، تازەترین نموونە، من و گەشە خان چووینەتە سجنی سلێمانی، حالەتمان لەبەر دەستدایە کە خۆی بە تاوانێکی دیکە سجن کرایە، بەلام لە سجن لە رێی باندەکانەوە تووشی لەشفرۆشی بووە و جارێکی دیکە گیراوەتەوە بە ماددەی لەشفرۆشی، کەواتە لێرە نەك چاك ناکرێن، بە عەکسەوە ئەوانەی کە بە تاوانێکی سووکتر ئەگیرین لە رێی ئەو باندانەوە کە لەناو سجنەکاندان تووشی لەشفرۆشی ئەکرێن، بۆیە من پشتگیری لەوە دەکەم کە ئەم هەموارە بکرێت و سزاکان توونتر بکرێت بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە کەم بکرێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا تەواو یەك کەس دیفاعی کرد لەوەی کە بمێنێت، هەموار بکرێ، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێ رەفز بکرێ سێ کەس وەردەگرین، ئەوەی ئەیەوێ رەفز بکرێ، سۆزان خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی غەلەت تەفسیری ئەوە نەکرێ کە بۆ چی من ئەوە رەفز دەکەم، من لەگەل جێبەجێ کردنی یەکسانی لە مافەکان بە تایبەتی لە یاساکاندا و داکۆکیکارێکی سەرسەختم بۆ ئەو مەسەلەیە، لە خالی یەکەمەوە دەست پێ ئەکەم، هەموارکردنی یاسای 8ی سالی 1998 لەناو بردنی لەشفرۆشی، هەر ئەمە خۆی تەواو پێچەوانەی ئەم یاسایە ئەصلێیە، ئایا ئێمە ئەتوانین یاسایەك دەربکەین و هەمواری بکەین و ناوێکی تازەی لێ بنێین؟، ئایا ئەمە یاساییە؟، لەناوبردنی لەشفرۆشی نیە، بەلکو (مكافحة البغاء)ە،

بەڕەنگاربوونەوەی لەش فرۆشییە، چونکە دەرکەوتووە کە ناتوانرێ بە هیچ جۆرێك ئەم شتە لەناو ببرێ، خاڵی دووەمـم: مـن وەختێـك پشتگیری لـەوە دەکـەم کـە ئـەم یاسایە فیعلـەن هـەموارکردنی لەسـەردا بـێ، بەمەرجێك ئەو یەکسانیەی لە مافەکان و یەکسانی جەندەری لەبەردەم یاساکاندا تـەحقیق بکات، ئایا لـەم هەموارکردنەدا تەحقیق بووە؟، نەخێر، لەم پرۆژەی کـە پێشکەش کـراوە تـەحقیق نـەبووە، بۆیـە، چونکە زیاتر هەموو تاوانەکان خراونەتە سەر شانی ژنەکە، ژن بـە تایبـەتی دەبـێ سـزا بـدرێ لەسـەر ئـەم خاڵـە، مەعەلعیلم ئەو فیعلە بە دوو کەس ئەکرێ، بە تەنها بە یەك کەس ناکرێ و تاوانبـاری رەئیسـی ژنـە، بۆیـە من لەپاش ئەوەی ئەو تەعدیلاتانەی کەوا لێژنەی ژنان کردبوویان، سەیرم کرد ئەوان ڕچاوی ئەو خاڵـەیان کردووە، لەبەر ئەوە من پێم وایە تەئجیل بکرێ، چونکە جەنابیشتان ئـەمڕۆ لـە سـەرەتای جەلسـەکەیەوە باسی ئەوەت کرد کەوا لێژنەی ئەوقافیش دەبێ قسەی لەسـەر هـەبێ و راپۆرتیشـی هـەبێ، بۆیـە مـن داوای تـەئجیل کردنەکـەی دەکـەم نـەك رەفـزی تـەواوەتی، بـەڵام بـەو نـاوە ئەصـڵیەی خۆیـەوە (مكافحـة البغـاء) نەهێشتنی لەشفرۆشی بەوەی کە پێشکەش کراوە، لەناوبردنی لەشفرۆشی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل توفیق :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لێژنـەی ئـەوقاف و کاروبـاری ئـایینی هەرلەپێشـتریش ئاماژەمـان بـەوە دا کاتێـك کـە خوێندنـەوەی یەکەمی بۆ کرا ئەم پرۆژەیە، داوامان کرد بەشـەفەهی کـەوا ئیحالـەی لێژنـەی ئێمـەش بکـرێ، بـەڵام دیـارە شتەکە لەبیر چوو یان نەکرا، بۆیە ئێمە لێـرەوە داوا دەکـەین کـە ئـەم پرۆژەیـە و هـەر پرۆژەیـەکی تـریش کەوا بە هەر شێوەیەك عیلاقـەی بـە لایـەنی ئایینیـەوە هـەبێ، ئیحالـەی ئێمـە بکـرێ و لەبـەر ئـەوەی ئـەم پرۆژەی ئێستاکە ئیحالەی ئێمە نەکراوە و ئێمە رەئیمان لەسەر هەبێ و دەبێ، بۆیە منیش داوا دەکەم کەوا تـەئجیل بکـرێ، ئێمـەش راپۆرتێـك ئامـادە بکـەین لەسـەر ئـەم مەوزوعـە، لـە پاشـان ئێمـە کـە شـتێك یـان زاهیرەیەك نەبووە بە شتێك کە زۆر بێ، مانای ئەوە نیە کەوا قانونمان لەسەر نەبێ، کە شتێك بووە دیـاردە و لەدەست چوو ئەو کات قانونیش موعالەجەی ناکات، بۆیـە لـە حاڵاتـەوە ئەگـەر ئـەوە موعالەجـە بکـرێ باشترە، ئێمەش وا بزانم حیکمەتی قانون لەوە دایە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى برواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من کە ئەندامی لێژنـەی داکۆکی کـردن لـە مـافی ئافرەتـانم قسـەی دەکـەم، بەراسـتی ئێمـە رووبـەرووی دوو حالەت بووینە لە لێژنەکە، یەك: دەبوایە وەکو هەڵوێستی لێژنەی یاساییمان هەبوایە، کە یاسای نەهێشتنی

لەشفرۆشی بوو، کە خۆی هەمموارکردنی یاسایەکی عیراقیـە کـە هەیـە، هـی بەرەنگاربوونـەوەی لەشفرۆشـی، یەعنی ئەساسەن ناوەکە جیاواز بوو لە ئەو، دووەم: ئەگەر ئێوە ئەو تێبینیانـەی ئەوانـەی پـرۆژەی هـەموار کردنیان دیبێت، تێبینیەکانی کـە لـە لایـەن سـەرۆکی لێژنەکـەمان خوێندرایـەوە ئـەبینیت، ئەصـڵەن ئێمـە لەوێ زۆر بە وردی موناقەشەمان کرد، ئەگەر ببینی ڕەتکردنی ئەو پرۆژەەی لە خۆیەوە، بەدەرفەت زانینە کە ئێمە هەندێ خاڵ کە پێویست بوو ئەو پرنسیپانەی یەکسانی و تەجدیدکردنی یاسایەکە ئەنجام بدەن و هەروەها لایەنی جیـاواز کـردن لـە بـەینی گوناهبـار و لـە بـەینی قوربـانی، یـەعنی زەحیـە، بۆیـە ئێسـتا بـە حەقیقەت کەوتووینەتە وەزعێك کە زۆر جار رووی داوە، مـن ئەترسـم روویـدات، پەلـەکردن لـە پێشکەش کردنی هەندێ پرۆژە یان پێشکەش کردنی بە بێ راوێژکاری، یان لە ژێر ناوێکی وا وای لێ دێت، مرۆڤ بێتە پێش وا کەنەهو تۆ دژی ئەم بابەتەی، یەعنی مەبەستەکە ئێمە هـەموو لەگـەڵ ئەوەینـە کـە ئـەو دیاردەیـە هەبێت و هەیە، ئەوە لـە تـەئریخی بەشـەریەیە، نـاتوانین ئینکـاری بکـەین، بچووکە؟، کەمـە؟، زیـادە؟، مـن لەگەڵ ئەوەم ئێمە یاسا دابنێن بۆ بەرەنگاربوون، واتا ئایا تۆ پرۆژە یاسایەکی نا درۆست ئەگـەر بـۆم هـەبێ رەت ئەکەی، یان پرنسیپەکە رەت ئەکەی؟، ئەوە یەك، دوو جاریش مـن خـۆم لەسـەر ئـەو مەوزوعـە قسـەم کردیە و خۆم کەوتوومەتە ئەو مەوقیفە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەو دیاردەیـە کـە فیعلـەن تەهدیدێکـە و هەڕەشەیە بۆ کۆمەڵگا و تەخەصوصی قانونی بۆ دابنرێ، بەڵام پرۆژەیە پێشـکەش کرابـوو یـانیش هەنـدێ شتی تێدا بوو کە تەغتیەی کراوە لە هەندێ قـەوانینی تـر، یـانیش هەنـدێ شـت هـەبوو ئەصـڵەن نـەدەکرا، بۆیـە ئێمـە لـە لێژنـە زۆر بـە وردی تەماشـامان کـرد و کەئەنـەهو ئێمـە پـرۆژە هـەموارکردنێکی تازەمـان پێشکەش کردووە، ئەوە یەکەم، دووەم: من مولاحەزەیەکم هەیـە، مـن داوایـەکم هەیـە لـە لێژنـەی قـانونی، پێش رەئی نیهائی خۆیان بدەن علی الاقل موشاوەرە لەگەڵ ئـەو لێژنـە پسـپۆرەش بکـەن، ئـەوەی یاسـایەکە بۆی رەوانە کرابوو، رەنگە لەوێ ئێمـە گەیشـتباینە حـەل وەسـەتێك، بۆیـە مـن لەگـەڵ ئەوەمـە ئێسـتا ئـەو پێشـنیارەی یـان ئـەو رەئیـەی لێژنـەی داکۆکی کـردن لـە مـافی ژنـان و ئافرەتـان، بەراسـتی هـیچ پەیوەنـدی تەقریبەن نەماوە لەگەڵ ئەو پرۆژەیەی پێشکەش کرابوو لەسـەر ئـەو عینوانـە، بۆیـە ئێمـە رەدی بکـەین و تەبەنی ئەو مولاحەزاتانە بکەین کەئەنەهو ئێمە یاسایەکی ترمان وەرگرتووە، تەبەنی ئەوانە بکەین خـۆی لە خۆیدا رەدی ئەوەیە، من پشتگیری لە پێشنیارەکەی سـۆزان خـان ئەکـەم، تـاکو لێژنـەکانی تـریش ئەگـەر رەئیـان پێویسـت بێـت، ئێمـە جـارێ ئـەوە تـەئجیل بکـەین بـۆ جەلسـەیەکی تـر، ئـەو کاتـە حـەلێکی بـۆ ئەدۆزینەوە، یان پرۆژەیەکی تازە پێشکەش ئەکەین، بەوهەموارکردنانەی کە لـە لێژنـەی پسـپۆردا هـاتووە، یان ئەوەی تر ئەگەر رەبت کرابێ ئەکرێت، تاکو بیر بکەین لە پرۆژەیەکی باشتر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانـەوێ بـەردەوام بێـت بـا دەسـتیان بـەرز بکەنـەوە؟، ئـاخر کـەس قسـە دەکـات دوایی دەنگ دەدەین.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا عزیز :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم پرۆژەیە، ئێمە یەكەم جار كە ئەو پرۆژەمان پێشكەش كرد بە زمانی عەرەبی بوو، هەر بەو شێوەیە نووسیومانە :( تعدیل قانون مكافحة البغاء)، لە پەرلەمان تەرجومە كراوە بۆ كوردی، ئەوە خۆیان تەرجومەیان كردووە، بە هەڵە كردوویانە، ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر دەربارەی ئەوەی كە ئەو راپۆرتەی لیژنەی یاسایی كە بە شێوەیەك لە شێوەكان ئەم دەستەیە، یان ئەم ئەندامە پەرلەمانە بەڕێزانە كە ئەم مەشروعەیان پێشكەش كرد، تۆمەتباریان دەكات بە شێواندنی راستیەكان، بەڵام بەراستی ئێمە ئەم خاڵانەی كە پێشنیارمان كردووە لە تەعدیلەكە هەمووی بەزەروورمان زانیوە و وجودی هەیە لە واقیعدا، ئێمە لەسەر ئەوە قانونی (مكافحة البغاء)، ئێستا تەتبیق دەكرێ لە كوردستان، ئێستا لە هەموو مەحاكیمەكاندایە، من تەنها ئیحصائیەی شەش مانگی مەحكەمەم وەرگرتووە كە لە یەكێك لە شارەكانی كوردستان لە مانگی یەكەوە لە $1/1$ەوە تا $6/1$ بیست حاڵەت هەبووە، كەواتە ئەمە ئیحصائیەكی كورت و بچووكی شوێنێكی وەرگیراوە، كە هەیە وجودی هەیە، بە پێی ئەوە راستیمان نەشێواندووە، كە ئەمە حەقیقەتێكە، زۆر جاریش لە راگەیاندنەكانەوە كە كتێبێك دەرچوو (ئۆڤیانووسێك لە تاوان) هەمووومان ئاگادارین كە بە وردی باندی لەشفرۆشی هەیە لە هەرێمی كوردستان و ئێمە بۆ ئەوەی ئەو خاڵانەی كە لە تەعدیلەكەدا باسمان كردووە بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە كەم بێتەوە لە كوردستاندا، لەو پێناوەوە ئەم مەشروعەمان تەقدیم كردووە، بە نیسبەت خاڵێكی ترەوە كە من ئەمەوێ باسی بكەم لە پرۆژەكەدا، كە ئەوتریَ ئێمە تەنها ئافرەتمان تاوانبار كردووە، بە هیچ نەوعێك ئێمە باسی ئەوەمان نەكردووە لە پرۆژەكە، نووسیومانە قوربانیانی لەشفرۆشی، قوربانیان ئەكرێ ژنیش بێت و پیاویش بێت، ئەو خاڵەی كە ئێمە لە ماددەی دووەمدا باسمان كردووە كە وەزارەتی كۆمەڵایەتی شوێنێك دابین بكات، ئێستا راستە ئەو شوێنە هەیە، بەڵام تایبەت نیە بە وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی، بگرە ئەوانەی كە بەتاوانی لەشفرۆشی عوقوبە ئەدرێن و تێكەڵ ئەكرێن لەگەڵ زیندانیەكانی ترەوە وەكو كوێستان خان ئاماژەی پێكرد، ئەو پێشنیارەی لیژنەی ژنانیش كە داوای كردووە ئیزافەی ئەو عوقوبەیە بكرێ و كە دیاری بكرێ لە سێ مانگ كەمتر نەبێ و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێ، ئەمە لە ئەصڵی قانونەكە هەیە، بەڵام ئێمە مەبەستمان لەم ماددەیە ئەوەبووە كە ئەم خانەیە یان ئەم شوێنە كە ئەوەترێ خانە یان دوورێكی ئیصلاح بۆ ئەو قوربانیانە تایبەت بكرێ بە وەزارەتی كار و كاروباری كۆمەڵایەتی، خاڵێكی تر كە ئێمە زۆر گرنگ بوو بەلامانەوە ئیزافەی بكەین، لە ماددەی سێیەمدا كە داواكاری گشتی مافی ئەوەی هەبێ كە داوا بەرز بكاتەوە لەسەر ئەم حاڵەتە، چونكە پێشتر ئەو مافە نەدرابوو بەداواكاری گشتی، ئەمەش خاڵێكە بەلامانەوە گرنگ بوو كە هەبێت و نەبووە، یەعنی ئەوانەی ئێمە داوامان كردووە بۆ تەعدیل كردنی ئەم یاسایە و پێشتر نەبوو لە یاسا ئەصڵیەكە، داواكردنی ئیزافەی ئەم تەعدیلانە وەكو واقیعێك بینیومانە، لەبەر ئەوە ئەوەی بۆ موناقەشەی ئەندامانی پەرلەمان بەجێ دەهێڵین كە كامەیان زەروورە بمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەیان

موناقەشە بكرێ و ئەوانەی كە بە دەنگدان ئەبێ و ئەكرێ، ئەومەشروعە، ئێمە لەبەر زەروورەت وامان پێشكەش كردووە و، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان كەرەمكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی یاسای (مكافحة البغاء) لە هەرێمی كوردستان تەتبیق دەكرێ، ئەو یاسایەی كە لە بەغدا دەرچووە ساڵی 1988 ئێستا پیادە دەكرێ، ئێمە نەمانوتووە لە هەرێمی كوردستان لەشفرۆشی نیە، نەخێر لەشفرۆشی لە هەرێمی كوردستاندا هەیە، نەشمان گوتووە لە بەندیخانەكان هەندێ تەسەروفی نابەجێ نییە، مومكینە ئەوەش هەبێ، بەڵام واجیبی ئێمەش وەكو ئەندامانی پەرلەمان موراقەبەی سجون بكەین، بۆ ئەوەی ئەو كەسەی كە كەم تەرخەمە بیهێنین لێرە باسی بكەین و ئەوەی ئوصولی بێ تەعامولی لەگەڵ بكەین، ئێمە بە نیسبەت ئەم پرۆژەیە دەیخوێنینەوە بە شێوەیەكی وا دارێژراوە وە كەئەنەهو ئیتیهامی هەرێمی كوردستان دەكرێ بە تیجارەتی ئافرەتان، بەراستی ئەوە كەمكردنەوەیە لە شەخصیەتی ئافرەتی كورد، بۆیە ئێمە دائیمەن پشتگیریمان لە مافی ئافرەتان كردووە، دائیمەنیش پشتگیری لێ دەكەین، بەڵام ئێمە ئەو یاسایە بە گشتی پێمان مەقبول نیە، رەنگە ئەو راپۆرتەی گەشە خان ئیشارەتی پێدا، رەنگە هەندێ برگە هەبێ من لەگەڵی بم، بەڵام وەڵاهی من لەگەڵ ئەو یاسایە عمومیە نیمە بەو شێوەیە تەعامول بكرێ، ئیتیهامی هەرێمی كوردستانیش بكرێ، بەم شتانەی كە نووسراوە، ئەمە دوورە لە راستی بە حەقیقەت، بۆیە من لەگەڵ رەفز كردنەوەی ئەم پرۆژەیەم، ئەگەر هاتو چەند پرۆژەیەكی دیكە بە چەند ماددەیەكی دیكە لەو بابەتانە كە ئیشارەتی پێدرا هاتە ئاراوە رەنگە ئێمە هەڵوێستی ترمان هەبێ بە نیسبەت پرۆژەكان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزێكی تر كە لەگەڵ ئەوەیە رەفز بكرێ، كێی تر ئەیەوێ قسە بكات؟ تەنها لەسەر ئەوەی ڕەفز بكرێت، چونكە سێ كەس بۆ تەئجیل هەبوو، بۆ ئەوەی كە بەردەوام بێت، لیژنەی یاسایش ڕەئیان ئەوە بوو كە ڕەفز بكرێت، بۆیە ئێستا بە تەسەلسول دێین، یەكەمجار ڕەئی لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگدانەوە كە دەیانەوێت ڕەفز بكرێت، فەرموو. دكتۆر ئەحمەد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە لیژنەی تایبەتمەند زیاتر لیژنەی مافی ئافرەتانە، بۆیە پێم باشە یەكەمجار ڕەئی ئەوان بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

یەکەمجار ڕەفز دەخەینە دەنگدانەوە، ئێستا بەڕێزان گوێتان لەو ئەندامانە بوو، هەمووشتان گوێتان لە بیروبۆچوونی یەکتر بوو، ئێستا خاڵی ڕەفز ئەوەی لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە ڕەفز بکرێت تکایە با دەستی بڵند بکات؟، بەڕێزان ئەمە بۆ ئەوەیە کە ئەم پرۆژەیە ڕەفز بکرێت، وازحەو دیارە، 29 کەس لەگەڵ ئەوەدایە کە ڕەفز بکرێتەوە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ڕەفز نەکرێت تکایە با دەستی بڵند بکات؟، 31 کەس لەگەڵ ئەوەدایە کە ڕەفز نەکرێت، بۆیە ڕەفز ناکرێت، ئێستا دێینە سەر تەئجیل، کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات تکایە؟، 57 کەسی لەگەڵدایە؟، سۆزان و کوێستانیشی هەردووک لەگەڵدایە، ئێستا کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە تەئجیل نەکرێت؟ کەس نیە، بۆیە ئەمەش تەئجیل دەبێت و پاشان تەحویلی لیژنەکانی دەکەین تا سەر لەنوێ دیراسەی بکەن و ڕاپۆرتی خۆیان بدەن و بۆمان بنێرنەوە، نوقتەی نیزامی حاکم رزگار، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مەشروعە تەعدیلی قانونێکە کە لە حکومەتی مەرکەزی هەیە، ئێمە دەتوانین بەس پشت ببەستێن بە ماددەی(101) حەز دەکەم ئەمە باس بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە، کاکە ئەمە دەنگی لەسەر دراو ڕۆی، تکایە بەسە، دانیشە، دەنگی لەسەر دراو تەئجیل کرا، دکتۆرە پەریهان، فەرموو.

**بەڕێز د. پەریهان قبلای محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئەم یاسایە زۆر پەیوەندی هەیە، بە تەندروستیەوە، بۆیە داواکارم ئەم پرۆژەیە ئیحالە بکرێت بۆ لیژنەی تەندروستی، چونکە نەهاتووە بۆ لیژنەکەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا بۆ خاڵی نۆیەم کەرەم بکەن، فەرموو کاک عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی نۆیەم لە بەرنامەی کار، خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان.

**الى/ رئاسة برلمان كوردستان_العراق**

**م/ تقرير حول مشروع قانون وزارة المالية و الاقتصاد**

اجتمعت لجنة الشؤون القانونية في يوم 16/ جۆزەردان / 2710 كوردي المصادف 6 /6/ 2010 الميلادية لدراسة مشروع قانون وزارة المالية و الاقتصاد لاقليم كوردستان - العراق المقدم من قبل مجلس الوزراء و

**المحال الى لجنتنا بعد القراءة الأولى له في البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة ( 5 ) و المؤرخة فى 21 / 4 / 2010، بعد المناقشة و المداولة تقدم اللجنة ملاحظاتها بالشكل الآتي :**

**اولا - المادة الأولى :**

**1- اعادة صياغة مقدمة المادة بالشكل الآتي :**

**( يقصد بالمصطلحات و التعابير الآتية المعاني المبينة ازاءها لاغراض هذا القانون ) .**

**2- اضافة كلمة ( للاقليم ) في نهاية الفقرات ( 2 ، 3 ، 4 ) من المادة الاولى .**

**3- تقترح اللجنة الغاء الفقرة ( 5 ) لان الهيئة كما ورد في المادة ( الخامسة ) من المشروع تتكون فقط من المستشارين و هؤلاء هم اعضاء في المجلس كما ورد في المادة ( السادسة ) من المشروع و تغيير تسلسل الفقرات تبعا لذلك.**

**4- بالنسبة للفقرة ( 6 ) :**

**أ- نقترح حذف كلمة ( استشاري ) و يبقى المجلس فقط لان المجلس له صلاحيات فعلية و ليست استشارية كما ذكر في الفقرة ( 2 ) من المادة السادسة من المشروع ( اقرار الخطة العامة ) لذلك نقترح اعادة صياغة الفقرة بالشكل الآتي :**

**( المجلس : مجلس الوزارة ) .**

**ب- نقترح تبديل ( لوزارة المالية ) بـ( للوزارة ) لانه تم تعريف ( الوزارة ) في الفقرة ( 2 ) من المادة .**

**ثانيا- المادة الثانية : تؤيد اللجنة مقترح اللجنة المالية و الاقتصاد .**

**ثالثا- المادة الثالثة :**

**1- نقترح اعادة صياغة الفقرة ( اولا ) من المادة بالشكل الآتي :**

**{ اولا : الوزير : هو الرئيس الاعلى للوزارة و المسؤول عن اعمالها و توجيه سياستها و الاشراف و الرقابة عليها و تصدر منه و تنفذ باشرافه جميع القرارات و التعليمات و الاوامر في كل ما له علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها و صلاحياتها و سائر شؤونها الفنية و الادارية و المالية و التنظيمية وفق احكام القانون و يكون مسؤولا امام مجلس الوزراء بصفته عضوا متضامنا فيه ، و له تخويل بعض من صلاحياته الى الوكيل او المدراء العامين او من يراه مناسبا } .**

**2- بالنسبة للفقرة ( ثانيا ) تقترح لجنتنا حذف الجملة الواردة في السطر الثاني من الفقرة (و يكون مسؤولا عن تنظيم و حفظ السجلات و المراسلات الخاصة بالوزير ) لان هذه من ضمن صلاحيات مدير المكتب فلا حاجة لذكرها .**

**و نقترح اعادة صياغة الفقرة ( ثانيا ) بالشكل الآتي :**

**( ثانيا : مكتب الوزير : يراسه موظف بدرجة مدير من ذوي الخبرة و الكفاءة و يتولى المهام الموكلة اليه من قبل الوزير و يعاونه عدد من الموظفين ) .**

3- الفقرة ( ثالثا ) من المادة : تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة لان ماورد في اصل المادة من المشروع بان ( فرعي البنك يرتبطان مباشرة بالوزير و لها الصلة المباشرة بالبنك المركزي ) لا توضح الارتباط المباشر يكون للبنك او للوزير ، و استنادا الى المادة ( 110 / ثالثا ) من الدستور العراقي ( انشاء البنك المركزي و اداراته من الصلاحيات الحصرية )، لذلك نقترح ارتباط فروع البنك في الاقليم بالبنك المركزي العراقي و نؤيد الصياغة المقدمة من قبل اللجنة المالية و الاقتصادية.

رابعا- المادة الرابعة : تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة ( اولا ) من المادة بالشكل الاتي :

( اولا : و كيل الوزارة : يساعد الوزير في تنفيذ سياسة الوزارة و الاشراف على شؤونها و مايخول له من صلاحيات من قبل الوزير ) .

خامسا- المادة الخامسة : تقترح اللجنة الغاء كلمة ( هيئة ) حيث سبق و ان اقترحنا الغاء تعريف الهيئة في المادة الاولى من المشروع ، نظرا لوجود مجلس للوزارة فلا حاجة الى وجود هيئة استشارية . و نقترح اعادة صياغة المادة بالشكل الآتي :

( المادة الخامسة : المستشارون : للوزارة اربعة مستشارون من ذوي الخبرة و الاختصاص و على ان يكونوا حاصلين على شهادة جامعية اولية على الاقل في الاختصاصات الآتية :

1- مستشار في الشؤون الادارية و المالية .

2- مستشار في الشؤون المصرفية .

3- مستشار في الشؤون الاقتصادية و التجارية .

4- مستشار في الشؤون القانونية ).

سادسا- المادة السادسة :

1 - بالنسبة للفقرة ( 1 ) من المادة نقترح حذف كلمة ( استشاري ) و الاكتفاء بـ( مجلس )لان المجلس له صلاحيات فعلية و ليست استشارية و نقترح اعادة صياغة الفقرة بالشكل الآتي : ( 1- يشكل في الوزارة مجلس برئاسة الوزير و يضم في عضويته كل من : )

2- تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة ( د ) من المادة بالشكل الآتي :

( د- للوزير استضافة اي شخص من ذوي الخبرة يراه مناسبا من داخل الوزارة او خارجها عند الضرورة للاشتراك في اجتماعات المجلس دون ان يكون له حق التصويت ) .

3- هناك اخطاء مطبعية تحل كلمة ( تعترض ) محل ( تعرض ) و ( العملية ) محل ( العلمية ) .

سابعا- المادة السابعة : تقترح اللجنة عدم ذكر المديريات التابعة لمديرية الديوان العامة و عدم ذكرها في القانون لان استحداث المديريات من صلاحيات الوزير و نص مشروع القانون على ذلك في الفقرة ( ثانيا ) من المادة الثامنة عشرة .

ثامنا – المادة الثامنة : تقترح اللجنة عدم ذكرالمديريات التابعة لهذه المديرية العامة للاسباب الواردة في الفقرة ( سابعا ) من هذا التقرير .

**تاسعا – المادة التاسعة : تقترح اللجنة عدم ذكر المديريات التابعة لهذه المديرية العامة للاسباب الواردة في الفقرة ( سابعا ) من هذا التقرير .**

**عاشرا – المادة العاشرة : تؤيد اللجنة مقترح اللجنة المالية و الاقتصاد بدمج المادتين العاشرة و الثانية عشرة لتقليص عدد المديريات العامة و لان المهام الموكلة بالمديريات العامة في المادتين العاشرة و الثانية عشرة يمكن ان تقوم بها مديرية عامة واحدة و تغيير تسلسل المواد تبعا لذلك .**

**حادي عشر – المادة الحادية عشرة : تؤيد اللجنة اصل المادة و لاتوجد عليها اية ملاحظة .**

**ثاني عشر– المادة الثانية عشرة :تقترح اللجنة الغاءها لان سبق و ان اقترحنا دمجها مع المادة ( العاشرة )**

**ثالث عشر - المادة الثالثة عشرة : لاتوجد عليها اية ملاحظة .**

**رابع عشر – المادة الرابعة عشرة : لاتوجد عليها اية ملاحظة .**

**خامس عشر : المادة الخامسة عشرة : لاتوجد عليها اية ملاحظة .**

**سادس عشر : المادة السادسة عشرة : لاتوجد عليها اية ملاحظة .**

**سابع عشر : المادة السابعة عشرة :نقترح الغاء المادة ، لاحاجة لوجود مديرية عامة للشؤون القانونية ، يمكن ان تكون مديرية ضمن المديرية العامة للديوان .**

**ثامن عشر : المادة الثامنة عشرة :نقترح اعادة صياغة الفقرة ( ثانيا ) بالشكل الآتي :**

**( ثانيا – للوزير استحداث او الغاء او دمج اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة عند الاقتضاء )**

**تاسع عشر : المادة التاسعة عشرة :لاتوجد عليها اية ملاحظة .**

**عشرون : المادة العشرون :نقترح اعادة صياغة المادة بالشكل الآتي :**

**( على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون )**

**واحد وعشرون : المادة الحادية و العشرون :لاتوجد عليها اية ملاحظة .**

## الاسباب الموجبة

**بغية توحيد وزارتي المالية في اقليم كوردستان في وزارة واحدة باسم وزارة المالية و الاقتصاد ، لغرض قيام الوزارة بمهامها في تنظيم الاحوال المالية و الاقتصادية و مراقبة سلامة التصرف بالمال العام و الممتلكات العامة و تحقيق الاستخدام الامثل للموارد المالية في الاقليم ، فقد شرع هذا القانون .**

**راجين التفضل بالأطلاع و عرض أصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأنه على البرلمان للمناقشة و أبداء الرأى المناسب و التصويت.**

**مع التقدير**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی کەرەم بکەن تەشریفتان بێنە ئێرە، فەرموون، زۆر بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارایی کاك شێخ بایز و بریکاری وەزارەت کاك رەشید تاهر دەکەین، بەخێربێن، ئێستاش لیژنەی دارایی دێتە ئێرە، پێش خوێندنەوەی لیژنەی دارایی فەرموو لیژنەی یاسایی بە کوردی ڕاپۆرتەکەتان بخوێننەوە.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان_عێراق**

**بابەت/ راپۆرت دەربارەی پڕۆژە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی کوردستان - عێراق**

**لیژنەی کاروباری یاسایی لە ڕۆژی 16/ جۆزەردان / 2710 ی کوردی بەرامبەر بە 6/6/ 2010 زایینی کۆبووە بۆلێکۆڵینەوەی پڕۆژە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان – عێراق کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە ، و دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (5) ی ڕۆژی 21 /4/ 2010 دا بۆ لیژنە ناردراوە. دوای تاوتوێ کردن ولێکۆڵینەوە لەسەری ، لیژنە تێبینیەکانی خۆی بەم شێوەیە پێشکەش دەکات :**

**یەکەم : ماددەی ( یەکەم ) :**

**1- دووبارە دارِشتنەوەی پێشەکی ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە :**

**" مەبەست لەم زاراوانە ودەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە، بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە ".**

**2- وشەی ( هەرێم ) لە کۆتایی بڕگەکانی ( 2 ، 3 ، 4 ) ی ماددەی یەکەمدا زیاد بکرێت .**

**3- لێژنە پێشنیاز دەکات بڕگەی ( 5 ) لابدرێت ، چونکە دەستە وەك لە ماددەی ( پێنجەم ) ی پڕۆژەکەدا هاتووە تەنیا لە ڕاوێژکاران پێك دێت ، ئەوانەش ئەندامی ئەنجومەنەکەن وەك لە ماددە( شەشەم ) ی پڕۆژەکەدا هاتووە و ڕیزبەندی بڕگەکان بەپێی ئەوهەموارکردنە بگۆڕدرێن .**

**4- دەربارەی بڕگە ( 6 ) :**

**أ- پێشنیاز دەکەین وشەی ( ڕاوێژکاری ) لابدرێت و تەنیا ئەنجومەن بمێنێتەوە، چونکە ئەنجومەن دەسەلأتی کردارەکی هەیە نەك ڕاوێژکاری وەك لە بڕگە ( 2 ) ی ماددەی( شەشەم)ی پڕۆژەکە هاتووە ( پەسەندکردنی پلانی گشتی ) ، لەبەر ئەوە پێشنیاز دەکەین بڕگەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**( ئەنجومەن : ئەنجومەنی وەزارەت ) .**

**ب – پێشنیاز دەکەین ( وەزارەتی دارایی بۆی هەیە ) بکرێت بـ( وەزارەت بۆی هەیە ) ، چونکە( وەزارەت ) لە بڕگە ( 2 ) ی ماددەکەدا پێناسەکراوە .**

**دووەم : ماددەی ( دووەم ) : لێژنە پشتگیری پێشنیازەکەی لێژنەی دارایی و ئابووری دەکات.**

سێیەم : ماددەی سێیەم:

1- پێشنیاز دەکەین بڕگەی ( یەکەم ) ی ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :

( یەکەم : وەزیر : سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە ئاڕاستەکردنی کار و سیاسەتەکانی و سەرپەرشتی و چاودێری کردنی چالاکیەکانی و ئەو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییانەی لە بارەی هەر شتێك پەیوەندی بە ئەرکی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەسەڵاتەکانی لە هەموو ڕوویەکی هونەری و دارایی و ئابووری و ڕێکخستنەوە هەیە لەوەوە دەردەچن بەپێ ی حوکمەکانی یاسا بەرپرسە لە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەو پێ یەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا و بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بدات بە بریکاری وەزارەت یا بەڕێوەبەرە گشتیەکان یان هەر یەکێکی بە شیاوی دەزانێ ) .

2- دەربارەی بڕگەی ( دووەم ) لێژنەکەمان پێشنیاز دەکات ئەو دەستەواژەیەی لە دێڕی دووەمی بڕگەکەدا هاتووە لابدرێت ( بەرپرس دەبێت لە ڕێکخستن و پاراستنی سجلەکان و نامەکانی تایبەت بە وەزیر ) چونکە ئەمە لە دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبەری نووسینگەی وەزیرەو ، پێوست ناکات باس بکرێت .

پێشنیاز دەکەین بڕگەی ( دووەم ) بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :

(دووەم : نووسینگەی وەزیر : بە وەزیرەوە بەندە ، فەرمانبەرێك بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە خاوەن شارەزا و توانا بێت بەو کارانە هەڵدەستێت کە وەزیر پێ ی ڕادەسپێرێت و چەند فەرمانبەرێك یاریدەی دەدەن ) .

3- بڕگەی ( سێیەم ) لە ماددەکە : لێژنە پێشنیاز دەکات بڕگەکە دابڕێژرێتەوە ، چونکە ئەوەی لە ئەسڵی ماددەی پڕۆژەکەدا هاتووە کە ( هەردوو لقی بانکەکە یەکسەر بەوەزیرەوە دەبەسترێن و پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بانکی مەرکەزییەوە هەیە ) ، ئەو پەیوەندیە ڕاستەوخۆیە ڕوون نیە ئایا بە بانکەوە یا بە وەزیر بەپێی ماددەی ( 110 / سێیەم ) لە دەستوری عێراقی ( دامەزراندنی بانکی مەرکەزی و بەڕێوەبردنی لە دەسەڵاتە حەسرییەکانە ) ، لەبەر ئەوە پێشنیاز دەکەین لقەکانی بانکی مەرکەزی لە هەرێمدا بە بانکی مەرکەزی عێراقەوە ببەسترێت و پشتگیری ئەو داڕشتنەش دەکەین کە لەلایەن لێژنەی دارایی و ئابوریەوە پێشکەش کراوە .

چوارەم : ماددەی چوارەم :

لێژنە پێشنیاز دەکات بڕگەی ( یەکەم ) لە ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :

( یەکەم : بریکاری وەزارەت : یاریدەی وەزیر دەدات لە جێبەجێکردنی سیاسەتی وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کارەکانی و ئەو دەسەڵاتانەی کە وەزیر پێی دەسپێرێت ) .

پێنجەم : ماددەی پێنجەم : لێژنە پێشنیاز دەکات وشەی ( دەستە ) لابدرێت ، وەك لەوەپێش پێشنیازمان کردبوو کە پێناسەی ( دەستە ) لە ماددەی ( یەکەم ) ی پڕۆژەکە لابدرێت ، چونکە وەزارەت ئەنجومەنی هەیە و پێوستی بە دەستەی ڕاوێژکاری نییە ، پێشنیاز دەکەین ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :

( ماددەی پێنجەم : ڕاوێژکاران : وەزارەت چوار ڕاوێژکاری هەیە کە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕن و دەبێ بە لایەنی کەمەوە بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیان هەبێت لە م بوارانەی خوارەوە :

1- ڕاویژکار لە کاروباری کارگێڕی و دارایی .

2- ڕاوێژکار لە کاروباری بانکدا .

3- ڕاوێژکار لە کاروباری ئابووری و بازرگانیدا .

4- ڕاوێژکار لە کاروباری یاساییدا .

شەشەم : ماددەی شەشەم :

1- دەربارەی بڕگەی ( 1 ) لە ماددەکە پێشنیاز دەکەین وشەی ( ڕاوێژکار ) لابدرێت و تەنها وشەی( ئەنجومەن ) بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی کە ئەنجومەن بە کردار دەسەڵاتی هەیە و ڕاوێژکار نیە ، پێشنیاز دەکەین بڕگەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :

( 1- ئەنجومەنێك لە وەزارەت پێك دەهێنرێت بە سەرۆکایەتی وەزیر ، و ئەندامێتی ئەمانەی خوارەوە : )

2- لێژنە پێشنیاز دەکات بڕگەی ( د ) لە ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :

( د – وەزیر بۆی هەیە بانگهێشتی هەر کەسێك بکات کە خاوەن شارەزا بێت و خۆی بە گونجاوی بزانێت ، لە ناو وەزارەتەکەی یا لە دەرەوە لە کاتی پێوستیدا بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت ) .

3- هەندێ هەڵەی چاپکردنی تێدایە: وشەی (تانە گرتن) بچێتە جێگای وشەی( دەیخاتە ڕوو) و وشەی ( بە کردار ) بچێتە جێگای وشەی ( زانستی ) .

حەوتەم: ماددەی حەوتەم : لێژنە پێشنیاز دەکات ناوی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە نەهێنرێت کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان و لە یاساکەدا هەر ناویان نەبرێت، چونکە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی لە دەسەڵاتی وەزیرە و لە پرۆژە یاسایەکەش لە بڕگەی(دووەم ) ی ماددەی هەژدەمدا هاتووە .

هەشتەم: ماددەی هەشتەم: لێژنە پێشنیاز دەکات ناوی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە نەهێنرێت کە سەر بەو بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەن لەبەر ئەو هۆیانەی لە بڕگەی ( حەوتەم )ی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتوون .

نۆیەم : ماددەی نۆیەم : لێژنە پێشنیاز دەکات ناوی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە نەهێنرێت کە سەر بەو بەڕێەبەرایەتیە گشتیەن لەبەر ئەو هۆیانەی لە بڕگەی ( حەوتەم ) ی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتوون .

دەیەم : ماددەی دەیەم : لێژنە پشتگیری پێشنیازەکەی لێژنەی دارایی و ئابووری دەکات بە یەکخستنی ماددەی ( دەیەم )و( دوازدەم ) بۆ ئەوەی ژمارەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان کەم بکرێنەوە ، لەبەرئەوەی ئەو ئەرکانەی کە بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتیەکان سپێردراون لە ماددەی ( دەیەم ) و ( دوازدەم ) یەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەتوانێت ئەنجامیان بدات ، ڕیزبەندی ماددەکانیش بەپێی ئەو هەموارکردنە بگۆڕدرێن.

یازدەم : ماددەی یازدەم : لێژنە هیچ تێبینی لەسەر نیە .

**دوازده : ماددەی دوازدەیەم : لێژنە پێشنیازی لابردنی دەکات ، چونکە پێشتر پێشنیازمان کرد لەگەڵ ماددەی ( دەیەم ) یەك بخرێت .**

**سیازده : ماددەی سێزدەیەم : لێژنە هیچ تێبینی لەسەر نیە .**

**چوارده : ماددەی چواردەیەم : لێژنە هیچ تێبینی لەسەر نیە .**

**پازده : ماددەی پازدەیەم : لێژنە هیچ تێبینی لەسەر نیە .**

**شازده : ماددەی شازدەیەم : لێژنە هیچ تێبینی لەسەر نیە .**

**هەڤدە: ماددەی هەڤدەیەم : پێشنیاز دەکەین ماددەکە لابدرێت ، چونکە پێوست بە بوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری یاسایی ناکات و دەتوانرێت بکرێت بە بەڕێوەبەرایەتیەك لە نێو بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیواندا .**

**هەژدە: ماددەی هەژدەم: پێشنیاز دەکەین بڕگەی( دووەم )بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە :**

**( دووەم : وەزیر بۆی هەیە لە کاتی پێویستیدا هەر بەڕێوەبەرایەتێك یان بەشێك یان هۆبەیەك لەناو پێکهاتەکانی وەزارەتەکە بکاتەوە یان لای بدات یان تێکەڵ بکات ) .**

**نۆزده : ماددەی نۆزدەیەم : هیچ تێبینیەکمان لەسەر نیە .**

**بیستەم : ماددەی بیستەم: پێشنیاز دەکەین ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**( پێوستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن ) .**

**بیست و یەکەم : ماددەی بیست و یەك : هیچ تێبینیەکمان لەسەر نیە.**

**هۆی دانای ئەم یاسایە**

**لە ئەنجومەنی وەزیران کە ئەم پرۆژەیە هات ئەسبابی موجیبەی تێدا نەبوو، بۆیە هەوڵماندا بە کورتی هۆی دانانی یاساکە دابڕێژینەوە، کە ئەمەیە،**

**لە پێناوی یەکخستنی هەردوو وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان لە یەك وەزارەتدا ، بە ناوی وەزارەتی دارایی و ئابووری ، و بۆ ئەوەی وەزارەت ئەرکەکانی خۆی جێ بەجێ بکات لە ڕووی ڕێکخستنی کاروباری دارایی و ئابووری و چاودێری سەلامەتی دەسکاری ماڵی گشتی بکرێت ، و بە باشترین شێوە داهاتی هەرێم بەکاربهێنێت ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

**بفەرموون بۆ ئاگاداری و ئەسڵی پرۆژەکەو ڕای لیژنەی یاسایی لە بارەیەوە بخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری ودەربڕینی ڕای گونجاو لەبارەیەوە و دەنگدان لەسەری.**

**لەگەڵ ڕێزماندا**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی ئێستا تکایە ڕاپۆرتان بخوێننەوە پاشانیش بە عەرەبی تا گفتوگۆی لەسەر بکەین، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە کە دەخوێنم بۆچوونی لیژنەی دارایی و ئابووریە، لەسەر هەیکەلی وەزارەتی دارایی و ئابووری کو زۆرینەی دەنگ هاتیە پەسەند کرن.

**بابەت/کۆنووسی ژمارە (17)**

دوای ڕێز.......

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك191) لە (2010/4/22) وە دوابەدوای نووسراومان ژمارە(41) لە (2010/4/27) لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان لە رۆژانی (27و2010/4/28) بۆ دەربڕینی راو بۆچوون دەربارەی پرۆژە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، وە دوای میوانداری بریکاری وەزیری دارایی بەرێز رشید طاهر ، لیژنەکەمان گەیشتە ئەم پێشنیارانەی خوارەوە بەزۆرینەی دەنگ:

یەکەم/ دەربارەی (المادة الاولى):

أ-زیادکردنی دەستەواژەی (لوزارة المالية والأقتصاد) بۆ خاڵی (5) دەبێ بە:

(5-هيئة المستشارين لوزارة المالية والاقتصاد)

ب-زیادکردنی دەستەواژەی (والاقتصاد) بۆ خاڵی (6) کە دەبێ بە:

(6-المجلس الأستشاري لوزارة المالية والأقتصاد).

دووەم/ دەربارەی (المادة الثانية):

لێژنە پێشنیار دەکات بۆ زیادکردنی دەستەواژەی (والاقتصادي) بۆ هەردوو دەستەواژەی (التخطيط المالي) و (الخطة المالية) بۆ دەقی ماددەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

المادة الثانية: (تهدف الوزارة الى وضع الأسس العامة لإدارة و تنظيم الموارد المالية و الأقتصادية و مراقبة ملائمة التصرف بها و تحقيق الأستخدام الأمثل لها ووضع أسس و اتجاهات التخطيط المالي والأقتصادي للأقليم و تحديد الأطار العام التفصيلي لعناصر الخطة المالية و الأقتصادية ضمن إطار السياسة العامة لها و خطط التنمية للأقليم).

سێهەم/ دەربارەی (المادة الثالثة):

(1): لێژنە پێشنیار دەکات ئەم دەستەواژەیە لە سەرەتای ماددەکە زیاد بکرێ (يتألف هيكل الوزارة من).

(2): دەربارەی (أولاً) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

(3): دەربارەی (ثانياً) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

(4): دەربارەی (ثالثاً) لیژنە پێشنیار دەکات بەگۆڕینی دەقی ئەم بڕگەیە بەم شێوەیەی خوارەوە، دوای گفتو گۆکردن لەگەڵ بەڕێز بریکاری وەزارەتی دارایی (ثالثاً: ترتبط فروع البنك المركزي في الأقليم بالبنك المركزي العراقي من الناحية الفنية والادارية في رسم السياسة النقدية والصيرفة، ولوزير المالية والاقتصاد في الأقليم التنسيق مع البنك المركزي العراقي حول عمل فروع البنك المركزي في الاقليم).

(5): دەربارەی (رابعاً) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

(6): دەربارەی (خامساً) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

چوارەم/ دەربارەی (المادة الرابعة):

(1): دەربارەی (أولاً) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

(2): دەربارەی (ثانیاً) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

(3): دەربارەی (ثالثاً) ئەم دەستەواژەیە دەگۆڕرێت لە (مكتب التدريب والتطوير المالي) بۆ (مركز التدريب والتطوير المالي)

پێنجەم/ دەربارەی (المادة الخامسة): وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

شەشەم/ دەربارەی (المادة السادسة):

لیژنە پێشنیار دەکات:

(1): لە خاڵی (1) گۆڕینی دەستەواژەی (يشكل في الوزارة) بۆ (يكون للوزارة).

(2): لەخاڵی (2) گۆڕینی دەستەواژەی (كل ما يعرضه الوزير من القضايا)بۆ (كل ما يعرض من القضايا) لە کۆتایی رستەکە.

حەوتەم/ دەربارەی (المادة السابعة):

لیژنە پێشنیار دەکات بۆ زیادکردنی:

1- (6-مديرية الشؤون القانونية) وە بەم شێوەیە لابردنی ماددەی (17) لە یاساکە دەربارەی (المديرية العامة للشؤون القانونية).

2-وە دیباجەی ماددەی(7) بەم شێوەیەی خوارەوە بێ:

(تتولى تنظيم شؤون العاملين بمركز الوزارة وما يتعلق بأمور خدمتهم وتقديم الخدمات المختلفة لدوائر مركز الوزارة وما يضمن حسن العمل، والأشراف كما وتتولى تفسير الاحكام المالية والتشريعات النافذة ودراسة مشروعات القوانين والانظمة و ابداء الرأي والمشورة في المسائل القانونية المتعلقة بأمور الخدمة المدنية والأمور المالية التي تعرض على الوزارة من دوائر الأقليم و كذلك اعداد الصيغ القانونية لمشروعات القوانين والأنظمة والتعليمات ذات العلاقة بعمل الوزارة وتمثل الوزارة امام المحاكم، والاشراف على صيانة موجودات مركز الوزارة وتجميع وتنسيق خطط تقسيمات الوزراة وكذلك تنفيذ التوجهات و التقارير التي ترد الى الوزارة و تحال اليها من قبل الوزير و معالجة الأمور الأدارية ذات العلاقة بأختصاصات الوزارة التي لاتدخل في صلاحية الدوائر المرتبطة بها، ويرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة والأختصاص).

هەشتەم/ دەربارەی (المادة الثامنة): وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

نۆیەم/ دەربارەی (المادة التاسعة): وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

دەیەم/ دەربارەی (المادة العاشرة): لیژنە پێشنیار دەكات كە:

1 - ماددەی دەهەم لەگەڵ ماددەی دوانزە یەكبخرێت لەژێر ئەم ناوەی خوارەوە: (المديرية العامة للضرائب والعقارات).

2 - ئەم دیباجەیەی بۆ زیاد دەكرێ: تتولى ادارة متطلبات تحقيق الضرائب وجبايتها و تنظيم حساباتها ومتابعة ديونها وتحديد اجراءات واسس الجبايه. كما تتولى حصر الملكية العقارية للاقليم من الناحية النوعية والمكانية وتنظيمها ومسك السجلات اللازمة بذلك بمعزل عن الجهات المختصة وتنفيذ قرارات التخصيص والتشريعات الخاصة لبيع وايجار العقارات المملوكة للاقليم وكذلك ادارة وبيان العقارات التي تناط مسؤولية ادارتها وبيعها لوزارة المالية والاقتصاد ويرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية من ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها:

1-مديريات ضريبة الدخل.

2-مديريات ضريبة العقار.

3-مديريات العقارات.

یانزە/ دەربارەی (المادة الحادي عشرة): وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

دوانزە/ دەربارەی (المادة الثانية عشرة): یەك خرا لەگەڵ ماددەی (10).

سیانزە/ دەربارەی (المادة الثالثة عشرة): وەكو خۆی دەمێنێتەوە، وە دەبێ بە ماددەی ژمارە (12).

چواردە/ دەربارەی (المادة الرابعة عشرة): وەكو خۆی دەمێنێتەوە، وەدەبێ بەماددەی ژمارە (13).

پانزە/ دەربارەی (المادة الخامسة عشرة): وەكو خۆی دەمێنێتەوە، وە دەبێ بە ماددەی ژمارە(14).

شانزە/ دەربارەی (المادة السادسة عشرة): وەكو خۆی دەمێنێتەوە، وە دەبێ بە ماددەی ژمارە(15).

حەڤدە/ دەربارەی (المادة السابعة عشرة):ئەم ماددەیە لابرا، وە گوێزرایەوە بۆ ماددەی (7).

هەژدە/ دەربارەی (المادة الثامنة عشرة): وەكو خۆی دەمێنێتەوە، وە دەبێ بە ماددەی ژمارە(16).

نۆزدە/ دەربارەی (المادة التاسعة عشرة): وەكو خۆی دەمێنێتەوە، وە دەبێ بە ماددەی ژمارە(17).

بیست/ دەربارەی (المادة العشرون) : وەكو خۆی دەمێنێتەوە، وە دەبێ بە ماددەی ژمارە(18).

بیست و یەك/ دەربارەی (المادة الواحد والعشرون): وەكو خۆی دەمێنێتەوە، وە دەبێ بە ماددەی ژمارە(19).

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا دانشتنەكەمان دوا دەخەین بۆ پاش نیوەڕۆ سەعات 5 ئەچین ئیستراحەتێك دەكەین و دێینەوە بۆ ئێرە بەردەوام دەبین لەسەر دانشتنەكەمان، خوا ئاگادارتان بێت تاكو سەعات 5ی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، فەرموون.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

بەناوی گەلی کوردستان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەین کەرەمکەن بۆ شوێنی خۆیان، لیژنەی یاسایی کەرەمکەن بۆ ماددەی 1 دەست بەکار بن، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان

ماددەی یەکەم/

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە لەم یاسایەدا ماناکانی بەرامبەریانە:

1- هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

2- وەزارەت: وەزارەتی دارایی و ئابووری.

3- وەزیر: وەزیری دارایی و ئابووری.

4- بریکار: بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری.

5- دەستە: دەستەی ڕاوێژکاران.

6- ئەنجومەن: ئەنجومەنی ڕاوێژکارانی وەزارەتی دارایی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 1

**يقصد بالتعابير التالية المعانى المبينة ازائها لاغراض هذا القانون:**

**1. الاقليم: اقليم كوردستان ـ العراق.**

**2. الوزراة: وزارة المالية والاقتصاد.**

**3. الوزير : وزير المالية والاقتصاد.**

**4. الوكيل: وكيل وزارة المالية والاقتصاد.**

**5. الهيئة: هيئة المستشارين.**

**6. المجلس: المجلس الاستشارى لوزراة المالية.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی كەرەمكەن فەرموون ڕەئیتان لەسەر ئەم ماددەیە؟ كاك خورشید فەرموو.**

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لیژنا دارایی و ئابووری دبینیت:**

**أ- زیادكردنی دەستەواژەی (لوزاره المالیه والاقتصاد) بۆ خاڵی 5، یەعنی خاڵی 5 دبیت به (الهیئة: هیئة المستشارین لوزارة المالیة والاقتصاد)، خاڵی 6 (المجلس: المجلس الاستشاری لوزراة المالیة والاقتصاد) یەعنی هەردوو، چونكە ئەم وەزارەتە، وەزارەتی مالیە و ئیقتسادە، لەبەرئەوە دبێت، كەلیمەی ئیقتسادیە پاش مالیە بێت، (هیئة المستشارین لوزارة المالیة والاقتصاد)، (المجلس الاستشاری لوزراة المالیة والاقتصاد).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ڕەئیتان لەسەر ئەم ماددەیە؟ كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی بڕگەكانین، بەڵام سێ تێبینیمان هەیە، یەكەم/ ئیزافە كردنی وشەی (للاقلیم) بۆ كۆتایی یاخود بۆ نیهایەتی فەقەرەكانی 2 و 3 و 4، دووەم/ لابردنی فەقەرە 5 لە بڕگەكە، لەبەرئەوەی تێكەڵاوییەك نەكرێت لە نێوان (هیئة الاستشارین) ئەوەی لە یاسایەكەدا هاتووە لەگەڵ (المجلس الاستشاري للوزارة) لەكاتێكدا موستەشارەكان ئەندامن لەو مەجلسە، سێیەم/ لابردنی وشەی (الاستشارین) لە بڕگەی 6 لەبەرئەوەی ئەم مەجلسە دەسەڵاتی بڕیاردانی هەیە هەروەكو لەناوەڕۆكی ئەم مەجلسە دا هاتووە، كە دەڵێت ئیقراری سیاسەی وەزارەت، كە ئیقراری سیاسی وەزارەت بكات، مانای وایە حەقی بڕیاری هەیە، ئەمە جگە لەوەی ئەو مولاحەزاتانەی بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی مالی دایان بەڕاستی ئەسڵەن وەزارەت خۆی تەعریف كراوە پێویست ناكات (المالیە والاقتصاد) ئیزافە بكرێت، ئێمە كردوومانە (للوزارە)، كەواتە مالیە و ئیقتساد ئەسڵەن پێویست ناكات زكر بكرێت لەناو یاسایەكەدا، بۆیە ئێمە لەگەڵ دەقی بڕگەكەین لەگەڵ ڕەچاو كردنی ئەو مولاحەزاتانە و موقەدیمەی بڕگەكە و لەگەڵ ڕێزماندا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر ڕەئیتان لەسەر ئەمە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ لیژنەی یاساییین ئەو دەقەی کەوا ئەوان باسیان کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر دەتوانی لە جاری داهاتوو لە جێی خۆتەوە قسە بکەی پێویست بەوە ناکات، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی دەتانەوێ قسە بکەن، تکایە دەست بەرز بکەن بۆ ئەوەی ناوەکانتان تۆمار بکەم، تەنها دوو بەڕێز دەیانەوێ قسە بکەن، سیوەیل خان، عبداللە مەلا نوری قسە دەکەن، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی یەکەم، پێم باشە بنووسرێت (یقصد بالتعابیر الاتیە) نەك (التالیە)، (المعانی المبینة ازائها لاغراض هذا القانون)، دوایی 1 و 2 و 3 و 4 هیچ، بەڵام 5 (الهیئة: هیئة المستشارین) پێم باشە هەر ئەو خاڵە لابردرێت، 6 (المجلس) نووسراوە (المجلس: المجلس الاستشاری لوزراة المالیة) پێم باشە بنووسرێت (مجلس الوزارة) ئەگەر مەجلسی وزارە بێت، هەم موستەشارین دەگرێتەوە، هەم بەڕێوبەرە گشتیەکان و مەجلسی وزارە دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها سەرنجم لەسەر ئەوە هەیە، یاساکە بەناوی یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستانە، من تەواوی یاسایەکەم خوێندووەتەوە هەست دەکەم زیاتر پەیوەندارە بە مەسائیلی دارایی لە هەرێمی کوردستان، نازانم حەز دەکەم بەڕێز جەنابی وەزیر ڕوون کردنەوە بدات لەسەر ئایا ئەرکی ئەم وەزارەتە لە مەسائیلی ئابووریدا چیە؟ بە تایبەتی کە هەست دەکەین لەناو ئەم یاسایە ئەرکیش دیاری نەکراوە، هەر ئامانج دیاری کراوە، کاتێك دەچیتە سەر ماددەی 2 سەیر دەکەی، مەسائیلی ئابووری شتێکە هەر ون بووە، تەنها زیاتر قسە لەسەر پلانی دارایی دەکات، داواکارم لە بەڕێزیان ڕوون کردنەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە بدەن بۆ بەرچاو ڕوونیمان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان لەسەر ئەم موداخەلەیە؟ كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی سیوەیل خان گوتی بەڕاستی ئەوە، زیاتر ڕەئیەكانی ئێمە بوو و ئەو تەئكیدی كردەوە، ئەوەی تریش پەیوەندی بە جەنابی وەزیرەوە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان دەربارەی ڕەئی لیژنەی یاسایی؟ كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم یونس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت تەرحی كاك عبداللە مەلا نوری، ئێمە لە خاڵی 2 عیلاجی ئەو مەسەلەیەمان كردووە، (وتحقیق استخدام امثل لها و وضع اسس واتجاهات التخطیط المالی والاقتصادي للاقلیم)، لێرە ئاماژەمان بە ........... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هی كاك عبداللە موەجەه بوو بۆ جەنابی وەزیر، سوئالەكەی ئەو جەنابی وەزیر جواب دەداتەوە، تكایە جوابی لیژنەی یاسایی و موداخەلەكان؟ ئەگەر ڕەئیتان لەسەری هەبێت؟ كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم یونس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاساییین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر دەربارەی ئەو پرسیارەی كە كرا؟ فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە حەقیقەت دا ئێمە لە كاتی خۆشی هەر باسمان لەوە كرد كەوا تەنها وەزارەتی دارایی بێت، ئەوە ڕاستە ڕەنگە تەتەروق زۆر نەكرابێت بۆ كاروباری ئیقتسادی، تەئكیدیشمان لەسەر ئەو مەوزوعە كردەوە، بەڵام بەداخەوە هەر دەرچوو وەزارەتی دارایی و ئابووری، لەبەرئەوە ئێمە مەوازیعی ئابووری زیاتر عیلاقەی بە هەندێكی زۆری كە ئێستا لە وەزارەتی تیجارە جێ بەجێ دەكرێت ئەوەی كاروباری ئابووری، مالك و مەملوك و ئەوانەش عیلاقەیان بە ئیقتسادەوە هەیە لەلای ئێمە جێ بەجێ دەكرێت، بەڵام دەتوانم بڵێم ئیش وكاری وەزارەتی دارایی 90٪ ی ئێستاكە هەر تەنها ئیش و كاری دارایی دەبینێ، ئەوە حەقیقەتە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا لیژنەی داراییش تەئیدی ڕەئی لیژنەی یاساییان كرد، ڕەئی لیژنەی یاسایی وەكو هاتووە لەگەڵ مولاحەزەكانیان كە تەسجیل كراوە دەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرزبكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ زۆر سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا. بۆ ماددەی 2 كەرەمكەن لیژنەی یاسایی، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

ماددەی 2

ئامانجی وەزارەتەكە ئەوەیە كە بنچینە گشتیەكان و بەڕێوەبردن و ڕێكخستنی دەرامەتی دارایی و ئابووری دابنێت، موراقەبەی دەسكاری كردنی لەبارێك بكات و چاكترین خزمەت هێنان (الاستخدام الامثل) تێدا وەدی بهێنێت، بنچینە و ئاراستەكانی پلاندانانی دارایی هەرێم دابنێت، چوارچێوەی گشتی بە فراوانی بۆ ڕەگەزەكانی پلانی دارایی لەناو سیاسەتە گشتیەكە داو پلانەكانی گەشەپێدان لە هەرێم دا دیار بكات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 2

تهدف الوزارة الى وضع الاسس العامة لادارة وتنظيم الموارد المالية والاقتصادية ومراقبة ملائمة التصرف بها وتحقيق الاستخدام الامثل لها ووضع اسس واتجاهات التخطيط المالى للاقليم، وتحديد الاطار العام التفصيلي لعناصر الخطة المالية ظمن اطار السياسة العامة لها وخطط التنمية للاقليم.

لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟ كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم یونس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ژ بۆ وێ چەندێ كو تەئكید كرن لسەر دەورێ وەزارەتا دارایی و ئابووری ل مەسەلا ئابووریێ لیژنا دارایی و ئابووری ئەڤ خالا داڕیشتی بڤێ ڕەنگێ:

تهدف الوزارة الى وضع الاسس العامة لادارة وتنظيم الموارد المالية والاقتصادية ومراقبة ملائمة التصرف بها وتحقيق الاستخدام الامثل لها ووضع اسس واتجاهات التخطيط المالى والاقتصادى للاقليم، وتحديد الاطار العام التفصيلي لعناصر الخطة المالية والاقتصادية ضمن اطار السياسة العامة لها وخطط التنمية للاقليم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسای كەرەمكەن، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەیەكی وامان نیە، تەئیدی ڕەئی لیژنەی مالی دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیتان دەربارەی ئەو ڕەئیەی لیژنەی دارایی؟.

**بەڕێز شێخ بابیز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئی لیژنەی یاساییمان هەیە و تەئیدی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان كێ دەیەوێت دەربارەی ماددەی 2 قسە بكات؟ هاوڕاز خان، حسن محمد، جمال طاهر، هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ماددەی 2 زیاتر لە ئەسبابی موجبەش جێگای دەبێتەوە، كە ئەم پرۆژە یاسایە ئەسبابی موجبەی تێدا دیاری نەكراوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە منیش دەمەوێت تەئیدی ئەوە بكەم كە زیاتر ئەهدافەكان ئەهدافی مالین، ئەهدافی ئیقتسادی نین، بۆیە لە هەندێ شوێن لیژنەی مالی حەلی كردووە، لە ئەخیریش (واعداد خطط التنمية للاقليم) بكرێت بە (واعداد خطط التنمية الاقتصادية والاجتماعية والسياسية النقدية للاقليم).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس سەرۆكی پەرلەمان، ئەگەر لێرە سەیر بكەین (تهدف الوزارة الى وضع الاسس العامة لادارة وتنظيم الموارد البشرية) ئیدارە و تەنزیم دوو مەبدەئن لەیەك جیا ترن، تەنزیم ئەركێكە لە ئەركەكانی ئیدارە، بۆیە ئیقتراح دەكەین كەلیمەی تەنزیم لابردێت، بەس بنووسن (لادارة الموارد المالية والاقتصادية) پاشان (وتحقيق الاستخدام الافضل) چاكترە لە (الاستخدام الامثل)، (الامثل) شتێكە ئۆپتیمەمە، یەعنی هیچ ئەوەی

تیا نابێت، کەموکاسی، بەڵام ئەمثەلیە حاڵەتێکە ناتوانێت هەموو جارێك جێ بەجێ ی بکەی، بۆیە (الافضل) وە کەلیمەی ئیدارە بمێنێت و تەنزیم لابدرێت، تەنها ئیدارە بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان دەربارەی ئەو موداخەلانە؟، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم یونس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب نیسبەت ناحیا لوغەوی، فعلەن ئێمە لەگەڵین (الافضل) لە (الامثل) باشترە، (من تحقیق المثالیة) شتێکی زۆر زەحمەتە، بەڵام (الافضل) ممکینە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی کەرەمکەن، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مانعمان نیە، تەبعەن ڕەنگە ئەو تەحلیلەی کاك خورشید کردی بە نیسبەت (الامثل)ەوە، لەوانەی(الافضل) ڕاست بێت، ئەوەی (الامثل) میسالیەت دەگەیەنێت، بەڵام ئەوەی (الافضل) باشترینە، ئێمە چ مانعمان نیە لە ناحیەی لوغەویەوە ئەگەر ئەوە دەسکاری بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی تەنها (الافضل)یان وەرگرت، موداخەلەکانی تر وەکو خۆی مایەوە، بۆیە ئێستا رەئی جەنابی وەزیر وەردەگرین.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە قانونی ئسولی موحاسەبات دا بە (الامثل) هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە قانونێکی محاسبی (الامثل) هات بێت، مەفروز وایە ئەو قانونە موحاسەبەیە ڕەچاو بکەن، نەك بەڕاستی بێینەوە سەر سیاغاتی دیکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان؟، کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم یونس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەواو ئێمە لەگەڵ (الامثل)ین، ئەگەر لە قانون دا هات بێت، مەعنای وایە (الامثل) باشترە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**باشە پێشنیارەكە وەرنەگیرا، وەكو خۆی مایەوە رەئی لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ دانیە؟ زۆر سوپاس، یەك كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ كرا، بۆ ماددەی 3،د.ڕۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 3**

**1- وەزیر/ سەرۆكی باڵای وەزارەتەكەیە و بەرپرسی ئاراستە كردنی كارەكانیەتی و سەرپەرشتی و چاودێری چالاكیەكانی دەكات و بڕیار و ڕێنمایی فەرمانەكان لەهەر شتێك دا پەیوەندی بە كارەكان و پێكهاتەكان و كاروباری دیكەی ئیداری و دارایی و ڕێكخستنەوە هەبێت لە چوارچێوەی حوكمەكانی یاسا و پەیڕەو و ڕێنمایی بەركاردا، هەمووی لەلایەن وەزیرەوە دەردەچێت و وەزیر بەرپرسە لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران دا، چونكە ئەندامێكی هاوكارە لە ئەنجومەنەكەدا، بۆی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەكانی خۆی بە بریكاری وەزارەتەكە یان بە بەڕێوبەرە گشتیەكان یان بەو كەسەی بە گونجاوی دەزانێت بسپێرێت.**

**2- نوسینگەی وەزیر/ فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوبەر سەرۆكایەتی دەكات، بە ئەزموون و لێهاتوو بێت، ئەو ئیش و كارانە دەگرێتە ئەستۆ كە وەزیر پێی دەسپێرێت و بەرپرس دەبێت لە ڕێكخستن و پاراستنی سجلەكان و نامە و نامەكاری تایبەت بە وەزیر و ژمارەیەك فەرمانبەر یاریدەی دەدەن.**

**3- هەردوو لقەكەی بانكی مەركەزی عیراق لە هەرێم:**

**1- لقی هەولێر/ بانكی مەركەزی.**

**2- لقی سلێمانی/ بانكی مەركەزی.**

**ئەو دوو لقە یەكسەر واوەستەن بە وەزیرەوە، لەڕووی هونەریشەوە یەكسەر پەیوەندارن بە بانكی مەركەزیەوە، لەگەڵی دا سیاسەتی نەختینە (النقدی) و پارە گۆڕینەوە (الصیرفە) دادەنێت، هەر لقێكیش لەو دوو لقە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوبەری گشتی سەرۆكایەتی دەكات كە بڕوانامەی زانكۆی بە دەست هێنا بێت.**

**4- بەڕێوبەرایەتی رەقابە و پشكنینی دارایی، یەكسەر واوەستە بە وەزیرەوە و كاری رەقابەی ناوخۆی وەزارەتەكە و دایەرەكانی وەزارەتەكە دەگرێتە ئەستۆ، هەروەها لە حاڵەتی ئیختلاس یان دەسكاری كردنی پارەی گشتی دا كاری لێ وردبوونەوە و پشكنینی هەموو دایەرەكانی هەرێم بەجێ دەهێنێ و موراقەبەی**

چۆنیەتی دەسکاری کردنیان دەکات، فەرمانبەرێکیش سەرۆکایەتی دەکات، کە پلەکەی لە پلەی بەڕێوبەر کەمتر نەبێت و بڕوانامەی زانکۆی هەبێت و ئەزموونددار و پسپۆر بێت.

5- بەڕێوبەرایەتی پەیوەندیەکان و راگەیاندن یەکسەر واوەستە بە وەزیرەوە و فەرمانبەرێك سەرۆکایەتی دەکات کە پلەی لە بەرێوبەر کەمتر نەبێت و بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت و ئەزموونددار و پسپۆر بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 3

1- الوزير/ هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها والاشراف والرقابة على نشاطها، وتصدر عنه القرارات والتعليمات والاوامر في كل ما له علاقة بمهامات الوزارة وتشكيلاتها وسائر شؤونها الادارية والمالية والتنظيمية ضمن احكام القوانين والانظمة والتعليمات النافذة ويكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متظامنا فيه، وله تخويل بعض صلاحياته الى الوكيل أو المدراء العامين أو من يراه مناسبا.

2- مكتب الوزير/ يرأسه موظف بدرجة مدير من ذوى الخبرة والكفاءة ويتولى المهام الموكل اليهم من قبل الوزير ويكون مسؤلا عن تنظيم وحفض السجلات والمراسلات الخاصة بالوزير ويعاونه عدد من الموظفين.

3- فرعي البنك المركزى العراقى في الاقليم:

1- فرع البنك المركزى فى أربيل.

2- فرع البنك المركزى في السليمانية.

يرتبطان مباشرة بالوزير ولهما الصلة المباشرة بالبنك المركزى من الناحية الفنية فى رسم السياسة النقدية والصيرفية، ويرأس كل فرع موظف بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية.

4- مديرية الرقابة والتفتيش المالى، ترتبط مباشرة بالوزير وتتولى اعمال الرقابة الداخلية فى الوزارة والدوائر التابعة لها وكذلك تقوم باعمال التدقيق والتفتيش فى كافة دوائر الاقليم فى حالة وجود اختلاس أو تلاعب بالاموال العامة ومراقبة كيفية التصرف بها، يرأسها موظف بدرجة لاتقل عن مدير ويحمل شهادة جامعية وله خبرة واختصاص.

5- مديرية العلاقات والاعلام، ترتبط مباشرة بالوزير، يرأسها موظف بدرجة لاتقل عن المدير يحمل شهادة جامعية و من ذوى الخبرة والاختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان تکایە؟ کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم يونس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەست لە (المادە 3)، بەرامبەر ماددەی 3 دەبێت بڵێین (يتألف هيكل الوزراة من: ........ ) (ثالثا) بە تەنهایە،(يتألف هيكل الوزراة من: أولا/ بەو شكلە سياغە بكرێت باشتر دەبێت، بە نيسبەت (4) (ترتبط فروع البنك المركزى فى الاقليم بالبنك المركزى .........) ئێمە سياغەيەكمان دروست كردووە بۆ ئەمە، چونكە بەڕاستی ماددەی 110 لە دەستووری عيراق لە بەندی 3 ئەمە لە سەلاحيەتی حەصريە، ئێمە سياغەيەك بكەين كە موناسب بێت، سياغەی ليژنەی مالی بەو شكلەيە:

ترتبط فروع البنك المركزى فى الاقليم بالبنك المركزى العراقى ويتولى وزير المالية والاقتصاد فى الاقليم التنسيق مع بنك المركزى فى العراق حول صيغة عمل فروع البنك فى الاقليم)، ئەم سيغەيە سيغەيەكی مەعقولە، يەعنی هەم موراعاتی ماددەی 110 دەكات، هەم دەسەلاتێكيش بۆ جەنابی وەزيری دارايی لە هەرێم دەهێڵێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی ياسا كەرەمكەن، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ماددەكە تەئيد دەكەين، بەلام لە هەمان كاتدا چەند تێبينيەكمان هەيە، يەكەم/ داوا دەكەين ئيعادەی سياغەی (أولا) بكرێتەوە بەم شێوەيەی كە لە ڕاپۆرتی ئێمەدا هاتووە، هەروەكو لە وەزارەتەكانی ديكە بە عەينی شێوە هاتووە، دووەم/ پێشنيار دەكەين ئەو ڕستەيەی كە لە سەتری دووەم لە فەقەرەكە داهاتووە لابدرێت، چونكە بە قەناعەتی ئێمە پێويست ناكات دەسەلاتی مدير مەكتەبێك لە ناو قانونەكە بێت، ئيمكان هەيە ئەم دەسەلاتانە لەناو نيزامەكە بە تەفسيلات بێتن، سێيەم/ بە نيسبەت فەقەرەی 3 ڕاستە بە نيسبەت بەنكی مەركەزی تەئيدی ليژنەی ماليمان كردووە، بەلام بە قەناعەتی من جەنابی وەزير عەمەليەن مومارەسەی ئەو وەزعەی كردووە، نازانم ئەو سياغەيەی پێ باشە يان پێی باش نيە، بۆ مەوزوعی ئيتيحادی بەڵێ لە زمنی دەسەلاتی ئيتيحاديە، بەلام ئەو بەينە چۆن مامەڵەی كردووە لەگەڵ بەغدا ئەو دەتوانی بەڕاستی ئەو مەسەلەيە زياتر هەڵبسەنگێنێ، بە نيسبەت ڕەقابەی تەفتيشی مالی ئێمە پێمان وايە ديسان ئەو دەسەلاتەی كە نووسراوە پێويست بە دەسەلات ناكات، تەنها و تەنها دەتوانين بڵێين مەسەلەن موديريەی ڕەقابە و تەفتيشی مالی (ترتبط مباشرة بالوزير، يرأسها موظف بدرجة لاتقل عن مدير ويحمل شهادة جامعية وله خبرة واختصاص) لە حاڵەتێك دا ئێمە ماددەيەكی تايبەتيمان دانايە كە وەزير دەسەلاتی ئەوەی هەيە نيزامێك بۆ وەزارەتەكەی خۆی دابنێت، ئيمكان هەيە ئەو دەسەلاتانە هەموو لەوێ وردی بكاتەوە، نەك بێتە قانونەكە، ئەمڕۆ ئەم دەسەلاتەی هەيە و سبەينێ نيەتی، بەلام بەنيزام

بێت هەرکاتێك دەتوانێ بە بێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان تەعدیلی بکات و ئیزافەی بکات، هەر چۆنێك بێت تووشی عەمەلیەی تەشریعی نابێ لە پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بە نیسبەت ماددەی 110 کە ئیشارەی پێ کرد لیژنەی دارایی، ڕاستە حکومەت دەڵێت بانکی مەرکەزی ئیدارە دەکات، داینـاوەو ئیـدارە دەکات، بـەس ئەگـەر لـە ئیقلیمێـك بێـت یـان لـە موحافەزەیـەك غـەیری مونتەزەم فی ئیقلیم بێت، ئیحتماله حاڵەتی تر هەر ئەو ئیدارەی بکات، بەڵام شتی تر بێتە پێشەوە، بۆیـە بۆ جەنابی وەزیر بەجێ دێڵین، ئەگەر رەئیمان بداتێ سەبارەت بەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم مەوزوعە هەتاکو ئێستا ئێمە لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵ چەندەها جار کۆبوونەوەمان لەسەری کردووە، ئەوان وەکو بانکی مەرکەزی داوایان لە ئێمە کردووە کەوا ئەم دوو لقی بانکە رەبت بکەین لە هەموو ڕوویەکەوە بەوانەوە، ئێمە بۆ ئەوەی کەوا بتوانین ئیستیفادە بکەین لە سیولەی نەقدی و هاتنی پارە بۆ هەرێمەکەمان و پارەی تیا هەبێت، ئێمە لە ڕووی فەنیەوە هیچ مانعاتێکمان نەکرد، بەڵام گوتمان با لە ڕووی ئیداریەوە هەر رەبت بێت بە هەرێمی کوردستانەوە، لە یاسای وەزارەتی دارایـی کـۆن رەبـت کـراوە بە وەزارەتی داراییەوەو، یەعنی بە هەرێمەوە، بەڵام ئەو وەختەی کە ئـەو یاسـایەی تیـا دەرچـووە جیـاوازە لەگەڵ وەزعی ئێستا کە بەغدا لەوێ تەمویلی موباشرمان دەکات بە نیسبەتی پارەوە، ئێمە ئەم مەوزوعە تا ئێستا هەر لە گفتوگۆ دابـووین و نەگەیشـتینە نەتیجەیـەکی ئـەوتۆ لـە ئـەخیردا پێمـان وابـوو ئەگـەر بێتـو ئەوان زۆر ئیلحاح لە ئێمە بکەن بـۆ ئـەوەی تووشـی زەرەر نەیـەین لـەڕووی سـیولەوە بـە تایبـەتی لـەڕووی ئەوەی کە وجودی پارە هەبێت لە هەرێمی ئێمەدا، وە پەنا نەبەین بەیانی پارەکە لـە موسـڵ دانـێن و ئێمـە بڕۆین وەری بگرین یان لە شوێنێکی تر دایبنێن، ئێمە پێمان باش بوو ئـەوە تەسـبیت بکرێـت، هەرچـەندە ئێمە ئایا دەتوانین لێرە نیابەتەن عەن حکومەتی عیراق، ئێستا ئەو قەرارە بدەین کەوا ئـەوە رەبتمـان کـرد بە ئەوانەوە، ئەوە ئێوەی بەڕێز دەیزانن ئەو مەوزوعە، ئەم مەوزوعە دەبێت نەختێك زیاتر قسەی لەسـەر بکرێت، ئێمە پێمان باشە لە هەموو حاڵەتێك دا چمکێکی ئەوە هەر بە دەست ئێمـە لـە کوردسـتانەوە هـەر بمێنێ باشترە، ئێمە پێمان باش بوو لەڕووی فەنیەوە تابع بێت بە حکومەتی عیراقـی، لـەڕووی ئیداریشـەوە مـەربوت بێـت بـە حکومـەتی هـەرێم، بـەڵام ئێسـتا کـە دانیشـتین لەگـەڵ لیژنـەی دارایـی دا بەڕاسـتی مەوزوعەکانمان تاوتوێ کرد، ئێمەش لاریمان نەبوو لەسەر ئەو سیغەیەی کە جـەنابی کـاك خورشـید ئێسـتا خوێندیەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێك من ئەم مەوزوعە باسم کرد بۆ ئێوەی بەڕێزی جێ دێڵم و لـەڕووی یاساییەوە یەعنی، ئێوە چۆنی دەبینن؟ ئێمە وەکو وەزارەتی مالیە پێمان باشـە رەبتـی هـەبێت بـە ئێمـەوە،

بەڵام ئایا ئەوە لەڕووی یاساییەوە دەکرێت یان ناکرێت؟ ئایا ئێمە دەتوانین ئەو قەرارە بدەین لە جیاتی ئەوان لێرە لە پەرلەمان؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ بۆ ئێوەی بەڕێز دەکەینەوە، کێ دەیەوێت قسە بکات؟ کوێستان محمد، حسن محمد، جلال علی، بیریڤان سەرهەنگ، زانا رؤوف، سیوەیل عثمان، ناسك تۆفیق، د.احمد وەرتی، کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 3 خاڵی 1، ئەخیری بڕگەکە دەڵێت (بۆشی هەیە هەندێك لە دەسەڵاتەکانی خۆی بە بریکاری وەزارەتەکە یان بە بەڕێوبەرە گشتیەکان یان بەو کەسەی بە گونجاوی دەزانێت، من پێم وایە ئەو کەسەی بەگونجاوی دەزانێت لێرە لابرێت، لەبەرئەوەی لێرە (یان) هەیە، لەبەینیان یان وەکیلی وەزیرەکەی یان دەیدا بە یەکێ لە بەڕێوبەرەکان، یان یەکێك کە بە گونجاوی دەزانێت، من دەپرسم ئایا وەکیلی وەزیر و بەڕێوبەرە گشتیەکان کەسێکی گونجاو نین کە ئەو دەسەڵاتەیان پێ بسپێرێ؟ دەگەڕێتەوە بۆ کەسێکی تر کە ئەو بە گونجاوی دەزانێت؟ بۆیە من پێم باشە ئەمەی ئەخیر (یان بەو کەسەی کە بە گونجاوی دەزانێت) لابرێت، چونکە لە بەینی ئەوانەدا (یان) هەیە، لەسەر بڕگەی 4 و 5 کە بەڕێوبەرایەتیە، بەڕێوبەرایەتی رەقابە و پشکنینی دارایی، بەڕێوبەرایەتی پەیوەندیەکان و راگەیاندن، من دەپرسم بۆ هاتووەتە ئێرە، لەگەڵ بەڕێوبەراتیەکانی دیکە نەهاتووە؟ مەسەلەن دوای بەڕێوبەرایەتی گشتی دیوانەوە، چۆن بەڕێوبەرایەتیەکانی دیکە هاتوونەتە خوارەوە، ئەم دوو بەڕێوبەرایەتیەش بە هەمان شێوە لەگەڵ ئەوان بووایە، من بە باشی دەزانم بگوێزرێتەوە بۆ ئەوێ، یەکسەر واوەستە بە وەزیرەوە، ئەی بۆ بە وەزارەتەوە نیە؟ ئەو دوو بەڕێوبەرایەتیە، ئێمە لە هەموو وەزارەتەکانی تر لە خولی پێشوو کە بەڕێوبەری گشتی ئەو مەرجانەمان بۆ داناوە کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت وە خاوەنی پسپۆر و ئەزموونەدار بێت، 17 ساڵ خزمەتمان بۆی داناوە، بەڵام لێرە لە هیچ بەڕێوبەراتیەك ئەو خزمەتە نەهاتووە، بۆیە من پێم باشە ئەوەی بۆ زیادبکرێت خاوەنی 10 ساڵ خزمەت کەمتر نەبێت، یەعنی ئەگەر 17 کەش نەنووسین، بەلای کەم 10 ساڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی 3 (أولا) لە ئیش و کارەکانی وەزیر هاتووە، دەڵێت (فی کل ما لە علاقة بمهامات الوزارة)، کام مەهاماتی وەزارەت؟ لە قانونەکە مهاماتی وەزارەت و ئیختساسی وەزارە نەهاتووە، بۆیە بەڕای من پێویستە ماددەیەك پێش ئەوە زیاد کرابا و ببا بە ماددەی 2 بەناوی (مهامات واختصاصات الوزارة)، دووەم/ بە نیسبەت بانکی مەرکەزی، بانکی مەرکەزی کۆمەڵێك مەسئولیەتی هەیە لەوانە (لحفاظ علی استقرار الاسعار، تنفیذ السیاسة النقدیة، ادارة الاحتیاطات الاجنبیة، اصدار و ادارةالعملة، تنظیم القطاع المصرفی للنهوض بنظام مالی تنافسي ومستقر) هیچ کامێك لەوانە لە ئیختساساتی ئیقلیم نیە، بۆیە بەرەئی من تەبیعی تەنها ئەوەی کە کاك خورشید خوێندیەوە، تەنسیق هەبێت لە بەینی وەزیری مالیە و بانکی مەرکەزی کافیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 3 بڕگەی 3 پێم باشە بەڕێوبەری گشتی بانکی مەرکەزی دەرچووی کۆلیژ نووسراوە، بەڵام دەرچووی کۆلیژی تایبەتمەند بە کاروباری ئیداری و ژمێریاری و خیبرەی پێویستی هەبێت لەو بوارەدا، ئەوە ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بیریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بیریڤان اسماعیل محمد سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 3ی بەشی چوارەم دانراوە، فەرمانبەرێك کە بەڕێوەبەرایەتی بکات، بڕوانامەی زانکۆی هەبێت، لە عەینی بەشی پێنجەمیش دووبارە کراوەتەوە، بەڕەئی من بڕوانامەی زانکۆی هەبێت، ئەوە ڕستەیەکی دوورو درێژە، وشەی ئەکادیمی بەکار بهێنرێت، چونکە بڕوانامەی زانکۆ، بە کەلۆریۆسە یەعنی ئەکادیمی بەرەو سەرەوە، ئەو وشەیە جوانترە لەوەی کە بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت، ئەکادیمی مەقبول ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار زانا، فەرموو.

**بەڕێز د.زانا رؤوف حمە کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام لەگەڵ بەڕێزانی لیژنەی یاسایی، بەڵام دوای وەڵامەکەی بەڕێز وەزیری دارایی پێشنیاز دەکەم ئەم بابەتە مادەم بە کراوەیی هەڵدراوەتەوە، لە زمنی ئەو کۆیەی کە پێشنیاری لیژنەی دارایی بوو، لە زمنی تەشکیلات و هەیکەل تا باس نەکرێت، بەڵکو بڕگەیەك زیاد بکرێت و بنوسرێت (یتولى وزير المالية التنسيق مع السلطات الاتحادية في كل ما يتعلق بتنظيم و رسم السياسة النقدية و الاشراف على فرعي البانك المركزى في العراق) یەعنی ئەو فەرعە بۆ ئەوەی شتەکە بەکراوەیی بێڵینەوە، چونکە ئێمە شتێك بکەین و دوایی لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادیا خەلەلێکی قانونی دروست بێت، ئێمە ناچار بین ئەم قانونە جارێکی تر هەموار بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار سیوەیل، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت المادة الثالثة کاك خورشیدیش ئاماژەی پێدا، تەبعەن ناونیشانی ماددەکە هیچ نەنووسراوە، پێویست بوو ئەگەر نووسرابا (تتالف الوزاره)نازانم من اولا جاهەمانە (الوزيرهو الرئيس الاعلى للوزارة و المسؤل عن توجيه اعمالها والاشراف و الرقابة على نشاطها و تصدر منه القرارات والتعليمات والاوامر) ئەوە جارەکەی تریش باسم کرد(وعنه) ببێتە (منه) بە نیسبەت ئەخیرەکەی ئەمن دەخوێنمەوە درێژەی پێ نادەم،( او من يراه مناسبا) یەعنی (يخول بعض صلاحياته الى الوكيل او المدراء العامين او من يراه مناسبا) ئەوە کوێستان خان باسی کرد پێویست ناکات، ثانیا و ثالثا هیچ، رابعا(مديرية الرقابة والتفتيش المالي) سەتری ئەخیری دەخوێنمەوە هەمووی ناخوێنمەوە، لێرە دەڵێت((يرأسها موظف بدرجة لا تقل عن مدير) ئەمن پێم باشە(يرأسها موظف بدرجة مدير عام) لەبەر ئەوەی رەقابەی مالیە، تەفتیشی مالیە، سەلاحیاتی ئەگەر مدیر عام بێ باشترە لە مدیرەکی یان وەکو فەرمانبەرێك تەعاملی لەگەڵدا بکەن، پەیوەندی لەگەڵ بانکەکان، لەگەڵ دیوانی وەزارەتەکانە، مدیریە عامەکانە، هەرچەندە لەو قانونەی 17 مدیر عام دانراوە، ئەوەش ئەگەر مدیر عام بی وابزانم خراپ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ڕووی شکلیەوە باس دەکەم، ماددەی سێهەم کە لیژنەی داراییش وتیان، گەر بکرێت عنوانی بۆ دابنرێت، عنوانەکە ماددەی دووەم هەدەفی وەزارەتی دیاری کردبێت، ماددەی سێهەم پێکهاتەی وەزارەتە، گەر پێکهاتە بێت، ماددەی چوارەم وەکیل وەزیری بەجیا داناوە لە ماددەی چوارەما، ئەگەر بێت و ماددەی سێهەم وامان دانابێت، پێکهاتەی وەزارەتە، مەفروزە وەزیرو مەکتەب وەزیر، دوای ئەوە وەکیل وەزیرو

مەكتەبی وەكیل وەزیر، ئەمانە دەمانەوێت كۆیان بكاتەوە، تێناگەم بۆ بوونەتە دوو ماددەی جیاواز؟، دواتر مدیریەتەكان بچنەوە پاڵ مدیریەتەكان، ئەگەر ئەمە پێكهاتەی وەزارەت بێت، پێموایە هەموویان بەیەكەوە بوونە، یەعنی وەزیرو وەكیل وەزیر و مەكتەبەكانیان لەمادەیەكا كۆببێتەوە، نەوەك دوو ماددەی جیاواز و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د.احمد ابراهیم علی فەرموو.

**بەڕێز احمد ابراهیم علی احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە هەردوو ڕاكانی لیژنەی دارایی و یاسایی دەكەم، بە نیسبەت ئەوەی كە لە فەقەرەی یەكەمدا هاتووە دەربارەی وەزیر( ویكون مسؤولا امام مجلس الوزراء باعتباره عضوا متضامنا فیە) تەبعەن لێرە عضوكەش نەهاتووە، لە كوردیەكە دەڵێت چونكە خۆشی ئەندامێكی هاوكارە لە ئەنجومەنەكەدا، پێموایە ئەمەش بۆچوونێكی زیادە، تەحصیل حاصلە، وەزیر ئەندامە لە مەجلسی وزراء پێویست ناكات دیاری بكرێت، بەنیسبەت فەقەرەی سێیەم، دەربارەی بانكی مەركەزی، ئەوەی كەلە ماددەی 110 ی دەستوری عیراقی هاتووە، ( انشاء بانك المركزي و اداراته من الصلاحيات الحصرية)، وە بوونی بانك بەناوی بانكی مەركەزی لە هەرێم، ڕەنگە ئیشكالیەتێكی قانونی دروست بكات، بە پێی یاساكان لە هەرێمدا نابێت تەعاروزیان هەبێت لەگەڵ یاساكانی ئیتیحادی، پێموایە پێویست بەوە دەكات مەخرەجێكی قانونی بۆ بدۆزرێتەوە، چونكە ڕەنگە دوایی ئیشكالێكی قانونی بۆ ئێمە دروست بكات، ئێمە لەگەڵ ئەوەین كە هەرێمی كوردستان خصوصیەتی خۆی هەبێت، وە بانكی مەركەزیشی هەبێت، بەلاّم لەبەر ئەوەی كە پێچەوانە دەبێت لەگەڵ دەستوری عیراقی، پێموایە ئیشكالیەتێك بۆ ئێمە دروست دەكات، چونكە ئەگەر لە داهاتوو هەرێمەكانی تریش لە عیراق دروست ببن، ئایا ئەكرێت هەموو هەرێمەكان بانكی مەركەزیان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار كاك فرسەت مداخەلەیەكی هەیە كەرەمكە.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی د.زانا قسەی خۆی بكات، لەگەڵ جەنابت باسم كرد، بە تەحریریش بۆ لیژنەی قانونیم نووسی، فەقەرەی سێ نەبەس مخالەفەی دەستوری تێدایە، ئەسلەن نامەنتقی و غەرابەتی تێدایە، بانكی

مەركەزی موئەسەسەیەكی ئیتیحادیە، كەس ناتوانێت جەدەل لەسەر ئەو حەقیقەتە بكاتن، من بێم بێ ئەوان ئیستیحداسی فەرعێك بۆیان بكەم، ڕەبتی خۆم بكەم، ئەوە یەعنی ئێكجار ئیحتیمال هەیە ئیتیهاممان بكەن، وە ئێمە هیچ لە قانون نازانین، ڕەئی من ئەوەیە ئیلغائی فەرعی سێ بكرێت، زمنی دەسەلأتی وەزیر، ئیزافەیەك بكرێت، یان وەك چۆن د.زانا تەرحی كرد فەقەرەیەك، یان زمنی دەسەلأتی وەزیر دێرەك ئیزافە بكرێت، وەزیر بۆی هەیە تەنسیق بكاتن لەگەڵ بانكی مەركەزی و فروعەكانی بانكی مەركەزی لە هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو تەرحەی كە من لە بیدایەت گوتم، جەنابی وەزیر ڕەئی تێدابوو، جەنابی وەزیریش مەوزوعەكەی بەرەو ڕووی پەرلەمان كردەوە، ئێمە تەئیدی ئەو ڕەئیەی كاك فرسەت دەكەین، وە پێشتریش گوتوومانە لە زمنی دەسەلأتی حەسریە، وە وجودیشی تەبعەن وجودی ئەو قانونەش بەڕاستی دەتوانم بڵێم لێشمان قەبوڵ نەكەن، ئەو سیاغەی كە بۆمان هاتووە ئێستا، تۆزێكی تر بۆتان دەخوێنمەوە، بەلأم لێرەدا دەمەوێ ئیشارەت بەو مەوزوعە بدەم كە كوێستان خان ئیشارەتی پێدا، دوسێ ملاحەزە بوو، یەكەمیان، دەڵێت (مناسبا) نەمێنێت، (من یراه مناسبا)، ئێمە لە قەوانینی پێشتر لە هەموو ئەو سیغەیەمان داناوە، ئیحتیمالی ئەوەش هەیە وەزیر و كەسانی تریش هەبێت لە وەزارەت ئەگەر ئیشەكی پێی هەبێت، دەسەلأتی بداتێ، شەرت نیە لە پلەی مدیر عام بێت، ئەمە لەلایەك، بەنیسبەت ئەو خزمەتەی بەنیسبەت مدەرا عامین، ئەوە ستانداردێك هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران، لە 10 ساڵ خزمەتی كەمتر نەبێت ئەوجا ئەمری تەعینی دەردەكەن، وابزانم ئەوە ماشیە لە ئەنجومەنی وەزیران، بۆیەش ئەمە پێویست ناكات، ئێستا ئێمە دووبارە لێرە زیكری بكەینەوە، بۆیە ئەگەر ڕێگامان پێ بدەن، ئەو سیاغەی كە ئێستا هاتووە ئەی خوێنینەوە بۆتان، دوا ڕەئی خۆتانی لەسەر بدەن، سیاغەكە بەم شێوەیە، (یتولى وزیر المالیة التنسیق مع السلطات الاتحادیة فی كل مایتعلق بتنظیم و رسم السیاسة النقدیة و الصیرفة والاشراف على فرعی البانك المركزی العراقی فی اربیل والسلیمانیة).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی یاسایی مداخەلە زۆر كرا، ئەگەر وەلأمەكانی هەموویان بدەنەوە، نوقتەی نیزامی؟ كەرەمكە.

**بەڕێز عمر حمدامین نوردینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پێشنیارەكەدا واهاتبوو كە بڵێین، فەرعەكان نەوەك تەنها دوو فەرع.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئەوە نیزامی نیە، ڕەجائەن، لیژنەی دارایی مداخەلە هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت سیوەیل خان و هاوڕازخان، دەڵێن تەشکیلاتەکە وەکو بڵێین تەقسیم نەکراوە بۆ ئەبواب یان بۆ فصول یان بۆ قسم، ئەصلی پڕۆژەکە بەم شکلە هاتووە، بەبێ ئەوەی تەشکیلاتی تێدابێت، لەبەر ئەوەی ئەوان تەشکیلەکی بەرفراوانیان هەیە، وەکو وەزارەتەکانی تر نەبێت، بۆیە ئێمەش پێمان پەسەند بوو مادده مادده بچنە دووی، بەلاّم ڕەچاوی ئەو وەزعەیان کردووە، تەشکیلات لە جێگایەك کۆ کراوەتەوە، مەصارف لە جێگایەك کۆ کراوەتەوە، ئەو دەسەلاّتانەی کە ڕەبتی وەزیرە لە جێگایەك کۆ کراوەتەوە، ئەوانە ڕەچاو کراوە، ئەمە ملاحەزاتی من، ملاحەزاتی تر لیژنەی مالی دەرجیان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی کەرەمکەن.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکا ( وله تخويل بعض صلاحياته الى الوكيل او المدراء العامين او من يراه مناسبا)، ( او من يراه مناسبا ) لێرەدا پێویستە، چونکە بەعزێك جار وەزیر دەسەلاّتی دەداتە شەخسێك بۆ مەسەلەیەکی معەیەن، ئەمە وەکو دەسەلاّتێك یان وەکو هامشێك لەبەر دەستی وەزیر پێویستە ئەمە هەبێت، ئەم برادەرە باسی ئەوەی کرد، باسی مدیریات لێرە هاتە کرن، (مديرية الرقابة والتفتيش المالى) و (مديرية العلاقات والاعلام) ئەم دوو مدیریە باسی لێ کرا، چونکە مرتەبتن مباشر لەگەڵ وەزیر، لە زمنی تەشکیلاتی مەکتەبی وەزیرن، کە نێزیکن لە وەزیر، وە ئیرتباتیان مباشرە لەگەڵ وەزیر، لەبەر ئەوە ئەو دوو مدیریەتە زکر کراینە لێرە، بە نیسبەت ئاخر سیاغە کە بۆمان هاتووە، مەسەلەی بانکی مەرکەزی و ئیرتباتی، ئێمە لەگەڵ ئەو سیاغەینە بەس (يتولى وزير المالية التنسيق مع السلطات الاتحادية فى كل مايتعلق بتنظيم و رسم السياسة النقدية و الصيرفة والاشراف على فرعى البانك المركزى العراقى في الاقليم) ئیحتیماله له مستەقبەل. ئێستا دوو فەرعن ، ببێت بە سێ فەرع یان زیاتر، مەسەلەی فەرع بکەینە فروع، ئەتوانین بڵێین(يتولى وزير المالية التنسيق مع البانك المركزى) نەوەك (السلطات الاتحادية) ( مع البنك المركزى فى كل مايتعلق بتنظيم و رسم السياسة النقديةو الصيرفة) چونکە ئەمە اختصاصاتی ئەم بانکەیە (والاشراف على فرعى البانك المركزى العراقى في الاقليم) یەعنی لە باتی (السلطات الاتحادية) بیکەینە (بانکی مرکزی) وە فەرع بکەینە فروع.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر مداخەلەت هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بابیز تاڵەبانی /وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی کە هاتووە ئاخیر سیاغە، ئێستا ئێمە لەگەڵ ئاخیر سیاغەداین، کە لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، بەلام باسی مدیریەی رەقابەو تەفتیش کرا، ئەڵێن بۆ لەناو ئەوەی وەزیر دایە، هەر بە عام هەموو تەدقیقێك سیوا ئەن داخلی بێت، او تفتیش بێت، ئەبێت مەربوت بێت بە ئەعلا سولتەوە، لەو دائیرەیەوە یان لەو وەزارەتە، چونکە ناکرێت مدیری دیوانی گشتی خۆی تەدقیقی خۆی بنێرێت بۆ سەروی خۆی و تەدقیقی بکات، وە ئێمە لەگەڵ ئەوەشداین کە ئەو مەوزوعەی تەفتیش و تەدقیقەی کە هاتووە، نەسەکە وەکو خۆی داببەزێت کە ئێستا هاتووە، چونکە ئەمە کارێکە لەوەتەی حکومەتی عیراقی هەیە، ئەم دائیرەی تەفتیش و تەدقیقە هەر هەبووە، پێشان بەناوی مفتیشی مالیەوە بوو، کە لەکاتێکدا دیوانی رەقابەی مالیش هەر هەبوو، چونکە ئەمانە زیاتر ئیشەکان تەهیئە ئەکات بۆ ئەوەی بچێتە بەردەستی رەقابەی مالی، بەتایبەتی ئەگەر ئیختلاس و تەزویر هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا لیژنەی یاسایی، ئاخیر سیاغەتان بۆ ماددەکە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة:**

**اولا: الوزير: هو الرئيس على للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجيه سياستها والاشراف والرقابة عليها و تصدر منه و تنفذ باشرافه جميع القرارات والتعليمات والاوامر فى كل ماله علاقة بمهام الوزارة و تشكيلاتها وصلاحياتها وسائر شؤونها الفنية والادارية والمالية والتنظيمية وفق احكام القانون ويكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بصفته عضوا متضامناً فيه وله تخويل بعض من صلاحياته للوكيل او المدراء العامين او من يراه مناسباً.**

**ثانياً: مكتب الوزير: يرأسها موظف بدرجة مدير من ذوى الخبرة والكفاءة و يتولى المهام الموكل اليه من قبل الوزير ويعاونه عدد من الموظفين.**

**ثالثاً: مديرية الرقابة والتفتيش المالي: ترتبط مباشرةً بالوزير و تتولى اعمال الرقابة الداخلية في الوزارة والدوائر التابعة لها وكذلك تقوم باعمال التدقيق والتفتيش في كافة دوائر الاقليم في حالة وجود اختلاس أو تلاعب بالاموال العامة و مراقبة كيفية التصرف بها يرأسها موظف بدرجة لاتقل عن مدير ويحمل شهادة جامعية و له خبرة واختصاص.**

**رابعاً: مديرية العلاقات والاعلام: ترتبط مباشرةً بالوزير يرأسها موظف بدرجة لاتقل عن مدير يحمل شهادة جامعية و من ذوى الخبرة والاختصاص.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت بانکی مەرکەزی تەبعەن زکرمان نەکرد لێرە، مەفروز وایە ئەو نەسەی کە کرا بکەینە ثالثا وە دابەزینە خوارێ، لەبەر ئەوەی تەنسیقەکە مورتەبیتە بە وەزیر، بۆیە من ئێستا سیاغەکەی دەخوێنمەوە، دەبێتە (ثالثاً )لە جیاتی ئەوەی کە (لە) بوو، ( ثانیاً: یتولى وزیر المالیة والاقتصاد التنسیق مع البنك المرکزی العراقی في كل مایتعلق بتنظیم ورسم السیاسة النقدیة الصرف والاشراف على فروع البنك المرکزی العراقی فی الاقلیم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئەو سەلاحیاتە بچێتە لای وەزیر، چونکە تەشکیلات نیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئێمە لێرە لە (اولا) وەزیرمان تەعریف کردیە، مەهامی وەزیریشمان گوتووە چیەو چ نیە، لە پاشی ئەو دەتوانین ئیزافە بکەین ئەوەی کە ئێستا خوێندمەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

اولا: الوزیر: هو الرئیس الاعلى للوزارة والمسؤول عن اعمالها وتوجیه سیاستها والاشراف والرقابة علیها و تصدر منه و تنفذ باشرافه جمیع القرارات والتعلیمات والاوامر فی كل ماله علاقة بمهام الوزارة و تشكیلاتها وصلاحیاتها وسائر شؤونها الفنیة والاداریة والمالیة والتنظیمیة وفق احكام القانون ویكون مسؤولاً امام مجلس الوزراء بصفته عضوا متضامناً فیه وله تخویل بعض من صلاحیاته للوكیل او المدراء العامین او من یراه مناسباً و یتولى التنسیق مع البنك المركزی العراقی فی كل ما یتعلق بتنظیم و رسم السیاسة النقدیة والصرف والاشراف على فروع البنك المركزي العراقي في الاقلیم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بەم شکلەی کە کاك عونی خوێندیەوە، فەقەرەی یەك لەماددەی سێ، بە تەنیا دەدەینە دەنگدانەوە، بەو شکلەی کە خوێندیەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ فەقەرەی یەك پەسەند کرا، ئینجا بۆ فەقەرە دوو، کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانياً: مكتب الوزير: يرأسها موظف بدرجة مدير من ذوى الخبرة والكفاءة و يتولى المهام الموكل اليه من قبل الوزير ويعاونه عدد من الموظفين.

ثالثاً: مديرية الرقابة والتفتيش المالي: ترتبط مباشرةً بالوزير و تتولى اعمال الرقابة الداخلية في الوزارة والدوائر التابعة لها وكذلك تقوم باعمال التدقيق والتفتيش في كافة دوائر الاقليم في حالة وجود اختلاس أو تلاعب بالاموال العامة و مراقبة كيفية التصرف بها يرأسها موظف بدرجة لاتقل عن مدير ويحمل شهادة جامعية و له خبرة واختصاص.

رابعاً: مديرية العلاقات والاعلام: ترتبط مباشرةً بالوزير يرأسها موظف بدرجة لاتقل عن مدير يحمل شهادة جامعية و من ذوى الخبرة والاختصاص.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ثالثا ئەدەینە دەنگدانەوە بۆ الغا، ثالثا كە نەقل كراوە لەگەڵ فەقەرەیەك بۆ صلاحیاتی وەزیر، ئێستا كێ لەگەڵ ئەوەیە كە الغا بێت تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بە كۆی دەنگ ئەو فەقەرەیە ثالثا الغا كرا، ئێستا فەقەرە ثانیاو ثالثاً و رابعاً، كە رابعاً و خامساً، بووە ثالثاً و رابعاً، بەو شێوەیەی كە ئەخیرەن بە عەرەبی خوێندرایەوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، ئێستا بۆ ماددەی چوارەم كەرەمكەن.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

یەكەم: بریكاری وەزارەت: بەرپرس دەبێت لە جێبەجێ كردنی پلانی وەزارەتەكەو یەكەم بەرپرسیش دەبێت لە یەكلا كردنەوەی ئەو مەسەلانەی كە پەیوەندیان بە زامن كردنی رەوتی باشی كارەكانەوە هەیە لە چوارچێوەی ئەوە دەسەڵاتانەدا كە وەزیر داویەتیێ.

دووەم: نووسینگەی بریكاری وەزارەت: فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆكایەتی دەكاتن بە ئەزموون و لێهاتوو بێت ئەو كارانە دەگرێتە ئەستۆ كە وەزیر پێی دەسپێرێ.

سێیەم: نووسینگەی مەشق و پەرەپێدانی دارایی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

اولاً: وكيل الوزارة: يكون مسؤولاً عن تنفيذ سياسة الوزارة وخططها وتقع عليه المسؤولية الاولى في القضايا التى تتعلق بضمان حسن سير الاعمال في اطار الصلاحيات الممنوحة له من قبل الوزير.

**ثانياً:مكتب وكيل الوزارة: يرأسها موظف بدرجة مدير ومن ذوى الخبرة والكفاءة يتـولى المهـام التـى تنـاط بـه من قبل الوكيل.**

**ثالثاً: مكتب التدريب والتطوير المالي.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها یەك ملاحەزەمان هەیە، ئەویش ئیعادەی سیاغەی ئەوەڵەن بکرێتـەوە، بەنیسبەت وکیل الوزاره شەرحەکەی بەم شـێوەیە بێت (یساعد الـوزیر في تنفیـذ سیاسـة الـوزارة والاشـراف على شؤونها وما یخول له من صلاحیات من قبل الوزیر).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی رەئیتان.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی اولاً و ثانیاً، بەس (ثالثاً مکتب التدریب و التطویر المالی) عادەتەن ناوی (مـرکز التدریب و التطویر المالی ) مکتب نیە، مکتب بکرێت بە مرکز، (مرکز التدریب و التطویر المالی).**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر رەئیتان.**

**بەڕێز شێخ بابیز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەش لەگەڵ رەئی لیژنەی یاساین.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**مکتب بکرێتە مرکز.**

**بەڕێز شێخ بابیز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مرکز هاتووە، وە ئەگەر روخسەتم بدەی دیارە پرسیارێك هەیە، گوێم لە پرسیارێك هەیە لە پشتەوە ئەڵێن ئەوە تەعریفی چیە؟، مەرکـەزێکی تـدریب و تـەتویر مـالی هەیـە ئێسـتاکە، کـەوادیر، مـوزەفینی وەزارەتـی مالیـەو هـی هـەموو دوائرەکـانی دەوڵـەت لـەوێ دەورە ئـەبینن، لەسـەر ئـیش و کـاری ڕۆژانـە، لەسـەر ئیدارە،حیسابات، یاسایی، وە هەتا ئێستا چـەندەها دەورەیـان بینیـوە، وە ئـەو مەرکـەزە ئێستا لـە سلێمانی مەوجودە، ئێستا دەمانەوێت تەتویری پێ بکەین وەکو مەرکەزێکی عام.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان، ئێستا ئێوەی بەڕێز کێ دەیەوێت قسە بکات، کەرەمکە لێرەوە ناوت، عمر عبدالعزیز، هاژە سلیمان، برهان رشید، تارا تحسین، سیوەیل عثمان، عبدالله، کاردۆ محمد، صبحە احمد، کەرەمکە ڕێزدار عمر عبدالعزیز.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو، سێ تێبینیم هەیە لەسەر ئەو ماددەی چوارە، سەرەتا لە هۆی دانانی وەکیلی وەزارەت، تێناگەم بەو پێیەی کە سەیری سەلاحیاتەکانی ئەکەی، نازانم یەعنی شتێکی ئیزافەی تیا نیە لەوەی کە بۆ وەزیر دانراوە، لەوێش باسی تەوجیھ وئاراستەو ئیشراف و سەرپەرشت و ئەو شتانەیە، لێرەش باسی مەسئولیەتە لە تەنفیزی سیاسەتی وەزارەت و پلانی وەزارەت، لەگەڵ ئەوەشدا کە سەلاحیەتەکان زۆر مەحدودن، یان هەر ئەتوانم بڵێم مونعەدمە ونەبێت لەناو سەلاحیەتەکانی وەزیرا، ئەویشی تەقید کردووە، ئەڵێت لە زمنی ئیتاری سەلاحیاتی مخەوەل، لە کۆتایی ڕستەکە، لەبەر ئەوە بەلای کەمەوە یان شتێکی وازح بکرێتە مەهامی وەکیل وەزارەت بەڕەئی من، بەپرسیارێتی یەکێك لەو مدیریەتانە بێت، یان خلاصە ئیشەکانی تر بکات، هەمووی کراوە بە سەلاحیاتی وەزیر، شتێك ئیزافە بکرێت، یان علی ئەقەل ئەگەر ئەوە ناکرێت، بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، ( یکون مسؤولاً عن تنفیذ سیاسة الوزارة و خططها وتقع علیه المسؤولیة الاولی للبت فی القضایا التی تتعلق بضمان حسن سیر الاعمال) تا ئێرە خاڵێك بێت، خاڵی دووەم ( یضاف الی ذلك الصلاحیات الممنوحة له) بۆ ئەوەی شتێکی ئیزافە بێت، کە قەرارە وەزیر بەعزە سەلاحیاتێك بدات بە وەکیل وەزارە، بۆ ئەوەی ئەوە تێکەڵ نەبێت، لە زمنی سەلاحیاتی دیاری کراو دەبێت، ئەو شتانە پێویست ناکات بوترێت، ئەوە یەك، دووەم من بەڕاستی، (ثانیا مکتب وکیل الوزیر) من پێم زیادە، ئەمە فعلەن لە زمنی نیزام و تەعلیمات و ئەو شتی عمومیاتایە، پێویست ناکات یەعنی باسی مەکتەب وەکیل وەزیر تەحدید بکرێت بە شت، هەندێك دوایی تەقیدێ دروست بکات، ئەو تێبینیەی کە بەڕێز کاك شێروان بۆ خاڵی پێشووش باسیان کرد، پێویست ناکات ببێ بە خاڵی دوو، خاڵی سێهەم، مەرکەز تەدریب بێت یان مەکتەب تەدریب و تەتویر مالی بێت، بۆچی تەعریفێ نەکراوە، بۆ شەرحێك نەکراوە، بۆچی بەرپرسیار دیاری نەکراوە، ئایا ئەویش بە پلەی مدیر دێت یان مەهامەکەی چیە؟، ئەرکەکەی چیە؟، شتێکی بۆ زیاد بکەین، بۆ ئەوەی وازح بێت، چونکە لە قانونا شتێك ئاوا بە غامزی بمێنێتەوە، ڕەنگە دوایی کێشە دروست ببێت لە تەفسیر کردن و شەرح کردنی و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار هاژە خان فەرمووو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربـارەی برگـەی یەکـەم، بریکـاری وەزارەتەکـە بـەرپرس دەبێـت لـە جێبـەجێ کردنـی سیاسـەت و پلانـی وەزارەتەکە، من پێم وانیە بەرپرس دەبێت، یاریدەی وەزیـر دەدات لـە جێبـەجێ کردنـی سیاسـەت و پلانـی وەزارەتەکـە، وە یەکـەم بەپرسـیش دەبێـت لـە یـەکلا کردنـەوەی ئـەو مەسـەلانە، مـن پـێم وانیـە یەکـەم بەرپرسیش بێت، لەبەر ئەوەی وەزارەت ئەنجومەنی هەیە، کەواتە هەموو ئەنجومەنەکە بەراوێـژ کـردن لـە نێوان خۆیان، بەرپرس دەبن لە یەکلا کردنـەوەی مەسـەلەکان، دەربـارەی ئـەو دەسـەلاتانەش کـە وەزیـر بـە بریکاری وەزارەتی داوە، من پێم باشە دەسەڵاتەکان دیاری بکرێت لێرە، ئەو دەسەڵاتانە چین ئایا جێبـەجێ کردنی بڕیارەکانە سەرف کردنە؟، یان چ جۆرە دەسـەڵاتێکە؟، دەربـارەی برگـەی سـێیەم، هـەر پشـتگیری لـە لیژنـەی دارایی و ئابوری دەکەم کە نووسینگەکە بکرێت بە مەرکەز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر لە قسەکانم کرا، تەفسیلی پێ نـادەم، بـەس ئەونـدە هـاتووە لـە مـاددەی یەکـەم دەڵێـت( الـوزیر هـو الرئیس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجیه اعمالها) نە بووە لە عیلمی دارایی نەم بیستووە یـەکێك رەئیسـی ئەعلای وەزارەت بێت، ئەو مەسئولە لە مـەهامی وەزارەت، نـەوەك لێـرە نووسـرابێت ( وکیـل الـوزارة یکـون مسؤلا عن تنفیذ سیاسة الوزارة) ئەوە من بە تەناقضی ئەزانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار تارا اسعدی فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوارەم، لێرەدا بەڕاستی ئیعادەیەك هەیە وەکو ئەو مەهامەی بۆ وەکیـل وەزیـر دانـراوە، هەرکـە لە وەزیر دەخوێنینەو نووسراوە ( و لە تخویل بعض صلاحیاتە الى وکیل) لێرەدا هاتووە لە وەکیل وەزارەت کە باسی دەکاتەوە دیسان دەڵێت( في اطار الصلاحیات الممنوحة لە من قبل الـوزیر)، لەبەرئـەوە لێـرەدا هـەتا (سیر اعمال) بەسە تەنها ئەوەیە ئیشی وەکیل وەزیـر، بەڕاسـتی لـە ئیشـی وەکالـەتی وەزیـر، یـەعنی ئەگـەر هەندێك جار دێتە سەر ئەوەی کە بڵێین نـەبێت باشـترە، لەبـەر ئـەوەی زۆری مەهامـەکان وەزیـر خۆیـەتی، یـەعنی وجـودی ئـەم وەکالەتـە لـە چ حاڵـەتێکا بـەکار دەهێنرێـت، چ مـەهامێکی دەدرێتـێ؟، زۆر واضح نیـە بەڕاستی، ئەوە تەنها بەس بۆ دیباجەیە کە دادەنرێت، سێهەم شت مەرکەزی تەدریب وتەتویرەکە، بەڕاستی ئەو مەرکـەزی تەدریبـە پیشـان نـەدراوە لەلایـەن کـێ؟، وە کـێن ئـەو کەسـانەی تـەدریب دەکـەن؟، ئایـا ئـەو کەسـانەی هەڵدەبـژێردرێن، دەبێـت ئایندەکـەیان و زانینیـان و دەوراتـەکانی بۆیـان دەکرێتـەوە لـە دەرەوەی وڵاتە، باشترە لەوەی کە هەیە بۆ ئەوەی بەرەوە پێشی ببات، لە ماددەی پێنجەم هەیئەی موستەشاری، ئێمـە

زۆر زۆر لێرەدا بەڕاستی لە وڵاتانی دەرەوەش ئەبینین موستەشار دەوری زۆرگرنگی هەیە، بەڵام ئێمە بەداخەوە زۆر جار موستەشار دادەنرێت بەس تەنها ناوی موستەشارە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت ماددەی پێنج دەخوێنیتەوە، چوار، ماددەی چوار، بەڕێز سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت المادە الرابعە، نووسراوە اولا، وکیل الوزارە، بەس وابزانم لە تەعریف و قسە کردنا لۆخۆی وەکیل وەزارە نیە، ئەگەر وەکیل وزارە بێ دەبێ ئەمەش بە وەزیر بڵێین الوزارە، وکیل وەزیر دەبی بلێین، وابزانم بەڕێز وەزیری دارایش باشتر دەزانێ، وکیل وزارە یەعنی وەکالەتی هەموو وەزارەتەکەی دەکاتن، یان وەکیل وەزیرە لێرە، (و یکون مسؤولاً تنفیذ عن سیاسة الوزارة خططها وتقع علیه المسؤولیة اولی للبت في القضایا التی تتعلق بسیر الاعمال في اطار الصلاحیات الممنوحة له من قبل الوزیر) لێرە پێم باشە بڵێین ( ویحمل شهادة جامعیة)یان ( والحاصل علی شهادة جامعیة، وکیل الوزیر) ثانیا مکتب وکیل الوزیر، بە نیسبەت (ثالثا مکتب التدریب والتطویر المالی) تەبعەن تەعریف نەکرایە، بەڕێز وەزیری دارایی تەعریفەکی کرد، ئەگەر تەعریفەکی لۆ بکەین پێم باشە بنووسرێ، (یراسها موظف بدرجة مدیر و من ذوی الخبرة والکفاءة یقوم بفتح دورات خاصة بالاعمال المالیة والاقتصادیة) یەعنی ئەگەر صیغەکەی باشتر بی کێشە نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی مامۆستا عمر دەکەم، دیارە مەبەستم لە خاڵی سێیەمە، کەباسی مەرکەز تدریب وتەتویری مالی دەکات، کە تەعریفەکەی هەقە تەعریفێك، شتێك هەبێ، وە بەرپرسەکەی دیاری بکرێ، ئەوە خاڵێکی گرنگە، وە مادام ئەو مەرکەزەش هەیە بە رەئی من کار وەك پێگەیاندنی مالی دەکات، هەق وایە هەوڵ بدات کادیری ئابوریش پێ بگەیەنێ، واتە وشەی کادیری ئابووریشی بۆ زیاد بکرێ باشترە، پێموایە کادیری ئابووری باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار کاردۆ محمد پیرداود فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ خاڵی یەکەم، من پێموایە کە من پرۆژە یاسای، کە لیژنە راپۆرتی لەسەر نووسیوە، ئەوە لێرە ناوی ( یساعد الوزیر في تنفیذ سیاسة الوزارة و الاشراف علی شؤونها) بریکاری وەزارەت، یاریدە دەرە یەعنی لە بەرپرس بوون لە جێبەجێ کردنی سیاسەت لەگەڵ وەزیرا، نەوەك هەمان سەلاحیەت، چونکە ئەمە بەراستی دەمان گەڕێنێتەوە بۆ ئەو سیمای دوو ئیدارەییەی کە وەزیر و وکیل وەزیر هەمان دەسەڵاتیان هەبێت، ئەمە خاڵێك، خاڵی سێیەمیش پێم باشە ئەو پێناسەیەی بەڕێز وەزیری دارایی کردی بۆ نووسینگەکەی لێرە دابنرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار صبیحە خان فەرموو.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوارەم.

دووەم: کە لە صیاغەی کوردی نووسراوە، نووسینگەی بریکاری وەزارەت فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات، کە بە ئەزموون و لێهاتوو بێت، ئەو کارانە دەگرێتە ئەستۆ کە وەزیر پێی دەسپێرێت، لێرە چونکە نووسینگەی بریکاری وەزارەتە، پێم وابێ لێرە دەبێ بنووسرێت، ئەو کارانە دەگرێتە ئەستۆ کە بریکاری وەزیر پێی دەسپێرێت، هەرچەند لە صیاغەی عەرەبی ئیشارەتی پێداوە، بەڵام لە صیاغەی کوردی نەنووسراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، سوپاس بۆ هەمووتان، لیژنەی دارایی تکایە وەڵامتان بۆ ئەو موداخەلانەی ئەندامان، کاك خورشید، فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر قسە لەسەر مەسەلەی وەکیل وەزیر و سەڵاحیات و دەسەڵات هات، وەکیل وەزیر بە ڕەئی ئێمە دوو ئیشی هەیە، یەك: سیاسەتی وەزارەت ئەم سیاسەتەی وەزارەت وەکیل وەزیر ڕەسم ناکات، مەجلسی وەزارەت سیاسەتێك ڕەسم دەکات، وەکیل وەزیر موکەلەفە، کە تەنفیزی ئەو سیاسەتە بکات کە ئەصڵەن ڕەسم کراوە، لەلایەن مەجلسی وەزارەت، دووەم: ئەو سەڵاحیەتەی کە جەنابی وەزیر پێی دەدرێت، یەعنی جەند سەڵاحیەتێکی پێ دەدات، ئەم دوو ئیشە هی وەکیلی وەزیرە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەکیل وەزیرمان نیە، وەکیلی وەزارەتمان هەیە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ دوایش دێمە سەر ئەوە، بەنیسبەت ئەوەی بۆچی وەکیل وەزیرە، وەکیل وەزارەت نیە، خۆی وەکیل وەزارەتە، چونکە تەسریفی کاروباری وەزارەت دەکات، نەك کاروباری وەزیر، بەنیسبەت مەرکەز تەدریب و تەتویر، من لەگەڵ ئەوەدام کە بکرێت، بە(مركز تدريب و التطوير المالي والاقتصادي)، چونکە یەکێك لە موهیماتی وەزارەت مالیەو ئیقتیصادە، ئەگەر ئەم مەرکەزە مەسەلە تەتویری ئیقتیصادیش لە ئەستۆی خۆی بگرێت، شتێکی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: من پێم وایە وەکیل وزارە لەهیچ وەزارەتێك سەلاحیەتی نیە، بە قەراری قەتعی، هەموو سەلاحیەتەکان هی وەزیرە، بەلام کە وەزیر لەگەڵ وەکیل وزارەدا دادەنیشێت، بە تەفاهوم و بە ئینسیجام هەندێ دەسەلاتی دەداتی کە بەکاری بهێنێت، کەواتە ئەو قسانەی کە کرا بە نیسبەت وەکیل وزارەو بە نیسبەت دەسەلات، هەمووی بەندە بە وەزیر، وەکیل وزارە هیچ دەسەلاتێکی نیە، دووەم: بەنیسبەت مەکتەبی تەدریب و تەتویر، ئەوەی مەرکەزەکەمان پێ باشترە، (مركز التدريب و التطوير المالي) جەنابی وەزیریش صیاغەیەکی ناردووە بۆمان، دەڵێت( يرأسه موظف بدرجة مدير، يحمل شهادة جامعية اولية وله خبرة واختصاص ويعاونه عدد من الموظفين) وەکو تەعریفێکە بۆ ئەمە، بەلام ئیختیصاصەکە ئیمکان هەیە، لە نیزامی داخلی بیهێنێتە خوارێ، کە ئیختیصاصی ئەم مەرکەزە چیە؟، موقتەرەحێکیش هاتووە بەنیسبەت وەکیل وزارە، (يحمل شهادة جامعية اولية على الاقل من ذوي الخبرة والاختصاص) ئەوە دەمێنێتەوە بۆ ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمان. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، کەرەم بکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسەلاتەکان کە ئێستا دەنگی لەسەر درا بە وەزیرەوە، عادەتەن وەزیر یان ئەعلا مەسئول لەهەر شوێنێك ئەو دەسەلات دەدات بە خوارەوە، ئەوە بەنیسبەت دەسەلات، ئەما بریکاری وەزارەیە یان وەکیل وەزارەیە، وەکو جەنابیشتان فەرمووتان وەکیل وەزیر، بەنیسبەت وەکیل وەزیرەوە، قەراری پەرلەمانی بەڕێزتان هەیە، کەوا وەکیل وەزیر دەبێ شەهادەی جامیعی هەبێت، قەرارێکی پێشوو ترە، ئەوە ئیعلانیش کرا، ئەم وەکیل وەزیرەی ئێستاشمان خەریجی جامیعەیە، بەنیسبەت ئەو مەرکەزەوە، مەرکەزی تەدریب، جارێکی تریش من ئەمەوێت باسی ئەوە بکەم، ئەو مەرکەزە هەتاکو ئێستا بۆ کۆمپیوتەریش دەورەی کردۆتەوەو بۆ ئینگلیزیش دەورەی کردۆتەوەو دەورەی مالیشی کردۆتەوە، دەورەی ئیقتیصادی کردۆتەوە، دەورەی دارایشی

کردۆتەوە، ئەو دەوراتانەی هەموو کردۆتەوە، عادەتەنیش وەکیل وەزارە، ئەوە مەربووت دەبێ بە وەکیل وەزارەوە، بەڵام وەکیل وەزارە خۆی وەکو ئیشەکانی خۆی بەتایبەتی لە وەزارەتی مالیە، مەسئولی ئموری فەنیە لەوەزارەتی مالی، حەز دەکەم ئەوە بزانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئێستا ماددەکە بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موقتەرەحێکمان بۆ هاتبوو، وابزانم دوو، سێ برادەریش تەئیدیان کرد، کە مرکز التدریب و التطویر المالي والاقتصادي والاداري)ئیزافە بکرێت، جا نازانم جەنابی وەزیر ڕەئی چیە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تکایە، ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیمەش ڕازین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە، لیژنەی یاسایی صیاغەکەی بخوێننەوە، یەکەم: ماددەی چوارەم (اولاً) بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، کاك عومەر نوقتەی نیزامی هەیە، بفەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەوەی کە دوو لیژنەی بەڕێزی موختەس لێرەن، بە دوو دیدی جیاواز ئەڕواننە سەڵاحیەتی بریکاری وەزارەت، بۆمان ڕوون بکەنەوە، چونکە کاك خورشید، بەوازحی وتی دوو مەهامی هەیە، یەکێکیان: تەنفیزی سیاساتی وەزارەتە، دووەمیش: ئەو سەڵاحیەتەیە کەوەزیر پێی دەدات، جەنابی کاك شێروانیش ئەڵێت هیچ سەڵاحیەتێکی نیە، نابێ دوو دیدی جیاواز لە دوو لیژنەی پسپۆڕی ناو پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا فەقەرە، فەقەرە دەیخوێننەوەو دەیدەینە دەنگدان، بۆ ئەوەی لاتان وازح بێت و صیاغەکەش دیار بێت، کەرەم بکەن، فەقەرەی یەك لە ماددەی چوارەم، بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة:

اولا : و كيل الوزارة : يساعد الوزير في تنفيذ سياسة الوزارة و الاشراف على شؤونها و مايخول له من صلاحيات من قبل الوزير ويحمل شهادة جامعية اولية على الاقل وله خبرة واختصاص.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەمە دەخەینە دەنگەوە، بەو شێوەی كە خوێندرایەوە، موفتەرەحی لیژنەی یاساییە، دەیخەینە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە دەبێت بە بەشێك لە ماددەكە، ئێستا كێی لەگەڵدایە بەو شێوەی كە خوێندرایەوە تكایە با دەستی بڵند بكات؟، زۆر سوپاس، كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ ئەو فەقەرەیە وەرگیرا، بۆ فەقەرەی دووەم، تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثانیاً: مكتب وكیل الوزارة: یرأسه موظف بدرجة مدیر، ومن ذوي الخبرة والكفاءة یتولى المهام التي تناط به من قبل الوكیل.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم خاڵە كە لەئەصڵی پڕۆژەكەدا هاتووە، دەیخەینە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ خاڵی سێیەم.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثالثاً: مركز التدریب والتطویر المالي والاداري: یرأسه موظف بدرجة مدیر، یحمل شهادة جامعیة وله خبرة واختصاص ویعاونه عدد من الموظفین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە، ڕەئی جەنابی وەزیر، تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دەڵێین با مالی و ئیداری و ئیقتیصادیشی تێدا بێت، هیچ موشكیلە نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تكایە، ئیعادەی صیاغەی بكەن بەو شێوەی كە جەنابی وەزیر فەرمووی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ثالثـاً: مركـز التـدريب والتطـوير المـالي والاداري والاقتصـادي: يرأسـه موظـف بدرجـة مـدير، يحمـل شـهادة جامعية وله خبرة واختصاص ويعاونه عدد من الموظفين.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان بەو شیوەی كە ئاخر جار خوێندرايـەوە، ئێسـتا دەيخەمـە دەنگـەوە كێـی لەگەڵدايـە بادەسـتی بڵنـد بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا بۆ ماددەی پێنجەم، فەرموون.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم:**

**دەستەی ڕاوێژكاران: دەستەكە لە چوار ڕاوێژكاری بە ئەزموون وپسپۆڕ پێك دێت، كە لانی كـەم بڕوانامـەی سـەرەتایی زانكۆییـان لـەم پسـپۆڕییانەی خـوارەوەدا هێنابێـت.**

1- **ڕاوێژكار لە كاروباری ئیدارەو داراییدا.**

2- **ڕاوێژكار لە كاروباری بانقدا.**

3- **ڕاوێژكار لە كاروباری ئابووری و بازرگانیدا.**

4- **ڕاوێژكار لە كاروباری یاساییدا.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

**هيئة المستشارين: تتكون الهيئة من اربعة مستشارين من ذوي الخبرة والاختصاص وعلـى ان يكونـوا حاصـلين في الاقل على شهادة جامعية اولية وفي الاختصاصات التالية:**

1 - **مستشار في الشؤون الادارية والمالية.**

2 - **مستشار في الشؤون المصرفية.**

3 - **مستشار في الشؤون الاقتصادية والتجارية.**

4 - **مستشار في الشؤون القانونية.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی تكایە ڕەئیتان لەسەر ئەم ماددەیە.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین وەكو خۆی، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە، ئێوەش ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەس پێمان باشە، ئیعادەی صیاغەی بکرێتەوە، بەو شێوەی کە لە ڕاپۆرتەکەی خۆمان هاتووە، صیاغەکەش بەم شێوەیەیە:

المادة الخامسة : المستشارون : للوزارة اربعة مستشارون من ذوي الخبرة و الاختصاص و على ان يكونوا حاصلين على شهادة جامعية اولية على الاقل في الاختصاصات الآتية :

1- مستشار في الشؤون الادارية و المالية .

2- مستشار في الشؤون المصرفية .

3- مستشار في الشؤون الاقتصادية و التجارية .

4- مستشار في الشؤون القانونية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مستشارین دروست تر نیە، لە مستشارون، جەنابی وەزیر ڕەئیت تکایە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بۆ مستشارین یان مستشارون من ئەو ڕەئیە دەگەڕێنمەوە بۆ لیژنەی یاسایی، چونکە ئەوە ئیشی ئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز کێ دەیەوێت لەسەر ماددەی پێنج قسە بکات؟، ناویان دەنووسم، ئەو بەڕێزانەی کە ناویانم نووسیوە( ئەڤین عمر، عمر عبدالعزیز، حسن محمد، تارا ئەسعەدی، شوان کریم، صباح بەرزنجی، عبدالسلام بەرواری) کەسی تر هەیە؟، ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە من لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاساییدام، بۆ ئەوەی کە ڕاوێژکاران دەستەکەی لێ هەڵبگیرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینیەکم لەسەر ئەوە هەیە کە دەڵێت، لایەنی کەم بڕوانامەی سەرەتایی زانکۆیی هەبێت، وەکو ئێمە بزانین بۆ تەعین کردنی موستەشار دائیمەن دەبێت، مەعایر و مەقایسی خۆی هەیە، ئەوانەی کە دەبن بە موشتەشار عەلەل ئەقەل ئەبێ بڕوانامەیان هەبێت، ئەوە شتێکی تەحصیل حاصلە، بۆیە بەمن ئەو بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت، وجودی لێرەدا زیادە، ئەگەر بێت و بکرێت بەوەی کە پسپۆڕی و ئەزموونی هەبێت، ئەزموونەکە بەلانی کەمی ژمارەیەکی بۆ دابندرێت، 10 ساڵ، 15ساڵ، ئەوەی کە وەزارەت خۆیان

بەباشی دەزانن، بەڵكو دەبێ لێرەدا میعیارێك بۆ ئەزموونەكەو ساڵانی خزمەتی ئەو كەسە دابندرێت، نەك بۆ هەڵگرتنی بڕوانامەكەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالعزیز، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیەكی بەسیتم هەیە، بەنیسبەت مستشارین و مستشارون ئەوەی كە باست كرد، ئەگەر هەیئەتەكە لابەرین، دەبێت بە مستشارون، ئەگەر بشمێنێ ئەوە دەبێت بە هیئە المستشارین، هی دووەم: بەنیسبەت هەیئەتەكەوە نازانم لە هیچ شوێنێكی یاساكە باسی ئەوە نەكراوە، كە وەزارەت چۆن ئیستیفادە دەكات لەم دەستە ڕاوێژكارییە، یەعنی لێرە بێت یان شوێنێكی تر پێویست ناكات ئاماژە بە مەهام یان سەڵاحیەت یان ئەركی ئەمانە چۆنە، دیاری بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، حسن محمد، فەرموو.

**بەڕێز د. حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ لیژنەی یاسایم كە هەیئەكە لابچێت، تەنها مستشارون بمێنێتەوە، وە (في المجال و الاختصاصات التالیە)بەڕەئی من ناویان نەیەت، كۆمەڵێك ئیختیصاصاتی وەزارەت هەیە،دوو ئیختیصاصاتیان مەعنین ئەویش(اختصاص الشؤون المالیة)و(الشؤون الاقتصادي) باقیەكەی تر (شؤون الموازنة) هەیە، كۆمەڵێك مەسائیلی تر هەیە، كە وەزیر دەتوانێ مستشاری بۆ دابنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار تارا خان، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوە بوو من لە پێشتر بەڕاستی لانصم وەرگرتبوو، ویستم هەر تەواوی بكەمەوە، داوای لێبوردن دەكەم، لێرەدا من مستشار زۆر بەباشی دەزانین كەلە هەموو كارێكدا هەر دەبێ هەبێت، بەتایبەتی لە وەزارەتەكاندا، بەس مەرجی مستشار چی بێت؟، ئایا كە لێرەدا دەڵێت (علی الاقل حاصل علی شهادة جامعیة)نازانم ئەوە كە دەیخوێنێتەوە كەسێك كە ئەنەهو مستشار وەزیفەیەكە، لەگەڵ هەر وەزیفەیەكی تر، بەڵام مستشار لە وڵاتانی دونیاش و حەتا بە سەرۆكە گەورەكانی هەموو وڵاتانیش هەموو ئەولاو ئەولایان مستشارە، حەتا ئاخر لەحزە تا بڵێین ئیش دەكەن، قسە دەكەن، كارێك دەكەن، دەبێ ئیستیشارەیان هەبێ بە خەڵكانێك زۆر لەوان زیاتر بێت، خاوەنی ئەزموونێك بن، زیاتر بێت لەوەی كە

دانراوه بۆیان، بەلانی کەمی لە 15 ساڵ کەمتر نەبێت و شەهادەی باڵاشیان هەبێت بەڕاستی، ئەگەر بڕوانامەی بەرزیان هەبێت بە بڕوانامەکەش دیسانەوە شتێکی تر زیاتر دەکات، لەوەی کە تەنها ئەکادیمی بێت یان شەهادەیەکی بەکالۆریۆسی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار شوان کریم، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: بەنیسبەت لابردنی وشەی هەیئە، من لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاساییدام، دووەم: بەڕای من کە دەڵێت (حاصلین علی شهادة جامعیة اولیة علی الاقل في الاختصاصات الآتیة)، لێرەدا پێم وایە، لە (1و2و3و4)دا مستشارەکە زیادە، (مستشار في الشؤون الاداریة والمالیة)، باشتر وایە کە دەڵێت (في الاختصاصات الآتیة) یەکسەر بوترێت (اولاً: الشؤون الاداریة والمالیة .... الخ)زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د. صباح بەرزنجی، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئیقتراحی لیژنەی یاسایی، بێگۆمان ئیقتراحەکەیان باشە، سەبارەت بەوەی کە هەیئە لابرێت، کە دێینە سەر ئەصڵی ئیقتراحەکەش ئێمە هەوڵ دەدەین زۆر دەقیق تر بێت، بەعزێکی تەحصیل حاصلە، کە دەڵێت (علی ان یکون حاصل علی شهادة جامعیة اولیة) کاتێ کە باسی خیبرە و ئیختیصاص دەکرێت، خیبرە بە ساڵی ئەزموون و تەجرەبەی ئەو شەخصە دەردەکەوێت، ئیختیصاصیش بە پێی ئەو شەهادە جامعیە کە هەڵی گرتووە، کەواتە ئەم (علی ان یکون حاصل علی شهادة جامعیة اولیة) زۆر پێویست نیە کە باسی خیبرە و ئیختیصاص کرا، لەلایەکی تریشەوە، ئێستا ئەزانن شهادەی جامعی ئەولی، بەڕاستی بە وەزعی ئێستای کە لە زانکۆکاندا هەیە، ئەوەندە کەسەکە موئەهەل ناکات کە ببێت بە مستشار، مستشار کەسێکە کە زیاتر ئەزموونەکەی، یەعنی ئەزموونی ئەو چەند ساڵەی بەسەری بردووە، لەبواری ئیختیصاصێکی موعەیەندا ئەو لیاقەتەی پێدەدات، کە ببێت بە مستشار، بۆیە من ئیقتراحی ئەوە دەکەم، تەنها ئیکتیفا بکرێت، بەوەی ( للوزارة اربعة مستشارین من ذوي الخبرة والاختصاص) ئینجا ئیختیصاصەکانیش دیاری بکرێت، ئەو وشەی مستشارانەی کەلە ( 1و2و3و4)دا هاتووە ئەوە ئیزافەیە، کەباسی ئیختیصاصیش دەکرێت، لای هەمووتان مەعلومە، کە ئێستا ئیدارە بۆخۆی ئیختیصاصێکی سەربەخۆیە، مالیەش ئیختیصاصێکی سەربەخۆیە، بۆیە تێکەڵ کردنیان بەیەکەوە، یەعنی کەسێکمان هەیە، ئایا موختەص بێت بە ئیدارەو مالیە بەیەکەیەوە، هەیە موختەشە لە مالیەدا هەیە موختەصە لە ئیدارەدا، هەیە موختەصە لە زانستەکانی بانک داریدا، تەنانەت بواری ئابووری و بازرگانیش ئێستا دوو

ئیختیصاصی جیاوازن، کەلێرەدا لەیەك کەسدا کۆکراوەتەوە، بۆیە من ئیقتراحی ئەوە دەکەم کە تەحدیدی ئەوەش نەکرێت بزەبت (اربعة مستشارین) بێت، ئەگەر بڕیار بێت کە چوار بێت، (في اختصاصات الاتیة 1- في الشؤون الاداریة، 2- الشؤون المالیة والمصرفیة، 3- الشؤون الاقتصادیة، 4- الشؤون التجاریة) یەعنی ئەوە، گەر بڕیار بێت چواربێت، لەو چوارەدا حەصڵ بکرێت، ئەگەر زیاتریش بێت، ئەوکاتە شئونی قانونیشی بۆ زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو وشەی مستشارینەش، چونکە ناچێتە ناو ئیختیصاصەوە لە (1و2و3و4)دا لابرێت، پێم وایە نەصەکە دەقیق تر وباشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار عبدالسلام بەرواری، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: تووشی عەرەبیەکە بووینە، مضاف و مضاف الیە هەیە، راستە (اربعة مستشارین)ە دووەم: من بەپێی زانینی خۆم نازانم لە جامیعە ئیختیصاصێك نیە ناوی (مستشار في الشؤون)بێت، یەعنی ئەوە غەڵەتێکی گەورەیە، ( في الاختصاصات التالیة) مستشار کە ئەنەهو الاختصاصات التالیة: بایەلۆجی، کیمیا، فیزیا، رجا دەکەم موراعاتی بکەن، ئەتوانین بڵێین: (وهم) ئەو چوارە، یانیش بڵێین (في الاختصاصات التالیة: الشؤون المالیة والاداریة) باشترە بڵێین (اربعة مستشارین هم) ئیتر تەحدیدیان بکەین فی کذا وکذا پاشان (على ان یکون حاصل على شهادة جامعیة اولیة) یەعنی نیە ئیختیصاصێك ناوی (مستشار في الشؤون المصرفیة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی دارایی تکایە، ڕەئیتان دەربارەی ئەو موداخەلانەی کە کران، فەرموون.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مستشار لە قانوندا تەعریف کراوە، مستشار چ شهادەو چ چەند ساڵ خزمەتی هەیە، ئەوجا دەبێت بە مستشار، یەعنی کە دەڵێین مستشار ئەوە تەعریفی خۆی لە قانون هەیە، پێویست ناکات ئێمە تەعریفی کەین، مستشار هەلگرین، بڕوانامەی زانکۆیی یان فلان یان فلانی هەبێت، ئەمە دیارە کە مستشار مواصەفاتی دیارە، برادەرێك پرسیاری کرد، ئیشی ئەوانە چیە؟، حەتمەن ئیشی ئەوانە دیارە، دەعمی وەزارەت دەکەن، هی جەنابی وەزیر دەکەن بە ئەفکارو موقتەرەحات، لەکاتی پێویستی ڕەئی دەدەن، باسی مالیەو ئیقتیصادو ئەمانە کرا، ئەمە وەزارەت خۆی دەزانێ پێویستی بە چ مستشارێك هەیە، لەبەر ئەوە وەزارەت تەئکیدی کردووە پێویستی بە چ ئیختصاصێك هەیە زکری ئەم ئیختصاصاتە بەپێی پێویستی وەزارەتە بەڕەئی ئێمە، لێرە من وادەبینم بڵێین (هیئة المستشارین تتکون من اربعة مستشارین حسب حاجة

الوزارة من ذوي الاختصاص يحددهم الوزير) يەعنی شتێکی وا بێت، یەعنی پێویست ناکات بڵێین فلان و فلان چوار بێت، وەزیر بۆی هەیە، چوار مستشار بۆخۆی ئیختیار بکات، حسب الاختصاص، ئەم دەسەڵاتە بدەین بە وەزیر، ئەو تەحدیدی دەکات لە چ بوارێك پێویستی بەم ئیختیصاصاتانە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی کەرەم بکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرەدا زۆر هەیکەلیاتی وەزارەتمان پەسەند کردووە، لەهیچ هەیکەلیەتێك نەهاتووە، ئیختیصاصاتی مستشارین دیاری بکرێت، لەبەر ئەوەی چەند موقتەرەحێك هات، بەڕاستی بۆ لابردنی ئەو ئیختیصاصە یاخود هەندێ ئیختیصاص لە جامیعەدا هەیە یان نیە، ئەگەر جەنابی وەزیر ڕازی بێت، لیژنەی دارایش هەمان ڕەئی هەیە، تەنها ئیکتیفا بکەین بەو صیاغەی کە لە بەقیەی وەزارەتەکاندا هاتووە، ئیختیصاصەکان دیاری نەکەین، بەجێی بهێڵین بۆ نیزام داخلی، وەزیر و وەزارەت بەچ شێوەیەك دەیانەوێت مستشار تەعین بکەن، لەنیزام داخلی دەتوانێ جێگای بکاتەوە، دەستکاریشی بکات، بەپێی پێویستی وەزارەتەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تکایە، رەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز شیخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە باسی مستشار زۆر کرا، مستشار لەکاتی خۆیدا، لە حکومەتی عێراقیدا (یقرأ و یکتب)یش بوایە دەبوو بە مستشار، حەزەکەم ئەوە بزانن یاساکەشیان وابوو، بەلام ئێستا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، زەوابتی بۆ دانراوە، ئەبێ مستشار (16)ساڵ خزمەتی فیعلی هەبێت، وە ئەبێت دەرچووی زانکۆش بێت، لەم دواییانەدا لە ئەنجومەنی وەزیران زەوابتەکە کرا بە (14) ساڵ، ئەوە بۆ مستشار حەتا بۆ خەبیر و ئەوانەش هەمووی زەوابتی بۆ دانراوە، لەبەر ئەوە ئەوانەی کە دەبن بە مستشار لەم شوێنانەدا، هەمووی خزمەتیشیان هەیە هی فیعلی و بڕوانامەی زانکۆیشیان هەیە، پرسیارێك هات، وتیان ئیشوکاری ئەو مستشارانە دیاری بکرێت، مستشار ئیشەکەی مەعلومە، تەنها ئیستیشارەیەو بەس، نابێ ئیشوکاری تەنفیزی بکات، بەنیسبەت ئەم موقتەرەحەی کە ئێستا هاتووە، ئێمە کە دەست نیشانمان کرد وتمان نەوەك لە پەرلەمان بڵێن بۆچیتانە ئەم چوار مستشارە، ئەگینا وەزارەتی مالیە لەوانەیە پێویستی بە مستشاری زیاتریش هەبێت، بەلام ئەوە وەکو عادەتێك هاتووە لە هەموو وەزارەتێك چوار مستشار دانراوە، ئێمەش بۆیە داوای چوارمان کردووە، بەلام حەجمی ئیشوکاری وەزارەتی دارایی بەڕاستی زۆر لەوە زیاترە کەچوار مستشاری هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ئاخر صیاغەتان بخوێننەوە تکایە، تا بیخەینە دەنگەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة:**

**المستشارون: للوزارة اربعة مستشارون من ذوي الخبرة والاختصاص وعلى ان يكونوا حاصلين على شهادة جامعية اولية على اقل.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر تکایە، ئاخر ڕەئی خۆتان بدەن، چونکە وەزارەتی مالیە زۆر حەساسە پێویستی بە خیبرەیەك هەیە لە بواری کارەکانی خۆی، فەرقی هەیە لەگەڵ شوێنێکی تر، بۆیە ڕەئیتان گرنگە بۆمان، فەرموو.**

**بەڕێز شیخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەوەی کە دەست نیشانمان کردووە، ئیدارەو مالیە، شئونی مەصرەفی، ئیقتیصادی و تیجاری، قانونی، ئەمانەمان پێویستە بەڕاستی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی و یاسایی تکایە، رەئیتان لەو بارەیەوە.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر ئێمە تەحدیدی بکەین بڵێین ئەم چوار ئیختیصاصە بەناوی مالیە و ئیقتیصاد و قانون، ئەگەر تەحدیدیشی نەکەین، بڵێین ئیختیصاصاتی وەزیرە، ئەوە تەحصیل حاصلە هەردوو حاڵەت ئەمە خزمەتی وەزارەت دەکات، بە زکر و بەبی زکر، ئیتر ئەوە بۆ ئێوەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز کاك فرسەت موداخەلەی هەیە، فەرموو.**

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا بەڕەئی من تەحدید بکرێت باشترە، چونکە ئەو چوار ئیختیصاصاتانە زۆر زۆر گرنگن، من باسی جەنابی وەزیری ئێستا ناکەم، سبەی دوور نیە، وەزیرێك بێت هەر چواریان یەك ئیختیصاصیان هەبێت، ئینجا مەفروزە تەحدید بکرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە، ڕەئیتان فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا من بە باشی دەزانم صیاغەکەی بخوێنمەوە ئینجا ئەگەر پێویستی کرد وردتر لەسەری قسە بکەین.

المادة الخامسة:

المستشارون: للوزارة اربعة مستشارين من ذوي الخبرة والاختصاص وعلى ان يكونوا حاصلين على شهادة جامعية اولية على الاقل في الاختصاصات التالية:

1 - الشؤون الادارية والمالية.

2 - الشؤون المصرفية.

3 - الشؤون الاقتصادية والتجارية.

4 - الشؤون القانونية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی دارایی ئێوەش ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەو دەقەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەو صیاغەی کە ئێستا خوێندرایەوە، دەیخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، زۆر سوپاس، بۆ هەموولایەکتان، سبەی سەعات 10 بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، خواتان لەگەڵ.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | ارسلان بايز اسماعيل | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) |
| سكرتێرى پەرلەمانى | جێگرى سەرۆكى پەرلەمانى | سەرۆكى پەرلەمانى |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

## پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16)ی

## دوو شەممە ڕێکەوتی 21\6\2010

## خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (16)ی

## دوو شەممە ڕێكەوتی 2010/6/21

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2010/6/21 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) سەرۆكی پەرلەمان و, بە ئامادەبوونی بەڕێز ارسلان بایز اسماعیل جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (16)ی خولی سێیەم, ساڵی (2010) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (16)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات ()ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێكەوتی 2010/6/21 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی كوردستان.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو لە هەرێمی كوردستان.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان.

4- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای یەكێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی كوردستان ژمارە (14)ی ساڵی 1993.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی یەکەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (16)، رۆژی دانیشتن 2010/6/21، بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی برگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیرەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بریاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (16)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆ، رۆژی دوو شەممە رێکەوتی 2010/6/21 بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان.**

**2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان.**

**3- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان.**

**4- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای یەکێتی ژووری بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (14)ی ساڵی 1993.**

**لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی کەرەم بکەن بۆ شوێنی خۆتان، بفەرموون، زۆر بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری کاک شێخ باییز دەکەین، زۆر بەخێر بێت،**

**لیژنەی یاسایی لە ماددەی پێنج بووین، ماددەی پێنجمان تەواو کرد، ئێستا ماددەی شەش دەست پێ دەکەین، کەرەم بکەن.**

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی شەشەم:**

**ئەنجومەن:**

**1- لە وەزارەتەکەدا ئەنجومەنێکی راوێژکار بەسەرۆکایەتی وەزیر پێك دەهێنرێت و، هەریەکە لەمانەی خوارەوەشی تێدا دەبن:**

**أ- بریکاری وەزارەتەکە/ ئەندام دەبێت.**

**ب- راوێژکارەکان/ ئەندام دەبن.**

**ج- بەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەتەکە/ ئەندام دەبن.**

**د- هەر پسپۆرێك لەناو یان لە دەرەوەی وەزارەتەکە، کە وەزیر بیەوێ کۆمەکی لێ وەربگرێت دەبێتە ئەندامی هەمیشەیی، یان ئەندامی کاتی.**

**2- ئەنجومەن گفتوگۆی پلانە گشتییەکەی وەزارەت و ئیقرار کردنی و، دووکەوتنی جێ بەجێ کردنی لە ئەستۆ دەگرێ و، سیاسەتی دارایی و ئابووریی وەزارەتەکە پێشنیاز دەکات و، گفتوگۆ لەسەر راپۆرتە خولاوخولەکان دەکات، کە لەبارەی وەزارەتەوە دەدرێن، هەروەها لەو کێشانە دەکۆڵێتەوە کە دەکەونە سەر رەوتی کارەکانی وەزارەت و، چارەسەری بە کرداریان**

بۆ پێشنیاز دەكات و، له پرۆژەی یاساو پێڕۆ و ئەو رێنماییانەش دەكۆڵێتەوە كه پەیوەندییان به ئیشەكانی وەزارەتەوە هەیەو رای خۆیشی لەسەر هەموو بابەتێك دەدات، كه وەزیر بیخاتە پێش.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السادسة:**

**المجلس:**

**1- يشكل في الوزارة مجلس استشاري برئاسة الوزير ويضم في عضويته كل من:**

**أ- وكيل الوزارة/ عضواً.**

**ب- المستشارون/ اعضاء.**

**ج- المدراء العامون في الوزارة/ اعضاء.**

**د- اي اختصاص من داخل الوزارة او خارجها ممن يرتأي الوزير الاستعانة به بصورة دائمية او مؤقتة.**

**2- يتولى المجلس مناقشة الخطة العامة للوزارة واقرارها ومتابعة تنفيذها واقتراح السياسة المالية والاقتصادية للوزارة ومناقشة التقارير الدورية عن الوزارة ودراسة المعوقات التي تعرض مسيرة اعمال الوزارة واقتراح الحلول العملية لها ودراسة مشروعات القوانين والانظمة والتعليمات المتعلقة باعمال الوزارة وابداء الرأي في كل ما يعرضه الوزير من قضايا.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

(ودراسة المعوقات التي تعترض)، نەك (تعرض)، لیژنەی دارایی رەئیتان لەسەری، كەرەم بكە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی یەكەم/ له خاڵی یەكەم (يشكل في الوزارة) زمانی باشتر، یەعنی لەناحییەی لوغەوی باشترە بڵێین (يكون للوزارة مجلس استشاري)، ئەمە تێبینیەك.

(2- يتولى المجلس مناقشة الخطة العامة..........) له ئاخیر دێر (والتعليمات المتعلقة باعمال الوزارة وابداء الرأي في كل ما يعرضه الوزير من قضايا)، رەئی ئێمە ئەوەیە (في كل ما يعرض من قضايا)، ئیحتیماله وەزیر بێت قەزیەكە عەرز بكات، وەكیل وەزیر عەرز بكات، موستەشارێك عەرز بكات، باشتر ئەوەیە (في كل ما يعرض من قضايا)، نەك حەسر بێت به وەزیر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، بەس چەند تێبینیەكمان هەیە:

یەکەمیان/ ئەوەیە ئێمە پێمان وایە وشەی (استشاري) هەڵبگیرێت، چونکە کە تەماشای ناوەڕۆکی ئیش و کاری مەجلیسەکە دەکەین، دەبینین حەقی هەیە کە ئیقراری خوتەی عامی وەزارەت بکاتن، کە ئیقراری خوتەی کرد، مانای وایە ئەوە حەقی هەندێ مەسائیلی هەیە، بۆیە سیفەتی ئیستیشاری لەسەری نامێنێت، ئەمە خاڵی یەکەم.

خاڵی یەکەم/ ئێمە پێمانوایە (یشکل في الوزارة) راسترە، لەبەر ئەوەی عادەتەن (یشکل) پاش پەسندی قانونەکە دەبێت، (یکون)ـەکە وەکو بڵێی تۆزێك لەنگە بەنیسبەت ئەوە.

بەنیسبەت مولاحەزەی تر، پێموایە بەنیسبەت (د- اي اختصاص من داخل الوزارة او خارجها ..............)، ئێمە ئیعادەی صیاغەمان کردۆتەوە بەو شێوەیەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە، کە دەڵێت (د- للوزیر استضافة اي شخص من ذوي الخبرة یراه مناسبا من داخل الوزارة او خارجها عند الضرورة للاشتراك في اجتماعات المجلس دون ان یکون له حق التصویت)، یاخود صیاغەی تریشمان هەیە لە قانونەکانی تر ئیستیعمالمان کردووە، وەزیر دەتوانێت ئەو کەسانە بکاتە ئەندام لە خوبەڕا لەکاتی پێویستدا، ئەمانە هەمووی مەتروحە، دوا رەئیش رەئی ئێوەی بەڕێزە، پێشمان باشە لەو مەسەلەیە رەئی جەنابی وەزیریش وەربگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان دەربارەی ئەو مەسەلەیە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەقەکەمان نارد بوو، جارێ لە پێشەوە مەوزوعی (یکون للوزارة)، یان (یشکل في الوزارة)، مادام ئێمە لە دوای دەرچوونی ئەم یاسایە نیزام دەردەکەین، دەبێت بگوترێت (یشکل)، نەك (یکون)، بەنیسبەتی ئەو رەئیەی لیژنەی داراییەوە، منیش لەگەڵ ئەوەدام تەنها وەزیر نییە مەشاکیلەکانی وەزارەت عەرز دەکات، بۆیە ئەو تەعدیلەی تیا بکرێت.

بەنیسبەت ئیزافاتەوە، دیارە لە وەزارەتی دارایی، جگە لەوانەی ئێستا دەستنیشان کراوە، زۆر جار پێویستمان بە هەندێك خوبەڕای تر هەیە، مەسەلەن بەتایبەتی لە مەجالی زەریبەیە، یاخود لەهەر مەجالێکی تردا، لەوەزارەتی داراییدا خوبەڕای تر زۆرن، پێویستمان پێ دەبێت کە بانگیان بکەین، ئینجا لێرە بە هەر صیغەیەك بگونجێت و باش بێت و مەعقول بێت، چی بۆی هەبێت ئیزافە بکرێت، وەزیر دەسەڵاتی هەبێت، چی بۆی هەبێت هەموو جارێك ئیستیزافە بکات لەو کادیرە باشانەی کە پێویستیانە، ئەوە پەرلەمان چۆن بەباشی ببینێت صیاغەکەی بکات، ئێمەش لەگەڵ صیاغەکەین، ئێمە بەلامانەوە ئەوە گرنگە وەکو حکومەت و وەزارەتی دارایی، بێجگە لەو عەناوینانە، ئەگەر پێویستمان هەبوو عەناوینی تریش بانگ بکەین بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت موداخەلە بکەن دەستیان بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی ناویان تۆمار بکەین، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت قسە بکەن ناویان نووسراوە (بەفرین خان، گوڵیزار خان، بەڕێز حسن محمد، بەڕێز

جەمال طاهر، ئەڤین خان، بەڕێز عمر عبدالعزیز، بەڕێز احمد وەرتی، بـەڕێز سـیوەیل)، کەسـی تـر هەیـە؟ بەفرین خان کەرەم بکە.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لـە مـاددەی شەشـەم/ بڕگـەی یـەك، پـێم باشـە بکرێـت بـە وەزارەت ئەنجومـەنێکی دەبێـت ڕێـڕەوی ئـیش وکارەکان و بەرپرسیاریەتیەکەی لە ئەستۆی وەزیر دەبێت، بە ئەندامیەتی هەر یەکە، ئینجا خاڵەکانی (أ و ب و ج و د) لە دواییەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار گوڵێزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵێزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبارەی ماددەی شەشەم/ بەنیسبەت خاڵی یەکەم، پشتگیری لیژنـەی یاسایی دەکەم، کە (استشاري) لا ببرێت، چـونکە ئەنجومەنەکـە دەسـەڵاتی تـەواوی خـۆی هەیـە، دەسـەڵاتەکانی ڕاوێـژکاری نـین، ئەگـەر چـی ڕاوێژکارەکانیش ئەندامی ئەم ئەنجومەنە بن، بـەڵام مـادام ئەنجومەنەکـە ڕاوێـژکاری نـەبێت، چۆن دەبێـت هەر کەسێك وەزیر ئەوەی لێ وەربگرێت، ببێتە ئەندامی ئەنجومەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار حسن محمد فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاساییم، کە وشەی (استشاری) لا دەبەن، کەواتە دەبێتـە (یشکل مجلس الـوزارة برئاسـة الـوزیر وعضـویة کل مـن)، لـە مەهامـەکانی خوتـەی عامـە بکرێـت بـە (خطـط)، چـونکە وەزارەت کۆمەڵێك خوتەی هەیە، هەروەها لـە خـاڵی سـێیەمیش ئیزافـە بکرێـت (یصـدر الـوزیر نظامـاً لتسـیر اعمـال مجلـس الـوزراء علـی ان تکـون اجتماعـات المجلـس دوریـة واسـتثنائیة عنـد الضـرورة)، نیـزامێکیش بـۆ ئـەو مەجلیسە دەربکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار جمال طاهر فەرموو.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین سەیری خاڵی دووەم بکەین، خاڵە دوێ/ موداخەلە مـن پـتر زمانەوانیـەو صیاغە کردنـە، ئـەم بـەرێ خـۆ بدەینـە خاڵێ دوێ/ پێنج جار کەلیمەت وەزارەت تێدا هاتیـە، یـەعنی دووبـارە کریـە، هـەر وەزارەو وەزارە، بۆیـە پێشـنیار دەکـەم بـەم جۆرە بێتە نووسین:

(يتولى المجلس مناقشة الخطة العامة للوزارة واقرارها ومتابعة تنفيذها واقتراح سياستها الماليـة والاقتصادية ومناقشـة التقـارير الدورية عنها ودراسة المعوقات الـتي تعـترض مسيرة اعمالها واقـتراح الحلـول العمليـة لها ودراسـة مشـروعات القـوانين والانظمـة والتعليمات المتعلقة باعمالها وابداء الرأي في كل مـا يعـرض عليـه مـن قضايا)، چـونکە (عليـه) بـۆ مـەجليس دەگرێتـەوە، لێـرە (مذكر) دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام کەوا لە خاڵی یەکەم بکرێتە (اي اختصاص من داخل الـوزارة او خارجهـا ممـن يرتـأي الوزير الاستعانة به عند الضرورة)، نابێت (بصورة دائمية او مؤقتة)، ئەگەر بکرێتە (عند الضرورة) بە من باشترە.

(2- يتولى المجلس مناقشة الخطة العامة للوزارة واقرارها)، لێرە ئەگەر لەسەرەوە مەجلیسی ئیستیشاری بێت، ناتوانێت ئیقرارەکە بکات، بەڵام ئەگەر ڕەئـی لیژنـەی قـانونی تەسـبیت بـوو، مەجلیسـی ئیسـتیشاری نـەما، ئەوا وشەی ئیقرارەکە لە شوێن خۆی دەبێت، هەروەها لـە کۆتـایی فەقـەرەی دوودا دەڵێـت (في كـل يعرضـه الوزير من قضايا)، بکرێتە (في كل القضايا المعروضة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕێزدار عمر عبدالعزيز فەرمووو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سێ تێبینی بەسیتم هەیە، یەکێکیان/ لوغەویە، هیوادارم برادەران چاکی بکەن، کـە دەڵێـت (يضـم في عضويته كلاً) نـەك (كل)، (كلاً من: وكيـل الـوزارة، المستشارين، المـدراء العـامين)، ئـەوە لـە ڕووی لوغەوییـەوە، چـونکە هەڵەیـە، هەرچـەند وشـەی (مـدراء)یـش وەکـو تێبینیـەکی گشـتی بـۆ برادەرانـی لیژنـەی یاسـایی یەکێکـە لـە غەڵەتـە شـائیعەکان لـە عەرەبیـدا جـەمعی (مدراء)مان نییە بە هیچ شێوەیەك، (مديرية) یان (مديروا)، بەڵام بۆتە هەڵەی شائیع بەکاری دەهێنن بۆ ئاگاداری بەڕێزتان.

بەنیسـبەت مولاحـەزەی دووەم/ تێکەڵێـەك دەبیـنم، هـەموو کەلیمـەی (مـدراء) کـە بـەکار دێـت هـەمووی هەڵەیـە لـە ڕووی لوغەوییەوە، ڕاستە بەکار دێت.

بەنیسبەت تێبینی دووەمم/ موتابەعەی تەنفیز لەگەڵ ئەرك و مەهامی وەكیلی وەزارەت، وابزانم تێكەڵیەك من بەدی دەكەم لێرە، چونكە لەوێش باسی موتابەعەو مەسئوولیەت لە تەنفیزی سیاسیەتی وەزارەت باس كراوە، ئیتر چۆن جیا دەكرێتەوە، نازانم؟

تێبینی سێیەمم/ بۆ ئیقتیراحی سیاسەی مالیە، من پێموایە ئەم مەجلیسە رەسمی سیاسەی مالی وەزارەتی لەسەر شان بێت، چونكە دەزگای بالآتر لە ناو وەزارەتدا لەم مەجلیسە كێیە؟ ئایا جوانتر نییە بڵێین (ورسم السياسة المالية والاقتصادية للوزارة)، ئەو كەلیمەی (تعترض)یش كە كاك دكتۆر كەمال وابزانم بەرێزیان راستی كردەوە، هیوادارم راستی بكەنەوە، (تعرض) نییە (تعترض مسيرة اعمال........)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار احمد وەرتی فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علي:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی یەكەمەوە، منیش تەئیدی ئەوە دەكەم كە وشەی (استشاري) لا بچێت، لەبەر ئەوەی لە پێشدا ئێمە باسی هەیئەی ئیستیشاریمان كردو موناقەشەمان كرد، لێرە تەنها مەجلیس بێت و موستەشارەكانیش ئەندام بن تێیدا، فیعلەن ئەو وشەی (في عضويته كل) غەڵەتە (كلاً) دەبێت.

دەربارەی خاڵی دووەم، پێموایە ئەو ئیقتیراحەی لیژنەی یاسایی باشتر بێت لێرە دابنرێت، چونكە ئایا هەر كەسێك كە لە خارجی وەزارەتەوە بێت، دەكرێت ببێتە ئەندام لە مەجلیسەكە، ئیتر ئەگەر دائیمی بێت، یان بە شێوەی كاتی بێت (اي اختصاص من داخل الوزارة او خارجها ممن يرتأي الوزير الاستعانة به بصورة دائمية او مؤقتة)، ئەمە چۆن دەبێت بە ئەندام لە مەجلیسەكەدا، ئەوەی پێشنیارەكەی لیژنەی یاسایی (للوزير استضافة اي شخص من ذوي الخبرة يراه مناسبا من داخل الوزارة او خارجها عند الضرورة للاشتراك في اجتماعات المجلس دون ان يكون له حق التصويت).

بەنیسبەت خاڵی سێیەمەوە، ئەو مەجلیسە دیارە (يتولى المجلس مناقشة الخطة العامة للوزارة واقرارها ومتابعة تنفيذها .................)، لەگەڵ مەهامەكانی وەزیر، كە لەماددەی سێیەمدا باسمان كرد، دەڵێت (هو الرئيس الاعلى للوزارة والمسؤول عن توجيه اعمالها والاشراف والرقابة على نشاطها وتصدر عنه القرارات والتعليمات والاوامر في كل ماله علاقة بمهامات الوزارة وتشكيلاتها............) ، تەقریبەن تۆزێك تێك گیران هەیە لە بەینی دەسەڵاتەكانی وەزیر لێرە لەگەڵ مەجلیسەكە، ئەنجومەنەكە بە سەرپەرشتی وەزیرە، یەعنی بۆیە پێویستە بریارەكان لە مەجلیسەوە دەربچێت، بەلاَم دوایی خۆی وەزیریش ئەندامێكە لە مەجلیس، چونكە سەرپەرشتی دەكاتن، لەبەر ئەوە پێموایە ئاماژە بدرا بوایە بەوە، بۆ ئەوەی جۆرە تەنسیقێك بێت لە بەینی دەسەلآتەكانی وەزیر، لەویٚ دەڵێت تەعلیماتەكان هەمووی لەوەزیرەوە دەردەچێت، لێرەش لە مەجلیس ئەم ئیقتیراحی سیاسی مالی دەكات و دواتریش (مناقشة التقارير الدورية عن الوزارة ودراسة المعوقات التي تعترض مسيرة اعمال الوزارة واقتراح الحلول العملية لها.........) هەموو ئەوانە لێرە هاتۆتەوە، چۆن لەویٚ هەموویان لە وەزیر دەردەچێت، لێرەش مەجلیس بڕیاری لەسەر دەدات.

سەبارەت بە ئەوەی ئەخیریش (وابداء الرأي في كل ما يعرض من قضايا) رێكترەو راسترە، نەك (ما يعرض للوزير)، چونكە لێرە مەجلیسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رێزدار سیوەیل خان فەرمو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی شەشەم/ (يشكل في الوزاره مجلس استشاری)، تەبعەن منیش لەگەڵ ئەوەم ئیستیشاری لا ببرێت، لەبەر ئەوەی مەجلیسەكە ئەگەر ئیستیشاری بێت، بەس موستەشارین دەگرێتەوە، وەزیر، وەكیل وەزیر، مودیر عامەكان ناگرێتەوە، بەس ئەگەر تێدا نەبێت مەجلیس، هەموو ئەوانی تر دەگرێتەوە.

بەنیسبەت فەقەرەی (د- اي اختصاص من داخل الوزارة او خارجها ممن يرتأي الوزير)، یەعنی صیاغەكەم پێ باشە، (ممن يستعين به الوزير بصورة دائمية او مؤقتة)، يان (حسب الحاجة) يان (عند الضرورة)، ئەوە كێشە نییە هەر كامیان بێت.

بەنیسبەت كوردیەكەشی، فەقەرە (د- هەر پسپۆڕێك لەناو یان لە دەرەوەی وەزارەتەكە كە وەزیر بیەوێت كۆمەكی لێ وەربگرێت)، تەبعەن كۆمەك وابزانم بەس پارەو كەلوپەلە، بەنیسبەت زانیاری وابزانم دەبی بنووسی سوودی لێ وەربگری، چونكە كۆمەك پارەو ئەساس دەگرێتەوە، كەلوپەل دەگرێتەوە، زانیاری ناگرێتەوە بە تەسەوری خۆم، ئەگەر بنووسین (سوودی لێ وەربگرێت، دەبێتە ئەندامی هەمیشەیی یان كاتی لەكاتی پێویست)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان دەربارەی ئەم موداخەلاتانە.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت (برئاسة الوزير ويضم في عضويته كلا)، فيعلەن (كلا) راسترە، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە، كەلیمەی ئیستیشاری پێویست ناكات لێرە هەبێت، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین، چونكە ئەمە جێگای بڕیارە، جێگای ئیستیشارە نییە، ئەمە دوو.

كاك جەمال ئیشارەتیدا بە تیكراری كەلیمەی وەزارەت، بەحقیقەت تیكرار لەناحیەی لوغەوی، یەعنی عیبارەتەكە زەعیف دەكات، ئەگەر صیاغە بكرێت ئەو تیكراری وەزارەت عیلاجی بكەین، برادەرێك باسی تێكەڵ بوون لە وەكیل وەزیر لەگەڵ كاری ئەم ئەنجومەنە، ئەم مەجلیسە دەكات، بەڕاستی مەجلیس بڕیار دەدات، وەكیل وەزیر موكەلەفە ئەو بڕیارە جێ بەجێ بكات، یەعنی ئەمە ئیشێك دەكات، ئەمە ئیشێك دەبێت، ئیشی ئەمانە بڕیارە، ئیشی وەكیل وەزیر جێ بەجێ كردنی ئەو سیاسەتەیە كە ئیقرار دەكرێت لە مەجلیسی وەزارەت.

بەنیسبەت (مناقشة الخطة العامة)، پێمان باشە بنووسین (مناقشة خطط عمل الوزارة)، ئەمە شاملی هەمووی دەكات، یەعنی عامە هاوسەنگ نییە، (مناقشة خطط عمل الوزارة)، هەر ئەو تێبینیانەمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆربەی زۆری ئەو بەڕێزانەی كە قسەیان كرد عیلاقەی بە زمانەوانی هەیە، ئێمەش وابزانم چ لە لیژنەی مالی، چ لە لیژنەی قانونی یەك زمانەوانیمان نییە، كە بتوانێت بەڕاستی و بە رێك وپێكی وەڵام بداتەوە بڵێ لە رووی زمانەوانی ئەوە راستە، یان ئەوە راست نییە، تەنها ئیعتیماد لەسەر مەعلوماتی خۆمان دەكەین، ئەو مەعلوماتەش یان راستە، یان راست نییە، بۆیە مەسەلەی زمانەوانی موشكیلەیەكی موزمینە بەنیسبەت ئێمە، دەبێت چارەسەر بكرێت، ئەمەیان یەك.

دوو/ كاك دكتۆر حەسەن باسی ئیش و كاری ئەم مەجلیسەی كرد، ئێمە ماددەیەكمان هەیە دەڵێین ئیش و كارو ئیختیصاصاتی دامودەزگاكانی ئەو وەزارەتە بە نیزام رێك دەخرێت، ئیمكان هەیە ئیش و كاری ئەو مەجلیسەش لەناو نیزامەكە بە تەفسیلات بێتن، بەبێ ئەوەی ئێمە بیخەینە ناو مەجلیسەكەوە.

بەنیسبەت كاك عومەر، ئایا ئەو مەجلیسە رەسمی سیاسەت دەكات؟ یان ئیقراری سیاسەت دەكات؟ ئەوە جەنابی وەزیر ئیمكان هەیە ئەو وەڵام بداتەوە.

بەنیسبەت وشەی (مدراء العامین)، ئێمە لە زۆربەی زۆری قانونەكان، ئەگەر غەڵەتێكی شائیعیش بێت (مدراء العامین) هاتووە لە هەموو وەزارەتەكانیش بەو شێوەیە بووە، رەنگە غەڵەتی شائیع لە هەندێ جار بەڕاستی لە رووی صیاغەوە خزمەت بە ئێمە بكات، نەك هینمان بكات، بەنیسبەت مەسائیلی تەشریعی، ئێمە تەنها ئەوەندە مولاحەزەیەمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ باییز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی بەنیسبەت ئێمەوە وەكو ئەم مەجلیسەی كە ئێستا داوا كراوە دابنرێت و ئیقرار بكرێت لەلای جەنابتانەوە، ئەم مەجلیسە ئیشەكەی ئەوەیە كە موناقەشەی خوتەی عامەی وەزارەت و ئیقرارو موتابەعەو ئەمانە، بەڵام بەنیسبەت سیاسەتی مالیەوە، ئێمە ئەو جیهەتەمان نییە، ئێمە ئیقتیراح دەكەین، مەجلیسەكە ئیقتیراح دەكات بۆ سەرووی خۆی، لە سەرووی وەزیری مالیەوە ئەو سیاسەتی مالی و بەوجودی وەزیری مالیە دادەڕێژرێت.

بەنیسبەت لوغەوییەوە، ئەوە جەنابتان هەمووتان باستان کرد، بەلاَم من پێموایە ئەم مەجلیسە ئەوە نییە، کەوا قەراری هەموو شتێك بدات، ئەو قەرارەی کە ئەم دەیدات وەزیری تەنفیزی بکات، نەخێر ئیش و کاری رۆژانەی وەزیر مەعلومە، ئیش و کاری ئیدارییە، ئیش و کاری مالیەیە، ئیش و کاری یاساییە، رۆژانە ئەمانە دەڕوات، بەلاَم هەندێك مەشاکیل هەیە، یان خوتەی عامەی وەزارات هەیە، ئەمە پێویست دەکات لێرە دیراسەت بکرێت و موناقەشە بکرێت و ئیقرار بکرێت، بۆ ئەوەی بەم شێوەیە بەو ئیتیجاهە ئیشەکە بکرێت، ئەمە مەجلیسێکە، راستە کەلیمەی ئیستیشاریمان لێ لادا، بۆ ئەوەی زیاتر شمولی بێت، ئێستا ئیقتیراحەکە وایە ئیستیشاری لابدرێت شمولیتر بێت، بەلاَم خۆی لە حەقیقەتدا دوو بەشە، بەشێکی زۆری ئیستیشارییە، ئیستیشارە بە مەجلیسەکە دەکرێت، بەشێکیشی ئەوەیە ئەو مەشاکیلانەی کە دێتە رێی وەزارەت و حەلی نییە، لێرە حلولی بۆ دابنرێت و وەزیر جێ بەجێی بکات، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة:

المجلس:

1- يشكل في الوزارة مجلس برئاسة الوزير ويضم في عضويته كلاً من:

أ- وكيل الوزارة/ عضواً.

ب- المستشارون/ اعضاء.

ج- المدراء العامون في الوزارة/ اعضاء.

د- اي اختصاص من داخل الوزارة او خارجها ممن يرتأي الوزير الاستعانة به عند الضرورة دون ان يكون له حق التصويت.

2- يتولى المجلس مناقشة الخطة العامة للوزارة واقرارها ومتابعة تنفيذها واقتراح سياستها المالية والاقتصادية ومناقشة التقارير الدورية عن الوزارة ودراسة المعوقات التي تعترض مسيرة اعمالها واقتراح الحلول العملية لها ودراسة مشاريع القوانين والانظمة والتعليمات المتعلقة باعمال الوزارة وابداء الرأي في كل ما يعرض عليه من قضايا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی لەسەر ئەوە مولاحەزەتان نییە؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ مولاحەزەیەکمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ مولاحەزەمان نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا هەردوو لیژنەو جەنابی وەزیریش موتەفیقن بەو صیاغەی کە لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، بۆ ماددەی حەوت تکایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان: ڕێکخستنی کاروباری کارمەندانی مەرکەزی وەزارەت و خزمەت کردنیان دەگرێتە ئەستۆو خزمەتی جۆراو جۆر پێشکەش بە دایەرەکانی مەرکەزی وەزارەت دەکات، بەجۆرێك کە کاری چاکی تێدا مسۆگەر بکرێت، هەروەها سەرپەرشتی پاراستنی بینایەکان و ئەوەش کە هەیە لە مەرکەزی وەزارەتەکەدا دەکات و، پلانەکانی بەشەکانی وەزارەت کۆدەکاتەوەو ڕێکیان دەخات و، ئەو ڕێنمایی و ڕاپۆرتانەش جێ بەجێ دەکات کە دێنە وەزارەت و وەزیر دەینێرێ بۆیان، ئەو کاروبارە ئیدارییانەش چارەسەر دەکات، کە پەیوەندییان بە پسپۆری وەزارەتەکەوە هەیەو ناکەوێتە دەسەڵاتی ئەو فەرمانگانە کە پێوەی بەستراون، بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات بڕوانامەی زانکۆیی بەدەست هێنا بێت و بە ئەزموون و پسپۆر بێت و، ئەم فەرمانگانەی خوارەوەش واوەستی دەبن پێی:

1- بەڕێوەبەرایەتیی ئیدارەو خزمەتەکان.

2- بەڕێوەبەرایەتیی خۆیەتی.

3- بەڕێوەبەرایەتیی ژمێریاری و وردبوونەوە.

4- بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانان و بەدواداچوون.

5- بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەزمانی عەرەبی تکایە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

مديرية الديوان العامـة: تتـولى تنظيـم شـؤون العـاملين بمركـز الـوزارة ومـا يتعلـق بـامور خـدمتهم وتقـديم الخدمات المختلفة لدوائر مركز الوزارة وما يضمن حسن العمل، والاشراف على صيانة ابنية وموجودات مركز الوزارة وتجميع وتنسيق خطط تقسيمات الـوزارة وكـذلك تنفيـذ التوجهات والتقـارير الـتي تـرد الى الـوزارة وتحـال اليهـا مـن قبـل الـوزير ومعالجـة الامـور الاداريـة ذات العلاقـة باختصاصـات الـوزارة الـتي لا تـدخل في صلاحية الدوائر المرتبطة بها، يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعيـة ومـن ذوي الخبرة والاختصاص.

وترتبط بها:

1- مديرية الادارة والخدمات.

2- مديرية الذاتية.

3- مديرية الحسابات والتدقيق.

4- مديرية التخطيط والمتابعة.

5- مديرية الهندسة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی رەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی حەوتەم، لیژنەکەمان پێشنیاری ئەوە دەکات (مدیریة الشؤون القانونیة) ئیزافە بکرێتـە سەر ئەو مودیریەتانە، بۆ؟ چونکە بەڕاستی جەنابی وەزیر موستەشارێکی هەیـە، موستەشـاری قـانونی، کـە ئەکید ئەو خەبیرە لە قانون.

دووەم/ ئەم مودیریە، ئەگەر مودیریەی عام بێت، ئەگـەر مودیریـەش بێـت، هـەر مـودیر حاصـل شـەهادەی جامعییە، لەهەردوو حاڵەت.

سـێیەم/ مەبەسـت لـە یـەك بـوونی وەزارەتـەکان، یـان دوو وەزارەت بکەینـە یـەك، تەرشـیقە، زیـاد کردنـی ژمارەی مودیریـاتی عامـە، خەرجیـەکی زۆرەو، بارگرانیەکـە لەسـەر وەزارەت، ئێمـە لـە لیژنەکـەمان پێمـان باشە ماددەی ژمارە (17) لەغو بکرێت، کە (مدیریة عامة للشؤون القانونیة) ئیلحاق بکرێـت بـە مودیریـە، ئەو مودیریە ببێت بە یەکێك لە (مدیریة الدیوان العامة)، وابـزانم بـەڕێز وەکیلـی وەزارەتـیش دانیشـتبوو، کە ئەو رەئیەمان دا، یەعنی مادەی (17) لەغو بکرێت مودیریەی عامە بکرێت بە مودیریە ئیلحاق بکرێـت بە (مدیریة الدیوان العامة)، لەبەر ئەو هۆیانەی کە پێش ئێستا باسمان کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام لەهەمان کاتدا چەند مولاحەزەیەکمان هەیە:**

**مولاحەزەی یەکەم/ ئەوەیە ئێمە پێمانوایە ئەو شەرحەی لە تەفسیلاتی مودیریەی دیوانی عامە هاتووە، ئەو تەفسیلاتە زیادە، پێویست ناکات ئەو تەفسیلاتە لێرە هەبێت، ئەو تەفسیلاتە ئیمکان هەیە لەنیزام داخیلی بێت، ئەوە یەك.**

**دوو/ ئیمکان هەیە مودیری دیوانی عام تەنها شەرحێکی بەسیتی بدرێتێ، بڵێی (یرأسها مدیر عام حاصل علی شهادة جامعیة ومن ذوي الخبرة والاختصاص)، بە قەناعەتی ئێمە ئەوەندە کافیە، ئەویتر هەمووی بچێتە نیزام.**

**خاڵی سێیەم/ کە هەیتمان ئەوەیە ئێمە پێمانوایە پێویست ناکات لەناو یاساکەدا مودیریات عامە خورد بکرێتەوە بۆ مودیریات، پێمانوایە خورد کردنەوەی مودیریات بچێتە ناو نیزام داخیلی، بۆ ئەوەی وەزارەتی مالیە تووشی تەعدیلاتی قانونی نەبێت، بێتە پەرلەمان هەموو جارێ تەشریعات، هەتا ئەگەر دەسەڵاتیشی بدەینێ، ئەوە دەسەڵاتێکی تەشریعییە بەڕاستی، بۆیە ئێمە پێمانوایە بەڕاستی ئەم مودیریاتە لەغو ببێت و بچێتە ناو نیزامەوە، (بما فیهم) ئەو مودیریە عامەیەی، ئەو مودیریەتەی کە لیژنەی دارایی ئیقتیراحی کردووە، هێشتا مەعلومیش نییە، ئێمە نەهاتووینە سەر ماددەی (17)، بۆ ئەوەی مودیریەی عامەی شوئونی قانونی ئیلغا بکەین، بەڵام ئەگەر وەکو مودیریەت بێت، ئیمکان هەیە ناوی لێرە بێتن، لە زیمنی دەسەڵاتی وەزیریش بێت، چونکە ئێمە لە مادده (18) دەسەڵاتمان داوە بە وەزیر، بۆ ئیستیحداس و دەمج و ئیلغای مودیریات لە زیمنی وەزارەتەکەی خۆی، ئەمە کورتەی مولاحەزەکانی ئێمەیە لەسەر ئەم پرۆژەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر رەئیتان تکایە.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە مودیریەتی دیوانی عامە ئیشەکانی مەعلومە و دیاریش کراوە، ئەو مودیریاتانە کە ئێستا هاتووە لە یاسای وەزارەتی دارایی کۆندا تیایدا بووە، تەسبیتیش کراوە، ئێمەش بۆیە تەسبیتمان کردووە، لە هەمان یاساشدا دەسەڵات درابوو بە وەزیری دارایی بۆ ئیستیحداسی مودیریات، ئێستا ئەوە ئەگەر زیکر بکرێ، یان زیکر نەکرێ، ئەوەش بە مەرجێکەوە لە دوایی خۆمان، لە نیزامەکەی خۆماندا دەتوانین چارەسەری بکەین، بەڵام من بەڕاستی تێبینیەکم هەیە لەسەر مودیریەتی یاسایی گشتی، مودیریەی عامەی یاسایی، هەرچەندێك دەچینە سەر ئەو باسە، بەس ئێستا دارایی باسیان کرد، دیارە جەنابی وەکیل وەزیر ڕاستە، هاتبوون، لێرە قسەیان کردبوو، بەڵام من بە عەکسەوە ئەو مەوزووعە دەبینم، جاری یەکەم ئێستا سلێمانی، دهۆك، هەولێر، گەرمیان، جاران مودیریەتی یاسایی بوو، بووە دوو موحافەزە، ئێستا بۆتە چوار موحافەزە، دووەم: هەرچی مولکی ئەو کوردستانە هەیە، هەتا ئەوانەی کە عایدی وەزارەتی زراعەن، هەمووی مەملووکە (للدولة)، موسەجەلە بە نا وەزارەتی مالیەوە، عەقاراتی وەزارەتی داراییە، چەندەها کێشەی ڕۆژانە لەسەر عقود و ئەوانە تووشمان دەبێ، ئێمە ئەو مودیریەتە، یەعنی دەبێت فیعلەن تەوەسووعی تێدا بکەین، دوای تەوەسووعی ئەو مودیریەتە، ئەوە مودیریاتی تابعی نیە، ئەو بەشە**

حقوقيانە لە ناو دائیرەکانی تردایە، بەڵام دەبێ شوێنێك هەبێ کۆی بکاتەوە، پێموایە هیچ وەزارەتێك نیە بەقەدەر وەزارەتی دارایی پێویستی بە مودیریەتی عامەی یاسایی بێت، بە تایبەتی ئێستا بەشی عقود، زۆربەی زۆری عقود دەبێ بەشی یاسایی ئێمە جارێکی تر ئیعادەی نەزەری تێدا بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا ئەو ئەندامانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن ناویان دەنووسین، لە سەرەی سێیەوە دەست پێ دەکەین، بەڕێزان ئەوانەی کە دەیانەوێ قسە بکەن ناویان نووسیوە، جلال علي، شلێر محمد، یاوز أرسلان، حمە سعید حمە علی، دانا سعید صۆفی، حسن محمد سوورە، جمال طاهر، کوێستان محمد عبداللە، هاژە سلیمان، د.أحمد وەرتێ،کەسی تر ماوە؟ نەخێر، کەرەمکە، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری شەرحەکەی کاك د. بایز دەکەم، کە بەڕێوەبەری گشتی (شۆون)ی یاسایی هەبێ، چونکە دائیرەی قانونی، هەتا ئەگەر مودیریاتی عامە، نەك لە وەزارات، ئیشی ڕۆژانەی یاسا دەکات، چوونە مەحکەمەکە، لە ناو دائیرە، دوایی عقود ئیمزا کردن کە پارەیەکی زۆرە، کە ڕۆژانە چەندین عقود دەکرێ، ئەگەر مودیر عام نەبێ لەسەر عەقدەکە، ناتوانێ ئیمزا بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە شلێرخان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو قسانەی بەڕێز کاك شێخ بایز کردی لەسەر بەشی یاسایی، من هەمان ڕەئیم هەیە،......

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ماددە حەڤدەیە بەڕێز، کاك جەلالیش ئەوەی کرد، جارێ وەرنەوە سەر ماددە (7)، پاشان گەیشتینە ئەوێ باسی ئەوە بکەن.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو مودیریەتی هەندەسە: (إشراف علی صیانة الأبنیة)، من یەك پرسیار دەکەم لە بەڕێز کاك شێخ لەگەڵ کاك رشید، (صیانة الأبنیة) تەبعەن خۆمان دەزانین بەشێکی کەمە، ئینجا بۆچی ئەگەر صیانەتی ئەبنیە هەیە، ئەو مەشاریعە گەورانە لە وەزارەتی مالیەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار یاووز أرسلان، کەرەمکە.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەکم هەیە، یەکەمیان: سەبارەت بە ناوی مودیریە عاممەکە، لێرە هاتووە (مديرية الديوان العامة) خۆی لە هەمو وەزارەتەکان، (المديرية العامة للديوان)، ئەوە یەك، دووەم: پشتگیری لە قسەکانی کاك شێروان دەکەم، بۆ ئەوەی ئەو تەفصیلە زۆر زۆر زیادە، من پێشنیار دەکەم تەنها بنووسرێ، (يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية، و له خدمة لا تقل عن عشرة سنوات و من ذوي الخبرة و الإختصاص)، لەبەرچی؟ چونکە ئەگەر ئەوە ئەو (10) ساڵەی بۆ دەستنیشان نەکرێت، خیبرە و ئیختیصاصەکە هیچ قیمەتی نیە، چونکە جەنابی وەزیر مخەوەل دەبێ ئەو کاتە، یەعنی ئەگەر خدمەشی نەبێ دەتوانی شەخصێکی هاکەزایی بێنێت، کە ناتوانی ئمووری وەزارەت بسووڕێنێ و وەزارەت تووشی شەلەل دەکات، ئەو مودیریانەش ڕەبت دەکرێ لەگەڵی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار حەمە سعید، کەرەمکە.

**بەڕێز حمه سعيد حمه علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێموایە ئەو تەعریفە زۆر درێژە، بۆیە کورت بکرێتەوە لە یەك دێردا، (تتولى إدارة و تنظيم شؤون الموظفين و العاملين في الوزارة) نەك (بمركز الوزارة)، چونکە هەموو وەزارەتی دارایی و هەموو ئەو موەزەفانەی کە لە زیمنی وەزارەتەکان، ئەو ئیشراف و ئیدارەیان دەکات، ئیتر پێویست بە خدمەت و ئەوانە ناکات، کە دەڵێی ئیدارە تەواو، (والتنسيق بين خطط تقسيمات الوزارة و كذلك تنفيذ التوجيهات و دراسة التقارير التي ترد إليها و تحال إليها، و معالجة الأمور الإدارية)، ئیتر ئەو مودیریەتانەش پێویست ناکات باس بکرێ، شئوونی قانونیش سەربەخۆ بێت، چونکە ئەهمیەتێکی تایبەتی هەیە، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار دانا سعید، کەرەمکە.

**بەڕێز دانا سعيد صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وەك کاك حمە سعید پێموایە کە بەڕاستی تەفاصیل و شەرحێکی یەکجار زۆری تێدایە، بۆ نموونە ئەوەی پێشنیاری لێژنەی یاسایی بە باش دەزانم کە ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە لێرە هاتووە لابردرێ، لەبەر ئەوەی ئەوە دەچێتە زیمنی نیزامی داخیلی خودی وەزارەت، هەروەها مەسەلەی ئەو تەعریفەی، یاخود بڵێین ئەو پێناسەیەی بۆ بەڕێوەبەری گشتی دەکرێ، ئەویش هەر لابردرێ، لەبەر ئەوەی معیارێکی عام هەیە کە ئێمە هەموو جار دووبارەی دەکەینەوە، دەڵێین: دەبێ ئەوەندە ساڵەی هەبێ، دەبێ ئەوەندە شەهادەی جامیعی هەبێ و نازانم چی، پێموایە پێویست بەو هەموو دووبارە کردنەوە ناکات، لەبەر ئەوەی تۆ معیارێکی گشتیت هەیە بۆ هەموو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان یەك شتن، دەکرێ تەواوی سەرلەبەری

ماددەکە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان سەرپەرشتی کاروبارە کارگێرییەکان و فەرمانبەران و بەشە جیاجیاکانی وەزارەت دەکات، پێموایە ئەوە هەموو ئەوەکە لە خۆ دەگرێت، ئەو تەعریفەی کە هاتووە بەڕاستی پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی ئیشی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتیە تەنها ئەوەیە کە لە چوارچێوەی خودی وەزارەتەکە سەرپەرشتی بەشە جیاجیاکان دەکات، ئیش و کارە ئیدارییەکان جێبەجێ دەکات، سەرپەرشتی فەرمانبەرەکان دەکات، ئیدی ئەو دوور و تەفصیلە بەڕاستی پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار حسن، کەرەمکە.

**بەڕێز حسن محمد سوورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سەیری ماددەی (7) تا ماددە (17) بکەین، هەموویان بریتین لە دەوائیری وەزارەت و هەیئاتی وەزارەت، هەمووشیان بێ عینوانن، لەبەر ئەوە دەکرێ بڵێین هەر دە ماددەکە بکەینە یەك ماددە، عینوانی هەمووشی بەو شێوەیە بێت، (تتكون الوزارة من الدوائر و الهيئات التالية)، ئیتر یەك بە یەك دائیرەکان لە دوای یەکتر بژمێرین، چونکە هەروەکو کاك شێروانیش باسی کرد، پێویست بەو تەفاصیلە ناکات، ماددەی هەژدەهەمیش هاتووە، کە دەڵێ: (يحدد بنظام إختصاص تشكيلات الوزارة)، کەواتە ئەو تەفصیلاتە، ئەو تەشکیلاتە کە لە ناو ئەو هینانەدا هاتووە، وەزیر نیزامی بۆ دادەنێ، بۆیە بە ڕەئی من عینوانێك بۆ هەموو ئەوانە بە یەك ماددە بێ، ئەویش بڵێ: (يتكون الوزارة من الدوائر و الهيئات التالية)، هەمووشیان بەدوای یەك دا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار جمال طاهر کەرەمکە.

**بەڕێز جمال طاهر إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە پێویستە دووبارە صیاغە بکرێتەوە، (تتولى)، لە شوێنی (تنظيم) بکرێتە (إدارة)، چونکە ئیدارە بەرفاترە و فەرەهترە، (تنظيم، تخطيط، توجيه، رقابة)، هەموو دەکەوێتە ژێر ئیدارە، لە نێوان (و ما يضمن حسن العمل و ما يضمن حسن أداء العمل)، بکرێتە (حسن أداء العمل)، چونکە مەبەست ئەدائە، (والإشراف على صيانة أبنية و موجودات الوزارة)، کەلیمەی تەجمیع دائیمەن بۆ بەرهەمهێنان بەکاردێت، تەجمیع زیاتر صناعەیە، بکرێت بە (توحيد خطط تشكيلات الوزارة)، چونکە ماددەی (3) (أولاً)،

**تەشکیلاتمان بەکار هێنایە، ئەگەر بێین سەیر بکەین، لە شوێنی تەقسیمات بکرێتە (تشکیلات)، (إذن) دەبێتە (توحید خطط تشکیلات الوزارة و التنسیق بینها و کذلك تنفیذ) نا (التوجهات)، (التوجیهات الواردة)، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ڕێزدار کوێستان خان، کەرەمکە.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێش ئەوەی بێمە سەر مولاحەزەکەم، داواکارییەکم لە سەرۆکایەتی هەیە، ئەویش ...........**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لەسەر ماددەکە ڕجائەن، بڕۆ سەر ماددەکە.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو کوردییە کە دەیخوێنیتەوە، بەڕاستی نا مەفهوومە،.............**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**مولاحەزەکەت، ئەگەر تیکراری بکەیت، سەحبی قسەکەت دەکەم.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من دووبارەی دەکەمەوە، مەسەلەی ئەو مەرجانەی کە دادەنرێ بۆ بەڕێوەبەرە گشتیەکان، ڕاستە پێشتر لێژنەی یاسایی باسیان کرد کە ئەنجومەنی وەزیران، کە کۆمەڵێك مەرجی داناوە، بەڵام بۆ ئەو مەرجە، تەنها دوو مەرجی کە بڕوانامەی زانکۆیە، لەگەڵ ئەزموونی و پسپۆڕ لە هەموو بەڕێوەبەری گشتییەکان دووبارە دەبێتەوە، بەڵام خزمەتی (10) ساڵەکە نانووسرێ، هۆکارەکەی چیە؟ یان هەر سێی بنووسرێ، یان هیچی نەنووسرێ، بۆیە داوا دەکەم (10) ساڵ خزمەتەکەش بنووسرێ.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، هاژە خان کەرەمکە.**

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ماددەی حەوتەم من تێبینی ئەوەم هەیە کە ڕێکخستنی کاروباری کارمەندانی مەرکەزی وەزارەت، یەعنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان تەنها ڕێکخستنی کاروباری کارمەندانی مەرکەزی وەزارەت و خزمەتکردنیان دەگرێتە ئەستۆ، من پێموایە تەنها کارمەندانی مەرکەزی وەزارەت ناگرێتەوە، ڕێکخستنی ئیش و کارەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە، هی هەموو وەزارەتەکە دەگرێتەوە، چونکە بەڕاستی ئەوەی ئیشی تەنەفولاتی هەموو ئەو دەوائیرانەی کە تابعی وەزارەتی مالیەن، لەو**

بەڕێوەبەرایەتیە دەکرێ، گواستنەوەی ڕاژەیە، ئەوەی دامەزراندنە، هەمووی لەو بەڕێوەبەرایەتیە دەکرێ، هەروەها پشتگیری لە لێژنەی یاسایی دەکەم، ئەوەی بە ناونەهاتنی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە، لەبەر ئەوەی لە دەسەڵاتی وەزیرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار د.أحمد، کەرەمکە.

**بەڕێز د.أحمد إبراهیم وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێم باشە کە دەربارەی ماددەی حەوتەم، مودیریەتی دیوانی عاممە، تەنها ئەو تەفاصیلەی نەبێ، بنووسرێ (تتولى شؤون المديريات داخل الوزارة و العاملين فيها، يرأسها موظف بصفة مدير عام أو بدرجة مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الإختصاص)، ئەو مودیرایەتی دیکەی کە داخلی دیوانی عاممەیە زیکر نەکردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی دارایی ڕەئیتان دەربارەی ئەو موداخەلانە؟

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینییەك هەبوو لای کاك یاووز، ناوی (مديرية الديوان العامة)، ببێتە (المديرية العامة للديوان)، ئەوە پێمان باشە، بەڕاستی عەمەلی ترە، (المديرية العامة للديوان)، ئێمە لەگەڵ ئەوەینە تەعریفەکە زۆر درێژە و ناو هینانی ئەو مودیریاتانە هەمووی با بچێتە ناو، یەعنی پەیڕەو و پرۆگرامی وەزارەت باشترە، ئێمە لەگەڵ کەلیمەی ئیدارە باشترە لە تەنزیم، کە کاك جەمال ئیشارەتی پێدا، ئیدارە شاملترە، کوێستان خان ئیشارەتی پێدان کە دەبێت زیکر بکرێت چەند ساڵ خدمەی هەیە، ئێمە کە دەڵێین (مدير عام)، یان (مدير) ، ئەوە لە یاسا مواصەفاتی خۆی هەیە، بەپێی یاسا ئەم تەعین دەکەن، هەر ئەوەندەمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامەکان کاك خورشید دایەوە، هەر ئەوەندە وەڵامم بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی هەمان بۆچوونەکانی لێژنەی دارایی و یاسایی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی موفتەرەحتان هەبوو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها (مديرية العامة للديوان) بێ، یان (مديرية الديوان العامة) بێت، ئەگەر جەنابی وەزیر تەوزیحەکمان بداتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی خۆی ڕاستە لێرە (مديريه الديوان العامه) هاتووە، تاوەکو ئێستا لە دەوائیری دەوڵەتدا زۆربەی زۆری (مديريه الديوان العامه)یە، بەڵام ئەگەر پەرلەمان دەبینێ ئەوەیان ڕاستترە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

مديرية الديوان العامة: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الإختصاص تتولى إدارة شؤون العاملين بمركز الوزارة و ما يتعلق بأمور خدمتهم، و تقديم الخدمات المختلفة لدوائر مركز الوزارة و ما يضمن حسن أداء العمل و الإشراف على صيانة أبنية و موجودات مركز الوزارة و توحيد خطط...

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە باسی ئیلغاتان کرد، کە شەرحەکەی تێدا نەبێت و ئێستا جارێکی تر دەیخوێننەوە، تکایە بە ڕوونی بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

مديرية الديوان العامة: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الإختصاص.

کیفایەتە ئەوەندە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موفتەرەحی لێژنەی یاسایی، پێشنیارتان کرد ناوەکان تیکرار نەبێ، نەصەکەمان پێ بدەن، بۆ ئەوەی ڕەئی دارایی و جەنابی وەزیر وەربگرین و بدەینە دەنگدان، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فیعلەن ئەوەی جەنابت وتت ڕەئی لێژنەی قانەنییە، ئێمە لەگەڵ ئەوە نین تەفاصیل زیکر بکرێ، لەگەڵ ئەوەین تەنها، تەنها شەرحێك بۆ مودیریەی عامەی دیوان بکرێت، مودیریاتەکانیش لابدرێ، صیاغەکەی ئێمە بەو شێوەیە کە کاك عەونی ئێستا دەیخوێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

مديرية الديوان العامة:

يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الإختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەئی ئێمە، حەق وابوو ئاماژەی پێ بدرابا (تتولى تنظيم شؤون العاملين بمركز الوزارة و يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية)، ئەوە عیبارەتەکە باشتر بوو بەو شێوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت لەسەر ئەو صیاغەیە؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی صیاغەکە باشە، بەڵام حەقە ئیزافەیەکی ئیش و کارەکەی تێدا بکرێ باشترە، بەس بە کورتی نەك بە تەفصیلی، یەعنی مەفرووزە، چونکە ئەو وەختە ڕەنگ بێت ئەنواع و ئەشکال تەحدیدی تری تێدا بکرێت ئەو مەوزووعە، ئێمە مودیریاتی ترمان هەیە ئیشەکانیان بەیەکەوە نزیکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەرەمکە لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەهەموو وەزارەتێك مودیریەی دیوان عامە ئیش و کاری مەعلومە، هیچ مودیر دیوانی عامەك نیە، مودیریەتی دیوان عاممە ئیش و کاری مەعلوم نەبێ، ئەگەر زیکری بکرێ، ئەگەر زیکری نەکرێ، کە دەڵێی مودیریەت دیوان عامە، ئیختیصاصەکانی مودیر عاممە وازحە، دیسان ئێمە نەمانگوتووە نەکرێت، ئێمە

دەڵێین ئیمکان هەیە لە نیزام، کە تەواوکەری ئەو یاسایەیە، تەفصیلاتی بدرێتێ، لە چوارچێوەی ئەو یاسایە، لەوێ ئیمکان هەیە ئەو شەرحانەی هەموو پێ بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، دەیدەینە دەنگدان، دارایی ئەگەر پێشنیاریشتان هەیە، صیاغەی خۆتان بکەن، هی یاسایی دەنگی نەهێنا، ئەوەی بەڕێزتان دەدەینە دەنگدان، کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

مديرية الديوان العامة:

يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية أولية و من ذوي الخبرة و الإختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان گوێتان لێ بوو، ئێستا ئەو پێشنیارە دەدەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە تکایە دەستی بەرز بکات؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ شەش کەس لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی (8) کەرەمکە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشتەم:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بودجە:

بەرپرسە لە پلاندانان و ئامادەکردنی بودجەی هەرێم و لە پێکهاتە و قۆناغەکانی بودجەی گشتی و لە بەشەکانی دەکۆڵێتەوە، بڕیاری بەرایی لەسەر هێزی کار، کاری فەرمانگەکانی هەرێم دەدات، دانانی پارەی پێویستیان بۆ مسۆگەر دەکات، ڕای خۆی لەسەر یاسا جۆراوجۆرەکانی دارایی دەردەبڕێت، توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی شیکاری لەسەر بارودۆخی دارایی و بودجەی بەردەست بە پێی شێوازەکانی پلاندانان ئەنجام دەدات، دەرکردنی ڕێنمایی بۆ جێبەجێ کردنی بودجە، بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزا و پسپۆر بێت، لەو بەڕێەبەرایەتی و بەشانەی خوارەوە پێک دێت:

1- بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان.

2- بەڕێوەبەرایەتی دەرامەت.

3- بەڕێوەبەرایەتی میلاك.

4- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی بزووتنی بودجە.

5- بەشی هەماهەنگی.

6- بەشی توێژینەوە و ئامارکردن.

هەر بەڕێوەبەرایەتیەك یان بەشێك، فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزا و پسپۆڕ بێت.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة:**

**مديرية الموازنة العامة:**

**تتولى مسؤلية التخطيط و إعداد الموازنة للإقليم و دراسة مكونات و مراحل الموازنة العامة و تقسيماتها و كذلك الإقرار الأولي لخطط القوى العاملة (الملاكات) لدوائر الإقليم و تأمين إعتماد المبالغ اللازمة لها، و إبداء الرأي في التشريعات المالية المختلفة و إجراء البحوث و الدراسة التحليلية للوضع المالي و الموازنة الجارية وفق أساليب التخطيط المالي و إصدار تعليمات تنفيذ الموازنة، يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة و الإختصاص، و تتكون من المديريات و الأقسام الآتية:**

1 - مديرية المصروفات.

2 - مديرية الإيرادات.

3 - مديرية الملاكات.

4 - مديرية متابعة حركة الموازنة.

5 - قسم التنسيق.

6 - قسم البحوث و الإحصاء.

**و يرأس كل مديرية أو قسم موظف بعنوان مدير حاصل على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة و الإختصاص.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێژنەی دارایی دەربارەی ماددەی هەشت، وەکو لە ئەصلی پرۆژەکە هاتووە، ڕازییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، بەڵام هەمان مولاحەزەمان هەیە، ئەوەی لە ماددەی (17) دامان، ئێمە پێمانوایە مودیریەی موازەنەی عاممە، تەنها ئیشارەت بەوە بدرێ كە (یرأسها مدیر عام حاصل علی شهادة جامعیة أولیة و من ذوي الخبرة و الإختصاص)، مودیریە عاممەش خورد نەكرێتەوە، مودیریاتەكانیش بچیتەوە ناو نیزامی داخلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ڕەئیت؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ڕەئیە خرایە دەنگەوە، بە نیسبەتی مودیریەتی عامی دیوانەوە، بە تەئكید هەمیشە هەروان، ئێمە لەگەڵ ئەوەین، هۆیەكەی قانونیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لەگەڵ ڕەئی یاسایی؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەقەناعەتەوە؟

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە مەوزووعەكە دەخرێتە دەنگەوە، ئێمە لە ناو ئیشەكەین بە فیعلی، ئەو مەوازیعانە، ئەو مەشاكیلانە دەبینین بەڕاستی، بۆیە پێویستمان بە هەندێك تەفاصیل هەبوو، بەڵام تازە ئەوە تێپەڕی، سوپاستان دەكەم، ئەوە ئەویش هەر بەهەمان شێوە دەبێ، چونكە ئەوە (وإلا) مودیریەتی موازەنە گەورەترین مەسئولیەتی لەسەر شانە، دەبێ زیكر بكرێت، ئێوە ئەو پەرلەمانە مانگێك دانیشتن موناقەشە كرا، ناشهێڵن لە غەیری وەزیر زیاتر كەسی تر قسە بكات، دەبێ وەزیر وەكو بولبول هەموو ئیشەكانی موازەنە لەبەر بكات، یەعنی، ئەوە لە هیچ شوێنێكی تر نیە تەنها وەزیر قسە بكات، بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان، من حەز دەكەم بزانن، موازەنەی عیراق، مودیریەتی موازەنە قسە دەكات، وەزیر بانگ دەكەن، بۆ موحاسەبە، بۆ موسائەلە، بۆ هەندێك تەوزیحات، بەڵام مودیریەتی موازەنە قسەكان دەكات، ئێستا كە وای لێهاتووە ئەو مودیریەتە دەبێت ئیشەكانی مەعلووم بێت، ئیمزاكە بۆ وەزیر دەكرێت، بەڵام ئیشی مودیریەتی موازەنەش مەعلوم نەبێت، هەر هیچ نەبێ مەسئولیاتەكانیان، ڕاستە بە نیزام، بەڵام نیزام قوەتی قانونی نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

به نیسبەت بەس پەرلەمانی عیراق ڕەنگە وابێ، بەس پەرلەماکانی تر ئیلتیزام بە نیزامەکانیان دەکەن، لە نیزامەکەی ئێمەش ئەوەیە بەس وەزیر قسە دەکات، ئەگەر نیزامەکە هاتە گۆڕین و ئیجازە درا، ئەوە مەسەلەیەکی ترە، بەڵام ئێستا ئیلتیزام بەو نیزامە دەکەین.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەفوو، خۆ وەزیر شەرت نیە لێی بزانێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر لە لێژنەکان دەتوانن ئەوە بکرێ، موشکیلەی ئێمە ئەوەیە ئەو شتانە دەبێ لە لیجانەکان حەسم بکرێ، لێرە بۆ دەنگدان دێت، دوو، سێ کەس دژی بێت، لەگەڵی بێت، بیدەیتە دەنگدان، بەڵام بەداخەوە خەریکە وای لێ بێت، ناو پەرلەمان بکرێتە ئیشی لیجنەکان، ئەوە دەبێ چاکی بکەین لە نیزام، کە دەگۆڕین، دەبێت ئەو شتانە وازح بێت، من سەدی سەد تەئیدت دەکەم، هەر کەسێك لە بوارێك ئیختیصاصی هەیە، بەڵام ئەو ئیختیصاصە با لەلای لێژنەکان دەوری خۆی ببینێ، لێژنەی دارایی ڕەئیتان؟

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەبەر گرنگی ئەو مودیریەتە، تەوزیحاتی جەنابی وەزیر، من دەڵێم با ئەو تەفصیلە بۆ ئەو مودیریەتە هەبێ، چونکە ئەو مودیریەتە زۆر گرنگە، مەهامەکانی زۆر گرنگن، ئێمە تەئیدی ڕەئی وەزیری دارایی و ئابووری دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ئەگەر سەحبی پێشنیارەکەتان بکەن، یان وەکو خۆی بمێنێ، ئاگادارمان بکەن، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە ئەو ڕەئیەمان دا، پێمانوابوو بەڕاستی زیاتر دەسەڵات بدەینە وەزیری مالیە، بۆ ئەوەی لە نیزام بتوانێ بە کەیفی خۆی، بەپێی پێداویستیەکانی خۆی، چۆن مودیریەت دێتە خوارێ؟ چۆن دەیگۆڕێ؟ چۆن ئیلغای دەکات؟ زیاتر لە دەسەڵاتەکانی ئەوە، ئەوە یەك، دوو: نیزام تەواوکەری قانونە کاکە، ناتوانی لەچوارچێوەی قانونەکە بچێتە دەرێ، بەڵام ئەگەر وەزیر پێیوایە هی موازەنە شەرحێکی پێ بدرێت، ئێمە مانیعمان نیە شەرحێکی پێ بدەین، بە نیسبەت موازەنەکە، ئیمکان هەیە ئەو شەرحە لە نیزامیش پێی بدرێت، بەڵام ڕەنگە هەندێك ئیختیصاصی مودیریەی عامەی موازەنەی زیکر نەکرێت، مەجبوور دەبێت لە نیزام تەواوی بکات، ئەوە بۆ جەنابی وەزیر دەگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆیە ئێستا پێشنیارەکەتان سەحب کرد، ئەصلی پرۆژەکە وەك لە قانونەکە هاتووە، بیخوێننەوە کاك عەونی، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، ئەصلی ماددەکە کە لە پرۆژەکە چۆن هاتووە بیخوێنەوە، کەرەمکە.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

مديرية الموازنة العامة:

تتولى مسؤولية التخطيط و إعداد الموازنة العامة للإقليم و دراسة مكونات و مراحل الموازنة العامة و تقسيماتها و كذلك الإقرار الأولي لخطط القوى العاملة، الملاكات لدوائر الإقليم و تأمين إعتماد المبالغ اللازمة لها، و إبداء الرأي في التشريعات المالية المختلفة و إجراء البحوث و الدراسة التحليلية للوضع المالي و الموازنة الجارية وفق أساليب التخطيط المالي و إصدار تعليمات تنفيذ الموازنة، يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة و الإختصاص، و تتكون من المديريات و الأقسام الآتية:

1- مديرية المصروفات.

2- مديرية الإيرادات.

3- مديرية الملاكات.

4- مديرية متابعة حركة الموازنة.

5- قسم التنسيق.

6-قسم البحوث و الإحصاء.

و يرأس كل مديرية أو قسم موظف بعنوان مدير حاصل على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة و الإختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان وەك گوێتان لێبوو، ئەصلی ماددەکە کە لە پرۆژەکە هاتووە، نیزامییە؟ کەرەمکە.

**بەڕێز د. أحمد إبراهيم وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گفتوگۆی لەسەر نەکرا ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ ئەیەوێ قسە بکات، با ناویان بنووسین، زۆر سوپاس بۆ د.أحمد، بە حەقیقەت موناقەشەکە لێرە حەسر بوو، ئەندامانیش تەوەقوعمان کرد کە موناقەشەیان کردووە، زۆر سوپاس بۆ جەنابت، ئەوانەی کە ناویان نووسیبوو: برهان رشید، د. أحمد وەرتێ، دانا سعيد صوفي، سیوەیل عثمان، عمر عبدالرحمن، عمر صديق هەورامی، ڕێزدار برهان رشيد کەرەمکە.

**بەڕێز برهان رشيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ئەو پێنج، شەش خاڵە هەیە، دەربارەی مودیریەتەکان دانراوە، بەڕاستی لە ماددەی (18) برگەی (2) هەمان یاسا، سەیر بکە، لە تەقریری لێژنەشدا جوان ئیشارەتی پێدراوە، وەزیر خۆی حەقی ئیستیحداس و دەمجی مودیریاتی هەیە، کە حەقی هەبێ، چی پێویست دەکات لە قانوندا ئەوە ئیعادەی تیایدا دەبێت؟ ئەوە حوریەتی حەرەکەی داوە بەخۆی، خۆی چۆن وەزارەت دەبات بەڕێوە؟ بیبات بەڕێوە، چەند مودیریەت دروست دەکات؟ چەند دەمج دەکات؟ بەڕەئی من ئەو ناوهێنان و ئەو رەقەمانە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار د.أحمد إبراهيم وەرتێ فەرموو.

**بەڕێز احمد ابراهيم وەرتێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر تەئیدی ئەوە دەکەم، کە ئەو مودیریەتانە نەبن لە ناودا، بەڵام ئەو شەرحەی کە بۆ مودیریەتەکە دراوە، شەرحەکە ببێ، تەنها مودیریەتەکان نەبن، مودیریەتەکان لابرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕێزدار دانا سعيد صوفی.

**بەڕێز دانا سعيد صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتیوانی لە پێشنیارەکەی لێژنەی یاسایی دەکەم، وەك ئەوەی پێشتر لە ڕاپۆرتەکە هاتبوو، پێش ئەوەی سەحبی بکەنەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە ماددەکەی پێشوو بە شێوەیەك، با بڵێین بڕیارمان دا کە هەرچی ئەو تەفاصیلانە هەیە، بچێتە زیمنی پەیڕەوی ناوخۆی وەزارەت، ڕاستیەکەی پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی دیسان دووبارە دەبێتەوە لە هەموو ماددەکانی تر بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی تر، هەموو ئەو تەفاصیلانە هاتووە، جا بۆیە دەبێ ئێمە ئاکامگیر بین لەو بڕیارانەی کە دەدەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار سیوەیل خان، کەرەمکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی (8) بەس فەقەرەی ئەخیری، دوای مودیریەتەکان نووسراوە (ویرأس كل مديرية أو قسم موظف بعنوان مدير حاصل على شهادة جامعية)، من دەپرسم ئەگەر هەر موەزەفێك و هەر مودیرێك دابنێین، هەمووی شەهادەی جامعیان هەبێ، مادام با مەعهەدەکان هەمووی دابخەین، کەس نەچێتە مەعهەد دەوام بکات، ئەوە یەك، دوو: لەوانەیە بەڕێز وەزیری دارایی زۆر باشتر بزانێ، هەیە خەریجی دبلۆمە، خەریجی مەعهەدە، شەهادەی دبلۆمی هەیە، هەیە نالێم هەموو، زۆر زۆر زیاتر لەوەی کە دەرچووی زانکۆیە، وەك بەڕێز سەرۆکی لێژنەی دارایی وتی شەرت نیە وەزیر هەموو شتێك بزانێت،

مەعنای ئەوە شەرت نیە ئەوەی دەرچووی زانکۆیە هەموو شتێك بزانێ، خاصەتەن دەرچووی ئێستا ڕێزم هەیە بۆیان، هەیە خەریجی دبلۆمە 15 ساڵە، 20 ساڵە، زۆر شارەزایی هەیە، زۆر زۆر زیرکترە لەوەی کە دەرچووی زانکۆیە، مادام ئەوانە مودیریاتی مەصروفات و ئیرادات و قسمی تەنسیق و بوحوس و ئیحصا و ئەوانە، هەموو مودیریە عامە نینە، بەشێکن یان قسمێکن، لەبەر چی؟، ئیلا شەهادەی جامیعەی بێن زانکۆ بێ، من لەوانەیە بەڕێز وەزیری داراییش بزانێ، پێم باشە بنووسرێ(یرأس كل مديرية او قسم موظف بعنوان مدير حاصل على شهادة دبلوم فما فوق)، ئەگەر شەهادەی دبلۆمی هەبوو و زیرەك بوو، شارەزا بوو و زۆر باشتر بوو لەوەی کە خەریجی زانکۆیە، تەبعەن هەر هەمووشمان خەریجی زانکۆ نینە، ئێستاش قانون دەردەکەین لە پەرلەمانی کوردستان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا من بۆ خۆم خەریجی ئامادەییمە، خەریجی دارم، لەوانەیە شارەزاییم لە بەشێك هەبێ لە بەشەکانی دی نەبێ، هەمووشمان خەریج نینە و قانونیش دەردەکەین، خەریجی زانکۆ نینە و، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك عومەر عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت ئەم یاسایە بە تەصدیق کردنی ماددەی پێشووی، ئەمە ئەیخاتە تەناقوزێکەوە، یاسایەکە لەینیەکی پێوە دیار دەبێ، ناکرێ ماددەیەك، کە بە ماددەی حەوتدا بە صوڵبی ئەم یاسایە تەحدید دەکرێ کە دوای وەکیلی وەزیرە و بە تەسەلسولی هەرەمی وەزیفی لەناو وەزارەتدا دیوانی عامە دێتە خوارێ، بەیەك دێر باسی لەسەر بکرێ کە ساحیبی شەهادەی جامیعی ئەوەلی بێ و دوایی مەهامەکەی تەواو بە نیزام تەحدید بکرێ و بەشەکانی بە نیزامێك تەحدید بکرێ، راستە لە ماددەی 18 باسی لەسەر ئەوە کراوە کەوا مەهام و تەشکیلاتی وەزارەت بە نیزام تەحدید دەکرێ، نیزام مەجلیسی وزرا دەریدەکات، تەحصیل حاصل جەنابی وەزیر عوزوەکی موتەزامنە لەو مەجلیسی ویزەرایە ئەبێ ئاگاداری هەموو ئەو نیزامانە هەبێ، وەکو باسیشی لەسەر کرا، نیزام تەکمیلەی جێبەجێکردنی یاساکەیە، نیزام لە ئیتاری یاساکە دەردەچێ، هەموو شتەکانی، ناکرێت بەبێ ئەو یاسایەکە جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەوە نیزام و یاسا تەکمیلەی یەکترین، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر، ئێمە لە ماددەی 18 بۆ ماددەی 16 تەشکیلەی ئەم وەزارەتە و تەعریفەی هەموو ئەو مودیریەتانە دراوە، ناکرێ مودیریەی عامە بە دێرێك بێتە خوارێ و باقی مودیریەتەکانی دیکە بەم تەفصیلاتە بێ وەزیر حەصری بکرێ لەوەی کە موهیمەکەی تەنیا ئەوەیە لێرە، ئەگەر وا بێت کەواتە ئەبێ ماددەی 18 لاببەین و پێویست بە هیچ نیزامێك ناکات لەسەری دەربکرێ ئەگەر تەعریفەکەی لێرە بکرێ، من پێم وایە باشتر بۆ جەنابی وەزیر و بۆ صەلاحیەتی وەزارەت ئەوەیە کە بە نیزامێك موهیمە و ئەرکەکانی ئەو مودیریەتانە جێبەجێ بکرێ، یەعنی وەکو رەئیەکی پێشووی لیژنەی یاسایی لێ بکرێ، بەڵام ڕێزم هەیە بۆ لیژنەی یاسایی، من خۆشم ئیمزاشم لەسەر کردبوو و دوایی سەحبی رەئیەکەشیان کردەوە، نەدەبوا سەحب بکرابایە، بخرابا دەنگەوە بیلعەکس، بەڵام بۆ لە نەبوونی یاساکە، من خەمی یاساکەمە، ئەصڵەن دەبێ بەو شێوەیە نەڕوات، نەئەبوو وای لێ بێت، بەڵام ئەگەر واشی

لێ هات کەواتە با ماددەی 18 تەشکیلەی هەموو وەزارەتەکان و مودیر عامەکەانی پێ بێتە خوارێ بـەدوای یەکدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عومەر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە موناقەشە کردنی ئـەم پـرۆژە یاسایە لەبـەردەم دوو صیاغە بـووین، صیاغەیەکیان لـە داڕشـتنی یاساکە، ماددەکانی، صـیاغەیەکیان کـە مەشـروعەکەی وەزارەتـی دارایـی ئـی حکومـەت بـوو و پشـتگیری لەلایـەن لێژنـەی داراییـەوە هـەبوو، صیاغەیەکیشیان کە لێژنەی یاسایی هەیبوو بۆی کە بەرەو کورتکردنەوە ئەچوو، لە ماددەی یەکەم، ئێستا ئـەم پـرۆژە یاسایە ماددەی یەکەمی ئەوها تێپەربووە، لە ماددەی یەکەم بەرەو صیاغەکەی لێژنەی یاسایی ئاراستەی گرتووە، ناکرێ لەدوای ئەمە دیسان بڕواتەوە صیاغەکەی، لە داڕشتنی هەر صیاغەیەك دەبێ بڕواتەوە بۆ ئەصڵ، یـەعنی تـەناقوزێك لـە صیاغەی یاسـایی دروست ئەبێت، تەصوەر دەکەم وا باشترە وەکو ماددەی یەکەم ئێمە لەسەری بـڕۆین و ئـەو ڕەئیـەی لێژنـەی یاسـایی هـەیبوو، ئەوە تەبەنی بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەبەر ئەوەی مودیر عامەی دیوانمان تـەنها بەیـەك ڕسـتە تەفصیلەکەی داوە، مـن پێشنیار دەکەم بۆ هەموو مودیر عامەکانی دیکە، هەمووی لەیەك ماددە کۆ بکرێتەوە و هـەمووی بـەو دێـرەی کـە درابـوو بـۆ مودیریـەی عاممـە، بـۆ مـودیر عاممـەی دێـوان، بـەو دێـرە کۆتـایی پـێ بێـت، ئـەوەی کـە تەفصیلەکەی لـە نیزامەکـەی جێـی ئەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی ئاخیر ڕەئیتان بە نیسبەت موداخەلەی ئەندامە بەڕێزەکان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەینە ناوی مودیریەکان، مودیریات نەینین، تەنها شەرحەکەی، بۆ شەرحەکە لـە مودیریـەی عاممە، موحاسەبە و موازەنە هەبێت و لە مودیریەی عاممە للدیوان نەبێن مودیریەی عامـە للـدیوان وەکـو جەنابی کاك شێروان ئیشارەتی پێـدا، مودیرییەکـە لـە هـەموو وەزارەتەکانـدا هەیـە، ئـەتوانین بڵـێین ئـەوە مەعروفە، و المعروف عرفاً کالمشروط شرطاً، هیچ پێویستی بە تەفصیل ناکات، چونکە لە هەموو وەزارەتێك هەیـە و شـتەکە عورفیـە و مەهامەکـەی بـاش دەزانـن، بـەڵام ئـەم شـەرحە بـۆ مودیریـەی عاممـەی دیـوان للموازنـە، شتێکی نوێیە و مودیریەکی گرنگە و مـەهامی زۆر گرنگـە، لەبـەر ئـەوە ئێمـە لەگـەڵ ئەوینـە کـە پێویستە تەفصیلەکە زکـر بکـرێ بـۆ ئـەوەی تووشـی هـیچ ئیحراجێـك نـەبین موسـتەقبەلەن، بـە نیسـبەت شـەهادەی جـامیعی، شـەهادەی مەعهـەد، و الله خـۆ ئێمـەش لەگـەڵ ئەوەینـە کـە خـەڵکێك هەیـە هـەڵگری شـەهادەی مەعهـەدە، بـەڵام زۆر بـە ئیمکانیاتـە  و زۆر بـە قابلیاتـە، یـەعنی نـازانم لـە ڕووی یاساییەوە ڕێ دەدرێت هەڵگری ناسنامەی، شەهادەی مەعهەد ببێت بـە مـودیر یـان نـا؟، ئـەوە بـۆ یاسـا دەمینێتـەوە، هـەر ئەوەی و هیچی ترمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، جەنابی وەزیر ئاخیر رەئیتان پێش ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دیارە پێشتر كە ئەو بڕیارە وای بەسەر هات، كە قسەی لەسەر بكرێت، باسی مودیریاتەكان هات، من پێیانم وت، وتم من قەصدم مودیریات نیە، قەصدم شەرحەكەی مودیریەتی عامی موازەنەیە، ئەو شەرحەیە قەصدم، ئەوەی تر كە زكرمان نەكرد، زكری نەكەین، یەعنی من هیچ لەگەڵ ئەو زكرەی نیم، بەڵام ئەو شەرحەی بە نیسبەتی مودیریەتی عامی موازەنە، نەوەكو ئێستاكە تەسبیت كراوە، پێم چاكە ئەو شەرحە بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ئاخیر صیاغەتان بخوێنن بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر پێشنیارێك هەبێت، ئەبێ دوو كەس تەسنیەی بكات یان سێ كەس، ئەبێ بخرێتە دەنگدان، من پێم وایە ئەو رەئیەی كاك عومەر و ئەو بەڕێزە لەسەر ئەوەی كە هەر چوار مودیریەتەكە ماددەیەك بێت و دوایی بە ماددەیەكی موستەقیل وەصفی مودیریەتەكان بكەین، لەبەر ئەوەی ماددەكە لە رووی شكلەوە و قانونەن زۆر ناشرینە، مودیریەتێك بە یەك دێر وەصف بكەی، دوایی مودیریەتەكانی تر تەفصیلی بدەیتی، من پێم باشە ئەو رەئیە بخرێتە دەنگدان كە هەر چوار مودیریەتەكەیە یان هەر پێنجیان ماددەیەك بێت و دوایی بە ماددەیەكی موستەقیل وەصفی ئیشی مودیریەتەكان بكەین، پێم وایە بخرێتە دەنگ، چونكە دوو، سێ كەس تەرحی كرد.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو پێشنیارەی كە تازە كاك خورشید تەوزیحی كرد بـە نیسـبەت مودیریـەی دیـوانی عامـە، زۆر واقیعیـە، چـونكە مودیریـەی دیـوانی عامـە لـە هـەموو وەزارەتـەكان هەیـە، هـەتا ئەگـەر تەفصـیلاتی نـەبێ، زۆر ئیعتیادیە، بەڵام لەبەر ئەوەی مودیریەتی موازەنەی عامە، جەنابی وەزیر تەوزیحی دا كە خصوصـیەتێكی خاصی هەیە، ئەوە بمینێتەوە باشە شەرحەكە، بەڵام مودیریاتەكان، فەرعەكان لابچێت، وا بـزانم ئـەوە بـەو شێوەیە بێت باشە، ئەگەر ئەمر بدەن بیخوێنمەوە بەو شێوەیە دوایی بدرێتە دەنگدان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك عومەر مولاحەزەكەت بڵێوە دووبارە.**

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە چەند كەسێك لەسەر ئەوە كۆك بووین بەوەی كە صیاغەی ماددەی پێشوو چۆن كـرا، صـیاغەی ماددەكانی داهاتووش هەر ئـەوها بكـرێ، ئـەوەی كـە مـن وتم، ئـەو مودیریەتـە عامانـەی كـە مـاون هـەمووی لـە ماددەیەكدا ئێمـە ئـەتوانین كۆی بكەینەوە، لە خوارەوە یەك دێری بۆ بنووسرێت، ئەویش بۆ مـودیر عامەكەیـە، سـیفەتێكی هـەبێت، پـاش ئـەوە، ئـەوەی كـە تەفصیلە لە نیزامەوە، هەر وەكو لێژنەی یاساییش پێشتر ئاماژەی پێدابوو، لە ماددەی 18 هاتووە، ئەمـە بـە نیـزام تەفصـیلی ئیش و كاری وەزارەت تەرتیب دەكرێ، بە نیسبەت ئەوەی كـە بـەڕێز وەزیـر، یـەعنی زۆر زۆر داكـۆكی لـێ ئـەكات، مودیریـەی عامەی موازەنە، ئەویش هەر بە هەمان شێوە، تەفصیلەكەی لەناو نیزامدا ئەتوانێ جێی بكرێتەوە، هەر كەسێكیش لە ئـیش و كـاری مـالی یـان قـانونی ئاگـایی هـەبێت، كـە وتـرا مودیریـەی عامـەی موازەنـە، بـایی ئەوەنـدە دەزانێـت كـە ئەمـە، ئـەم مودیریەتە مورتەبیتە بەم كار و بارە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كەرەم بكە.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێشنیارەكەی لێژنەی قانونی تەنها ئەوەیە كە مودیریاتەكانی تابیعی مودیریەتی عامە زكر نـەكرێ، نـەك شەرحی تەفاصیلی ئەو مودیریاتانە نەكرێ، یەعنی هەندێ لـە ئەنـدامان وا بـزانم وای لـێ حـاڵی بـوون كـە ئیقتیراحی لێژنەی قانونی ئەویە كە هیچ شەرحێك بۆ ئەو مودیریاتانە نەكرێ، ئەمە دەڵێ:( تقترح اللجنة عدم ذكر المدیریات التابعة لهذة المدیریة العامة للاسباب الواردة في الفقرة السابعة من هذا التقریر).**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**تكایە با لێژنەی یاسایی خۆیان رەئیەكەی خۆیان تەوزیح بكەن.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەنها ئەوە بوو كە مودیریاتی تابیعی مودیریەتی عامە زكر نەكرێ، نەك شـەرحی مودیریەتەكـە نـەكرێ، ئەوە نەهاتووە لە تەقریرەكە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی رەئیتان تكایە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەی د.احمد زۆر راستە، ئەگەر مولاحەزەی راپۆرتەكەی خۆمان بكەین، دەڵێ:

سابعاً:

المادە السابعە: :( تقترح اللجنة عدم ذكر المديريات التابعة لمديرية الديوان العامة و عدم ذكرها في القانون ذات المديريات لصلاحية الوزير و نص مشروع القانون على ذلك في الفقرة الثانية من المادة الثانية عشرة)، واتا شەرحەكە بمێنێتەوە بەس وردكردنەوەی موديرياتەكان نەمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر جار بیخوێننەوە، ئەوەش لەگەڵ موقتەرەحەكانی ئەو بەڕێزانەش یەك ئەگرێ، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثامنة:

مديرية الموازنة العامة: تتولى مسؤولية التخطيط و اعداد الموازنة للاقليم و دراسة مكونات و مراحل الموازنة العامة و تقسيماتها، و كذلك الاقرار الاولي لخطط القوى العاملة، الملاكات لدوائر الاقليم و تأمين اعتماد المبالغ اللازمة لها و ابداء الرأي في التشريعات المالية المختلفة، و اجراء البحوث و الدراسات التحليلية للوضع المالي و الموازنة الجارية، وفق اساليب التخطيط المالي و اصدار تعليمات تنفيذ الموازنة، و يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة و الاختصاص.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گوێتان لێ بوو، ئێستا ئەو موقتەرەحەی كە لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە ئەخەینە دەنگدان، كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، شەش كەس دژیەتی، بۆ ماددەی نۆ تكایە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

بەڕێوەبەرایەتی موحاسەبەی گشتی

سەرپەرشتی كردنی سیولەی نەختینەی خەزینەی گشتی و چۆنیەتی دەستكاری كردنی، بۆ جێبەجێكردنی بودجەی گشتی هەرێم، بە هەردوو بەشەكەیەوە، بەشی بەردەست و بەشی وەبەرهێنان دەكات، هەروەها پەرەپێدانی سیستەمی موحاسیبی گونجاو بۆ رێكخستنی لایەنی دارایی و ئەنجامەكانی جێبەجێكردنی كۆنترۆڵی موحاسیبی دەستكاریكردنی دارایی لەسەر هەموو یەكە جێبەجێكارەكان دەكات، روونكردنەوەكانی

موحاسـيبی بـۆ یەکـەکانی کـەرتی حکـومی کـە لـە مەرکـەزە پارەیـان بـۆ دابـین دەکـرێ، دیـاری دەکـات، ئەنجامـەکانی بـە پێـی ئوصـولی موحاسـیبی دەخاتـە بەرچـاو سیسـتەمەکانی چـاودێری نـاوەخۆ بەسـەر دەسـتکاری کردنـی ئـەموالی گشـتی پـەرە پـێ دەدات و پێداویسـتیەکانی سـەرکەوتنیان بـۆ فەراهـەم دەکـات، سەرپەرشتی جێبەجێ کردنیان دەکات بە چاودێری کردنی خەرجی رابوردوو، خەرجی پێشوو، لێکۆڵینـەوە لەسەر پێچیە داراییەکان دەکات کە جێبەجێ کردنیان بـە وەزارەتەکـە دەسـپێردرێت، بەڕێوەبـەرێکی گشـتی سەرۆکایەتی دەکات، کە بروانامەی زانکۆی هەبێت و خاوەن پسـپۆر و شـارەزا بێـت، لـەم بەڕێوەبەرایـەتی و بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی کاروباری نەخت.

2-بەرێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە.

3-بەڕێوەبەرایەتی بانکەکان.

4-بەڕێوەبەرایەتی چاپەمەنی.

5-بەڕێوەبەرایەتی رێکخراوە جەماوەرییەکان.

6-بەڕێوەبەرایەتی مومتەلەکات.

7-بەرێوەبەرایەتی سیستەمی موحاسەبەی مەرکەزی.

8-بەشی ورد بینی ژمێریاری خەزینەکان.

9-بەشی یەکخستنی ژمێریاری.

10-بەرێوەبەرایەتی خەزینەکان.

11-خەزێنـەکانی پارێزگاکـان و فەرمانگـە داراییـەکانی قـەزا و ناحیـەکان سـەر بـە بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی موحاسەبەوە دەبن.

هەر بەڕێوەبەرایەتیەك یـان بەشـێك، فەرمانبـەرێك سـەرۆکایەتی دەکـات کـە بڕوانامـەی زانکـۆی هـەبێت و خاوەن شارەزا و پسپۆر بێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

مديرية المحاسبات العامة: تتولى الاشراف على السيولة النقدية للخزينـة العامـة و كيفيـة التصرف بها لتنفيـذ الموازنـة العامـة للاقليم بقسميها، الجاري و الاستثماري، و تطوير النظام المحاسبي الملائـم لتنظيم الجانـب المالي لنتـائج تنفيـذها، و السيطرة المحاسبية للتصرفات المالية لجميع الوحدات المنفذة لها، و تحديد البيانات المحاسبية لوحدات القطاع الحكومي الممولـة مركزيـاً، و عرض النتائج وفق الاصول المحاسبية و تطوير نظم الرقابـة الداخليـة للتصـرف بـالاموال العامـة و تـوفير مسـتلزمات نجاحها و الاشراف على تنفيذها بما في ذلك الرقابة السابقة و اللاحقـة للصـرف، و التحقيـق في المخالفـات الماليـة الـتي ينـاط امـر تنفيـذها للوزارة، يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة و الاختصاص، و تتكون من المديريات و الاقسام الاتية:

1-مديرية الامور النقدية.

2-مديرية الدراسات و الابحاث.

3-مديرية المصارف.

4-مديرية المطبوعات.

5-مديرية شؤون المنظمات الجماهيرية.

6-مديرية الممتلكات.

7-مديرية النظام المحاسبي اللامركزي.

8-قسم تدقيق حسابات الخزائن.

9-قسم توحيد الحسابات.

10-ترتبط بمديرية المحسابات العامة مديريات خزائن المحافظات و الدوائر المالية في الاقضية و النواحي.

و يرأس كل مديرية او قسم، موظف بعنوان مدير، حاصل على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة و الاختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی رەئیتان؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە، تەنها ناوی مودیریات زکر نەکرێ، مودیریات و بەشەکانی، ئەقسام زکر نەکرێ، ئەگەر نا لەگەڵ دەقی ماددەکەینە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی یاسایی رەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لە زمنی راپۆرتەکەمان هەمان رەئیمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش بە هەمان رەئی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێ قسە بکەن: سیوەیل خان، نەسرین خان، کاك جەمال، د.بەشیر، بەڕێز عومەر نورەدینی، سێوەیل خان کەرەم بکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی نۆیەم، بە کوردیەکەی بەڕێوەبەرایەتی موحاسەباتی گشتی، تەبعەن ئەگەر بڵێین بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری گشتی، باشترە، موحاسەبە بە عەربیە، ژمێریاری بۆ خۆی کوردیە، بەڕێز وەزیری داراییش دەزانی، بە نیسبەت ئەوفەقەرانەی کە بەڕێوەبەرایەتیەکان نووسرایە، ئەگەر بڕیاریان دا ئەو بەڕێوەبەرایەتیانە نەنووسرێت تەبیعیە، ئەگەر بنووسرێت، هەمان پێشنیاری پێشوو دەکەم، پێشم خۆشە بیخەیتە دەنگدانەوە، ئەوەی (حاصل على شهاده الدبلوم فما فوق)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەر ماددەی نۆ، ئەگەر باسی بەڕێوەبەرایەتیەکان بکرێت و تەوزیح بدرێن من بەلامەوە شتێکی خەراپ نیە، بەڵام من لەو مودیریەتانەی کە هەیە لەسەر خاڵی پێنجەم پرسیارەکەم ئاراستەی بەڕێز وەزیر دەکەم، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری رێکخراوە جەماوەرییەکان، ئەم بەڕێوەبەرایەتیە چیە و مەهامەکەی چیە؟، ئیشەکەی چیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەس موقتەرەحێکم هەیە، (بما في ذلك الرقابة السابقة و اللاحقة للصرف)، ئێمە تەنها دوو جۆری رەقابەمان نیە، جۆرێکی تریشمان هەیە، سێ جۆرن، پێی ئەڵێن: الرقابه الملازمه، باشتر دەبێ ئەگەر بڵێین: (الرقابة السابقة والملازمة و اللاحقة للصرف) ئەوە ئیزافە بکرێت بەسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رێزدار د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە تەرجومە کوردییەکەدا هاتووە، (تتولى الاشراف على السيولة)، (سیولة) بە (چۆراوگە) هاتووە، (چۆراوگە) بەراستی زۆر زۆر دوورە لە مانای (سیولة)، ئێمە لێرە مەبەستمان لە (سیولة)، (سیولەی ماددەیە)، (سیولەی مادده) واتا ئەو پارەی کەوا قوەتێکی هەیە، بەڵام سیولەی ئەوەی کەوا تەرجومە کراوە بە چۆراوگە، واتا (مزراب)، ئەوەی کە لە سیلاوکەی ئاوەوە هاتووە، بۆیە یەعنی هیچ عەیبێك نیە ئەگەر ئێمە وشەیەکمان لە کوردی نەبێ، نەفسی وشەکەی عەرەبی بەکار بینینەوە، دەڵێین سیولەی نەقدی، بەکاری دێنینەوە، هیچ موشکیلەمان نیە، بۆیە ئێمە پێم وایە سیولەکە بەکاربینینەوە لە کوردی، مەعنایەکە زیاتر دەدات و مەسەلە چۆراوگەش مەعنایەکی تر نادات، خاڵی دووەم من تەئکیدی دەکەمەوە و پشتگیری لە پێشنیارەکەی رەفیقم دەکەمەوە، کەوا باسی لەوە کرد کە شەهادەی جامیعی مەرج نیە بۆ هەموو شوێنێك بەکاربێ، ئەگەر بۆ

مودیر عاممەکان بێت، خۆ ئێمە لێرە مودیر عاممان نیە، مودیریاتمان هەیە، مودیریاتیش ئێمە هەر هەمووی، باشە ئێمە لە مەعهەدی فەنی، قسمی موحاسەبەمان هەیە، باشە لە قسمی موحاسەبە چی بکەن ئەوانە ئەگەر مودیری قسمت داوای شەهادەی جامیعی لێ بکەی، منیش پشتگیری لەو رایە دەکەم و پێم باشە ئەوانیش لێرەدا شوێنێکیان بۆ بکرێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، نوقتەی نیزامیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبد الکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو وشەیە (چۆراوگە) دەتوانین بڵێین (جوولەی نەختینەیی)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕێزدار عومەر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا، لەم یاسایەدا هاوسەنگی نێوان شکل و مەزموون تێدا بەرجەستە نابێ، ئەمە بۆ خۆی کە کە سیمایەکە بە یاساکە دیار دەبێ، لەبەر ئەوەی پێویست بوو هەر چی بەڕێوبەریە گشتیەکانن، بە یەك ماددە هاتبایە کە وەزارەت ئەم بەڕێوەبەریە گشتیانەی دەبێ، یەك، دوو، سێ، چوار، پێویست بەم هەموو تەفاصیل و ئەو هەموو روونکردنەوە و ئەو هەموو ئاماژەدان بە بەرێوەبەرایەتیەکان پێویست نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا من تەئیدی ئەوە دەکەم کە لەم ماددەیەدا دیسان بەڕێوەبەرایەتیەکان زکر نەکرێن، لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارێکم هەیە لە جەنابی وەزیر، لە سەرەتاوە نووسراوە: سەرپەرشتی سیولەی نەقدی، ئایا سەرپەرشتی یان ئیدارە باشترە؟، زۆر سوپاس؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لێژنەی دارایی رەئیتان؟

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئێمە دوو تێبینیمان هەیە، یەك: ئێمە لەگەڵ ئەوەینە کەلیمەی (سیولە) بەکار بێنین، هیچ عەیبی تێدا نیە، یەعنی بەراستی موعەبیرە و خەڵکەکە هەموو دەزانێت مەبەست لە سیولە چیە؟، دوو: ئێمە لەگەڵ ئەوەینە رەئی کاك جەمال، فیعلەن رەقابەی سابیقە و لازیمە و لاحیقە زکر بکرێت، بۆ ئەوەی یاسایەکە شکلی تەواوتر دەبێ و موعەبیر تر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی؟

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان نیە، ئەوانەی تر ئاراستەی جەنابی وەزیر كراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان بە نیسبەت ئەو پێشنیارەی كە سیوەیل خان كردی و د.بشیر پشتگیری لێ كرد، ڕەئیتان؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە هیچ یاسایەك ئەو مەرجەمان دانەناوە، ئێستاش چەندین ئەندامی پەرلەمان داوایان كردووە، مەفروز وایە ئەمە بدرێتە تەصویت بۆ ئەوەی یەك لا بكرێتەوە، عەجەبا بە نیسبەت دبلۆمەوە، هەر وەكو خۆی سیوەیل خان ئیشارەتی پێدا، ئێمە بوەستین لەسەر تەصویتی مودیریات، ئەگەر مودیریات جێگەی نەكراوە، ئەوە تەصویتەكە لە جێگای خۆی نابێ، بەڵام ئەگەر مودیریات ماوە، ئەوە ئەو وەختی مەسەلەی دبلۆمەكە دەدرێتە تەصویت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دروستە، ئێستا ئاخیر صیاغەتان بخوێننەوە، موفتەرەحی لێژنەی یاسایی بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

مديرية المحاسبات العامة: تتولى الاشراف على السيولة النقدية للخزينة العامة و كيفية التصرف بها لتنفيذ الموازنة العامة للاقليم بقسميها، الجاري و الاستثماري، و تطوير النظام المحاسبي الملائم لتنظيم الجانب المالي لنتائج تنفيذها، و السيطرة المحاسبية للتصرفات المالية لجميع الوحدات المنفذة لها، و تحديد البيانات المحاسبية لوحدات القطاع الحكومي الممولة مركزياً، و عرض النتائج وفق الاصول المحاسبية و تطوير نظم الرقابة الداخلية للتصرف بالاموال العامة و توفير مستلزمات نجاحها و الاشراف على تنفيذها بما في ذلك الرقابة السابقة و اللاحقة و الملازمة للصرف، و التحقيق في المخالفات المالية التي يناط امر تنفيذها بالوزارة، يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية و من ذوي الخبرة و الاختصاص.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، كەرەمكە.

**بەڕێز عمر حمدامین خدر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پرسیارێكمان ئاراستەی جەنابی وەزیر كرد، وەڵامەكەیمان وەرنەگرتەوە، سەبارەت بە ئیشراف یان ئیدارە؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کەرمکە جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی دوو پرسیار کرا، بەڵام ئەوە بوو ئێستا وا مەجال درا بە من، یەکەمیان ئەوە بوو: مودیریەتی شوئونی مونەزەماتی جەماهیری چیە؟، ئەم مودیریەتە، مودیریەتێکە ئیش و کاری ئەو ڕێکخراوانە ئەکات کەوا ئێستاکە مینەحیان پێ ئەدرێ و ئەوان حیساباتیان هەیە و میزانی موراجەعەیان هەیە، موتابەعەی ئیش و کاریان هەیە، هەروەها موتابەعەی تەسجیلی مومتەلەکاتیان هەیە، ئەوە بە نیسبەتی ئەو، بە نیسبەتی (تتولى الاشراف على السيوله النقديه للخزينه العامه)، بەراستی ئێمە ئەم صیاغانەی کە ئێستا هێناومانە و لێرە دامانڕشتووە، ئەوە نەبێت لە خۆمانەوە تەبەنیمان کردبێت و هێناومانە و داماناوە، گەڕاینەتەوە سەر قانونی عیراقی کە ئێستاکە نافذ المفعوله، گەڕاینەتەوە سەر یاساکانی پێشووتر، لە هەندێك شوێنی تریش ئیستیفادەمان کردووە، ئێمە پێمان باشە کە ئیشراف لەسەر سیولەی نەقدی نەك ئیدارە، ئیدارە دان بۆ سیولەی نەقدی نازانم، نەوعێکە یەعنی، هەر ئەبێ ئیشراف بکرێ، چۆن، سیولەی نەقدی ئیدارە ئەکرێ؟، ئەبێ ئیشراف لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئاخیر ڕەئی کە بەڕێز کاك عەونی، لیژنەی یاسایی خوێندییەوە، ئەو پێشنیارە ئەدەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟، یەك کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ، بۆ ماددەی 10 کەرەمکە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج

بەڕێوەبردنی پێداویستیەکانی باج و وەرگرتنی و ڕێکخستنی دەگرێتە ئەستۆ، بەدواداچوونی قەرزەکان و دیاریکردنی ڕێکارەکان و بنەماکانی وەرگرتنی باج و پێشکەشکردنی پێشنیاز لەسەر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی کە دێنە بەردەم، ئەو کێشانەی کە لە ئەنجامی جێبەجێ کردنیان ڕوودەدات، بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات، کە بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت و خاوەن شارەزا و پسپۆڕ بێت، لەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە پێك دێت:

1-بەڕێوەبەرایەتی باجی داهات.

2-بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة العاشرة:**

**مديرية الضرائب العامة**

**تتولى المديرية العامة للضرائب ادارة متطلبات تحقيق الضرائب و جبايتها و تنظيم حساباتها و متابعة ديونها و تحديد اجراءات و اسس الجباية و تقديم المقترحات في ضوء ما يستجد من امور و ما يواجه تطبيقها من مشاكل، يرأسها مدير عام يحمل شهادة جامعية من ذوي الخبرة و الاختصاص، ترتبط بها:**

**1- مديريات ضريبة الدخل.**

**2-مديريات ضريبة العقار.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی دارایی ڕەئیتان؟**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دەیەم لەگەڵ ماددەی 12 یەك بخرێت لە ژێر ئەم ناوەی خوارەوە (المديرية العامة للضرائب و العقارات)، و دیباجەکەش بگۆردرێت بە شکلێك:(تتولى ادارة متطلبات تحقيق الضرائب و جبايتها و تنظيم حساباتها و متابعة ديونها و تحديد اجراءات و اسس الجباية كما تتولى حصر الملكية العقارية للاقليم من الناحية النوعية و المكانية، و تنظيمها و مسك السجلات اللازمة بذلك، بمعزل عن الجهات المختصة و تنفيذ قرارات التخصيص و التشريعات الخاصةلبيع و ايجار العقارات المملوكة للاقليم و كذلك ادارة و بيان العقارات التي تناط مسؤولية ادارتها و بيعها لوزارة المالية و الاقتصاد، و يرأسها مدير عام، حاصل على شهادة جامعية من ذوي الخبرة و الاختصاص.**

**یەعنی دەبێتە سێ مودیریە، (مديريات ضريبة الدخل، مديريات ضريبة العقار، مديريات العقارات)، هۆیەکەی چیە؟، جارێ ئێمە لە وەختی دامەزراندنی حکومەت هەتا ئێستا ئیشەکە ئەوها ڕۆیشتووە، ئەوە یەك، دوو: هیچ عەقار و بەرفراوان بوونێك لە عەقاراتی دەولە ڕوویننەداوە کە ئێمە بێین عەقاری بکەینە مودیریەی عاممە، ئەگەر باس لە عیراق بکرێ، عیراق 15 موحافەزەیە، هەر عەقاراتی بەغدا ئیحتیمالە بەقەد عەقاراتی کوردستان هەموویە، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو لێژنەی دارایی و ئابووری، نابینین کە پێویستە ئێمە مودیریەتێکی تازە دروست بکەین و بارەکی تری گران بخەینە سەر بودجەی حکومەتی هەرێم و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لێژنەی یاسایی ڕەئیتان؟**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە ڕەئی وەزارەتیش هەر بەو شێوەیە بووە، کە لێژنەی مالی تەبەنی کردووە، ئێمە پشتگیری لە ڕەئیەکەی دەکەین و، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش بە هەمان شێوە، پشتگیری لە ڕەئیەکەی هەردوو لێژنە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی ئەیەوێ لەسەر ماددەی 10 قسە بکات، کەرەمکەن، دوو بەڕێز ئەیانەوێ قسە بکەن، کاك شوان کەرمکە.

**بەڕێز شوان کەریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو رایەی لێژنەی دارایی لەگەڵ لێژنەی یاسایی پەسەند کرا، ئەوە ئەو ڕەئیەی من لەغو دەبێتەوە، بەڵام من ڕەئیەکم هەیە کە لە ماددەی 10 نووسراوە (مديرية الضرائب العامة)، لە تەعریفەکە ئەڵێ (المديرية العامة للضرائب)، ئەمەیان راستترە، یەعنی (المديرية العامة للضرائب)، نەك (مديرية الضرائب العامة)، چونکە عامەکە لێرە بۆ زەرائیبەکە ئەگەڕێتەوە نەك بۆ مودیریەتەکە، بەڵام لە ئەصڵدا مودیریەتەکە(مديرية الضرائب العامة). زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی دەیەمدا، ئێمە لەماددەکانی پێشتردا مودیریەتەکانمان ڕەش کردەوە، مادام وایە مەفروزە لێرەش مودیریەتەکان ڕەش بکەینەوە، زەریبەی دەخل، دەخل، عقارات، نەینووسین دووبارە، لەماددەکانی تر نەمان نووسی، لەم ماددەیەش پێوسیت ناکات بینووسین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی (المديرية العامة للضرائب) موناسب ترە، ئێمە تەئیدی ئەو پێشنیارە دەکەین، بەنیسبەت ئەوەی بۆچی ئێمە باسی سێ مودیریەمان کرد، هەر بۆ ئەوە بوو، چونکە شتەکە تازەیە، یەعنی مودیریەتێك نیە، ئیزافە کرا، لەبەر ئەوە پێویست بوو باسی لێوە بکرێت، ئەگەر نا خۆ ئێمە هەر لەگەڵ ئەوەداین کە باسی مودیریات نەکرێت، بەڵام چونکە تازە دانرا، یەکخستن بوو، مودیریەتێکی ترمان دانایە سەری، لەبەر ئەوە دەبوایە هەر سێ مودیریەتەکە باس بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە، ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەرامبەر بە پرۆسەیەکین کە تەوحیدی دوو مادەیە، پێویستە بەڕاستی ئەوە بدرێتە دەنگدان، عەجەبا ئێمە لەگەڵ تەوحیدین یان لەگەڵی نین، حەتا پەرلەمان ڕەئیەکەی بدات، ئینجا صیاغەی ماددەکە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، ڕەئیتان بە تەوحید کردنی ئەو دوو ماددەیە، چیە؟، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەمان ڕەئی لیژنەی دارایی و یاساییمان هەیە، پێمان وایە، ئەو مودیریەتی عامە نەمێنێت، ئاساییە، با دەمج بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڕێزان ئێستا ماددەی( 10 و12) پێشنیار کراوە کە دەمج بکرێت، کەس هەیە قسەی لەسەر بکات، نیە؟، بۆیە ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە کەوا تەوحید بکرێت، تکایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا لیژنەی یاسایی ئاخر صیاغەتان، تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

المديرية العامة للضرائب والعقارات: تتولى ادارة متطلبات تحقيق الضرائب وجبايتها وتنظيم حساباتها ومتابعة ديوانها وتحديد اجراءات واسس الجباية كما تتولى حصر الملكية العقارية، للاقليم من الناحية النوعية والمكانية وتنظيمها ومسك السجلات اللازمة بذلك بمعزل عن الجهات المختصة وتنفيذ قرارات التخصيص والتشريعات الخاصة لبيع وايجار العقارات المملوكة للاقليم وكذلك ادارة وبيان العقارات التي تناط مسؤولية ادارتها وبيعها بوزارة المالية والاقتصاد ويرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والاختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا گوێتان لە ئاخر صیاغە بوو، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی یازدە کەرەم بکەن.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدەم:

بەڕێوەبەرایەتی گومرگی گشتی: جێبەجێکردنی یاسا گومرگیەکان و هەموو ئەو فرمان و بڕیار و ڕێنمایی و ڕێکارانەی کە پەیوەندییان بە پسپۆڕی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە گشتییە هەیە، دیاری کردنی بنەما و پرەنسیپانەی کە پەیوەستن بە جێبەجێ کردنیان، دانان و جێبەجێ کردنی پلانی پێویست بۆ بەرەنگار بوونەوەی قاچاغ و دیراسەت کردنی یاساکانی گومرگی کار پێکراو، بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت و خاوەن شارەزایی و پسپۆڕ بێت، لقەکانی بەڕێوەبەرایەتی گومرگ لە هەرێم پەیوەست دەبن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الحادية عشرة:

مديرية الگمارگ العامة: تتولى تنفيذ القوانين الگمرگيه وما يعده من اجهزة الاقليم المختلفة من اوامر وقرارات وتعليمات وضوابط ذات صلة باختصاصات المديرية العامة وتحديد الاسس والمبادىء اللازمة لتسهيل عملية تنفيذها ووضع وتنفيذ الخطط اللازمة لمكافحة التهريب ودراسة التشريعات الگمرگيه النافذة، ويرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها مديريات الگمارگ الفرعية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە، ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین کەوەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ مولاحەزەمان نیە.، تەئیدی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، ڕەئیتان.

**بەڕێز شیخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش بەهەمان شێوە تەئیدی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێ لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات، ناوتان دەنووسم (سیوەیل خان، کاك شوان)تەنها دوو کەس دەیانەوێ قسە بکەن، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیویل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت المادة الحادیة عشرة بەس عینوانەکە بگۆڕدرێت، لە(مدیریة الگمارگ العامة) بۆ (المدیریة العامة للگمارگ)ئەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، قسەکەی من سیوەیل خان، کردی سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە، ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی (المدیریة العامة للگمارگ) ڕەوا ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئی لیژنەی داراییمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شیخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەبێت (المدیریة العامة للگمارگ) ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە، ئاخر صیاغەتان بخوێننەوە، با بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الحادية عشرة:**

**المديرية العامة للگمارگ: تتولى تنفيذ القوانين الگمرگيه وما يعده من اجهزة الاقليم المختلفة من اوامر وقرارات وتعليمات وضوابط ذات صلة باختصاصات المديرية العامة وتحديد الاسس والمبادىء اللازمة لتسهيل عملية تنفيذها ووضع وتنفيذ الخطط اللازمة لمكافحة التهريب ودراسة التشريعات الگمرگيه النافذة، ويرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها مديريات الگمارگ الفرعية في الاقليم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا بەڕێزان دەیخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی 12 کە 13 یە لە ئەصڵی پڕۆژەکە.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی: جێبەجێ کردنی یاساکانی خانەنشینی لەئەستۆ دەگرێت و خزمەتی فەرمانبەرانی هەرێم لە فەرمانبەرو سەربازو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ حساب دەکات بۆ ئەوەی مووچەو دەرماڵەی خانەنشینی بۆ خۆیان و خێزانەکانیان ببڕێتەوەو بیدات بەوانەی کەمافیان هەیە، بناغەو بنەماکانیشی دادەنێت و ڕێنمایی دەردەکات، پێشنیار بەرز دەکاتەوە لەپێناوی پەرەپێدانی ئەم یاسایانەدا لەبەر ڕۆشنایی کارە تازە پەیدا بووەکان، لەبەر ڕۆشنایی ئەو کێشانەش کە لە چوارچێوەی سیاسەتی دارایی هەرێمدا**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە بەعەرەبیش بیخوێننەوە.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة عشرة:**

**مديرية التقاعد العامة:**

**تتولى تنفيذ التشريعات التقاعدية واحتساب خدمات منتسبي الاقليم من الموظفين والعسكرين وقوى الامن الداخلي لغرض تخصيص الرواتب والمكافأت التقاعدية لهم ولعوائلهم وصرفها للمستحقين منهم ووضع الاسس والمبادىء واصدار التعليمات ورفع المقترحات لتطوير هذه التشريعات في ضوء ما يستجد من امور وما يواجه التطبيق من مشاكل في اطار سياسة الاقليم المالية يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها مديريات التقاعد في الاقليم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی تکایە، ڕەئیتان.**

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هيچ تێبينيەكمان لەسەری نيە، لەگەڵ دەقی ماددەكەين.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزير، فەرموو.

**بەڕێز شێخ بايز تاڵەبانی( وەزيری دارايی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەين، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان كەس قسەی هەيە لەسەر ماددەكە، سيوەيل خان، كاك عمر عبـدالعزيز، كـاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاء الدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەكەی سيوەيل خان، دەكەم لە پێشدا (المديرية العامة للتقاعد)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سيوەيل خان، فەرموو.

**بەڕێز سيويل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس جەنابی سەرۆك قسەكەی من كرا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی دارايی تكايە، ڕەئيتان.

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مديريه العامه للتقاعد، ئەوە ڕەواترە بەڕاستی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی ياسايی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەيدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی نازانم من مدیریە تقاعدی عامەم زۆر بیستووە، کە زۆر باس کراوە، ئێستا نازانم بەڕاستی ئەوە بۆ جەنابی وەزیر دەمێنێتەوە ئەو صیغانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو نووسراوانەی کە ئێستا بۆ ئێمە دێت لە بەغداوە، نووسراوە (المديرية التقاعد العامة)، بەڵام ئێستا ئەوانەی تر من خۆم لەگەڵ ئەوەدام کەوەك ئێستا بنووسرێت پێم باشترە، وەك خۆی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی موتابق بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا پێشنیارێك هەیە ببێت بە (المديرية العامة للتقاعد)، جەنابی وەزیرو لیژنەی یاسایش دەڵێن وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر کاك عومەر سەحبی ناکەن دەیخەینە دەنگەوە، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە ئەوەی کاك عومەر و سیوەیل خان، پێشنیاریان کرد، بکرێت بە (المديريه العامه للتقاعد) کێ لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە، 38کەسی لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نیە؟، واتە وەك ئەصڵی پرۆژەکە بمێنێتەوە، 40 کەسی لەگەڵدایە کەواتە وەك خۆی مایەوە، ئێستا ئاخر صیاغە کاك عەونی بیخوێنەرەوە تا بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشرة:

مديرية التقاعد العامة:

تتولى تنفيذ التشريعات التقاعدية واحتساب خدمات منتسبي الاقليم من الموظفين والعسكرين وقوى الامن الداخلي لغرض تخصيص الرواتب والمكافأت التقاعدية لهم ولعوائلهم وصرفها للمستحقين منهم ووضع الاسس والمبادىء واصدار التعليمات ورفع المقترحات لتطوير هذه التشريعات في ضوء ما يستجد من امور وما يواجه التطبيق من مشاكل في اطار سياسة الاقليم المالية يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها مديريات التقاعد في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەینە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی (13) کە لە ئەصڵی پرۆژەکە(14)یە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چواردەم:

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانیەکان:

بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات بڕوانامەی زانکۆیی هەبێت و بە ئەزموون و پسپۆڕ بێت، ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە واوەستی دەبن:

1 - بەڕێوەبەرایەتییەکانی بانکەکانی ڕەشید.

2 - بەڕێوەبەرایەتییەکانی بانکەکانی ڕافدەین.

3 - بەڕێوەبەرایەتییەکانی بانکەکانی هەرێم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشرة:

المديرية العامة للمصارف التجارية: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها:

1 - مديريات مصارف الرشيد.

2 - مديريات مصارف الرافدين.

3 - مديريات مصارف هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تکایە، ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و لەگەڵ ناو هێنانی مەصارفیش، چونکە مەصارفی ئەهلی و تجاریش هەیە، بۆ ئەوەی تێکەڵاوییەك دروست نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تکایە، ڕەئی ئێوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش هەر لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێز کێ دەیەوێت قسەی لەسەر بکات؟، (عومەر نورەدینی، تارا ئەسعەدی، دکتۆر بەشیر)کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر حمه امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم، کە ماددەی (13) و (14) بکرێت بە یەك ماددە، بەناوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بانکەکان، دەکرێ لەژێر ئەم بەڕێوەبەرایەتیەدا هەموو بانکەکان کۆ بکرێنەوە، هەر یەکەو بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بەخۆشی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەر ئەو ئیقتراحەم هەبوو، حەزم دەکرد بکرێن بەیەك ماددە، پشتیگری کاك عومەر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر بەشیر، فەرموو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ڕام ئەوەیە، کە ئەو دوو ماددەیە، یەك بخرێن، بە یەکەم و دووەم، یەکەم مەصارفی تجاری بێت و دووەم مەصارفی ئیختصاصی بێت، بەڵام ئێمە تەماشا دەکەین ئەمڕۆ لەکوردستان بانکێکی زۆر هەیە، ئەهلین ئەمانە، وەکو بانکەکانی جیهان و فیدرال و، ئەمانە زۆرن باشە ڕۆڵی وەزارەتی دارایی چیە بەسەر ئەمانەوە، ئایا موشریفە بەسەریانەوە؟، ئەگەر عیلاقەیان لەگەڵ وەزارەتی دارایی نەبێت چۆن دەتوانن مەعامەلاتی مالی لەکوردستان بکەن؟، بەڵام تەماشا دەکەین لەهەردوو ماددەکەدا جێگای ئەوان نەبووەتەوەو ناویان نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیژنەی دارایی تکایە ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەڵلاهی ئێمە نازانین سەبەبی جیاکردنەوەی چیە؟، بۆ جەنابی وەزیری بەجێ دێڵین، کە ڕوونی بکاتەوە، بۆ دوو مودیریەت دانرا مودیریەی عامەی مەصاریفی تجاری و مودیریەی عامەی مەصاریفی ئیختیصاصی؟، بۆ ئیشارەت نەدرا بە مەصارفی ئەهلی؟ ئەوانەی لە کوردستان ئیش دەکەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمەش داوای تەوزیح لەوەزیری مالیە دەکەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر، تکایە ڕەئیتان.**

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەمە بە دوو مودیریەی عامە هاتووە، ئیشەکانیان جیاوازە، (المدیریە العامە للمصارف التجاریە)ئەم مودیریەتە ئیشی تجاری دەکات واتە هەمووی تجارییە، ئەم بانکانە هەمووی ربح و خەسارەیان هەیە، زۆربەی زۆریان نالێم هەموویان لەوانەیە هەندێ لە مەعاشەکانیشیان دەر بکات، ئیش وکاریان ئەوەیە، وە پێك هاتووە لە مەصارفی رەشید و رافدەین، ئەو مەصرەفانەیە کە وەختی خۆی لە عێراق ماوەتەوە، واتە حکومەتی عێراقی دایناوە، ئێستا هەر ماوەتەوە، لێرەدا ئیشوکاری خۆی دەکات، دایم ئەم مەصاریفانە هەر عائیدی وەزارەتی دارایی بوون، لێرەش هەر وایە، مەصاریفی هەرێم ئەو مەصاریفانەیە کە لەدوای ڕاپەڕین و تەشکیلی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراون، بەنیسبەتی مودیریەی عامەی مەصارفی ئیختیصاصیەوە، ئەوە دیارە، ئەم بانکانە وەکو عەقاری و زراعی و صناعی، ئەمانە ئیشوکاریان تەنها دانی قەرزە بە سلەف، وە موتابەعەی دەکەن و وەری دەگرنەوە، ئەوە ئیشەکانیانە دوو ئیشی جیاوازە، بەڵام بە نیسبەت بانکە ئەهلیەکانەوە، ئیشراف لەسەر بانکە ئەهلیەکان تا ئێستاو ئەم دەقیقەیەش لیژنەیەك هەیە لە فەرعی بانکی هەرێم، موتابەعەی ئیشوکاری ئەم بانکانە دەکات، بەڵام ئەوە لە ئەصڵدا موتابەعەو ئیشراف لەسەر بانکە ئەهلیەکان، لە زمنی ئیشی بانکی مەرکەزی عێراقیە، لەگەڵ فەرعەکاندا ئەگەر هەبێ، ئێستا فەرعەکان خەریکە نامێنێ ئەوەش دەچێتەوە سەر بانکی مەرکەزی، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی ئیستا ڕەئیتان چیە؟.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ بۆچوونی جەنابی وەزیرین.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوزیحاتی جەنابی وەزیر کافی بوو، بۆیە ئێمە تەئیدی ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خاوەن موقتەرەحەکان، ئەگەر پێشنیارەکەتان سەحب ناکەنەوە دەیخەمە دەنگەوە، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر حمە امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەو تەوزیحەی جەنابی وەزیر، من پێشنیارەکەی خۆم سەحب دەکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر سێ بەڕێز پێشنیارەکەیان سەحب کردەوە، ببورن دوو سەحبیان کردەوە، تەنها دکتۆر بەشیر مایەوە، بۆیە نایخەینە دەنگەوە، ئێستا ئاخر صیاغە بخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشرة:

المديرية العامة للمصارف التجارية: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها:

1 - مديريات مصارف الرشيد.

2 - مديريات مصارف الرافدين.

3 - مديريات مصارف هەرێم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە، بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی پازدەم.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پازدەم:

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بانکە پسپۆڕەکان:

بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆیی بەدەست هێنابێت و بەئەزموون و پسپۆڕ بێت، ئەم بەڕێوەبەرایەتیانەی خوارەوە واوەستی دەبن:

1 - بەڕێوەبەرایەتیەکانی بانکی کشتوکاڵ و بانکی پیشەسازی.

2 - بەڕێوەبەرایەتیەکانی بانکەکانی خانووبەرە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة عشرة:

المديريه العامه للمصارف الاختصاصيه: يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها:

1 - مديريات المصارف الزراعيه والصناعيه.

2 - مديريات المصارف العقاريه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین، کەوەك خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێت قسەی لەسەر بکات؟، کەس نیە، ئێستا بۆ ئاخر جار بیخوێننەوە تابیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة عشرة:

المديريـه العامـه للمصـارف الاختصاصيه: يرأسـها مـدير عـام حاصـل علـى شـهادة جامعيـة ومـن ذوي الخـبرة والاختصاص وترتبط بها:

1 - مديريات المصارف الزراعيه والصناعيه.

2 - مديريات المصارف العقاريه.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایـە؟، فـەرموون كێـی لەگەڵـدا نیـە؟، بـەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی شازدەم.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی شازدەم كە دەبێتە ماددەی پازدەم:

كۆمپانیای گشتی دڵنیا بوون: كاری دڵنیا بوونی موڵك و ماڵی گشتی و تایبەتی دەگرێتـە ئەسـتۆ، هـەروەها دڵنیـا بـوون لەسـەر تاكەكان، دڵنیا بوون لەسەر ژیان، بەشداری دەكات لە پاڵپشتی ئابووری هەرێم و چالاكی بازرگانی گشـتیدا، سـنوور بـۆ ڕێـژەی هەڵاوسانی نەختینە(التضخم النقدي) دادەنێت و دڵنیا بوون بـە بنەمایـەك دادەنـدرێت بـۆ پاراسـتنی مـوڵكی هـەرێم لەسـایەی ئەو یاسایانەدا كە پەسەند دەكرێن لەم بوارەدا، بەڕێوەبـەرێكی گشـتی سـەرۆكایەتی دەكات كـە بڕوانەمـەی زانكـۆیی بەدەسـت هێنابێت و خاوەن ئەزموون و پسپۆڕ بێت، لقەكانی كۆمپانیاكەش لە پارێزگاكاندا واوەستی دەبن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشرة:

الشركة العامة للتأمين: تتولى اعمـال التـأمين علـى الممتلكـات والامـوال العامـة والخاصـة وكـذلك التـأمين علـى الاشخاص(تأمين الحياة) وتساهم في دعم الاقتصاد الاقليمي والنشاط التجاري العام كما تحد من نسبة التضخم النقدي ويعتبر التأمين ركيزة الدولة في حماية ممتلكاتها وفي ظـل التشـريعات الصـادرة في هـذا المجـال، يرأسـها مدير عام حاصل على شهادة جامعية ومن ذوي الخبرة والاختصاص وترتبط بها فروع الشركة في المحافظات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنـەی دارایی تكایە ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسـەلەی تـەئمین لەدونیای ئەمڕۆدا كارێكە لەكارەكانی كەرتی تایبـەت، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی لـە كوردسـتان كـەرتی تایبـەت بـەم ئیشـە هەڵناسـێت وكـەرتی تایبـەت بـەبێ خـاوەن ماوەتـەوە، لەبـەر ئـەوە ئێمـە لەگـەڵ ئـەوەداین كـە جـارێ ئـەو شـەریكەیە بمێنێتـەوە بـە حكـومی تـا مەرحەلەیـەكی تـر، ئێسـتا لەگـەڵ دەقـی ماددەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەقەناعەتی من دروست کردنی شەریکەی تەئمین هەنگاوێکی پیرۆزە لەلایەن وەزارەتی مالیەوە، چ لە ڕووی ئابووری چ لەڕووی بازرگانی، لەهەمان کاتدا هەنگاوێکە بەرەو حەزارەت ئێمە دەبات، جگە لەوەی ئیستیفادەکە، یەکەم: بۆ هاووڵاتیانە، دووەم: بۆ حکومەتە، سێیەم: تەخفیفی عیبئە لەسەر مەحاکم، چوارەم: ئەو حەوادیسی سەیاراتە کە دەبێت، بەڕاستی تەخفیفێکە لە موعاناتی هاووڵاتیان کە شەریکەی تەئمین جێگای موتەزەرر دەگرێتەوە بەنیسبەت ئەو حادیسانەی کە دەکرێ، ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی ئومێدەوارین کە هەنگاوی یەکەم تەئمینی ئیلزامی بێت لەسەر سەیارات، ئینجا فەرعەکانی تری تەئمین دەست پێ بکات، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی تەئیدی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی ماددەکە دەکەین وەکو خۆی.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان کێ دەیەوێت قسەی لەسەر بکات، ناوی دەنووسم،( عبدالسلام بەرواری، دکتۆر صباح، بورهان رشید، بەشیر خلیل، بێریڤان سەرهەنگ) پێنج بەڕێز قسە دەکەن، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی کاك خورشید دەستپێکی چونە ناو مەوزوعی باس کرد، ئەوە ناچارمان دەکات بڵێین بەپێی ئەو زروفە، ڕاستە، بواری تەئمین بمێنێت لەناو پێکهاتەی وەزارەت تاکو ئێمە هەلومەرج و ژێرخانی پێویستی یاسایی و ئیداری دروست بکەین، کە بچینە سەر سکەی دروستی خۆی، بەڵام لە مەسەلەی تەئمین ئەگەر ڕێگام بدەنێ دوو، سێ بوار هەیە، کە سەرەکین هەندێکیان دەچێتە ناو موئەسەسەیەکی نیمچە یان بەتەواوی حکومی هەندێکیش ناکرێ لە داهاتوو ئیلا لە کەرتی تایبەت بێت، تەئمین کردنی بینایات و مومتەلەکات، یەکێکە لە شتە ئەساسیەکان کە نیە لە سیتەمی ئەساسی ئەم ناوچەیەی ئێمە، تەئمین کردن یەعنی دەوڵەت یان هەموو موئەسەساتی دەوڵەت، بەشێکی بچووك پارە دەخەنە ناو ئەو صندوقە، ئەمە صندوقێکی گەورە دەبێت، لەکاتی ئاگرکەوتنەوە یان سەیارەکان شتێکیان لێ بێت، تەئمین پارەکە دەدەن، وەزارەتەکان هیچ عبئی مالیان لەسەر نابێت، ئەمە هەنگاوێکی زۆر گەورەیە، ئەگەر بتوانین من پێی دەڵێم

موديريە ئەم موديريە گشتيە، ئەو ئيشە تەنزيم بكات، بەڵام بە مەرجێك كە بچين و بزانين لـەوڵاتانى تـر كە ئەم تەجروبەيان هەيە، چۆن ڕێكى بخەين، ئەمە يەكەم: دووەم: مەسەلەى تەئمينى ژيـان، بەڕاسـتى مـن هيچ موبەڕيرك لێرەدا نابينم، تەئمين بێجگە لە تەئمينى عامى مومتەلەكات، تـەئمينى شەخصـيش هەيـە، هەندێك ئيليزامين و ئێمە دەبێ كار بكەين بۆ ئەوەى بكەوێتە ناو سيستەمى ئێمەوە وەكو بەتاڵە، تەئمينى صەحى، تەئمينى خانەنشينى و تادوايى، هەندێكيش تەئمينى شەخصيە وەكو ژيانە، سەلامەتى ماڵى خۆتە، حـەتا ئـەتوانى تـەئمنى پاسـكيلەكەى خۆشـت بكـەيت، هـەر شـتێكى تـر، ئەمانـە ئيشـى كـەرتى تايبـەتن و حكومەت پێى مەشغوڵ نابێت، چونكە ئيتيهام ئەكرێن بە دەست تێوەردان، بۆيە ئيقتراحەكەى من ئەوەيە، يەكەم: تابچينە يەك هەنگاو پێش، من پێشنيار دەكەم ئەمە ببێت بە بەڕێوەبەرايەتييەكى گشتى، لەجياتى كۆمپانيا، يەكێك لە كارە گرنگەكانى ئێستا سەرپەرشتى كردنـى كۆمپانيايـە، كۆمپانيـاى دڵنيـا بوونەكەيـە، ببێت بە بەڕێوەبەرايەتى گشتى ئەوكاتە هەڵدەستێت خۆى نيزامێك دادەنێت، بـەرەو بـەلانى كـەمى بەشـى يەكـەمى واجبى موئەسەسـەى تـەئمين لـەناو وڵات، بـۆ تـەئمين كردنـى بينايـات و ئـەملاك كـەباس كـراوە، دووەم: ڕەنگە ئەو كار بكات لەگـەڵ تيمـى پسـپۆڕ بـۆ ئـەوەى سيسـتەمى تـەئمينى شەخصـى دابنێت، بۆيـە ئيقتراحەكـەم لـەباتى كۆمپانيـا، بڵـێين بەڕێوەبەرايـەتى گشـتى دڵنيـا بـوون، لـەناو شـەرح بـاس بكـەين، كـە ئيشـراف دەكـات لەسـەر كۆمپانيـاى دڵنيـا بـوون، بـەو شـەرحەى كـە هەيـە، دووەم: ئـەو وشـەى(تـەئمينى ژيان)وابزانم ڕايى بكەين، چونكە هيچ عيلاقەى بە ئەركەكانى ئەو كۆمپانيا نيە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، دكتۆر صباح، فەرمو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەمە ماددەيەكى گرنگە، زۆر مايەى دڵخۆشيە كە حكومەت بە خۆى هەستێت بە بيمە كردنـى موڵـك ومـاڵ و ژيانى خەڵكى، لەڕووى شەرعيشەوە، بيمە كردن ئەگەر لەلايەن حكومەتەوە بێت، هـيچ ئيشكالێكى نيـە، تەئمينەكە تەئمينى ئيلزامى بێت، ئەچێتە ژێر بابى تەئمينى تەعاونى كە لەژێر ڕێساو ياسا شـەرعيەكاندا بەتەواوى جێگاى دەبێتەوە، ئێمەش تا پێمان بكرێت تەئيدى ئەم كۆمپانيايە بكەين وە تـا پێشمان بكرێـت ڕێگا لەو شەريكاتە تەئمينە تيجاريانـە بگـرين كـە بەڕاسـتى موتاجـەرە و بازرگـانى دەكـەن بـە موڵـك و بـە سەروەتى خەڵك، بۆيە من پشتگيرى لەم هـەنگاوە دەكـەم كـە كۆمپانيايـەكى گشـتى هـەبێت بـۆ بيمـە كـردن لەسەر موڵك و ماڵى گشتى و لەسەر موڵك و ماڵى تايبەتى و لەسـەر ژيـانى خـەڵكى، هـەمووى دەچـێتە ژێـر بابى ئەو ئايەتە پيرۆزەى خواى پەروەردگار كە دەفەرموێت (وتعـاونوا علـى الـبر والتقـوى و لا تعـاونوا علـى الاثـم والعدوان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من سێ تەحەفوزم هەیە، یەكەم/ لە حاڵی حازر دا ئەم شەریكەی تەئمین كردن پێشتر هەبووە، هیچ سوودێكی ئەوتۆی بە خەڵك نەگەیاندووە، یەعنی ئەم ماددەیە زیادەیە، چۆن دەڵێ لە ئەخیرەكەی (حكم لا نفاذ له)، ئەگەر ئەم یاسایەش دەرچێت هیچ ئیستیفادەیەكی بۆ خەڵك نەبێت، بەڕای من زیادەیە لەوێ نووسراوە، بەڵام من نازانم ئایا وەزارەت ختەی هەیە؟ بەرنامەی هەیە بۆ تەئمین لەسەر هەموو سلكەكانی ژیان؟، بەڕێزی دەزانێت زیاد لە 10 نەوع تەئمین هەیە لە هەموو وڵاتێكدا، بەڵام تا ئێستا ئەم شەریكەی تەئمینە كە هەبووە بە واقعی لە سلێمانی خەڵك موستەفید نەبووە لێی، مەجموعەیەك موەزەفن لە دائیرەیەكدا دانیشتوون، ئەگەر هەر وەكو خۆی دەمێنێتەوە، بەڕای من ئەم ماددەیە زیادەیە، ئەگەر بەرنامەشی هەیە وەزارەت ئەنواع تەئمینات بێنێت هەیكەلیەی بۆ دابنێ و مودیریاتی بۆ دابنێ و نیزامی بۆ دەركات و قانونی پێ دەركات، بەڕاستی ئەوە شتێكی باشە، دووەم/ دەربارەی تەئمینات ئەمڕۆ خەڵك حور كراوە لە دنیا كە تەئمین لە كەرتی ئەهلی دەكات لەلای حكومەت، ئەگەر حكومەت هەی بێت، حەقە جهود بۆ ئەوە بكرێت یاسایەك بۆ تەئمینی كەرتی تایبەت دەربچێت ئەوەی كە كەرتی تایبەت پێی هەڵدەستێ، سێیەم/ لەم ماددەی 16 كە هاتووە (يعتبر التأمين ركيزة الدولة فی حماية ممتلكاتها وفی ظل التشريعات الصادرة فی هذا المجال) بەڕای من ئەوە زیاتر ئەوە لە تەعریف دەچێت كە لەوێدا هەیە، نەك ئەوەی ماددەیەك بێت و نووسرابێتەوە، ئەوە لە زیادە دەچێت، وەكو تەعریفی تەئمینی كردبێت وایە، تەئمین خۆی تەعریفی تایبەتی خۆی هەیە، هیچ پێویست ناكات لەوێدا تەعریفێك لەو ماددەیە (يعتبر التأمين ركيزة الدولة فی حماية ممتلكاتها) وجودی هەبێت، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی شتێكی باشە كە كۆمپانیاكانی بیمە و شەریكاتی تەئمین سەر بە وەزارەتی دارایی بێت، بۆ ئەوەی دوور بێت لە ئیستغلال و لەكاری ناڕەوا كە هەندێك جار لە شەریكاتی ئەهلی و قتاعی خاس ڕوو دەدات، ئێستا ئێمە بە یاسا دەمانەوێت یاسای وەزارەتی دارایی ئەم شەریكەیە دابمەزرێنین و هەبێت، باشە ئەگەر هەتا ئێستا و پێش ئێستا هەیە لە كوردستان كار دەكەن، ئەدی ئەمانە چین؟ ئەگەر ئەمانە یاسایەكیان نیە؟ نە یاسای قتاعی خاسی هەیە، نە یاسای وەزارەتی دارایی هەیە، چۆن كاردەكات ئەمە؟ ئەمە پرسیارێكە و داوای وەڵامەكەی دەكەم، لە پاشان لە خاڵێكی دیكەدا تەئمین جەنابتان دەزانن ئیلزامی و غەیرە ئیلزامیشی هەیە، بۆیە پێم باشە ئەوەی كەوا تایبەتە بە مومتەلەكاتی دەوڵەت و لە مومتەلەكاتی

عامە ئەمانە هەمووی بە ئیلزامی بێت، بەڵام ئەوەی کەوا عیلاقەی بە شەخسی و بە (تأمین علی الحیاة) هەیە، ئەمانە با غەیر ئیلزامی بێت، چونکە ناحیەی شەرعی دەکەوێتە گۆڕێ، ئێمە لێرە بەڕاستی ڕامان هەیە، وەکو کاك بورهان ئاماژەی پێدا کە زیاتر لە 10 جۆر تەئمین هەیە، ئەگەر لە ئەنواعەکان بکۆڵینەوە، ئەم 10 جۆرە هەمووی دەچێتە باری دوو بەشی شەرعیەوە، یەعنی هەمووی دەبێتە دوو بەش، یان تەعاونیە، یان دەبێتە تەئمینی تیجاری، ئەوەی کەوا تەعاونیە و ڕێگەی پێدراوە لە شەرع دا و جائیزە و هیچ موشکیلەیەکی نیە، بەڵام تەعاونی تیجاری، ئەوەی کەوا تیجاریەکەیە موشکیلەی هەیە و زۆربەی هەرە زۆری زانایان و فوقەها لەگەڵ ئەوەدان کەوا جائیز نیە و حەرامە، بۆیە ئێستا ئەمە کێشەیەکمان بۆ دەنێتەوە، بۆیە من دەڵێم ئەگەر ئەمە دانرا دەبێت ئێمە دیسان دابنیشین لەگەڵ بەڕێزیان لە وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ ئایا جۆرەکەی جۆرێکی تەعاونیە؟ یان جۆرەکەی تیجاریە؟ بۆ ئەوەی شتێکی ئاوای لێ بکەین کەوا تووشی کێشەیەکی شەرعیمان نەکات، ئەخیر خاڵم ئەوەیە کە مادام ئەو شەریکە تەئمینەی کەوا ئێستا هەیە لە کوردستان کار دەکات، یاسایی نیە، من داوا دەکەم ئەوەی کە ئێستا لەسەر سولفەی عەقارەکە دانراوە، بۆتە مەرجێکیش ئەوەی کە سولفەی عەقاری وەردەگرێت دەبێت بچێت شەریکەی تەئمین بداو پارەکەش بدات و ئیلزامیشە لەسەری، من داوا دەکەم ئەوە لابرێت، لەبەرئەوەی ئەمە ئەرکێك و بارگرانیەکە لەسەر خەڵکی، یاساشی لەسەر نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل محمد سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 16 نووسراوە کۆمپانیای گشتی بیمە کردن، بە رەئی من ئەو کۆمپانیایە دەبێت ببێتە مودیریەت (بەڕێوبەرایەتی)چونکە کۆمپانیا زیاتر ئەهلیە، بیمە کردن هەر بە گشتی زیاتر کەرتی تایبەت دەبێت بیگرێتە ئەستۆ، بەڵام مادام لێرە نیە و دانراوە بیمەی ژیان بە تایبەتی بیمەی ژیان زیاتر ئەهلیە، هەر کەس دەیەوێت ژیانی خۆی تەئمین بکات لە شەریکەیەك دەتوانێ ژیانی تەئمین بکات و ساڵانە پارە بدات، بەڵام لێرە دیاری کراوە بیمە کردنی موڵك و ماڵی گشتی و ئەوانە هەمووی تەواوەو، بەڵام باسی سەیارە نەکراوە، سەیارە زۆر پێویستە پێش ئەوەی کە رەقەم وەربگریت، بیمە کرابیت ئەوجا ئیجازەی پێ بدرێت و رەقەمی بدرێتێ، بۆیە سەیارە زۆر زەروریە، ئەویش بیمەی هەبیت، چونکە ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە ئێستا لە کوردستان، ئەگەر هاتو دوو کەس دەعمی سەیارەیان کرد ئەوە مەعنای ئەوەیە فەوتا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت زۆربەی ئەو خاڵانەی نووسی بووم، بەڕێز د.صباح و د.بشیر باسیان لێوەی کرد، پشتیوانی لە بۆچوونەکانیان دەکەم، بە تایبەتی لەو بەشەدا کە چارەنووسی ئەو کۆمپانیا ئەهلیانە پێویستە لەگەڵ بڕیاردان لەسەر ئەم یاسایە یەکلابکرێتەوە، چونکە بە پێی ئەو زانیاریانەی هەمانە زۆربەیان مەرجی نەشەرعی و نەیاساییان تێدا نیە، مەفروزە چارەنووسی ئەوانە یەکلاببێتەوەو ئەوە ئەرکی دەوڵەتە کە تەنزیمی سیستەمی بیمە بکات، شتێك و ریتمێکی جیهانیشە لە هەموو وڵاتەکان هەیە، لەبەرئەوە پشتیوانی دەکەم لە پێشنیاری کاك عبدالسلامیش کە شەریکەکە بکرێت بە مدیریەتی عام، مدیریەتێك بێت لە وەزارەت باشترە بۆ ئەوەی ڕەنگی ئەهلی هیچ پێوەی نەمێنێت و وشەی کۆمپانیای تیا بەکارنەهێندرێت، ئاخر خاڵم پرسیارێکە لە جەنابی وەزیر ئایا تەئمیناتی حەیات کە لێرە لە کەوانەکە نووسراوە (تأمينات الحياة) کام مەجال دەگرێتەوە؟ بۆ ئەوەی باسی سەیارەو ئەو شتانەش، یەعنی هەمووی کە تەئمینی شەخسیمان هەیە، تەئمینی سەیارات هەیە، تەئمینی سحی هەیە، تەئمینی بینایات و مومتەلەکات هەیە، مەبەستی وەزارەت تەحدیدەن لە تەئمیناتی حەیات چیە؟ زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی ڕەئیتان لەسەر موداخەلەی ئەندامە بەڕێزەکان؟ کاك خورشید فەرموو.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیاری ئەوە کە شەریکە ببێت بە مدیریەی عامە، من دەڵێم ئەمە جۆرێك لە بزافی بازرگانیە، تەحەملی زەرەرو خەسارەت دەکات، لەبەرئەوە وشەی شەریکە تەعبیر ترە لە وشەی مدیریە، ئەمە نەشاتەکی مالیە ئیحتماله زەرەر بکات، ئیحتماله خەسارەت بکات، لەبەرئەوە وشەی شەریکە تەعبیر ترە، مەسەلەی سەرکەوتنی پرۆسەی تەئمین لە کوردستان، مەحەك ئەوەیە ئەو شەریکاتی کە هەمانە، چەند مولتەزمن بەرامبەر ئەو کەسەی کە شتەکە تەئمین دەکات، ئەگەر ئەو ئیلتزامە تەواو بوو و دروست بوو، ئەوا پرۆسەکە سەردەکەویت و ناجح دەبیت، ئەگەر نا خەڵك موستەعد نیە، کە ئێستا خەڵك نەوعە شکەك لای هەیە، چونکە زۆر جار شەریکەی تەئمین بە دەوری خۆی هەڵناستێت، دەمەوێ بڵێم کە مەسەلەی تەئمین شتێکی زۆر زەرورە و پێشکەوتن بە بێ تەئمین لە وڵاتی ئێمە مومکین نیە، لەبەرئەوە دەبێت هەموومان پشتیوانی بەهێز کردنی پرۆسەی تەئمین بین لە کوردستان، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**زۆربەی زۆری ئەو مولاحەزاتانەی کە درا ئاراستەی بەڕێز جەنابی وەزیر کراو پێم وایە جەنابی وەزیر دەتوانێ تەوزیحمان بداتێ، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت لێرە ئیشارەتی پێ بدەم ئەوەیە کە ئێمە بە بڕیارێکی پەرلەمان کە بڕیاری ژمارە 815 یە**

ئیقافی تەئمینی ئیلزامیمان کردووە لە هەرێمی کوردستان، ئەو وەختەی کە ئیقاف کرا ئەسبابی موبەرری خۆی هەبوو، لەبەرئەوەی ئیمکانیەت نەبوو ئەو پارەیە و ئەو رەئسماله تەخسیس بکرێت و سالآنی ئەواخیری نەوەدەکان بوو ئەم بریارە درا لە پەرلەمانی کوردستان بە ئیقافی تەئمینی ئیلزامی لەسەر سەیارات، ئێستا کە ئەو دەزگایە دروست بکەین بە تەئکید دەبێت لە ئەخیری قانونەکە نەسێك دابنێین کە هیچ نەبێت هەر نەسێك لەگەڵ ئەوەی تەعاروز بکات پێی وەرناگیرێت، ئەمە یەك، دووەم/ بەڕاستی بە قەناعەتی ئێمە ئێستا ئەمە بە تەئمینی ئیلزامی کێشەیەکی زۆرمان هەیە، سەیارات لە تورکیا دێتە ئێرە موئەمەنە، لە ئێران دێتە ئێرە موئەمەنە، کە سەیاراتی ئێمە دەچێتە ئێران موئەمەن نیە، سەیاراتی ئێمە دەچێتە تورکیا موئەمەن نیە، بۆیە بە قەناعەتی ئێمە ئەمە هەم زاهیرەیەکی حەزاریە، هەمیش هاووڵاتیان لێرە ئیستیفادەی لێ دەکەن، هەم حکومەتیش لێی ئیستیفادە دەکات، وە بوونی ئەم دەزگایە ئیعتیادی بووە لە کاتی خۆشی لە عیراق کە هەبوو شەریکەی تەمینی وەتەنی هەبوو، بەم شێوازەی کە ئێستا لەناو یاسایەکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە شەریکەی تەئمین لە عیراقیش هەر هەبووە و فروعیشی لە هەموو پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆکیش هەبووە، ئیش و کاری خۆی کردووە لە دوای ئینتفازەوە دیارە ئەو ئیش و کارانەیان سست بووەو وەستاون و تەدمیر بوونە، بەڵام هەیکەل و دائیرەکانیان هەروەکو خۆی ماوە کە لەناو وەزارەتی مالیەیە، لەم ئەخیرە دەست بە چەند ئیشێك کرا بە نیسبەتی شەریکەی تەئمینەوە، بۆ نموونە، ئەوانەی کە لوغم و ئەو شتانە هەڵ دەگرنەوە ئەوانە ئێستا تەئمین کراون، ئەوە بۆ نموونەیە، چەندەها ئیشی تری ئاواش کراوە، دوای ئەوە تەئمینی سلفەی زەواج و تەئمینی عەقاری وەکو جەنابی د.بشیریش ئەوە ئێستا داوا دەکات کە هەڵی بگرین، ئەمانەش کراوە، ئەم شەریکەیە خۆی کە هاتووە بەناوی ئەوەی کە شەریکە وەکو کاك خورشید فەرمووی ئەمە حیساباتێکی تایبەتی خۆی هەیە، حساباتی موەحەدی شەریکات حساباتی ربح و خەسارەیە، ربح و خەسارەیان هەیە، ئێمە ئەگەر ئێستا لە کوردستان دا ئەم شەریکانە کە هێناومانەتە ئێرە کە یاساکە موافەقەتی لەسەر بکرێت بۆ ئەوەیە تەفعیلی بکەین، کە تەفعیلی بکەین مونافەسەی ئەو شەریکاتانەی پێ دەکەین کە ئێستا باس کرا کە هاتووە ئیش دەکەن ئێستا لە کوردستاندا، هەیە ئیشی شەریکەی تەئمینی حکومی زۆر جیاواز تر بێ و زۆر مەزمون تریش بێت، بە نیسبەت ئێمەوە ئەگەر شەریکە بێت دەبێت رەئس مالیشی بۆ دابنێین، ئەگەر مودیریەتێکی عام بێ ڕەنگە پێویست بەوەش نەکات، ئەوە نازانم چەند دەگونجێت، چونکە لە عیراق دا ئێمە ئەو شتانەمان نابێ لەگەڵ ئەوان جیاواز بین، لە عیراق لایەزال هەر شەریکەی تەئمینە، حەزدەکەم بەڕێزتان ئەوە بزانن، بە نیسبەت ئەوەی کە تەئمینی (تأمینات الحیاة)، خۆی تەئمینی شەخسیە، هی هەموو ئەو حەوادسانەی کە تووشی شەخسێك دەبێت، ئەو تەئمیناتەش دەکات کە ئەوە ئیلزامیە، بە نیسبەت دەوائیری دەوڵەت کە باس دەکرێت، مومتەلەکات و عەقاراتی چی هەتا موەزەفینی حیسابی یان موزەفینی مەسئولین، لە کاتی خۆیدا ئەوانە هەر هەموویان تەزمین دەکران و تەئمین دەکران، وە ئیلزامیش بوو ئەوانە، بەداخەوە ئێستا ئەوانە نەماوە، ئینجا ئەگەر

شەریکەکە تەفعیل بکرێت ئەوانە هەر هەمووی دەست پێ دەکاتەوە، ڕەنگە بتوانن منافەسەیەکی باش بکات، ئەمە لەگەڵ ئەوانەی کە ئەهلی هاتوون و من پێم وایە لەبەرئەوەی کە زیاتر مەزمونە، ڕەنگە خەڵکەکە زیاتر ڕوو بکاتە کۆمپانیاکانی حکومی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر سیاغەتان بخوێننەوە زەحمەت نەبێت، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 15

الشريكة العامة للتأمين تتولى اعمال التأمين على الممتلكات والاموال العامة والخاصة وكذلك التأمين على الاشخاص (تأمينات الحياة) وتساهم فى دعم اقتصاد الاقليم والنشاط التجارى العام كما تحد من نسبة التضخم النقدى ويعتبر التأمين ركيزة الاقليم فى حماية ممتلكاتها وفى ظل التشريعات الصادرة فى هذا المجال، يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية و من ذوى الخبرة والاختصاص وترتبط بها فروع الشركة فى المحافظات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لەوێ (وتساهم فى دعم الاقتصاد ) بە ڕەئیتان ئەوە زیاد نیە؟ چونکە ئەوە فائیدەکانی شەریکەیە شەرحی دەکات، نە قانونە، ئەگەر ئیعادەی نەزەری لێ بکەن خراپ نیە، خاسەتەن تەئمین، وەك كاك عبدالسلام گوتی بەڕاستی تەئمین قتاعێکی گەورەیە، ئیحتیاجی بە قانونێکی خاس هەیە، هی ئەهلیش هەبێت، نەك نەبێت، ناتوانی حەملی حەصر بکەی، بەس ئەمەی لێرە هاتووە، ئەمە فەوائیدەکانی شەرح دەکات، پێویست ناکات لەناو قانون هەبێت، (وتساهم فى دعم الاقتصاد.......... فى هذا المجال).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەریکات کە دروست دەکرێت دەبێت زکر بکرێت (الجدوى الاقتصادية لتأسيس الشركة) بە ڕەئی من ئەوەی ئێستا باسی لێوە کراوە (الجدوى الاقتصادية لتأسيس هذه الشركة)، لەبەرئەوە من بە زەرورەتی دەزانم ئەمە زکر بکرێت لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس لە ناو قانون؟ ئەوە دەبوو لە ئەسبابی موجبە بوترێ، ئەگەر بکرێ، لیژنەی قانونی ڕەئیتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە بەرامبەر بە دروست کردنی هەیکەلێکی تەنزیمینە بۆ شەریکەی تەئمین، یەعنی ئەوەی لەدواوە نووسراوە، (وتساهم........) ئەوانە بەڕاستی وەسفەکە لە بۆ ئەو شەریکەیە، ئێمە با تەرکیز بکەینە سەر تەشکیلی شەریکەکە فەقەت، وەکو جیهازێکی ئیداری، وەئیلا فەوائیدی تەئمین ئێمە دەزانین چیە و چ نیە، بۆیە پێم وایە (الشرکة العامة للتأمین، تتولی اعمال التأمین علی الممتلکات والاموال العامة والخاصة وکذلك التأمین علی الحیاة (تأمینات الحیاة). ) فەقەت، یرأس وا بمێنێت بە نیسبەت مدیر عامەکەی، بە قەناعەتی من تەئمینی ئیلزامی بۆ سەیاراتی تێدا بێت باشترە، چونکە سەیارەکی زۆر هاتووە بۆ کوردستان، هەروەکو گوتم هەم فائیدەی بۆ هاوولاتیان هەیە، هەم لە بۆ موتەزەرر هەیە، هەمیش لە بۆ حکومەت هەیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەخیر سیاغەتان داڕێژنەوە و بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدان، کاك عونی فەرمووو.**

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا دەقی ماددەکە بەو پێشنیارەی تەقدیم کرا دەیخوێنمەوە:**

**المادة 15**

**الشرکة العامة للتأمین، تتولی اعمال التأمین علی الممتلکات والاموال العامة والخاصة وکذلك التأمین علی الاشخاص (تأمینات الحیاة) فی ظل التشریعات الصادرة فی هذا المجال، یرأسها مدیر عام حاصل علی شهادة جامعیة و من ذوی الخبرة والاختصاص وترتبط بها فروع الشرکة فی المحافظات.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەست خۆش، ئێستا دەیدەینە دەنگدان، کێ لەگەڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵ دانیە؟ زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، ئێستا بۆ ماددەی 16 کە لە ئەسڵی پرۆژەکە ماددەی 17 هاتووە کەرەمکە، د. ڕۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 17 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە دەکاتە ماددەی 16/**

**بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی: ڕاڤەکردنی حوکمەکانی دارایی و یاسا کارپێکراوەکان دەگرێتە ئەستۆ، دیراسەت کردنی پرۆژە یاساکان و ڕێساکان و ڕاو ڕاوێژی دەداتێ لەسەر ئەو بابەتە یاساییانەی کە پەیوەندیان بە کاروباری خزمەتی شارستانی هەیە، یا بابەتە داراییەکان کە دەخرێتە بەردەم وەزارەت لەلایەن فەرمانگەکانی هەرێم، هەروەها ئامادەکردنی شێوازی یاسایی پرۆژە یاسایەکان و ڕێساکان و ڕێنماییەکانی کە پەیوەندیان بە کاروباری وەزارەت هەیە، نوێنەرایەتی وەزارەت دەکات لەبەردەم دادگا،**

بەڕێوبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆی لە یاسا دا بە دەست هێنا بێت، بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری یاسایی لەم بەشانەی خوارەوە پێك دێت:

1. بەشی مافەکان.

2. بەشی وەزیفەی گشتی.

3. بەشی کاروباری دارایی.

هەر بەشێك لەو بەشانە فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوبەر سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی زانکۆی بە دەست هێنابێت و بە ئەزموون و پسپۆڕ بێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 17 من المشروع والتى ستصبح المادة 16:

المديرية العامة للشؤون القانونية:

تتولى تفسير الاحكام المالية والتشريعات النافذة ودراسة مشروعات القوانين والانظمة وابداء الرأى والمشورة فى المسائل القانونية المتعلقة بأمور الخدمة المدنية والامور المالية التى تعرض من دوائر الاقليم، وكذلك اعداد الصيغ القانونية لمشروعات القوانين والانظمة والتعليمات ذات العلاقة بعمل الوزارة وتمثل الوزارة امام المحاكم، يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية فى القانون، وتتكون المديرية العامة للشؤون القانونية من الاقسام التالية:

1ـقسم الحقوق.

2ـقسم الوظيفة العامة.

3ـقسم الامور المالية.

يرأس كل قسم من الاقسام المذكورة اعلا موظف بدرجة مدير حاصل على شهادة جامعية ومن ذوى الخبرة والاختصاص.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان؟ کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین تەنها (وتتكون المديريه العامه للشؤون القانونيه من الاقسام التاليه) ئەقسامەکان دەرنەکرێن هەتا (يرأسها مدير عام حاصل على شهاده جامعيه اوليه) هەتا ئێرە بەسە، ئەقسامەکان پێویست ناکات زکر بکرێت، ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان؟ كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە داوای ئیلغای ئەو ماددەیەمان كرد بوو مدیریەی عامەیە، وە ئیكتفامان كرد بوو كە ببێتە مدیریەتێك لە زمنی دیوانی عامە، بەڵام دوای ئەوەی جەنابی وەزیر ئەو تەفاسیلەی شەرح كرد بۆ ئێمە، ئێمە موقتەرەحەكەی خۆمان سەحب دەكەینەوە و تەئیدی لیژنەی مالی و جەنابی وەزیر دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، جەنابی وەزیر ڕەئیتان؟ فەرموو.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش تەئیدی دەكەین وەكو خۆی بمێنێتەوە وەكو مدیریەتی عامی یاسایی، بەڵێ تەئیدی لیژنەی دارایی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی دەیانەوێت قسەكان لابچێت، ئێستا ئەو بەڕێزانەی كە دەیانەوێ قسە بكەن، عمر عبدالرحمن، عمر هەورامی، سیوەیل خان، شوان كریم، شلێر خان، حسن محمد، كەرەمكە كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەست خۆشی لە لیژنەی یاسایی دەكەم كە پاشگەزبوونەوە لە ڕەئیەكەی خۆیان و قەناعەتیان بەوە هێنا كە مدیریەتی عامەیە بمێنێتەوە، دوای ئەو شەرحەی كە جەنابی وەزیر دای، سوپاسی جەنابی وەزیریش دەكەم بەو گرنگیەی دای  بە بەشی یاسایی وەزارەتەكەی خۆی، بە تەئكید بەشی یاسا بەشێكی زۆر گرنگە، چونكە ڕەبتی بە هەموو یاسا مالیەكان و گەمارگ و زەرائیب و یاسای تاپۆ و بەیع و ئیجاری عەقاراتی دەولە و ئەو عەقدانەی تر كە دەچێتە ئەم وەزارەتە، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی تر لە ماددەی 6 ئێمە كە تەسدیقمان لەسەری كرد ئەو ماددەی 6 كە ڕەبتی بە مەجلسی وەزارەتەوە هەیە، مەجلسی وزارە یەكێك لە موهیمەكانی شەرح و باسی تەشریعات و قانونەكان و ئەمە زیاتر دەعمی ئەو مەجلسە دەكات كە هەر ئەو مدیر عامە ئەندام دەبێت لەو مەجلسە، بە تەئكید من پێم وایە مەسەلە یاساییەكان هەروەكو جەنابی وەزیر گرنگیەكی زۆری پێ دەدات، مەجرایەكی باشتر بۆ خۆی ببینێ و ڕێگایەكی باش بۆ جەنابی وەزیر بكاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئیش و كاری وەزارەت زۆر بە یاساییانە ببات بەڕێوە، بەڵام من مولاحەزەیەكم لەسەر ئەوەی كە مدیریەتی عامە لە سێ قسم پێكهاتووە، قسمی حقوق و وەزیفەی عامە و ئموری مالی من پێم وایە ئەم قسمانەش وەكو باقی تری مدیریەتی عامەكانی تر بە مدیریات هاتوون، با بچووك نەكرێتەوە، مادام ئەم گرنگیە گەورەی هەیە لەناو وەزارەت دا، با ئەم قسمانە بكرێتە مدیریەت،

بكرێته مدیریەتی حقوق، مدیریەی وەزیفەی عامە، مدیریەی مالیە و ئموری مالی، وەکو باقی مدیریەتی عامەکانی تری ناو وەزارەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەیرم پێی هات هەردوو بەڕێز لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی سەحبی ئیقتراحەکەی خۆیان کردەوە، لەبەرئەوەی لەتەفسیری ئەو ماددەیە لەگەڵ تەفسیری بەڕێز وەزیر یەکانگیر نەبوو، ئێستا لە پێناسەی ماددەکە، دەڵێ ئەم مدیریەتە هەڵدەستێ بە تەفسیری ئەو ماددە قانونیانە و ئەو نیزامانەی کە پەیوەندارن بە وەزارەی مالیەوەو رەئیان لەسەر بدات، لەکاتێك دا بۆ خۆی وەزارە مستەشاری قانونی هەیە، مەجلسی وەزارەی هەیە، یەعنی هەموو ئەو ئەمرانەی یان ئەو مەهامانەی کە داویەتی بە مدیریەی عامەیە، یەك/ هی مستەشاری قانونیەکەیە، دوو/ هی مەجلسی وزارەیە، سێ/ ئەو مەهامەی کە داویەتی بە مدیریەی عامەیە بە باوەڕی من چۆن ئێستا ساری مەفعولە بە مدیریەکی ئیعتیادی بەڕێوە دەچێت، هەر بۆ خۆشی لەناو مەشروعەکە کە  هێناویەتی لە پاش ئەوەی کە دەڵێت مدیریەی عامە یەکسەر قسمی هێناوە، مدیریەی نەهێناوە، بۆ خۆشتان دەزانن مدیریەی عامە  ـ مدیریە، اقسام دێت، من تەسەور دەکەم روئیایەکە مەیدانی فعلیش لە داهاتوو بۆ وەزیر بۆ خۆی ئەگەر مەبەست عقودە، عقود یا ئەوەتا جەنابی وەزیر بۆ خۆی دەیکات یان مدیریەی عامەی دیوان دەیکات، ئەگەر نا ئەم حەلقەیە زائیدە و زیادەیە، دواتریش لەوانەیە زۆر لە بەرژەوەندی ئیش و کارەکانی وەزارەتی مالی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرمووو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش رەئیم لەگەڵ لیژنەی داراییە کە ئەو ئەقسامانە دیاری نەکرێت، لەوانەیە ببێتە مدیریە، لەوانەیە ببێتە شعب و ئەقسام، بەس ئەگەر لێرە دیاری بکرێت وابزانم تەسبیت دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرمووو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**له پێشتر بەڕێز وەزیری دارایی کە باسی ئەم بەڕێوبەریەتەی کرد یەکێك لە ئەرکەکانی بەوە باس کرد کە هەموو ئەم عقودانە دێتەوە ئەم بەڕێوبەریەتیە و بە گرنگی وەسف کرد، لەبەرئەوە من پرسیار دەکەم، ئایا نابێت باسی عقودیش بکرێت لە ئەرکەکانیدا و تەوزیع بکرێت؟، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**شلێر خان فەرموو.**

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە نیسبەت ماددەی 16 کە دەڵێت:(تتولی تفسیر الاحکام المالیة والتشریعات) ئەو (ال)ە (ودراسة مشروعات القوانین والانظمة وابداء الرأی والمشورة) بە رەئی من کە دەڵێت (فی المسائل القانونیة المتعلقة بأمور الخدمة المدنیة والامور المالیة) ئیزافە بکرێت (وعند ابرام عقود المشاریع الاستراتیجیة) یاخود (المشاریع الکبیرة التی تنفذ علی حساب المیزانیة للمیزانیة الاستثماریة) چونکە ئەوە بەڕاستی دەست خۆشی لە وەزیر دەکەم، چونکە ئەمە کێشەیەکە لە 2003 ەوە ئێمە پێیدا دەڕۆین، یەکەم جار ئەو پارە زۆرانەی کە لە مەشاریعی ئیستسماری سەرف دەکرێت ئێمە خاسەتەن کە شەریکاتی دەرەوە دێت، لایەنی عقودمان زۆر زەعیفە، ئەگەر بێتو ئەوهەتا خەڵکیش بنێرێتە دەرەوە هێشتا ئەوە دەهێنێ، چونکە دەوائیری ئیقلیم زۆر دەبێت ئیستشارە بە وەزارەتی مالیە بکەن، هەتا ئەمن وەکو رەئی خۆم ئەوەندە زۆر بن کە لە لیژنەی تەحلیلی عەتائات یەکێك لەوانە هەبێت، چونکە بۆ ئەوەی ئەو عەقدانە زۆر بە قوەت بێت، لە مدیریەتەکانی تریش کە حقوقە و وەزیفەی عامە ، (قسم الامور المالیە) ئەگەر بکرێت عقودیش بنووسرێت، (مدیریە الامور المالیە والعقود)چونکە ئەو عقودە باوەڕم پێ بکەن هەموو ئەوانەی وەبەرهێنەکان دەترسم کە ئێمە خەڵکی شارەزامان نیە، ئێمە جاری وایە کێشەمان بۆ دروست دەبێت بە پێی قەوانینی دەولی دەبێت لە پاریس هین بکرێت، هەموو شارەزاییان نیە، لەبەرئەوە دائیمەن ئێمە دەدۆڕێنین لەو قەزیانە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك حسن فەرموو.**

**بەڕێز حسن محمد سورە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕای من دائیرەی شئونی قانونی زۆر زۆر گرنگە لە هەموو وەزارەتێك بە تایبەتی وەزارەتی مالیە، بە پێی ئەو سەردانانەی کە ئێمە دەیکەین بۆ ئەو شوێنانە، مەسائیلی قانونی زۆر گرنگە کە بە تەواوی ڕەنگ بداتەوە لەناو وەزارەت، لەناو هەموو دەوائیر کە ئەوەش بەڕاستی ئیش و کاری شئونی قانونیە، بە نیسبەت دانانی مستەشاری قانونی و جیاکردنەوەی مستەشاری قانونی لە دائیرەی شئونی قانونی، بەڕەئی من ئەم دائیرەیە زەعیف ناکات، چونکە هەر بۆ خۆی ئەم قانونە لە قانونی عیراقی وەرگیراوە، قسمێك هەبووە بە ناوی قسمی ئیستشارات، دەکرێت بڵێین مستەشاری قانونی لە جێگای قسمی ئیستشاراتە لە قانونەکە، لەبەرئەوەی ئەمە ئەخیر دائیرە بوو کە تەشکیل کرا یەك رەئیم هەیە، ئێمە 10 دائیرەمان تەشکیل کرد، هەر 10**

دائیرەکە بریتی بوون لەو دائیرانەی کەوا شئونی مالین، ئەم قانونە لە قانونی عیراقی وەرگیراوە قانونی وەزارەتی مالیە، بەڵام قانونی ئێمە، وەزارەتی ئێمە وەزارەتی مالیە و ئیقتسادە، هیچ کام لەو 10 دائیرانە لەو دائیرەی کە دامان مەزرانـد لـە بـارەی شئونی قانونی نەبوو، ببورە شئونی اقتصادی نەبوو، هەر چەندە ناوەکەی بە شئونی اقتصادی هـاتووە، ئەهدافـەکانی شـئونی اقتصادی تێدابوو، بۆیەمن لێرە اقتراح دەکەم، دائیرەیەك دروست بێت، دائیرەی شئون اقتصادیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو موقتەرەحاتەی کە هاتووە، هەمان پێویستی بە ڕوون کردنەوەی جەنابی وەزیر هەیە، ئێمە هیچ تێبینیەکمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێزشێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش ئەو پرسـیارانەی کـە ئاراسـتە کـرا زۆر بـاش بـوو، عیلاقـەی بـە جـەنابی وەزیـر هەیـە، بـەڵام یـەك ملاحەزەمان هەیە، ئەویش بە نیسبەت ئەوەی شلێرخان ئیشارەتی پێیدا، بە نیسبەت عقود، ئێمەش پێمان باشە عقود بێتە ناو ئەو شەرحەی کە هاتووە لەوێ، بەڕاستی گەر عقودەکان دەکرێت دەبێت بەشی یاسـایی یـان مدیریـەی عامـەی یاسـا ئاگـادار بێـت، وە مشـورەت بـە یاسـا ناسـەکان بکـات، بـۆ ئـەوەی عقودەکـان بـە شێوەیەکی ڕێك و پێك بکرێت، بۆیـە ئەگـەر پێتـان بـاش بێـت، کەلیمـەی تنظـیم عقـود بـدات، مشهورة في تنظیم عقود داوێینە ناو مەسەلەکان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کە مەسەلەی عقود کە باس دەکرێت، لەسەر ئیقتیراحی وەزارەتـی دارایـی، ئێسـتا بەشـی عقـود وە ئەنجومـەنی وەزیـران موافەقەتی کرد، بەشی عقود لە هەموو وەزارەتەکان بکرێتەوە، وە ئەم یاسایەی ئێمە کە هاتبووە پەرلـەمان، پـێش ئـەوە بـوو کە ئەو بەشە موافەقەتی هاتەوە، ئێستا اعتیادی کە موافەقەتی هاتۆتەوە، دیارە بەشی عقود اعتیادی دەچێتە ناو ئەم مـدیرە عامەوە، ئەوە بەنیسبەتی ئەوەوە، نازانم پرسیاری تر چـی هـەبوو، دەربـارەی دائـیرەی اقتصـادی، بەڕاسـتی ئێسـتا لیژنەیـەکی باڵای اقتصادی هەیە، بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران، وە جێگرکـەی و ئەنـدامێتی وەزیـری دارایـی و وەزیـری تخطیط ، وەزیری زراعە، وەزیری تجارە، وە هەروەها چـەند کەسـانێکی تـری پسـپۆری، بەڕاسـتی مـن پێموایـە ئـەو لیژنەیـەی ئێستا ئیش و کاریاقتصادی دەکات، بەڵام ئەگەر دائیرەیەك هەبێت، وەکو دائـیرەی اقتصـادی لـەناو وەزارەتـی دارایـی، مـن پـێم باشە ئەوە ئەگەر دەسەڵاتی بدرێت، بۆ ئەوەی ئەبێت دیراسەت بکات، چۆن بێت، یەعنی نازانم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پرسیار هەبوو، بكرێتە مدیریەت قسمەكان، پرسیارێكی تریش هەبوو، قسمەكان لابچێت.

**بەڕێز بابیز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی ئێمە وەكو وەزارەتی مالیە وەكو دیراسەتمان كرد، یاسای ئەو مدیریەتە عامەمان لەم مەركەزا داناوەو بە ئەقسامەكانی، بەلاّم لە هەموو دائیرەیەكا یاسایی هەیە و شوعبەی یاسا هەیە، ئەو شوعبانە مەربوت دەبن بەو بەشانەوە، كەوا بەو مدیریەتەوەن، جا ئەگەر بیكەینە مدیریەت و هەر لە مەركەزیشا بێت ئەوانە، نازانم پێموایە زیادە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر سیاغەتان، فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السادسة عشرة:

المديرية العامة للشؤون القانونية: تتولى تفسير الاحكام المالية والتشريعات النافذة ودراسة مشاريع القوانين والانظمة وابداء الراي والمشورة في المسائل القانونية المتعلقة بامور الخدمة المدنية والامور المالية التي تعرض على الوزارة من دوائر الاقليم وكذلك اعداد الصيغ القانونية للعقود ومشاريع القوانين والانظمة والتعليمات ذات العلاقة بعمل الوزارة وتمثل الوزارة امام المحاكم، يرأسها مدير عام حاصل على شهادة جامعية في القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە، ماددەكە لە پڕۆژەكە دەخەینە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەی 17 كە لە ئەسڵی پڕۆژەكە ماددەی 18 یە، كەرەمكە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی17:

یەكەم:ئەرك و پسپۆریەكانی پێكهاتەكانی وەزارەت بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێك دەخرێت.

دووەم:وەزیر بۆی هەیە لەكاتی پێویست دا هەر بەڕێوەبەراتیەك لە بەشێك یان هۆبەیەك بكاتەوە یان یەكی بخات واتە لێكی بدات.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 18 والتي ستصبح لها المادة 17:

**اولاً: يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.**

**ثانياً: للوزير استحداث او دمج المديريات اوالاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة عند الاقتضاء.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی كەرەمكەن.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، هیچ تێبینیمان لەسەر نیە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر، كەرەمكە، لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە بەنیسبەت ثانیا، داوای ئیعادەی سیاغەمان كردۆتەوە بەو شێوەیە (ثانیاً: للوزیر استحداث او الغاء أو دمج اي من المدیریات او الاقسام او الشعب ضمن تشكیلات الوزارة عند الاقتضاء)، لەبەر ئەوەی مەسەلەی ئیلغایەكەی تێدا نەبوو، زۆر سوپاس**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر ئێستا رەئیتان لەسەری.**

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڵێ، ئێمەش لەگەڵ هەمان رەئینە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، كێ دەیەوێ قسە بكات لەسەری؟، یەك كەسێك هەیە، سیوەیل خان، كەرەمكە.**

**بەریز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 17، المادده السابعه عشره، اولا، هیچ، ثانیاً: للوزیر استحداث او دمج او الغاء اي من المدیریات او الاقسام او الشعب ضمن تشكیلات الوزارة عند الاقتضاء، تەبعەن مەبەستمان لەو وەزیرەی ئێستانیە، دەزانین شارەزایە لە هەموو شتەكی، بەڵام انشاء للة تەمەن درێژ دەبێ، هەر تەقاعدیش دەبێ، یان وەزیرەكی دیكە دێت لەوانەیە ئەو شارەزاییە نەبیتن لە ئموری مالی، لەبەر ئەوەی پێمان باشە، ئەگەر بنووسرێ بالتنسیق یان بالتشاور مع مجلس الوزارة، لەبەر ئەوەی مجلسی وەزارە لە وەزیر و وەكیل وەزیر و مدیر عام و مستەشارەكان پێك هاتووە، ئەگەر مستەشارەكان، ئیستیشارەیان پێ نەكەی، لە دەمج و حذف و الغاء، ئەدی لەچ كاتەك ئیستشارەیان پێ دەكەی؟، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر رەئیت لەسەر ئەوە.

**بەڕێز بابیز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەتەئکید هەر وەزیرێك کە هەڵبستێت بە دەمج کردن یاخود الغا یان استحداث، ئەوە ئەوەلیاتی دەبێت، وەدیراساتی لەسەر دەکرێت، موقتەرەحاتی لەسەر دێت، تۆ بڵێی وەزیر هەرلەخۆیەوە دەست پێ بکات، یەکسەر دائیرەیەك لاداو، دائیرەیەکی تر دابنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئاخیر سیاغەتان، تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 17

اولاً: يحدد بنظام مهام واختصاصات تشكيلات الوزارة.

ثانياً: للوزير استحداث اوالغاء أو دمج اى من المديريات اوالاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة عند الاقتضاء.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، گوێتان لێی بوو، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ یەك کەس لەگەڵدانیە، بۆ ماددەی 18 کە ماددەی 19یە لە ئەسڵی پرۆژەکە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆزدەم لە ئەسڵی پرۆژەکە، یاسای ژمارە 12 نووسراوە، 12 نیە، 13یە، ساڵی 1997 نووسراوە، ئەویش ساڵی 1992 ە، یاسای ژمارە 13ی ساڵی 1992ی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة عشرة من المشروع والتى ستصبح المادة الثامنة عشرة:

يلغى قانون وزارة المالية والاقتصاد رقم (13) لسنة 1992 المعدل.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی کەرەمکەن.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تێبینیمان لەسەری نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، کەرەمکەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە، ئیعادەی سیاغەی ئەم مادده بکریتەوە، وە بکرێت بە دوو فەقەرە یەکەمیان بەو شێوەیە بێت، اولاً: یلغى قانون وزارة المالية والاقتصاد رقم (13) لسنة 1992 المعدل، ثانياً: لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض احكام هذا القانون، لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئێمە هەندێك بڕیارمان دەرکردووە، هەروەکو ئیشارەتمان پێیدا، پێویست بەوە دەکات ئەو نەسە دابنێین، لەبەر ئەوەی ئەو بڕیارانەی پێشوو ئیعتباری نامینێ، وەکو ئەوەی لەو یاسایەدا پیادە کراوە، وە پەسەند کراوە ئەمە تەنفیز دەکرێت، بۆیە ئەو نەسەمان داناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، کەرەمکە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ڕەئی لیژنەی یاساییین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا ئیعادەی قیرائەی سیاغەکەتان بکەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 19:

اولاً: يلغى قانون وزارة المالية والاقتصاد رقم (13) لسنة 1992 المعدل.

ثانياً: لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بیخوێنەرەوە، بە ماددەی 18 بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 19 خوێندمەوە، بەس خۆی ماددەی 18، لەبەر ئەو تەعدیلاتەی کە تێیدا کرا، فەرقەرە یەکی دەڵێ:

اولاً: يلغى قانون وزارة المالية والاقتصاد رقم (13) لسنة 1992 المعدل.

ثانياً: لا يعمل باي نص قانوني او قرار يتعارض احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بە كۆی دەنگ پەسەند كرا، بۆ ماددەی نۆزدە كە لە ئەصڵی پڕۆژەكە بە ماددەی 20 هاتووە، كەرەمكەن.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 20 ئەصلی پڕۆژەكە دەكاتە ماددەی 19:

پێویستە لەسەر وەزیرە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 20 التی ستصبح المادة 19:

على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی كەرەمكەن.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی كەرەمكەن.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەندێك سیاغەكەمان گۆڕی بەم شێوەیە، على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر كەرەمكە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ رەئی لیژنەی یاساییین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کەس مداخەلەی نیە؟، ئێستا نەسەکەی ئەخیر جار بخوێننەوە، بۆئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە 19:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، ئەیدەینە دەنگدان، دەستان بەرز بکەنەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، بۆ ماددەی 20 کە لە ئەصلی پرۆژەکە بە 21 هاتووە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 20:

ئەم یاسایە لە بەرواری بلاّو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة 20:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسيمة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی کەرەمکەن.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کەرەمکە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، كەس هەیە قسە بكات، نەك بە دەنگدان، ملاحەزەت هەیە، كەرەمكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، بەڵام دەمانەوێت لە ئاخیری وەقایعی كوردستان ئیزافە بكەین، چونكە نووسراوە جەریدەی رەسمی فەقەت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ ئەیەوێت قسە بكات، بەس تەنها ڕێزدار عبدالسلام بەرواری.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، وەڵڵاهی من لە بەرواریەكە، هەرچەندە من بەرواریەكەم بەدڵ نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی كەرەمكەن، بەس ماددەی بیستە نەوەك بیست و یەك.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 20:

ینفذ هذا القانون اعتباراً من تاریخ نشره في الجریدة الرسیمة(وقایع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، كێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، ئێستاش بۆ اسباب موجبة.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

الاسباب الموجبة

بغیة توحید وزارتي المالیة في اقلیم كوردستان في وزارة واحدة باسم وزارة المالیة والاقتصاد، لغرض قیام الوزارة بمهامها في تنظیم الاحوال المالیة والاقتصادیة ومراقبة سلامة التصرف بالمال العام والممتلكات العامة وتحقیق الاستخدام الامثل للموارد المالیة في الاقلیم، فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر كەرەمكە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ئەو شەرحەین کە هاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی کەرەمکەن.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، کەس ملاحەزەی هەیە لەسەر اسباب موجبە؟، نیە، ئێستا ئاخیر جار بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیدەینە دەنگدانەوە، تکایە، بەڕێزان ئێستا ئاخیر جار بیخوێنەوە، دوایی لەگەڵ گشت پرۆژەکە، لەگەڵ قانونەکە ئەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

**بغية توحيد وزارتي المالية في اقليم كوردستان في وزارة واحدة باسم وزارة المالية والاقتصاد، لغرض قيام الوزارة بمهامها في تنظيم الاحوال المالية والاقتصادية ومراقبة سلامة التصرف بالمال العام والممتلكات العامة وتحقيق الاستخدام الامثل للموارد المالية في الاقليم، فقد شرع هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا گشت پرۆژە یاسایەکە، لەگەڵ ئەسباب موجبە دەدەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز، نوێنەرانی میللەت و گەلی کوردستان و وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەکەین، ئومێدەوارین بە باش، خزمەتی میللەتەکەمانی پێ بکەن، ئێستاش بەڕێز وەزیری دارایی، ڕێزدار کاك شێخ بایز کەرەمکات ئەگەر ووتەیەکی هەیە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، بەڕاستی ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی سوپاسێکی بێ پایان لە ئێوەی بەڕێز دەکەین، بۆ ئەم یاسایەی کە ئێستاکە بەم شێوەیە تەواو بوو، انشاءالله ئێمە لە وەزارەتی دارایی، وەلە حکومەتی هەرێم، ئەوەی کە هاتووە لەو یاسایە هەمووی وەکو خۆی جێبەجێ دەکەین، وە هەوڵەدەین پەلەشی تیا بکەین لە جێبەجێ کردنی، هەر وەختێك گەیشتە دەستمان، سوپاسی ئەو لیژنانە دەکەین، بە

تایبەتی لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی کە زۆر ماندوو بوون، بەڕاستی لەگەڵ ئێمەدا، وە ئێمە دووبارە سوپاس و انشاءالله جێگای سیقەی ئێوەش دەبین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئێستا کۆتایی بە دانیشتنەکەی ئیمڕۆمان دێنین، وە سبەی سەعات 10، دووبارە بەردەوام دەبین لەسەر کارەکەمان، خوا ئاگادارتان بێت.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | ارسلان بایز اسماعیل | محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |